**فردیناند دی سۆسێر**

# کۆرسێ لە
# زمانەوانیی گشتی

**وەرگێڕانی**

**پ.ی.د.نەریمان خۆشناو**

**چاپی یەکەم / ٢٠١٨**

* ناوی کتێب: کۆرسێ لە زمانەوانیی گشتی
* نووسینی: فردیناند دی سۆسێر
* وەرگێڕانی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو
* تایپیێست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: یەکەم/ ٢٠١٨
* شوێنی چاپ: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٩٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە**

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر**

**ژمارە(٤٥٨)**

## پێشەکی وەرگێڕی کوردی

یەکێک لە باشترین سەرچاوەکانی بواری زمانەوانی، کتێبەکانی (کۆرسێ لە زمانەوانیی گشتی)ی فردیناند دی سۆسێر و (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)ی نەوام چۆمسکییە، ئەم دوو کتێبە بە باشترین و پڕ زانیاریترین کتێبی بواری زمانەوانی دادەنرێن، ئەم دوو کتێبە وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان، جگە لە زمانی کوردی نەبێت! کە ئەمەش کەلێنێکی گەورەیە بۆ سەر لایەنی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری کوردیمان.

بۆیە بەندە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، دواجار بڕیارماندا دەستبکەین بە وەرگێڕانی ئەم دوو کتێبە، لە سەرەتادا کتێبەکەی سۆسێرمان دەستپێکرد، بەڕاستی تووشی کێشەی زۆر گەورە هاتین، کێشەکان پەیوەست نەبوون بە وەرگێڕانی وشە و زاراوەکان، بەڵکو پەیوەست بوون بەو هێما و ڕەمز و پیتانە، کە ئەمڕۆ لەناو کۆمپیوتەر و کیبۆرد و جۆری فۆنتەکان نین، ئەمەش کاتێکی زۆری لێگرتین، تا ئەو هەموو هێما و ڕەمزانە پەیدا بکەین. دواجار هەر چۆنێک بێت توانیمان ئەم شاکارە گەورەیە وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی.

بۆ وەرگێڕانی ئەم شاکارە پەنامان بردە بەر کتێبەکانی (فصول في علم اللغة العام)ی (د.ئەحمەد نەعیم کراعین) و (علم اللغة العام)ی (د.یوئیل یوسف)، ئەگەر سەیری ناونیشانی ئەم دوو کتێبە بکەین،

دەبینین(کۆرسەکانی زمانەوانیی گشتی) و (زمانەوانیی گشتی)یە، بەڵام لە نوسخە فەڕەنسی و ئینگلیزییەکە(کۆرسێ لە زمانەوانیی گشتی)یە، بۆیە ئێمە هەمان ناونیشانی نوسخە فەڕەنسی و ئینگلیزییەکەمان وەرگرت.

بەو هیوایەین بە وەرگێڕانی ئەم شاکارە، توانیبێتمان خزمەتێکی بچووک بە کتێبخانەی کوردی بکەین، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر هەڵە و کەموکوڕیشمان هەبێت، لە بەندە خۆش بن، چونکە من هەر ئەوەندە توانایەم هەیە، بێگومان هیچ کەسێکیش بێ کەموکووڕیی نییە و نابێت.

**پ.ی.د.نەریمان خۆشناو**
**کوردستان/ هەولێر**
**١/ ٥/ ٢٠١٨**

## پێشەکی وەرگێڕی
## زمانی عەرەبی

لە بەرایی خوێندنەوەکانم لەبارەی زمان، بە بیروبۆچوونەکانی دی سۆسێر ئاشنابووم؛ بەڵام نەمدەتوانی ڕاستەوخۆ پەڕتووکەکەی بە زمانی فەڕەنسی بخوێنمەوە؛ چونکە زمانی دووەمم زمانی ئینگلیزییە، بۆیە پەڕتووکەکەم بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا، توانیم بیخوێنمەوە، لەم هەڵوێستەدا پرسیارێکم بۆ دروستبوو: ئەگەر بۆچونەکانی دی سۆسێر لە بواری زمانەوانیدا هەندە گرنگن، ئیدی بۆچی کەسێک لە دەرچووانی سۆربۆن یان لە دەرچووانی زانکۆکانی فەڕەنسا وەریاننەگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی؟ خۆ دەرچووان و خوێنەرانی عەرەب لە فەڕەنسا ژمارەیان زۆرە و کەم نین!! لەم پەڕتووکەیدا دی سۆسێر تەنیا زانیاری زمانەوانی خۆی ناخاتە ڕوو، بەڵکو لە پەڕتووکەکەدا خوێندنەوەیەکی مرۆیی بەگشتی پێشکەش دەکات؟ دەربارەی دی سۆسێر توێژەران بیروڕای جۆراوجۆریان هەیە، جارێک دەڵێن پێشەنگی قوتابخانەی وەسفییە و جارێکیشیان دەڵێن پێشەنگی بونیادگەرییە، هەروەها بگرە زۆربەی میتۆدە زمانەوانییەکانیان بەوەوە لکاندووە، جگە لەمەش دی سۆسێر بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی زۆربەی میتۆدە سەرەکییەکانی زمان خستۆتەڕوو.

پاشان هەوڵمدا بۆ پەیوەندیکردن بە کۆپیە وەرگێڕدراوەکەی ئەم پەڕتووکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، و چەند جارێک خوێندمەوە، چونکە بابەتی وەرگێڕانەکە لە مێشکمدا گەڵاڵە نەببوو، چونکە بەبێ تێگەیشتنی تەواوەتی، نەموێرا خۆ هەڵقورتێنمە ناو بابەتەکەوە، بەڵام کاتێک دکتۆرانامەکەم بە ناونیشانی (دراسة دلالية في غريب الحديث) ئامادە دەکرد، پەیوەندییەکم بە تویژینەوەی زمانەوانیی هاوچەرخ پەیداکردبوو و زۆربەی زۆری ئەو پەڕتووکە زمانەوانییانەشم خوێندبووەوە، کە دەکەوتنە بەر دەستم، کە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسرابوونەوە، تیایاندا جارێکی دیکە بینیم گرنگی بە بیروبۆچوونەکانی (دی سۆسێر) دراوە، لێرەدا بۆ جاری دووەم پرسیارم بۆ دروستبوو، ئایا بۆچی ئەم پەڕتووکە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرنەگێڕدراوە، لە حاڵەتێکدا بۆ زۆربەی زۆری زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراوە؟ لێرەوە بیرۆکەی وەرگێڕانی پەڕتووکەکەم لەلا دروستبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵەڕاوکێ و ترسم هەر هەبوو لەوەی بڕیار بدەم پەڕتووکەکە وەربگێڕم، چونکە ئەم پەڕتووکە بە گرنگترین سەرچاوەکانی زمانەوانیی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوا دادەنرێت، جگە لەمەش شارەزا نەبوونم لە زمانی فەڕەنسی، هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەم دڵەڕاوکێیەم، چونکە لێرەدا دەبوایە کۆپیە ئینگلیزییەکە وەربگێڕم، کە خۆی لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوە، ئەمەش لادان و دوورکەوتنەوەیە لە بنەڕەتەکە - واتە پەڕتووکە سەرەکییەکە، ئەمەش مەسەلەیەکی میتۆدییە، کە خەتەرناکی و سەرکێشییەکی زانستی دەگرێتە خۆ. جگە لەو ترسەی

لە بەرانبەر کەسانێک هەمبوو، کە هیچ ئیشیان نییە، تەنیا ڕەخنەگرتن لەوانی دی نەبێ و تەنیا خەوش و نەنگییەکان دەردەخەن، کەچی لە ڕووی تێگەیشتنەوە کەمتەرخەمن.

لێرەدا من بڕیارمدا ڕاوێژ بە هەندێک پسپۆڕی بواری زمانەوانی بکەم، بەڵام ئەوان بەزەییان بە من هاتەوە، کە دەمەوێ خۆم لە قەرەی ئەم پەڕتووکە بدەم، ئەویش لەبەر سەختی و دژوارییەکەی، هەروەها لەبەر شارەزانەبوونم بە زمانی فەڕەنسی و پشتبەستنم بە زمانی ئینگلیزی بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕانەکە، بۆیە هەندێک لەو کەسانە خاویان دەکردمەوە و هەوڵیان دەدا پەشیمانم بکەنەوە، کەچی هەندێکی دیکەیان هانمیان دەدا، بەڵام من هەر مکووڕبووم و هەوڵی وەرگێڕانم بۆ بابەتەکە بەهێزتربوو، سەرباری هەموو ئەم چەند و چۆنانە و ئەم مەترسییانە، من پێم باش بوو ئەم پەڕتووکە بەپێی توانا بۆ خوێنەرانی عەرەب وەرگێڕم، تاکو شارەزای بنەماکانی ئەو تـوێژینەوە زمانەوانییانە ببن، کە لە تـوێژینەوە زمانەوانییە جیهانییەکاندا کاریان پێ دەکرێت، با تێر و تەسەلیش نەبن، چونکە شتێک لەژێر دەستدا بێت، لەوە باشترە هیچت لەژێر دەستدا نەبێت، هەر کەسێکیش ئامرازەکانی بەدەستەوە بێت، با بگەڕێتەوە سەر دەقە سەرەکییەکە، من وا لێرەدا ئەم بەرهەمە خاکییە پێشکەش دەکەم بۆ ئەو کەسانەی ئامرازیان بەدەستەوە نییە و بە شتێک ڕازی دەبن، کە لەژێر دەستدا نەبێت و لە سنووری توانایاندا بێت، هاوەڵێکیش بۆی گێڕامەوە، کە ئەم هەوڵەمی بۆ وەرگێڕانی ئەم پەڕتووکەی لە لای مامۆستای زمانەوانی گێڕاوەتەوە،

که (دکتۆر کەمال بەشر)ە، ئەویش پێی وتووە، ئەمە پەڕتووکێکی فرە سەخت و دژوارە و من خۆم خوازیاری ئەوە بوومە وەریبگێڕم، کەچی لەبەر سەختبوونی، پرۆژەکەم وەستاند و نەمتوانی وەریبگێڕم؛ بەڵام من خۆم سەرم نایە سەر ئەم کارە سەختە و لاف و گەزافی ئەوە لێنادەم کە بەپێی پێویست شتێکم پێشکەشکردووە، من تەنیا ئەوەم کردووە کە لە توانامدایە، بەوپەڕی دڵفراوانیشەوە ئەو ڕەخنانە پەسەند دەکەم، کە بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونەکان ئاراستەم دەکرێن، چ لەڕووی تێگەیشتنی هەڵە و چ لە ڕووی وەرگێڕانەکەوە، بەڵام من ڕەخنەی ئەو کەسانە وەرناگرم، کە بونیادنەرانە ڕەخنەکانم ئاراستە ناکەن، با زانا و زمانەوانیش بن، چونکە ئەوان کەمتەرخەمن، خۆ ئەگەر بهاتنایە و منیان لە ڕەخنەکانیان ببەخشیایە، ئەوا بەرهەمی باشتریان بۆ هاوزمانانی من دەبوو، چونکە من مەبەستم پارە و پول و قازانجی ماددی و مەعنەوەی نییە (لەوانەشە ئەمە بە پێچەوانەوە بێت).

سەبارەت بە وەرگێڕانەکەم، هەوڵمداوە تیایدا وردبم یان بە مانایەکی ورد(پیتئامێز)بم، چونکە هەمیشە بیرۆکەی وەرگێڕانی دەقە وەرگێڕدراوەکەم لەبەرچاو گرتووە؛ ئەم ئاکارەشم لە دەقە سەرەکییەکە سێ هەنگاو جودای دەکاتەوە: هەنگاوی یەکەم: ئەو هەنگاوە بوێرانەی (چارلس بالی) و هاوڕێیەکەی ئەنجامیاندا لە کۆکردنەوەی بیروڕاکانی (دی سۆسێر) و دووبارە دارشتنەوەی ئەو بیرورایانە، هەروەها وەرگێڕانەکەی وەرگێڕە ئینگلیزییەکە، پاشان ئەم هەوڵەی من، کە بە ڕاستی لە کاتی وەرگێڕاندا زۆر شەکەت و

ماندووبووم، چونکە وەرگێڕی ئینگلیزییەکە ڕستەی ئینگلیزی درێژی بەکارهێنــاوە، تــاکو بگــاتە ئەو مانایــانەی لە دەقە فەڕەنســییەکەدا مەبەستی بووە، لەم پێناوەشدا زۆر هەوڵیداوە، تاکو گوزارشتەکانی ڕوون و پــاراو بــن، بەڵام مــن هەوڵــی ئەوەم نەدا گۆڕانکــاری لە دەربڕینەکانم (پیتئامێز)بن، هەرچەندە ئەم حاڵەتە وێنەی دەقەکە لە ڕووی وێنەی پێکهێاتەی زمانی عەرەبییەوە تووشی شڵەژان دەکات، کەچی بە ڕای من لەگەڵ ئەم خەوشە ڕوون و ئاشکرایە لە بنجی سەرەکی دەقەکە، ئەم حاڵەتە لە گۆڕینی و ئاڵوگۆڕی دەربڕینەکان زیــاتر نزیکمــان دەکــاتەوە، چــونکە ئەم حــاڵەتەم بکــردایە، ئەوا پەڕتووکەکە دەبووە بەشێک لە تێگەیشتنی من بۆ پەڕتووکەکە، نەک گواستنەوەی بیروڕاکانی (دی سۆسێر)، هەروەها پارێزگاریم لەو نموونانە کردووە، کە لە دەقە فەڕەنسییەکەدا هاتوون و نەمهێشتووە لەژێر کاریگەری زمانەکانی دیکەدا بن و لە شوێنی خۆیان دامناون، هەرچەنــدە لەم حــاڵەتەدا زۆر بەوردی گوزارشــتکار نــابن وەک لە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆیاندا هاتوون، ئەویش بەپێی ئەو توانایانەی چاپخانەکە هەیەتی، بۆ چاپکردنی ئەم جۆرە دەقانە، کە پێویستییان بە دەزگایەکی ئەوتۆ هەیە، کە ئەمجۆرە توانایانەی هەبێ.

(دی سۆســێر) کــورتەیەکی دەربــارەی مێــژووی زمانــەوانی پێشکەشکرد و ئەو هەوڵە بەنرخانەی خستەڕوو، کە هەندێکیان لە زمانەوانە بەناوبانگەکان ئەنجامیان داوە، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕوانــگەی ئەوەوە لە بــواری پێشخســتنی تــوێژینەوەی زمانەوانیــدا هەبوو، هەروەها گرنگیپێدانەکانی خۆی ئاراستەی زمانەوانیی وەسفی

یان (زمانی ئاخاوتن parole) کرد، ئەمەش بە بابەتە سەرەکییەکەی دانا، چونکە ئاخاوتن هەر خودی زمانە، لەبەر ئەوەی خەڵک قسەی پێدەکەن، کەچی زمان کۆگایەکە و تاکەکانی کۆمەڵگە هەموو ئەو شتانەیان لێ وەردەگرن، کە پێویستییان پێ هەیە، هەروەها جوداکردنەوەی میتۆدی وەسفی و میتۆدی مێژوویی یان زمانەوانیی وەسفی و زمانەوانیی مێژووییان ئەنجامداوە، جگە لەمەش هەندێک چەمک لە تویژینەوە زمانەوانیەکانی ئەوروپا باو بووە ڕاستکردۆتەوە، سەبارەت بە خێزانە زمانییەکان و پەیوەندییەکانیان بە شوێن و کات و ڕەگەزەوە، هەروەها باسی دەنگەگان و ئەو گۆڕانکارییانە کردووە، کە لە ئەنجامی هاوکوفبوونەوە دووچاری دەبن، بە هەمان شێوەش هەندێک بەراوردکاری لەسەر چەند زمانێک ئەنجامدا و ئەو هۆکارە کاریگەر و هاریکارانەی خستەڕوو، کە ڕۆڵیان لە پێشڤەچوونی دەنگی و زمانەوانیدا هەیە و ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە کات فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ پێشڤەچوون.

سەبارەت بە لایەنی واتایش، بەگشتی لە پەڕتووکەکەیدا باسی لێوە دەکات و زۆر بەچڕی نایخاتەڕوو.

ئەو لەم پەڕتووکەیدا باسی زمان و ئاخاوتن دەکات، چونکە ئەم دوو ئامرازە باشترین ئامرازەکانی پەیوەندین، کە مرۆڤ دایهێناوە، هەروەها بازنەی باسەکەشی وا لێکردووە، کە تەواو نابێت، مەگەر بە بوونی نامەنێر(نێردراو) و پێشوازیکەر. هەروەها زمان لای ئەو سیستەمێکی تەواوە و وەکو یاری شەترەنج، کە هەر واژەیەک ڕۆڵی خۆی لەو ڕوانگەیەوە دەبینێت، کە پەیوەندیدارە بە سیستەمی گشتی

و ئەو واژانەی پــــێش و دوای خــــۆی دێــــت، هەروەهــــا ئــــەو گۆڕانکارییانــەی دووچــاری واژەکــان دەبــن، کەچــی پەیوەنــدییان بە سیستەمە گشتییەکەوە نابێت، سەرباری تێروانینی گشتی زمان، ئەو پێـی وایە وێـنەی دەنـگ جـودایە لەو بیـرۆکەی گوزارشـتی لێـدەکات، ئەمەش تێڕوانینی بونیادگەریی زمان لای ئەو وێنا دەکات.

ئەمەی وتمــان چەنــد کورتــەیەک بــوو بــۆ ئەو شــتانەی لە پــەڕتووکەکەدا باســکراوە، هیــوادارم خــزمەتێکم بەم پــەڕتووکە پێشکەشکرد بێت.

## پێشەکی وەرگێڕ
### (لە زمانی فەڕەنسییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی)

ژمارەی ئەو کەسانە کەمن، کە ڕێزێکی زۆر و گەورەیان لە مێژووی زمانەوانی لە بوارە جۆراوجۆرەکان بەدەستهێناوە، بگاتە راددەی ئەو ڕێزلێنانەی ئاراستەی (فردیناند دی سۆسێر) کراوە. لیۆنارد بلۆمفیلد (L. Bloomfield) سەرکەوتنی مامۆستای سویسری وەکو بنەمایەکی تیۆری خستۆتە سەر ئەو ئاراستە تازەیەی لە قوتابخانەی زمانەوانیدا سەری هەڵداوە، جگە لەمەش تویژەرە ئەوروپییەکان کەمجار هەبووە نوشوستیان هێنا بێت لە بەهەندوەرگرتنی بیروبۆچوونەکانی (دی سۆسێر)، ئەویش کاتێک ڕووبەڕووی کێشەی تیۆریی دەبوونەوە.

هەموو ڕێنماییەکانیشی دەربارەی هەردوو لایەنی تویژینەوە چەسپاوەکان (وەسفییەکان) و پێشڤەبردنەکان هەر هەموویان تاکو ئێستاکە ڕاستن.

هەروەها سۆسێر لەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کە مۆرکی کەسی خۆی بسەپێنێت بەسەر هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی زانستی خۆیدا باسی لێوەکردوون، دی سۆسێر لە بیستساڵیدا کاتێک لە (لایبزیگ) قوتابی بوو، تویژینەوەیەکی گرنگی بە ناونیشانی (سیستەمی دەنگ لە زمانی هیندۆ ئەوروپیی بنجی(سەرەتایی) (Proto-indo - European - Vocalic system) بڵاوکردەوە.

ئەم توێژینەوەیە چەندەها تیۆر و ڕاستەقینەی خستەڕوو، کە لەو ساتەوەختەدا خاوەنداریەتێکی گشتی(باو) هەژماردەکرا، و تا ئێستاکەش بە فراوانترین و گشتگیرترین چارەسەر بۆ دەنگەکانی زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتی) دادەنرێت.

دی سۆسێر قوتابی ڕێزماننناسە تازەکان بوو، وەکو (ئۆستۆف Ostof) و (لەسکین Leskien)، کەچی میتۆدی بەشەکی دەربارەی زمانەوانی ڕەتدەکردەوە، ئەویش لە میانەی هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی زانستێکی تۆکمە بۆ زمانەونی.

هەرچەندە ژمارەی توێژینەوەکانی دی سۆسێر لە ماوەی ژیانیدا کەم بوون، کە لە شەشسەد لاپەڕە تێپەڕی نەدەکرد، کەچی کاریگەری دی سۆسێر گەیشتە مەودایەکی دوور. لە شاری پاریس بۆ ماوەی (١٠) ساڵ(١٨٨١ز – ١٨٩١ز) زمانی سانسکریتی خوێند و وەک سکرتێری کۆمەڵەی زمانەوانیی پاریس کاری کرد و بە ڕاستی کاریگەرییەکانی لە بەرەوپێشبردنی زمانەوانیدا کارا و یەکلاکەرەوە بوو. توێژینەوە بەراییەکانی دەربارەی دەستنووسە (فریجی) و زارەکانی (لتوانی) لەوانەیە تارادەیەک لە هەندێک لایەنەوە بەرپرس بێت، لەو شتانەی گوزارشت لە خۆشەویستی قوتابییەکانی دەکەن بۆی لە زانکۆی جنیف ساڵی (١٩٠٦ز – ١٩١١ز). بۆچوونە یەکانگیرەکەی (تەواوکارییەکان) دەربارەی دیاردەی زمان باشترین هزر و بیری هاوچەرخانەی دروستکرد، جگە لەو ئارامییەی لە بواری توێژینەوەکردنیدا نواندی، کە ساڵانێکی درێژی بە هزر و بیرکردنەوەیەکی تیژەوە خایاند.

هەژموونی سیستەمی فەلسەفی لە هەموو چەرخێکدا مۆرکی خۆی دەخاتە سەر هەموو هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی پێشڤەچوونی زمانەوانی، میتۆدی بەشەکی لە بواری گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا، کە لە سەدەی هەژدەهەمدا باوبوو، بووە ئاستەنگێک بەرانبەر توێژینەرەکان، کە نەتوانن لە ڕاستەقینەکانی ماددەی ئاخاوتن نزیک ببنەوە، ئەو کاتە زمان لای ئەو توێژەرانە ئەم مانایەی دەگەیاند: کۆگەکراوە یان چەندێتی ئامێرییە لە یەکەکان، لە ئاخاوتن بەکاردەهێنرێن.

توێژینەوە هەمەجۆرەکان (پلەبەندییەکان) بوونە ئاستەنگێک بەرانبەر پێشڤەچوونی چەمکی ڕێگای سەرەکی (Gestalleinheit)، کە ڕاستەقینە بەشەکییەکان لەگەڵیاندا دەگونجێن. چەمکی بەشەکی (ڕەگی) ئاخاوتن لەسەر توێژینەوە مێژووییەکانی زانایانی فیقهی زمانەوانی بەراوردکاری ڕەنگیدایەوە، هەروەها بواری بۆ چەمکی ئەرکی بونیادی زمان ڕەخساند.

سۆسێر لە سەرەتادا پێی وابوو زمان سیستەمێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت، کە لەگەڵ ئەرکی بەشەکانی خۆیدا ڕێکدەکەوێت و بەهاکانی خۆی لەڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ هەمەکییەکەدا بەدەستدەهێنێت.

ئینجا لە کاتی چڕکردنەوەی هۆشیاریمان لەسەر لایەنی مرۆیی ڕوون و ئاشکرای پرۆسەی ئاخاوتن، واتە سیستەمی زمان، ئەوا سۆسێر بۆ زانستەکەی خۆی یەکایەتی و ڕاستەوخۆیی بەخشی، تا ئەوکاتەی توێژینەوەکەی خۆی بڵاوکردەوە (لەم دواییەدا ئەو توێژینەوەیە بۆ هەردوو زمانی ئەڵمانی و ئیسپانی وەرگێڕدرا). تەنیا

ئەوانەی بەو پەیوەندییە توند و تۆڵانەی لەگەڵ دی سۆسێر هەیانبوو، خۆشبەخت بوون، تەنیا ئەوانە شارەزای تیۆرەکانی بوون. ئینجا بەم کارەمان، کە وانەکانیمان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە، هیوادارم لە بەجێهێنانی ئامانجەکەی بەشداری بکەم، کە تویێژینەوەی زمانە لە خود و لە پێناوی خۆیدا.

بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە کات و بە هەوڵەکانیان یارمەتیاندام، بۆ ئەوەی ئەو وەرگێڕانە بە ئەنجام بگەیەنم، سوپاسی خۆم لە دڵەوە ئاراستەی:(جیرارد دیکسترا ـ Gerard Dykstra)،(دانیال جیرارد – Danial Girard)،(لینۆکس گری ـ Lennox Grey)، (ئیلین کیشن ـ Alieen Kitchin) و (ئاندریێ مارتنێت ـ Andre Martinet) لە زانکۆی کۆلۆمبیا دەکەم، هەروەها سوپاسی (چارلس بازل ـ Charles Bazel) لە زانکۆی (ئەستنبۆل)، (هنری فرای Henri Frei) و (ڕۆبێرت گۆدل Robert Godel) و ئادمۆنت سۆلبزجی Edmond Solidberger) لە زانکۆی (جنێف) دەکەم، هەروەها سوپاسی خۆم ئاراستەی (دواین بولینجەر Dwight Bolinger) لە زانکۆی کارۆلینای باشوور و (ڕولێن وێڵز Rulon Wells) لە زانکۆی (ییل Yals) دەکەم، هەروەها سوپاسی ئەم هاوەڵە دڵسۆزانەی خۆم دەکەم: (کینیت جیمینز Kenneth Jimenez) و (پاول سوارت Paul Swart) و (هۆگ وایتمور Hugh Whittemore). سەبارەت بە هەر خەوشێکیش لە وەرگێڕانەکەدا، ئەوا من بە تەنیا خۆم بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ دەگرم.

**وادی باسکین** (Wade Baskin)

## پێشەکی چاپی یەکەم

هەمیشە بیستومانە دی سۆسێر شێوەنی بۆ کەمی ئەو بنەما و میتۆدانە دەکرد، کە زمانەوانی لە ماوەی پێشڤەچوونیدا لەوانی دی جیا دەکردەوە، بەدرێژایی ژیانیشی بە دوای ئەو یاسایانە دەگەڕا، کە ڕاستەوخۆ لەنێو جەنجاڵی ئەم کەرەسە خاوانە (هیولایە ـ chaos) گوزارشتیان لە بیروبۆچوونەکانی دەکرد.

دی سۆسێر تا ساڵی (١٩٠٦ز) کاتێک جێی (یوسف ویرتیمر)(Joseph Wertheimer)ی لە زانکۆی جنێف گرتەوە، نەیتوانی بیروڕاکانی خۆی بڵاوبکاتەوە، کە بۆ ماوەی چەند ساڵ کاری لەسەر دەکرد. هەروەها ئەو سێ ماوەیەی لە زمانەوانیدا خستیە بەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٦ز ، ١٩٠٧ز، ١٩٠٩ ، و لە نێوان ساڵانی (١٩١٠ز – ١٩١١)دا بۆی دیاریکرا، کە نیوەی کاتی وانەکانی بۆ وتنەوە و وەسفکردنی مێژووی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان تەرخان بکات، با ئەوەش بەهەند وەرگرین، کە بەشی سەرەکی لە بابەتەکەی گرنگییەکی کەمتری لەوەی شایانیەتی، پێدراوە.

هەموو ئەو کەسانەی شارەزاییان لە بەهرەکەیدا هەبوو، نیگەران بوون لەوەی لەدوای خۆی پەڕتووکێکی جێنەهێشت، کە خۆی نووسیبێتی، هیواخوازین لە دەستنووسەکانیدا بۆچوونەکانیمان بەرچاوکەوێت ـ کە (Mme da Sau Seure) ئەم دەستنووسانەی

بۆ ئێمە پەیداکرد)ـ هیواخوازین تێبینی ڕاست و دروست یان بە لای کەمـــیەوە تێبینـــی گونجاومـــان دەربـــارەی وانە بەپێـــز و بەهرەمەندەکانیمان دەستبکەوێت.

لە بەراییدا دەبوایە بەراوردێک لەنێوان تێبینییە تایبەتییەکانی (دی سۆسـێر) و ڕۆنووسـی قوتابییەکـانی بکەیـن، بەشـێوەیەکی بەرچـاو نوشوستمان هێنا، هیچمـان نەدۆزییەوە ـ هەمیشـە هیچمـان بەرچاو نەدەکەوت ـــ یاداشـتنامەی قوتابییەکـانی هەرچـی چۆنێـک بێـت، مەرامەکـانی خۆیـان پێکـا. (دی سۆسـێر) تێبینییەکـانی خـۆی لە وانەکانیـدا بەکاریـانی دەهێنـا و لەنـاوی دەبـردن، لە چەکـمەجەی سـکرتێرەکەی چەنـد تێبینییەکـی کۆنمـان دۆزیـیەوە، کە بـۆ (دی سۆسـێر) دەگەڕێـتەوە، بێگومـان بێبەهـا و بێمانـا نـین، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نـاتوانین بە بابەتەکانی ئەم سێ بەشـەوە بیـانلکێنین، جگە لەوەش ئەم دۆزیـنەوەیە لەوانەیە ڕووبـەڕووی چەنـدەها ئاسـتەنگ ببنەوە، چـونکە کـار و فەرمانەکانی مامۆستایەتی (کـاری زانکـۆیی) وایکـرد نەتـوانین ئەم وانـانەی دوایـی، کە (دی سۆسـێر) دەیـوتنەوە، شـارەزایمان دەربارەیـان هەبێـت، ئەمەش وا پێـدەچێت لە ژیانیـدا هەنگـاوێکی ڕۆشـنکەرەوە بێـت، چـونکە بە بەڵـگەی یەکەم هەژماردەکرێـت لە بـواری گەڕان و توێژینەوەکـانی دەربـارەی سیسـتەمی دەنـگ لە زمـانی هینـدۆ ئەوروپـی سـەرەکی (بەرایـی)دا. پێویسـتە لەسـەرمان بـۆ ئەو تێبینـی و یاداشـتنامانە بگەڕێینـەوە، کـە لەسـەر دەسـتی قوتابییەکانی لە وانەکـانی هەر سێ کۆرسـەکانی لەو ماوەیەدا تۆمارکراون و کۆکراونەتەوە.

ئێستا سێ یاداشتنامەی تەواومان لەژێر دەستدایە، دەربارەی هەردوو بەشەکەی یەکەمیش هەردووکیان لەسەر دەستی (مسز لویس کایلی Mesrs.Leouis Caille)، (لیپۆلد گوتیر) ( Leopold Gautier)، پاول ڕیگارد Paul Regard)، (ئەلبێرت ڕیدلینجەر Albert Riedlinger) نووسراونەتەوە، دەربارەی بەشی سێیەمیش کە لە هەموو بەشەکانی دی گرنگترە، لەڕێگەی (ئەلبێرت سیخهای) (Albert Secbehaye) و خاتوو (جۆرج دیجالیر Mrs.George Degallier) و (فرەنسیس یوسف Francis Yaseph)ەوە بە دەستمان گەیشتووە، هەروەها ئێمە قەرزای (م. لویس برۆتش M.Louis Brutsch)ین، کە لە خاڵێکی دیاریکراودا چەند تێبینییەکی تایبەتی پێبەخشین. هەموو ئەو کەسانەی شایانی ئەوەن سوپاسیان ئاراستە بکەین، بە هەمان شێوەش چاپەکەی (م. جۆیس ڕۆنجان M.Jules Rongat) لەیاد ناکەین، کە تویژەرێکی ڕۆمانی ناودار و سەرکەوتووە و پێداچوونەوەی ئەو دەستنووسانەی پێش چاپکردن ئەنجامدا، کە چەندەها تێبینی گرنگی دەربارەیان پێشکەشکرد. ئایا ئەم دەستنووسانە چی لێ بکەین و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین؟. یەکەم پێویستە کارێکی ڕەخنەیی دەربارەی هەر یەک لە بەشەکان ئەنجام بدەین، پێویستە جیاوازییەکان لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین، ئەویش لە پەراوێزی هەموو بەشێکدا و بەمشێوەیە ئیدی هەوڵ بدەین بیروبۆچوونەکانی (دی سۆسێر) جارێکی دی بونیاد بنێینەوە، تاکو دڵەڕاوکێ و تەمومژی و جیاوازکییەکان بڕەوێنینەوە.

دەربـــــارەی هەردوو بەشـــــەکەی یەکـــــەمین، دەتـــــوانین ئەو خزمەتگوزارییانە دەستنیشان بکەین، کە (ئەلبێرت ڕیدلینجەر Albert Riedlinger) پێشکەشـیانی کـرد، کە یەکێـک بـوو لەو قوتابیـانەی بەوپەڕی گرنگییەوە بەدواداچونی بۆ بیرۆکەی مامۆستاکەی کرد، ئەم کارەشی بێگومان بەها و نرخێکی گەورەی هەبوو. دەربارەی بەشـی سـێیەمیش، ئەوا یەکێـک لە ئـێمە، کە نـاوی (ئـەلبێـرت سـیخهای) (Albert Secbehaye) بوو، وردەکاریی کارەکە لەڕووی پشکنین و بەراوردکـاری و پێکهێنـانی بـابەتەکە ئەنجامـدا، بەڵام دوای ئەوە، ئەوا قسـەی زارەکـی زۆربـەی جار لەگـەڵ شـێوەی نووسـین دژاودژ دەکەونــەوە، کــە ئەمــەش زۆر زەحمــەت دەبێــت، لەپــاڵ ئەمەشــدا (فردینانــد دی سۆســێر) لەو کەســانە بــوو، کە لە شــوێن خۆیــان چەســـپیبوون و دامەزرابـــوون، بیرۆبۆچوونەکانیشـــی بە هەمـــوو ئاســـتەکاندا پەلیـــان هاویشـــتبوو، ئەویـــش بەبـــێ ئەوەی لەڕووی خـودییەوە وەک ئەنجـام دژاودژ بـکەونەوە، بڵاوکـردنەوەی هەمـوو شـتێک بەشـێوە بنەڕەتیـیەکەی خـۆی لە ئاسـتی مەحاڵـدایە، ئینجـا دووبـارەکردنەوەیەک ـ کە نەتـوانین لە کـاتی ئاخاوتنـدا خۆمـانی لـێ لابدەین، لە درکاندنی زارەکیدا ـ و تێهەڵچوون و تێکەڵبوون و شێوە هەمەچەشـــنەکان هەموویـــان ئەم بڵاوکـــردنەوەیە بەدەردەخەن و ڕواڵەتێکی دژاودژی پێ دەبەخشـن. تەسککردنەوەی پـەڕتووکەکەش لە یەک بەشدا، ئینجا هەر بەشـێک بێت، خـوێنەر لەوە بێبەش دەکات شـارەزایی هەمـوو ئەو زانیـارییە هەمەچەشـنە بێـت، کە لە هەردوو بەشەکەی دیکە و لە بەشی سـێیەمدا هەن، بێگومـان بەشـی سـێیەم لە

هەموو بەشەکانی دیکە گرنگترە، ئینجا قۆرخکردنی زانیارییەکان لە یەک بەشدا، ئامارێکی تەواومان دەربارەی تیۆر و میتۆدەکانی (دی سۆسێر) پێشکەش ناکەن.

یەکێک لە پێشنیازەکان ئەوە بوو، کە چەند بڕگەیەک یان چەند کۆپلەیەکی بنەڕەتی ڕوون بەبێ هیچ گۆڕانێک پێشکەش بکرێت.

ئەم بیرۆکە لە سەرەتاوە سەری هەڵدا، بەڵام کاتێک بۆمان ڕوونبووەوە، کە ئەم کارە بیروبۆچوونەکانی دی سۆسێری مامۆستامان دەشێوێنێت، ئەگەر بەم شێوازە پێشکەشی بکەین و بەشەکی و پارچەپارچە بیخەینەڕوو، چونکە بەهاکەی تەنیا لە حاڵەتێکدا دەردەکەوێت، کە بە شێوەی کۆ و هەمەکی پێشکەشی بکەین.

لێرەدا گەیشتینە چارەسەرێکی باشتر، ئەویش هەوڵدانە بۆ پێکهێنانەوە و نووسینەوە بە بەکارهێنانی بەشی سێیەم وەکو دەستپێکێک و سوود وەرگرتن لە هەموو ئەو بابەتانەی دی لەژێر دەستماندان، سەرباری یاداشتنامەکانی (فردیناند دی سۆسێر)، کە وەک سەرچاوەی تەواوکار بەکارمان هێنان.

گرفتی دووبارە بەرجەستەکردنی داهێنانەکانی (دی سۆسێر) لە هەموویان سەختترە، چونکە دەرخستنی داهێنان و بەرهەمەکانی (دی سۆسێر) پێویستە بابەتیانە بن، لە هەموو وێستگەیەکیش کارمان دەکرد لەسەر گەیشتن بە خاڵی سەرەکی یان بڕگە زیندووەکانی بیرۆکە گشتییەکان. ئەویش لەڕێگەی زانینی شێوەی دیاریکراو لەژێر ڕووناکی سیستەمە گشتییەکە. لە سەرەتادا دەبوایە

هەمـوو تایبەتمەنـدی و جیـاوازییە نامۆکـان لە ئاخـاوتنی زارەکیـدا لابـدەین و بیـرۆکەکە لەنـاو چوارچێـوەی کـارەکە لە شـوێنی شـیاوی خـۆی دابنێـین، هەروەهـا هەر بەشـێکی بـابەتەکە بەگـوێرەی ئەو سیســتەمە دابنێـین، کە نووســەرەکە مەبەسـتێتی، تەنـانەت ئەگەر مەبەسـتەکەش ڕوون و ئاشـکرا نەبێـت، دەبـێ هەر ئەم پڕۆسـەیە ئەنجـام بـدەین و بە مەزەنـدە کـارەکە بەڕێـوەبەرین. لە ڕوانگـەی شـێوەیی (هاوشـێوەیی) و پێکهێنـانەوەی فۆرمەکـانەوە ئەم پەڕتووکە هاتە گۆڕێ، کە پێشکەشـتانی دەکەیـن، کە کۆمەڵە ئاگـادارییەکیش بۆ جەماوەری ڕۆشنبیر و هاوەڵ و دۆستانی زمانەوان لەخۆ دەگرێت.

لێرەدا ئامانجمـان ئەوەبـوو، کە کـارێکی گەلەکۆمـەکی وەکـو یەک گروپ بکەیـن، بەشـێوەیەک کـار نەکـاتە سـەر مـۆرک و وێنـای گشـتی بەرهەمەکە، بەڵام سـەبارەت بە هۆکـارە سـەرەکییەکەش، شـیمانەی ئەوە هەیە لە دوو ڕووەوە ڕەخنەمـــان ئاراســـتە بکرێـــت، یەکەم: ڕەخنەگرەکـان دەڵـێن ئەم هەمەکیـیە لە بەرهەمەکەدایە، هەمەکییـەکی تەواو نیـیە، چـونکە (دی سۆسـێر) لە وانەکانیـدا داوای لێنەکـراوە هەموو بەشەکانی زمانەوانی تاقیبکاتەوە، یان هەمان کۆشش تەرخـان بکـات بـۆ هەر یەک لەم تـاقیکردنەوانە، ئەم کـارە لە ڕووی مـاددییەوە پێـی ناکرێـت ئەنجـامی بـدات، لەپـاڵ ئەمەشـدا ئەم کـارە مەبەسـت و مەرامی سەرەکی ئەوە نەبووە:

لێـــرەدا تـــوخمە ســـەرەکی و کەســـییەکانمان قۆســـتۆتەوە و خستوومانەتە دووتوێی توێژینەوەکەوە، ئەم توخمانەش بونیـادی ئەم کارەمـان پێکدەهێنن، کە بێگومـان هەم سـەختە و هەمـیش فرەجـۆرە،

چـوونه نــاو ئەم بابەتەشــەوە، لە کاتێکـدا بەڕوونــی جیاوازییەکـانی لایەنێک لە لایەنەکانی تیۆرەکە دەردەکەون، کە هەوڵـی ئەنجامـدانیان دەدات، ئەمە هۆکـاری ئەوەیە هەنـدێک بـواری وەکـو (واتاسـازی) بە سـانایی ئامـاژە بۆ شـتەکان نـاکەن، ئێمەش بەڕاستی هەست نـاکەین ئەم کەلێنـانە لە گرنگـی بونیـادە گشـتییەکە کەمـدەکەنەوە، نەبـوونی زمانەوانی ئاخاوتن بەڕاستی کارێکی مخابنە.

ئەم توێژینەوەیە بۆ خوێندنی قوتابیانی پۆلی سێیەم بڕیاردراوە، بێگومان پلە و پێگەیەکی بەرز و باڵای هەیە، جا پارێزگاری نەکردن لەم بــابەتە، مەســـەلەیەکە زانــراوە، ئەوەی توانیمــان لەم بــوارەدا ئەنجامی بدەین، ئەو زانیارییە خێرایانە بوو، کە لە کۆمەڵە تێبینییەکی شڵەژاوی ئەم پرۆژەیەوە دەستمانکەوت، کە لە شوێنی شیاوی خۆیدا دامانـنان.

بەرانبــەر بەمەش ئەگەری ئەوە هەیە ڕەخنەگـران بڵـێن ئەنجـامی ڕاستەقینەکانمان لە دووتوێی چەند خاڵێکدا ئامادەکردووە، کە لەسـەر دەســتی (فردینانــد دی سۆســێر) و کەســانی دیــکەی پــێش ئەو پێشـــڤەچوونیان بەخـــۆوە بینیـــوە، هەمـــوو ئەو زانیاریـــانەی لەم توێژینەوەیەدا هـاتوون، تـازە نـین، بەڵام ئەگەر بنەمـا زانراوەکـان بـۆ تێگەیشــتنی هەمــوو بــابەتەکە پێویســت بــن، لەم حــاڵەتەدا ئایــا سەرزەنشت دەکرێین لەسەر ئەوەی لامان نەبردوون و وەکو خۆیـان هێشـتوومانەتەوە؟ بـۆ نمـوونە جیـاکردنەوەی گۆڕانکارییەکـانی دەنـگ هەندێک شت لەخۆ دەگرێت، کە پێشوەخت وتراون، شیمانەی ئەوەش هەیە ڕوونتـر ئاماژەیـان بـۆ کرابێـت، بەڵام بەشـێک لە ڕاسـتەقینەکە

ئەوەیە، کە ئەم بەشە چەند وردەکارییەکی سەرەکی و بەهادار لەخۆ دەگرێت، تەنانەت خوێنەری سادە و ڕووکەش بۆی دەردەکەوێت، کە لابـــردن و پەراوێزخســـتنیان تـــا چ ڕاددەیەک لە تێگەیشـــتنی ئەو بنەمایـــانە کەمـــدەکاتەوە، کە (فردینانـــد دی سۆســـێر) سیســـتەمی زمانەوانییە وەسفیەکەی لەسەر بونیادناوە.

ئێمە لە بەرپرسیاریەتییەکانمان بەئاگایان لە بەرانبەر ڕەخنەگران، هەروەها لە بەرپرسیاریەتیمان بەرانبەر بە نووسەرەکەشی بەئاگاین، کە لەوانەیە بوارمان نەدات ئەم لاپەڕانە بڵاوبکەینەوە.

ئێمە بەرپرسیارێتی تەواومان هەڵگرتووە و حەزیش دەکەین ئەم بەرپرسیاریەتییە لە ئەستۆ بگرین، ئایا ڕەخنەگران دەتوانن مامۆستا و شرۆڤەکارانی قسەی مامۆستاکە لە یەکتر جودا بکەنەوە؟ ئێمەش سوپاسیان دەکەین ئەگەر ڕاستەوخۆ هێرش بکەنە سەرمان، چونکە ڕاست نییە ئەگەر نەفرەت لە کەسێک بکرێت، کە یادکردنەوەی لای ئێمە ڕێز و سەنگی خۆی هەبێت.

جنێف یۆلیۆ ١٩١٥ Charles Bally, Albert Schehaye

# بەشی یەکەم
## کورتەیەک لە مێژووی زمانەوانی

ئەو زانستەی لەسەر بنەمای ڕاستەقینەکانی زمان پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بە سێ قۆناغ تێپەڕ بووە، پێش ئەوەی بابەتە سەرەکی و ڕاستەقینەکەی خۆی بدۆزێتەوە.

قۆناغی یەکەم ئەو شتەی پێی دەوترێت ڕێزمانەکەی لێی کۆڵراوەتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش لای یۆنانییەکان دەستی پێکرد و بەشێوەیەکی سەرەکیش لای فەڕەنسییەکان بەردەوامییان بەم پرۆسەیەدا، ئەم پرۆسەیە لە سەرەتاوە پشتی بە بنەماکانی لۆجیک دەبەست، و بە شێوازێکی زانستی لێی نەکۆڵرایەوە و پەیوەندی بە خودی زمانەکەوە نەبوو، ئامانجی سەرەکیش دانانی ڕێزمانێکە، بۆ جیاکردنەوەی پێکهاتەی ڕاست لە پێکهاتەی هەڵەکان، بۆیە لێکۆڵینەوەی پێوانەیی دووربوو لە تێبینی کردەیی و وێنەی دەستنیشانکراو.

دوای ئەمیش **فیلۆلۆژی**(**philology**) سەری هەڵدا، هەر لە سەردەمێکی زووەوە قوتابخانەی فیلۆلۆژی لە شاری ئەسکەندەرییە پەیدابوو، بەڵام بەکارهێنان و پیادەکردنی ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بۆ ئەو بزاوتە زانستییە دەگەڕێتەوە، کە لەسەر دەستی **فریدریک ئۆگست وۆلف**(**Friedrich August Wolf**) لە ساڵی (**١٧٧٧ز**) دەستی پێکرد و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە. زمان تاکە

بـابەتی نەبـوو، زانـا یەکەمینـەکانی فیلۆلـۆژی تێڕوانینەکـانی خۆیـان بەتــایبەت ئاراســتەی پرۆســەی ڕاســتکردنەوە و شــرۆڤەکردن و تێبینیکردن کرد بۆ دەقە نووسراوەکان.

ئینجـا ئەم لێکـۆڵینەوە و خوێنـدنەوانەیان بـۆ زمـانەوانی بـۆ ئەوە پەلکێشــیانی کـــرد، کە گرنگـــی بە مێـــژووی ئەدەب و داب و نەریتەکـان......هتـد بـدەن. بەگـوێرەی مەبەسـت و مەرامەکانیشـیان بەکارهێنـانی میتۆدەکـانی ڕەخنەیـان ئەنجامـدا، کـاتێکیش چارەسـەری بابەتە زمانەوانییەکان دەکـەن، ئەم کارەیـان تـەنیا لەپێنـاو بەجێهێنـانی ئامانجە تایبەتەکانی خۆیاندایە، تاکو بەراوردێک بکەن لەنێوان قۆنـاغە جیاجیاکان، لەهەمان کاتیشدا جەخت بکەنەوە سەر تایبەتمەندێتی ئەو زمــانەی هەریەک لە نووســەرەکان بەکــاری دەهێــنن، یــان بــۆ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی دەستنووسە کۆنەکـان و ڕوونکـردنەوەی ئەو زمانـانەی تەمـومژاوین. ئەم لێکۆڵینەوانـەش بێگومـان ڕێیـان بـۆ گەڵاڵەبوونی زمانەوانیی مێژوویی خۆشکرد.

توێژینەوەکانی **ڕیتشل(Ritschle)** دەربارەی (ئەفلاتۆن) بەڕاستی بە توێژینەوەی زمانەوانی هەژمار دەکرێن، کەچی ڕەخنەی فیلۆلـۆژی تـەنیا لە یەک خاڵـدا چەقـی بەسـتووە، ئەم ڕەخـنەیە تـەنیا بە زمـانی نووسراو لکابوو و وەک پاشـکۆیەک بـۆی وابـوو و زمـانی زینـدوو و بەکارهێنراوی پەراوێز خستبوو، سەرباری ئەمەش لێکۆڵینەوەکانیان ـ مەگەر هەندێک جار نەبێت ـ هەمیشـە بە میـرات و شـوێنەوارە یۆنـانی و لاتینییە دێرینەکانەوە بەسترابۆوە.

قۆناغی سێیەمیش کاتێک دەستی پێکرد، کە توێژەرەکان زانییان دەکرێ زمانەکان لەگەڵ یەکدیدا بەراورد بکرێن، ئەم زانینەش بە بنەما دادەنرێت بۆ زمانەوانیی بەراوردکاریی (Comparative philology). لە ساڵی (١٨١٦) فرانز بۆپ (Franz Bopp) توێژینەوەیەکی لەژێر ناونیشانی:
(ber dea conjugations a System der sanskrit sprachen) ئەنجامدا، کە تێیدا بەراوردێکی لەنێوان زمانەکانی سانسکریتی و ئەڵمانی و یۆنانی و لاتینی.....هتد کرد.

بۆپ یەکەم کەس نەبوو، کە حاڵەتی لێکچوونی ئەم زمانانە تێبینی کردبێ یان تۆمارکردبێت، ئەو بڕیاریدا ئەم زمانانە هەموو بۆ یەک ڕەچەڵەکی زمانەوانی دەگەڕێنەوە. ئەمەش کارێک بوو پێش ئەم زمانەوانە، ڕۆژهەلاتناسی بەناوبانگ (جۆنز)، کە لە ساڵی (١٠٧٤ ز)دا کۆچی دوایی کرد، دۆزییەوە، بەڵام ئەو گوزارشتانەی (جونز) پێشکەشی کردن، بەڵگەیەک ناچەسپێنێت، یان نایخاتەڕوو دەربارەی ئەوەی لە گرنگی و مەزنی ئەو پرۆسەیەی ڕەخنەگرتنە تێگەیشتووین، کە لەپێش ساڵی (١٨١٦ ز)دا هەبووە.

لەگەڵ ئەمەشدا (بۆپ) ناتوانێ لاف و گەزافی ئەوە لێبدات، کە خۆی یەکەم کەس بووە پەیوەندی نێوان زمانی سانسکریتی و زمانە ئەورووپی و ئاسیاییەکانی دی دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە ئەنجامدانی پرۆسەی بەراوردی لەنێوان زمانە نزیکەکاندا، دەکرێ بابەتێکی سەرەکی بن بۆ زانستێکی سەربەخۆ. هەروەها تیشک خستنە سەر زمانێک بەهۆی زمانێکی دیکەوە و شرۆڤەکردنی شێوازێک و شێوەکانی زمانێک بەهۆی ئەو شێواز و

شـێوانەی لە زمـانێکی دیـکەدا هەیە، کـارێکە ئەم زمـانەوانە پێشـەنگ بووە تێیدا و کەس پێشـی ئەم نەکەوتبوو، بەڵام گەر بوترێت (بۆپ) بەم خێـرابیە زمـانی سانسـکریتی دۆزیـوەتەوە و کەس پێشـی نەکەوتووە، ئەوا مەسەلەیەکی گومانـاوییە، (بۆپ) ڕێزمـانێکی فراوان و چەسـپاوی بـۆ توێژینەوەکـان دارِشـت، ئەویـش بەهـۆی زمـانی سانسکریتییەوە کە لەپاڵ هەردوو زمانی لاتینی و یۆنانی بە بەڵگەی سـێیەم دادەنرێـت. ئەوەش ڕێکـکەوت بـوو، کە زمـانی سانسـکریتی بەشێوەیەکی هەڵاوێرانەی گونجاو بوو، بۆ ئەوەی بکرێتە ئامرازێکی ڕوونـکەرەوە بـۆ پرۆسـەکانی بـەراوردکردن، بـۆ نمـوونە: بەراوردکردنی ئەم شێوازەی زمانی لاتینی:

(generis, genus, generum, genera, genere, etc)

لەگەڵ شێوازەی زمانی یۆنانی:

(genei, geneos, genos, geneon, genea, etc)

ئەم بەراوردکردنـە هـیچ شـتێک ڕوون ناکـاتەوە، بەڵام حـاڵەتەکە گۆڕانکـاری بەسـەردا دێـت، ئـەگەر ئەم زنجیـرە وشـانە بە زمـانی سانسکریتی ڕیز بکەین:

(ganas, ganasas, ganasi, ganasu, ganasan, etc)

لێرەدا تەنیا بە نیگایەکی سەرپێی بۆمان دەردەکەوێت، کە هەردوو شـێوازی یۆنـانی و لاتینییـەکە لەیەکـدەچن، جـا ئـەگەر بەشـێوەیەکی کـاتی گریمانەکەمـان وەرگـرت و پەسـندمان کـرد ئەویـش ئەوەیە (ganas) قۆناغی سەرەتایی پێکدەهێنێت . ئەم هەنگاوەش پرۆسـەی شرۆڤەکردنەکە ئاسانتر دەکـات ـ کـاتێکیش دەگەینە ئەو ئەنجـامەی،

کە (S) پێویستە و لە شێوازە یۆنانییەکەدا نەماوە، چونکە کەوتۆتە نێوان دوو (پیتی بزوێن). ئەنجامی دووەمیش ئەوەیە، کە (S) بووەتە (r) لە هەمان زمانە لاتینییەکەدا، ئەویش لەژێر کاریگەری هەمان بارودۆخی زمانەوانیدا، لەبەر ئەوە شێوازی سانسکریتی گوزارشت لە ڕەگە ڕێزمانییەکە دەکات، یەکەی (ganas) بەتەواوەتی دەستنیشانکراوە و چەسپاوە، پێشووتریش هەردوو زمانی لاتینی و یۆنانی وەکو سانسکریتی خاوەن هەمان شێواز بوون، بەڵام ئەم حاڵەتە لە سەرەتادا بوو. لێرەدا زمانی سانسکریتی بە ڕوونکەرەوەیەکی ورد هەژمار دەکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی پارێزگاری لە هەردوو (S,S) لە هیندۆ ئەوروپیدا کردووە، بێگومان زمانی سانسکریتی لە هەندێ ڕووی دیکەوە نەیتوانیوە پارێزگاری لە ئادگارە سەرەکییەکانی نموونە دێرینەکەی خۆی بکات، بۆ نموونە ئەم زمانە شێوەیەکی دەنگی خۆی گۆڕی، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی توخمە بنجییەکان، کە زمانی سانسکریتی پارێزگاریانی لێکرد، دەبنە هاریکار لە بواری توێژینەوەکەدا، هەموو ئەمانەش قەدەر هێنایانییە پێشەوە، تاکو زۆر لەو خاڵانە ڕوونبکەینەوە، کە لە توێژینەوەی زمانەکانی دیکەدا باس دەکرێن.

هەروەها زمانەوانی ناسراوی دیکە هەن، کە شتی دیکەیان بۆ دەستکەوتەکەی (بۆپ) زیادکرد، لەوانە یاکوب گریم (Jacoob Grimm)، کە دامەزرێنەری توێژینەوەکانی ئەڵمانی بوو، ئەم زانایە لەنێوان سالان (١٨٢٢ ـ ١٨٣٦ ز)دا پەرتووکی ڕێزمانی ئەڵمانی (Deutsche Grammalik) بڵاوکردەوە، هەروەها

پۆت(Pott) تویژینەوەکانی لە بابەتی (ئیتمۆلۆژی Etymological) ئامادەی کردبوون، بابەتگەلێکیان بۆ زمانەوانان خستەڕوو، کە گرنگی خۆیان هەبوو، هەروەها کون(Knhn) تویژینەوەکانی گرنگیان بە زمانەوانی و میتۆلۆجیای بەراوردی (ئاییناسی بەراوردی) داوە، هەروەها هەردوو توێژەری هیندی بنفی(Benfy) و ئەفرەخت(Aufrecht) بە هەمان شێوە لەمبارەیەوە توێژینەوەیان ئەنجامداوە.

لە کۆتاییدا، لە ڕوانگەی وێناکانی دواهەمین نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیە، کە ماکس مۆلەر(Max Muller) و گ. کوریتوس(G.Curtius) و ئۆگەست شلایشەر (August Scheicher)ن، ئەم سێ زمانەوانە شایانی گرنگیپێدانێکی تایبەتن. ئەم سێ کەسە لە پێشڤەبردنی توێژینەوەی بەراوردکاری بە چەندەها جۆر بەشدارییان کردووە.

(ماکس مۆلەر) بە توێژینەوە بەنرخەکانی پێش هەموویان کەوت، ئەویش کاتێ وانەکانی زمانەوانی (١٨٦١ ز)دا (Lessons in the Science of Language) پێشکەشکرد، بەڵام شکستی ئەو، بەهۆی ئەو کەموکوورییە بوو، کە لە (هەست)دا بەدی دەکرا، سەبارەت بە (کۆرنیوس)یش، کە فیلۆلۆژییەکی ناوداربوو، ئەویش بەهۆی ئەو پەڕتووکەی لە ساڵی (١٨٧٩) بە ناوی: (Grundzuge der griechischen Etymologie) بڵاوکردەوە، ئەم زانایە پێشەنگی ئەو کەسانە بوو، کە جۆرێک لە

سـازان لەنێـوان (فیلۆلـۆژی بـەراوردکاری) و (فیلۆلـۆژی زمـانی کلاسیکی) ئەنجامدا.

ئەم زانـایە چـاودێری پێشـڤەچوونی زانسـتی تـازەی بەوپەڕی گومـان و ئاگادارییـەوە کـردووە، هەروەهـا هەمـوو قوتابخـانەیەکی زمـانەوانی لەو قوتابخانـانە گومـان و ڕاڕاییـان خسـتە نـاو ڕەوشـی زمـانەوانی یەکـدییەوە. ئینجـا (شـلایخەر) یەکەم کەس بـوو هەوڵیـدا ڕێکخستن و سازان بۆ ئەو توێژینەوە پەرت و بڵاوانە ئەنجام بدات.

پەڕتووکەکەشی ناوی:

(Compendium der Vergleichenden Grammatile der indogermanischen Sprachen, 1816 - 1862)

بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرێکە لە ڕێکخستن بۆ ئەو زانستەی (بـۆپ) بەدیهێنـا، هەروەهـا پـەڕتووکەکەی و مێـژووە درێـژەکەی لە خزمەتکردنـی زمانەوانیـدا، زیـاتر لەوانـی دی هـێڵە گشـتییەکانی قوتابخانەی بەراوردکاری پێکدەهێنێت، کە بە بەشی یەکەمی مێژووی زمانەوانی هیندۆئەوروپی هەژمار دەکرێت.

بەڵام قوتابخانەی بەراوردکاری ـ کە بەبێ مشتومڕ چاکەکەی لە بوارێکی تازە و بەسووددا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ـ لەوەدا سەرکەوتوو نەبـوو، کە زانسـتێکی ڕاسـتەقینەی زمـانەوانی دابمەزرێنێـت، ئەم قوتابخـانەیە لەوەدا شکسـتی هێنـا، کە سروشـتی بـابەتەکە لە توێژینەوەیەکدا گەڵاڵە بکات.

بەشێوەیەکی ڕوونتر دەڵێین بەبێ ئەم هەنگاوە بەراییە، زانست ناتوانێت میتۆدەکە پەرە پێبدات.

یەکەم هەڵەی زانایانی زمانەوانیی بەراوردکاری (فیلۆلۆژییەکان) تێکەوتن، بووە سەرچاوەی هەموو هەڵەکانی دیکەیان، لەو توێژینەوانەی دیکەیان تەنیا باس لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان دەکات، ئەو زانایانە پرسیاریان ئاراستەی خۆیان نەکرد دەربارەی مانای، یان سوودی بەراوردکارییەکانیان، یان گرنگی ئەو پەیوەندییانەی دۆزیانیانەوە، میتۆدەکەیان تەنیا لەڕووی بەراوردکارییەوە نەک لەڕووی مێژووییەوە ئەنجام دەدات.

ڕاستە بەراوردکاری بۆ هەر زانایەک پرۆسەیەکی پێویستە، کە خوازیاری دارشتنەوەی مێژوو بێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە تەنیا هیچ ئەنجامێکی نابێت. کاتێکیش زانایانی زمانەوانیی بەراوردکاری دەڕوانە پێشڤەچوونی دوو زمان، وەک ئەوەی بڕوانە گەشەسەندنی دوو ڕووەک، ئەوا ئەنجامەکە ڕاڕایی دروست دەکات، بۆ نموونە (شلایخەر) هەمیشە داوامان لێدەکات لە زمانە هیندۆ ئەوروپییە سەرەتاییەکانەوە دەستپێبکەین، کە لە هەست و نەستدا نمایان دەبێت، وەک بڵێین لە مێژوودا بەرقەرارە، ئەو هەمیشە مکووڕبووە لەسەر ئەوەی (a) و (á)، کە هەردووکیان یۆنانین، لە سیستەمی دەنگیدا بە دوو پلە دادەنرێن، چونکە زمانی سانسکریتی سیستەمێکی تایبەتی لە گۆڕانە دەنگییەکاندا هەیە، کە تێیدا چەمکی پلەبەندی تێدا پیادە دەبێت.

(شلایخەر) وا گریمانە دەکات، کە هەموو زمانێک پێویستە بە تەنیا بەم پلانەدا و بەهەمان شێواز پێیاندا تێبپەڕ بێت، هەروەک ئەو ڕووەکانەی لە هەمان جۆرن، بە هەمان قۆناغەکانی پێشڤەچووندا بە سەربەخۆیی و بەجیا لەیەکدی تێدەپەڕن، بڕوانە پلەی هێزی (e) لە (o)ی زمانی یۆنانیدا، هەروەها هێزی (a) لە (á)ی زمانی سانسکریتیدا. لە ڕاستیدا گۆڕان لە زمانی بنەڕەتی هیندۆ ئەورووپی بە شێوازی هەمەجۆر لە هەردوو زمانی یۆنانی و سانسکریتیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەویش بەبێ ئەوەی هیچ هاوسەنگییەکی پێویست لەنێوان ئەو کاریگەرییە ڕێزمانیانەدا هەبێت، کە لە زمانەکەی دیکەدا دەردەکەوێت(بڕوانە بەندی سێیەم، بەشی سێیەم).

هەروەها میتۆدی بەراوردکاری ـ بە شێوەیەکی تایبەتی ـ لەسەر چەمکی پووچەڵ دروست بووە، کە پشت بە هیچ بنەمایەکی ڕاست و دروست نابەستێت، ئەم چەمکانە بەوپەڕی سادەییەوە دەتوانین بڵێین ناتوانن ببنە ڕەنگدانەوەیەک بۆ ڕاستەقینەکانی ئاخاوتن، زمانیان بە جیهانێکی جیاکار لەقەڵەمدا، بە شانشینی سروشتی چوارەمیان هەژمارکرد، ئەمەش بۆ ئەوە پەلکێشیانی کرد، کە چەند میتۆدێکی شرۆڤەیی گەڵاڵە بکەن، کە زانستەکانی دیکەی دووچاری حەپەسان کرد، لەم ڕۆژگارەدا کەس ناتوانێت دوازدە دێڕ بخوێنێتەوە و لەوکاتەدا نووسیبێتی، بێگومان هەندێک هەمووارکردنەوە و چاککردنەوەی بێسوودیان تێدا کراوە. هەروەها هەندێک زاراوەشیان تێدا بەکارهێنراوە، وەک پاساوێک بۆ ئەو شتە بێسوودانە، بەڵام لەڕووی میتۆدەوە، هەڵەکانی زانایانی زمانەوانیی بەراوردکاری بێ

بەهــانەبوون، هەڵەکــانی ئەو زانســتەی وێنەیەکــی دیــار پێشــکەش دەکــات، دەربــارەی ئەو کۆششــانەی بەهــۆی هەر یەکێکیــانەوە خرایەگەڕ، ئەویش لە قۆناغە بەراییەکانی توێژینەوەی زانستی، لێرەدا دەرفەت دەقۆزمەوە تاکو ئاماژە بۆ ژمارەیەکیان بکەم، ئەویش لە بەشێکدا بۆ ئەم مەبەستە تەرخانم کردووە.

تەنانەت لە ساڵی (١٨٧٠ ز)ەوە توێژەرەکان دەستیانکرد بە گەڕان بە دوای ئەو بنەمایــانەی ژیــانی زمانەکــان کــۆنترۆڵ دەکــەن، دوای ئــەوەش وردە وردە درکیــان بەوە دەکــرد، کــە لێکچــوون لەنێــوان زمانەکانــدا بە یەک لایەنــی دیــاردەی زمــانەوانی دادەنرێــت چونکــە بەراوردکاری تەنیا میتۆدێکە بۆ دووبارە دارشتنەوەی ڕاستییەکان، زمانــەوانی ڕاســت و دروســت ئەوەیــە، کە توێژینەوەکــانی لەمەڕ بــەراوردکاری لە شــوێنی خۆیــان دابنێــت، چــونکە بــنەچەکەی بــۆ توێژینەوەی زمانەکانی ڕۆمانی و جەرمانی دەگەڕێتەوە.

تــوێژینەوە ڕۆمانییەکــان لەســەر دەســتی (دیــز Diz) دەســتیپێکرد، ئەویـــــــــــــش لە پەڕتووکەکەیـــــــــــــدا کە نـــــــــــــاوی (Grammatik – der romanischen sprachen) بوو، کە لەنێــوان هەردوو ســاڵانی (١٨٣٦ ـ ١٨٣٨ ز)دا نووســیبووی، ئەم پەڕتووکە بە ئامرازی سەرەکی نزیککردنەوەی زمانەوانی لە بابەتە ڕاستەقینەکەی هەژمار دەکرێت، بەڵام توێژەرانی ڕۆمانی بەو حاڵەتە جیاکارانە سەرسام بوون، کە زانایانی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان نەیانزانیبوون.

ئەوان پرۆژەکانیان لە بواری زمانی لاتینیدا خستەگەڕ، کە نموونەی بنەڕەتی زمانە ڕۆمانییەکانە، بوونی ژمارەیەکی زۆریش لە دەقەکان، بووە هاریکار و یارمەتیدەرێک بۆیان، تاکو بەوردی بەدواداچوون بۆ پێشڤەچوونی زارە هەمەجۆرەکان بکەن، ئەم دوو حاڵەتە بوارەکانی هەڵسەنگاندن و پێشبینیکردنیان تەسکتر کردەوە و شێوەیەکی زۆر ڕوونیان بە توێژینەوەکانیان بەخشی.

توێژەرە ئەڵمانییەکانیش بە هەمان شێوە بوون، ئەوان ناتوانن ڕاستەوخۆ لە نموونەی بنەڕەتی زمان بکۆڵنەوە، بوونی دەقی هەمەچەشن وایانی لێکردن بتوانن لە مێژووی ئەو زمانانە بکۆڵنەوە، کە لە زمانی ئەڵمانی بنەڕەتییەوە بە درێژایی چەندەها سەدە وەرگیراوە و داتاشراوە، توێژەرە ئەڵمانییەکان گەیشتنە چەمکێکی تەواو و ڕاستەقینە، زیاتر لەو ئەنجامانەی کە زاناکانی پێشوو لە بواری زمانە هیندۆ ئەوروپییەکاندا پێی گەیشتن، ئەوان دەستیان گەیشتە چەندەها ئەنجام.

یەکەم هێزی پاڵنەر توێژەری ئەمریکی ویتنی (Whitney) نووسەری پەڕتووکی (Life and Growth of language -1875) پێشکەشی کرد، پاش تێپەڕبوونی کاتێکی کەم، قوتابخانەیەکی تازە دامەزرا، ئەویش لەسەر دەستی کۆمەڵە ڕێزمانزانێکی تازە (Jung grammatiker)، پێشەنگان و و دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە ئەڵمانی بوون: ک، بروجمان (k. Brugmann) و هـ . ئۆستوف (H. Osthoff) و توێژەرە ئەڵمانییەکان و. برونە (W. Braune) و ئ. سیڤەر (E. Sievers) و

هــ. پـاول (H.Paul) و تــویێژەری ســلاڤی لــەسـکینی (Leskien) و......هتـد. کـاری ئەمـانە دارشـتنی تـویێژینەوەی بـەراوردکارانە لە ڕوانگەی مێژووییەوە بوو، ئیتر بەمشێوەیە توانییان ڕاستەقینەکان لە چوارچێوەی سیستەمە سروشتییەکەی خۆیدا بەیەکەوە ببەستنەوە. زۆر سـوپاس بۆیـان، ڕەوشـی تێڕوانینـی زمـان وەک ئەنـدامێک بە سەربەخۆیی بەرەوپێش بچێت، بەردەوام نەبوو، بەڵام وەکو ئەنجامی هـزری کۆمەڵانە- گروپـی زمـانەوانی بەردەوام بـوو، لە هەمـان کاتـدا توێژەرەکـان دەسـتیان دایە لێکـۆڵینەوە لە هەڵە و توانسـتنەبوونی چەمکـی فیلۆلـۆژی زمـان و فیلۆلـۆژی زمانـەوانی بـەراوردکاری، هەرچەنـدە ئەو خزمەتـانەی پێشکەشـیان کـرد، کەچـی ڕێزمـانزانە تازەکـان هەمـوو پرسـەکەیان ڕوونەکـردۆتەوە، بـۆیە گـرفتە سەرەکییەکانی زمانەوانی هێشتا هەر چاوەڕوانی چارەسەرکردنن.

## بەشی دووەم

# بابەت و بوار و ئامانجی زمانەوانی و پەیوەندی بە زانستەکانی دیکەوە

بابەتی سەرەکی زمانەوانی هەموو ڕواڵەتەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئینجا ئەو زمانە لەلایەن نەتەوەیەکی دواکەوتوو، یان لای نەتەوەیەکی پێشکەوتوو و هاوچەرخەوە بەکاربهێنرێت، یان لەو زمانانە بێت، کە پەراوێزخراون و نەماون، یان زمانی کلاسیکین، یان زمانێکن لەکاتی هەرەسهێناندا بەکارهێنراون.

پێویستە زمانەوان لە هەموو قۆناغێکدا تەنیا ئاخاوتنی ڕاست و زمانی ڕەوانبێژیی پەیڕەوکراو بەهەند وەرنەگرێت، بەڵام پێویستە هەموو شێوەکانی گوزارشتکردن و دەربڕین وەکو یەک و بە یەک ڕێژە و بە یەک ئاست بەهەند وەربگریت، ئەمەی وتیشمان هەموو شتێک نییە، چونکە زمانەوان ناتوانێت هەمیشە ڕاستەوخۆیانە تێبینی قسەکان بکات، پێویستە لەسەر زمانەوان پشت بە دەقەکان ببەستێت، لەبەر ئەوەی لە ڕوانگەی ئەو دەقانەوە تەنیا دەتوانێت بگاتە ئەو زمانانەی پەراوێزخراون یان لەڕووی شوێن و کاتەوە دابڕێنراون.

ئامانجی زمانەوانی پێویستە بەرەو ئەم خاڵانە ئاراستە بکرێت:

أ ـ وەسفکردن و بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو زمانانەی شایانی تێبینیکردنن، کە توانای ڕوونکردنەوەی مێژووی گروپە زمانەوانییەکان و بونیادنانەوەی زمانی دایکیان هەیە، بەپێی توانا بۆ هەموو گروپێک.

ب ـ دەستنیشانکردنی ئەو هێزە چەسپاو و گشتیانەی کاریگەرییان لەسەر هەموو زمانەکاندا هەیە، هەروەها هەڵهێنجانی ئەو یاسا گشتییانەی هەموو تایبەتمەندییە مێژووییە دیارەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە.

ج ـ دەستنیشانکردن و پێناسکردنی خۆی.

زمانەوانی وەکو زانستێک بەتوندی بە زانستەکانی دیکەوە بەستراوەتەوە، ئەم زانستە جاری وا هەیە لە پێدراوی زانستەکانی دیکەوە شتی دەستدەکەوێت و لێیان دەخوازێت. هێڵە جیاکارەکان هەمیشە ڕوون نین، بۆ نموونە: زمانەوانی پێویستە بەوپەڕی ڕوونی و ئاشکراییەوە لە ئەنسرۆپۆلۆجیای وەسفییەوە جیا بێت، چونکە زمان تەنیا بۆ بەڵگەسازی بەکاردەهێنرێت، هەروەها پێویستە زمان لە زانستی (ئەنسرۆپۆلۆجیا) جیا بکرێتەوە، چونکە ئەم زانستە تەنیا باس لە مرۆڤ دەکات، ئەویش لە ڕوانگەی جۆر و ڕەگەزەوە، کەچی زمان ڕاستەقینەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئایا دەکرێ زمانەوانی بە کۆمەڵناسییەوە بلکێندرێ؟ ئایا پەیوەندی نێوان زمانەوانی و کۆمەڵناسی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی چییە؟ هەموو شتێک لە زماندا بنەمایەکی دەروونی هەیە، سەرباری ماددە میکانیکییەکەی وەکو گۆڕانکارییەکانی دەنگ، دوای ئەمە زمانەوانی، دەروونناسی

کـۆمەڵایەتی بەپێـدراوگەلی بەهـادار تووێشـوودار دەکـات، ئایـا ئەمە بەشێک یان هەموو توێژینەوەکە پێکناهێنێت؟

لێـرەدا چەنــدەها پرســیاری لێکچــوو ئاراســتە دەکەم، پاشــان بەشێوەیەکی فراوانتر باسیان لێوە دەکەن.

ئەو پەیوەندییـــەی لەنێـــوان زمـــانەوانی و فۆنۆلۆجیـــدا هەیە، شــرۆڤەکردن و شــیکردنەوەیان ســانایە. ئەو پەیوەنـدییە یەکـلایەنە دەبێت، ئەویش لە حاڵەتێکدا تـوێژینەوەی زمانەکـان بە تەواوەتـی لە فۆنۆلـۆجی پـاک بکـرێنەوە، بەڵام لە کۆتاییـدا هـیچ شـتێک پێشـکەش نـاکەن. بەهەرحـاڵ ئێمە نـاتوانین هەردوو تـوێژینەوەکە یـان هەردوو بوارەکـە ئـاوێتە بکەیـن، ئەو شــتەی زمــان دروســت دەکــات - لە داهاتووشـدا باسـی دەکەم - پەیوەنـدی بە سـیفەتی دەنگییەوە نییە - هێما زمانەوانییەکەیە.

سەبارەت بە فیقهی زمانیش( فیلۆلـۆژی)، ئەوا هێڵێکمـان کێشـاوە: ئەم زانسـتە جیـاوازی لەگـەڵ زمانـدا هەیە، هەرچەنـدە چەنـد خـاڵێکی پەیوەنـــدی لەنێـــوان هەردوو ئەم زانســـتە و ئەو خزمەتگـــوزارییە هاوبەشانەدا هەیە، کە ئەدایان دەکەن و چارەسەریان دەکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئایا سوودی زمـانەوانی یان بەکارهێنانی ئەم زانســتە چیـیە؟ ژمـارەیەکی کەم لە خەڵکـی هەن، کە بیروبۆچـوونی ڕوونیــان دەربــارەی ئەم خــاڵە هەبێــت، ئێـرەش شــوێنی ئەوە نیــیە پێناسیان بکەین، بەڵام زۆر ڕوونە - بۆ نموونە. پرسـە زمانەوانییەکـان جێی گرنگپێدانی هەموو ئەوانەیە، کە خۆیـان بـە دەقەکانـەوە خـەریک کردووە، وەکو مێژوونووس و زمانەوانان..... هتد. بەڕوونتر دەڵێین

گرنگی زمانەوانی سەبارەت بە ڕۆشنبیری گشتی: لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا، ئاخاوتن لە هەموویان بە گرنگتر هەژمار دەکرێت، پێویستە بیر نەکەینەوە یان ڕەخنە لەوە نەگرین، کە بەردەوام بوون لە توێژینەوەی زمانەوانیدا خاسیەتێکە تەنیا لای بژاردەیەکی خەڵکی پسپۆڕان هەیە ــ بەڵکو هەموو کەسێک بەشێوەیەک لە شێوەکان گرنگی پێدەدەن، بەڵام ئەمەش ئەنجامێکی هاودژە لەگەڵ ئەو گرنگیدانەی بە زمانەوانی دەدرێت ـ .

هیچ بوارێکی زانستی نییە، چەمکی هیچ و پووچ لەخۆ بگرێت، یان مەتەڵ و شتی بێمانا لەخۆ بگرێت، زمانیش هەروایە، ئەم هەڵانە لەڕووی دەروونییەوە گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام کار و فەرمانی زمانەوان لە هەموو شتێک ئەوەیە، بەپێی توانا بریتییە لە زیاتر مەحکوم کردن و لابردنی ئەو هەڵانەیە.

# بەشی سێیەم
# بابەتی زمانەوانی

## ١. پێناسەی زمان

ئایا بابەتی سەرەکی و تەواوی زمانەوانی چییە؟ ئەم پرسیارە تۆزقاڵێک سەخت و دژوارە، بۆشمان دەردەکەوێت لەبەرچی ئەم پرسیارە ئاسان نییە و سەختە، لێرەشدا تەنیا ڕوونکردنەوەی ئەم سەختییە ئەنجام دەدات.

زانستەکانی دیکە پێشڤەچوونیان بە خۆیانەوە بینیوە و دەتوانین لە ڕوانگەی تێڕوانینی هەمەجۆرەوە بۆیان بڕوانین، تەنیا زمانەوانی نەبێت، هەندێک کەس ئەم وشە فەڕەنسییە (nu، ڕووت) گۆ دەکەن، ئەوەی ڕووکەشانە تەماشای بکات، هەوڵدەدات وشەکە وا وەسف بکات، بەوەی بابەتی بنەڕەتی زمانە، بەڵام گەر بەوردی لێی بڕوانین، دەبینین سێ یان چوار مانا دەبەخشێت، ئەویش بە پشتبەستن بەوەی وشەکە دەنگێکە و گوزارشت لە بیرۆکەکە دەکات، یان هاوواتایە لەگەڵ ئەم وشەیە لاتینییە (nudum).....هتد. دوور لە ماناکەی ئەو بابەتە دەگەیەنێت، کە تێڕوانین پێشکەش دەکات، وا دەردەکەوێت تێڕوانینێکە بابەتەکە دروست دەکات، لەپاڵ ئەمەشدا هیچ شتێکی پێشوەخت پێمان ناڵێت، کە یەک شێواز لە بەهەند وەرگرتنی ڕاستەقینەکە لە ئاراستەکردنی پرسیاردا مافێکی خۆی بێت، یان لە

ڕوویەکەوە بەســەریدا ســەرکەویت، ســەرباری ئەمەش بە جیــا لەو تێڕوانینەی باسمانکرد، دەڵێین دیاردەی زمانەوانی دوو لایەنی هەیە، کە بەیەکەوە بەســتراون و هەر یەکێکیــان بەهاکەیــان لەوی دیــکەوە وەردەگرن، بۆ نموونە:

١ـ بــڕگە گۆکراوەکــان بۆچــوونی بیســتراون، کە بە گــوێ لێیــان تێدەگەین، بەڵام دەنگەکان بەبێ ئەندامەکانی درکاندن ڕوونادەن، بۆ نمــوونە (n) بەهــۆی ئەو پەیوەنــدییەی لەنێــوان هەردوولادا هەیە دروســت دەبێت، ئێمە نــاتوانین زمــان بــۆ دەنگێک بگــۆڕین، یــان بــۆ بڕگەیەکــی دەنگــی کــورتی بکەینــەوە، کــە لــە درکانــدنی زارەکییــەوە دەرچووبێت و بــە شــێوەی جێگــۆڕکێ ئــەنجام درابێت، لەم حــاڵەتەدا نــاتوانین جــووڵەی ئەنــدامانی دەنــگ (درکانــدن) دەستنیشــان بکەیــن، بەبێ ئەوەی پرۆسەی گوێگر بەهەند وەرگرین.

٢ـ وا گریمــانە دەکەیــن دەنــگ ســادەترین شــتە، ئایــا دەکــرێ ئەم دەنگە ببێتە ئاخــاوتن؟ نەخێر، چونکە تــەنیا ئــامرازێکە بۆ یەکەیەکــی دەنگی گوێگر پێکهاتوو، ئەنجام لەگــەڵ بیــرۆکەکەدا یەکدەگرێت، تــاکو یەکەیەکــی دەروونــی ئــاڵۆز پێکبهێنێت، بەڵام ئەمەش وێنە و شــێوەی ئاخاوتن بەتەواوی بەدەستەوە نادات.

٣. ئاخاوتن دوو لایەنی هەیە، تاکی و کۆمەڵایەتی، هیچ کامێک لەم دوو لایەنە، بەبێ ئەوی دی نایەنەجێ.

٤ـ ئاخــاوتن سیســتەمی چەســپاو و پێشــڤەچوو لەخــۆ دەگرێت، لە هەر چرکەیەکــدا یاســا و بەرهەمێکــی پێشــوو لە ئارادابێــت، بــۆ جیــاکردنەوەی نێوان سیســتەم و مێــژووەکەی، جیــاکردنەوەی نێــوان

ئەوەی هەیە و ئەوەی بـووە جیـاکردنەوەی ئەمـانە، لە سـەرەتادا وا دەردەکەویـت ئاسـانە، هەردووکیشـان بەیەکەوە لکـاون و لەڕووی کردەییەوە بەیەکەوە گرێدراون، بەشێوەیەک ناتوانین لەیەکدییان جیا بکەینەوە. پێویستە پرسیارەکە ئاسانتر بکەین، ئەویش بە ئەنجامدانی تـوێژینەوە دەربـارەی دیاردە زمـانەوانییەکە لە قۆنـاغە بەراییەکانیدا- ئەگەر دەستپێبکەین - بۆ نموونە ئایا بە توێژینەوەی ئاخاوتنی منداڵان دەسـتپێبکەین؟ نەخێر، بـۆ مـامەڵەکردن لەگـەڵ پرۆسـەکانی ئاخـاوتن، لەم حـاڵەتەدا تووشـی هەڵە دەبـین، هەڵەکەش لەوەدایە، کە گریمـانە بکەین گرفتی تایبەتمەندێتییەکانی پێشوو جیاوازی هەیە لەگەڵ گرفتی تایبەتمەنـدێتییە هەنووکەییـەکان، کەواتە لە ئـەنجامی ئەم گفتوگـۆیەدا چووینە ناو بازنەیەکی بەتاڵەوە.

بەهەرحـاڵ ئاراسـتەکە هەر چۆنێـک بێـت، ئەوا ئـێمە توانیمـان پرسـیارەکە نزیـک بکەیـنەوە، ئایـا لێـرەدا توانیمـان بـابەتی تەواوی زمـانەوانی بدۆزینەوە؟ لە هەر کوێیەکدا بین، ئەوا ئێمە لەمبارەیەوە بەرانبەر کێشەیەک بووینەتەوە، ئەگەر هـۆش و ئاگـای خۆمـان خستە سـەر یەک لایەن لە هەمـوو ئـەو گرفتانـەی ڕووبـەڕوومان دەبـنەوە، ئەوا ئێمە مەترسییەکان زووتـر خێرا دەکەیـن، تـاکو ئەو دوانـەییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە پێشوەخت ڕوونمانکردنەوە، لەلایەکی دیکەشـەوە گەر ئاخـــاوتن لە چەنـــد ڕوویەکەوە بـــاس بکەیـــن، ئەوا بـــابەتی زمانەوانیمان وا بۆ دەردەکەوێت، کە یەک بونیادی ئاوێتە و تێکەڵە لە چەنـد توخمێـک و چەنـد شـتێکی جیـا دروسـت بـووە. سیسـتەمەکەی دیـــکەش دەروازەکـــانی بـــۆ چەنـــد زانســـتێکی دیـــکە دەکـــاتەوە..

دەروونناسی، ئەنسرۆپۆلۆجیا، ڕێزمانی پێوەریی (گشتگیر)، فیقهی زمان (فیلۆلۆژی).....هتد، کە لە زمانەوانی جیا بن، بەڵام کێ بۆی هەیە داوای قسەکردن بکات لە وێناکردنی میتۆدی هەڵەی زمانەوانی وەک یەکێک لە بابەتەکانی، لێرەدا دەبینم یەک چارەسەر بۆ ئەو سەختیانە هەیە، کە باسمانکردن، لە سەرەتاوە پێویستە هەردوو پێیەکانمان لەسەر زەمینی زمان بچەقێنین و زمان وەک پێوەرێک بۆ هەموو دیاردەکانی دی ئاخاوتن بەکاربهێنین، ئەویش لە ڕوانگەی زۆر لە دوانەییەکان، کە بەشێوەیەکی ئاسایی گوزارشتیان لێ بکرێت، لەبەر ئەوەی زمان توانای ئەوەی هەیە پێناسەیەک بە خۆی ببەخشێت، یان بە شێوەیەکی سەربەخۆ خۆی دەستنیشان بکات و خاڵی پشتبەستنیش ئامادە بکات، بە شێوەیەک بیر و ژیری پێ قایل ببێت.

بەڵام ئایا زمان (Langue) چییە؟، پێویستە زمان و توانستی زمانەوانی لای مرۆڤ لەگەڵ یەکدی تێکەڵ نەکرێن، ئاخاوتنی مرۆیی (Langage)، کە بە بەشە دیاریکراوەکە هەژمار دەکرێت، لەبەر ئەوە بێگومان ئەم ئاخاوتنە بە بەشە سەرەکییەکە هەژمار دەکرێت.

ئەمەش بەرهەمی شانشینی ئاخاوتنە و کۆکردنەوەیەکیشە بۆ داب و نەریتە پێویستەکان، کە کۆمەڵگە ڕەزامەندی دەربڕیوە، بۆ ئەوەی تاکەکان توانا هزرییەکانی خۆیانیانی پێ بەرەوپێش بخەن، کاتێ بەگشتی تەماشایان دەکەین، ئەوا دەبینین ئاخاوتن فرە ڕەهەند و فرە لایەن و فرە توخمە، ئاخاوتن وەک پرۆسەیەک لە یەک کاتدا چەندەها لایەن ڕوومال دەکات، چ لایەنی فیزیایی و ئەندامی و دەروونی،

هەردوو لایەنی تاک و کۆمەڵگەش دەگریتەوە و ناشتوانین لەژێر چەتری هیچ ڕاستییەکی مرۆییدا باسی بکەین، چونکە ناتوانین یەکێتییەکەی بدۆزینەوە.

بەرانبەر بەمەش زمان حاڵەتی خودپێویستی هەیە و بنەمایەکیشە بۆ پۆلێنکردن، هەر چەندە شوێنی یەکەم لە نێوان ڕاستەقینەکانی زمان ببەخشین، ئەوا سیستەمی سروشتی لەناو ئەو بونیادەدا پێشدەخەین، کە خۆی بە هیچ پۆلێنێکی دی تەسلیم ناکات، لەوانەیە کەسێک نارەزایی بەرانبەر بەم بنەمایە دەرببڕێت، واتە پۆلێنکردن لەسەر بنەمای ئەوەی بەکارهێنانی ئاخاوتن پشت بە توانای ئاساییەوە دەبەستێت، کەچی زمان شتێکی وەرگیراو و لاسایکارانەی، پێویستە زمان شوێنی یەکەم نەگریتەوە، بەڵام پێویستە پاشکۆی ئارەزووە سروشتییەکە بێت.

بەدرۆخستنەوەی ئەم نارەزاییەش ئاسانە:

یەکەم: تاکو ئێستا کەس نەیتوانیوە بیسەلمێنێت ئاخاوتن بەو ئیعتیبارەی لەکاتی قسەکردندا خۆی دەنوێنێت، بۆیە پرۆسەیەکی سروشتی تەواوە، بەو مانایەی ئامێری دەنگیمان دیزاینکراوە وەک چۆن پێیەکانمان بۆ ڕۆیشتن دیزاینکراوە. زمانەوانەکان لەسەر ئەم خاڵە زۆر دوورن لە ڕێککەوتن. بۆ نموونە **ویتنی** (**Whitney**) زمان بە یەکێک لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت، پێی وایە ئێمە ئامێری دەنگ وەک ئامرازێکی زمان بەکاردەهێنێت، ئەویش لەڕێگەی ڕێککەوتی ڕووت و ڕەها و گەڕانی گونجاو و شیاوەوە، پێویست بوو مرۆڤ هێما و ئاماژەکانی هەڵبژاردایە و هێما بینراوەکانی

لەجیاتی هێما گوێبیستییەکان بەکاربهێنایە. بێگومان گریمانەکەی بە بەڵگە سەلمێنراو نییە، زمان لە هەموو لایەنێکەوە لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان ناچێت(بڕوانە لاپەڕەکانی بابەتی جۆری دەنگ و لاپەڕەکانی دوایی). سەرباری ئەمەش **(ویتنی)** لەمە دوورتر هەنگاوی ناوە، کاتێک وتوویەتی ئەندامانی درکاندنمان هەڵبژاردووە، ئەم هەڵبژاردنە سروشت بەشێوەیەک لە شێوەکان سەپاندوویەتی.

بەڵام ئەم زمانەوانە ئەمریکییە لە خاڵە سەرەکییەکەدا بۆچوونەکەی ڕاستبووە، زمانی زاراوەیی و سروشتی هێمای ڕەزامەندی بۆ ئەم شتە کێشە نییە، مەسەلەی ئامێری درکاندن بەڕوونی شوێن و پێگەیەکی مامناوەندی لە گرفتی ئاخاوتندا گرتووەتەوە. یەک پێناسە بۆ قسەی گۆکراو ئەم ئەنجامە دەسەلمێنێت، بە پیادەکردنی لەسەر پرۆسەی ئاخاوتن و شێوازی داڕشتنی لاتینی (articulus)، کە مانای ئەندام دەگەیەنێت، بەشێکە ـ چەند بەشێکی بچووکی بەدوایەکداهاتوو، درکاندن نیشانە و ئاماژەیە بۆ بەشە بچووکەکانی زنجیرەی ئاخاوتن لەناو بڕگەکاندا، یان ئەو بەشە بچووکانەی بونیادەکانە لەناو یەکە ئاماژەییەکان. زاراوەی (gegliederte sprache) لە مانای دووەمدا لە زمانی ئەڵمانیدا بەکاردەهێنرێت، بە بەکارهێنانی پێناسەی دووەمیش دەتوانین بڵێین ئەوەی بۆ مرۆڤ سروشتییە، قسە زارەکییەکە نییە، بەڵام توانای دروستکردن و پێکهێنان و بونیادنانی زمانە، مەبەستم سیستەمی هێمای دیاریکراوە، کە لەگەڵ بیر و هزری دیاریکراودا یەکدەگرێتەوە.

**برۆکا (Broca)** گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە توانای ئاخاوتن دەکەوێتە سێیەکی پێشەوەی لای چەپی ناوەوەی مێشک، دۆزینەوەشی لە بواری جەختکردنەوە لەسەر سیفەتی سروشتی ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئێمە دەزانین هەمان ئەم بەشەی مێشک، سەنتەری هەموو شتێکە، کە پەیوەندی بە پرۆسەی ئاخاوتنەوە هەبێت، لەوانەش بۆ نموونە پرۆسەی نووسینە.

ئەم وتانەی پێشوو لەگەڵ ئەو تێبینیانەی لە حاڵەتی زمانگرتندا پێشکەشکران، واتە (بێ توانایی لەسەر درکاندنی ئاسان)، کە لە نەخۆشییەک، یان ڕووداوێک دووچاری شوێنی درکاندنی سەنتەر لای مرۆڤ بووە، دەکرێ ببێتە ئاماژەیەک بۆ:

١ـ ئەو شڵەژاوییە هەمەجۆرەی ئاخاوتنی زارەکی پەیوەستە بە سەدەها شێواز، لەگەڵ ئەوەی لە پرۆسەکانی ئاخاوتنی نووسراودا بەدی دەکرێت.


٢ـ هەموو ئەو شتانەی لە حاڵەتەکانی زمانگرتندا بزر دەبن، یان (ئۆگرافیا Ogrephia) توانای بەرهەمهێنانی دەنگی پێویست یان نووسینی هێما لای مرۆڤ لاوازتر دەکات، لەو توانایەی لە بانگکردن یان ئامادەکردنی ـ بەجیا لە کرۆکەکەی ـ هێماکانی سیستەمی زنجیرەی ئاخاوتن بەهۆی ئامرازەکەوە لای مرۆڤ هەیە، ئەو چەمکە ڕوونەی لەژێر سایەی بە ئەرککردنی ئەندامەکان هەیە، توانایەکی گشتی گەورەتر لەو هێمایانە دروست دەکات، کە توانای زمانەوانی گونجاو دروست دەکات، ئەمەش بەرەو هەمان ئەنجامی پێشوو پەلکێشمان دەکات. ئینجا بۆ ئەوەی پێگەی یەکەم لە توێژینەوەی

ئاخاوتندا بە زمان بدەین، دەتوانین گفتوگۆی کۆتایی لەمبارەیەوە بخەینەڕوو، توانای درکاندنی وشەکان، جا سروشتی بن یان نەء، بەهۆی ئامرازێکی داهێنراوەوە و بە یارمەتی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ بەکارهێنان پیادە دەکرێت، لەبەر ئەم هۆکارە دەڵێین زمان یەکێتی بە ئاخاوتن دەبەخشێت، ئەوا ئەم قسەیە تەنیا وەهم و خەیاڵ نییە، بەڵکو ڕاستەقینەیە.

**٢. پێگەی زمان لە ڕاستەقینەکانی ئاخاوتن**

بۆ ئەوەی بتوانین بەشی تایبەت بە زمان لە پرۆسەی ئاخاوتن جیا بکەینەوە، پێویستە ئەو ڕووداوە تاکییە تاقیبکەینەوە و بیخەینە بەر ئەزموون، کە بەهۆیەوە دەتوانین دووبارە بازنەی ئاخاوتن دابڕێژینەوە، بۆیە ڕووداو وا دەخوازێ بە لانی کەمی دوو کەس تێیاندا ئامادەبن، ئەمەش کەمترین ئاستە بۆ تەواوکردنی بازنەی ئاخاوتن، وا گریمانە بکەین دوو کەسی بە لانی کەمەوە (أ) و (ب) لەگەڵ یەکدیدا گفتوگۆ دەکەن، با گریمانەی ئەوەش بکەین کلیلی بازنەکە لە لە مێشکی (أ)دایە، کە ڕاستەقینە هزرییەکان تێیدا پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەنگە زمانەوانیانەدا(وێنە دەنگییەکان) هەیە، کە لەگەڵیدا دەگونجێن ـ و لە دەربڕینەکانیاندا بەکاردەهێنرێن. بیرۆکەکە وا پێناچێت لەگەڵ وێنە دەنگییەکانی ناو مێشکدا هاوشێوە بن، ئەمەش دیاردەیەکی دەروونی ڕووت و ڕەهایە، کە پرۆسەیەکی (فسیۆلۆجی) ئەندامیانەی بەدوادا دێت: مێشک شوێنەوار یان ئەو پاڵنەرە دەگوازێتەوە، کە لەگەڵ وێنەکەدا یەکە، بۆ ئەو ئەندامانەی لە

بەرهەمهێنانی وێنەکەدا بەکاردەهێنرێت. پاشان شەپۆلەکانی دەنگ لە (دەم)ی (أ) بۆ (گوێی)ی (ب) دەڕۆن، کە پرۆسەیەکی فیزیاویی ڕووت و ڕەهایە، پاشان بازنەکە لە (ب)دا بەردەوام دەبێت، بەڵام سیستەمەکە لە گوێوە بۆ عەقڵ بەپێچەوانەوەیە، گواستنەوەی فسیۆلۆجی وێنەی دەنگی لە مێشکدایە، کۆبوونەوەی دەروونی لەگەڵ بیرۆکە هاوشێوەکەیە، ئەگەر (ب) پاش ئەمە قسەی کرد، ئەوا ڕووداوە تازەکە لەگەڵ مێشکیدا دەڕوات - تاکو دەگاتە (أ) - بەتەواوەتی هەروەک لە ڕووداوی یەکەمدا ڕوویدا و ڕۆیشتنەکەش بە هەمان ڕێچکەی شێوە بەدوایەکداهاتن - کە ئێستا ڕوونیان دەکەینەوە:



شیکردنەوەکەی پێشوو هیچ تەواوبوونێک ناگرێتەخۆی، پێویستە لەسەرمان هەستی گوێگری ڕووت و ڕەها دابڕین، ئەو هەستە لەگەڵ وێنەی دەنگی کۆتایی، وێنەی ئەندامی ئاخاوتنە گۆکراوەکە (واژەکراوەکە).. هتد هاوشێوە دەبێت. توخمەکانی بیرۆکەکە گەماڕۆدران تاکو بنەماکە پێکبهێنن، بەڵام وێنەکە لەکاتی بینینیدا جیاوازی نێوان لایەنی فیزیایی (شەپۆلەکانی دەنگ) و لایەنی فسیۆلۆجی بیستراو و گۆکراو و بەشە دەروونییەکە(وێنەی وشە و بیرەکە) دەردەخات، لە ڕاستیدا پێویستە لە تێبینی جیاکردنەوەی وێنەی وشەکە لە خودی دەنگەکە شکست نەهێنین، ئەمەش مەسەلەیەکی دەروونییە و هەروەک ئەو بیرۆکەیەی پەیوەندی پێوە هەیە.

ئەو بازنەیەی ڕوونمانکردەوە، دەتوانین بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین:

أ- بەشی دەرەکی ئەو لەرانەی دەنگ لەخۆ دەگرێت، کە لە دەمەوە بۆ گوێ دەگوازرێنەوە، هەروەها ئەو بەشە ناوخۆییەش لەخۆ دەگرێت، کە هەموو شتێکی دی دەگرێتەوە.

ب ــ بەشی دەروونی و نادەروونی، ئەم بەشە بەرهەمە ئەندامییەکان لەخۆ دەگرێت، کە سەر بە ئامێرە دەنگییەکانی (فسیۆلۆجییەکان) جەستەن، وەکو ڕاستەقینە فیزیاییەکان، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی تاکدان.

ج ــ بەشی زانراو و نەزانراو، هەموو شتێک لە سەنتەری کەوتنەوەی ماناکانی قسەکەرەوە ئاراستەی گوێی گوێگر ببێت،

دەبێتە شتێکی زانراو، هەموو شتێکیش لە گوێی گوێگرەوە ئاراستەی سەنتەری کەوتنەوەی ماناکان ببێت، بە نەزانرا هەژمار دەکرێت.

د. لە کۆتاییدا، هەموو شتێکی زانراو لە بەشی دەروونی بازنەکەدا، بە ئەداکردن (نێردراو) دادەنرێت (S ⟶ C)، هەموو شتێکی نەزانراویش بە (پێشوازیکردن) دادەنرێت (C ⟶ S)، هەروەها پێویستە لەسەرمان توانای هەمەکی (کەوتنەوەی ماناکان) و پرۆسەکانی هەماهەنگیش بخەینە سەر بابەتەکە، هەر کاتێ لە هێما تاکییەکاندا دووربکەینەوە، ئەم توانایە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە ڕێکخستنی زمانەوانیدا دەبینێت، بەو ئیعتیبارەی سیستەمێکی تەواوە (بڕوانە لاپەڕەکانی بابەتی سروشتی هێما زمانییەکان و لاپەڕەکانی دی).

بەڵام تاکو بەڕوونی لە ڕۆڵی توانای کۆکردنەوە و هەماهەنگی تێبگەین، پێویستە (کۆشش) و ڕووداوی تاکیانە واز لێ بێنین، کە کۆرپەلەی ئاخاوتنە و ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی نزیک بکەینەوە.

هەموو ئەو کەسانەی لەڕووی قسەوە پەیوەندی لەنێوانیاندا هەیە، جۆرە ئاستێک لەلایان سەرهەڵدەدات: هەموویان بەرهەم دووبارە دادەڕێژنەوە ـ نەک بەتەواوەتی بەڵام نزیکەی ـ هەمان ئەو هێمایانە لەگەڵ هەمان بیرۆکەکاندا یەکدەگرێتەوە.

### ٣. چۆن دەرکەوتنی کۆمەڵایەتی زمان ڕوودەدات ؟

چ بەشێکی بازنەکە ئاڵۆز و شپرزە دەبێت؟ سەبارەت بە هەموو بەشەکان، ئەوا هەموویان بە یەک ڕێژە تیایدا بەشدار دەبن. کەچی بەشی نادەروونی دەکرێ لە تێڕوانینەکە دەربێنین.

کاتێک گوێمان لە کەسانێک دەبێت، بە زمانێک قسەدەکەن و زمانەکە نازانین، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێشوازی لە دەنگەکان دەکەین، بەڵام ئەم دەنگانە لەبەر ئەوەی نەزانراون، ئەوا لە دەرەوەی ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییەکە دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر لایەنی دەروونی بازنەکە هەموو بەرپرسیارێتییەکەش لەئەستۆ بگرێت، ئەوا لایەنی چالاکی(نێردراو) لەم حاڵەتەدا هەر بزرە، چالاکی و ناردن هەرگیز لە کۆمەڵەوە دروست نابێت.

چالاکی هەمیشە پرۆسەیەکی تاکییە، تاک گەورەی چالاکییە، لایەنی چالاکی جێبەجێکارانەی قسە بە (Parole) ناوزەد دەکەم، ئەویش لە ڕوانگەی چالاکی و ئەرکی تواناکانی پێشوازی و هەماهەنگی، ئەو شتانەی بە یەک شێوە لەلای هەمووان دەستمان دەکەون و سەپێندراوەتە سەر هزر و بۆچوونی قسەکەران.

ئایا چۆن دەتوانین بەرهەمی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەک وێنا بکەین، کە زمان لەوانی دی جیا بکاتەوە؟ ئەگەر بتوانین کۆمەڵە وێنەیەکی وشەکان دیاریبکەین، کە لە مێشکی هەموو تاکەکاندا بوونیان هەیە، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەتوانین پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکە، کە زمانی پێکهێناوە، هاوشێوە بکەین، کە عەمارێکی پڕە لە ئەندامی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، ئەویش لە ڕوانگەی بەکارهێنانێکی چالاکانەی ئاخاوتن لەلایەن تاکەکانی خودی ئەو کۆمەڵگەیەوە. سیستەمی ڕێزمانی بوونێکی بەهێزی لە هەموو مێشکێکدا هەیە، یان دەتوانین وردتر بڵێین بوونێکی بەهێزی لە مێشکی کۆمەڵێک تاکدا هەیە، چونکە زمان بەتەواوەتی لای هەر قسەکەرێک بوونی نییە،

بـوونی زمـان بەتەواوەتـی تـەنیا لەنـاو کۆمەڵێـک قسـەکەردا بـوونی دەبێت. جیاکردنەوەی زمان لە ئاخاوتن، لەهەمان کاتدا جیاکردنەوەی نێوان کۆمەڵە بونیادێکی دیکەیە، واتە ئێمە زمان و پرۆسـەی ئاخـاوتن لەیەکـــدی جیـــا دەکەیـــنەوە، لەم پرۆســـەیەدا دەســـتدەکەین بە جیاکردنەوەی:

١. نێوان لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی تاکی.

٢ـــ نێــوان ئەوەی بنەڕەتیــیە و ئەوەی مامناوەنــدییە، هەروەهــا بارستایی ڕێکەوتیش جیا دەبێتەوە.

زمــان نە ئەرکە و نە کــاری قســەکەرە، بەڵکــو بەرهەمــی تــاک بەشـێوەیەکی نەزانـراو نـوێنەرایەتی دەکـات، زمـان هەمیشـە پێویسـتی بە شـێنەیی هەیە و تـەنیا بیرۆکـەی نوقسـانە، تـاکو ببێـتە ئـامرازی وەسـف و پـۆلێنکردن، ئەمەش لە دواییـدا باسـی دەکەیـن (بـڕوانە لاپەڕەکـانی بابـەتی سروشـتی هێمـا زمانییـەکان و لاپەڕەکـانی دی)، بەڵام لـە بەرانبـەردا ئاخـاوتن، ڕووداوێکـی تـاکییە، ئەم پرۆسـەیە بە ئەنقەسـتە و بەشـێوەیەکی گـوازراوە لەکـاتی ڕووداوەکانـدا ئەنجـام دەدرێت، پێویستە ئەم شتانە لەیەک جیا بکەینەوە:

١ـــ ئەو کـــۆمەڵانەی بەهۆیـــانەوە قســـەکەر ڕێزمـــانی زمـــان بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لە بیرۆکەکەی خۆی بکات.

٢ـ فـاکتەری فیزیـایی دەروونـی دەرفەت بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئەو کۆمەڵانە دەڕەخسێنێت.

تێبینی ئەوە بکە، من لێرەدا دەستنیشـانی شـتەکان ئەنجامـدا، زیـاتر لە دەستنیشـانکردنی وشـەکان، ئەم دەستنیشـانکردنانەش دووچـاری

مەترسـی نـابنەوە، کە لە بەکارهێنـانی وشـە تەمومژاوییەکـانەوە سـەرهەڵدەدەن، ئەویـش بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی، واتە ئەو وشـانەی مانـای هاوشـێوەیان لە زمانەکانـدا هەیە، بـۆ نمـوونە وشـەی (Sprache)ی ئەڵمانی مانای (زمان) دەگەیەنێت و وشەی (Rede) بە هەمـان شـێوە لەگـەڵ (ئاخـاوتن) یەک مانـایە، بەڵام ئامـاژەیەکی تـایبەتیش بە دەسـتەوە دەدات. هـەروەها وشـەی لاتینیـی(sermo) گوزارشـت لە (ئاخـاوتن) و (قسـەکردن) دەکـات، کەچـی (Lingua) مانای زمان دەگەیەنێت...هتد.

هیچ وشەیەک بەتەواوەتی نییە لەگەڵ یەکێک لەو چەمکانەی بۆی دانـراوە، یەکبگـرێتەوە، لەبەر ئەوە وشـەکان بەشـێوەیەکی نارێـک دیاریدەکرێن، دەستنیشانکردنی شتەکان لە دەستپێکی وشـەکانەوە بە ڕێکارێکی خراپ و بەد هەژمار دەکرێت.

بەکورتی **تایبەتمەندییەکان یان خاسیەتەکانی زمان** ئەمانەن:

١ـ زمـان بـابەتێکە بەپـوختی و بەچـاکی دیـاریکراوە و لە کـۆمەڵە تـوخمێکی جیـای ڕاسـتەقینەی ئاخـاوتن دروسـت بـووە، دەکـرێ لە بەشێکی بچووکی بازنەی ئاخاوتندا وەسفی زمـان بکەین، ئەویش لە حاڵەتێکدا، کە وێنەی بیستن لەگەڵ بیرۆکەکەدا یەکبگرێتەوە.

ئەمە لایەنـی کـۆمەڵایەتی ئاخـاوتنە، لە دەرەوەی بـازنەی ئەو تـاکەدایە، واتە ناتوانێت داهێنـانی تێدا بکـات، یـان دروسـتی بکـات و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدات، چونکە زمان تەنیا بەهۆی گرێبەندێکەوە ڕوودەدات، یـان بـوونی دەبێـت، کە لەلایەن کـۆمەڵەوە بەسـتراوە. سـەرباری ئەمەش پێویسـتە تـاک وەک پیشـەیەک بیگـرێتە ئەسـتۆ و

پیادەی بکات، تاکو چالاکی زمانەکە فێربێت، چونکە منداڵ پلە بە پلە و وردە وردە دەینوێنێ. زمان شتێکی جیاکارە، بەجۆرێک ئەو کەسەی ناتوانێ قسە۔ زمان بەکاربهێنێت ۔ یاخود بدوێت، ئەوا لە هەمان کاتدا پارێزگاری بەو شتانە دەکات، کە زمان پێی بەخشیوە، چونکە ئەو هێما دەنگییانە تێدەگات، کە گوێی لێیان دەبێت.

٢۔ زمان لە ئاخاوتن ناچێت، زمان شتێکە دەتوانین بە تەنیایی لێی بکۆڵینەوە و بیخوێنینەوە، زمانە مردووەکان ئەو زمانانەن، کە ماوەیەکی زۆر قسەیان پێ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین سیستەمە دەنگییەکانیان بنوێنین، دەتوانین واز لە توخمەکانی دی ئاخاوتن بێنین، لەڕاستیدا زمانەوانی لە حاڵەتێکدا دروست دەبێت، کە توخمەکانی دی وەلا بنرێن.

٣۔ ئاخاوتن بونیادێکە تێیدا توخمەکان جیان و لەیەک ناچن، کەچی توخمەکانی زمان لەڕووی دروستبوونەوە هاوئاهەنگییەک لە نێوانیاندا هەیە، ئەمە سیستەمێکە لەو هێمایانەی، کە واتا و وێنە دەنگییەکان یەکدەگرنەوە و تاکە شتێکی بنجی و بنەڕەتین تێدایە و هەردوو بەشی هێماکەشیان دەروونین.

٤۔ زمان هەستی و ماددییە، بەشێوەیەک لەم ڕووەوە هیچی لە ئاخاوتن کەمتر نییە، ئەمەش فاکتەرێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەمان.

هێما زمانەوانییەکان لە بنەڕەتدا دەروونین، ڕووت و ڕەها نین، ئەو کۆمەڵانەی مۆرکی ڕەزامەندیی کۆمەکی لەخۆوە گرتووە ــ هەموویان لەگەڵ یەکتر بۆ پێکهێنان یان بونیادی زمان کۆدەبنەوە ــ

ئەمەش ڕاستەقینەیەکن لە مێشکدا پلە و پایەی خۆیان هەیە، لەپاڵ ئەمەشدا هێمای زمانەوانی ماددی بەرجەستەکراون، و دەشێ بیانکەینە هێمای نووسینی زاراوەیی، کەچی ناکرێ وێنەی جیا بۆ ڕووداوەکانی ئاخاوتن (actes de parole) پێشکەش بکەن، تەنانەت درکاندنی بچووکترین وشە، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر و بێکۆتای جووڵە ئەندامییەکان هەیە، کە دەکرێ هاوشێوە بن و بخرێنە چوارچێوەی داڕشتنی نووسینەوە، بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە لە زماندا زۆر سەختە.

بەرانبەر بەمەش جووڵە دەنگییەکان هەن، کە دەکرێ بۆ وێنەیەکی دەنگی بینراوی ورد وەربگێڕدرێن. لەبەر ئەوە ئەگەر مامەڵەکردنێکی جوان لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی جووڵە پێویستەکان نەکرێت، تاکو وێنە دەنگییەکانی ئاخاوتن بەدی بهێنێت، ئەوا دەبینین لە ئایندەدا چۆن هەموو وێنەیەکی دەنگی تەنیا لە کۆمەڵە توخمێک، یان کۆمەڵە فۆنیمێک (یەکە دەنگییەکان) پێکدێن، کە دەکرێ پاشان دووبارەبکرێنەوە بە بەکارهێنانی ژمارەیەکی هاوشێوەی هێما نووسینەکان (بڕوانە لاپەڕەی بابەتی ئەنجامەکانی دژیەک و لاپەڕەکانی دی).

توانای بەهێز بۆ دانانی شتەکان، کە پەیوەندی بە شێوازەکانی نووسینەوە هەیە، فەرهەنگ و پەڕتووکەکانی ڕێزمان دەرفەتی نواندنیان بۆ دەڕەخسێنن، چونکە زمان کۆگایەکە بۆ وێنەکانی دەنگ و نووسینیش شێوازی ماددی ئەو وێنانەیە.

**٤. پێگەی زمان لە ڕاستەقینە مرۆییەکاندا: هێماسازی (Semiology)**

ئەو خاسییەتانەی پێشووی زمان، جیاکارییەکی زۆر گرنگ دەخەنەڕوو، سنوورەکانی زمان بەهۆی پێدراوەکانی ئاخاوتنەوە ڕوونبوونەتەوە، کە دەکرێ لەناو دیاردەی مرۆییدا پۆلێن بکرێن، کەچی پێش ئەمە لە بونیادی ئاخاوتندا ئەم حاڵەتە دروست نابێت. ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە، کە زمان (یاسایەکی کۆمەڵایەتییە) دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لێرەدا چەندەها ئادگار و خاسیەتی هەمەجۆر هەن، کە لە دەزگا سیاسی و یاساییەکان جیای دەکاتەوە.

پێویستە بە دوای جۆرێکی دیکەی ڕاستەقینەکان بگەڕێین، تاکو بتوانین سروشتی تایبەتی زمان بدۆزینەوە.

زمان سیستەمێکە لەو هێمایانە پێکدێت، کە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکان دەکەن، لەبەر ئەوە لە سیستەمی نووسین دەچێت، هەروەها لە ئەلفوبێی کەڕەکان و لە ڕێوڕەسمە ئایینی و تەوژم و ڕەوتە ئایینییەکان و لە شێوازەکانی گفتوگۆی ئاسایی و هێما سەربازییەکان.....هتد دەچێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ئەم سیستەمانە گشتگیرترە، دەکرێ وێنای ئەو زانستە بکەین، کە لە ژیانی هێماکانی ناو کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە پێویستە بەشێک بێت لە دەروونناسی کۆمەڵایەتی و دواتر ببێتە بەشێک لە دەروونناسی گشتی، کە ناوی دەنێم (هێماسازی Semiology)، کە لە (Semeion)ی یۆنانی (هێما)یە.

هێماسازی ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە هێماکان چین، ئەو یاسایانە چین، کە کۆنترۆڵیان دەکەن، لەبەر ئەوەی زانستەکە تا هەنووکە

پەیدا نەبووە، ئەوا کەس ناتوانێت بڵێ ئەم زانستە چۆن دەبێت و چی لێدێت، بەڵام مافی بوونی هەیە. زمانەوانی بەشێکە لە زانستی گشتی هێماسازی، ئەو یاسایانەی بەهۆی هێماسازییەوە (سیمیۆلۆجیا) دەدۆزرێنەوە، بۆ زمانەوانی گونجاو دەبن، زمانەوانی بە خۆی بوارە ئاسایی و زانراوەکەی خۆی لەناو بونیادی ڕاستەقینە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان(ڕەگەزناسی مرۆیی) دەستنیشاندەکات. دەستنیشانکردنی شوێنی شیاو بۆ هێماسازی یەکێکە لە کار و فەرمانەکانی دەروونناسی.

کاری زمانەوان ئەوەیە ئەو شتانە بدۆزێتەوە، کە وا لە زمان دەکات ببێتە سیستەمێکی تایبەت لەناو پێدراوە (سیمیۆلۆجییەکان) پێدراوەکانی هێماسازی، لە دەرفەتێکی دیکەدا جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ ئەم بابەتە، بەڵام لێرەدا ئارەزووی ئەوە دەکەم سەرنجتان بۆ یەک شت ڕابکێشم: ئەگەر لێرەدا سەرکەوتنم لەوەدا بەدەستهێنابێت لە دیاریکردنی زمانەوانی لەنێوان هەموو زانستەکانی دیکەدا، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە هێماسازییەوە گرێمداوە.

## ئایا بۆچی هێماسازی تا هەنووکە وەکو زانستێکی سەربەخۆ نەناسراوە، کە بابەتی تایبەتی خۆی هەیە وەک هەر زانستێکی دیکە؟

زمانەوانەکان لە دەوروبەری ئەم زانستە دەخولانەوە: زمان لە هەموو شتێکی دیکە باشترە، چونکە ئەو ڕێزمانەمان پێشکەش دەکات، کە گرفتە سیمیۆلۆجییەکانمان تێدەگەین، بەڵام دەبوایە زمان

له خودی خۆیدا زمانی بخستایەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، تاکو ئەم زانستەی لە شوێن خۆی دابنایە. سەبارەت بە زمان، ئەوا هەمیشە لەگەڵ شتەکانی دیکەدا دەخوێندرا و لە تێڕوانینی دیکەوە دەکۆڵرایەوە، لێرەدا پێش هەموو شتێک چەمکی ڕواڵەتی و ڕوکەشانەی خەڵکی لە ئارادا هەیە: خەڵک تەنیا ئەو سیستەمە دەنگییە دەزانن، کە زمان دەیبەخشێت (بڕوانە لاپەڕەی بابەتی فۆنۆلۆجی) لەبەر ئەوە قەدەغەیە لێکۆڵینەوە لەبارەی سروشتی ڕاستەقینەکەیەوە ئەنجام بدرێت.

پاش ئەمە بۆچوونێک لە بواری دەروونناسیدا هەیە، کە لێکۆڵینەوە لە کارایی هێما لەلای تاک دەکات، ئەمەش ئاسانترین میتۆدە، بەڵام نامانگەیەنێتە چالاکی تاک، هەروەها درک پێبکەین و پەلیشمان بۆ ئەو هێمایە ڕاناکێشێت، کە بە کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت. تەنانەت ئەگەر هێماکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێی بکۆڵدرێتەوە و بیخوێنینەوە، ئەوا ئەو جیاکاریانەی زمان بە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە دەبەستێتەوە - لەوانەیە خودیی یان مەبەستدار بێت - جەختی لەسەر کراوەتەوە و وەکو ئەنجامێش لە ئامانجەکانی دوورکەوتوونەتەوە، ئینجا خاسیەتە تایبەتەکانی پەیوەست بە هێماسازییەوە بە گشتی و جیاکارییەکانی پەیوەست بە زمانەوە بەتایبەتی پەراوێزخراوە و بەتەواوەتی ڕەتکراوەتەوە، ئینجا سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی هێما -کە لە سەرەتادا بە ناڕوونی نمایان دەبێت- بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو شتانەیە، کە ویست و

خواستی کۆمەڵایەتی یان تاکی بەشێوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام قەدەغە دەکات.

بەکورتی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیمۆلۆجی لەبارەی دەزگاکانی دیکەوە، لە کاتێکدا لە زماندا دەردەکەون، کە لەو شتانەشدا دەردەکەون بێت، کە بەتەواوەتی لێیان نەکۆڵراوەتەوە، لەبەر ئەوەیە تا هەنووکە بەها و پێویستیەتی سیمۆلۆجیا بەشێوەیەکی ڕوون نەزانراوە.

بەڵام سەبارەت بە من، پێم وایە گرفتی زمان لە بنەڕەتدا سیمۆلۆجییە، هەموو پێشکەوتنەکانیش گرنگییان لەو ڕاستەقینە گرنگەوە دەستکەوتووە. ئەگەر ئێمە سروشتی ڕاستەقینەی زمانمان دۆزینەوە، ئەوا پێویستە لایەنە هاوبەشەکانی نێوان زمان و هەموو سیستەمە سیمۆلۆجییەکان بزانین، هێزە زمانەوانییەکان لە سەرەتادا بە گرنگییەوە نمایان دەبن (بۆ نموونە ڕۆڵی ئامێری دەنگ)، کە ڕێزێکی مامناوەندییان لێدەگیرێت لە حاڵەتی جیاکردنەوەی زمان لە سیستەمەکانی دیکە، ئەم ڕێکارە ڕۆڵی زیاتر دەبینێت لەوەی تەنیا ڕۆڵی ڕوونکەرەوەیەک بۆ گرفتە زمانەوانییەکە ببینێت.

ئینجا بە لێکۆڵینەوەی ئاینزاکان(ڕێوڕەسمەکان) و نەریتەکان.. هتد. وەکو هێماکان، لەم حاڵەتەدا وا دەبینم ئێمە مێشکێکی تازە دەخەینە سەر ڕاستەقینەکان، بۆ ئەوەی بیانخەینە ناو بازنەی سیمۆلۆجیا، ئینجا بەهۆی یاساکانیانەوە شرۆڤەیان دەدەینێ.

## بەشی چوارەم
## زمانەوانیی زمان و زمانەوانیی ئاخاوتن

کاتێک زمانەوانی دەخەینە بواری توێژینەوەی هەمەکی ئاخاوتن، لەم حاڵەتەدا وا دیارە تیشکم خستووەتە سەر هەموو زمانەوانی، هەروەها هەموو توخمەکانی دی ئاخاوتن ــ واتە ئەو توخمانەی ئاخاوتن پێکدەهێنێت ـ بەوپەڕی ئازادییەوە چۆک بۆ زانستەکەی یەکەم دادەنوێنێت، ئینجا بەهۆی ئەم دانواندنە، یان ئەم پاشکۆیەتییە، بەشەکانی زمانەوانی شوێنی سروشتی خۆیان دەدۆزنەوە.

بۆ نموونە گریمانە دەکەین بەرهەمهێنانی دەنگەکان بۆ ئاخاوتن زۆر پێویستن، چونکە ئەندامە دەنگییەکان سەبارەت بە زمان بە شتێکی دەرەکی هەژمار دەکرێن، وەکو ئامێرە کارەباییەکان لە گواستنەوەی، یان ناردنی کۆدی (مۆریس) بۆ هەمان کۆد بەکاردەهێنرێت، بەڵام درکاندن جێبەجێکردنی یان ئەداکردنی وێنەکانی دەنگ دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی هەمان ئەو سیستەمە بە هەر شێوەیەک هەڵنابژێرێت، زمان لە سەمفۆنیایەک دەچێت لەوەی ئەو شتانەی سەمفۆنیاکە نوێنەرایەتی دەکات، ئەم ڕاستەقینەیە دووچاری مەترسی ناکات، ئەو بەڵگەیەی لەبەرانبەردایە بۆ جیاکردنەوەی پرۆسەی درکاندن لە زمان، پێویستە گۆڕانەکانی دەنگ دروست بکات، هەروەها ئەو جێگۆڕکێیە دەنگیانەش دروست بکات،

کە لە پرۆسەکانی قسەکردندا سەرهەڵدەدەن، کە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر داهاتووی خودی زمان دروست دەکەن.

ئایا مافی ئەوەمان هەیە بڵێین زمان سەربەخۆ بەبێ گۆڕانە دەنگییەکان هەر دەمێنێت و دەژییێت؟ بەڵێ، چونکە زمان تەنیا ڕاستەقینە و ناوەرۆکە ماددیەکە (لە وشەکانەوە) هەڵدەبژێرێت، ئەگەر وتیشیان (زمان) تەنیا سیستەمێکی هێماکانە، ئەوا زمان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕوانگەی گۆڕانە بەدوایەکداهاتووەکانی شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەیە، کەواتە هیچ شتێکی دەنگی لە ڕواڵەتدا لەخۆ ناگرێت.

دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی گۆڕانی دەنگی لەوانەیە گرنگی خۆی هەبێت و لێکۆڵینەوەی دەنگەکان لەوانەیە لەم خاڵەدا بەسوود بێت، بەڵام هەموو ئەمانە لە زمانەوانیدا بنەڕەتی نین، ئەوەی پێویستە بکرێت ئەوەیە، کە دەبێ تێبینی گۆڕانکانی دەنگ بکرێت و کاریگەرییەکانی بژمێردرێت، ئەوەی دەربارەی درکاندن وتمان لەسەر هەموو بەشەکانی ئاخاوتن پیادە دەبێت، چالاکی قسەکەر پێویستە لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوە و بوارێکی ئەوتۆدا باسی بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، کە لە زمانەوانیدا شوێنی نەبێتەوە، مەگەر لە ڕوانگەی ئەو پەیوەندیانەوە نەبێ، کە بە زمانەوە هەیەتی.

بەمشێوەیە لێکۆڵینەوەی ئاخاوتن دوانەییە، بەشە سەرەکییەکەی زمان بە بابەتی خۆی دەزانێت، کە بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و جیایە لە بونیادی تاک لەڕووی دەروونییەوە، بەشە مامناوەندییەکەش کە لایەنی تاک لە پرۆسەی ئاخاوتندا دەکاتە بابەتی خۆی، مەبەستم

قســەکردنە، کە درکانــدن لەخــۆ دەگرێــت ــ پرۆســەیەکی فیزیــایی دەروونییەـ بێگومــان هەردوو ئەم بــابەتە بەیەکــدییەوە نووســاون و پشــت بە یەکــدی دەبەســتن. زمــان مەســەلەیەکی پێویســتە، تــاکو پرۆســەی ئاخــاوتن کاریگەرییەکــانی خــۆی جێبــەجێ بکــات و لە نــاوەرۆکەکەی بگەن، بەڵام چۆن قســەکەر بیــرۆکەکە لەگــەڵ وێنەی وشــەکە بەیەکەوە گرێدەدات، لە حاڵەتێکدا ئــەگەر پێشــوەخت لەگــەڵ ڕووداوی قسەکەدا هاوکات نەبوو بێت؟

سەرباری ئەمەش، ئێمە زمانی دایکمـان لەڕێگەی گوێ لێبوونەوە فێربــووین، پــاش شــارەزابوونی زمــانەکە لە مێشــکماندا جێگیرکــراوە، ئاخــاوتن دەبێــتە هۆکــاری پێشــڤەچوونی زمــانەوانی: ئەو شــتانەی لە پرۆســـــەی بیســـــتنەوە وەریانـــــدەگرین، ئەوان داب و نەریـــــتە زمانەوانییەکانمــان دەگــۆڕن. زمــان و ئاخــاوتن هەریەکە پشــت بەوی دیکە دەبەستێت، ئەوەی پێشوو ئامراز و بەرهەمی ئەوەیە، کە پاشان ســەرهەڵدەدات، بەڵام پشــت بەســتن بە یەکــدیان مانــای ئەوە نیــیە هەردووکیــان دوو شــت نــین، بەڵکــو هەردووکیــان دوو شــتی جیــان، زمــان بەشــێوەی کــۆمەڵە پێدراوێک لە مێشــکی هەریەک لە ئەنــدامانی کــۆمــەڵ جێگیربــووە، بە هەمــان شــێوە زمــان لە فەرهەنــگ دەچێت، کە هەر ئەنــدامێکی کۆمــەڵ کــۆپییەکی لــێ بەردەکەوێت (بــڕوانە لاپەڕەی بابەتی نیگایــەک لــە مێژووی زمانــەوانی). زمــان لای هەمــوو کەســێک بوونی هەیە و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە تیایدا بەشــدارن، لەبەر ئەوە ناکرێ بە شــێوەیەک لە شــێوەکان ئەو کەســانە دیــارییکەین، کە زمــان لایان جێگیرە.

ئەم شـێوەیەی خـوارەوە گوزارشـت لە شـێوازی بـوونی زمـان دەکات:

١ + ١ + ١ + ١...... = ١ (نموونەیەکی کۆ).

ئایا ئەو ڕۆڵە چییە ئاخاوتن لە کۆمەڵدا دەیبینێت؟ ئاخـاوتن کۆی ئەو قسانەیە، کە خەڵک دەیانڵێن، کە لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

أ- ئەو پێکهاتە تاکیانەی پشت بە ویستی قسەکەرانەوە دەبەستن.

ب - ڕووداوی درکاندنی مەبەستدار بۆ ئەنجامدانی ئەم پێکهاتـانە پێویستن.

قسـەکردن ئاوهـایە، ئـامراز یـان دەسـتەواژەیەکی کۆمەڵیـانە نییە، دیـاردەیەکی تـاکی و هەنـووکەییە، لە پرۆسـەی قسـەکردندا کـۆمەڵە ڕووداوێکی تایبەت هەن، هەردەم لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:

(١ + ١/ + ١// + ١///...)

لەبەر هەمـوو ئەو هۆکـارانەی باسـمان کـردن، ئـەوا تێـڕوانین بـۆ زمـان و ئاخـاوتن لە هەمـان تێـڕوانینەوە دەبێـتە شـتێکی خەیـاڵ یـان نـامۆ. ئینجـا بە باسـکردنیان بەشـێوەیەکی هەمەکـی، ئەوا نـاکرێ لە ئاخـاوتن بکـۆڵرێتەوە، چـونکە پرۆسـەیەکی ڕێـک و تەبـا نییە، کەچـی جیـایی و پاشـکۆیی لێـرەدا پێویسـتی بە ڕوونکـردنەوە هەیە، ئەمە بەشـی یەکەمە، کە لە هەوڵ و کۆششـەکانماندا بـۆ پێکهێنـانی (تیـۆری ئاخاوتن) بەرچاومان دەکەوێت، پێویستە لەسەرمان دوو ڕێگا لەیەک

جیا بکەینەوە، کە ناتوانین پێکەوە بەدواداچوونیان بۆ بکەین، بەڵکو پێویستە بەدواداچوون بۆ هەر یەکێکیان و هەر تاکێک بە جیا بکەین، ئەویش ئەگەر زاراوەی زمانەوانی بە پێویستییەکی ڕاستەقینە بۆ هەردوو بوارەکە بزانرێت، لەم حاڵەتەدا پێویستە باس لە زمانەوانیی ئاخاوتن بکرێت، بەڵام پێویستە ئەم زانستە لەگەڵ زمانەوانیی تایبەت تێکەڵ نەکرێت، کە زمان بە تاکە بابەت دەزانرێت. لێرەدا گرنگی خۆم ئاراستەی زمانەوانی زمان دەکەم، ئەگەر خوازیاری ئەوەش ببم ماددەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵێک بەکاربێنم، کە پەیوەندی بە ئاخاوتنەوە هەبێت، ئەوا هەوڵدەدەم سنوورەکانی نێوان هەردوو ئەم بوارە لا نەبەم و وەک خۆیان بیانهێڵمەوە.

## بەشی پێنجەم

## توخمە دەرەکی و ناوەکییەکانی زمان

دەستنیشـــانکردنم بـــۆ زمـــان، وا دەخوازێـــت پێشـــوەخت هەمـــوو شـــتێکی دیـــکە، کە پەیوەنـــدی پێـــوە نەبێـــت وەلاوە بنرێـــت، بـــەکورتی هەمـــوو شـــتێک زانـــراو بێـــت، ئـــەوا زمانـــەوانیی دەرەکیـــیە، کەچـــی زمانـــەوانیی دەرەکـــی بـــاس لە زۆر شـــت دەکـــات، کە شـــتی گشـــتین - زۆربەی ئەو شـــــتانەی لە کـــــاتی تـــــوێژینەوەی ئاخـــــاوتن بیریـــــان لێدەکەینەوە.

یەکەم: پـــێش هەمـــوو شـــتێک ـ هەمـــوو خاڵەکـــان دێـــنە پـــێش، کە ســـــنوورەکانی زمانـــــەوانی و ســـــنوورەکانی ڕەگەزناســـــی مـــــرۆڤ (Ethnology) بەیەک دەگەنەوە، هەموو ئەو پەیوەندییانەی مێژووی زمـــان و مێـــژووی ڕەگـــەزی مـــرۆڤ یـــان ژیـــاریی مرۆڤـــایەتی بەیەک دەبەستنەوە.

ئاوێتەبوونی زمـان و ئەنترۆپۆلۆجیای وەسفی (Ethnography) بە شـێوەیەکی بەهێـز ئەو پەیوەندییانـە پێشـکەش بە بیـر دەکـات، کە بەتەواوەتی دیاردەی زمـانەوانی کۆدەکەنەوە(بڕوانە لاپـەڕەی بابـەتی پێشـــەکی وەرگێـــڕ لـــە فەڕەنســـییەوە بـــۆ ســـەر زمـــانی ئینگلیـــزی و لاپەڕەکانی دوایی).

ڕۆشـــــنبیریی نەتەوە کـــــاریگەری بەســـــەر زمـــــانەکەیەوە هەیە، لەلایەکـی دیکەشـەوە زمـان بەرپرسـیارێتییەکی گەورەی بەرانبـەر بە

نەتەوە لە ئەستۆ گرتووە، پاشان پەیوەندی نێوان زمان و مێژووی سیاسیی دێن، ڕووداوە مێژووییە گەورەکان وەکو شالاوی ڕۆمانییەکان ڕۆڵێکی بێسنووریان لەسەر کۆمەڵێک لە ڕاستەقینە زمانەوانییەکان هەبووە.

داگیرکەر بە یەک شێوە شرۆڤە دەکرێت، ئەوەی سەردەکەوێت و هەژموون پەیدا دەکات، و دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕان لەو زمانەدا دروستبکات، و ئەویش زمانەکە بۆ چەند ژینگەیەکی دی دەگوازێتەوە، هەموو جۆرەکانی ڕاستەقینە دەکرێ ببنە بەڵگەی بەهێز و لەم بوارەدا بهێنرێنەوە، بۆ نموونە: وڵاتی (نەرویج) زمانی دانیمارکی کردە زمانێکی فەرمی لە کاتی یەکبوونی لەگەڵ وڵاتی دانیمارکدا، ئێستا نەرویجییەکان خوازیاری ئەوەن ئەم کاریگەرییە زمانەوانییە نەهێڵن. سیاسەتی ناوخۆیی حکوومەتەکان هیچی کەمتر نییە لەو کاریگەرییانەی لەسەر ژیانی زمان بەجێی دەهێڵن، هەندێک حکوومەت هەن، وەکو (سویسرا)، دەرفەت دەدەن بە بوونی چەند زمانێک لە وڵاتدا، کەچی هەندێک وڵاتی دیکەش هەن وەکو (فەڕەنسا)، کە خەبات دەکەن لەپێناو بوونی یەک زمان لە وڵاتدا.

قۆناغی پێشکەوتووی شارستانییەت دەبێتە پاڵپشت بۆ پێشڤەچوونی زمانە تایبەتەکان (زمانی یاسایی، زاراوە زانستییەکان.....هتد).

لێرەدا دێینە سەر خاڵی سێیەم: پەیوەندی نێوان زمان و هەموو جۆرەکانی دەزگا (کڵێسە، قوتابخانە،....هتد). هەموو ئەم دەزگایانە پەیوەندییان بە پێشکەوتنی ئەدەبیی زمانەوە هەیە، وەکو دیاردەیەکی

گشتی هەموو پێکەوە زیاتر لەوانی دی پەیوەندییان بە مێژووی سیاسییەوە هەیە.

زمانی ئەدەبی لە هەموو خاڵێکدا چاودێریی ئەو سنورانە دەکات، کە ئەدەب بەڕوونی دیارییان دەکات، ئێمە پێویستیمان بە توێژینەوەی کاریگەری هۆڵە ئەدەبییەکان و پەیمانگە نەتەوەییەکان هەیە، سەرباری ئەمەش زمانی ئەدەبی پرسە گرنگەکەی ئەو ململانێیە دەخاتەڕوو، کە لەنێوان زارە ئەدەبییەکاندا هەن(بڕوانە لاپەڕەی بابەتی بەهای زمانەوانی و لاپەڕەکانی دی)، هەروەها پێویستە لەسەر زمانەوان پەیوەندییەکانی نێوان پەڕتووک و زمانی خەڵکی(ڕەمەکی) تاقیبکاتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو زمانێک بە بەرهەمێکی ڕۆشنبیری هەژمار دەکرێت، لە کۆتایشدا لە بوارە سروشتییەکەی زمانی بەکارهێنراو (زمانی قسەکردن) جیای بکاتەوە.

لە کۆتایشدا هەموو شتێک پەیوەندی بە بڵاوبوونەوەی جوگرافیای زمانەکانەوە هەبێت، هەروەها ئەو پۆلێنەی لە زارەکاندا ڕوودەدەن، پەیوەندییان بە زمانەوانی دەرەکییەوە هەیە، بێگومان لێرەدا جیاوازیی نێوان زمانەوانیی ناوخۆیی و دەرەکی وا دەردەکەوێت، کە زیاتر ڕێژەیی بێت، چونکە دیاردەی جوگرافی پەیوەندی بە بوونی زمانەوە هەیە، ئینجا هەر زمانێک بێت، بەڵام فراوانبوونی ڕووبەری جوگرافی و دابەشبوونی زارەکان نابنە دارێژەری سیستەمی ناوخۆیی زمان. هەندێک زمانەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە

توێژینەوەکـانی پێشـوو دەشـێن بەسـادەیی لە تـوێژینەوەی زمـان جیابکرێنەوە.

ئەم تێڕوانینە هەژموونی پەیداکرد، ئەویش لە کاتێکدا جەختکردن لەسـەر ڕاسـتەقینەکان چڕتـر بـووەوە، وەک سیسـتەمی نـاوخۆی ڕووەکێک بە کاریگەرییە دەرەکییەکان (زەوی و کەش و هەوا.. هتد) بەستراوەتەوە، ئایا سیستەمی ڕێزمانی بەبەردەوامی پشت بە هێزە دەرەکییەکان نابەستێت، بۆ ئەنجامدانی گۆڕانە زمانەوانییەکان؟ لەوە دەچـێ ئـێمە جاروبـار دەتـوانین شـرۆڤەی وا پێشـکەش بکەیـن، کە دەوروبەر پێی قایل بن، بۆ ئەو زاراوە تەکنیکی و وشـە نامۆیانەی لە زماندا زۆرن، بەبێ ئەوەی پێشڤەچوونەکەیان بەهەند وەرگرین. ئایا دەکرێ پێشڤەچوونی ئەندامی زمان بەشێوەیەکی سروشتی و بەدەر لە شێوازە دەستکردەکان جیابکەینەوە، وەکو زمانی ئەدەبی، کە سەر بە زمانەوانیی دەرەکییە، هێزە نائەندامییەکانیش بە هەمان شێوەن؟

زمـانە هاوبەشـەکان بەهـۆی زارە ناوخۆییەکـانەوە هەمیشـە پێشـدەکەون، پـێم وایە تـوێژینەوەی دیـاردەی زمـانەوانیی دەرەکـی سـوودی زیـاترە، بەڵام ئـەگەر بڵـێین ئـێمە لە سیسـتەمی زمـانەوانیی نـاوخۆیی تێنـاگەین، بەبـێ لێکدانەوەی دیـاردە دەرەکیـیەکە، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەکەوینە ناو هەڵەوە.

بـۆ نمـوونە خواسـتنی وشـە بیانییەکـان، لە سـەرەتادا تێبینـی ئەوە دەکەیـن گریمـانەکردن لە زمانـدا هێزێکـی بەردەوام نیـیە، لە جیهانـدا هەنـدێک زاری گۆشـەگیر هەن، کە هـیچ زاراوەیەکـی دەسـتکردیان لە دەرەوە وەرنەگرتووە، ئایا لێرەدا پێویسـتە بڵـێین ئەم زمانـانە ـ زارانە

له دەرەوەی حاڵەتەکـــانی ئاخـــاوتنی سروشـــتین و پێویســـتییان بە توێژینەوەیەکی وا هەیە، کە لەڕووی شێوەوە سەیر و سـەمەرە بێت، بە ڕێـژەی ڕەتکـردنەوەی بـۆ پرۆسـەکانی ئـاوێتەبوون لەگـەڵ زمـانی دیدا؟ لێرەدا شتێکی گرنگ ماوە ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش ئەوەیە وشـــەی قەرزکـــراو بە وشـــەیەکی نـــامۆ هەژمـــار ناکرێـــت، تـــەنیا لە حاڵەتێکـدا نەبێـت، کە لەنـاو سیســـتەمە نـاوخۆییەکەی زمانـدا لێـی بکۆڵرێتەوە، بەڵکو تـەنیا لە ڕوانگـەی پەیوەندییەکانی و لەڕێگـەی ئەو دژواودژییە لێی دەکۆڵرێتەوە، کە لەگـەڵ وشـە نزیکەکانیدا هەیەتـی، وەکو هەر هێمایەکی بنەڕەتی دیکە.

ئەو زانیارییانەی دەربارەی بارودۆخی پێشڤەچوونی زمانەوانی و پرۆسەکانی ئاخاوتن بەشێوەیەکی گشتی، پێویست یان بنەڕەتی نین، چونکە هەندێک زمان هەن وەکو زمانی (زەندی و سلاڤی کۆن) شوناسی قسەکەرە دێرینەکانیان دیار نین، بەڵام نەبوونی ئەم زانیارییانە نابنە لەمپەر بۆ ئەوەی هەنگاو بنێین بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستەمی ناوخۆی ئەم زمانانە، یان ئەنجامدانی تێڕوانین بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لەژێر سایەیاندا بەڕێوە دەچن. هەرچی چۆنێک بێت پێویستە هەردوو ئەم بۆچوونە لەیەک جیابکەینەوە و چەندەش ڕێژەی ئەم جیاکردنەوەیە زۆربێت، ئەوەندە باشترە. باشترین بەڵگە بۆ پێویستبوونی زمانەوانان بۆ جیاکردنەوە ئەوەیە، کە هەر یەکە لەم دوو ئاراستەیە میتۆدێکی نموونەیی دادەهێنن. زمانەوانیی دەرەکی دەتوانێت وردەکاری دیکە پێشکەش بکات، بەبێ ئەوەی نووسەرێک لەناو وێنەی سیستەمە زمانەوانییەکەدا بڕیاری لەسەر بدات، بۆ

نموونە ئەو نووسەرە ڕاستەقینەیەکی گونجاو لە ڕوانگەی خۆیەوە دەربارەی بڵاوبوونەوەی زمانێک لە هەرێمەکەیدا کۆدەکاتەوە، ئینجا ئەگەر بەدوای ئەو هێزانەدا بگەڕێت، کە زمانە ئەدەبییەکان لەگەڵ زارەکانیان لەناو ئەو زمانەدا داهێناوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەتوانێت هەمیشە لیستێکی سادە بەکاربهێنێت. هەروەها ئەگەر خوازیاری ئەوەش بیت ڕاستەقینەکان بەشێوەیەکی ڕێکتر ڕێکبخات، ئەوا تەنیا بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەڕوونی ئەم کارە دەکات. لە زمانەوانیی ناوخۆیدا وێنەکە جیایە، ئەو لێرەدا هیچ ڕێکخستنێک ئەنجام نادات، زمان سیستەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەگەر زمان بە یاری شەترەنج بەراورد بکەین، ئەوا ئەم خاڵەی باسمانکرد، بەباشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە، لە یاری شەترەنجدا دەتوانین ئەو شتانە دەرەکین، گۆشەگیر بکەین و لایان بەرین، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەو شتانەی ناوخۆیین، لەڕاستیدا گواستنەوەی یارییەکە لە ئێرانەوە بۆ ئەوروپا، بە مەسەلەیەکی دەرەکی هەژمار دەکرێت، بەرانبەر بەمەش هەر شتێک پەیوەندی بە سیستەم و یاسای ئەم یارییەوە هەبێت، بە ناوخۆیی هەژمار دەکرێت، ئەگەر داشەکانی شەترەنج لە بەردی عاج[1] دروستکرابن و تۆ بێیت داشەکان بکەیتە (تەختە)، ئەوا ئەم گۆڕانە هیچ کاریگەرییەک لەسەر سیستەمەکە دروست ناکات، بەڵام ئەگەر زیادت کرد، یان

[1]- عاج جۆرە بەردێکە لە یاری شەترەنج بەکاریێت، ئەم بەردە لە ددانی فیل یان ددانی ئەسپی ئاوی دروست دەکرێت و زۆر بەنرخە(وەرگێڕی کوردی).

ژمارەی داشەکانت کەم کردەوە، ئەوا ئەم گۆڕانە کاریگەرییەکی بێ وێنەیی لەسەر یاسای یارییەکە دەبێت.

هەمیشە پێویستە ئەو شتانەی دەرەکین و ئەو شتانەش ناوخۆیین، لەیەکیان جیا بکەینەوە، لە هەموو نموونەیەکدا دەکرێ سروشتی دیاردەکە دیاریبکرێت، ئەویش بە پیادەکردنی ئەم یاسایەی دەڵێت:((**هەموو شتێک ناوخۆیی بێت، ئەوا بە هەر شێوەیەک بێت سیستەمەکە دەگۆڕێت**)).

## بەشی شەشەم
## وێنەی نووسینی زمان

### ١. پێویستی بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتەکە

بابەتی سەرەکی زمانەوانی لەو بەرهەمە کۆمەڵایەتییە بەرجەستە دەبێت، کە لە مێشکی هەموو تاکێکدا جێگیربووە، مەبەستم زمانە، بەڵام ئەم بەرهەمە بەپێی گروپەکانی زمان هەمەچەشن دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە لەگەڵ زمانەکاندا مامەڵە بکەین. زمانەوان ناچارە خۆی ڕۆشنبیر بکات و ژمارەیەکی زۆری زمانەکان فێرببێت، تاکو بتوانێت لایەنە جیهانییەکانی ئەو زمانانە دەستنیشان بکات، ئەویش لەڕێگەی تێبینیکردن و بەراوردکردنیانەوە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێمە زمانەکان لەڕێگەی نووسینەوە فێردەبین، تەنانەت لە فێربوونی زمانی نەتەوەیشماندا بەهەمان شێوە پشت بە دەقە نووسراوەکان دەبەستین.

پێویستی بەکارهێنانی ڕێنماییەکانی نووسین لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە دابڕاوەکان زیاتر و پترن، بەتایبەت لەکاتێکدا لەو زمانانە دەکۆڵینەوە، کە زۆر بەردەوام نەبوون و کۆتاییان هاتووە، لێرەدا پێویستیمان بە دەقی ڕاستەوخۆ هەیە، تاکو بۆ بەکارهێنان و نموونە هێنانەوە لەژێر دەستماندابن، ئەگەر خەڵک هەمیشە کاربکەن، ئێستا لە پاریس چیمان لێدەکات، نموونەگەلێک لە هەموو زمانەکان

تۆمـارکراون، تەنـانەت ئەو نموونـانەی تۆمـارکراون، تـەنیا لەڕێگـەی نووسینەوە بۆ ئەوانی دی ڕەخسێنراون، ئەو نووسینەی پەیوەندی بە سیستەمە ناوەکییەکەیەوە نییە، بە بەردەوامی بەکاردەهێنرێت، تـاکو ڕەنگدانەوەی زمانەکە بێت، بەسادەیی دەڵێین ئێمە نـاتوانین نووسـین وەلا بنێین و لەبیر خۆمانی ببەینەوە، پێویستە لە ڕێژەی سـوودەکانی نووسین بکۆڵینەوە و هەڵە و کەلێن و خەوشەکانیشی بزانین.

**٢. کاریگەری نووسین: هۆکارەکانی هەژموونی نووسین لەسەر شێوەی ئاخاوتن**

زمـان و نووسـین لە ڕووی هێماکـانەوە دوو سیسـتەمی جیـان، بوونی نووسین لەپێناو یەک ئامانجدایە، کە نوێنەرایەتیکردنی زمـانە (بـوونی نووسـین بـۆ نـوێنەرایەتیکردنی زمـانە). بـابەتی زمـان لە شێوازەکانی ئاخاوتن و نووسینی وشەکان پێکنایەت، ئەو شـێوازانەی قسـەیان پێدەکرێت، بابەتەکـان پێکدەهێنن، کەچـی ئەو وشـەیەی گـۆ دەکرێت، بەشێوەی نووسینەوە کۆت و بەندکراوە، تەنـانەت وێنەی نووسـین هەوڵـدەدات بـۆ قـورخکردنی ڕۆڵـی سـەرەکی لە تێکـڕای پرۆسەکەدا، بگرە خەڵک گرنگی بە وێنەی نووسینی هێما دەنگییەکـان دەدەن، زیاتر لە هێماکە خۆی.

بە هەمـان شـێوە هەڵەیە ئـەگەر گومـانی ئەوە ببرێـت، دەتـوانین کەسێک لەڕێگـەی وێنەکەیەوە زیـاتر لە بینینی ڕاسـتەوخۆ بـۆ خـودی ئەو کەسـە بناسـین، ئەم خەیاڵـەی هەردەم بـوونی هەیە لە زۆربەی ئەو چەمکـانەدا ڕەنگیـداوەتەوە، کە خەڵـک لەسـەر بـابەتی زمـان گفتوگۆی تێدا دەکەن، بۆ نموونە ئەو چەمکە وەرگرە، کە دەڵێت لە

حاڵەتی نەبوونی پرۆسەی نووسین، زمان زیاتر و زووتر دەگۆڕێت، هیچ شتێک نابێتە لەمپەر بەرانبەر بە ڕاستەقینە. لەوانەیە پرۆسەی گۆڕانکاری لەژێر کاریگەری بارودۆخێکی دیاریکراودا ببێتە ئاستەنگ بەرانبەر کاری نووسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی نووسین، زمان دووچاری مەترسی ناکات، کۆنترین دەقە نووسراوەکانی زمانی لیتوانی (Lithuanian)، کە تا ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ڕووسیا قسەی پێدەکرێت، مێژووەکە بۆ ساڵی(١٥٤٠) دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو زمانەی لەم ماوە درەنگەدا بەکاردەهێنرێت، وێنەیەکی ئەوتۆی زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتی پێشکەش دەکەن، کە لە زمانی لاتینی ڕاستگۆتر و گوزارشتکارترە، کە (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین پەیدا بووە، ئەمە باشترین نموونەیە بۆ سەربەخۆبوونی زمان لە پرۆسەی نووسین.

هەندێک ڕاستەقینەی زمانەوانی سادە بەبێ یارمەتی نووسین بەردەوام بوون و هەر ماون، ئەویش لە هەموو قۆناغەکانی زمانی ئەڵمانی کۆندا، ئەوان بەمشێوەیە دەیاننووسن ( stözen, fuolen, toten)، پاشان ئەم شێوازانە پەیدابوون (töten, füelen)، ئەویش لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٢)، بەڵام وشەی (stozen) هەروەک خۆی مایەوە.

ئایا چۆن ئەم جیاوازییە نێوان(ö,ü) هات؟ کاتێک ئەم گۆڕانکارییە پڕاوپڕە دروست دەبێت ( umlaut) (دوو خاڵ لەسەر پیتی بزوێنی ئەڵمانی دانراوە)، لەولا لە بڕگەکەی دیکەدا ئەمە دانراوە(y). لە زمانی ئەڵمانی کۆندا ئەم شێوازانە هاتوون: (daupyan,folyan) و

له کاتێکدا شێوازی (stautan)یان بەکارهێنا. لە سەرەتایەکی زووی قۆناغی ئەدەبیدا (مێژووی ٨٠٠) پیتی (Y) بووە پیتێکی لاواز، تەنانەت هیچ شوێنەوارێکی لە نووسیندا نەما و ئەم حاڵەتەش سێ سەدە بەردەوام بوو، ئێستاش ئەم پیتە زۆر بە لاوازی و بە کاڵی لە شێوازی قسەکردندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەم پیتە بەشێوەی (Umlaut) لە ساڵی (١١٨٠ز) جارێکی دی دەرکەوتەوە.

بەبێ نووسین جیاکارییەکی کاڵی لە درکاندندا لەخۆگرتبوو، کە بەشێوەیەکی ورد گوازراوەتەوە. بەمشێوەیە دەبینین زمان نەریتی زارەکی چەسپاوی هەیە، کە دیاریکراو و سەربەخۆ و جیایە لە پرۆسەی نووسین، بەڵام کاریگەرییەکانی شێوازی نووسین، تێڕوانینەکانمان پەردەپۆش دەکەن.

زمانەوانە دێرینەکان، زمان و نووسینیان تێکەڵکردووە، پێش ئەوانیش خاوەن توێژینەوە مرۆییەکان هەروایان کردبوو، تەنانەت (بۆپ) نەیتوانیوە پیت و دەنگ لەیەک جیابکاتەوە، توێژینەوەکانی (بۆپ) بۆچوونێکی وا پێشکەش دەکەن، کە زمان و ئەلفوبێیەکەی زمان یەک شتن و پێکەوە نووساون، قوتابییەکانیشی ئێستا کەوتوونەتە هەمان ئەو تەڵەیەوە، وێنەی نووسینی (th) (بۆ خشۆکەی b) وای لە گریم (Grimm) کردووە، گومانی ئەوە بەرێت، کە (th) دەنگێکی دوانەییە، بەڵام ئەم دەنگە جگە لەوەی دەنگێکی تەقیوی کپە (ospirat occlsiua)، لەسەر ئەم بنەمایە شوێنێکی باشی لە دووتوێی ئەو یاسایە دانا، کە دەربارەی گۆڕینی

دەنگە نەبزوێنەکان بوو، (بڕوانە لاپەڕەی بابەتی زمانەوانیی وەسفی و زمانەوانیی پێشکەوتوو)، تا ئێستاکە توێژەرەکان زمان و نووسین تێکەڵ دەکەن، (گاستۆن دی شامپ)(Gaston Deschamps) وتوویەتی (بیرسیلۆت Berthelot) زمانی فەرەنسی لە داڕووخان پاراست، چونکە دژ بە ئەنجامدانی چاکسازی لە ئەلفوبێدا وەستا، بەڵام ئایا چۆن دەتوانین شوێنەواری نووسین بخەینەڕوو؟

١- یەکەم، شێوەی نووسین لە مێشکماندا چەسپاوە، وا پێدەچێ شتێکی بەردەوام و نەگۆڕ بێت، ئەم شێوەیەی نووسین بەدرێژایی کات لە دەنگ زیاتر شیاوترە بۆ پاراستنی یەکێتی زمان، بەمشێوەیە دەبینین یەکێتی بێ بنەما داهێنراوە، پەیوەندی دەرەکی نووسین بە تێبینیکردنی یان وەرگرتنی لە پەیوەندی ڕاستەقینە (پەیوەندی دەنگ) ئاسانترە.

٢- زۆربەی زۆری خەڵک گرنگی زیاتر بەو شتانە دەدەن، کە لە بینینەوە دەستیان دەکەوێت، چونکە ئەو شتانەی دەیانبینین ڕوونترن لەو شتانەی گوێبیستیان دەبین، لەبەر ئەوە خەڵک بینینیان پێ باشترە، وێنەی نووسین زیاتر لە دەنگ زیاتر دەسەپێنێتە سەریان.

٣ــ زمــانی ئەدەبــی لەســـەر ئەوە کۆبـــووەتەوە، کە نووســـین پرۆسـەیەکە شـایانی گرنگی نییە، نووسـین و یاسـاکانی لە قوتابخـانە فێردەبین، منداڵان لە پەڕتووکەکانی قوتابخـانەوە فێری دەبـین، زمـان بە سیسـتەمێکەوە بەنـدە، ئەم سیسـتەمە ڕوونە و لە کـۆمەڵە شـتێکی نووســـــراو پێکـــدێت، کە یاســــاکانی وردن و بـــــۆ ڕێنــــووس

(orthography) دەســـتدەدەن، لەبەر ئەوە نووســـین گرنگییەکـــی سەرەکی هەیە.

ئـەنجام دەگەیـنە ئەوەی خەڵـک پـێش ئاخـاوتن، فێـری نووسـین بوون، بەڵام ئەم شتەیان لەبیرچووە.

٤. لە کۆتاییدا دەڵێین کاتێک گونجان و تەبایی لەنێوان ڕێنووس و زمانـدا بەدی ناکرێـت، ئەوا بەردەوامـی ئەم مشـتومڕە بـۆ هەمـوو کەسـێک تـەنیا زمـانەوان نەبێـت سـەخت دەبێـت، ئینجـا ئەگەر چارەسەرییەک بۆ ئەم گرفتە پێشکەش نەکات، ئەوا شێوەی نووسین لەم مشـــتومڕەدا ســـەرکەوتن بەدەســـتدەهێنێت، چـــونکە هەر چارەســەرییەک لەم حـاڵەتەدا ئاسـان دەبێـت، لەبەر ئەوە نووســین گرنگییەکی وای بەدەستهێناوە، کە شایانی نییە.

**٣. سیستەمەکانی نووسین**

تەنیا دوو سیستەم بۆ نووسین هەیە:

١ـــ هـــەموو وشـــەیەک لە سیســـتەمی نووســـینی وێنەیـــی (ideographic) یەک هێمـا نـوێنەرایەتی دەکـات، کـە پەیوەنـدی بە دەنگەکـانی خـودی وشـەکەوە نیـیە. هەمـوو هێمـایەکی نووسـراو (گوزارشـــت لە هەمـــوو وشـــەیەک دەکـــات)(بەتەواوەتـــی دەستنیشانکردنی وشەکە)، دواتر گوزارشت لەو بیرۆکەیە دەکات، کە وشەکە هەڵیگرتووە. نموونەی کۆن و کلاسیکی سیستەمی نووسینی وێنەیی زمانی چینییە.

٢. سیستەمی گشتی، بە سیستەمی دەنگی (Phonetic) ناسراوە، هەوڵدەدات بۆ بەرهەمهێنانی پەیڕەوێک لەو دەنگانەی وشە دروست دەکەن، سیستەمە دەنگییەکان هەندێکجار بڕگەیی دەبن و جاری واش هەیە ئەلفوبێیی ڕیز دەبن، مەبەستم ئەوەیە پشت بە چەند توخمێک دەبەستن، کە ناتوانین بەکورتی لە ئاخاوتندا بەکاریان بهێنین، سەرباری ئەمەش سیستەمی نووسینی وێنەیی دەبێتە ئاوێتەیەک، لە کاتێکدا هەندێک لەم وێنانە بەها بنەڕەتییەکەیان لەدەستدەدەن و دەبنە هێما بۆ چەند دەنگێکی تەنیا، ئینجا ئەگەر بڵێین وشەی نووسراو بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت، ببێتە جێگیرەی وشەی گۆکراو، ئەوا ئەم حاڵەتە لە هەردوو سیستەمی نووسیندا ڕاست و دروستە، بەڵام ئەم ئاراستەیە لە سیستەمی نووسینی وێنەییدا بەهێزتر دەبێت. چینییەکان پێیان وایە وێنەی نووسین و وشەی گۆکراو دوو هێمان بۆ یەک بیرۆکە بەکاردەهێنرێن. نووسین لای چینییەکان بە زمانی دووەم دادەنرێت، ئەگەر دوو وشەیان هەبێت، هەمان وێنەی دەنگییان هەبێت، کە لە گفتوگۆدا بەکارهێنرا بن، لەم حاڵەتەدا شیمانەی ئەوە هەیە پەنا بەرنە بەر نووسین تاکو بیرۆکەکە ڕوون بکەنەوە. بەڵام ئەلتەرناتیڤی عەقڵی وشە گۆکراوەکە (ئەنجامی بێزارکەر دروستدەکات) پەیڕەوی بێزارکەرەکان لەخۆ ناگرێت، کە لە سیستەمی دەنگیدا بەدی دەکرێن، چونکە ئەلتەرناتیڤەکە ڕەها و ڕووتە، هەمان ئەو ڕەمزەی نووسینە بۆ نوێنەرایەتی وشەکان لە زارە چینییە هاوشێوەکان بەکاردێن.

لێرەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە بە سیستەمی دەنگی سنووردار دەکەم، بەتایبەتی بۆ ئەو شتانەی ئەمڕۆ بۆ ئەو سیستەمەی لە ئەلفوبێی یۆنانییەوە دامەزراوە، بەکاردەبرێن.

کاتێک ئەلفوبێی دەنگی دانرا ـ لە حاڵەتێکدا خواستن تیایدا ئەنجام نەدرابێت و بە ناکۆکییەکانی ناسراو نەبووبێت ـ بۆ یەکەم جار ئەم ئەلفوبێیە دەنگییە نوێنەرایەتییەکی مێشکیانەی بە زمان پێشکەشکرد. سەبارەت بە لۆجیکیش، بێگومان زمانی یۆنانی شایانی نرخاندن و تێبینیکردنە، بەڵام پەیوەندی هەماهەنگی و تەبایی لەنێوان نووسین و درکاندندا یەکجارەکی و کۆتایی نییە، بۆچی؟ چونکە پێویستە لەم پرسیارە بکۆڵینەوە و شارەزایی لێ پەیدا بکەین.

**٤. هۆکارەکانی نەگونجانی نێوان نووسین و درکاندن**

هۆکارەکانی نەگونجانی نێوان نووسین و درکاندن زۆرن، لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو:

یەکەم: زمان بەبەردەوامی پێشدەکەوێت، کەچی زمان بەرەو چەسپاندن و نەگۆڕی هەنگاو دەنێت، ئەنجامی ئەم خاڵە ئەوەیە، زمان بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو شتانە ناگونجێت، کە پێویستە تۆماریان بکات.

دەستنووس یان نووسینەکان لە سەردەم و کاتێکی دیاریکراودا ڕاست و وردن، بەڵام پاش تێپەڕبوونی سەدەیەک بە پووچ و بێمانا دێنە پێش چاو، چونکە خەڵک بە تێپەڕبوونی کات دەتوانن هێماکانی نووسین بگۆڕن، تاکو لەگەڵ گۆڕانەکانی درکاندندا بگونجێن، پاش

ئەمەش واز لە هەوڵەکە دێنن، ئەمەش لە زمانی فەڕەنسیدا لە حاڵەتی (oi) ڕوویدا:

| شێوەی نووسین | وێنەی درکاندن | سەدە |
| --- | --- | --- |
| rei, Lei | 1- rei, Lei | سەدەی یازدەهەم |
| roi, Loi | 2- roi, Loi | سەدەی سێزدەهەم |
| roi, Loi | 3- roe, Loe | سەدەی چواردەهەم |
| roi, Loi | 4- rwa, Lwa | سەدەی نۆزدەهەم |

وەک دەبینین گۆڕانەکانی درکاندن تاکو ماوەی دووەم تۆمارکراوە، هەموو هەنگاوێک لە مێژووی زمانەکە لەگەڵ هەنگاوەکانی مێژووی نووسینی لە بەرانبەریدا گونجاوە، لێرەدا وشەکان بەبێ گۆڕان ماونەتەوە، کەچی پێشڤەچوونی زمانەوانی هەر بەردەوام بووە، لەو چرکەیەوە نەگونجان لەنێوان زمانەکە و ڕێنووسەکەیدا (شێوازی نووسین) دەستپێکردووە و بەگوڕتر دەبێت، لە کۆتاییدا بەستنەوەی زاراوەی نەگونجان ڕەنگی لەسەر سیستەمی نووسیندا داوەتەوە، چونکە کۆکراوەی (oi) وا دەخوازێت بەهایەکی هەبێت، کە سەر بە (o)، یان (i) نەبێت، ئەم نموونانە بۆیان هەیە تەمومژی زیاتر بکەن، یان بەڕادەیەکی بێسنوور لە خۆیان زیاتر بن، بۆ نموونە، ئایا بۆچی پێویستە فەڕەنسییەکان ئەمە بنووسن (mais)(بەلام)، و (fait)(ڕاستەقینە)، کەچی درکاندنی ئەم دوو وشەیە بە شێوەی (fe,me) دەبێت، هەروەها بۆچی (c) بەزۆری بەهای (s) هەڵدەگرێت؟

وەڵامــی ئەم پرســیارانە ئەوەیە زمــانی فەڕەنســی توانیــویەتی وێنەکــانی ئەلفــوبێی خــۆی بپارێزێــت، کە وازیــان لێهێنــراوە و فەرامۆشکراون، خوێندنەوەی ئەلفوبێ هەمیشە لەپشت درکاندنەوە خۆی دەشارێتەوە، پیتی (L) لە فەڕەنسیدا ئێستا بۆ (Y) گۆڕاوە، قسەکەران دەڵێین (èveyer mouyer)، هەروەکو ئەمە بەکاری دەهێنن، کە دەڵێن (پاکدەکاتەوە) (nettoyer) و (essuyer)، بەڵام شێوازەکانی نووسینی هەردوو ئەم وشەیە هەر ماون، (mouller) و (بەئاگای دەکاتەوە)(eveiller).

هۆیەکی دیکەی نەگونجانی نێوان نووسین و درکاندن ئەمەیە: ئەگەر ئەلفوبێ لە زمانێکی دیکەوە وەربگیرێت، لەوانەیە داهاتەکەی یان سامانەکەی لەگەڵ ئەم ئەرکە تازەیەی نەگونجێت، لێرەدا پاساوێک[1] دروستدەبێت (بۆ نموونە: بەکارهێنانی دوو پیت بۆ گوزارشتکردن لە یەک دەنگ)، وەکو پیتی (ő) ئەم دەنگە لە زمانی ئەڵمانیدا ددانی خشۆکیی کپە ، ئینجا لەبەر ئەوەی لە لاتینیدا هێمایەک نییە نوێنەرایەتی لەم دەنگە بکات، ئەوا (th)یان بەکارهێنا، شلیریک (Schilperic) پاشای میرۆفنجی[2]، کۆششەکانی خۆی خستەگەڕ، بۆ ئەوەی هێمایەکی تایبەت بخاتەسەر ئەم ئەلفوبێیە

---

[1]- پاساو: پاساو بۆ ڕوودانی نەگونجان لەنێوان ئەلفوبێ و گۆکردن، بۆ ئەوەی دواجار گونجانێک لەنێوان ئەلفوبێی خوازراو و شێوازی گۆکردنیان دروست بێت.

[2]- خانەوادەی فرەنجی یان فرەنکییە لەنێوان سالانی (٥٥٠ ـ ٧٥١ ز) حوکمڕانی وڵاتی ئەڵمانیایان کرد.

لاتینییــیه، بەڵام کۆششـــەکانی ســـەرکەوتوو نەبـــوون، و تـــەنیا (th) پەسندکرا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە زمانی ئینگلیزی پیتی داخراو (e) هەبوو، وەک لە وشـەی (seed)دا بەدیدەکرێت، هەروەهـا پیتـی کــراوەی (e) هەبــوو، وەک لە وشـــەی (Lead)دا هەیە، کــاتێکیش ئەلفوبێ سـەرکەوتوو نەبـوو، لەوەی هێمـای جیاکـار بـۆ هەردوو ئەم دەنـگە دابنێت، ئەوا ئەم دوو وێـنەیەی خوێـندنی ئەلفـوبێ پەیـدابوون (seed , lead)، لە فەڕەنسیدا هێمـای دووەم (ch) بەکاردەهێنرێت بــۆ گوزارشـــتکردن لە (s)، ســـووک یـــان کـــپ....هتـــد، هەروەهـــا (داتاشـین) دەبێـتە یارمەتیـدەرێک بـۆ فراوانکردنـی وتنەوەی ئەلفـوبێ درکانـدن، لە هەنـدێ کـاتی دیاریکراویشـدا هێزێکـی تـایبەتی هەیە (بـۆ نمـوونە چەرخـی ڕێنسـانس) بە هەمـان شـێوە داتاشـینی پـووچەڵ و بێبنەمــا زۆرجــاران خــۆی دەســەپێنێتە ســـەر پرۆســـەی نووســـینی وشــەیەک: پیتـی (d) خـراوەتە نـاو ئەم وشـە فەڕەنسـییەوە (کـێش poids)، هەروەک بڵێـــی وشــــە داتاشــــراوەکە لە وشــــەی لاتینـــی (pondus)ەوە وەرگیــــــــراوە، و (poids) لەڕووی کـــــــارەوە لە (pensum)ەوە داتاشـراوە، ئینجـا ئەگەر پیـادەکردنی ئەم بنەمـایە کەمتـر پرسـی ڕاسـت و دروسـت لەخـۆ بگرێـت، ئەوا لەم حـاڵەتەدا نووسـینی وشـەکان بەگـوێرەی داتاشـینەکانیان دەبێـتە بیرۆکەیـەکی هەڵە. هۆکارەکـــانی دی نـــەگونجان لـــەم بـــوارەدا بەم ڕوونـــی و ئاشـکراییە نـین، گوزارشـت و دەربـڕینە نامۆکـان لەسـەر بنەماکـانی داتاشـین پاسـاو وەرنـاگرن. ئایـا بـۆچی (thun) لـەجیاتی (tun) لە زمــانی ئەڵمانیــدا بەکاردەهێنرێــت؟ پیتــی (h) باســکرا، بــۆ ئەوەی

گوزارشت لەو کپە بکات، کە لەدوای نەبزوێنی سەرەتادا دێت، بەڵام پێویستە بخرێتە سەری لەکاتی ڕوودانیدا یان لەکاتی بوونی دەنگێکی کپ، زۆر وشە هەن لەمە دەچن، کە تیایدا ئەمە نەنووسراوە (Tugend, Tisch, etc, ((h))).

**٥. ئەنجامەکانی نەگونجانی نووسین و درکاندن**

ئەگەر خوازیاری ئەوەیین نەگونجانە خودییەکانی نووسین وەسف و پۆلێنیان بکەین، ئەوا ماوەیەکی درێژخایەنمان دەوێت، لێرەدا زیانێکی زەق هەیە ئاماژەی پێدەکەن، سەبارەت بە (Z̆) فەڕەنسی (j,g,ge) بۆ بەکاردەهێنرێت (زۆربڵێ: geai) (سڕی دەکات: geler) (جوان Joli) سەبارەت بە (ž)یش هەردووکیان (s,z) بەکاردەهێنرێن، سەبارەت بە (s,c,z,ç): (مەیلی پەسەندکردنە: acquies) و (پەسندکردن acquiesc) و (نەتەوە : acquiesce) (دە:dix)، هەروەها سەبارەت بە (c) ئەمانە بەکاردەهێنرێن: (c, qu ,k ,ch, cc, cqu) (وەردەگرێت acquirer)، بەرانبەر ئەمەش یەک هێما گوزارشت لە چەند بەهایەک دەکات: لێرەدا (t) گوزارشت لە (t) و (s) دەکات، و (g) گوزارشت لە (ž) و(g) دەکات.. هتد، نووسینە ناڕاستەوخۆکان بەهەمان شێوە شایانی سەرنجڕاکێشانمانن. دوو نەبزوێن لەم دوو وشەیەدا: (zettel, teller).. هتد بوونیان نییە، لە زمانی ئەڵمانی ئەمانە (ll)،(tt).. هتد بەکاردەهێنرێن، تەنیا بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەوەی (بزوێن)ی پێشوو کراوە و کورتە، ئینجا لەبەر ئەم شپرزەییەی لە

زمانی ئینگلیزیدا هەیە (e) دەخرێتە سەری بۆ ئەوەی دەنگی بزوێنەکەی پێشوو درێژبکرێتەوە (made)، (mad)، هەروەها وێنەکانی ئەلفوبێی نالۆجیکی تا هەنووکە لە زماندا سەنگی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوانی دی بۆچوونێک دەیانگرێتەوە، کەچی هیچ هۆکارێک نییە پشتیان پێ ببەستن، هەروەها لە زمانی فەڕەنسیدا دوو نەبزوێن هەن بەدەر لە شێوازەی داهاتوو، کە لەدێر زەمانەوە بەکاردەهێنرێن :

mourrai :دەمرم

courrai :ڕادەکەم

کەچی دوو نەبزوێن لەم ڕێنووسەدا بەکاردەهێنرێن:

bourru: خراپ دروستکراو

souffrir :گەمژە

نووسین لەگەڵ کاتدا تووشی شپرزەیی دەبێت، چونکە پرۆسەیەکە چەسپاو نییە و هەمیشە لە کێشە و ململانێدایە، بۆ ڕیزبەندی و ڕێکخستن، ئەمەش ئەنجامی سەراونخوونبوونی وێنەکانی نووسینی (وێنەکانی ڕێنووس) لێدەکەوێتەوە، کە لە هەواڵەکانی تۆمارکردنی دەنگەکانەوە پەیدا دەبێت، کە لە کۆپلە هەمەجۆرەکاندا سەرهەڵدەدەن، بۆ نموونە تەماشای ئەو واژانە بکە، کە لە زمانی ئەڵمانی کۆندا بەکاردەهێنرێن :

ertha, erdha, erda, thri, dhri dri

لەم حاڵەتەدا دەبینین (th, dh, d) هەمان ئەو توخمانەی دەنگ پێکدەهێنن، بەڵام ئایا چ توخمێک؟ نووسین وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە، ئەو ئاڵۆزییەی دەردەکەوێت ئەمەیە: بەرەنگاربوونەوەی وتنەوەی ئەلفوبێی هەمان وشەکەیە، ئێمە ناتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، کە هەر یەک لەم دوو درکاندنە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ڕەنگیان داوەتەوە.

با وا دابنێین دەقەکانی ئەو زارانەی دراوسێ و نزیکن ئەم وێنە نووسینە پێشکەش دەکەن: (asca) بۆ وشەیەک، کە لە یەکێک لە زارەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها وێنەی نووسینی : (ascha) بۆ هەمان وشە لە زارێکی دیکەدا پێشکەش دەکەین، ئەگەر دەنگەکە یەک دەنگ بێت، ئەوا کۆپی خەتەکان (نووسینەکان) ئاماژە بە بوونی سەراونخوونی(سەراونخوونی ڕێنووس) لە وێنەکانی دەنگدا دەکەن، ئەگەر دەنگەکەش یەک شت نەبوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا جیاوازییەکە دەبێتە جیاوازییەکی دەنگی و زاری، هەروەک لەم دارشتن و دەربڕینەی زمانی یۆنانیدا هاتووە: ( paizō, paizdō, paiddō) یان دوو قۆناغی بەدوایەکدا ئاوێتە بن یان تێکەڵی یەکدی بن. ئەم دەربڕینانەی زمانی ئینگلیزی:(hwat, hweel, etc).. هتد، لەم دواییە ئەم دەربڕینانە شوێنیان گرتەوە: (what, wheel). ئایا ئەمە ئاماژە بۆ گۆڕانی نووسین یان گۆڕان لە دەنگدا دەکات؟

هەموو ئەم شتانەی وتمانن دەتوانین بەمجۆرە کورتیان بکەینەوە: نووسین دەبێتە هۆکاری تەمومژاوی و ناڕوونی زمان، چونکە نووسین ڕوونکردنەوەی زمان ئەنجام نادات، بەڵکو پەردەپۆشی

دەكات و وای لێدەكات ناڕوون دەركەوێت. ئەمەش ڕاستەقینەیەكە وێنەی نووسین بەباشی دەردەخات: (ئەلفوبێی بۆ ئەم وشە فەڕەنسییە (باڵندە oiseau)، هێمای نووسینەكەی ئاماژە بە یەك دەنگی قسەكەر (wazo) ناكەن، لێرەدا نووسین شكستی هێنا لە تۆماركردنی بەشەكانی وێنەی زمانەكە، ئەنجامێكی دیكەش ئەوەیە (كەمترین شت نووسین ئاماژەی پێدەكات)، پێویستە بەكاربهێنرێت وەك بلێی یاساكان دەبێ پەیڕەو بكرێت، ڕێزماننووسەكان هەرگیز كەمتەرخەم نەبوون لە گرنگیدان بە شێوازە نووسراوەكان، لێرەدا ئاراستە و ئامانجەكان لەسەر بنەمایەكی دەروونی شرۆڤەكراون، ئەنجامەكانیش لێرەدا بێزەوەر دەبن. بەكارهێنانی ئەم دوو وشەیە بەشێوەیەكی ئازاد:

(دركاندن prououneiation)،(واژەكردن pronounce) بەكارهێنانێكی بەد دەرەخسێنێت و دژاودژ دەكەوێتەوە لەگەڵ ڕاستەقینەی ئەو نزیكایەتی و دراوسێتییە ڕەوایەی لەنێوان نووسین و زماندا هەیە.

هەر یەكێك بڵێت پیتێك لە پیتەكان پێویستە بەشێوەیەكی دیاریكراو گۆبكرێت، ئەوا لە وێنەی نووسینی ئەو دەنگەدا هەڵەی كردووە، سەبارەت بە خودی دەنگەكە، بۆ نموونە (oi) لە زمانی فەڕەنسیدا تاكو بە (wa) گۆبكرێت، پێویستە ئەم ڕێنووسە بە سەربەخۆیی پەیدا ببێت، (wa) هەمیشە بە ڕێنووسی (oi) دەنووسرێت. هەڵەیە دەربڕینی نامۆ و نایاسایانە بگەڕێنینەوە بۆ ئەم دركاندنە هەڵاوێرییە: (o) ،(i)، چونكە ئەم حاڵەتە مانای وایە زمان

پشت بە شێوازی نووسراو یان شێوەی ڕێنووسەکە دەبەستێت، هەروەها مانای وایە دەستوالآیی و دەستنیشانکردن، شێوازەکانی نووسین دەگرێتەوە، وەک بڵێی هێماکانی نووسین هەر بە خۆیان پێوەرن. چەمکە پووچەکان پەیوەست بەو نزیکایەتییەی لەنێوان دەنگ و هێماکانی نووسیندا هەن لە یاساکانی ڕێزمانیشدا دەردەکەون، وەک ئەوەی لە حاڵەتی (h)ی فەڕەنسیدا دەنووسرێن، ئەویش لەڕێگەی شێوازە لاتینییەکەیەوە:(Lomme پیاو) ، پێشووتر (ome) بەکاردەهێنرا، ئەویش بەهۆی وشەی (homo)ی لاتینی، بەڵام لەو وشانەی بنەچەکەیان ئەڵمانییە، ئەوا (h) لە سەرەتادا بەکاربهێنرێت، هەمیشە بەم شێوەیە درکاندن دەکرێت:

hache:داسی بچووک

hareng :جۆرێکە لە ماسی

honte :عەیب

ئەو وشانەی لە بنەڕەتدا ئەڵمانین ـ زۆرجاران کپیان بەکارهێناوە ـ تاکو لەگەڵ ئەو یاسایانەدا بگونجێن، کە نەبزوێنە سەرەتاییەکان کۆنترۆڵ دەکەن، قسەی قسەکەران:

(deu haches دوو داسی بچووک)، (Lehereng ماسی ڕەنجە)، و هەموو ئەو وشانەی دی بەگوێرەی ئەو یاسایانەن، کە نەبزوێنە سەرەتاکان کۆنترۆڵیان دەکەن و دەستنیشانیان دەکەن، قسەی قسەکەران (deu – z – ommes دوو پیاو) (L’omme پیاو). لە ڕێزمانی ئەوکاتەدا دەبێ لابردن و زیادکردن پێش (h)ی

کپەوە نایێن، ئەم حاڵەتەش جاران ڕاست و بێ خەوش بوو، بەڵام ئەم وتەیە لەم ڕۆژگارەماندا هیچ مانایەکی نییە، (h)ی کپ ماوەیەکی زۆر بەردەوام نابێت، هەتا وەسفەکە لەگەڵ شتێک هاوشێوە دەبێت، کە دەنگ نەبێت، بەڵام بۆ زیادکردن و لابردن سوودی دەبێت. لێرەدا دیسانەوە کەوتینە ناو بازنەیەکی بۆش و بەتاڵ و (h)یش نموونەیەکی پووچی نووسینە.

درکاندنی وشە دیاریکراوە، نەک لەڕێگەی نووسینەوەی پیتەکان، بەڵکو بەهۆی مێژووەکەیەوە. شێوەی وشە یان داڕشتنەکەی لە چرکەساتێکی دیاریکراودا ڕەنگدانەوەی چرکەکەیە لە پرۆسەی پێشقەچوونە زۆرملێیەکەیدا، هەروەها ئەم پێشقەچوونەش یاساگەلێکی ورد کۆنترۆڵی دەکات، هەموو هەنگاوێکی ڕاست و دیاریکراو بەگوێرەی هەنگاوەکەی پێشووی دەستنیشان دەکرێت. پێویستە لەسەرمان شتێک بەهەند وەربگرین، کە هەمیشە لەیاد دەکرێت: پێشقەچوون و داڕشتن و داتاشینی وشەکان، ناوی شاری (Auch) لە نووسینی دەنگیدا (oš)ە، ئەم وشەیەش تاکە وشەی دەنگییە لە زمانی فەڕەنسییدا، کە (s)، (th)ی کۆتایی تێدا پێکدەهێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە ڕوونکردنەوەیەک نییە، کە بڵێین (ch)ی کۆتایی لە واژەی (Auch) بە (š) درکاندن دەکرێت. تاکە پرسیارێک لێرەدا گرنگە ئەم پرسیارەیە: چۆن ئەم واژە فەڕەنسییە لە(Auscii) گۆڕا بۆ (oš)؟ ڕێنووس زۆر گرنگ نییە، ئایا درکاندنی واژەی فەڕەنسی (gageure) لەگەڵ (ö) یان (ü) بدرکێنین؟ هەندێک قسەکەر دەڵێن (gažör)، هەروەها سەبارەت بە

(heure)(کاتژمێر) بە (or) درکاندن دەکرێت، کەسانی دیکەش هەن دەڵێن: نەخێر وشەکە دەبێ بەمشێوەیە بێت (gažür)، چونکە (ge) یەکسانە بە (ž)، هەروەکو لە (geoie)دا هەیە، ئەم گفتوگۆیەش بێ بنەمایە و ئاماژە بە هیچ شتێک ناکات. تویژینەوەی ڕاستەقینە لەم بــــوارەدا دەبــــێ لە ڕووی ئیتمۆلۆژییــــەوە بێـــت، وشـــــەی (gageure)(شـــایەنێتی) لە شـــێوازی (gager)(وەردەگرێـــت)ەوە وەرگیــــــــــراوە، وەکـــــــــو (tournure)(شــــــــێوە)، کە لە (tourner)(بـــەڕێوەدەبات)ەوە وەرگیـــراوە، هەروەهـــا شـــێوازی (gažür) تـــاکە پاســـاوێکی هەیە، چـــونکە (gezur) بـــۆ سروشـــتی تێکچـــڕژان دەگەڕێـــتەوە، کە لە پرۆســـەی نووســـیندا بەدی دەکرێـــت، بەڵام نووسین بە خۆی هەژموونی بەسەر جەماوەرەوە هەیە. وێنەی نووســـینی (ڕێنووســـی وشـــەکان) کـــاریگەری بەســـەر زمـــان و چڕبـــوونەوەی هەیە، ئەم حـــاڵەتەش لە زمـــانی ئەدەبـــی پەتی(بـــاڵادا) ڕوودەدات، کە دەقەکان تیایاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، ئەمەش وێنە بینراوەکـــان بـــۆ درکانـــدنێکی هەڵە پەلکـــێش دەکەن، ئەم هەڵانەش پەســـەندکراون. ئەنجامـــدانی ڕاهێنـــانی ئەلفـــوبێی دەبـــنە هۆکـــاری هەڵەکردن لە درکاندنی وشـە فەڕەنسییەکان، بۆ نموونە دوو وێنەی ئەلفـوبێی بـۆ ئەم نازنـاوە (lefèvre) هەیە، کە لە لاتینیـدا (feber) هەیە، ئەم دوو وێنەیە، یەکێکیـان میللـی و سـادەیە و ئەوی دیکەیـان فێرکـاریی و داتاشـراویە: (Lefèvre and lefèvre)، چونکە (v) و (u) لە سیســـتەمە دێـــرینەکەی نووســـیندا جیـــانەدەکرانەوە، چـــونکە ئەوکـــاتە (Lefèbvre) بە (Lefèbure) دەخوێندرێتـــەوە، هـــەروەها

لەگەڵ (b)دا، کە بەشێوەیەکی کردەیی بوونی نییە، هەروەها (u) کە ئـەنجامی تەمـومژاوی بـوون و تێکچـرژانە، بەڵام هەنـووکە شـێوازی کۆتـایی لەڕووی کـردەییەوە دەدرکێنـدرێت و درکانـدن دەکرێت. ئەو هەڵانەی بــۆ ڕێنووســی پیتــی وشــەکان دەگەڕێــنەوە، لەوانەیە بە تێپەڕکردنی کات ئاسایی بن، جگە لەوەش لەوانەیە ژمارەی پیتەکان زیادبکەن، کە قسەکەران گۆی دەکەن. هەندێک لە هاوڵاتیانی پاریس ئێستا (t) لە وشـەی (sptfemmes)(حـەوت ئـافرەت) گـۆ دەکەن، (دار مســتیتر Darmsteter) لەو بــاوەڕەدایە ئەو دوو پیــتەی لە واژەی (vingt)(بیســت)دا گۆدەکرێــت، هەڵەیە یــان لادانێکــی ڕێنووسییە. هەندێک لە شێواندنە دەنگییەکان پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئەرکە سروشتییەکەیەوە سەرچاوەی نەگرتــووە، بەڵکــو بــۆ کــاریگەرییە دەرەکییەکــان دەگەڕێــتەوە. زمانـەوانیش پێویستە بیانخزێنێتە بەشێکی تایبەتی تێبینییەکانییەوە، ئەم حاڵەتانەش حاڵەتی نامۆن.

# بەشی حەوتەم
# فۆنۆلۆجی
# (Phonology)

## ١. پێناسەی فۆنۆلۆجی

ئەو کەسەی بە ئەنقەست خۆی لە تێبینی ورد بۆ وێنەی وشە نووسراوەکە دووردەکاتەوە، ئەوا لەم ڕووەوە خۆی دووچاری درککردنێکی ناسروشتی دەکاتەوە، وەلانانی شێوە نووسراوەکە وەک ئەوە وایە مەلەوانێک بەبێ پشتێنی ڕزگاربوون خۆی لە ئاوەکەدا نغرۆ بکات، لەم حاڵەتەدا دەبێ ئەو شتەی سروشتییە وەلا بنێین و شتە دەستکردەکە بەکاربهێنین، بەڵام ئەمەش پێش توێژینەوە لە دەنگەکانی زمان، شتێکی مەحاڵە، لەبەر ئەوەی دەنگەکان بەدەر لە هێماکانی نووسین تەنیا چەمکی تەمومژاوین، ئەو پایەیەی نووسین پێمانی دەبەخشێت، بەرەو گومڕایی و سەرلێشێواندن پەلکێشمان دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو پایەکان باشترن و بەهەند وەریاندەگرین. زمانەوانەکانی پێشوو هیچیان دەربارەی ئەرکە ئەندامییەکانی دەنگی گۆکراو نەدەزانی، بە بەردەوامی فریودراوبوون، بەم حاڵەتە هەڵخەڵەتابوون، سەبارەت بە من ئەمە بە هەنگاوی یەکەم بۆ نزیکبوونەوە لە ڕاستەقینەکان هەژمار دەکەم، چونکە توێژینەوەی دەنگەکان لە خودی خۆیان پایەی پێویست پێشکەش دەکەن. زمانەوانە هاوچەرخەکان لەم دوایەیەدا

تروسـكاييەكيان لەم بـابەتە بەرچـاوكەوت، لێـرەدا بەدواداچـوون بـۆ ئـەنجامی تـوێژینەوە تايبەتەكانيـان بەهـۆی ئەوانـی ديـكەوە دەسـتی پێكـرد (دەروونناسـان، تـوێژەرانی بـواری سـروودەكان....هتـد)، زمانەوانەكان توانيان زانستێكی وا پێشكەش بكەن، كە هاريكار بێت و لە كۆت و بەندی وشەی نووسراو ڕەها و ئازاد بێت.

فسـيۆلۆجييەتی دەنـگ (بـە زمـانی ئەڵمـانی پێـی دەوترێـت: Sprachphysiologie or Laut) بەگشتی پێی دەوترێت (فۆنـەتيک Phonetics)، لە زمـــانی فەڕەنسيشــــدا (phonetique)، لە ئەڵمانيشدا (Phonetik)، وا پێدەچێ ئەم ناوە شياو نەبێت، لـەجياتی ئەمەش دەنگسازی ـ فۆنۆلۆجی (Phonology) بەكاردەهێنم، چونكە فۆنــەتيک Phonetics لەپـێش هەمـوو شـتێک مانـای تـوێژينەوەی پێشڤەچوونە دەنگييەكان بەدەستەوە دەدات. پێويستە ئەم مانايە هەر بەردەوام بێت ـ هەروەها پێويستە دوو بوار بە يەكەوە كۆ نەكەينەوە، كە لە يەكدييەوە دووربن و لەژێر يەک ناونيشـاندا كۆيـان نەكەينەوە، فۆنــەتيک (phonetics) زانســتێكی مێــژووييە و ڕووداوەكــان و گۆڕانكارييەكان شيدەكاتەوە و هەميشە لە بزاوت و جووڵەدايە، بەڵام فۆنۆلـۆجی (Phonology) لە دەرەوەی كاتــدان، چـونكە ئـامرازی دركاندن هەرگيز ناگۆڕێت. هەردوو توێژينەوەكە جياكارن يان لەيەک جيـان، بەڵام دژ بە يەک نـين، فۆنـەتيک بەشـی سـەرەكی زمـانەوانين، تــەنيا مەيــدانێكی ڕێخۆشــكەر و هاريكــار و يارمەتيــدەرە و تــەنيا پەيوەنــــدی بە ئاخـــــاوتنەوە هەيە، ئەوەی بزاوتەكـــــان يـــــان گۆڕانكارييەكـانی دەنـگ بەتەواوەتـی پێشـكەش دەكەن، ئـەگەر زمـان

نەبـوایە، بە نـاڕوونی هەژمـار دەكـرا، بەڵام زمـان بونیـاد نانێـت و بنەمـای بـۆ داناڕێژێـت، بەمجـۆرە پـاش ئەوەی جووڵەكـانی ئـامێری دەنگ بەپێی پێویست خرانەڕوو، تـاكو ڕواڵەتەكـانی گوێگر بەرهەم بهێنـین، لەم پـێگەیەدا ئـێمە بەهـیچ شـێوەیەک گرفتەكـانی زمانمـان نەخسـتەڕوو. زمـان سیسـتەمێكی دژیـەک لەخـۆ دەگرێـت، كە زیـاتر پەیوەنـدی بە عـەقڵ و مێشـكەوە هەیە، بـۆ ئەو ڕواڵەت و مۆركانـەی بیستن بەر گوێ دەكەون، هەروەكو ئەو تۆڕەی لە ئەنجامی كارێكی هـونەری دژیـەک بینـراوەوە، پەیـدا دەبێـت، كە چەنـد ڕەنگێـک پێكـی دەهێنن، گرنگترین شت لە شیكردنەوەشدا ڕۆڵـی دژاودژییەكانە، نەک شێوازی دروسـتبوونی ڕەنگاڵەكان لە تۆڕەكەدا. لێرەدا نەخشـەیەكی سیسـتەمی فۆنۆلـۆجی هەیە، كە لە پاشـكۆكەدا دانـراوە، لێـرەدا خوازیـارم ئەوە دەستنیشـان بـكەم، ئایـا تـا چ ڕاددەیەک فۆنۆلـۆجی دەتوانێت یـارمەتی زمانـەوانی بدات، بـۆ ڕەهـابوون لە فریودانەكـانی نووسین.

**٢. نووسینی دەنگی**

زمانەوان پێش هەموو شتێک، پێویستی بە شێوازێک هەیە، بۆ نووسینی دەنگە گۆكراوەكان، بە شێوەیەک تەمومژییەكە لابەرێت، لێرەدا چەند سیستەمێكی نووسین پێشنیازكراون.

ئایا پێداویستییەكانی سیستەمی دەنگی ڕاستەقینەی نووسین چین؟ **یەكەم:** پێویستە هەموو توخمێک لە توخمەكانی زنجیرەی ئاخاوتن هێمایەكی هەبێت، كە گوێ بەم خواستنە نەدات، بەمشێوەیە

زانا ئینگلیزەکانی دەنگ زیاتر گرنگییان بە شیکردنەوە داوە، ئەو زانایانە دوو ڕەمز و سێ ڕەمزی پیتییان بۆ هەندێک دەنگ داناوە.

**دووەم:** پێویستە چەند ڕێگایەک یان چەند ئامرازێک دابنێین، تاکو سنوورێک لەنێوان دەنگە تەقیوەکانی ناوەوە implosive و دەرەوە explosive دابنێین. ئایا لێرەدا بنەما هەن بۆ گۆڕینی ئەلفوبێی دەنگی و دانانی سیستەمێکی ئامادەکراو بۆ بەکارهێنان؟

لێرەدا تەنیا دەتوانم ئەم بابەتە گرنگە ڕوون بکەمەوە، پێم وایە نووسینی دەنگی، پێویستە یەکەمجار بەکارهێنانی تەنیا بۆ زمانەوانان بێت، ئایا چۆن دەتوانین زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەڕەنسی.. هتد یەک سیستەم وەربگرن و لەسەر یەک سیستەم بڕۆن.

سێیەم: ئەلفوبێی شیاو بۆ هەموو زمانەکان، لەوانەیە پڕ بێت بە هێما جیاکارەکان ــ دەربارەی ڕواڵەتی مەینەتباری لاپەڕەکانی نووسینی دەنگیش هیچ ناڵێین ــ کۆششەکانی لەمەڕ وردیی هەموو خوێنەرانی دووچاری شڵەژاویی دەکرد، ئەویش بە شاردنەوەی مەرامەکانی گوزارشتکردن لە نووسیندا، سوودەکانیش بەس نین یان ناتوانن ئەم شڵەژاوییە قەرەبوو بکەنەوە، وردی دەنگەکان لە دەرەوەی بواری زانستدا پێویست نین.

خوێندنەوە پرۆسەیەکی دیکەیە، ئێمە بە دوو جۆر دەخوێنینەوە، وشەیەکی تازە یان نەزانراو ڕوونە و لە پیتەکانی جیایە، لەبەر ئەوە وێناکردنی وشەکە بەگشتی بەهایەکی هێمای نووسینی (an ideographic) وەردەگرێت، لێرەدا ڕێنووسی کۆن تۆڵەی خۆی دەسێنێتەوە. زۆر بەسوود و گرنگە وشە فەڕەنسییەکان لەیەک

جیا بکەینەوە (tant)(زۆر) و (temps)(کەش) (et,est)، دەبێت (is) و نێوان (he owed) (قەرزدار) و پێویستە لەسەری (du had to) لە (du of the) (خاوەنداریێتی) (ait have etc)، ئەوان قەرزارن (thay owtd) (ils devaient).

**٣. ڕەوایی ئەو بەڵگانەی نووسین پێشکەشیان دەکات**

پێویستە کەس گومانی ئەوە نەبات، کە چاککردنەوەی ئەلفوبێ یەکسەر بەدواداچوون بۆ ئەوە ناکات، کە نووسین فریودەر و گومراکەرە و بە لاڕێدا دەمانبات.

بەشداری ڕاستەقینەی فۆنۆلۆجی لە پێشکەشکردنی پێوەرەکانی خۆپاراستنن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شێوازە نووسراوانەی پێویستە لە ڕێگایانەوە تێپەڕ بکەین، تاکو دەگەینە زمان. ئەو ڕوونی و ئاشکراییەی نووسین پێشکەش دەکەن، لە حاڵەتێکدا ڕاست و دروستە، ئەگەر شرۆڤە بکرێن، پێویستە لێرەدا بۆ هەموو زمانێک قوتابخانەیەک و سیستەمێکی دەنگی دابنێین، واتە وەسفکردنی دەنگەکان لەگەڵ ئەو شتانەی لەڕووی ئەرکییەوە نوێنەرایەتی دەکەن، لەم پرۆسەیەدا دێتە دی، چونکە هەموو زمانێک لەسەر پایەی ژمارەیەک لەو فۆنیمانە دەوەستێت، کە بەوردی جیاکارن. ئەم سیستەمە کۆمەڵە ڕاستەقینەیەکی ئەوتۆن، کە پەیوەندییان بە کاری زمانەوانەوە هەیە، هێما زمانەوانییەکان هەڵگری مۆرکێکی کاڵن (لاوازن)، سەختی و دژواری لە دیاریکردنی ڕاست و دروستی ئەو

لێکچوونە، بە گوێرەی زمان و بارودۆخی دەوروبەری زمانەکە هەمەجۆر و هەمەچەشن دەبێت.

ئەو زمانەوانەی زمانێکیان لە پێشوودا وەرگرتووە، چەندەها پێدراو یان زانیاری ناڕاستەوخۆ لەژێر دەستیاندا هەیە. ئایا ئەو کەرەسە و سەرچاوانە چین، کە زمانەوان بۆ دروستکردنی سیستەمە دەنگییەکەی دەتوانێ بەکاریانبهێنێت؟

١ـ یەکەم، پێش هەموو شتێک، بەڵگە دەرەکییەکە، بەتایبەتی وەسفە هاوچەرخەکانی دەنگ و درکاندنیان لەوکاتەدا، ڕێزماننناسە فەڕەنسییەکانی سەدەکانی (١٦) و (١٧)، بەتایبەتی ئەوانەی گرنگییان بە فێرکردنی بیانییەکان داوە، چەندەها تێبینی گشتی گرنگ و بەسوودیان بۆمان بەجێهێشتووە، بەڵام زانیارییەکانی نووسینە هاوچەرخەکان زۆرجاران تەمومژاوین، چونکە نووسەرەکان میتۆدی دەنگییان نەبووە.

زاراوەکانی پەیوەست بە وەسفەکانیان سەراونخونن، و پێویستییان بە وردبینی زانستی هەیە، ئەنجامیش دەگەینە ئەوەی بەڵگەکانیان پێویستی بە شرۆڤەکردن هەیە، کە ناوی دەنگەکانیش دێنن ـ بۆ نموونە ـ زۆرجاران گێرەشێوێنە و گومڕایە، زۆرجاران ڕێزماننناسە یۆنانییەکان دەنگە گڕەکانیان (b,d,g) بە نیمچە نەبزوێن ناوزەدکردووە، هەروەها دەنگە کپەکانیشیان (p,t,k) بە (Psilai) ناوزەدکردووە، کە ڕێزماننناسە لاتینییەکان بە وشەی (Tenues) وەرگێڕاوە.

٢ـ ئەو زانیاریانەی لە هەموویان زیاتر وردترن، لە کاتی کۆکردنەوەی پێدراوە دەرەکییەکاندا دروست دەبن، کە لەگەڵ بەڵگە ناوخۆییەکاندا هەماهەنگ بن، لەم دووخاڵەدا پۆلێنیان دەکەم:

أــ جــۆری یەکەم ئەو بەڵگــانەن لەســەر پــایەی پێشــڤەچوونە دەنگییەکان دروستبوون، زانین و ناسینی دەنگ، کە پیت گوزارشتی لێدەکات، لە کاتێکی دیکەدا زۆر گرنگە، بۆ دەستنیشانکردنی بەهای ئەو پیــتە، بەهــاکەی ئێســتاش ئــەنجامێکە بــۆ ئەو پێشــڤەچوونەی دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێت، کە لایەنێک لە گریمانەکانی دی هەر لە ســەرەتاوە وەلا بنێــین، بــۆ نمــوونە بەهــای پیتــی (سانســکریتی) نەناســراوە، بەڵام لەڕاســتیدا جێگــۆڕکێیەکە لەگــەڵ پیتــی مەڵاشــووی (k)، کە لە زمــانی بنەڕەتــی ئەوروپییــدا هەیە، بەڕوونــی بــواری پێشــبینی دەستنیشــان دەکەن. ئەگەر زمــانەوان خــاڵی ســازگە و دەرچوون و پێشڤەچوونێکی هاوتەریب لەگەڵ دەنگە هاوشێوەکانی زمانێک لە هەمـان قۆناغـدا بزانێت، لەم حـاڵەتەدا دەتوانێت ئامـاژەی پێــوەرانە) بەکاربهێنێــت، و ڕێــژەییەکەش لەم پــێگەیەدا سروشــتی دەبێت، چونکە گرفتی دیاریکردنی (درکاندنی مامناوەندی) درکاندنی ناوەڕاســت ئاســانترە، لەم حــاڵەتەدا ئەگەر بێتــوو هەردوو ئــەنجامی کۆتایی و خاڵی دەستپێک نەزانراو بن، بۆ نمـوونە (au)ی فەڕەنسـی لە وشەی (sauter)(بازدەدات)، پێویســتە بزوێنی لێکدراو(دیفتۆنگ) بێــت لە چەرخەکــانی ناوەڕاســتدا، ئەویــش لەبەر ئەوەی ناوەنــدی گرتووە لەنێوان (al)ی کۆن و (o)ی نوێ، لە هەندێک لایەنی دیکەوە ئەگەر بــزانین بزوێنــی لێکــدراو(دیفتۆنگ) هێشــتاکە مــاوە، ئەوا لەم

حاڵەتەدا ئێمە خاترجەم دەبین لەوەی گریمانەی بوونی بکەین لە ماوەکانی پێشوودا، ئێمە نازانین بەتەواوەتی (z) لە وشەی (wazer) لە زمانی ئەڵمانی دێریندا چی دەگەیەنێت، بەڵام بەڵگەی پاڵپشتکراون (guide posta) شێوازە دێرینەکەیە لەلایەکەوە و شێوازە نوێیە ئەڵمانیەکەیە لەلایەکی دیکەوە، هەروەها (z) دەنگێکی مامناوەندە لەنێوان (t) و (s)، لێرەدا دەتوانین هەموو گریمانەیەک ڕەت بکەینەوە، کە هەردوو (t) و (s) بەهەند وەرنەگرێت، بۆ نموونە با بڵێین (z) گوزارشت لە دەنگی مەڵاشوویی دەکات، وا پێدەچێت مەحاڵ بێت، چونکە درکاندنی ددانی تەنیا دەتوانێت لەڕووی درکاندنەوە لەنێوان دوو درکاندنی ددانی دیکەدا دەربکەوێت.

ب ـ لێرەدا زۆر جۆر لە بەڵگەی هاوچەرخ هەن: (جیاوازی ئەلفوبێیەکان) جیاوازییەکانی ئەلفوبێ یەک شت لە چەندەها جۆر پێشکەش دەکەن، لە یەک کاتیشدا بینیمان زمانی ئەڵمانی پەتی کۆن ئەم شێوازانە لەخۆ دەگرێت (wazer, zehan, ezan)، بەڵام ئەم شێوازانەمان نەبینیوە: (wacer,cehan)، کاتێکیش ئەم داڕشتن و شێوازانە دەبینین:

(esan , essan, waser, wasser، etc. )

لەم حاڵەتانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دەنگی (s) لە دەنگی (z)ەوە نزیکە، بەڵام جیایە لەگەڵ ئەو دەنگەی، کە لە هەمان ماوەدا (c) گوزارشتی لێدەکات، دیاردەی دیکە لەم شێوازانەوە دەستماندەکەوێت، وەکو (wacer) ئەوەمان بۆ دەچەسپێنێت، کە هەردوو فۆنیم جیاکاری بنەڕەتین، ئاوێتەی یەکدی بوونە.

دەقە شـــیعرییەکان بە بەڵگەنـــامە هەژمـــار دەکـــرێن، کە هـــیچ بەهایەکیان لە توێژینەوەی درکاندندا نییە. ئەم دەقانە چەندەها جۆر لە زانیاری پێشکەش دەکەن، بە پشتبەستن بە سیستەمی هۆنینەوەی شیعر، کە بە ژمـارەیەک بڕگـە و چەندێتییـەوە پەیوەسـتن، یـان بە لێکچـــوونی دەنگەکانیـــانەوە پەیوەنـــدیان هەیە (ڕەگـــەزدۆزی alliteration). سـەروا لە زمـانی یۆنانیـدا ئامـاژە بە پیتـی بزوێنـی درێـژ دەکرێت، بـۆ نمـوونە (o) بە (w) دەنووسـرێت، کەچـی ئامـاژە بەوانـی دی ناکرێت. لەبەر ئەوە پێویسـتە ڕاوێـژی شـاعیران بکەیـن، تـاکو ڕێـژەی (a, i, u) دەربهێنـین و ئیـدی بەمشـێوەیە، سـەرواکان دەرفەتمان بۆ دەرەخسێنن، تـاکو ئەوە دیـاری بکەیـن، تـا چ مـاوەیەک (نەبزوێنـــی کۆتـــایی) لەم واژە فەڕەنســـییانەدا بوونیـــان هەبـــووە (gras and faz) لاتینیـیەکەی ئەمەیە facio (مـن کـار دەکەم)، ئەمـانە جیـاوازن و لە چ کـات و سـاتێکدا ئـاوێتەی یەکـدی بـوون، هەردوو سەروا ئەوە دەردەخات، کە (e) لە (a) لاتینیدا داتاشـراوە، وەک(pere) (بـــاوک) لـــە (patrein) و(tel)(هـــەروەها) لـــە (talem)ی داتاشـــراوە و (mer)(دەریـا) لـە(mare)ی داتاشـراوە، وەکـو (e)ەکـانی دی گـۆنەدەکرا، ئەم وشـانە هەرگیـز لە سـەروادا لەگـەڵ (elle) (ئەو) لە (illa) داتاشـــراوە، (vert) (ســـەوز) لـــە (viridem) و وشەی (belle)(جوان) لە (bella).. هتد داتاشراوە.

لە کۆتاییدا دەڵێین بەڵگە هەیە واژە گریمانەکراوەکان پێشکەشـیان دەکەن لـە زمانـانی تـرەوە قـەرزکراون، (شـاردنەوە puns) (گەمەی واژەکان)، ئەو مەتەڵانەی قابیلی باوەڕکردن نین ( cock, and buill

(stories) بــۆ نمــوونه له قوتييــدا شــێوازی (kawtsjo) چەنــد زانیارییەک دەربارەی درکاندنی واژەی (cautio) پێشکەش دەکات، کە لە زمانی لاتینی بەکارهاتوودا بەمشێوەیەیە (vulgar). هەروەها وشــەی فەڕەنســی (rio)(پاشــا) لە کۆتاییەکانی ســەدەی هەژدەهــەم بەمشێوەیە درکاندن دەکرا: (rwè)، ئەم چیرۆکەی (نیرۆپ nyrop) گێڕاویەتییەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەمە:

(Grammaire hitorique de la langue francaise, p.178)

ئەو ئافرەتەی پێشووتر هێنرایە بەردەم دادگای شۆڕش، پرسیاری ئەوەی لێکرا، ئایا هیچ شتێکی لە بەردەم گەواهیدەرەکان نەوتووە، کە پاشا(rio) داواکراوە، وەڵامی دایەوە، کە هیچی دەربارەی پاشایەکی وەکو (کاپیت Capet)، یان هەر پاشایەکی دی نەوتووە، بەڵام دەربارەی دۆلابی چنینەکە (rouet maitre) قسەی کردووە. هەموو سیستەم و ڕێکارەکانی پێشوو یارمەتیدەرمانن بۆ وەرگرتنی هەندێک زانیاری دەربارەی سیستەمی دەنگی، هەروەک ئەوەی بڵێین بەکاردەهێنرێت و شرۆڤەیەکی بەسوود بۆ ئەو بەڵگەیەی پرۆسەی نوسین پێشکەش دەکات، لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە زیندووەکاندا، تاکە میتۆدی ژیرانە لەمانە پێکدێت:

أ- دامەزراندنی سیستەمێکی دەنگی لەســەر بنەمای ئەو شتانەی لە تێبینیکردنی ڕاستەوخۆوە دەردەکەون.

ب ــ تێبینیکردنــی سیســتەمی هێمــا بەکارهێنراوەکــان، تــاکو ــــ بەشــێوەیەکی نــاتەواو ــــ گوزارشــت لەم دەنگــانە بکــات، زۆر لە ڕێزماننناســەکان بە میتــۆدە دێرینەکەیــانەوە پابەنــدن، کە ڕەخــنەم

ئاراســتەکردن و بەســادەیی ئەوەم ڕوونکــردەوە، چــۆن دەتــوانین هەمــوو پیتێــک لە زمانــدا گــۆ بــکەن، کە خوازیــاری وەســفکردنین، ئەویــش بە بەکارهێنــانی میتــۆدە کــۆنەکە، بەهەر حــاڵ ئەوان نــاتوانن سیســتەمی دەنگــی زمــان بەڕوونــی شــرۆڤە بــکەن، لەگــەڵ ئەوەشــدا چەنــدەها هەنگــاوی فــراوان بە ئاراســتەیەکی ڕاســت هەیە و دەســتیان پێکــــردووە، زانایــــانی بــــواری دەنگــــیش پرۆژەیەکــــی گەورە بەم ئاراســتەیەیان ئەنجامــداوە، بــۆ داڕشــتنەوەی بیروبۆچوونەکانمــان دەربارەی نووسین و ئەلفوبێی وشەکان.

# پاشكۆی
# بنەماكانی فۆنۆلۆجی

# بەشی یەکەم
# جۆری دەنگ
# Phonological Species

## ١. پێناسەی فۆنیم (Phoneme):

سەبارەت بەم بەشە، لە تواناماندایە کۆپییەکی هاوشێوەی کورت لە سێ وانەدا بەکاربهێنین، کە دی سۆسێر لە ساڵی (١٨٩٧ز)دا لە تیۆری بڕگە (Theoris de Syllable) وتوویەتییەوە، کە بە هەمان شێوە تێیدا باسی ئەو بنەما سەرەکییانەی کردووە، کە لە بەشی یەکەمدا باسمانکردن، سەرباری ئەمەش زۆر لەو بابەتانەی پەیوەستن بە تێبینییە خودییانەی لە فۆنۆلۆجیدا باسدەکرێت، ئێمە هەڵسەنگاندنی ئەو تێبینیانە و ڕوونکردنەوەی ئەو زانیاریانەی ئەنجام دەدەی، کە لە هەردوو باسەکەی یەکەم و سێیەمدا خراونەتەڕوو (تێبینییەکانی نووسەر).

زۆر لە زمانەوانان خۆیانیان بە ڕووداوی گۆکراو بەستۆتەوە، واتە بەرهەمهێنانی دەنگ بەهۆی ئەندامەکانی درکاندنەوە: (قوڕگ، دەم، ...)، لەم پرۆسەیەدا ئەوان لایەنی بیستنیان فەرامۆشکردووە، لەبەر ئەوە میتۆدەکەیان هەڵەیە. پێدراوەکانی بیستن تەنیا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دروست نابێت و نایەتە پێشمان، وەک بەو شێوەیەی لە وێنەی جووڵەی ئەندامەکانی درکاندن پەیدا دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبنە بنەمایەک بۆ هەر تیۆرێک. پێدراوەکانی بیستن

پێش توێژینەوەی لە فۆنیم، هەروا بێ مەرام دەمێننەوە، یان بە تێنەگەیشتووی و تەماوی دەمێننەوە، گوێیەکانمان پێمان دەڵێین (b, t)، چ ماهیەتێکیان هەیە، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو بزاوتانەی دەم یان قورگ لە درکاندنی زنجیرەی دەنگ بەشدارن، وێنەیان بگیرێت، ئەوا ئەو کەسەی تێبینی دەکات، ناتوانێت بەشە بچووکەکانی ناو کۆمەڵی بزاوتە دەنگییەکان لەیەک جیا بکاتەوە. ئەو نازانێت سەرەتای دەنگ لە کوێوەیە و کۆتایی دەنگەکەش لەکوێدایە، بەبێ پێدراوی بیستن چۆن دەتوانین بڵێین بۆ نموونە لەم وشەیە (fal)دایە؟ ، لە سێ فۆنیم پێکدێت، نەک دوو فۆنیم یان چوار فۆنیم، بەڵام کاتێک دەنگێکمان لە زنجیرەی قسەیدا گوێ لێدەبێت، لەو حاڵەتەدا دەتوانین یەکسەر جۆرەکەی دەستنیشان بکەین، مادام پێدراوێکی هاوئاهەنگی لە ئارادا هەیە، چونکە دەنگەکە لێرەدا تەنیا دەبێت.

ئەوەی گرنگە بەلامانەوە هەر دەنگەکە نییە (بەراورد بکە: făl , fál)، بەڵکو جۆرێتی پێدراوەکە گرنگە.

زنجیرەی دەنگەکە بۆ چەند لێدانێکی یەکسان پۆلێن نەکراون، بەڵکو بۆ چەند لێدانێکی گونجاو لەگەڵ یەکدا دابەشکراون، هەموو لێدانێک یەک پێدراوی هەیە، ئەمەش بە خاڵێکی سروشتی بۆ دەرچوون بەرەو فۆنۆلۆجی هەژمار دەکرێت.

لێرەدا ئەلفوبێیە یۆنانییەکە زووتر بەکارهێنراوە و بەهایەکی بەرچاوی هەیە، هەموو دەنگێکی سادە لە زمانی یۆنانیدا هێمایەکی نووسین گوزارشتی لێدەکات، هەموو هێمایەکیش هەمیشە گوزارشت

له هەمان ئەو دەنگە سادەیە دەکات، دۆزینەوەی ئەلفوبێی یۆنانی کارێکی فرە گرنگ بوو، کە پاشان ڕۆمانییەکان قۆستیانەوە.
له نووسینی زمانی (بەربەریدا)، هەموو پیتێک لەگەڵ لێدانێکی گونجاو و تەبادا یەکدەگرێتەوە:

| B | A | P | B | A | P | O | E |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

له شێوەکەی سەرەوەدا هێڵە ئاسۆییەکە گوزارشت لە زنجیرەی دەنگەکە دەکات، ستوونە کورت و شاقوولییەکانیش ئاماژە بە گواستنەوەی لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی دیکە دەکەن. لە ئەلفوبێی یۆنانی زوودا ڕێنووسی لێکدراو هەیە، وەکو (sh)ی ئینگلیزی، کە گوزارشت لە (s) دەکات و ئاڵوگۆڕی پیتەکانیش لەسەر یەک دەنگ بەدی ناکرێت، وەکو (c) و (s) تاکو گوزارشت لە (s) بکەن، هەروەها هێمایەک بە تەنیا بۆ دووجار لە ئارادا نییە، وەکو (x) تاکو گوزارشت لە (ks) بکات، ڕێژەی یەک بۆ یەک لەنێوان دەنگەکاندا دروستبووە (لەگەڵ وێنەکانی نووسین) و ئەلفوبێیەکان - یاسا پێویست و بەهێزەکانی سیستەمی دەنگی چاک و پتەو بۆ پرۆسەی نووسین - بەشێوەیەکی تەواو لە زمانی یۆنانیدا. نەتەوەکانی دیکە پابەندی ئەم بنەمایەوە نەبوون، هەروەها ئەلفوبێیەکەشی زنجیرەیەک ئاخاوتن بەپێی لێدانەکانی بیستنی گونجاو شیناکاتەوە.
بۆ نموونە قوبرسییەکان لەسەر چەند یەکەیەکی پێکهێنراو هەڵوەستەیان کردووە، وەکو بۆ نموونە (pa, ti, do, etc) ئەم

تێبینییە بە بڕگەیی ناوزەد دەکرێت، بەڵام ئەم ناوزەدکردنە واقیعی نییە، چونکە جۆری دیکەی بڕگە هەن، بۆ نموونە: (pak, tra....هتد). سامییەکان تەنیا نەبزوێنەکانیان ڕوونکردۆتەوە، ئەوان وشەیەکی وەکو (barbaros)بەمشێوەیە دەنووسن: (بربر) (brbrs).[1]

دەستنیشانکردنی دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا، دەکرێ تەنیا لەسەر بنەمای پێدراوەکانی بیستن بوەستێت، بەڵام وەسفکردنی ئەم دەنگانە بە پرۆسەیەکی دیکە دادەنرێت، دەکرێ وەسف لەسەر بنەمای ڕووداوی درکاندن بونیاد بنرێت، چونکە مەحاڵە فۆنیمەکان لەناو زنجیرە دەنگییەکەی شیبکرێنەوە.

پێویستە لەسەرمان بگەڕێینەوە سەر بزاوتە لەیەکئاڵاوەکان لە پرۆسەی دەنگدا(phonation)، لێرەدا دەنگێک هەیە لەگەڵ ڕووداوێکی تایبەتدا دەگونجێت: b (لێدانی بیستن) = $b^l$ (لێدانی درکاندن). یەکە سەرەتاییەکان کە لەگەڵ بڕگەی زەنجیرەی ئاخاوتن ڕوودەدەن و لە (b) و ($b^l$) پێکهاتوون، ئەوانیش فۆنیمن. فۆنیم (Phoneme) لە کۆمەڵێ پێدراوی بیستن و بزاوتی درکاندن و یەکەی بیستن و یەکەی درکاندن پێکهاتوون، کە هەر یەکەیان دەبنە هۆکاری بوونی ئەویتر، یان دەبنە مەرجێک بۆ دروستبوونی ئەویتر. بەمشێوەیە دەبینین یەکەیەکی پێکهێنراوە و دەچێتە ناو هەموو

---

[1]- مەبەستی ئەوەیە جووڵە یان بزوێنە لاواز و کورتەکان لە زمانە سامییەکاندا دەرناکەون، بۆ نموونە وشەی (بربر) لە نووسیندا (سەر ـ الفتحة)ی لەسەر دانانرێت.(وەرگێڕ).

زنجیرەیەک لەو توخمانەی لە ئەنجامی زنجیرەی ئاخاوتنەوە پەیدا دەبن، کە لە بازنەکانی ئەم زنجیرەیە دەچن: ئەم چرکەساتانە کورتکردنەوەیان مەحاڵە، وایلێدەکات قابیلی ئەوە نەبن لە دەرەوەی ئەوکاتەی تیایدا هەن، توێژینەوەیان لەسەر بکرێت.

کۆکردنەوەی بۆ نموونە وەکو (ta)، هەمیشە دەبێتە چرکەیەکی وا کە دەخرێتە سەر دانەیەکی دی، یەک بەشە لە درێژییەکی دیاریکراودا دەچێتە سەر دانەیەکی دی. بەرانبەر بەمە دەنگی (t) مەحاڵە کورتکردنەوەی بە تەنیایی وەرگرێت، کە دەکرێ بە ڕەهایی لە دەرەوەی کاتدا لێکبدرێتەوە. دەتوانین شێوەیەکی گشتی باس لە (t) بکەین، وەک جۆرێک لە (T) (پیتی گەورە بەکاردەهێنین، تاکو جۆرەکەی ڕوونبکەینەوە) و دەربارەی (i) بە شێوەیەکی گشتی وەک جۆرێک لە (I).. هتد بەکاردەهێنین.

ئەگەر سیفەتی جیاکاری دەنگ بەهەند وەربگرین و ئەو شتانەی دیکە وەلاوە بنێین، کە پشت بە بەدوایەکهاتنی کاتی دەبەستن، گروپی مۆزیک (do, ri, mi) دەکرێ وەک کۆمەڵەیەکی پتەوی ماددی لە ماوەکەدا چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەگەر یەکێکت لە توخمەکانی دیاریکرد، کە نەتوانین کورتی بکەینەوە، ئەوا دەتوانین لە ڕووی تیۆری یان لە ڕووی سادەییەوە توێژینەوەیان لەسەر بکەین.

شیکردنەوەی ژمارەیەکی باش لە زنجیرەکانی ئاخاوتن، کە لە زمانە هەمەجۆرەکانەوە وەرگیرابێتن، ئەوا دەنگساز دەتوانێت ئەو توخمانە پۆلێن بکات، کە هەموو زمانێک کاری پێدەکەن.


دوای ئەمە، ئەگەر جیاوازی بیستنە ناگرنگەکانمان پەراوێز خست، ئەوا بۆی دەردەکەوێت ژمارەی جۆرەکان ناڕوون و تەماوین و دیاریکراو نین. هەندێک توێژینەوەی هەڵە بە دروستکردنی لیستێک بۆ ئەم جۆرانە ئەنجام دەدرێن، هەروەها بە دوور و درێژی وەسفیان کردووە،[1] لێرەدا تەنیا خوازیارم ئەو بنەما سادە و چەسپاوانە باسبکەم، کە ئەمجۆرە پۆلێنکردنانە پشتیان پێدەبەستن، بەڵام پێش ئەمە با چەند وشەیەک بڵێیم دەربارەی ئامێری دەنگی و ڕۆڵی ئەرکانەی ئەندامەکانی درکاندن و ڕۆڵی ئەم ئەندامانە، بەو جۆرەی دەنگ بەرهەم دەهێنن.

**٢. ئامێر و ڕۆڵی ئەرکی دەنگ**

١ـــ وەســـفکردنی ئـــامێری دەنـــگ بەمشـــێوەیەی لە وێـــنەکەدا دەستنیشانکراوە، بۆشایی لووت و بۆشایی ناودەم و گەرووە (لەگەڵ دەروازەی بۆریچکەکەی نێوان هەردوو سییەکانی دەنگ).

---

[1]- Cl. Sievers, Grunlzuge der phonetic, firth ed, 1902, Jesporson, lehrbuch der phonetike, sae. ead: 1913، R. udet، Elements de phonetique generale, 1910 (Ed).




بەشەکانی ئامێری دەنگیش پێویستە لەناو دەمدا جیایان بکەینەوە، کە ئەمانەن: هەردوو لێوەکان، زمان و ددانەکانی سەرەوە، مەلاشوو، کە لە مەلاشووی ئێسقانێکی پتەو و ڕەق لە پێشەوەدا پێکدێت(مەلاشووی ڕەق)، هەروەها ئێسقانی پۆشینی جووڵەدار یان مەلاشووی نەرم لە دواوە(مەلاشووی نەرم)، لە کۆتایشدا (زمانۆچکە)، هەروەها ئەندامە کاراکان یان چالاکەکان لەکاتی درکاندندا. دەرچەی زوڕنا لە دوو ماسوولکەی هاوتەریب پێکدێت، یان لە دوو ژێی دەنگ پێکدێت، کە لە کاتی دووربوونی هەردوو ژێیەکە لەیەکدی، دەکرێنەوە، کاتێکیش بە یەکدەگەنەوە، دادەخرێن، داخرانی تەواو لەئارادا نییە و هەرگیز ڕوونادات، هەندێکجار بەرهەمهێنانی زۆر دەبێت و هەندێکجاری دیکەش کەموکووڕیی

دەبێــت، کاتێــک بەرهەمەکە زۆر و گەورە دەبێــت و دەرفەت بــۆ تێپەڕکردنی کات دەڕەخسێنێت، ئەوا هیچ لەرە و چپەیەکمان لێوەی بەر گوێ ناکەوێت، دەنگدان یان دەنگبەرزی  کاتێک ڕوودەدات، کە هەواکە لە دەروازە تەسـکەکەوە تێپــەڕ دەکـات و دەبێـتە هۆکـاری ئەوەی هەردوو ژێـــیەکە لەرە بــکەن، هـــیچ بـــژاردەیەک یـــان ئەلتەرناتیڤێک بۆ دەرکردنی دەنگی سروشتی ـ ئاسایی نییە.

بۆشایی لووت بەتەواوەتی ئەندامێکی چەسپاوە، تێپەڕبوونی هەوا ڕاناوەسـتێت، مەگەر بە بەرزکـردنەوەی زمانــە بچکۆڵـە نەبێـت، ئەم زمانۆچکەیە یاخود دەرگایەکی داخراوە یان کراوەیە.

بۆشـــایی لـــووت توانـــایەکی زۆری هەیە، هەردوو لێوەکـــان لە زیــادکردنی درێــژی کەنــاڵە دەنگیــیەکەدا بەکاردەهێنرێــت، هەردوو مەڵاشـووش دەکـرێ لێیـانەوە هەواکە بەرەو دەرەوە دەربپەڕێنرێت، دەشـکرێ بەشـێکی ئەو هەوایە لە ژوورەوەی بپەسـتێنرێت، هەروەهـا هەردوو لێـوەکە فرەجـۆریەک لە جووڵەکردنیانـدا هەیە، هەردوو لێـو لەگــەڵ زمانـدا دەتـوانن بـۆ تەسـککردنەوە، یـان تەنـانەت داخسـتنی بۆشـــاییەکە بەکـــاربهێنرێن. ئەو ڕۆڵەی هەمـــان ئەنـــدامەکان لە بەرهەمهێنـــانی دەنگـــدا دەیگێـــڕن، ڕاســـتەوخۆ لەگـــەڵ توانـــای جووڵـەکردنیان دەگـونجێن، ئـەو یەکبوونـەی ڕۆڵـی ئەرکـی قـوڕگ و بۆشــایی لــووت دەیگێــڕن، فرەجــۆر و جیــاوازن لە بــواری ڕۆڵــی ئەرکییـــان لە بۆشـــایی دەمـــدا. ئەو هەوا فـــووکراوەی لە هەردوو سـییەکانەوە دەردەچێـت، یەکەمجـار لە دەرچـەی زوڕنـاوە تێپـەڕ دەکـات، لەم حـاڵەتەدا ناتوانێـت بە تەسـککردنەوەی هەردوو ژێــی

دەنــگەکە، دەنگێکــی قــوڕگی بەرهەمبهێنێــت، بەڵام قــوڕگ ناتوانێــت فرەجۆری دەنگی ئەوتـۆ بەرهەمبهێنێت، کە دەرفەت بـۆ جیاکردنەوە، یان پۆلێنکردنی دەنگە زمانییەکان بڕەخسێنێت، کەواتە دەنگی قوڕگ یەکانگیر دەبێت. ئەوەی تێبینی دەکرێت دەنگ لە کاتی دەرپەڕینیدا بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لە دەرچــەی زوڕنــا دەردەچێـت، مـۆرکی چەسپاو وەردەگرێت. کەناڵی لووتی تەنیا ڕەهۆڵێکی لەرەیی ـ لـەرەی دەنـگ پێیـدا تێپـەڕ دەکەن. ئەمـانە دەنـگ بەرهەم نـاهێنن، بەرانبـەر بەمەش بۆشایی دەم هەردوو ئەرکەکە جێبەجێ دەکات، ئەویش وەک بەرهەمهێـنەری دەنـگ و دەهـۆڵی لـەرە، لەکاتێکـدا دەرچـەی زوڕنـا فـراوان و والایە، کەچـی لێدانی قـوڕگ بـوونی نابێت و سـەرچاوەی دەنگە بیستراوەکە لـە بۆشـایی دەمە (لێرەدا بڕیـاردان لەسـەر ئەوەی ئایـا ئەم ڕووداوە دەنـگە، یـان نـا، ئەرکێکە بە فیزیاناسـانی دەسـپێرم یان تەنیا گەرەلاوژەیەکە.

بەڵام کاتێک تەسککردنەوە یان ڕاکێشان و توندکردنەوەی دوو ژێیەکەی هەردوو دەنگەکە، دەبێتە هۆکاری لێدانی دەرچەی زوڕناکە، ئەوا لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی سەرەکی دەم گونجانی دەنگە قوڕگەییەکەیە.

بەکورتی ئەو فاکتەرانەی لە بەرهەمهێنانی دەنگ بەشداری دەکەن، ئەمانەن: هەوای هەناسە، درکاندن لەڕێگەی دەمەوە، لەرەی قوڕگ و لەرەی لووت.

بەڵام لیستە سادەکە نابێتە هاریکار بۆ ئەو خاسیەتە جیاوازانەی سەر بە یەکە دەنگییەکان (فۆنیمەکان)ن. ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی فۆنیم ـ لە کاتی پۆلێنکردنیان ـ گرنگی کەمترە لە ڕوونکردنەوەی ئەو

خاسیەتانەی لە یەکیان جیادەکەنەوە، هێزی نەرێنی دەکرێ لە بواری پۆلێنکردنی فۆنیمەکان لەو هێزە ئەرێنییە..هتد زیاتر گرنگ بێت، هەناسە توخمێکی سەرەکییە، چونکە یەک بەش لە هەموو ڕووداوێکی دەنگیدا پێکدەهێنێت و هیچ بەهایەکی جیاوازی لەخۆ ناگرێت، بەڵام دەکرێ فۆنیمەکان بەبێ هۆدەی لەرەکانی لووت ـ هێزی نەرێنی ـ لەیەکدی جیابکرێنەوە ـ بە تەواوەتی هەروەک لە کاتی دروستبوونی شتێکدا ڕوودەدات، لێرەدا گرنگ ئەوەیە دوو توخمی چەسپاو لەو توخمانەی ئاماژەمان پێدان، بوونیان هەیە، لەبەر ئەوە هەردووک پێویست و بەسن بۆ بەرهەمهێنانی وێنەکە:

أـ هەوای هەناسەدان.

ب ـ درکاندنی دەم.

کەچی دوو فاکتەرەکەی دی لەوانەیە بشاردرێنەوە، یان پشت بە هەردوو فاکتەرەکەی دی ببەستن:

ج ـ لەرەی قوڕگ.

د ـ هۆدەی لەرەی لووت.

سەرباری هەموو ئەمانەش، درک بەوە دەکەین کاتێک فاکتەرەکانی (أ، ج، د) وەکیەک دەبن، ئەوا لەم حاڵەتەدا (ب) دروستبوونی دەنگی هەمەجۆر دەرەخسێنێت. پێویستە هۆش و مێشکمان بخەینە سەر ئەوەی فۆنیم دەستنیشان دەکرێت، لەکاتێکدا ڕووداوە دەنگییەکەی دروست دەبێت و جێبەجێ دەبێت، بەهەمان شێوەش هەموو فۆنیمەکان جێبەجێ دەبن، کاتێک ڕووداوەکانی دەنگ دیاریدەکرێن. پۆلێنی پێشوو بۆ هێزە بەکارهاتووەکانی بواری

بەرهەمهێنانی دەنگ، ڕووداوەکانی دەنگ دەخاتەڕوو، هەمەچەشنن یان جیاوازن، تەنیا بەهۆی توخمەکانی (ب، ج، د)ەوە.

پێویستە درکاندنی دەم بۆ هەموو فۆنیمەکان دەستنیشان بکەین، ئینجا ئەم دەنگە قورگییە (ـــــ) بوونی هەبێت، یان ([ ]) بوونی نەبێت، لە حاڵەتێکیشدا گەر هۆدەی لەرەکانی لووت (...) بەکاربهێنرێت، یان ([ ]) بەکارنەهێنرێت، هەروەک یەکە. کاتێکیش یەکێک ئەم سێ توخمە فەرامۆش دەکات، ئەوا گونجانی دەنگ نوقسان دەبێت، بەڵام بە درێژایی کات هەر سێ توخمەکە ناسراو دەبن، گروپە هەمەجۆرەکان جۆری بنەڕەتی فۆنیمەکان دەستنیشان دەکەن، ئەم نەخشەیەی خوارەوە گۆڕانەکان یان ئەو جیاوازییەکان دەخاتەڕوو، کە ئەگەری سەرهەڵدانیان هەیە:

| I | II | III | Iv |
|---|---|---|---|
| أ ـ هەناسەدان | هەناسەدان | هەناسەدان | هەناسەدان |
| ب ـ درکاندنی دەم | درکاندنی دەم | درکاندنی دەم | درکاندنی دەم |
| ج ـ [ ] | ~ | [ ] | ~ |
| د ـ [ ] | [ ] | .......... | .......... |

ستوونی یەکەم ئاماژە بە دەنگە کپەکان دەکات، ستوونی دووەمیش دەنگە گڕکان دیاریدەکات، سێیەمیش ئاماژە بەو دەنگانە دەکات، کە کپ و لووتین، چوارەمیش دەنگە گڕەکانی لووت

دیاریدەکات. لێرەدا یەک نەزانراو ماوەتەوە، کە سروشتی درکاندنە بە دەم، لەبەر ئەوە گرنگترین شت دەستنیشانکردنی ئەو هەمەچەشنەییانەیە، کە بە دەم ئەگەری درکاندنیان هەیە.

### ٣. پۆلێنکردنی دەنگەکان بەگوێرەی درکاندنی دەم

بەگشتی دەنگەکان بە گوێرەی سازگەکانیان یان شوێنی درکاندنیان پۆلێندەکرێن، بەڵام دەستپێکی دەرپەڕینەکەیان وەکیەک نین، ئەمەش بەدەر لەو شوێنەی درکاندنەکە دەیگرێتەوە، چونکە هەمیشە دەروازەیەک، یان شوێنێکی کراوە هەیە، کە لەنێوان هەردوو لایەندایە، واتە داخرانی تەواو یان کرانەوەی تەواو، لەسەر ئەم بنەمایە و بە ڕەچاوکردنی ئەو پلەبەندییەی لە کرانەوەی ئاست نزم، تا گەیشتن بە کرانەوەی زۆر، دەبینین دەنگەکان دەکەونە ناو حەوت جۆر، کە بە پلە دیارییان دەکەم، یان ئاماژەیان بۆ دەکەم: ٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، لەناو هەر یەک لەم جۆرانە، فۆنیمەکان لەناو جۆرەکان دابەش دەکەم، ئەویش بە گوێرەی سازگەکەی، کاردەکەم بۆ گونجانی زاراوەکان، تەنانەت زاراوە هەڵەکانیش لە زۆر لە خاڵەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، بۆ نموونە وشەی وەکو (گەروویی، مەڵاشوویی، ددانی، نەرم....هتد، بە نالۆجیکی هەژمار دەکرێن، پێویستە لێرەدا نەخشەیەکی لۆجیکیتر بۆ دابەشکردنی مەڵاشوو بۆ چەند سازگەیەکی درکاندن هەبێت، پاش ئەمەش دەبێ هۆشمان لەسەر درکاندنی زمانی چڕبکەینەوە، پێویستە لە تواناماندا بێت هەمیشە خاڵی سەرەکی بۆ پەیوەندی بەستن دیاری بکەین. لەکاتی داهێنانی شێوازەکەشدا

لەسەر ئەم چەمکە دەڕۆم و پیتەکانی ئامێری دەنگیش بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنم.

شوێنی خاڵی کرانەوەکە لەنێوان پیتی یۆنانی (کە ئاماژە بۆ پیتەکە دەکات) و پیتی لاتینی دەبێت، کە ئاماژە بۆ (ئەندامە نەزانراوەکە دەکات)، بەمشێوەیە (BOE) مانای داخستنی تەواوە، کەچی لای زمان بەرانبەر لای پووکی سەرەوە چەسپاوە.

لە کۆتاییدا لەناو هەر درکاندنێکدا، جیاوازی جۆری فۆنیمەکان بەگوێرەی چەند ئادگارێک لەگەڵ دەنگەکەدایە، جیاکارییەکەی دەردەکەوێت ـ دەنگی قوڕگی و هۆدەی لەرەی لووت بەو جیاکارییە بوونی نابێت، هەروەها جیاکاری ئامادەبوونیشی هەیە.

هەردوو ئادگارە یاوەرەکە و شێوازەکەش چەند فۆنیمێک پێشکەش دەکەن، کە بە شێوەیەکی سادە و لۆجیکیانە پۆلێنکراون، بێگومان لێرەدا نابێ پێشبینی ئەوە بکەین فۆنیم بن و پێکهاتەیەکی جیاکار و تایبەتییان هەبێ، بەڵام بەدەر لە گرنگی زانستیی ئەمەی باسمانکرد، بۆ نموونە: کپەکان (ph, dh, etc) خشۆکەکان (tš, dš, pf, etc)، نەبزوێنی مەڵاشوو، بزوێنە لاوازەکان وەکو ($\partial$) یان (e)ی وەستاو.. هتد.

پێشبینی ئەوە ناکەین چەند فۆنیمێکی سادە هەبن، کە گرنگییەکی ئەوتۆیان هەبێت و بە هەمان شێوەش بە دەنگی جیاکار هەژمار ناکرێن.

**أ ـ دەرچەی سفری: تەقیوەکان یان دەنگە داخراوەکان** (Zero aperture: Occlusives)

دەنگە تەقیوەکان هەموو ئەو فۆنیمانە لەخۆ دەگرێت، کە لە داخستنی هەمەکییەوە پەیدا دەبن، پاشان ئەم دەنگانە بە ڕەوانی لە بۆشایی دەمەوە دەردەچن. ئەم شوێنەش شوێنی باسکردنی ئەم دەنگانە نییە، کە لە ئەنجامی ڕوودانی پرۆسەی داخستن یان دەرپەڕین ڕوودەدەن، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە بەشێوەیەکی دی ڕوودەن.

جۆرە سەرەکییەکانی دەنگی تەقیوەیی سێ بەشن، بەگوێرەی سازگەکانیان (شوێنی درکاندنیان): زارەکی (p, b, m)، ددانی: (t, d, n) و گەروو (k, g, n).

جۆری یەکەم بە دوو لێو گۆدەکرێت، سەبارەت بە دووەمەکە ئەوا لایەکی زمان لە بارودۆخی خۆیدا دەمێنێتەوە بەرانبەر بە پێشەوەی مەڵاشوو، سەبارەت بە سێیەمیش ئەوا دواوەی زمان بە کۆتایی مەڵاشووەوە دەلکێت.

زمانێکی زۆر هەن، بەتایبەتی زمانەکانی هیندۆئەوروپی هەردوو زاری و گەرووی لە یەکتر جیادەکەنەوە، یەکەمیان مەڵاشوویییە (لە شوێنی f ـ h) و ئەوی دیکەیان گەرووە (لە شوێنی ((i)) )، بەڵام لە زمانەکانی دیکەدا (بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا) جیاوازییەکە تێبینی نەکراوە و گوێیەکان لە بیستنیان لێی تێکدەچێت: دەنگی (k)ی دواوە وەکو دەنگی (c) لە وشەی cart و (k)ی پێشەوە وەک ئەوەی لە وشەی (king)دا دەردەکەوێت.

ئەم خشەیەش شێوەی فۆنیمەکانی تەقیوە هەمەجۆرەکان دەخاتەڕوو:

| زارەکی | | | ددانی | | | گەروو | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| K | g | (n) | t | d | (n) | p | b | (m) |
| γoh | γoh | γoh | Boe | Boe | Boe | doa | aoa | aoa |
| [ ] | ~ | ~ | [ ] | ~ | ~ | [ ] | ~ | ~ |
| [ ] | [ ] | …… | [ ] | [ ] | …… | [ ] | [ ] | ….. |

دەنگە لووتییەکانی (m, n, h) لەڕاستیدا تەقیوی لووتی گرن، لەکاتی درکاندنی (amta) زمانە بچکۆڵە بەرزدەکەینەوە، تا کەناڵی لووت دابخەین و حەواڵەی دەنگی (m) ببین و بگەینە دەنگی (b). لە بەندەکانی تیۆرەکەدا، وتراوە هەموو جۆرێک، دەنگێکی کپی لووتی بۆ دەنگە لووتییەکە دەبێت، کە لەگەڵ لەرەکانی زوڕناکە(دەرچەی زوڕنا) یاوەر نەبێت، و ئیدی بەم شێوەیە (m)ی کپ لە زمانە ئەسکندنافییەکاندا دوای دەنگی کپ ڕوودەدات، هەروەها لە زمانی فەڕەنسیدا دەنگی کپی لووتی هەیە، بەڵام زاناکان وەکو توخمی جیاواز تەماشای ناکەن. لەم خشتەیەدا دەنگەکانی لووت خراونەتە چوارچێوەی دوو کەوانەوە [ ]، دەمیش لێرەدا بەتەواوەتی لە کاتی

درکاندنیدا داخراوە، کردنەوەی کەناڵەکەی لووتیش دەرچەیەک یان دەروازەیەکی کراوە و فراوانی پێدەبەخشێت (بڕوانە جۆری (c) ).

**ب . سازگەی یەکەم: دەنگە خشۆکەکان** (Fricatives)

فۆنیمەکانی جۆری (ب) جیاکاری بەوەی کەمێک دادەخرێن، لەم حاڵەتەدا دەرفەت بۆ هەواکە دەڕەخسێنرێت، لە بۆشایی دەمەوە دەربچێت. ناوی (spirant) بەڕاددەیەکی زۆر گشتێنراوە، کەچی وشەی(fricative) دەربارەی پلەی داخرانەکە هیچ ڕوونکردنەوەیەک ناخاتەڕوو، بەهەمان شێوە ئاماژە بە خشۆکەییەک دەکات، کە لە تەقیو هەواییەکەوە دروست دەبێت (لە زمانی لاتینیدا Fricare).

فۆنیمەکانی جۆری (ب) لە فۆنیمەکانی جۆری (أ) ناچن، ئەم فۆنیمانە لەژێر سایەی سێ جۆر جێیان دەبێتەوە: یەکەمیان بەتەواوەتی زارەکییە (هاوشێوەی هەردوو ئەم دەنگەن p , b)، کە بە کەمی بەکاردەهێنرێت . بۆیە پەراوێزی دەخەم، ئەمیان جێگۆڕکێ بە ددانییە زارەکییەکە دەکات، کە لە بە یەکەوە نووسانی لێوی خوارەوە و سەرەوە دروست دەبێت (f,v)، بنەڕەتییەکەش دابەش دەبێتە سەر چەند جۆرێک و پشت بەشێوەکانی پەیوەندی یان پێکەوەنووسان دەبەستێت کە لایەکانی زمان ئەدای دەکەن، جا بەبێ ئەوەی کە بچینە ناو وردەکاری بابەتەکەوە ئەم هێمایانە بەکاردەهێنم: ($b, b^{I}, b^{II}$) بۆ ڕوونکردنەوەی شێوە هەمەچەشنەکانی لایەنەکانی زمان.

لەنێو ئەو دەنگانەی مەڵاشوویان بۆ بەکاردەهێنرێت، جیاکردنەوەی (گویَ) لەوانی دی بەگشتی درکاندنی پێشەوە (مەڵاشوویی) و درکاندنی گەروو (گەروو) دەخەنەڕوو.

ددانی ددانی زارەکی

| p | v | b | σ | s | Z | Š | Ž |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ald [ ] [ ] | ald ~ [ ] | bld [ ] [ ] | bld ~ [ ] | $b^{i}$ld [ ] [ ] | $b^{i}$ld ~ [ ] | $b^{II}$ld [ ] [ ] | $b^{II}$ld ~ [ ] |

قوڕگ مەڵاشوو

| x' | ɼ | x | r |
|---|---|---|---|
| rlf | rlf | rli | rli |
| [ ] | ~ | [ ] | ~ |
| [ ] | [ ] | [ ] | [ ] |

pˡ = English th in thinh

σ = English th in then

s = English s in say

z = English s in rose

š = sh in show

ž= g in rouge

x' = German ch in ich

ṙ = North German g in liegen

x = German ch in Bach

r = North German g in Tage

ئایا هیچ دەنگێک هەیە لەناو دەنگە خشۆکییەکان، کە لەنێوان دەنگە تەقیوەکان (n, m, ek) هاوکوف بێت، مەبەستم دەنگە لووتییەکانە (v, z, etc)، ئاسانە ئەم بۆچوونەمان هەبێت وەک دەنگی (v) لەم وشە فەڕەنسییەدا: (inventer)، بەڵام دەنگی خشۆکەی لووتی دیارینەکراوە یان لە زۆربەی زمانەکاندا دیارینەکراوە.

**ج ـ سازگەی دووەم: دەنگە لووتییەکان**[1]

**د ـ سازگەی سێیەم: دەنگە نەرمەکان یان شلەکان**

دوو جــۆر دەنگــی گــۆکراو هەن، کە بە دەنگــی نەرم هەژمــار دەکرێت:

١ـ درکاندنی لایەکی (کە بە پیتی (l) لە خشتەکەی خوارەوە ئاماژەی بــۆ کــراوە)، لەم درکانــدنەدا زمــان بەرانبــەر پێشــەوەی مەڵاشــوو دەچەسپێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو دەرچەکە لە هەردوو لادا بە کراوەیی بەجێدەهێڵێت، کە دەکرێ جیا بکرێنەوە، ئەویش بەگوێرەی شوێنی درکاندن ددانی (L)، مەڵاشوویی (L) و قورگی گەروویی (L/).

فۆنیمەکانی لایەکی ـ لایی لە زۆربەی زۆری زمانەکاندا بە هەمان شێوە گۆ دەکرێن، وەکو: (b, z, etc). دەنگە لاییە کپەکانیش مەحاڵ نین، بەڵکو بوونیان هەیە، تەنانەت لە زمانی فەڕەنسیدا کاتێک (L) بە دوای فـۆنیمێکی کپـدا دێـت، ئەوا لەم حـاڵەتەدا دەکـرێ بەبـێ دەنـگە قــوڕگییەکە گــۆ بکرێــت (بــۆ نمــوونە درکانــدنی (L) لە وشــەی (pluie)(بــاران)، بەرانبــەر بە درکانــدنی (L) لە وشــەی (شــین bleu)دا، بەڵام قسەکەران ئەم جیاوازییە نـازانن. تـوێژینەوەی (L)ی لووتی کە بەدەگمەن بەکاردەبرێت، لێرەدا هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵام پاش دەنگە لـووتییەکە ڕوودەدات، بۆ نمـوونە لەم وشـە فەڕەنسـییەدا (branlant) کە لەرەکان دەگەیەنێت، حاڵەتی لەم جۆرە ڕوودەدات.

---

[1]ـ بەداخەوە بۆ ئەم لقە لە سەرچاوە سەرەکییەکە هیچ نووسین و قسەیەکی لەسەر نەکردووە، بۆیە منیش هیچ نووسین و قسەیەکم لەسەر نەکردووە.

٢. له دركاندنی دەنگە لەرەلەرەکان، کە بە پیتی (V) لە خشتەکەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆکراوە، لەم حاڵەتەدا زمان لەکاتی درکاندنی (L) لە مەڵاشوو دوورتر دەبێت، بەڵام ژمارەی گۆڕاو بۆ بەرکەوتنی نێوان زمان و مەڵاشوو وا لە سازگەی لەرەلەرەکان دەکات (دەنگە لەرەییەکان) یەکسان بێت بە سازگەی لاییەکان (دەنگە لاییەکان).

لەرەلەرەکان بە دوو ڕێگا بەرهەمدەهێنرێن، کاتێک زمان درێژ دەبێتەوە، یان بەرەو پێشەوە هەڵدەکشێ، بەرانبەر بە پووک (r)ی لەرەلەرە، یان بۆ پەیوەندیکردنی لەگەڵ دواوەی زمان بە مەڵاشووەوە (r)(کە بۆ ڕازانەوە یان بۆ توندییە)، ئەوەی دەربارەی دەنگە گرەکان یان لاییە لووتییەکان دەوترێت، ئەوا لەسەر دەنگە لەرەلەرەییەکانیش پیادە دەبێت.

| l | l | l | R | |
|---|---|---|---|---|
| B/3e | Z/3f-h | Z/3i | Bv3e | Z3ix |
| ~ | ~ | ~ | ~ | ~ |
| [ ] | [ ] | [ ] | [ ] | [ ] |

دوای سازگەی سێیەمیش، دەچینە بوارێکی تازەوە، واتە لە نەبزوێنەوە دەچینە سەر بزوێنەکان. سەبارەت بەم خاڵە، نەهاتووم جیاکارییەکانی نێوانیان باس بکەم، ئەویش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە: ئەویش ئالیەتی دەنگدان(درکاندن)ە لە هەردووکیاندا، هەر یەکە

شێوازی بزوێنەکە تێیاندا لە هەموو ڕوویەکەوە لە نەبزوێنە بۆ بزوێنێکی گڕ دەچێت.

لەڕووی درکاندنی زارەکیشەوە، هیچ جیاکارییەکی بەرچاو ڕووینەداوە، تەنیا بیستنێکی جیاوازە، دوای پلەیەک لە سازگەکەوە، دەم بەشێوەیەکی سەرەکی وەک هۆدەیەکی لەرەدار کاردەکات، زەنگی دەنگە قورگییەکە دەردەکەوێت و گەڕەلاوژەی ـ غلّبەغلّی دەم کەمتر دەبێتەوە، بەمشێوەیە ئیدی دەنگەکە لەڕێگای ئەنجامدانی پرۆسەیەکی میکانیکی تەواوەوە دەچێتە ناو بزوێنەکانەوە.

**هـ ـ سازگەی چوارەم:** i, u, ü

بزوێنەکانی جۆری (هـ) لە بزوێنەکانی دی بەشێوەیەکی فراوانتر و گەورەتر دادەخرێت، بەگوێرەی ئەوەی نەبزوێنەکان دەیانخوازێت. هەندێک ئەنجام لەدواییدا سەرهەڵدەدات، ئەم حاڵەتە بە نیمچە بزوێن (semi – vowes) لە قەڵەم دەدەن، کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ جۆری (هـ) بە فۆنیم ناوزەد دەکرێن، فۆنیمی (i) لە حاڵەتێکدا گۆدەکرێت، کە هەردوو لێوەکان لێکبکشێن(ــ) لەگەڵ درکاندنی پێشەوەدا و (u) لەکاتێکدا گۆدەکرێت، کە هەردوو لێوان شێوەیەکی بازنەیی وەرگرن (‿⁀) لەگەڵ درکاندنی دواوەوەدا، کە بە شێوەی (u) گۆدەکرێت، لە حاڵەتێکدا لە کاتی درکاندنی (u)دا بێت وەک درکاندنی (i) دەردەکەوێت.

وەک هەموو بزوێنەکانی دی، (i, u, ü) شێوازی لووتیان هەیە، لێرەدا دەتوانین پەراوێزیان بخەین، چونکە بەکەمی بەکاردەهێنرێن و

شایانی تێبینیکردنن، بەهەر حاڵ، دەنگە نووسراوەکانی (in, un) لە زمانی فەڕەنسیدا، لە ڕاستیدا (i) و (u)ی لووتی نین (بڕوانە شێوەی خوارەوە)، ئایا (i)ی کپی تێدایە، مەبەستم ئەوەیە بە دەنگێکی قورگیانە گۆ دەکرێت؟

هەمان پرسیار دەربارەی (u, ü) لەبارەی هەموو بزوێنەکان خۆی دەخاتەڕوو، ئەم فۆنیمانە وەک نەبزوێنە کپەکان بوونیان هەیە، بەڵام لەگەڵ بزوێنە کپەکان تێکەڵ نابن، مەبەستم بزوێنە گۆکراوەکان لەگەڵ دەرچەی زوڕناکە. بزوێنە کپەکان لە (h, s) دەچن، کە پێشیان گۆ دەکرێن، ئەویش لەمانەدا: (hi) و (i)، کە یەکەمجار دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت بەبێ لەرەکە، پاشان (i) ئاسایی دەردەچێت.

**و. سازگەی پێنجەم:** e, o

| i | u | ü |
|---|---|---|
| _4f | =4i | =4f |
| ~ | ~ | ~ |
| [ ] | [ ] | [ ] |

درکاندنی فۆنیمەکانی جۆری (و) وەکو درکاندنی (i, u, ü)ە، بە تەواوەتی بزوێنە لووتییەکان پەیدا دەکەن، بۆ نموونە بزوێنە

فەڕەنسـییەكانی (è,    õ,ö) وەک (ئەسـمەر brun)، (پـرد pont)، (سنەوبەری ئەناناسpin) شێوازی کپن، کە ئەم کپەن: (h) لە ( he, hö, ho).

تێبینـی (N.B): زۆر لە زمانەكـان چەنـد پـلەیەک لە سـازگەكان لەناو جۆری (و)دا دەردەخەن ـ بۆ نموونە ـ لە زمانی فەڕەنسیدا لانی کەم دوو گـروپ هەن، کە یەكێكیـان داخـراوە(o,ö,e): وەک (پشـت dos) و (زەنـــــــگdè) و (دوو deux)، و ئەوی دیكەشـــــــیان كـراوەیە(o,ö,e): (كوشـتن meurtre) و (مـردن mort) و (دەریـا mer).

| e | o | ö | è | ō | ȫ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ـ5f<br>~<br>[ ] | =5i<br>~<br>[ ] | =5f<br>~<br>[ ] | ـ5f<br>~<br>....... | =5i<br>~<br>....... | =5f<br>~<br>[ ] |

**ز ـ سازگەی شەشەم:**

(a) سـازگەیەكی ئەوپەڕی هەیە، ئەم بـزوێنە شـێوازێكی لـووتی هەیەـ (á) لاوازە و زۆر تەسـكترە، بـا ڕوونتـر تێـبگەین ـ و (a) شێوازێكی دەنگی كپە (h) (ha).

| | |
|---|---|
| a | á |
| _6i<br>~<br>[ ] | _6i<br>~<br>....... |

# بەشی دووەم
# فۆنیم لەناو زنجیرەی ئاخاوتندا

## ١. پێویستی توێژینەوەی دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا

دەتوانین شیکارێکی وردی دەنگەکانی ئاخاوتن لە توێژینەوە تایبەتەکان بدۆزینەوە، بەتایبەتی لە توێژینەوەکانی دەنگناسە ئینگلیزەکان، بەڵام ئایا بە تەنیا شیکارێکی ورد بۆ دەنگسازی لە بواری زمانەوانیدا ڕۆڵی یارمەتیدەر دەبینن؟، ئەم ڕێژەییە لە خستنەڕووی وردەکارییەکان لە خودی خۆیان بەبەها نین، گرنگ لێرەدا تەنیا پێکهێنانەکەیە. زمانەوان پێویستی بەوە نییە ببێتە دەنگسازێکی کارامە، بەڵکو داوای هەندێک لە پێدراوەکان دەکات، بۆ ئەوەی توێژینەوە دەربارەی زمان بکات. میتۆدی دەنگسازی لە شتێکدا هەڵەی هەیە، کە ئەمەیە:

زۆرجاران دەنگناسەکان ئەوە لە بیر دەکەن، کە زمان تەنیا لە کۆمەڵە دەنگێک پێکنایەت، بەڵکو لە درێژکردنەوەی دەنگە گۆکراوەکانیشی پێکدێت، ئەوا تا هەنووکە گرنگی پێویست بەو پەیوەندییانە نادەن، کە لەنێوان دەنگەکاندا هەن. ئەم پەیوەندییانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە یەکدی جیاناکرێنەوە، چونکە بڕگەکان لە دەنگەکانیان ئاسانتر دەگونجێن و هاوشێوە دەکرێن (بەندی یەکەم، بەشی حەوتەم)، هەندێک سیستەمی سەرەتایی هەن، کە لە نووسیندا بەکاردەهێنرێن، تێبینی یەکەکانی بڕگەیان کردووە، لەم دواییەشدا

سیستەمی ئەلفوبێی داهێنرا. هەمیشەیەکی سادە لە ئارادا نییە ئاماژە بەو شڵەژاوییە لە زمانەوانیدا هەیە بکات، ئەگەر لە چرکەساتێکدا هەموو بووەتە دیاردەیەک لە زمانێکدا، ئەوا ئەم گۆڕانە هیچ بەرهەمێکی نابێت، زمانەوان دەتوانێت ئەم دیاردەیە تۆمار بکات، بەبێ ئەوەی لەڕووی دەنگەوە هەوڵی شرۆڤەکردنی بدات. لەوکاتەدا دەنگسازی بەهایەکی مەزنی دەبێت، کە دوو توخم یان چەند توخمێک هاریکارییەکی ناوخۆییان دەبێت، چونکە گۆڕانەکانی هەر توخمێک بەو گۆڕانانەوە دیاردەبێت، کە لە توخم یان فرەجۆرییەکانی دی دروست دەبن، ڕاستەقینەیەک هەیە، ئەویش دوو توخم هەن پەیوەندییەک و یاسایەک دروست دەکەن، ئەمەش جیاوازی لەگەڵ گوزارشتە سادەکەدا هەیە، ئینجا ئەگەر بە دوای بنەمایەکی دەنگیدا بگەڕێین، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەم زانستە لەگەڵ خۆیدا دژاودژ دەبێت، ئەویش بە لایەنگیری چەند دەنگێکی تاک و تەنیا، دوو فۆنیم بەسن بۆ سەرهەڵدانی ئەم شڵەژاوییە لە زمانی ئەڵمانی پەتی دێریندا، بۆ نموونە ئەم وشانە:

(hagl, balg, wagen,lang,donr,dorn)

لە دوایدا گۆڕاون و بەمشێوەیەیان لێهاتووە:

(hagnl, balg, wagan, aonr, lang, donnal ,dom).

ئەنجامەکانیش بەپێی سروشت و جۆری فۆنیمەکان دەگۆڕێن، کە بەشدارییان کردووە، یان بەکارهێنراون، هەندێکجار بزوێنەکە لەنێوان نەبزوێنە بنەڕەتییەکاندا دەردەکەوێت، کۆکردنەوەش جاری وا هەیە ساغ دەردەچێت.

بەڵام چـۆن دەتـوانین یاسـاکە دابڕێـژینەوە؟ لە کوێـدا جیـاوازی سـەرهەڵدەدات؟ بێگومـان ئەم جیـاوازییە لە کۆبـوونەوەی ئەم نەبزوێنانەشەوە سەرهەڵدەدات (gi, ig, gn, etc)، کە لە وشـەکاندا هەن. هەمـوو کۆبـوونەوەیەک ڕوونە، کە دەنگێکـی تـەقیوی لەخـۆ گرتووە، کە پێشگر یان پاشگرێک بە دەنگێکی نەرم یان دەنگێکی لووتی پێوە لکاوە. بەڵام ئایا ئەمە ئاماژە بۆچی دەکات؟ هەر چەند سەیری ئەم دوو دەنگە بکەین (g , n)، بەو حیسابەی دوو ڕێژەی گونجاون، ناتوانین هۆکارەکەی تێبگەین، تەنیا بە هۆکاری جۆری پەیوەندییەکانەوە لەگەڵ ئەمانە (n -g),(g-n)، کە پێویستە کاریگەری بـکەنە سـەر ئـەنجامەکان لەگـەڵ جـۆری فۆنۆلـۆجی (phonology of species)، هەروەها هێشتا دەرفەت بۆ زانستی دیـکە هەن، کە زۆر جیـایە و تێیـدا کـۆمەڵە دوانەییەکـان و بەدوایـەکهاتنی فۆنۆلـۆجی وەک خـاڵی دەسـتپێک بەکـاردەهێنێـت، ئەمەش لە بواری توێژینەوەی دەنگە تەنیاکان بەتەواوەتی جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیدا هەیە، لێرەدا تەنیا ئەوە بەسە تێبینی بارودۆخی ئەندامەکانی درکاندن بکەین، و سیفەتی بیستنی فۆنیم بە پرس هەژمار ناکرێت، چونکە بە ئەندامی گوێ لای مرۆڤ دەستنیشان دەکرێـت، بەڵام لەڕووی درکانـدنەوە قسـەکەر ئـازادییەکی ڕەهـا و بێسنووری هەیە، کاتێک دوو دەنگی وابەستە دەدرکێنین، ئەوا ئەم مەسەلەیە سادە نییە، هەمیشە پێویستە لە مێشکی خۆماندا ئەگەری دژاودژی لەنێـوان بەرهەمەکە و ئەو ئـەنجامەی خوازیـارین پێـی بگەین، بەهەند وەرگرین، ئێمە هەمیشە توانای درکاندنی ئەو شتانە

نین، کە دەمانەوێ بیانڵێین، ئازادی لە بەستنەوەی جۆرەکانی دەنگ، پەیوەنـدی بە توانـای بەسـتنەوەی جووڵـەکانی درکانـدنەوە هەیە، ئەویش بۆ پێشکەشکردنی ئامارێک دەربارەی ئەو شتانەی دەکرێ لەناو کۆمەڵەکەدا جێگۆڕکێیان پێ بکرێت، کە پێویستی بە بوونی دەنگسازی هەیە و وەکو هاوکێشـەکانی ماتماتیـک چارەسـەری جووڵەکانی درکاندن دەکات.

کۆبوونەوەی دوانەیی پێویستی بە کۆمەڵە توخمێکی بیستن و میکانیکی هەیە، کە هەریەکە ئەوی دی بە نۆرە دیاریدەکەن، گۆڕانکاری لە هەر یەکێکیان، بە نۆرە دیاریدەکەن، گۆڕان لە هەر یەکێکیان ئەنجامی هەڵگەڕاوەیی و پێویست و بەرچاوی لەسەر ئەوانی دی دەبێت.

لە ڕووداوی دەنگداندا (درکاندن Phoational)، تاکە شتێک خاسیەتی جیهانی لەخۆ دەگرێت و لە سەرووی جیاوازییەکانەوە هەژماری بۆ دەکرێت، کە لە بواری فۆنیمی ناوخۆییەکاندا بوونیان هەیە، ئەو بەدوایەکهاتنە میکانیکییەیە، کە جووڵەی درکاندن ئەنجامی دەدەن. لێرەدا گرنگی فۆنەتیکی پێکهاتەیی لە زمانەوانیی گشتیدا ڕوونبووەوە، کەچی زمانەوانیی کۆن بەگشتی چەند یاسایەک بۆ درکاندنی هەموو دەنگەکان پێشکەش دەکات - بۆ ئەو توخمە گۆڕدراو و سەرپێیانەی لە زمانەکاندا هەن - و سنوورەکانیان دەستنیشان دەکات، فۆنەتیکی پێکهاتەیی تواناکان دەستنیشان دەکات و پەیوەندییە چەسپاوەکانی فۆنیمە نووساوەکان یارمەتی دەدات، حاڵەتی (halg, balg) ، ئەم مەسەلەیەی دەربارەی دەنگە گڕەکان

له هێندۆئەوروپیدا هەیە دەخاتەڕوو، ئێستاش فۆنەتیکی پێکهاتەیی تا ڕاددەیەکی زۆر دەبێتە هاریکار لە چارەسەرکردنی مەسەلەکاندا، چونکە کۆکردنەوەی برِگەیی فۆنیمەکان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی تاکە مەرامێکی سەرەکیانە. ئەمەش تاکە گرفت نییە ڕووبەڕووی ئەم میتۆدە دەبێتەوە، ڕاستەقینەیەکی ڕوون و ئاشکراش لە ئارادا هەیە ئەوەیە، کە ئێمە ناتوانین باس لە دەنگە گرِەکان بکەین، تا ڕێزێکی تەواو بەو یاسا و ڕێسایانە نەبەخشین، کە کۆنترۆڵی پێکهاتەی فۆنیمەکان دەکەن.

### ٢. تەقیوی ناوخۆیی و تەقیوی دەرەکی

لە تێبینییەکی سەرەکییەوە دەستپێدەکەم:

جیاوازییـــەکی ڕوون لە درکانـــدنی دەنگـــی(p) لەمـــانەدا هەیە: (appa)، درکانـــدنی (p)ی یەکەم لە ئـــەنجامی داخســـتن و (p)ی دووەمیش لە ئـەنجامی ئازادبووندا پەیدادەبێت. هەردوو بۆچوونەکە وەک یەکن، تەنانەت دەنگناسـەکان(Phoneticians) پیتـی (p)ییـان بەکارهێنـاوە، تـاکو بتـوانن بەدوایـەکهاتنی (pp) تۆمـار بـکەن، بەڵام ئـێمە دەتـوانین ئەم هێمـا تایبەتـانە(< >) بـەکاربێنین، تـاکو ئەم جیـاوازی نێـوان: (appa) ڕوون بکەیـنەوە و هەردووکیـان لەکـاتی بەدوایەکنەهاتنیان بەراورد بکەین(ئەمانە لەگەڵ یەکدیدا بەراورد بکە: (ap▸ta, at ◂pa) ئەم جیاوازییە بۆ هەموو دەنگە تـەقیوو و هەمـوو دەنگە خشۆکەکان(af▸◂fa) و هەموو دەنـگە لووتییەکـان(am▸ ◂ma)

و دەنگە نەرمەکان (al► ◄la) دەستدەدات، هەروەها بۆ هەموو فۆنیمەکانیش بەگشتی بەکەڵک دێت، کە هەموو نەبزوێنەکان جگە لە (a o► ◄o a) لەخۆ دەگرن.

ئێستا هاوڕابووین لەسەر ئەوەی داخستن تەقیوی ناوخۆییەو ئازادبوونیش (دەرپەڕین) تەقیوی دەرەکییە، لێرەدا (p) یان تەقیوی ناوخۆیی (p►) دەبێت، یان تەقیوی دەرەکی (p◄) دەبێت، دەشتوانین بە هەمان شێوە باس لە دەنگە داخراو و کراوەکان بکەین، بێگومان دەتوانین لەپاڵ تەقیوی ناوخۆیی و دەرەکی ناوبر بدۆزینەوە، ئەویش لە کاتێکدا تەقیوکە درێژبێت، ئەگەر سازگەی فۆنیمەکە فراوان بوو بەراوردی ئەمە بکە: (alla) of (l) the، ئەوا دەرچوونی خودی دەنگەکە بەردەوام دەبێت، کەچی ئەندامەکانی درکاندن جووڵە ناکەن و بە چەسپاوی دەمێننەوە. بەشێوەیەکی گشتی هەموو زنجیرەکانی دەنگ درێژبوونەوەی مامناوەندی لەخۆ دەگرێت، من لێرەدا بە (ڕاگیرەکان ـ دەرگیرەکان ـ هەڵوەستەکان) ناوزەدیان دەکەم، بەڵام ئەمانە لە درکاندنی تەقیوی ناوخۆیی دەچن، چونکە کاریگەرییەکانیان وەکو یەکن، لەم چەند لاپەڕەیەی داهاتووشدا گرنگی بە تەقیوەکانی ناوەوە و دەرەوە دەدەم و بە تەنیا باسیان لێوە دەکەم.

ئەو میتۆدەی دەستنیشانم کرد، ئەوا لە چارەسەرکردنێکی گشتگیری فۆنەتیکدا پەسند ناکرێت، بەڵام دەتوانین لەو پلانە پێشنیازکراوەدا پاساوی بۆ بهێنینەوە، کە بۆ کورتکردنەوەی بنەما

بڕگەییەکان دانراوە، تاکو پلانەکە بەپێی توانا ئاسان بێت. من لێرەدا لاف و گەزافی ئەوە لێنادەم، کە کێشـەکان بە دابەشکردنی زنجیرەی ئاخاوتن بۆ چەند بڕگەیەک چارەسەر دەکەم، بەڵام بە سادەیی دەڵێم چەند یاسایەکی لۆجیکی بۆ لێکۆڵینەوە لە گرفتەکە پێشکەش دەکەم.

تێبینییەکـی گرنگـی دیـکە هەیە، ئەوەیە جووڵەکـانی داخسـتن و کـرانەوەی پێویسـت بـۆ دەرکردنـی دەنگەکـان پێویسـتە، تـاکو لەگـەڵ سازگە جۆراوجۆرەکانی خودی دەنگەکان تێکەڵ نەبێت. هەر فۆنیمێک (phoneme) لە هەمـان کاتـدا دەکـرێ تـەقیوی نـاوخۆیی و تـەقیوی دەرەکیش بێت، بەڵام سازگەکە تەقیوی ناوخۆیی و دەرەکی دروست ناکـــات، بەشـــێوەیەک هەردوو جـــووڵەکە لە کـــاتی فراوانبـــوونی سـازگەکەدا، دیاریکردنیـان کەمتـر دەبێـت. لەم دەنگـانە (i, u, ü) جیاوازی ڕوونتر دەبێت، لە (ai˃ ˂ia) دەتوانین (i)ی داخراو و (i) کراوە بزانین، بە لێکچوونی (a u˃˂u a) و (a ü˃ ˂ü a) دەنگی تەقیوی ناوەوە و دەنگی تەقیوی دەرەکییەکەش جیاوازییەکی زۆریان هەیە، تەنـانەت نووسـین لە هەنـدێک حاڵەتـدا ڕێـڕەوەکەی خـۆی دەشکێنێت و جیاوازی دەچەسپێنێت، پیتی (w)ی ئینگلیزی و (i)ی ئەڵمانی و (y)ی فەڕەنسی زۆرجاران لە وشەی (چاوەکان ـ yeux) گوزارشت لە دەنگە کراوەکان دەکەن بەرانبەر بە (uemli)، کە ئەم دوانە بەکاردەهێنن (i) ,(u). بەڵام کاتێک سازگەکە فراوان بێت، بۆ نموونە (o) ,(e)، ئەوا لەم حاڵەتەدا جیاکردنەوەی تەقیوی ناوەوە و دەرەوە لەڕووی کـردەییەوە سـەخت و دژوار دەبێـت، هەروەهـا

دەکرێ وێنای ئەم جیاوازییە لەڕووی تیۆرییەوە بکەین، (ئەمانە بەراورد بکە: a o‣ ◂o a, a e‣ ◂e a).

لە کۆتاییدا، هەروەک پێشووتر بینیمان، کرانەوەیەکی ڕەهای سازگەکە هەموو جیاوازییەکان لادەبات، دەنگی (a) هیچ تەقیوەیەکی ناوەکی یان دەرەکی لەخۆ ناگرێت، لەبەر ئەوە پێویستە جارێکی دیکە نەخشەی فۆنیمەکان دووقات بکرێت، جگە لە (a) نەبێت، لیستی خوارەوەش تایبەتە بە یەکە ڕەگییەکان، کە کورتکردنەوە پەسند ناکەن، ئەمە دەخەنەڕوو:

| | |
|---|---|
| p◂ | p‣ |
| f◂ | f‣ |
| m◂ | m‣ |
| r◂ | r‣ |
| y◂ | y‣ |
| e◂ | e‣ |

دوور لەو جیاوازییانەی لە ڕووی ئەلفوبێیەوە دەستنیشانکراون (◂i ,u‣)، بەجوانی لە شێوەی (w, y) پارێزگارییان لێدەکەم، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بۆچوونەکەم، پاشان دەردەکەوێت (بڕوانە بەشی حەوتەم) بۆ یەکەمجار لە سادەیی و ڕەهاییەوە چووینە دەرێ.

ئێستاش بۆ یەکەمجار شتە بەرجەستەکان دەبینین، یەکە ڕەگییەکان کە شوێنێک دەگرنەوە و لەگەڵ لێدانی زنجیرەی ئاخاوتندا

دەگونجێن، (p) تەنیا یەکەیەکە بوونی هەیە و سیفەتە هاوبەشەکان (p► and p◄) بەیەکەوە گرێ دەدەن، ئەو یەکانەی بەشێوەیەکی کردەیی بوونیان هەیە و بە هەمان شێوە مانەوەی ڕەهایی فراوان بۆ دەنگە زارەکییەکان (p, b, m) بەیەکدییەوە دەبەستنەوە، ئێمە باس لە (p) دەکەین، وەک بلێی ڕەگەزێکە لە ئاژەڵان، نێر و مێی تێدایە.

پێشتر  توخمە ڕووتەکانمان گریمانە و پۆلێنمان کرد، بەڵام پێویستە شتی بەرجەستەمان دەستکەوێت. فۆنەتیک هەڵەیەکی گەورەی ئەنجامدا، کاتێک توخمە ڕووتەکانی بە یەکەی ڕاستەقینە هەژمارکرد، بەبێ ئەوەی بەوردی دەستنیشان یان پێناسەی یەکەکە تاقیبکاتەوە. ئەلفوبێی یۆنانی لە جیاکردنەوەی توخمە ڕووتەکان سەرکەوتووبوو ـ ئەم دەستکەوتە پێویستی بە شیکردنەوەی زیاتر هەیە(بڕوانە پاشکۆکان، بەشی یەکەم). ئەوە ماوە بلێین شیکردنەوەی ئەلفوبێیەکان لە زمانی یۆنانیدا کەموکورت بوون، چونکە بەتەواوەتی جێبەجێ نەکران.

ئایا بەتەواوەتی (p)ی چییە؟ بە ئیعتیبارە کاتییەکەی وەک بەشێک بێت لە زنجیرەی ئاخاوتن، ئەمە بەتایبەت (p‣ nor ‣p) نییە و تا ئێستاکە لە (p‣ ‣p) کەمترە، ئەم کۆبوونەوەیە کرایەوە و بەڕوونی دابەشبووتە سەر توخمەکانی خۆی، ئەگەر لە دەرەوەی زنجیرەی ئاخاوتن باسبکەین، ئەوا دەبێتە شتێک، کە هیچ بوونێکی سەربەخۆی نییە و ناتوانین هیچ شتێکی لێبکەین، ئایا کۆبوونەوەی L + g بە تەنیا چییە؟ دوو دەنگی ڕووت ناتوانن چرکەیەکی کات پێکبهێنن. بەڵام با باسی (‣lk‣, ‣lk‣, ‣lk‣, ‣lk‣) بکەین، بەمشێوەیە

توخمە ڕەگییەکانی ئاخاوتن کۆدەکاتەوە، کە بە شتێکی جیاواز هەژمار دەکرێت، بەمشێوەیەش دەبینین چۆن دوو توخم بەشی دەکەن بۆ شڵەژان و تێکدانی فۆنەتیکی کۆن، هەروەها دەبینین کار لەگەڵ فۆنیمە ڕووتەکان ـ هەروەک ئەوەی ڕوویداوە دروستە.

تیۆرێک هەیە دەڵێت لە هەر فۆنیمێکی سادە و گرنگ لەناو زنجیرەی ئاخاوتندا بۆ نموونە (P) لە(pa) یان (apa) تەقیوی ناوەکی و دەرەکی یەک لەدوای یەک ڕوودەدەن.

بێگومان هەر دەستپێکردنێک (ئازادبوونێک)، پێویستە داخرانی لەپێشەوە هاتبێت، با نموونەیەکی دی بهێنینەوە: لە کاتی درکاندنی (r˃p˂)، پێویستە یەکەمجار داخرانێک بۆ درکاندنی (r) دابمەزرێنین، پاشان (r)ی کراوە[١]، کەچی داخرانی (p) بە هەردوو لێوان پێکنایەت، بەڵام لێرەدا خوازیارم بۆچوونی خۆم بخەمەڕوو، تاکو ئەو ڕەخنەیە وەڵام بدەمەوە. دەربارەی ڕوودانی درکاندن، دەبێ تەنیا توخمە هەمەچەشنەکان بەهەند وەربگرم، کە پێدراوێکی جیاواز بۆ گوێ دروست دەکەن و دەرفەتی دەستنیشانکردنی یەکەکانی بیستن بۆ زنجیرەی ئاخاوتن دەرەخسێنن. پێویستیشە یەکەکانی ئامێری دەنگی فیزیایی بەهەند وەربگرین بۆ پێوانی شەپۆلەکانی دەنگ، لەم حاڵەتەدا درکاندنی ناچاری تەقینی دەنگی لەپاڵ تەقیوی ناوەوەی دەنگی لە لای من هیچ بوونێکیان نابێت، چونکە دەنگێکی کپ بەرهەم

---

١- وشەی (کراوە) و (داخراو)م لە ڕووی زاراوەییەوە بەکارهێناوە، تاکو لەگەڵ وشەی (سەر ـ فتحة)ی عەرەبی تێکەڵ نەبێت، کە وەک هێمایەکی شیکردنەوە بەکاردەهێنرێت، چونکە کردنەوەی گۆکردن بەکاردەهێنرێت.

ناهێنێت، یان لانی کەم گرنگییەکی ئەوتۆی لە زنجیرەی فۆنیمەکان نابێت، پێویستە لەم خاڵە سەرەکییە بە تەواوەتی تێبگەین، تاکو لەم پێشڤەچوونانە تێبگەین.

**٣. کۆبوونەوە هەمەجۆرەکانی تەقیوە ناوەکی و دەرەکییەکانی زنجیرەکە**

ئێستا بڕوانە ئەو بەرهەمەی لە هەموو بەدوایەکهاتنی چوار کۆبوونەوەکە پەیدا دەبێت، لەو تەقیوە دەرەکی و ناوخۆییانەی، لەڕووی تیۆرییەوە ئەگەری بوونیان هەیە:

١. (< >)   ٢.(><)   ٣.(<<)   ٤.(>>)

**١. کۆبوونەوەی تەقیوی دەرەکی و ناوەکی (< >):** بەبێ شکاندنی زنجیرەی ئاخاوتن، دەتوانین هەمیشە فۆنیمە تەقیوە دەرەکیی و ناوەکییەکان بەیەکەوە ببەستینەوە:

◂K▸r, ◂p▸i, ◂y▸m, etc (e. g. sau skrit ◂k rt▸a English, p ◂i▸ ty:proto, indo- European ◂y▸ m to - etc.)

بێگومان هەندێک کۆبوونەوە هەن، وەکو (◂k t▸).. هتد، هیچ بەرهەمێکی بیستنی نییە، کەچی ڕاستەقینەکە دەمێنێت، ئەویش ئەوەیە (k)ی کراوە دەرپەڕێنین بە وازهێنان لە ئەندامەکانی درکاندن لە بارودۆخە ڕاستەکەیدا، تاکو لە خاڵێکی دیاریکراودا پرۆسەی داخستنەکە ڕووبدات و هەردوو جووڵەی درکاندنیش تێکەڵی یەکدی نەبن.

**٢ـ کۆبوونەوەی تەقیوی ناوەکی و دەرەکی (< >):** لەژێر سایەی هەمان بارودۆخدا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەمان ئەو خاڵانە، دەتوانین هەمیشە فۆنیمەکانی تەقیوی دەرەکی و ناوەکی بەیەکەوە ببەستینەوە:

i˃ m˂, k˃ i˂, etc (eg, Greek, ha ima, English active, etc)

بێگومان چرکەساتەکانی بەدوایەکهاتنی درکاندن، بەدوای یەکدا نایەن، بەهەمان شێوە لە سیستەمی بەرەواژی کۆکردنەوەی ژمارە (١) ئەنجاممماندا.

جیاوازی نێوان تەقیوی دەرەکی و تەقیوی ناوخۆیی ئەمانەن:

تەقیوی دەرەکی بەرەو وەلانانی ئەندامەکانی درکاندن دەڕوات، بەشداری لە چرکەکەی دواییدا ناکات، بەڵام تەقیوی ناوەکی بارودۆخێکی دیاریکراو وەردەگرێت، کە ناکرێ خاڵی دەستپێکی هیچ تەقیوەکی دەرەکی لەخۆبگرێت، لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە هەمیشە پەنابەرێتە بەر جووڵەیەکی تاڕاددەیەک ئاسان، تاکو ئەندامە پێویستەکانی درکاندنی فۆنیمی دووەم بخاتە بارودۆخی ڕاست و دروستی خۆیەوە، بەڵام ڕێکارەکانی درکاندنی (s) لە کۆمەڵەی (s˃ p˂). بۆ نموونە ـ پێویستە تیایدا هەردوو لێوەکان دابخرێن، تاکو بۆ (p)ی کراوە ئامادەبن، بەڵام بە وەرگرتنی شارەزایی زیاتر دەردەکەوێت، کە ئاسانکردنی جووڵە هیچ کاریگەرییەکی کارای نییە، چونکە دەنگێکی جیا بەرهەمدێنێت، کە لە هەموو حاڵەتەکاندا دژ بە بەدوایەکهاتنی زنجیرەکە نییە.

**٣. پەیوەندی تەقیوی دەرەکی[١] (<<):** ئەگەری ڕوودانی دوو تەقیوی دەرەکی بە دواییەکدا هەیە، بەڵام ئەگەر ئەوەی دووەم پەیوەندی بە فۆنیمەکەوە هەبوو، کە خاوەن یەک سازگەی کەمترە یا یەکسانە پێی، ئەوا ئەوەی لە یەکەی بیستن دەستدەکەوێت، کە لە حاڵەتی پێچەوانەکەی دروست دەبێت، یان لە بەدوایەکهاتنی ئەم کۆبوونەوانە (١، ٢) ئەمانە دادەنێت:

درکاندنی ◂pk◂a = ◂pk◂ بۆی هەیە بەمشێوەیە بێت، بەڵام ئەم دەنگانە نابنە زنجیرەیەک، چونکە جۆرەکانی (p,k) هەمان سازگەیان هەیە، ئەمەش درکاندنێکی دیکەی ناسروشتییە، کە لە ڕاوەستانەوە پەیدا دەبێت پاش (a)ی یەکەم لە (cha, p◂k◂a)، بەرانبەر ئەوەش (r◂ p◂) ئەوەمان تێدەگەیەنێت، کە بەردەوامییەک لە ئارادا هەیە (بەراورد بکە price)، هیچ دژوارییەک دروست مەکە r◂ y◂ (وشەی فەڕەنسی هیچ: rien) بەراوردبکە، کەواتە؟ لەبەر ئەوەی تەقیوی دەرەکی یەکەم لە هەمان ئان و ساتدا ڕوودەدات، ئەندامەکانی درکاندنیش شوێنی خۆیان گرتووە، بۆ ئەوەی تەقیوی دەرەکی دووەم بەبێ ئاستەنگ لەگەڵ بەرهەمی بیستنی یەکەمدا ڕووبدات، بەمشێوەیە ئەندامەکان ئامادەن لە بارودۆخی دروستی خۆیاندا بۆ درکاندنی (r) لە وشەی (price)، کەچی (p) لە حاڵەتی درکاندندایە. بەڵام مەحاڵە بەرەواژی کۆمەڵەکەی (rp) درکاندن بکرێت، چونکە

[١]- لێرەدا هەڵەیەک لە چاپکردن، یان لە خودی وەرگێڕدا ڕوویداوە(چونکە شرۆڤەکە باس لە تەقیوی دەرەکی دەکات)، ئاماژەکەش هەر بەمشێوەیەیە.

مەحـــاڵبوونەکەی میکـــانیکییە، دەتــوانین خۆمـــان ئامـــادە بکەیـــن بـــۆ درکاندنی (p◂) لە کـاتی درکانـدنی (r)ی کـراوە، بەڵام لەبەر هۆکـاری جـووڵەی (r)، کە بەرانبـەر بە سـازگەی بچـووکترەکە (p◂) دروسـت دەبێت، ئەوا ناتوانین پێی بگەین. لێرەدا دوو جووڵە هەیە، کە لە یەک دابـڕاون، بـا (p◂ r◂) وا لێـبکەین بیسـتراو بێـت، پێویستیشـە دەنـگ دەرچوونەکە ببڕدرێت.

پەیوەندی تەقیوی دەرەکی بۆی هەیە دوو توخم زیاتر لەخۆ بگرێت، جگە لەمەش هەموو سازگەیەکی پاشکۆ لە سازگەکەی پێشوو فراوانتر دەبێت (بۆ نموونە a w◂ r◂ k◂)، سەرباری هەندێک حاڵەتی تایبەت، کە نەمتوانی بەدرێژی باسیان بکەم، سنووری سروشتی ژمارەی تەقیوی دەرەکی لەڕووی کردەییەوە دەکاتە پلەی سازگە جیاوازەکە.

**٤. پەیوەندی تەقیوی ناوەکی (<<):** یاسای بەرانبەر پەیوەندی تەقیوی ناوەکی کۆنترۆڵ دەکات، کاتێک فۆنیمێک زیاتر لە فۆنیمەکەی پاش خۆی کراوەتر دەبێت، ئەوا پێدراوی بەردەوامبوونی دەبێت، بۆ نموونە (t‣ r‣) و(r‣ i‣)، ئەگەر ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتەش نەبینەوە ـ ئەگەر فۆنیمی پاش خۆی لە هەموویان زیاتر کراوەتربوو، یان حاڵەتێکی وای هەبوو، کە پێشووتر بەرانبەری نەبووەوە ـ ئەوا درکاندن ئەگەری سەرهەڵدانی هەیە، بەڵام پێدراوە بەردەوامەکە دژاودژ دەکەوێتەوە: (‣rta ‣s ‣a in ‣r ‣a) بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەمان شتە، وەک : pka che in ‣k ‣p.

ئەم دیاردەیە لەو دیاردەیە دەچێت، کە شیکارکردنی تەقیوی دەرەکی لە هەموو ڕوویەکەوە ئەنجام داوە: (▸t th ▸t ▸r ni)، ئەویش بەهۆی تەسکبوونی سازگەکەی، (r)ەکە لە تەقیوە دەرەکییەکەی دەبەخشرێ، لە پەیوەندی وەک ▸r ▸m ، کە لە چەند فۆنیمێک لە شوێنەکانی درکاندنە هەمەچەشنەکانی پێکدێت، هەروەها (▸m) نابێتە هۆی بەخشینی (r) لە تەقیوی دەرەکی، بەڵام لە هەمان ئەنجام نزیک دەبێتەوە، ئەویش بە ڕووماڵکردنی تەقیوە دەرەکییەکەی بەتەواوەتی، لەلایەکی دیکەوە هەروەک لە سیستەمە بەرەواژەکەیدا هەیە: (▸r ▸m) تەقیوی دەرەکی بنەڕەتی وەرگیراو پەیدا دەبێت، لەدوایدا شکاندنی زنجیرەی ئاخاوتن ئەنجام دەدات.

پەیوەندی تەقیوی ناوەکی هەر لە پەیوەندی تەقیوی دەرەکی دەچێت، کە بۆی هەیە بەڕوونی و ئاشکرایی دوو توخم زیاتر لەخۆ بگرێت، بەو مەرجەی هەریەکە سازگەیەکیان هەبێت لە سازگەکەی پاش خۆیان فراوانتر و والاتر بێت (بەراورد بکە: arst).

لێرەدا واز لە شکاندنی پەیوەندییەکان دێنین و دەگەڕێینەوە سەر زنجیرەی ئەو ئاساییە بەردەوامەی، کە پێویستە ئەندامێتی (فسیۆلۆجی) لەسەری ڕێککەوتوو بێت ــ هەروەک لە زمانی فەڕەنسی بەم وشەیە نوێنەرایەتی کراوە: ◂i ▸u ◂k ▸i ◂t ▸r ▸a ◂p ▸e ◂m ▸r ◂e ▸y. لێرەدا زنجیرەکە بەوە جیاکارە، کە بەدوایەکهاتنی پەیوەندییەکان لەخۆدەگرێت، کە هاوپلەبەندی و

یەکانگیر و هاوشێوەیە لەگەڵ بەدوایەکهاتنە ئازادەکان و  و پەستانی ئەندامەکانی درکاندن(کرانەوە و داخستن) پەنگبوونەتەوە.

ئەم دەستنیشانکردنەی زنجیرە ئاساییەکە وا لە تێبینییەکانی دوای خۆی دەکات، کە زۆر گرنگن، ئەگەری سەرهەڵدانیان لە ئارادابێت.

**٤. سنووری بڕگە و لوتکەی جووڵە** voca lic peak:

گواستنەوە لە تەقیوی ناوەکییەوە بۆ تەقیوی دەرەکی لەناو زنجیرە دەنگییەکەدا، بەرهەمێکی جیاواز بە دەستەوە دەدات، کە بە سنووری بڕگەیی ئاماژەی بۆ دەکرێت (بۆ نموونە(lk) لە (particuilerement).

سازانی بنەما میکانیکییەکە و بەرهەمی بیستنی دەستنیشانکراو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کۆبوونەوەی هەردوو تەقیوی ناوەکی و دەرەکی لە فۆنەتیکدا مافی بوونی هەیە، خاسیەتەکانیشی چەسپاوە، هەرچەندە چەند جۆرێکی هەیە و پێکی دەهێنێت، ئەمانە نموونەیەک پێکدەهێنن، کە چەند جۆرێک لەخۆ دەگرن، بەو ڕێژەیەی دەکرێ کۆمەڵەکانی تێدا بەدیبهێنین.

سنووری بڕگەیی هەندێکجار لە چەند خاڵێکدا و لە هەمان کۆمەڵە فۆنیمێکدا دەردەکەوێت و پشت بە خێرایی گواستنەوە لە تەقیوی ناوەکییەوە بۆ دەرەکی دەبەستێت بۆ نموونە لە وشەی (ardra)دا، نە ئەم دابەشکردنە بۆ وشەی (a˃ r˃ d˂ r˂ a˃) و نە ئەمەش a˃ r˃ d˃ r˂ a˃ زنجیرەکە ناشکێنن، چونکە هەردوو پەیوەندییە

تەقیوەکەی ناوەکی: (▸a ▸r ▸d) و دەرەکییەکە (◂d ◂r) بەشێنەیی دەگۆڕدرێن.

هەمان شت پیادە دەبێتە سەر: (▸u ◂l ◂y ▸a) لە ( u ◂l ◂y ▸e (▸or. ▸u ◂l ◂y▸e) (particolierement)، دووەمیش تێبینی ئەوە دەکەین لە حاڵەتی گواستنەوە لە متبوون تا دەگاتە تەقیوی ناوەکی یەکەم (<) . بۆ نموونە part in artist . یان لە تەقیوی دەرەکییەوە بۆ ناوەکی (< >) بۆ نموونە part in particolierement ـ ئەو دەنگەی ژمارەیەک تەقیوی ناوەکی دروستدەکەن، کە جیاوازییان لەگەڵ دەنگەکانی نزیکیدا هەیە. ئەویش بەهۆی ئەو بەرهەمە دەنگییە تایبەتەی دروستی دەکات، بەرهەمی دەنگی بە هیچ شێوەیەک پشت بە فراوانی سازگەی دەنگی (a) نابەستێت، چونکە لە (◂p ▸t r)دا دەنگی (r) هەمان بەرهەمی دەبێت، چونکە بە تەقیوی ناوەکی یەکەم نووساوە، یان هاوڕەگکراوە، ئەمیش بەدەر لە لێکدانەوەی جۆرەکانی دەنگی: واتە پلەکەی لە سازگەکەدا، ئینجا هەرچەندە تەقیوی ناوەکی ڕوودات پاش متبوون یان پاش تەقیوە دەرەکییەکە، کاریگەرییەکی زۆری دەبێت، ئەو دەنگەی کە مۆرکێکی ڕواڵەتی دەنگی دروست دەکات و لوتکە دەنگییەکە پێکدەهێنێت.

هەروەها لوتکەکانی دەنگ بە بزوێن ناوزەد دەکرێن، هەموو دەنگەکانی دیکەش لە هەمان بڕگەدا بە نەبزوێن ناودەبرێن، بزوێنەکان و نەبزوێنەکان چەندەها جۆر پێکدەهێنن، لەلایەکی دیکەوە بزوێن و نەبزوێنەکان . ئاماژە بەو ئەرکانە دەکەن، کە لەناو

بڕگەکاندا هەن، سیستەمی دوانەیی زاراوەکەش ئەو ڕاڕاییەی لابرد، کە ماوەیەکی زۆر بوونی هەبوو.

ئیدی بەمشێوەیە دەبینین جۆری یەکەم هەمان ئەو جۆرەیە لە فەڕەنسیدا هەیە: (پێ pied) و (دڵسۆز fldèle) ئەمە پیتی بزوێنە، بەڵام هەر گرە لە وشەی (fidele) و نەبزوێنە لە وشەی (pied)، شیکارکردنەکان دەریدەخەن، کە بزوێنەکان هەمیشە تەقیوی ناوەکین، کەچی نەبزوێنەکان ئەگەری ئەوە هەیە تەقیوی ناوەکی یان دەرەکی بن.

پرۆسەی شیکردنەوە جەخت لەسەر ئەو جیاوازییانە دەکەنەوە، کە لەنێوان هەردوو جۆرەکەدا هەن، بەشێوەیەکی پەیاپەی (e, o, a)، هەروەها بە شێوەی بزوێنیش بوونیان هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا ڕێکەوتێکە، چونکە سازگەیەکی فراوانتری هەیە، وەک لە سازگەی دەنگەکانی دی و دەکەوێتە سەرەتای زنجیرەی تەقیوە ناوەکییەکە، بە پێچەوانەی ئەو تەقینەوانەی لە سازگەی تەسکیان هەیە. هەموویان بە بەردەوامی نەبزوێنن، لەکاتی جێبەجێکردنیاندا فۆنیمەکانی سازگەکانی (٢، ٣، ٤) (لووتی، نەرم)، ئەمانە ڕۆڵێکی دیکە دەبینن بە پشتبەستن بە دەنگە نزیکەکان و بە سروشتی درکاندنیان.

**٥. ڕەخنە لە تیۆرەکانی دابەشکردنی بڕگە:**

گوێیەکان درک بە هەموو دابەشبوونێکی بڕگەیی لە زنجیرەی ئاخاوتندا دەکەن، هەروەها لە هەموو بڕگەیەکدا درک بە دەنگی بزوێن دەکەن. لەگەڵ بەردەوامبوونی بە عاجباتی زانینی هۆکاری ڕاست و دروستییان، دەتوانین ئەم دوو ڕاستەقینەیە پەسند بکەین.

چەندین شرۆڤە بۆ ئەمە پێشکەشکراون:

١. چەند دەنگێک تێبینی کراوە لەوانی دی گڕترن، هەندێک توێژەر هەوڵیانداوە بۆ بونیادنانی بڕگەکان لەسەر بنەمای دەنگبەرزی لەناو فۆنیمەکاندا، بەڵام چۆن فۆنیمی گڕی وەکو (u)،(i) (بۆ دروستکردنی بڕگەکان پێویست نییە؟) دروستکردنی بڕگەکان هەندە پێویست نین، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا دەڵێین ئایا فۆنیمی گڕ لە حاڵەتی دەنگە خشۆکەییەکاندا چ پلە و پێگەیەکی هەیە، وەکو (s)ی بڕگەیی، بۆ نموونە (pst)، ئەگەر گڕی تاڕاددەیەک لەلایەن دەنگەکانەوە پەیوەندیداربوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەهێز دەبێت، ئایا لێرەدا چۆن دەتوانین ئەم کۆبوونەوانە شرۆڤە بکەین، وەکو (wi) (بۆ نموونە لەم وشە هیندۆئەوروپی بنەڕەتدا (گورگwikos)، کە لەڕووی بڕگەییەوە بە کەمترین و بچووکترین توخمی نەزانراوی وشەکە هەژمار دەکرێت؟

٢. سیڤیرز (E. Sievers) یەکەم کەس بوو ئاماژەی بەوە کرد، کە دەنگی پۆلێنکراو بزوێنێکە و مەرج نییە پاش ڕوودانی مۆرکێکی دەنگی گڕ ببەخشێت(بۆ نموونە پێشوتر بینیمان (y،w) تەنیا بریتییە لە(u, i) و هیچی تر)، بەڵام دەربارەی ئەو کەسەی لەوە دەپرسێت

بۆچی پێویستە دەنگ ئەرکێکی دوانەیی هەبێت، یان بەرهەمێکی بیستنی دوانەیی هەبێت، لەبەر هۆکاری ئەرکی (fanction) تەنیا مانای ئەمەیە، ئەوا بەمشێوەیە وەڵام دەدرێتەوە: ئەرکی دەنگێکی دیاریکراو پشت بە پەسندکردنی هێزی بڕگە لەلایەن دەنگەوە، ئەمە بازنەیەکی بۆش و بەتاڵە، ئەگەر لەژێر سایەی هەموو بارودۆخەکاندا ئازادبوویت لە دانانی هێزی بڕگە، کە دەنگە گڕەکان دروست دەکەن لە هەر شوێنێکدا بێت، لەم کاتەدا هێز بە دەنگی گڕ ناودەبرێت، بەڵام ئەگەر بڕگەکە مانای هەر شتێک بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێویستە ماناکەی لە یاسا بڕگەییەکانەوە داتاشرا بێت (لەو یاسایانەی موڵکی بڕگەکەیە)، نەک لەبەر ئەوەی ئەم یاسایانە نوقسانن یان بوونیان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی جۆری دەنگبەرزییەکە یان گڕەکە وەسفکراوە، هەروەک بڵێی دروستکردن و پێکهێنانی بڕگەکان پشت بە هێزی بڕگە دەبەستێت.

جیاوازی نێوان میتۆدەکەمان و هەردوو میتۆدەکەی پێشوو (١ + ٢) ڕوونبووەوە، ئەویش بە شیکردنەوەی بڕگەکان هەروەک چۆن لە زنجیرەکەدا ڕوودەدات، لێرەدا یەکە ڕەگییەکانی (irreducible) دەنگە کراوە و داخراوەکان دەبینین، ئینجا بە کۆکردنەوەی ئەم یەکانە دەتوانین سنوورە بڕگەکە و لوتکە دەنگییەکە شارەزا بین، ئیدی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت لەژێر چ بارودۆخێکی فسیۆلۆجیدا پێویستە کاریگەرییەکانی بیستن ڕووبدەن. ئەو تیۆرانەی پێشوەخت ڕەخنەمان لێگرتن، لەسەر ڕێگای پێچەوانەی توێژینەوەکە تێپەڕیان کردووە، پێشنیازی تیۆرەکان دەهێنرێنەوە، تاکو ببنە ئاماژەیەک بۆ

بــڕگە و شـــوێنی دەنگــبەرزی، لە جــۆری تـــاکی دەنگەکـــەیــدا لە کۆمەڵەیەکی سنورداری فۆنیمەکان پێکهاتووە، لەم حاڵەتەدا درکاندنی دەنگ سروشتی ترە و ئاسانترە لە درکاندنی هەر دەنگێکی دی، بەڵام بەهــۆی ئەگەری هەڵبــژاردن و فراوانبــوونی لە کــرانەوە و داخرانــی درکانــدنی نەبزوێنەکــان بەردەوام دەبــن. بــڕگە بــۆ هەڵبــژاردن و دەستنیشـانکردن زیـاتر پشـت بە جۆری دەنگی دەبەستێت، بێگومـان تیۆرەکەشــم هەمــوو مەســەلەکان چارەســەر ناکــات، بــۆ نمــوونە بەیەکگەیشـتنی دوو بـزوێن (Hiatus) زۆرجـاران ئەمە ڕوودەدات - پەیوەنـدی تـەقیوی نـاوخۆیی هەڵوەشـاوە بەمەبـەسـت یـاخود بەبـێ مەبەست.

ئەم حاڵەتە بەئاسانی دەردەکەون، ئەویش لەکاتێکدا جۆری دەنگ ســــازگەیەکی فراوانـــــی هەبێـــــت. پەیوەنـــــدییە تـــــەقیوە دەرەکییەکان (دابڕاون) پلەبەند نین، لەنـاو زنجیرە دەنگییەکەدا وەکو گـروپە ئاسـاییەکان بوونیـان هەیە. پێشـوەخت نموونەیەکیشـم بۆیـان هێنـایەوە (kteino)، یـان بەدوایـەکهاتنی وەرگـرە pzta: کە دەکـرێ بەشێوەیەکی نائاسایی درکاندن بکرێت (◂p ▸z ◂t ▸a)، پێویسـتە دوو بڕگە پێکبهێنێت و دوو بڕگەی هەبێت لەکـاتی درکاندنی دەنگی (z)ی قــوڕگی بەشــێوەیەکی ورد یـــان جیاکـــەرەوە، بـــەڵام ئەگـــەر (z) شـــاردرایەوە، ئەوا دژاودژی ئەم درکانــدنە و درکانـــدنی (a) بەش ناکـات، چـونکە (z) یەکـێکە لەو فۆنیمانـەی لە یەک سـازگە کەمتریـان پێویســـتە، ئـــەنجامیش یەک بـــڕگە تێبینـــی دەکرێـــت و شـــێوەیەکی لێکچووی ئەمەی پێ دەوترێت: (◂p ◂z ◂t ▸a).

له هەمـوو پەیوەنـدییە تەقیـوە دابڕاوەکانـدا کاتێـک خواسـت و مەبەسـت هەبـن، ئەوا دەتـوانین پێویسـتییە فسـیۆلۆجییەکان (ئەندامییەکان) تاڕاددەیەک وەلانێین.

دەستنیشـانکردنی ئەو شـتانەی مەبەسـتمانن یـان ئەندامین(فسـیۆلۆجین)، زۆرجـاران سـەخت و دژوار دەبـن، بەڵام فۆنـەتیک (phonation) پشت بە بەدوایـەکهاتنی تـەقیوە نـاوخۆیی و دەرەکییەکان دەبەستێت، ئەمەش مەسەلەیەکی بنەڕەتییە لە پرۆسـەی پێکهێنانی بڕگەکاندا (syllabication).

## ٦. درێژی مەودای تەقیوی ناوەکی و تەقیوی دەرەکی

شـیکردنەوەمان بـۆ بڕگەکـان لە پرۆسـەی یـان ئەرکـی تـەقیوی دەرەکـی و تـەقیوی ناوەکییەکـان پەلمـان دەکێشـێت، بـۆ ئەوەی تێبینییەکـی گرنـگ بکەیـن، چـونکە ئەم پرۆسـەیە لەڕووی پێـوەرەوە گشتاندنی ڕاستەقینەیە.

ئێمە دەتـوانین دوو جـۆری بـزوێنە درێژەکـان لە زمـانی لاتینـی و یۆنانی جیابکەینەوە:

بزوێنـی درێـژی سروشـتی (máter) و بزوێنـی درێـژ بەپێـی بـارودۆخەکەی یـان حـاڵەتەکەی (fáctus)، ئایـا بـۆچی (fac) لە وشـەی (factus) بە درێـژ هەژمـارکراوە، ئایا لەبەر ئەم کۆمەڵـەی (ct)؟ نەخێـر، چـونکە ئەگەر کۆبـوونەوەکە بە تـەنیا درێـژییەکە دەستنیشـان بکـات، ئەوا لەم حـاڵەتەدا هەمـوو بـڕگەیەک بە دوو

نەبزوێن دەستپێبکات، درێژ دەبێت، بەڵام ئەمە هیچ ڕاست نییە و هەڵەیە (بەراورد cliens بکە).

هۆکاری ڕاستەقینە ئەوەیە، تەقیوی دەرەکی و ناوەکی هەمەجۆرن، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەڕووی درێژییەوە، یەکەمیان خێرایە، بەشێوەیەک گوێ ناتوانێت بیپێوێت، لەبەر ئەم هۆکارە مۆرکێکی دەنگیانەی لێ ڕوونادات، ئەوەی دەتوانین بیپێوین، تەنیا تەقیوی ناوەکییەکەیە، بەشێوەیەک هەست بەوە دەکەین، ماوەیەکی زۆر لەسەر بزوێنەکە دەمێنینەوە، کە لە کاتی تەقیوی ناوەکیدا ڕوودەدات.

لەپاڵ ئەمەش، دەزانین بزوێنەکان پێش کۆمەڵەی (combinstion) تەقیوی یان خشۆکی یان نەرمییەکە دەردەکەون، بە دوو ڕێگا چارەسەر دەکرێن: (a) لە (patron) بۆی هەیە درێژ یان کورت بێت، بنەماکە لە هەر نموونەیەکی دیکەدا هەر یەکە. (t‣◂r) و (◂t◂r) بە هەمان ئاسانی گۆ دەکرێت میتۆدی یەکەمی درکاندن دەرفەت بۆ (a) دەرەخسێنێت، تاکو بەکورتی بمێنێتەوە، دووەمیش برگەیەکی درێژ دروست دەکات. هەمان چارەسەرییە دوانەییەکەی (a) لە وشەیەکی وەکو (factus) دروست نابێت، چونکە دەتوانین (t◂ c‣) بدرکێنین، کەچی ناتوانین (t◂ c◂) بدرکێنین.

**٧. فۆنیمەکانی سازگەی چوارەم، بزوێنە دوانەییەکان، چەند پرسیارێک دەربارەی نووسین**

لە کۆتاییدا دەڵێین: فۆنیمەکان لە سازگەی چوارەم وا دەخوازن هەندێک تێبینی دیکە بخەینەڕوو.

بەرانبەر ئەمە بینیمان لەگەڵ دەنگەکانی دیکەدا چی ڕوودەدات، پرۆسەی بەکارهێنان دوو بارودۆخی وێنەی نووسینی لەیەک جیادەکاتەوە (w = ◂u u = ▸u, y = ◂i, i= ▸i)، هۆکارەکەش سادەیە: لە گروپەکانی وەک: (aiya, auwe) جیاوازییەکانی نێوان ئازادەکان و داخراوەکان لە هەموو شتێکی دیکە بەگوڕترن، (u◂ i and ▸i) هەردووکیان مۆرکێکی دەنگیانەی ڕوون دەبەخشن، (u◂ i and ◂i) مۆرکێکی دەنگیانەی وەستاو دەبەخشن، لێرەدا بەبێ ئەوەی لاف و گەزافی ئەوە لێ بدەم، کە شرۆڤەی ڕاستەقینەکە دەکەم، خوازیارم ئەوە دەربخەم، کە (i)ی بزوێن، هەمان شوێنەواری نابێت وەکو (y) لە وشەی (ayya) (ئەمانە بەراورد بکە: boy لە زمانی ئینگلیزی و pied لە زمانی فەڕەنسی)، لە ڕووی بارودۆخ یان ئەرکەوە، (y)ی دەنگێکی نەبزوێنە و (i)ی دەنگێکی بزوێنە، چونکە هەمەچەشنەیی جۆری یەکەم بێلایەنانە ڕوونادات، هەمان تێبینییەکان پیادە دەبێتە سەر:(u , w: ü , ẅ).

توێژینەوەکەی پێشوو بابەتی بزوێنی دوانەیی ڕوون دەکاتەوە. جۆرێکی تایبەتی پەیوەندی تەقیوی دەرەکییەکەیە تەنیا ( ▸a ▸r t a and ▸a ▸u t a) هەردووکیان بەشێوەیەکی تەواوەتی هاوتەریبن،

سازگەی توخمی دووەم بە هەمان شێوە بەتەنیایی جیایە، بزوێنی لێکدراو تەقیوی ناوەکییە، فۆنیمی دووەم لەناویدا کراوە دەبێت و مۆرکێکی (imbression) بیستنی جیاواز دروست دەکات.

لێرەدا پێویستە بڵێین گرِی لە توخمی دووەمی کۆبوونەوەکەدا بەردەوام دەبێت، بەرانبەر بەمەش کۆبوونەوەیەکی وەکو: (◂t ◂y a) جیایە لەگەڵ کۆبوونەوەیەکی وەکو (◂t ◂r a) تەنیا لە پلەی سازگەی تەقیوی کۆتاییەکەدا، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو شتەی دەنگسازەکان ناوی دەنێن بزوێنی لێکدراوی نزم، کە بزوێنی لێکدراوی ڕاستەقینە نین، بەڵکو کۆبوونەوەی تەقیوی دەرەکی و ناوەکین، کە توخمی یەکەم تیایاندا هیچ شوێنەوار و بەرهەمێکی بیستنی جیاواز دروست ناکات، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیی کراوەش بێت (t y a).

کۆبوونەوەکانی وەکو: (▸u o, ▸i a) لەگەڵ بوونی هێز لەسەر (▸u and ▸i) (بۆ نموونە buob, liab لە چەند شێوەزارێکی زمانی ئەڵمانیدا هەن)، کە بە بزوێنی لێکدراوی بێ بنەما هەژمار دەکرێن، چونکە شکستیان هێنا لە ئەنجامدانی مۆرکێک دەربارەی ئەو یەکەیەی بەهۆی (▸ou, ▸a ▸i, etc)ەوە بەرهەمهێنەرە.

ئێمە ناتوانین (uo) بدرکێنین بەو حیسابەی دوو تەقیوی ناوەکی + تەقیوی دەرەکین، و خۆمان لە جیاکردنەوەی پەیوەندییەکە بەدوور بگرین، بەبێ پێویستی بەهیچ ئامرازێک بۆ سەپاندنی یەکەیەکی دەستکرد بەگوێرەی کۆبوونەوەکە.

بزوێنـــی لێکـــدراو پەیوەنـــدی تەقیـــوە ناوەکییەکـــان بە بنەمـــا گشتییەکەوە دەیانلکێنێت ـ پێمان وایە ـ شتێکی دژاودژ نییە و ناتوانین لە دووتـوێی دیـاردە زمـانەوانییە دەنگیـیەکەدا پۆلێنیـان بکەیـن، هـیچ مەبەسـتمان نیـیە بیـانخەینە بـواری جـۆرێکی تـایبەتەوە، سـیفەتی تاکخوازی یان هەڵاوێردی لە بزوێنی لێکدراودا هەیە، لە بنەڕەتدا هیچ سـوودێک یـان گرنگییەکـی نیـیە، ئەوەی گـرنگە سـەرەتای بەرزبوونەوەی دەنگ دەستنیشان بکرێت، نەک کۆتاییەکەی.

ی. سیڤیرز (E. Sievers) و زۆر لە زمانەوانانی دیکە لە پرۆسەی نووسیندا دوو شتیان لە یەک جیاکردۆتەوە:

i,u,ü,r,n. etc and i,u,ü,r,n. etc (i = ussilbisck(i)

هەروەها نووسیانە:(mirta, mairta,miarta)، کەچی من وام نووسیووە: (mirto, mairta, myarta)، لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی کە: بۆ هەمان جۆری دەنگ دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ئەمە پێویستی بە هێمایەکی ڕەگەزی گشتی هەیە بۆ هەردووکیان (لەکاتێکدا دەبێ پابەند بێت بە چەمکی ئەوەی زنجیرە دەنگییەکە لە چەند جۆرێکی نزیک و دراوسێ پێکدێن.

نووسینەکەیان لەسەر بەڵگەی دەمی (oral evidence) بوونیاد نـراوە، نـالۆجیکییە، هـەروەها جیاوازییـە وردەکەش کە پێویسـتە ڕووبـــدات پەراوێـــزی دەخـــات: (i,u(y.w، هەردووکیـــان کراوەن(تێکەڵکێش دەبن) لەگەڵ هەردوو ئەم پەنگخـواردووەدا (i, u) (بۆ نموونە دەتوانن هەردوو (newo , neuo) لەیەک جیا بکەنەوە، بەرانبـەر بەمە، هەردوو پەنگخـواردووەکە دەکـرێنە دوو بەشـەوە

(بــەراورد بــکە: (mirta , mairta). لێــرەدا چەنــد نمــوونەیەک هەن دەربـــارەی ئەو دژوارییـــانەی لە بەکارهێنـــانی سیســـتەمی (ئـــا. ســـیڤیرز)ەوە ســـەرهەڵدەدەن، یەکەمیـــان: (rhewo , rheume) بەرانبەر بە (old Greek dwis and du is against).

لەژێر سایەی هەمان بارودۆخی دەنگیدا ئەم دوو دژاودژییە بەتەواوەتی دروستبوون، ئەمەش هەمیشە بە هەمان هێماکانی نووسین ئاماژەیان بۆ دەکرێت: (u)، یان (w)ی کراوە دەبێت یان (u)ی داخراو دەبێت، و پشت بەوە دەبەستێت، ئایا فۆنیمی دی زیاتر کراوەیە یان زیاتر داخراوە، بەڵام وێنەکانی نووسین ( duis, duis, rheuo, rheuma)، ئەم دژاودژیانەش بە هەمان شێوە ڕادەماڵرێن و نامێنن، لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکاندا هەردوو کۆمەڵەکە دەبینین.

mater, materes, matrsu, sunea, sunewai, sanewes,sunusu

بەتەواوەتــی هــاوتەریبن لە چارەســەرکردنی دوانــەیی بــۆ ئەم دوو دەنگە: (r , u)، لە کـۆمەڵەی دووەمـدا بە لای کەمییەوە دژاودژی نێــوان تــەقیوی نــاوەکی و تــەقیوی دەرەکــی لە نووســیندا ڕوون و ئاشـــکران، بەڵام وێـــنە نووســـینەکەی کە ڕەخـــنەم لێگـــرت (sunusu, suneues,suneusi, suneu)دژاودژیـــــــــــیەکە دەشــارێتەوە، واتە بــوونی جیاوازییەکــانی نێــوان دەنگــە کــراوە و داخراوەکاندا (u, w, etc) پێویستە نەک تەنیا پارێزگاری لێ بکرێت، بەڵکو بگشتێندرێت، تاکو هەموو سیستەمەکە بگرێتەوە، پێویستە بەم

جۆرە بنووسرێت (máter,matpai, matepes, matrso) پاش ئەویش ئەرکە برگەییەکە دەردەکەوێت و دیاردەبێت و لوتکە دەنگییەکان و سنوورە برگەییەکان دەدۆزرێنەوە.

## تێبینی بالی نووسیویەتی:

ئەو تیۆرانەی باسکران، ڕووناکیان خستۆتە سەر چەند گرفتێک، کە (دی سۆسێر) لە وانەکانی خۆیدا باسیانی لێوە کردووە، لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

١ـ (سیڤرز sievers) پێی وایە (bertunun,beritnnnn) لە زمانی ئەڵمانیدا نموونەیەکی نموونەییە بۆ ڕوونکردنەوەی دەنگی تاک، دەکرێ بە نۆرە دووجار کاربکات، وەکو دەنگێکی بەرز و دوو جاریش وەکو دەنگێکی نزم (نەبزوێن)، (هەمیشە n یەکجار وەکو دەنگێکی نەبزوێن کاردەکات، پێویستیشە وشەکە (beritnnn) بەمشێوەیەی وتمان بنووسرێت، بەڵام ئەمە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە).

هیچ نموونەیەک نییە بەڕوونی زیاتر ئەوەمان نیشان بدات، کە دەنگ و جۆری هاوواتا نین، یان وەکیەک نین، چونکە ئەگەر لەسەر دەنگەکە (n) دابنێین، واتە تەقیوی ناوەکییە، ئەوە ئەنجامەکە دەبێتە برگەیەکی درێژ، با نۆرەیەک لە (a) و (n)ی گڕ و کپ دابمەزرێنین، پێویستە لەسەرمان لەم حاڵەتەدا لە تەقیوی ناوخۆوە (n) بچینەوە سەر تەقیوی دەرەکییەکە (n)، لێرەدا هەردوو تەقیوە ناوەکییەکە لەپێشیانەوە تەقیوەکی ناوەکی دیکەیان نییە و هەردووکیان گڕن.

٢ـ له وشــه فەڕەنسـييەكانی وەكـو (كرێكـار ouvrier) و (بكـوژ meurtrier) و (كۆتاييەكان trier–vrier) تەنیا یەک بڕگە پێكدێنێت، بەبێ بەهەند وەرگرتنی چۆنێتی دركاندنەكەیان بەشێوەیەكی كردەیی، له كۆتاییدا قسەكەران له دوو بڕگەدا دەیاندركێنن.

(meur – trier) به ناوبڕ یان بەبێ ناوبڕ، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: (◂t ◂r ▸i ▸e ort◂ ◂ri▸ ◂y ▸e) ئەم گۆڕانە له ئەنجامی دانانی هێزی بڕگە لەسەر توخمەكە نییە، بەڵام به گۆڕینی دركاندنی له تەقیوی دەرەكییەوە بۆ تەقیوی ناوەكی ئەم حاڵەتە دروستبووە.

دركاندنی گشتی وشەی (uvrire) ئەمەیە (ouvèrier)، ئەم گۆڕانە دابەشكردنی (vrier) بۆ دوو بڕگە دەگرێتەخۆ، بەڵام توخمەكەی دووەم (r) جگە لەوەی سێیەمە، دركاندنەكەی خۆی گۆڕیوە و بووە گڕ:(uvr◂ ◂y ▸e uvr▸ ◂y ▸e)، بۆیە (e) له بەرانبەر (r)ی گڕ پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە.

٣ـ لێرەدا پێویستە حاڵەتە ناودارەكەی بزوێنە زیادەكان بەرانبەر به (s) چاوەڕێ بكەین، كه به نەبزوێنێک له زمانی فەڕەنسیدا پاشكۆكراوە:

scútum → iscútum , esca → èca, Latin(sk)

لێرەدا پەیوەندییەكی دابڕاو هەیە، (s▸k◂)، كه زیاتر سروشتییە و ئاشناترە، بەڵام (s)ی تەقیوی ناوەكی وەكو لوتكەیەكی دەنگی كار دەكات، لەكاتێكدا له سەرەتای ڕستەكەدا بێت، یان كاتێک وشەكە به نەبزوێنێكی خاوەن سازگەیەكی لاواز كۆتایی پێ بێت، یان دوو (e) زیادە ڕۆدەچن له جۆرێتی گڕەكی دەنگی (s)، هەر سیفەتێكی دەنگی

بە هەستەکان زانرا بن، مەیل بەوەیە زیاتر لە درکاندن ڕوونتربێت، لەکاتێکدا قسەکەرەکان بۆ پارێزگاریکردنیان هەوڵدەدەن، هەمان ئەم دیاردەیە بەرپرسە لە (ڕیسوابوون ـ eeclandre) و شێوەزی خەڵکی ڕەمەکی (فەڕەنسی باڵا (پەیکەر esquelatte, estalue) و (پەیکەری ئێسقان squelette). هەروەها لە درکاندنی ئامرازە پەیوەندییەکان دەردەکەوێت: ed (دەنووسرێت de tronscribed (چاوی ماسی ننش un oeil ed tenche)، لە ڕێگەی نەرمکردنەوەی مامناوەند( de tanebe became dtanche syncope)، بەڵام بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هەستەوەر بین لەم بارودۆخەدا، پێویستە (d) تەقیوی ناوەکی (taneha ˂d ˃d)، ئەنجامەکە پێشڤەچوونی بزوێنە زیادەکان دووبارە دەکاتەوە.

٤ـ هیچ پێویست نییە بگەڕێینەوە بۆ دەنگە گرەکانی هیندۆ ئەوروپی و پرسیار ئاراستە بکەین، بۆ نموونە بۆچی واژەی (hagl) لە زمانی ئەڵمانی پەتی کۆندا بۆ (hagal) گۆڕدرا، کەچی (bagl) بە ساغی مایەوە، دەنگی (L) لێرەدا ـ توخمی دووەم ـ لە پەیوەندییە تەقیوە ناوەکییەکەیە (˃b ˃a ˃l g ˃b)، وەکو نەبزوێنێکی کپ کاردەکات و هیچ هۆیەک نییە بۆ گۆڕینی ئەرکەکەی، بەڵام دەنگی (L) لە (hagl) دەنگێکی تەقیوی ناوەکی و لوتکەی دەنگییە، ئەویش لەبەر ئەوەی گرە، بەرەو پێشبردنی بزوێنێکی زیادەی کراوەتر ئەنجام داوە، (لە (a) ئەگەر وتنەوەی ئەلفوبێیەکە وەک بەڵگەیەک پەسند بکەین)، بزوێنەکە جیاوازییەکەی کەمترە، ئەویش بە تێپەڕکردنی کات، بەهەر حاڵ ئەمڕۆ (hagel) دەدرکێندرێت، دواتر ˃ha˃ g˂ l.

پەیوەندی (L) بەرپرسیارە لەو جیاوازییەی لەنێوان وشە ئەڵمانییەکە و وشە فەڕەنسییەکەدا هەیە (هەڵۆ Hagel : aiglo)، کە (L)ی داخراوی تێدایە، کەچی لە وشە فەڕەنسییەکەدا (L) کراوە و پاشکۆکراوە بە (e)ی نەبزوێن (▸e g◂ l◂a).

# بەندی یەکەم
# چەند بنەمایەکی گشتی

# بەشی یەکەم
# سروشتی هێمای زمانەوانی

### ١. ئاماژە: هێما و هێمابۆکراو

هەندێک کەس ـ لە کاتی شیکردنەوەی توخمەکانی زمان ـ وای بۆ دەڕوانن، کە تەنیا پرۆسەیەکی ناولێنانە (naming precess)، لیستێکە لەو وشانە پێکهاتووە، کە هەریەکەیان لەگەڵ ئەو ناوەی ئاماژەی بۆ دەکات، یەکدەگرێتەوە، بۆ نموونە:

ئەم بیرۆکەیە لە چەندین ڕووەوە بۆ ڕەخنەگرتن کراوەیە، لە هەمان کاتیشدا گریمانە دەکات بیروبۆچوونە ئامادەکراوەکان لەپێش وشەکانەوە بوونیان هەیە، بیر و هزرەکان هەواڵی ئەوەمان نادەنێ یاخود پێمان ڕاناگەیەنن، کە گوایە ناوەکان لە سروشتدا دەنگین یان ئەندامین (درەخت: بۆ نموونە لە توانایدا هەیە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بۆی بڕوانرێت).

لە کۆتاییدا، وامان لێدەکات گریمانەی ئەوە بکەین، کە بەستنەوەی ناو بە شتەکانەوە، لە لامان ببێتە پرۆسەیەکی ئاسان ـ لە حاڵەتێکدا شتەکە ڕاست بێت ـ بەڵام ئەم ڕێگایە لەبەر سادەیی بۆی هەیە لە ڕاستییەکان نزیکمان بکەنەوە، چونکە نیشانمان دەدەن یەکەی زمانەوانی دوانەییە و هەر یەکێک لەو دوانەییە بە یەکانگیربوونی دوو زاراوە پێکدێن.

بینیمان ـ مەرجی بەهەند وەرگرتنی بازنەی ئاخاوتن ـ هەردوو زاراوەکە هێمای زمانەوانیی دەروونی لەخۆ دەگرن و لە مێشکدا بە

هۆکاری پەیوەندییەکی کۆییەوە یەکیانگرتووە، پێویستە ئەم خاڵە چڕبکرێتەوە و بچەسپێنرێت، هێمای زمانەوانی شت و ناو ناکاتە یەک، بەڵکو بیرۆکە و وێنە دەنگییەکە یەکانگیر دەکات.

درەخت  Arbor

ئەسپ  Equds


وێنەی دەنگی دەنگە مادییەکە نییە، بەڵکو شتێکی فیزیایی ڕووتە، بەڵام مۆرکی دەروونی دەنگ ئەو پێدراوەیە، کە لە هەست و نەستماندا ڕوودەدات. وێنەی دەنگی هەستەوەرییە، ئەگەر وا ڕێککەوت بە ماددی (material) ناوزەدمان کرد، ئەوا لەم حاڵەتەشدا باز لەسەر ئەم مانایە نادەن، لە ڕێگای بەرانبەرکردنەوەی

زاراوەکەی دی لەنـــاو پرۆســـەی کۆکردنەوەکەشـــدا، بیـــرۆکەکە بەشێوەیەکی گشتی بە شتێکی ڕووت هەژمار دەکرێت.

خاسیەتی دەروونـی وێنە دەنگییەکانمـان لەکاتی تێبینیکردنمـان بـۆ قسەکانمان، ڕوون و ئاشکران.


دەتوانین قسە لەگەڵ خۆماندا بکەین، یان پارچە شیعرێک لە دڵـی خۆماندا بخوێنینەوە، بەبێ ئەوەی لێوەکانمـان و زمانمـان بجووڵێنین، لەبەر ئەوەی واژەکانی زمانەکەمان وا دەبینین، کە وێنەی دەنگین و لەســەر ئەم بنەمــایە مامەڵەیــان لەگەڵــدا دەکەیــن، پێویســتە باســی فۆنیمـەکان (phonemes) نەکەیـن، کە وشـەکانیان دروسـتکردووە، ئەم زاراوەیە چـالاکی دەنگـی دروسـت دەکـات و تـەنیا لەسـەر وشـە وتراوەکە جێبەجێ دەبێت، تاکو وێنە نـاوەکییەکە (وێنـای نـاوەکی) لە قســەکردندا بچەســپێنێت. دەتــوانین واز لەو بۆچــوون و تێگەیشــتنە هەڵەیە بێنـین، ئەویـش بە قسـەکردن لەسـەر دەنـگ و بڕگەکـانی نـاو وشـەکە و بیـر لەوە بکەیـنەوە ناوەکـان ئامـاژە بـۆ وێنەکـانی دەنـگ دەکەن.

هێمــای زمــانەوانی کیــانێکی دەروونیــیە و دوو لایەنــی هەیە، کە دەکرێ بەم وێنەیەی خوارەوە ئاماژەی بۆ بکەین:




هەردوو توخمەکە یەکەیەکی گونجاون و هەر یەکەیان خوازیاری ئەوی دیکەیە، چ هەوڵبدەین مانای وشە لاتینییەکە (arbor) بدۆزینەوە، یان ئەو وشەیەی لە زمانی لاتینی بەکاردەهێنرێت، تاکو لە بیرۆکەکە (tree)(درەخت) گوزارشت بکات، ڕوون و ئاشکرایە یاوەرییەکان ئەو زمانە دەیچەسپێنن، تاکو وەک ڕاستەقینەکە بێت، لێرەدا وێناکردنەکانی ئەوانی دیکەمان پەراوێزخست.

پێناسەکردنی هێما زمانەوانییەکە پرسیارێکی گرنگ دەربارەی زاراوەسازی دێنێتەپێش، کۆبوونەوەی بیرۆکەکە و وێنە دەنگییەکە بە هێما هەژمار دەکرێت، بەڵام لە بەکارهێنانی ئاسایی و باودا زاراوەکە مانای وێنەی دەنگی دەگەیەنێت، بۆ نموونە وشەی (درەخت - arbor) هەر یەکێک لە ئێمە ئارەزووی ئەوە دەکات لە بیری بچێت، کە درەخت (arbor) بە هێما هەژمارکراوە - ناونراوە، چونکە چەمکی درەخت لەخۆ دەگرێت، سەرباری ئەوەش ڕاستەقینەی ئەوەی بیرۆکەی لایەنی هەستەوەری هەموو بیرۆکەکە لەخۆ دەگرێت.




ئەگەر ئاماژە بە هەر سێ چەمکەکە بکرێت، ئەوا تەمومژاوییەکان لادەچن، لێرەدا سێ ناویان بۆ بەکاربهێنرێت، هەریەکەیان جێبەجێ دەبێت و دژاودژ دەکەونەوە لەگەڵ ئەوانی دی، لێرەدا وشەی هێما(signa) پارێزگاری لێدەکەم، تاکو ئاماژە بە هەموویان بکات، و لەجیاتی بیرۆکەکەش (concept) و وێنەی دەنگ ( sound – image) یەک لەدوای یەک (signifie) هێمابۆکراو و (signifiant) هێما دابنێین، هەردوو زاراوەکەی دوایی سوودی ئەوەیان هەیە، کە ئاماژە بۆ دژاودژی دەکەن و لەیەکتر جیایان دەکاتەوە و لە هەموو شتێک دووریان دەکاتەوە، کە بەشێکیان لێ پێکدەهێنن.

ئەوەی پەیوەندی بە هێماوە (sigen) هەیە، ئەگەر پەسندت کرد، زۆر بەسادەیی، چونکە هیچ وشەیەک نابینم شوێنی گرتبێتەوە، زمانی ئاسایی لەمە زیاتری پێ نییە، هێمای زمانەوانی وەک دەستنیشانکراوە دوو خاسیەتی سەرەکی هەیە، کاتێکیش ئەم دوو بنەمایە ئاشکرا دەکەم، بنەما سەرەکییەکانی توێژینەوەی لەمجۆرە دادەڕێژم.

**٢. بنەمای یەکەم: سروشتی هەڕەمەکی ئاماژە:**

پەیوەندی نێوان هێما (signifier) و هێمابۆکراو (signified) هەڕەمەکییە. ئینجا لەبەر ئەوەی گرنگی بە هەمەکییەکە دەدەم، کە لە کۆکردنەوەی هێما و هێمابۆکراوەوە بەرجەستە دەبێت، دەتوانم بڵێم: هێمای زمانەوانی هەڕەمەکییە.

بیرۆکەی (خوشک sister) هیچ پەیوەندییەکی بە نزیکایەتی ناوەکییەوە نییە لەگەڵ بەدوایەکهاتنی دەنگەکانی (s – o – r)، کە وەکو هێماییێک بۆی لە زمانی فەڕەنسیدا کاردەکات، کە دەتوانرێت نوێنەرایەتی بکەین بە بەدوایەکهاتنی دیکەی لێکچووی یەکسان و نوێنەرایەتی دەکرێت بەو جیاوازییەی لەنێوان زمانەکان و بەو ئامادەگییە بەهێزەی زمانە ئاوێتەکان هەیانە.

هێمابۆکراوی (گا ox) وەکو هێمایەک لەسەری ئەمانە (b – o – f) لەخۆ دەگرێت لەلایەنێک لە لایەنەکانیدا و (ocha – o – k – s)یش لە لایەنێکی دیکەوە لەخۆ دەگرێت.

کەس مشتومڕ لەسەر بنەمای هەڕەمەکیبوونی هێما ناکات، بەڵام زۆرجاران دۆزینەوەی ڕاستەقینەکە ئاسانترە دەبێت لە دەستنیشانکردنی شوێنە ڕاستەکەی، بنەمای یەکەم لایەنە زمانەوانییەکانی زمان کۆنترۆڵ دەکات و ئەنجامەکانیشی بێشومارن. لەڕاستیدا لە سەرەتادا هەموو ئەنجامەکانی لەڕووی ڕوونی و ئاشکراییەوە یەکسان نین، بەڵام پاش چارەسەرکردن و ڕامالکردنی زۆر لە ئاستەنگەکان، دەتوانین بیاندۆزینەوە و دەست بخەینە سەر گرنگییە بەرایییەکانی بنەماکانیان.

**تێبینییەکی گرنگ ماوە:**

کاتێک (هێماسازی Semiology) ڕێک دەبێت بەوەی زانستێکی سەربەخۆیە، ئەوا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، ئایا ئەم زانستە نموونەی لە گوزارشت و دەربڕین لەخۆ دەگرێت، کە لەسەر بنەمای هێمای سروشتی تەواودا دامەزرابێت، وەکو (ئاماژەکان Pantomime). لەو گریمانەیەی زانستی تازە پێشوازی لێکردوون و پەسندی کردوون، مەرامی سەرەکی هەموو سیستەمەکانە، کە پشت بە هەڕەمەکیبوونی هێماکەوە دەبەستن.

لە ڕاستیدا، هەموو حاڵەتەکانی گوزارشتکردن لە کۆمەڵگەدا بەکارهێنراون، پەیوەندییان بە ئاکاری گەلەکۆمەکی یان نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە . وەک شێوازەکانی قسەی ئاسایی (polite formulas)، کە ڕواڵەتێکی وایان هەیە هیچ دەربڕینێکی وا لەخۆ ناگرن، کە گوزارشت لە هەست و نەستیان بکات **(بۆ نموونە چینە کۆنەکان بۆ گوزارشتکردن لە خۆشەویستیان بۆ ئیمپراتۆرەکەیان، نۆ جار بەرانبەر بە ئیمپراتۆرەکەیان بەسەر زەویدا دەچەمانەوە).** ئەم هەست و نەستانە تارادەیەک بەگوێرەی هیچ ڕێسا و بنەمایەک بەڕێوە ناچن، ئەمە بە خۆی ڕێسایە، نەک ئەو بەها جەوهەریانەی هێماکان، کە مرۆڤ ناچار دەکەن بەکاریان بهێنێت، ئەو هێمایانەی هەمەکی و هەڕەمەکین، نموونەییبوونی بیرۆکەی هێماسازی باشتر دەچەسپێنێت و دەیانهێنێتەجێ، لەبەر ئەوە زمان ئاڵۆزتر و جیهانیترە لە هەموو سیستەمەکانی گوزارشتکردنی دیکە، جگە لەوەش لە هەموویان جیاوازترە، لەم

حـــاڵەتەدا زمـــانەوانی بـــۆی هەیە بـــۆ هەمـــوو لقەکـــانی هێماســـازی نمـــوونەیەکی جیـــاواز بێـــت، هەرچەنـــدە زمـــان تـــەنیا سیســـتەمێکی سیمۆلۆجی تایبەتە بە تاک و تەنیا.

وشەی ڕەمز (symbol) بۆ ئەوە بەکارهێنراوە، تاکو ئاماژە بە هێمای زمانەوانی بکات، یان تایبەتتر بڵێین ئاماژە بەوە دەکات ناومان نا (هێما Signifrer). بنەمای یەکەم گەر بە تەرازووی ورد بپێوین، دژی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەوەستێت، یەکێک لە خاسیەتەکانی (هێما Symbol) ئەوەیە هەڕەمیەتی هەمەکی نابێت، ئەو چوارچێوەیەکی بۆش و بەتاڵ نییە، چونکە پەیوەندییەکی بەرایی سروشتی لەنێوان (هێما و هێمابۆکراو)دا هەیە.

هێمای دادپەروەریی ـ هەردوو تای تەرازووەکە ـ ناکرێ بە ڕەمزێکی دیکە جێگۆڕکێ بکرێت، وەکو عەرەبانەیەک تایەی (Chariot) هەبێت، وشەی (arbitrary هەڕەمەکی) خوازیاری ناوەرۆکێکە، زاراوەکە پێویستە خوازیاری ئەوە نەبێت لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەستنیشانکردنی هێما تەنیا بۆ قسەکەرەکە بەجێهێڵراوە. (پاشان دەبینین هەر تاکێک توانای گۆڕینی هێماکەی بە ئارەزووی خۆی نییە، ئەگەر لە کۆمەڵگەی زمانەوانیدا چەسپا بێت)، مەبەستم ئەوەیە خۆی دەستپێک نییە، دەمەوێ بڵێم هەڕەمەکیبوون لەناویدا هیچ پەیوەندییەکی سروشتی لەگەڵ هێمابۆکراوەکە نییە.

لە کۆتاییدا، با ڕەچاوی هەردوو ئەم نارەزاییە بکەین، کە پێویستە بۆ چەسپاندنی بنەماکەی یەکەم دەربکەون:

١. لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان (onomatopoeia)، لەوانەیە بۆ چەسپاندنی ئەوە بێت، کە هەڵبژاردنی هێما هەمیشە هەڕەمەکی نییە، بەڵام شێوازەکانی لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشت، لەناو سیستەمە زمانەوانییەکەدا توخمی ئەندامی نین، لەپاڵ ئەمەش ژمارەیان کەمترە لەوەی پێشبینی دەکرێت.

وشە فەرەنسییەکانی وەکو (لێدانی زەنگ) (glas) و (قامچی fouet)، شیمانەی ئەوە هەیە هەندێکجار زەنگەکە بەدوایەک لێبدرێت، بەڵام هەمیشە ئەم خاسیەتە لەخۆ ناگرێت، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بڕوانینە شێوازە لاتینییەکەی: (fouot) لە (fagus)(درەختی زان)ەوە وەرگیراوە و (glas)(دەنگی جەرەس) لە (classicum)(دەنگی زوڕنا)ەوە داتاشراوە، ئینجا جۆری دەنگەکانی ئێستا یان ئەو سیفەتەی دەدرێتە پاڵی، ئەنجامێکی ئەو ڕێکەوتەیە لە پێشڤەچوونی دەنگەکەوە پەیدا دەبێت. سەبارەت بەو وشانەی پەیوەندییان بە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانەوە هەیە . بۆ نموونە (tick - tuik , glug – glug) بە ژمارەیانەوە سنووردار نین، بەڵکو بە هەمان شێوە تاڕاددەیەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستنیشانکراون، چونکە تەنیا نزیککردنەوەیە بۆی، هەروەها لاساییکردنەوەیەکی زاراوەییانەیە بۆ هەندێک دەنگ (بەراورد بکە: واژەی ئینگلیزی bow – bow لە زمانی فەرەنسیشدا ouaoua)، جگە لەوەش کاتێک ئەم وشانە چوونە ناو زمانەوە، ئەوا بە هەمان شێوە لەڕووی دەنگەوە و وشەسازی و.. هتد پێشڤەچوونیان بە خۆیانەوە بینییوە. هاوشێوەی

وشەکانی دی، بە هەمان شێوە ئەو پێشڤەچوونەیان بەخۆوە بینیوە (بەراورد بکە : کۆتر pigeon کە لە زمانی لاتینی بنەڕەتیدا لەناو ئاخاوتنی ڕەمەکی پێی دەوترێت: (pipio)، پاشان لە شێوازێکی دێرینی دەنگی سروشتەوە داتاشراوە)، ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی شتێکی لە خاسیەتە سەرەکییەکەی خۆی لەدەستداوە، تاکو گریمانەی ئەوە بکەین هێما زمانەوانییەکە بە شێوەیەکی گشتی نابێتە خولقێنەر بۆی.

**٢. شێوازی سەرسوڕمان** (interojections):

ئەم شێوازە بەتەواوەتی پەیوەندی بە لاساییکردنەوەی دەنگە سروشتییەکانەوە هەیە و دەتوانین بە هەمان ئەو بنەمایانەی پێشوو پەیڕەویان بکەین، گریمانەکەی ئێمە لەمەڕ بابەتەکە پووچەڵ ناکانەوە، مرۆڤ دەتوانێت گوزارشت و دەربڕینی هەڕەمەکییان تێدا بدۆزێتەوە، کە وتنەوەی ئەلفوبێی ڕاستەقینەی گرتبێتەخۆ، کە بۆ قسەکردن بە بەکارهێنانی هێزی سروشتی دەستدەدەن و بەکەڵک دێن، بەڵام دەربارەی زۆربەی زۆری شێوازەکانی سەرسوڕمان دەتوانین ئەوە ڕوونبکەینەوە، کە پەیوەندییەکی ورد لەنێوان هێمابۆکراو و هێماکەیدا هەیە.

دەربارەی ئەم خاڵە پێویستە بەراورد لەنێوان دوو زماندا بکەین، تاکو بۆمان دەربکەوێت ئەم گوزارشتانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە چەندە جیاوازییان لەنێوانیاندا هەیە.

هاوشـێوەی ئینگلیـزی بـۆ ئەم شـێوازە فەڕەنسـییە (aie!)، ئەمەیە (ouch !)، ســـــەرباری ئەمەش دەزانـــــین زۆر لە شـــــێوازەکانی سەرسوڕمان چەنـد وشـەیەک بـوون، کە ئامـاژە و مانـای تایبەتیـان هەبـــووە، بـــەراورد بکـــە: وشـــەی فەڕەنســـی (نەفرەتکـــردن (diable)،(خوداوەند[1] (mordieu).

ئینجا شێوازەکانی لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشت و شێوازەکانی سەرسوڕمان گرنگییەکی مامناوەندی هەیە، تاڕاددەیەک بنەما ڕەمزییەکەش بۆ گفتوگۆ لەسەری والایە.

**٣. بنەمای دووەم: سروشتی درێژی هێما:**( The lioear Nature of the signifier)

لەبەر ئەوەی هێما بیستنە، کەواتە لە کات دابڕاو نییە، لەوەی ئەم خاسیەتانەی هەبێت:

أ ـ درێژەپێدەری کات پێکدەهێنێت.

ب ـــ درێژەپێـــدەری کاتییەکـــان بە یەک مەودا، کـــە هـــێڵەکەیە دەستنیشانکراون، کەچی بنەماکەی دووەم ڕوون و ئاشکرایە.

زمـــانەوانە ناســـراوەکان هەمیشـــە ڕوونکردنەیـــان دەربـــارەی پەراوێزخســـتووە، بێگومـــان، چـــونکە بەســـادەییان زانیـــوە، هەرچـــی چۆنێـــک بێـــت هەر بنەڕەتیـــیە و ئەنجامەکانیشـــی هەژمـــار نـــایەن،

---

[1]- وەرگێڕە ئینگلیزییەکە بەراورد بکە:
English goodness ! and sounds ! from Gods, wounds.

گرنگییەکەی بەقەد بنەماکەی یەکەمە، ئالیەتی زمان هەموو پشتی پێدەبەستن.

لەبەرانبەردا ئاماژە بینراوەکان (visul signifiers)(هێماکانی دەریا دەتوانێت کۆمەڵە بیرۆکەیەکی هاوکات پێشکەش بکات، کە ڕەهەندی هەمەچەشنەی هەیە، هێما بیستنیەکان تەنیا مەودای کاتیان هەیە، توخمەکانیشی بە بەدوایەکهاتن جێبەجێ دەبێت و زنجیرەیەک پێکدەهێنێت.

ئەم وێناکردنە کاتێک ڕوون و ئاشکرابوو، کە بە نووسین نوێنەرایەتیکرا و گوزارشتی لێکرا و هێڵە تایبەتەکانی هێماکانی نووسینیش شوێنی بەدوایەکهاتنی کاتیان گرتەوە.

سروشتی درێژی هێما هەندێکجار بەڕوونی دەرناکەوێت، بۆ نموونە کاتێک بڕگەیەک هێزی دەخەینە سەر، ئەوا لەم حاڵەتەدا وا پێدەچێت لەسەر هەمان خاڵ زیاتر جەخت دەکەمەوە سەر توخمێکی هێما، بەڵام ئەمە خەیاڵ و فریودانە، چونکە بڕگە و هێزکەی یەک ڕووداوی دەنگی پێکدەهێنن، چونکە دوانەیی لە ڕووداوەکەدا نییە و تەنیا دژاودژی هەمەجۆری هەیە، لەمەڕ ئەو شتانەی لەپێشیدا یان لەپاشیدا دێن و سەرهەڵدەدەن.

## بەشی دووەم
## سیفەتی گۆڕان و چەسپاو لە هێمادا

### ١. چەسپاو

ئەو هێمـایەی بە ئـازادییەوە لەگـەڵ دیاردەکانـدا هەڵـدەبژێردرێت، لەمەڕ ئەو بیـــرۆکەی نـــوێنەرایەتی دەکـــات، لەنـــاو ئەو گـــرووپە زمانەوانییەی تیایدا بەکاردەهێنرێت، چەسـپاو و ئـازاد نییە، زۆری و بۆری هیچ پەیوەندییەکان بە مەسەلەکەوە نییە، ئەو هێمـایەی بەهـۆی زمـانەوە هەڵـدەبژێردرێت و ناشـتوانرێت جێگـۆڕکێی لەگەڵـدا بکرێـت، ئەم ڕاسـتەقینەیە وا پێدەچێت دژاودژی تیایـدا بەرجەسـتەبووە، بـۆی هەیە بە نـاوخۆیی (ڕەمـەکی) نـاوزەد بکرێت (کەڵەکەبووی سـەروو ـ یان زیادە the staked deck).

بە زمـان دەڵێـین: هەڵبژێـرە! بەڵام دەشـڵێین: پێویسـتە ئەم هێمـایە بێـت و هێمـایەکی دیـکە نەبێـت، تەنـانەت ئەگەر کەسـێک ئـارەزووش بکـات، ناتوانێـت شـێوازەکانی هەڵبـژاردن بـۆ ڕووداوەکە بەکاربێنێـت، لەمەش زیاتر خودی گرووپەکە ناتوانێت یەک وشـە چاودێری بکـات یان کـۆنترۆڵی بکـات، چـونکە بە بـوونی زمـانەوانییەوە پابەنـدە. زمـان ناتوانێـت لەگـەڵ یاسـای (گرێبەنـد) هاوشـێوە بێـت، لەم ڕوانـگەیەوە هێمای زمانەوانی بە بابەتێکی گرنـگ بـۆ تـوێژینەوە هەژمـار دەکرێت، چونکە زمان باشترین بەڵگە پێشـکەش دەکـات، ئەویش ئەو یاسـایەیە

کۆمەڵ پەیڕەوی لێدەکات، کە شتێکی پەسندکراوە، نەک ڕێسایەک بێت ئازادی هەڵبژاردنی بۆ ڕەخسا بێت.

با یەکەمجار ببینین بۆچی ناتوانین چاودێری هێما زمانەوانییەکە بکەین، پاشان دێین ئەنجامە گرنگەکانی ئەم دیاردەیە کۆدەکەینەوە، گرنگ نییە چ ماوەیەک هەڵدەبژێرین، یان مەودای ئەوکاتە کەیە، کە بۆی دەگەڕێینەوە، لێرەدا زمان هەمیشە دەبێتە تەرازوویەک بۆ قۆناغەکەی پێش خۆی. لەم ڕووەوە گرێبەندێک لە نێوان هزر و بیرەکان و وێنەی دەنگدا بەستراوە، بەڵام ئەم ڕووداوە هەرگیز تۆمارنەکراوە. چەمکی ئەوەی شتەکان لەوانەیە ڕوویاندابێت، بە هەمان شێوە هۆشداربوون یان ئاگادارکرانەوە بەهۆی ئەو بەئاگاییە زۆرەی بەرانبەر بە سروشتی هەڕەمەکی هێماکان هەمانە.

لەڕاستیدا کۆمەڵگەیەک نییە بزانێت یان دەیزانێت زمان بەرهەمێکی بۆماوەیی نەوەکانی پێشووە و مرۆڤیش دەبێ وەکو خۆی پەسندی بکات، لەبەر ئەوە پرسیارکردن دەربارەی بنجی ئاخاوتن هەندە گرنگ نییە، وەک ئەوەی بەگشتی پێویستە بکرێت، مەسەلەکە تەنانەت شایانی پرسیارکردنیش نییە، بابەتی ڕاستەقینەی زمانەوانی ئەو شتەیە پێی ئاشناین، ئەو ژیانە بەردەوامەی زمانەکە هەیەتی، حاڵەتی زمانە تایبەتەکە بەرهەمێکی هێزی مێژوویەکەیەتی، ئەم هێزانەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، کە ئایا بۆچی هێما گۆڕانی بەسەردا نایەت: مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئایا بۆچی ڕووبەڕووی هەموو جێگۆڕکێیەکی هەڕەمەکی دەبینەوە.

ئەگەر لە وەڵامدا بڵێین زمان شتێکی بۆماوەییە، ئەوا هیچ شتێک ڕوون نابێتەوە، وەڵامەکەش لێرەدا بەجێبێڵین، هیچ ڕوونییەکی تێدا نییە، ئایا ناکرێ ئەو یاسایانەی هەن، لە چرکەساتێکدا هەموار بکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ناڕەزایەتییە؟، پێویستە زمان بخەینە چوارچێوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەیەوە و پرسیاریش ئاراستەی هەر دەزگایەکی کۆمەڵایەتی دیکە بکەین.

ئایا چۆن دەزگا (داب و نەریتەکان institutions) کۆمەڵایەتییەکانی دی گوازراونەتەوە؟

ئەم پرسیارە گشتاندنێکی چڕی هەیە، پرسیار دەربارەی چەسپاو لەخۆ دەگرێت، پێویستە لەسەرمان مانای فراوانبوون یان تەسکبوونی دەروازەکانی - دەرفەتەکانی ئازادی دەستنیشان بکەین، کە دامودەزگاکانی دی هەیانە، لە هەموو نموونەیەکدا ڕێژەیەکی جیا لە نەریتە چەسپاوەکان و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەون. هەنگاوی دووەم بریتییە لە دۆزینەوەی هۆی بارگرانی هێزەکانی جۆری یەکەم، کێشێک زیاترە یان کەمترە لەو بارگرانییەی لەسەر هێزەکانی دووەمدایە لە جۆرێکی دیاریکراودا.

لە کۆتاییدا، دەگەڕێینەوە سەر زمان و پێویستە پرسیار بکەین، ئایا بۆچی کرێکاری گواستنەوەی مێژووی زمان بەشێوەیەکی هەمەکی هەژموونی دەبێت و هەر گۆڕانێکی فراوان و کتوپڕ قەدەغە دەکات.

بەرانبەر ئەم پرسیارە، وەڵامی زۆر هەن، بۆ نموونە پێویستە مرۆڤ ئاگای لە ڕاستەقینەیەک بێت، ئەو ڕاستەقینەیەش ئەوەیە، کە

بەدوایـەکهاتنی نەوەکـان وەک پـارچەی شـمەک لەسـەر یەک کەڵەکە نەبـوونە، بەڵکـو حـاڵەتەکە تـوانەوە و تێکەڵکێشـییە، هەمـوو نەوەیەک چەنـدەها تاکیـان تێـدا هەن، کە سـەر بە هەمـوو تەمەنەکـانن، لەگـەڵ ئەوەی گونجـانی زمـان و هەمـوارکردنی پەیوەنـدی بە بەدوایـەکهاتنی نەوەکانەوە نییە، مرۆڤیش پێویستە ڕێژەی هەوڵەکان لەیاد بهێنیتەوە، یـان ئەو کۆششـە خەرجکـراوانە بـۆ فێربـوونی زمـانی دایک لە یـادی خۆی دابنێت، و بگاتە ئەو ئـەنجامەی، کە ئەنجامـدانی گـۆڕانی زانسـت شـتێکی مەحـاڵە. جـارێکی دی پێویسـتە باسـی ئەوە بکرێـت، کە بیرکردنەوە پەیوەندی بە بەکارهێنانی چالاکی زمـان نییە، قسـەکەران بەشێوەیەکی فراوان ئاشنای یاساکانی زمان نین، ئینجا لەبەر ئەوەی قسـەکەران گرنگـی پێنـادەن، ئیـدی چـۆن هەوڵـی هەمـوارکردنەوەی دەدەن؟ خۆ ئەگەر ئاشنای ئەم یاسـایانەش بوون، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە جەخـت لەسـەر بـوونی درککـردن لەلایـان بکەیـنەوە، کە وا پێـدەچێت زیـاتر بـۆ ڕەخنەگـرتن پەلکێشـیان بکـات، چـونکە گەلان بەگشتی ڕازین بەو زمانەی لە نەوەکانی پێشووەوە پێیان گەیشـتووە و بەکـاری دەهێنن. ئەم پرسـانەی باسـمانکردن، فـرە گـرنگن، کەچـی لەگەڵ ئەوەشدا ناوخۆیی یان ئێستایی (topical) نین.

پرسـە ئێسـتاییەکان بەشـێوەیەکی گەورەتـر بنەڕەتیـی و ڕاستەوخۆن، و هەموو ئەوانی دی پشتیان پێدەبەستن.

### ١. سروشتی هەڕەمی هێماکان

پێشەکی پێویستە ئەگەری گۆڕانی تیۆریانە پەسند بکەین، بیرکردنەوەی دوور ئەوەمان پێدەبەخشێت، کە سروشتی هەڕەمەکی هێماکان لە ڕاستیدا ئەوەیە زمان لە هەموو هەموارکردنەوەیەک بەدوور دەگرێت، تەنانەت ئەگەر خەڵکی هۆشیارییەکی زیاتریان دەربارەی زمانەکەیان وەک لە پێشتر هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نازانن چۆن باسی لێوە بکەن و لێی بکۆڵنەوە، هۆکارەکەشی سادەیە، هۆیەکەی ئەوەیە هەر بابەتێک تاکو ببێتە بوارێک بۆ لێکۆڵینەوە، دەبێ خاوەن بنەمای لۆجیکی بێت، بۆ نموونە ئەگەر لەوە بکۆڵینەوە سیستەمی یەکژنی لۆجیکیترە لە فرەژنی، و گفتوگۆ لەمبارەیەوە ئەنجام بدەین و مرۆڤیش دەتوانێت گفتوگۆ لەسەر سیستەمی هێماکان بکات، چونکە ڕەمز پەیوەندییەکی لۆجیکیانەی بەو شتانەوە هەیە، کە ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵام زمان سیستەمێکە لە هێما هەڕەمەکییەکان پێکدێت، کەچی یاسا پێویستەکان لەناویدا نین و زەمینەی پتەویش نییە، هۆکارێکی ڕەوا بۆ بەباشزانینی ئەمانە نین.

### ٢. فرەیی هێماکان بۆ پێکهێنانی زمان زۆر پێویستن

لەمپەرێکی دیکەی تەموژاوی بەرانبەر بە گۆڕانی زمانەوانی هەیە، ئەویش ژمارەی هێماکانە، کە بابەتێک پەیوەندی بە بونیادی زمانەوە هەیە، سیستەمی نووسین (١٠) پیت تا (٤٠) پیت لەخۆ دەگرێت، کە دەکرێ کاتی پێویستی لەگەڵ سیستەمێکی دیکەدا جێگۆڕکێی پێ بکرێت، هەمان شتیش لەسەر زمان پیادە دەبێت، کە

ژمــارەیەکی ســنووورداری لە توخمەکــان لەخۆگرتــووە، بەڵام هێمــا زمانەوانییەکان بێشومارن.

**٣. ئاڵۆزبوونی سیستەمەکە**

زمـان سیسـتەمێکە، بەم مانـایە (لەپاشـاندا بۆمـان دەردەکەوێـت)، زمـان زۆر هەڕەمەکـی نابێت (واتە هەڕەمەکیبـوونێکی تەواو نییە)،چ ونـکە خـاوەن سیســتەمێکە، بەڵکـو بە لـۆجیکەوە بەسـتراوەتەوە و دەریـدەخات، لەلایەکـی دیـکەوە کەڵەکەبـوون نەیتوانیـوە بیگۆڕێـت، ئەمەش پرۆسـەیەکی ڕوونە، سیسـتەمی زمـان فـاکتەرێکی ئـاڵۆزە و نـاتوانین پێـی بگەیـن، مەگەر لە ڕوانگـەی بیرکـردنەوەوە نەبێـت، زۆربەی ئەوانەی بەکاریدەهێنن، نازانن چی لەناویدایە، دەتوانین تـەنیا لە بـواری گۆڕانــدا بیــری لــێ بکەیــنەوە، ئەویــش لە ڕوانگــەی دەستوەردان و باسکردنی لەلایەن پسپۆڕەکان، ڕێزمانزانەکان.. هتد، شــارەزایی فێرمــانی کــردووە، ئەوانەی پســپۆڕ نــین، هەمــوو لە لێکدانەوەیدا شکستیان هێناوە.

**٤. کەمتەرخەمی خودی کۆمەڵیانە لە ڕووی داهێنان و نوێبوونەوە**

زمـان - ئەم تـوێژینەوەیە بـاز لەسـەر ئەوانـی دی دەدات - جێـی گرنگیـدانی هەمـوو کەسـێکە و لە هەمـوو چرکەسـاتێکدا، زمـان لەنـاو کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتەوە و کاریگەری پێ دەکات، زمان شـتێکە ڕۆژانە هەمــوو بەکاریــدەهێنن، لێــرەدا نــاتوانین لەگــەڵ دەزگاکــانی دیــکە بەراوردی بکەیـن، یاسـا و سیسـتەمەکانی کـۆد (codes) ڕێوڕەسـمە

ئاینییەکان و هێماکانی دەریا.. هتد. تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو تاکانە لەخۆ دەگرن، کە لە ماوەیەکی سنووورداری کاتدا کۆبوونەتەوە، لە زماندا بەرانبەر بەمە هەموو کەسێک لە هەموو کاتێکدا لە بەکارهێنانی زمان بەشدارن، لەبەر ئەم هۆکارەیە زمان لەژێر کاریگەری هەموواندایە.

ئەم ڕاستەقینەیە بەسە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە، بۆچی شۆڕش لەنێو هەموو دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا دروست نابێت، زمان کەمتر دەستپێشخەری هەیە، زمان ئاوێتەی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگە ژیانی زمان دەپارێزێت و پەرەی پێ دەدات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڵێین زمان ئەنجامی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە، بەس نییە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە، کە لەسەر میراتی خۆی بونیاد دەنرێت، پێویستە بڵێین ئەم هێزە کۆمەڵایەتیانە بە کاتەوە پەیوەستن، بەهۆی کۆمەڵەوە ناتوانین تەنیا زمان بپشکنین و کێشی بکەین، بەڵکو پێویستە باس لە کاتیش بکەین، هەردوو ئەم شتە بەیەکەوە نووساون، پابەندبوون بە ڕابوردووەوە لە هەموو کاتێکدا کۆت و بەندمان دەکات، کاتێک دەڵێین (پیاو) و (پەڕتووک)، ئەمە مانای ئەوە نییە پەیوەندی لە کۆی دیاردەکەدا هەیە لە نێوان دوو سەدەی دژاودژدا  - زاراوە هەڕەمەکییەکە ئازادی بژارکردن و کاتی پێ باشترە، ئەمەش پرۆسەیەکە وا لە پرەنسیپی هەڵبژاردن دەکات، کە ڕاست و دروست و چەسپاو و گونجاو بێت، هێما شتێکی هەڕەمەکییە، چونکە لەسەر هیچ یاسایەک ناڕوات، تەنیا یاسای

نەریت نەبێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە نەریتی کۆمەڵگەوە هەیە، کەواتە هەڕەمەکییە.

**٢. گۆڕان:**

کات بەردەوامی زمان دەچەسپێنێت و بەسەرکەوتوویی کاریگەرییەکانی دی چارەسەر دەکات، و لەگەڵ یەکەمدا دژاودژە: خێرایی یان لەسەرەخۆیی، هێمای زمانەوانی دەگۆڕێت. بەشێوازێکی دیکە دەتوانین بڵێین لەبەر ئەم هۆکارەیە، دەتوانین هەردووکیان گۆڕان و چەسپاو باس بکەین. لە شیکاری کۆتاییدا، هەردوو ڕاستەقینەکە هەریەکەیان پشت بەوی دی دەبەستن، هێماکان دەگۆڕدرێن، چونکە نەمری بە خۆیان دەبەخشن.

ئەو شتەی گۆڕانەکان کۆنترۆڵدەکات، چەسپاون و نەگۆڕانی جەوهەرە کۆنەکەی زمانە، پەراوێزخستنی ڕابوردوو بە مەسەلەیەکی ڕێژەیی هەژمار دەکرێت، لەبەر ئەوە هەموو بنەماکانی گۆڕان لەسەر پرەنسیپی بەردەوامیبوون ڕادەوەستێت. گۆڕانی کات چەند شێوەیەکی هەیە، هەر یەکەش لەم شێوانە، لەوانەیە لەلایەن زمانەوانانەوە باسکرابێتن، ئینجا بەبێ چوونە ناو وردەکارییەکانەوە، با بزانین شتەکان پێویستییان بە نەخشە و پلان هەیە.

یەکەم: با هەڵەکان بەرەو ئەو مانایانە بچن، کە کردمانە شرۆڤەیەک بۆ پرەنسیپی گۆڕان (Change)، لەوانەیە وا بزانین پەیوەندی بە گۆڕانە دەنگییەکانەوە هەیە، کە پەیوەندییان بە هێماوە هەیە، یان لەوانەشە گۆڕانەکانی مانا بیرۆکەیەک بە باشتر بزانن، کە ئاماژەیان بۆ دەکرێت. ئەم بیرۆکە گونجاو نابێت، بەبێ ماهییەتی

هێزەکانی گۆڕان، ئینجا چ لە حاڵەتی دابڕان یان کۆبوونەوەدا بێت، چونکە هەمیش لەکاتی گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان هێمابۆکراو و هێمادا ڕوودەدات.

ئەمە چەند نموونەیەکە، واژەی (دەکوژێت necáre)ی لاتینی، لە زمانی فەرەنسی بووەتە(نوقوم دەبێت (noyer)، هەردووکیان گۆڕان بەسەر وێنەی دەنگی و بیرۆکەکەشدا دێنن، بەڵام دابڕینی هەردوو بەشی دیاردەکە سوودی نابێت.

کاتێک هەموو بەهەند وەرگرین، ئیدی لەم بوارەدا بەسە، پەیوەندی نێوان بیرۆکە و هێما کۆتایی پێهاتووە و گۆڕان لە پەیوەندییەکاندا دروستبووە، ئەگەر بەراوردکردنی واژەی (necare)ی لاتینی کلاسیکی لەگەڵ واژەی (noyer)ی فەرەنسی جێگۆڕکێ پێ بکەین، بە بەرانبەرکردنەوەی زاراوەکەی پێشوو لەگەڵ وشەی (necare)، کە لە زمانی ڕەمەکی لاتینیدا بەکاردەهێنرێت، بەو مانایانەی وشەکە لە سەدەکانی (١٤) و (١٥)دا بەکاردەهێنرا، وشەی (نوقوم دەبێت) حاڵەتەکە جیاوازی تێدایە، بەڵام جارێکی دی دەڵێین گۆڕانەکی بەرجەستەیە لە (هێما)ەکەدا و گۆڕانیشە لەو پەیوەندییەی لەنێوان بیرۆکە و هێماکەدا هەیە.

واژەی (سێیەک)(dritteil)، کە لە ئەڵمانی کۆندا بەکاردەبرێت، لە زمانی ئەڵمانی هاوچەرخدا بووە بە (Drittel)، لێرەدا بیرۆکەکە هەروەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام پەیوەندییەکە بە دوو ئاراستەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لێرەدا هێماکە تەنیا لە ڕووی ماددییەوە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بەڵکو لە شێوازی ڕێزمانیشدا گۆڕاوە،

بیرۆکـەی بەش (Teil) مـاوەیەکی زۆر بەردەوام نەبـووە، (Drittel) بە وشـەیەکی سـادە هەژمـار دەکرێت، بە هەمـوو شـێوەیەک گۆڕانی هەمیشەیی لە پەیوەندییەکاندا هەیە.

لە زمـانی ئەنگلۆساکسـۆنیدا شـێوازی پێش ئەدەبی (پێ ـ Fot) وەکو خۆی ماوەتەوە، کەچی کۆیەکەی (foti)ە و بووە بە (fèt) (بە زمـانی ئینگلیـزی هـاوچەرخ پێـی دەوترێـت feet)، ئەمەش بەبـێ لێکـدانەوەی ئەو گـۆڕانەی ئاشـنـاین پێیـان، لێـرەدا شـتێک هەیە چەسـپاوە، ئەویـش ئەوەیە لە پەیوەنـدییەکانی گـۆڕان ڕوویـداوە و یەکـانگیربوونەکەش لەنێـوان مـاددەی دەنـگەکە و بیـرۆکەکە دروستبووە.

زمـان بەشـێوەیەکی سـەرەکی ناتوانێت خـۆی بپارێزێت، دژی ئەو هێزانەی زووبەزوو پەیوەندییەکانی نێوان هێما و هێما بۆکراو تیایاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەمەش ئـەنجامێکە بۆ ئەو هەڕەمەکیبوونەی لە هێماکاندا هەیە.

بە پێچەوانەی زمـانەوە، دەزگا مرۆییەکـانی دی ـ داب و نەریت و یاسـاکان.. هتـد هەموویـان لەسـەر بنەمـای ئەو پەیوەنـدییانە دروسـتبوونە، کە لەنێـوان شـتەکاندا هەن، هەموویـان بە شـێوە و بە ڕێژەی هەمەجۆر توانـای گونجانی پێویستیان لەگەڵ ماناکاندا هەیە، بۆ گەیشـتن بە ئـەنجامەکانیان، تەنـانەت مـۆدەی جلوبەرگیش ڕێـژەی هەڕەمیبوونەکە پێکناهێنێت.

دەتـوانین تۆزقاڵێک لەو بـارودۆخە لابـدەین، کە بەهـۆی جەسـتەی مرۆڤەوە سـەپێنراوە. زمـان بەهـیچ شـتێکی پەیوەسـت بە دیـاریکردنی

ماناکانەوە سنووردار ناکرێت، چونکە هیچ شتێک نابێتە هۆکاری کۆبوونەوەی بیرۆکەکان لەگەڵ بەدوایەکهاتنی گونجاوی دەنگەکان، ئینجا ئەو بیرۆکانە هەرچی چۆنێک بن.

بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی زمان دەزگایەکی بنەڕەتی و ڕاستگۆیە (ویتنی Whitney) بە بەردەوامی جەخت دەکاتەوە سەر سروشتی هەڕەمەکی هێماکان، بەمشێوەیە زمانەوانی لە شوێنی دروستی خۆی دادەنێین. بەڵام (ویتنی) بە دوای ئەمەدا نەچوو و ئەو پێی وایە هەڕەمەکیبوونی زمان هەمەچەشنەیی و جیاوازی بۆ دروستدەکات و لە دەزگاکانی دیکە جیای دەکاتەوە، ئەمەش لەو شێوازەوە دەردەکەوێت، کە پێشڤەچوون بۆ زمان دروستدەکات. هیچ شتێک لە زمان ئاڵۆزتر نییە، بەو حیسابەی ئەنجامی هێزە کۆمەڵایەتییەکانە و کاتیش کەس ناتوانێت گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدات، لەلایەکی دیکەشەوە هەڕەمەکیبوونی هێماکانی لە ڕووی تیۆرییەوە وا دەخوازێ ئازادی تێدا دەستەبەر بووبێت، ئەویش لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان ماددەی دەنگەکە و بیرۆکەکان. ئەنجامیش ئەوەیە هەردوو توخمە یەکگرتووەکە لە چوارچێوەی هێماکەدا پارێزگاری لە بوونە تایبەتەکەی دەکەن، بەشێوەیەک و بە ڕاددەیەکی نەزانراو ئەو گۆڕانکارییە زمانەوانیانە، یان پێشڤەچوونانە لەژێر کاریگەری هەموو ئەو هێزانەدایە، کە ماناکان یان دەنگەکان جیادەکەنەوە. لێرەدا پێشڤەچوون حەتمییە، هیچ جێیەک نییە بۆ یەک زمان، کە ئەم پێشڤەچوونە پاڵبنێت، یان بەرگری لێبکات.

پـاش تێپـەڕکردنی قۆنـاغێکی کاتەکـە، دەتـوانین بە بەردەوامـی هەنـدێک گـۆڕانی ڕوون و ئاشـکرا تۆمـار بکەیـن. پێویسـتە لەم پرۆسـەیەدا جێگیربـوون هەبێـت، چـونکە ڕاسـتەقینەی زمـانە دەستکردەکان (artifioial) لەخۆ دەگرێت.

زمـان ئەو شـتانە دروسـتی دەکەن و دایـدەهێنن، ئەگەر لە بازنەیەکدا گیـری نەخواردبێـت، لەم حـاڵەتەدا دەتـوانن چـاودێری و کـۆنترۆڵی بـکەن، بەڵام لەو کـاتەی ڕۆڵـی خۆمـانی تێـدا دەگێـڕین و دەبیـنە خـاوەنی، ئەوا لەم کـاتەدا پرۆسـەکانی چـاودێری و کـۆنترۆڵکردن کۆتاییـان پێـدێت. با زمـانی (ئیسـپرانتۆ Esperanto) وەک نمـوونەیەک وەرگـرین، ئەگەر ئەم زمـانە سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنێت و پێشـبکەوێت، لەم حـاڵەتەدا ئایـا دەتوانێـت یاسـا کـۆنەکەی خـۆی یەکجـارەکی وەلا بنێـت؟ ئەمە بەتەواوەتـی لە زمـانی (ئیسـپرانتۆ) دەچێـت، کە خوازیـاری ئەوەیە بچێـتە نـاو چوارچێوەی هێماسازییەوە، زمان بەپێی ئەو یاسایانە دەڕوات و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆنـاغێکی دیـکە دەگـوازرێتەوە، کە هاوبەشـییەکی لەگـەڵ ئەو یاسـایانەدا نیـیە، کە بە شـێوەیەکی لۆجیکیـانەدا دادەمەزرێـن، لەم حاڵەتەشدا گەڕانەوە بۆ دواوە مەحاڵە.

کاتێک مرۆڤ زمـانێکی گونجاو وەردەگرێت، بۆ ئەوەی نەوەکانی دی پەسندی بکەن، وەک ئەو مریشکە وایە، کە لەسـەر هـێلکەی قاز دادەنیشێنرێت: ئەو زمانەی مرۆڤ دروستی دەکات، پێویستە لەگەڵیدا گەورە بێت و پەروەردە بێت، چ بەخۆشی و چ بەبێ ڕەزامەندی بێت، ئەویش بەگوێرەی ئەو ئاراستەیەی هەموو زمانەکان دەگرێتەوە.

هێماکـــان لەژێـــر کـــۆنترۆڵی بنەماکـــانی هێماســـازی گشـــتین، بەردەوامبوون پرۆسـەیەکە ئاوێتەبوون لەگـەڵ کـات و گۆڕانـدا لەخـۆ دەگرێت، ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزی بە سیستەمەکانی نووسـین و قسەی کەرەکانەوە هەیە، کە قسەیەکی بێدەنگانەیە...هتد.

بەڵام چ شتێک پێویستیمان بۆ گۆڕان پاڵپشت دەکات؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە لەسـەر ئەم ڕوونـنەکـردنەوەیە و جەختکـردنم لەسـەر ئەم خاڵە لۆمە بکرێم، وەک ئەوەی لە بـواری باسـکردنی بنەمـای گۆڕانـدا کـــردم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شکســـتم هێنـــاوە لە جیـــاکردنەوەی هێزەکانی گـۆڕان، پێویسـتیشـە جیاوازییەکانیـان بەهەنـد وەرگـرین، بـۆ ئەوەی بزانین تا چەندە پێویستن.

هۆکارەکانی بەردەوامبوون لەپێش هەموو شتێکەوەن لە بۆچـوونی تێبینیکـار، بەڵام هۆکارەکـانی گـۆڕان لە بـواری کاتـدا ئەوە نـین، وا باشـــترە تێگەیشـــتنێکی ورد دەربـــارەی ئەم خـــاڵە ببەخشـــین، بەڵام بەگشتی با گۆڕان لە پەیوەندییەکاندا دەستنیشان بکەین. کات هەمـوو شـتێک دەگـۆڕێـت و هـیچ هـۆیەکیش نیـیە بـۆ ئەوەی زمـان لە یاسـا جیهانییەکە دەربێنین.

بـا لێـرەدا خـاڵە سـەرەکییەکانی باسـەکەمان پێـدابچینەوە و بەو بنەمایانەوە بیانبەستینەوە، کە لە پێشەکییەکەدا دامانـنان.


١. با واز لە پێناسەکردنە بێئەنجامەکانی وشەکە بێنین، لە ڕوانگەی کۆی ئەو دیاردەیەی لە پرۆسـەکانی ئاخاوتنـدا بەرجەسـتە دەبێت، لە سەرەتاوە دوو بەش باسدەکەین: زمان و ئاخاوتن.

زمـان: ئاخـاوتنێکە تـەنیا قسـەکردنی نوقسـانە، زمـان کـۆمەڵەیەکی هەمەکـــی داب و نەریـــتە زمانەوانییەکـــانە، کە دەرفەت بـــۆ تـــاک دەرەخسێنێت لە تێگەیشتندا بەردەوام بێت.

٢ـ بەڵام ئەم پێناسەیە یان دەستنیشانکردنە، تا ئێستا زمان دەخاتە دەرەوەی بـــوارە کـــۆمەڵایەتییەکەیەوە، ئەم پێناســـەیە وا لە زمـــان دەکـات، وەک شـتێکی دەسـتکرد بێتە پێش چـاو، بەشـێوەیەک بگـرە تەنیا بەشە بچووکە تاکییەکە لە کۆی ڕاستەقینەکە دەگرێتەوە.

کـۆمەڵی قسـەکەران (masse parlante) زۆر پێویسـتن بـۆ دروستبوونی زمان، بە پێچەوانەی هەموو دیاردەکانی دیکەوە، زمان بە دابـڕاوی لە ڕاسـتەقینە کـۆمەڵایەتییەکە دروسـت نابێـت، چـونکە دیـاردەیەکی سیمۆلۆجییە (هێماسـازی)، سروشـتی کۆمەڵایەتی زمـان یەکێکە لە خاسیەتە ناوخۆییەکانی.


پێناســـەکردنـی زمــان وامــان لێـدەکات ڕووبــەڕووی دوو کیــانی وابەستە ببین، هەروەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت:



زمان لەژێر سایەی بارودۆخێکی وەسفکراو یان نەخشەبۆکێشراو گەشە ناکات و ناژییێت ـ زمان توانای ژیانی هەیە، لێرەدا تەنیا گرنگیمان بە ڕاستەقینە کۆمەڵایەتییەکە بەخشی، نەک تەنیا بە ڕاستەقینە مێژووییەکە.

٣ـ هێمای زمانەوانی هەڕەمەکییە، پێشوەخت پێناسەی زمانمان کرد، وا پێدەچێت سیستەمێکی سەربەخۆ بێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمایەکی لۆجیکی ئازاد دروست دەبێت و پشتی پێدەبەستێت، کاتی پێویستیش دەتوانین ڕێکی بخەین. سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی ـ بەو حیسابەی سەربەخۆیە ـ لە چوارچێوەی ئەم باسە دەرناچێت، بێگومان پشت بە بنەما لۆجیکەکان نابەستێت، تەنیا گروپی دەروونی لەسەری دەڕۆن، پێویستە مرۆڤ هەموو ئەو لار و لەوێریانە بەهەند وەربگرێت، کە لە پەیوەندی سروشتی نێوان تاکەکاندا هەن، بەڵام ئەو شتەی زمان لەوە دادەبڕێت، کە زاراوەیەکی سادە بێت و دەکرێ لەسەر بنەمای ئەو گروپانەی بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، هەموار بکرێت، کە سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی پێکناهێنن. با ڕاستتر بڵێین کاری کاتەکە لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتییەکەدا ئاوێتە دەبێت، ئەگەر کات وەلا بنێین، ئەوا ڕاستەقینە زمانەوانییەکان نوقسان دەردەچن و ئەنجام هیچمان دەستناکەوێت، بەڵام ئەگەر زمان لەناو کاتدا نەک زمان لەناو قسەکەراندا بەهەند وەرگرین ـ وێنای ئەوە بکە تاکێک قسە بکات بە مەرجێ لە چەندەها سەدەوە دابڕابێت ــ لەوانەیە لەم حاڵەتەدا گۆڕانێک نەبینین. کات کاریگەری بەسەر زمانەوە نییە، بەرانبەر ئەمە

ئەگەر گرووپی قسەکەران وەرگرین، بەبێ لێکدانەوەی کات، لەم حاڵەتەدا هیچ کاریگەرییەکی هێزە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەرناکەوێت، کە کار لە زمان دەکەن، تاکو نوێنەرایەتی ڕاستەقینەکە بکەن، پێویستە لە نەخشەکەی خۆماندا هێمایەک دابنێین، کە ئاماژە بۆ کات بکات.




زمان هەردەم ئازاد نییە، چونکە کات دەرفەت بۆ هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەرەخێسێنێت، تاکو کاریگەری خۆی دروست بکات، ئەمەش بۆ ئەو بەردەوامیەتەمان دەگێڕێتەوە، کە ئازادی وەلا دەنێت، بەڵام بەردەوامبوون پێویستە گۆڕان لەخۆ بگرێت، هەروەها چەند

پلەیەکــی هەمەجــۆریش لەو گــۆڕانە لەخــۆ بگرێــت، کە لەنێــوان هێمابۆکراو و هێمادا هەیە.

## بەشی سێیەم
## زمانەوانیی وەسفی(چەسپاو) و زمانەوانیی پێشڤەچوو

### ١. دوانە ناوخۆییەکانی هەموو زانستەکانی پەیوەست بە بەهاکانەوە

ژمارەیەکی کەم لە زمانەوانان نارەزایی سەبارەت بەوە دەردەبڕن، کە کات چەند سەختی و دژوارییەکی تایبەت لە زمانەوانیدا دروستدەکات و بەرانبەر ئەم زانستەیان دوو دەروازەی جیا دەکاتەوە.


زۆربەی زانستەکانی دی لەژێر کاریگەری ئەم دوانەییە ڕەگییەدا نەبوون، کات هیچ کاریگەرییەکی تایبەت لەسەر زمان دروست ناکات، زانایان لە فەلەکناسیدا بۆیان دەرکەوتووە ئەستێرەکان لەژێر کاریگەری چەند گۆڕانێکی پێشبینیکراون، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەو ڕاددەیەی لەبەر ئەم دۆزینەوەیە فەلەکناسی بکەنە دوو بەشەوە- واتە دابەشی بکەنە سەر دوو زانستی سەربەخۆ. زانستی جیۆلۆجیا گرنگی بە بەدوایەکهاتن لە هەموو چرکەیەکدا دەدات، بەڵام توێژینەوەکانی ئەم زانستە دەربارەی چینەکان و بارودۆخ و قۆناغەکان نەبووەتە لقێکی سەربەخۆی ڕەگئامێز و جیاوازی زانستی. یاساکەش زانستی وەسفی و مێژوویی خۆی هەیە، کە دژاودژیان لەگەڵ یەکدیدا نییە، مێژووی سیاسیش وەکو زانستێک بە کات ڕوون دەبێتەوە، بەڵام ئەو مێژوونووسەی قۆناغێکی تایبەت

وەسف دەکات، بەرانبەر بەمە لە کارەکەیدا لە مێژوو دانابڕدرێت، زانستی یاسای سیاسی هەر لە بنەڕەتەوە وەسفییە، بەڵام ئەگەر پێویستی کرد، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەتوانین لەگەڵ پرسە مێژووییەکەدا مامەڵە بکات، بەبێ ئەوەی یەکبوونی زانستەکە بشکێنێت، بە پێچەوانەشەوە ئەو دوانەیە خۆی بەتەواوەتی سەپاندووەتە سەر زانستە ئابوورییەکان.

لێرەدا بە پێچەوانەی هەموو زانستەکانی دیکە، ئابووری سیاسی و مێژووی ئابووری دوو لق پێکدەهێنن و هەردووکیشیان لەناو یەک زانستدان، ئەو کار و پرۆژە و توێژینەوانەی لە چوارچێوەی ئەم دوو زانستەدا لەمەڕ بابەتەکانیان ئەنجامدران، ئەم جیاوازییە دەخەنەڕوو، دامەزران و دروستبوونی بەمشێوەیەی هەیە، وای لە ئابووریناسان کرد چۆک بۆ ئەم پێویستە ناوخۆییەی زانستەکە دابنەوێنن، هەر ئەم پێویستەتەیە وامان لێدەکات زمانەوانی بکەینە دوو بەشەوە و هەریەکەیان بنەمای تایبەتی خۆی لەگەڵدا بێت. لێرەشدا هەروەک ئابووری سیاسی ئێمە بەرانبەر بە چەمکی بەهاین، هەردوو زانستەکە پەیوەندییان بە سیستەمی تەرازووکردنی ئەو شتانەوە هەیە، کە یاسای هەمەجۆرییان هەیە، کرێکارەکان و کرێیەکان لەلایەکەوە و هێمابۆکراو و هێما لەلایەکی دیکەوە، بێگومان هەموو زانستەکان سوود لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان دەبینن، کە یاوەریانن و بابەتە سەرەکییەکەیان بە وردییەکی زیاتر ڕێکدەخەن، پێویستە جیاوازەکان لە هەموو شوێنێکدا بەمشێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:

١ـــ تەوەری پابەنـــدبوونمان (AB)، کە هەمـــوو پەیوەنـــدییەکانی بـــوونی هاوبەشـــی شـــتەکان گوزارشـــت لێـــدەکات، لە کامیشـــیانەوە ئەوپەڕی کات دەچێتە ناوییەوە.

٢ـ تەوەری بەدوایـەکهاتن، (CD) دەتـوانین لەگەڵیـدا یەک شـت لە یەک کاتـدا هەڵبسـەنگێنین، بەڵام ئەوەی هەمـوو شـتەکان لە تەوەری یەکەم دەشـــــکێنەوە، تەوەرەکەی پێشـــــووە لەگـــــەڵ هەمـــــوو گۆڕانکارییەکانیدا.




ســەبارەت بەو زانســتەی پەیوەســتە بە بەهاکــانەوە، ئەوا هێمــای جیاواز تیایدا بە پێویستییەکی کردەیی هەژمار دەکرێت.

لەوانەیە هەنـــدێکجار پێویســـتەتییەکـــی ڕەهـــا بێـــت، لەم بـــوارانەدا تـــوێژەران نـــاتوانن توێژینەوەکانیـــان بەوردی ڕێکبخەن، بەبـێ ئەوەی پەیوەندییە هاوبەشەکانیان بەهەند وەرگرن و جیاکردنەوەی هەردوو سیستەمی بەهاکان و خودی بەهاکان ئەنجام بدەن، بەو حیسابەی بە کاتەوە بەستراوەتەوە. پێویستە زمـانەوان درک بەم جیاوازییـە بکـات پێش هەموو شتێکی دیکە، چونکە زمان سیسـتەمێکە لە بەهـای ڕووت بەهیچ شتێک سنووردار ناکرێت، تەنیا بە ڕێکخستنی کاتی نەبێت، کە بـــۆ زاراوە پتەوەکـــانی ئەنجـــام دەدرێـــن، لەبەر ئەوەی لە شـــتەکاندا ڕەگـــی داکوتـــاوە و لە پەیوەنـــدییە سروشـــتییەکانیدا بنەمـــای هەیە، هەروەکو لە ئابووریناسیدا ڕوودەدات، (بەهـای پـارچە زەوییەک ـ بۆ نموونە ـ پەیوەندی بە بەرهەمهێنانەوە هەیە)، تـاڕادەیەک دەتـوانین لە کاتدا بەدواداچوونی بۆ بکەیـن، ئەویش ئـەگەر ئەوە لەیـاد بگـرین، کە لە هەموو چرکەیەکدا پشت بە سیسـتەمێک لە بەهـا یاوەرەکـان لە بووندا دەبەستێت.

پەیوەسـتبوونی بە شـتەکانەوە بەپێـی بـارودۆخ ـ یاسـا و ڕێسـای سروشتی پێدەبەخشێت، ئەو بڕیارانەی لەسـەر بنەمـای ئەم بەهایـانە دروسـتی دەکەن، بە تەواوی هەڕەمەکـی نـین و توانایـان بـۆ گـۆڕان ســـنووردارە، ئێســـتاش پێـــدراوە سروشـــتییەکانمان بینـــی، کە لە زمانەوانیدا جێیان نابێتەوە.

بـــۆ جـــاری دووەم، ئەوەی لە ئـــاڵۆزی و وردی ڕێکبـــوونی سیسـتەمی بەهاکـان زیـاد دەکـات ـ لەبەر ئـاڵۆزبوونی زۆر پێویسـتە ـ تـوێژینەوەیەتی بەپێـی پەیوەنـدییە هاوبەشـەکانی، هـیچ سیسـتەمێکی

دیکە نییە وەکو زمان ئەم خاسیەتەی بە قەد زمان تێدا بەدی هاتبێت، لەبەر ئەوە لە هـــیچ شـــتێکی دیـــکەدا وەک ئەم بەهـــا ورد و پاڵپشـــتکراوانە بەدینـــاکەین، هەروەهـــا ئەم ژمـــارە زۆرە و ئەم هەمەجـــۆرییەی زاراوەکـــان لە شـــتی دیـــکەدا بەدی نـــاکەین و هەمووشـــیان پشـــت بە یەکـــدی دەبەســـتن. فرەیـــی هێماکـــان کە لە شـــرۆڤەکردنی بەردەوامـــی زمانـــدا بەکاریانمـــان هێنـــاوە ـ وای لەو تـــوێژینەوانە کـــردووە، کە لە بـــواری پەیوەنـــدییەکانی لەمەڕ کـــات و پەیوەنـــدییەکانی نـــاو سیســـتەم ئەنجـــام دراون، بە مەحـــاڵ هەژمـــار بکرێن.

هۆکارەکـانی جیـاکردنەوەی نێـوان دوو زانسـت لە بـواری زمانـدا لێرەدا ڕوون و ئاشکرابوون.

ئایـــا چـــۆن دەتـــوانین زانســـتەکان پـــۆلێن بکەیـــن؟ زاراوەکـــانی بەردەستمان بەوردی جیاوازییەکان ناخەنەڕوو. مێژووی زمانەوانی و زمانـەوانیی مێژوویـی دوو زاراوەی تەمـومژاوین، کەچـی مێـژووی سیاســی وەســفکردنی چەنــد مــاوە و قۆناغێــک وەکــو گێــڕانەوەی ڕووداوەکان لەخۆ دەگرێت، لەوانەشە قوتابییەک وا گومان بەرێت کە زمـان بەپێـی فـاکتەری کـات لێـی دەکـۆڵێتەوە، یـاخود دەیخوێنێـت، ئەویش لەکاتی وەسفکردنی حاڵەتە بەدوایەکهاتووەکانی، بەڵام ئەمە توێژینەوەیەکی جیای بۆ دیاردەکە دەوێت، کە وا لە زمـان دەکـات لە حـــاڵەتێکەوە بـــۆ حـــاڵەتێکی دیـــکە هەنگـــاو بنێـــت. پێشـــڤەچوون و زمانـــەوانی پێشـــڤەچوون زیـــاتر وردتـــرە، هەمیشـــەش ئەم زاراوانە بەکـــاردەهێنم، بەرانبـــەر بەمە دەتـــوانین بـــاس لە زانســـتی دۆخـــە

زمانەوانییەکان (etats de Language) بکەین، یان باسی لە زمانەوانیی چەسپاو بکەین. بەڵام با بەڕوونی باس لەو دابڕان و دژاودژییە بکەین، کە لە هەردوو حاڵەتی دیاردەکەدا هەن، کە پەیوەندییان بە هەمان بابەتەوە هەیە، وا باشترە باس لە زمانەوانیی وەسفی (سایکرونی) (Synchronic) و زمانەوانیی مێژوویی (دایکرۆنی) (diachrony ) بکەم، هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە لایەنی چەسپاوی زانستەکەمانەوە هەیە، بە وەسفی هەژمار دەکرێت، هەموو شتێکیش بۆی هەبێت پێشبکەوێت، ئەوا بە مێژوویی دادەنرێت، بە هەمان شێوە (Synchronic) وەسفی و (diachrony) مێژوویی هەردووک یەک لەدوای یەک ئاماژە بە حاڵەتی چەسپاویی زمانەوانی و ڕواڵەتی پێشڤەچوون دەکەن.

**٢. دوانەی ناوخۆیی و مێژووی زمانەوانی**

لە کاتی توێژینەوەی ڕاستەقینەکانی زمان یەکەم شت، کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بەدوایەکهاتنی کاتە، کە وای لێدەکات زۆر بمێنێتەوە و لەسەر هەمان شێوە بۆ ماوەیەکی زۆر بچەسپێت، بەهەمان ئەو شێوەیەی قسەکەرەکە قسەی پێدەکات، و لەم حاڵەتەدا لە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ حاڵەتی چەسپاندندا، لەبەر ئەم هۆیە پێویستە زمانەوان ئارەزووی تێگەیشتنی حاڵەتی چەسپاو دەکات، هەموو ئەو زانیاریانەی دەربارەی شتەکان هەیەتی و پەیوەندییان بە بەرهەمهێنانی زمانەوە هەیە، وەلایان بنێت، و لایەنی مێژوویش (دایکرۆنی diachrony) پشتگوێ بخات.

ئەو ناتوانێت بیری قسەکەران بزانێت، مەگەر بە قەدەغەکردنی ڕابوردوو نەبێت، کە بەشێوەیەکی گشتی دەبێ وەلای بنێت و بیسڕێتەوە. دەستوەردانی مێژوو دەتوانێت بڕیارەکان تێکبدات و بیانشێوێنێت، ناشێ کەسێک هەولّبدات وێنەیەکی گشتی چیاکانی (ئەلب) لە چەند لوتکەیەکی چیای (جورا Jure)وە بگرێت، نەخێر، بەڵکو دەبێ وێنەی گشتی چیاکە لە باشترین پێگەوە بگرێت، هەمان شتیش لەسەر زمان پیادەدەبێت، ناکرێ وەسفی زمان بکەین و ئاستەکانی بەکارهێنان تیایدا ڕوون بکرێنەوە، تەنیا بە جەختکردنەوە نەبێت لەسەر یەک حاڵەت، کاتێک بۆ زمان بەدواداچوون دەکەین لەو تێبینیکارە دەچێت، کە لە لوتکەیەکەوە لەسەر چیای (جورا) بۆ لوتکەیەکی دیکە دەڕوات، تاکو لە ڕوانگەی خۆیەوە گۆڕانکارییەکان تۆمار بکات.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی زمانەوانی تازەوە، ئەم زانستە سەرقاڵی توێژینەوەی مێژوویی زمان بووە، فیقهی زمانی بەراوردی لە زمانی هیندۆ ئەوروپییەکاندا ئامرازەکانی بەردەست بەکاردەهێنێت، بۆ بونیادنانی نموونەکە یان بنجە کۆنەکەی زمان بەشێوەیەکی گریمانەیی. بەراوردکردن تەنیا دووبارەکردنەوەی بونیادی ڕابوردوو نییە.

هەمان میتۆدیش لە توێژینەوەی شێوازی خێزانە زمانەوانییەکاندا (زمانە ڕۆمانییەکان، زمانە ئەڵمانییەکان،.. هتد) بەکارهێنراوە، وەسفکردنیش بە شێوەیەکی نارێک لەم توێژینەوانەدا باسکراوە.

ئەمە ئەو ئاراستەیەیە، کە (بۆپ Bopp) پێشکەشی کردووە، لەبەر ئەوە وێناکردنی ئەو بۆ زمان بەرهەمدار و بەبرِشت بوو، بە پێچەوانەوەش ئایا میتۆد و ڕێکارەکانی ئەوانە چی بوو، کە لە زمانیان کۆڵییەوە، پێش دەستپێکردنی زمانەوانیی هاوچەرخ، مەبەستم ڕێزمانزانەکانە، کە لەژێر کاریگەری میتۆدە کۆنەکاندا بوون؟

سەیرە لێرەدا دەبینین تێڕوانینەکەیان هیچ خەوشێکی لەخۆ نەگرتووە. توێژینەوەکانیان بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن، کە خوازیاری ئەوەن وەسفی دۆخەکانی زمان(زمانی چەسپاو) بکەن. لێرەدا میتۆدەکەشیان بەتەواوەتی وەسفی بووە، بۆ نموونە ڕێزمانی پۆرت ڕۆیال (Port – Royal Grammer) هەوڵیداوە دۆخی زمانی فەڕەنسییان لەژێر فەرمانڕەوایەتی (لویسی چواردەهەم) وەسف بکات و بەهاکانی دەستنیشان بکات، لەبەر ئەم هۆیە وێناکردنی مامناوەندی پێویست نییە، تەوەری ئاسۆیی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەبێ هیچ بەدوایەکهاتنێک پەیڕەوکراوە. لەوکاتەدا میتۆدەکە ڕاست بوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بەتەواوەتی پیادەکراوە، ڕێزمانی کۆن هەموو بەشەکانی زمانی پەراوێزخست، وەکو دارِشتنی وشە، کە پێوەرانەیە و سەپاندنی یاساکانیشی خستە سەر ئەستۆی خۆی بەبێ پشت بەستن بە ڕاستەقینە تۆمارکراوەکان، کە لە تێڕوانینی گشتگیرەوە دوورە، کە زۆرجاران ناتوانین شێوازی نووسراو و وشەی درکێنراو لەیەک جیا بکاتەوە...هتد.

ڕەخنە ئاراستەی ڕێزمانی کلاسیکی کراوە سەبارەت بە نازانستیبوونی، یاساکانیشی تا هەنووکە توانایان بۆ ڕەخنەگرتن کەمترە، هەروەها پێدراوەکانیشی دیاریکراوترن لە ڕووی ڕاست و دروستی زمانەوانییەوە، کە بەهۆی (بۆپ)ەوە دەستی پێکرد، کە پێگەیەکی لاوازی لە دیاریکردنەکەدا هەیە، کە ڕوونییەکی بابەتیانەی یەکلاکەرەوەی نییە. دوو ناوچەی لە دوو ڕووبەردا گرتووەتەوە، چونکە ناتوانێت بەوردی حاڵەتەکان و بەدوایەکهاتنەکان ((چەسپاو و پێشڤەچوون، وەسفی(ئێستایی) و مێژوویی)) لەیەک جیا بکاتەوە. زمانەوانی پێگەیەکی مەزنی بە مێژوو بەخشیوە، با بگەڕێنەوە سەر ڕوانگەی وەسفی چەسپاوی ڕێزمانی کۆن، بەڵام بە گیانێکی تازە و بە ڕێکاری دیکەوە، هەروەها میتۆدی مێژوویش بەم نوێخوازییەوە دەبەستریتەوە، و میتۆدی مێژوویش باشترین تێگەیشتن بۆ چەسپاندنی زمانەوانی (بۆ وەسفکردنی زمان) پێشکەش دەکات. ڕێزمانی دێرین تەنیا ڕاستەقینە وەسفییەکە دەبینێت، زمانەوانی جۆرێکی تازەی لەم دیاردەیە دۆزییەوە، بەڵام بەس نییە، پێویستە مرۆڤ هەست بەو دژاودژییە بکات، کە لەنێوان هەردوو جۆری ڕاستەقینەکاندا هەیە، با لێرەدا هەموو ئەنجامەکانی یان بەدوایەکهاتنەکانی هەڵبهێنجرێت و ڕوونیان بکەینەوە.

**٣. ڕوونکردنەوەی دوانەی ناوخۆیی بە نموونە**

دژاودژی نێـــوان ڕوانـــگەی وەسفی(ئێســـتایی) و مێژوویـــی، دژاودژییەکـــــــــــی ڕووتە و دەرفەت بە چارەســـــــــــــەرییە مامناوەنـدییەکان(ڕێککەوتن) نـادات. هەنـدێک ڕاسـتەقینە مـاهیەت و کرۆکـــی جیـــاوازییەکە دەردەخەن، لەبەر هـــۆی مەحـــاڵبوونی کورتکردنەوە و سـادەکردنەوەی، وشـەی لاتینی (کینە crispus)، و زمـانی فەڕەنسـی ڕەگـی ئەم وشـەیەی پـێ بەخشـرا (– crèp)، کە کارەکـانی لێـوە داڕێـژراون: (crèpir) و (لابردنـی چیمەنتـۆکە dècrepit). بە پێچەوانەی ئەمەشـەوە لەکاتێک لە کاتەکانـدا وشـەی (decrèpitus)، کە بنجەکەی زانراو نییە ـ لە لاتینییەوە خوازراوە و بووە بە (بێدەسەڵات dècrèpit).

بێگومان لە ئێستادا گروپی قسەکەران پەیوەندی لەنێوان ئەم دوانەدا دادەنێن:

((ئەو دیوارەی چیمەنتۆکەی بەردەبێتەوە = un mw dècrepit و پیاوێکی شەل = un homme dècrèpit)).

هەروەها هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو وشەکە لە ڕووی مێژووییەوە نییە، زۆرجار خەڵکی دەربارەی ئەم شتە قسە دەکەن:

((Facod de crepite of a house))

ئەم کارەش وەسفییە، چونکە باس لەو پەیوەندییە دەکات، کە لەنێوان دوو شێوازدا بوونیان هەیە، یان لە زماندا یاوەرن و لەگەڵ یەکن. لەپێناو بەجێهێنانی هەموو هاوکاتییەکی ڕووداوە پێشڤەچوو و پێویستەکان. ئەوا درکاندنی (criap) بووە بە (Crèp) و لە کاتێکی

دیاریکراویشدا دەبوایە وشەیەکی تازە لە زمانی لاتینی گریمانە بکرایە. ڕوون و ئاشکرایە ڕاستەقینە مێژووییەکان پەیوەندییان بەو ڕاستەقینە وەسفیانەوە نییە، کە بەرهەمیانهێناون، چونکە سەر بە جۆرێکی دیکەن.

ئەمەش نموونەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە، لە زمانی ئەڵمانی دێریندا وشەی (میوان gast)، لە سەرەتاوە وشەی (gasti) بووە، هەروەها کۆی وشەی (دەست hant)، وشەی (hanti) بووە...هتد. ئیدی بەمشێوەیە (i.) بەرهەمهێنرا، کە گۆڕانەکە لە دەنگی بزوێندا (unlatt)[1]، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە پیتی (a)ی بڕگەکەی پێشووەوە ڕوودەدات و بۆ (e) دەگۆڕێت:

geste → gesti hanti → henti

پاشان وای لێهات پیتەکەی کۆتایی (i) زەنگەکەی خۆی لەدەستدا (gesti → geste)، ئەنجامەکەش ئەوەیە ئەمڕۆ لە زمانی ئەڵمانیدا ئەمە بەدی دەکرێت(Gast : Gaste, Hand: Hane)، هەروەها کۆمەڵەیەکی زۆر لە وشەکان هێمای زەقیان بۆ تاک و بۆ کۆ داناوە، هەروەها ڕاستەقینەیەکی لێکچووی ئەمەش هەیە بەتەواوەتی وەکو زمانی ئەنگلۆساکسۆنی: شێوازە کۆنەکان بەمجۆرە بوون:

ḟoti: ḟot, ṫopi: ṫop, gòsi: gò

لەڕێگەی گۆڕانێکی دەنگی بەراییەوە، گۆڕان لە دەنگی بزوێنی (umlaut)دا پەیدا دەبێت، وشەی (foti) بووەتە (fèti)، لەڕێگەی

[1]- لە زمانە جەرمانییەکاندا دوو خاڵ لەسەر پیتی بزوێن دادەنرێن و ئاماژە بە حاڵەتێکی دیکە دەکەن بەرانبەر بە گۆکردنی پیتەکە بەبێ بەکارهێنانیان.

گۆڕانی دووەمیشەوە پیتەکەی کۆتایی (i) کەوتووە و وشەی (feti) بووەتە (fèt)، پاش ئەوەش کۆی fot بووتە(fèt)، هەروەها ئەمانەش بەمشێوەیە:

(tòp: tèp, gòs: gès......)


لە زمانی ئینگلیزی هاوچەرخدا: ( feet: foot, teeth: tooth, geese: goose)

جاران قسەکەرەکان ئەمانەیان بەکارهێنا: (gesti: gast, foti: fot)، ئەم زیادە سادەیە (i) ئاماژەی بۆ کۆ دەکرد، بەڵام (fèt: fòt) , (goste: gast) کارتێکەرێکی تازەی بۆ کۆ دەرخست، ئەم کارتێکەرەش بۆ هەردوو نموونەکە یەک شت نییە. لە زمانی ئینگلیزی کۆندا هیچ شتێک بەدی نەدەکرا، جگە لەو دژاودژییەی لەنێوان بزوێن و نەبزوێندا هەیە، بەڵام لە زمانی ئەڵمانیدا جگە لەوەی پیتی (e -)ش لە کۆتاییدا بوونی هەیە یان بوونی نییە، بەڵام لێرەدا ئەم جیاوازییە هیچ گرنگییەکی نییە.

پەیوەندییەکانی نێوان تاک و کۆ، داڕشتن و شێوازەکانی هەرچییەک بن، هەموو جارێک دەکرێ بە تەوەری ئاسۆیی گوزارشتیان لێ بکرێت:

| | | |
|---|---|---|
| period A | ← ——— → | قۆناغی (أ) |
| period B | ← ——— → | قۆناغی (ب) |

ئینجـــا هەر ڕاســـتەقینەیەک لەســـەر تـــەوەری گواســـتنەوە لە شـێوازێکەوە بـۆ شـێوازێکی دیـکە خـول بخـواتەوە، پێویسـتە لەسـەر تەوەرە ستوونییەکە دابنرێت، وێنە هەمەکییەکە نیشان دەدەین:




ئەم نموونە ڕوونکارەمان بۆ ئەوەیە، کە چەند تێبینییەکی پتەو بە بابەتەکە پێشکەش بکەین:

١. ڕاستەقینە مێژووییەکان بەهیچ شـێوەیەک ئامـاژە بە بەهاکـان بە ئامـانج ناگرێـت، بە پشتبەسـتن بە هێمـایەکی دیـکە، وشـەی (gasti) بـووە بە (gesti)، پاشـان بـووە geste (cáste)، کـە هـیچ کـارێکی بـە شـێوازی کـۆی ناوەکـانەوە، هەروەهـا هەمـان گـۆڕان لـە جووڵـە کـاری (tragit) ڕوویـداوە و بـووە بـە (trágt)، ئیـدی بەمشـێوەیە پرۆســەکە بەردەوام دەبێــت، ڕاســتەقینە مێــژووییەکە ڕووداوێکــی سـەربەخۆیە، ڕاسـتەقینە وەسـفییە تایبەتەکـان، کە ئەگەری ئەوە هەیە لێیـانەوە دروسـت بـن، بەشـێوەیەکی هەمەکـی پەیوەنـدییان پێیـانەوە نییە.

٢ـ هەمیشـە ڕاسـتەقینە مێژووییەکـان بەرەو گـۆڕانی سیسـتەمەکە ئاراسـتە نـابن، قسـەکەران ئـارەزووی ئەوە نـاکەن لە سیسـتەمێکی

پەیوەنـــدییەوە بـــۆ سیســـــتەمێکی پەیوەنـــدی دیـــکە بازبـــدەن، هەمـوارکردنەوە تـەنیا کـاریگەری بەسـەر ڕێکخسـتنەوە نییە، بەڵکو کاریگەری بەسەر توخمەکانیشیەوە هەیە، لێرەدا ئەو بنەمایە دەبینین، کە پێشوەخت ئاشکرامان کرد، سیستەم ڕاستەوخۆ هەموار ناکرێت و لە خودی خۆیەوە گۆڕانی بەسەردا نایەت، تەنیا چەند توخمێک بەبێ چەسپاو و بێ قووڵبوونەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە ئەو چەسپاو و بلۆکبوونەی بە هەمووەوە دەیلکێنێت، وەک ئەستێرەکان وان، کە لە دەوروبەری خۆردا دەسوڕێنەوە، کە مەوداکانیان و کێشیان زیاد و کەم دەکەن و گۆڕانیـــان بەســـەردا دێــت. ئەم ڕووداوە دابــڕاوە و پێویســـتی بە ئـــەنجام یـــان بەدوایەکهاتنـــەوە هەیە، تـــاکو هەمـــوو سیســـتەمێک لە ئاسـتی هاوکێشـبوونی بترازێـت، دژاودژی ئەم دوو زاراوەیە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی شێوازی کۆ:

(fèt: fòt or fòti: fòt) هەردوو ڕێکارەکە ئەگەری بوونیان هەیە، بەڵام هەمـــوو قســـەکەرەکان لە میتـــۆدێکەوە بـــۆ میتـــۆدێکی دیـــکە بـــــازدەدەن، تـــــاکو قســـــە دەکەن، بەبـــــێ ئەوەی لە مەســـــەلەکە خۆهەڵقورتێنن. هەر یەکێکیان شوێنی ئەوی دیکەیـان نـاگرێتەوە، هـیچ یەک لەو دوو سیستەمە ئەوی دی دروست ناکات، تـەنیا یەک تـوخم لە سیســـتەمەکەی یەکەمـــدا دەگۆڕێـــت، ئەم گـــۆڕانەش بەســـە بـــۆ دەرخستنی سیستەمەکەی دی.

٣ـ تێبینییەکەی پێشوو سروشتی دینـامێکی هەمیشـەیی ئەم حـاڵەتە دەردەخات، بەرانبـەر بەم چەمکە پووچەڵەی بۆ خۆمانمـان گونجانـد، زمـــان فـــاکتەرێکی داهێنانکـــارانەتر و گونجـــاوتری نیـــیە، بـــۆ ئەو

بیروبۆچوونــانەی خوازیــارین گوزارشــتیان لێــبکەین، بەرانبــەر بەم حاڵەتەش دروستبووە، یان لە ئەنجامی گۆڕانەوە دروستبووە، بەرەو دەرخســتنی مانــاکەی لە دووتــوێی گرتــووە ئاراســتە نەبــووە، لەنــاو حــاڵەتە دینــامیکییەکەدا قســەکەران ســوودیان لە بــوونی جیــاوازییەکە بینی و وایانلێکرد جیاوازی نێوان تـاک و کـۆیەکە دەربخـات، هەردوو وشەی (fèt: fòt) هیچیان باشتر نین بۆ جێبەجێکردنـی ئەم مەبەسـتە لە دوو وشــەی (fòti:fòt)، لە هەمــوو حاڵەتێکــدا هــزر و بیــر ئەو ماددەیە پاکدەکەنەوە، کە بەخشـراون یـان پێدراون و فـووی ژیانیـان تێداکراوە. ئەم ڕوانـگە تـازەیە، کە زمانـەوانی مێژوویـی هێنـاویەتییە گـۆڕێ، لە ڕێزمـانی کۆنـدا نەناسـراوە، کە ناتوانێت بەهـیچ شـێوەیەک وەریبگرێت و پەسندی بکات، بەهۆی ئەو میتۆدە تایبەتـانەی هەیەتـی، زۆربەی زۆری فەیلەســووفەکانی زمـانیش درکیـان پـێ نـەکردووە و نەیانزانیوە، لەبەر ئـەوەی هـیچ شـتێکی گرنـگ لە ڕووی فەلسـەفییەوە لە ئارادا نییە.

٤ـ ئایـا ڕاسـتەقینەی گـروپە مێژووییەکـان خـاوەن یەک جـۆرن - بەلای کەمییەوە ـ لە ڕاسـتەقینەی گـروپە وەسـفییەکان دەچـن؟ نەخێـر بە هـیچ شـێوەیەک لەوان نـاچن، چـونکە ئـێمە بینیمـان گۆڕانەکـان بەگشــتی خــوازراو نــین، کەچــی ڕاســتەقینە وەســفییەکان هەمیشــە خاوەن مانان، ئەم ڕاستەقینانە خوازیاری دوو زاراوەن لە مەودوا و لە یەک کاتــدا. بە تــەنیا (Gáste)ی نــاوێ، بەڵام بەرانبــەربوونی (Gáste:Gast) تـەنیا بـۆ ڕوونکردنـەوەی حاڵـەتی کـۆیە. ڕاسـتەقینە مێــــژووییەکەش بە تەواوەتــــی پــــێچەوانەی ئەمەیە و یەک زاراوە

بەکاردێنێــت، ســەبارەت بە دەرکەوتنــی زاراوە تــازەکە (Gáste)، پێویستە یەکەمجار زاراوە کۆنەکە (gasti) بواری بۆ بڕەخسێنێت.

هەوڵدان بۆ یەکخستنی ڕاستەقینە هەمەجۆرەکان لە یەک زانستدا، بێگومــان شــتێکی نــامۆیە، ڕوانــگە و وێنــای مێژوویــی لەگــەڵ ئەو دیــاردەیەدا مــامەڵە دەکــات، کە پەیوەنــدی بە سیســتەمەکانەوە نیــیە، هەرچەندە کۆنترۆڵیان دەکات.

ئەمە چەنــد نمــوونەیەکن ئەو ئــەنجامانەمان بەهێــز دەکەن و دەبــنە تەواوکەر بۆیــان، کە لە خاڵەکــانی یەکەمەوە هەڵمانهێنجــاون. هێــز لە زمانی فەرەنسیدا هەمیشە دەکەوێتە سەر بڕگەکەی کۆتــایی، تــەنیا لە یەک حاڵەتدا نەبێت، کە پیتە وەستاوەکە لەخۆ بگرێت: (e)ی نەبزوێن (ə)، ئەمەش ڕاســتەقینەیەکی وەســفییە، ئایــا پەیوەنــدی نێــوان وشــە فەرەنســییەکان و هێزکــان چیــیە و ســەرچاوەیان چیــیە؟ حــاڵەتەکەی پێشووە. زمانی لاتینی سیســتەمێکی ئــاڵۆزتر و جیاوازییــەکی تــری بۆ هێز لەخۆگرتووە (هێزداریی): هێز لەپێش بــڕگەی کۆتــایی دادەنرێت، ئەگەر بڕگەکە درێژ بێت، بــەڵام ئەگــەر کــورت بێــت، لەم حــاڵەتەدا بــۆ بـــڕگەی ســـێیەم لە کۆتـــاییەوە دەگەڕێـــتەوە (بـــەراورد بـــکە: .(am‣icus, áolma

یاســای لاتینــی پەیوەنــدییەکان دەچەســپێنێت، کە لەســەر یاســا فەرەنسییەکە ناپێورێن، بێگومــان لە هەمــان شــوێندا تیایــدا دەمێنێتەوە و هەمیشە لە وشەکانی زمانی فەرەنسیدا لەسەر ئەو بــڕگەیەی کە لە زمانی لاتینیدا ڕوودەدات:

(amicus → ami,ánimum → áme). بەڵام هەردوو شێوازەکە بەپێی کاتەکانیان جیاوازییان هەیە، چونکە شێوازی وشەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئێمە دەزانین هەموو شتێک پاش هێزکە دەشاردرێتەوە یان بۆ (e وەستاو) دەگەڕێتەوە، وەکو ئەنجامێکیش بۆ ئەم گۆڕانەی بەسەر وشەکەدا دێت، ئەوا شوێنی هێزکە بەگشتی زۆر بەردەوام نابێت و وەک خۆی نامێنێت، پاش ئەمە قسەکەران ئاوڕ لە پەیوەندییە تازەکە دەدەنەوە و هێزەکە بەشێوەیەکی سروشتی یان خۆیی دەخەنە سەر بڕگەکەی کۆتایی، تەنانەت لە وشە خوازەییەکانیشدا، کە لە شێوازەکانی نووسینیشدا دەردەکەون:

(facile, consul, ticket, burgrave) قسەکەرەکان هەوڵی گۆڕینی سیستەمەکان بەڕوونی نادەن، بۆ گۆڕینی شێوازی تازە، تەنانەت لە وشەکانیشدا، وەکو: (amicum → ami)، هێزەکە هەمیشە لەسەر خودی بڕگەکە دەمێنێت، بەڵام ڕاستەقینە مێژووییەکە چووەتە ناویەوە، قسەکەرەکان شوێنگەی هێزکەیان گۆڕیوە، بەبێ ئەوەی دەستیان تێدا هەبێت، یاسای هێزداری (accentuation) وەک هەموو شتێک پەیوەندی بە سیستەمی زمانەوانییەوە هەبێت، بریتییە لە ڕێکخستنی زاراوەکان، ئەنجامێکی دینامیکی پێشکەوتنە.

ئەمەش نموونەیەکی بەستراوترە، لە زمانی سلاڤی کۆندا وشەی(slova) لە تاکە دەستکردەکەی خاوەنی (slovemb)ە و لە حاڵەتی کۆی (مەرفوع)یشدا (slova)یە، لە حاڵەتی کۆی (مەجڕور)یشدا (slovb)ە..هتد. هەموو حاڵەتێک لە کاتی داتاشیندا

کۆتـاییەکی تـایبەتی هەیە. بەڵام لە ئێسـتادا هەردوو پیتـی بزوێنـی لاواز: (b and ḃ) لە زمـانی سـلاڤیدا لە هەردوو دەنگی (í and ŭ) پێکدێن لە زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتیدا جیاوازییان هەیە.

لە زمانی چیکیدا ـ بۆ نموونە ـ ئەمانەی تێدایە:( slov, slova, slovo, slovem)، بە هەمان شێوەش (ئافرەت žena) (تاکی مەنسووب ženu) (کۆی مەرفوع ženy) (کۆی مەجڕور žen)، لێرەشدا حاڵەتی جەڕ(دانەپاڵ) (slov, žen) داتاشینێکی سفری لەخۆ گرتووە، پاشان دەبینین هێما ماددییەکە هیچ پێویست نییە بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکەکە، زمان دژاودژی نێوان (شت) و (ناشت) پەسند دەکات. قسەکەرانی چیک دەزانن (žen) کە (کۆی مەجڕور)ە، چونکە ئەمانە نییە (žena)، (ženu) و هیچیش لە شێوازەکانی دیکە نییە.

ئەم چەمکە تـایبەتە لە سـەرەتاوە بە نـامۆ دێتە پێش چـاو، وەکو (کـۆی مـەجـڕور)، پێویسـتە هێمـای سـفری هەڵگرێـت، بەڵام ئەم ڕاسـتەقینە بـێ یەک و دووە ئەوەمـان بـۆ دەچەسـپێنێت، کە هەمـوو شـتێک لەڕێگـەی ڕێکەوتـی تەواوەوە ڕوودەدات. زمـان فـاکتەرێکە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا گەشە دەکات و پێدەگات، هەرچەندە جـاری واش هەیە لار و لەوێـری و خەوش لەخـۆ دەگرێـت، هەمـوو ئەمـانەی وتمـان ئەو بنەمایـانە دەچەسـپێنن، کە پێشـوەخت بڕیارمـان لەسەردان. با ئەم قسانەی وتمانن کورتیان بکەینەوە:

زمان سیستەمێکە پێویستە لەناو پرۆسـەی پتەوی وەسفی خۆیدا لە بەشـەکانی بکـۆڵرێتەوە، لەبەر ئەوە گۆڕانەکـان کـاریگەری نـاکەنە

سەر کۆی سیستەمەکەی، بەڵام لە توخمەکانی ناوی دەکرێ لە دەرەوەی سیستەمەکەدا لێی بکۆڵینەوە، هەموو گۆڕانێک بێگومان کاریگەری بەرجەستەبووی خۆی لەسەر سیستەمەکەدا هەیە، بەڵام ڕاستەقینە سەرەکییەکە یەک خاڵ تەنیا هەڵدەبژێرێت، هیچ پەیوەندییەکی ناوخۆیی لەنێوان ڕاستەقینە دینامیکییەکە و ئەو شوێنەوارەدا نییە، کە لەوانەیە ڕەنگبداتەوە سەر هەموو سیستەمەکە. جیاوازییە بنەڕەتییەکەی نێوان زاراوە بەدوایەکهاتووەکان و زاراوە یاوەرەکان (کە لە بووندا یاوەرن) لەنێوان ڕاستەقینە بەشەکییەکان و ئەو ڕاستەقینانەی باز لەسەر سیستەمەکە دەدەن، وا دەکەن هەردوو جۆری ڕاستەقینەکە بابەتی سەرەکی زانستێکی سەربەخۆ بێت.

**٤. جیاوازی نێوان هەردوو جۆرەکە بە ڕوونکردنەوەی بەراوردییەکان**

با لێرەدا سەربەخۆبوون و پشت بە یەکبەستنی زمانەوانیی وەسفی ڕوونبکەینەوە، ئایا دەتوانین یەکەمیان بەراورد بکەین بە زەقکردن و دەرخستنی بابەتەکە لە ڕواڵەتە دەرەکییەکەیدا؟

هەر وێناکردنێک ڕاستەوخۆ پشت بە سروشتی بابەتە باسکراوەکە دەبەستێت و لەگەڵیدا جیاوازی هەیە- بابەتەکە خۆی شتێکی جیایە. بەشێوەیەکی دی دەتوانین بڵێین هیچ پێویست نییە زانستێکی تەواوی وێناکردنەکان بوونی هەبێت، تەنیا ئەوەندە بەسە هەستەوەرەکان (تەنەکان) خودی خۆیان بەهەند وەربگیرێن، لێرەدا هەمان ئەو پەیوەندییە لە زمانەوانی لەنێوان ڕاستەقینە مێژووییەکان و حاڵەتە زمانەوانییەکە (زمانەوانیی وەسفی)دا هەیە، کە لە

وێنـاکردنی ڕاسـتەقینەکان لە چرکەسـاتێکی دیـاریکراودا هەیە. هـیچ شتێکمان دەستنەکەوت دەربارەی حاڵەتە وەسفییەکان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە هەستەوەرەکان، مەبەستم ڕووداوەکانی مێژووە ـ زیاتر لەو زانینانەی هەمانن دەربارەی وێناکانی ئەندازیاری، کە لە خوێندن و لێکـۆڵینەوە بە وردییەکـی زیـاتر بڵێـین پەیـدامان کـردوون، تەنە هەمەجۆرەکـان ئەگەر پێـی ڕووەکەکە بە ئاسـۆیی بـڕدرایەوە، ئەوا شـێوەیەکی دیـکەی ئـاڵۆز لەسـەر ڕووبەری هەڵکەنـراوەکە دروسـت دەبێـت، شـێوەکە بینـراو و سـادەی تەنـراوەکە بە درێـژی، هەروەک دەتـوانین ببینـین بە دروسـتکردنی پـارچەیەکی دیـکەی درێـژ بـۆ یەکەمەکە. لێرەدا دووەمجـار دەبینـین هەمـوو بینراوێـک پشـت بەوی دیـکە دەبەسـتێت و پـارچەی درێـژی تەنراوەکـان دەخـاتەڕوو، کە ڕووەکەکە دروستدەکەن، پارچە ئاسـۆییەکە ڕێکخسـتنەکەی لەسـەر ڕووبەرێکـی دیـاریکراودا یـان لەسـەر (لقێکـی دیـاریکراودا) دەردەکـەوێت، بەڵام ئەوەی دووەم جیـاوازی لەگـەڵ ئەوەی یەکەمـدا هەیە، چونکە ئەو پەیوەندییانە دەردەکـەون، کە لەنێوان تەنراوەکانـدا هەن ــ ئەو پەیوەنـدییانەی لە بینینـی ڕووبەری پـارچە درێـژەکەوە نـاتوانین پێیـان بگەیـن، بەڵام لەنێـوان هەمـوو ئەو بـەراوردکاریانە دەتوانین وێنایان بکەین و سوودێکی گەورەیان هەیە، ئەوانیش ئەو شـتانەن، کە دەتـوانین لەنێـوان ئەرکـی زمـان و یـاری شـەترەنجدا ئەنجامیان بدەین، لە هەردوو نموونەکەدا ئێمە بەرانبەر بە سیستەمی بەهاکـان و هەموارکردنەوەکـان یـان گونجانەکـانین، کە شـایانی تێبینیکـردنن، یـاری شـەترەنج لە جێبەجێبکردنـی دەسـتکرد دەچێـت،

دەربارەی ئەوەی زمان بەشێوە سروشتییەکەی پێشکەشی دەکات، با لێرەدا بە گرنگیپێدانی زیاترەوە مەسەلەکە تاقی بکەینەوە.

یەکەم، حـالّەتی کۆمەڵێـک لە پیـاوانی شـەترەنجەکە بەتەواوەتـی لەگەڵ حالّەتی زمانەکەدا دەگونجێت، و پشت بە بەهای تایبەتی بۆ پارچەکـانی دەبەسـتێت، لەسـەر ئەو شـوێنانەی لەسـەر ڕووبەری شـەترەنجەکەدا هەیەتـی، بە تەواوەتـی وەکـو هەمـوو زاراوەیەکـی زمـانەوانی و بەهـاکەش لەوەوە دەسـتکەوتووە، کە دژ بە هەمـوو زاراوەکانی دیکەیە، لەلایەکی دیکەوە، سیستەم هەمیشە چرکەییە و لە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی دیـکە دەگۆڕدرێـت و بە هەمـان شـێوە ڕاست و دروستە، بەهاکان پێش هەموو شتێک پشت بە نەریتێکی چەسپاو دەبەستن، واتە ئەو کۆمەڵە یاسایانەی لەپێش یارییەکەوە دانـراون و پاش هەمـوو جووڵـەیەک ئەو یاسایانە بەکـاردەهێنرێن و بەردەوام دەبن، کە پێشوەخت لەسـەری ڕێککەوتوون، سـەبارەت بە کـۆمەڵیش بە هەمـان شـێوە لە زمانـدا هەن، کە بنەمـای چەسـپاوی هێماسازین.

لە کۆتاییدا، بازدان لە حـالّەتی یەکسانبوون بـۆ ئەو حـالّەتەی لە دواییـدا دێـت، یـان بەپێـی زانسـتی زاراوەکـانی تـایبەت پێـوەی ـ لە حالّەتی وەسفەوە بۆ حالّەتێکی دیکە، پێویستە دانەیەکی شـەترەنجەکە بجووڵێنین، لێرەدا هێڵێکی گشتی لە ئارادا نییە.

لێـرەدا هاوبەشـە تەواوکەرەکەی دیـاردە مێژووییەکەمـان لەگـەڵ هەموو تایبەتمەندییەکانی لەبەر دەستدایە، لە ڕاستیدا:

أ‌ــ یەک پـارچە لە هەمـوو یـارییەکی شـەترەنجدا دەجووڵێـت، بە هەمـان ڕێگـا لە زمـانەکەدا گـۆڕان هـیچ کـاریگەرییەکی نیـیە، مەگەر لەسەر توخمە تاکەکاندا نەبێت.

ب ـ بەهەرحاڵ، جووڵەکە کاریگەری لەسـەر هەمـوو سیستەمەکە هەیە، یاریکەرەکە ناتوانێت مەودای کـاریگەرییەکە بزانێت، گـۆڕانەکە لە بەهاکەوە سەریان هەڵداوە، بەپێی بارودۆخەکەیان بـەتاڵ دەبێت و بێبەهـا دەبێـت، کە ئەمەش زۆر ترسـناکە، یـان خـاوەن گرنگییەکـی مامناوەندی دەبێت.

هەر جووڵەیــەکـی دەستنیشــانکراو دەتوانێـت هەمـوو یـارییەکە بوروژێنێت، تەنانەت کار لەسـەر ئەو پارچانە دەکات، کە دەستوبرد لەکاتی یارییەکەدا کاریگەری لەسەر پارچەکان نییە: بینیمـان ئەمە بە هەمان شێوە لەسەر زمانیش پیادە دەبێت.

ج ـ لە یاری شـەترەنجدا، هەمـوو جووڵـەیەک بەرەهـایی جیاوازی لەگـەڵ ئەوەی پـێش خـۆی هەیە، هەروەهـا جیـاوازی لەگـەڵ ئەوەی دوای خۆی لە تەرازووەکەدا هەیە. کـاریگەری گـۆڕانەکە دەگەڕێتەوە بـۆ حـاڵەتەکەی دی، واتە تـەنیا بـۆ حـاڵەتە ماددییەکـان دەگەڕێتەوە، هەر بارودۆخێـک لە یـاری شـەترەنجدا یەکەی تـایبەتی خـۆی هەیە، چـونکە ئـازادە و ڕەهـایە لە هەمـوو ئەو بارودۆخـانەی پێشـوو. ڕێگـا بەکارهێنراوەکە بـۆ گەیشـتن بـۆ ئەوێ هـیچ جیـاوازییەک دانانێت، ئەو کەسـەی یـارییەک تەماشــا دەکــات، تــەنیا ســوودێکی هاوبەشــی نامۆیــانەی دەســتدەکەوێت، کە لە چرکەســاتێکی یەکــلاکەرەوەدا دەردەکەوێـت، بـۆ ئەوەی حــاڵەتی یارییــەکە پێشــبینی بکــات، بــۆ

وەسـفكردنی ئەم ڕێکخسـتنە، لەم حـاڵەتەدا هـیچ سـوودی نیـیە، کە ئەوەی پـێش (١٠) چـرکە ڕوویـداوە بگەڕێنـرێتەوە. هەمـوو ئەمـانە بەتەواوەتـی لەسـەر زمـان پیـادە دەبـن، ئەمەش جیـاوازە ڕەگیـیەکە لەنێوان زمـانەوانیی مێژوویـی و زمـانەوانیی وەسفی بەهێز دەکات. ئاخـاوتن تـەنیا کـار لەسـەر زمـانی وەسـفی دەکـات، و گۆڕانەکـانیش دەچـنە نێـوان حاڵەتەکـانەوە لە حاڵەتەکـانی دیـکەدا جێیـان نـابێتەوە. لێرەدا وردەکارییەکە تەنیا لە یەک خاڵدا لاوازە: یاریکـەری شـەترەنج بـۆ گـۆڕان ئەنجـام دەدات و بەئەنقەسـت بـۆ پیـادەکردنـی کـارتێکردن لەسـەر سیسـتەمەکە دەجـووڵێتەوە، کەچـی زمـان بە ئەنقـەسـت هـیچ شـتێک ناکـات. بەشـەکانی زمـان دەگـۆڕێن یـان دەگـونجێن ــ چ بەشـێوەیەکی دینـامیکی و چ بە ڕێـکەوت. گـۆڕانی زانسـتی لەم وشانەدا (Gasti : gáste) (hanti : hande) سیسـتەمێکی تـازە بـۆ داڕشـتنی کـۆ بەرهەمهـاتووە، بەڵام لە هەمـان کاتیشـدا شـێوازی کاری دەرخستووە، وەکو (trágt from tragit)....هتد.

بۆ ئەوەی یاری شەترەنج وا لێبکەین، کە لە هەر خاڵێکدا لە ڕۆڵی ئەرکیی زمان بچێت، پێویستە لەسەرمان خەیاڵی یاریکەرێکی تەمەڵ بکەین، کە هۆشیار نەبێت و زیرەک نەبێت. ئەمە تاکە جیاوازییەکە هەر چۆنێک بێت بەراوردکارییەکە ڕوونتر دەکات، بە دەرخستنی پێویستییەکی زۆر بۆ جیاکردنەوەی هەردوو جۆری دیاردەکە لە زمانەوانیدا، چونکە ئەگەر ڕاستەقینە مێژووییەکان نەتوانن حەواڵەی سیستەمە وەسفییەکەبین، کە خۆی بووەتە هۆکاری دروستبوونی لە

کاتی بەئەنقەستبوونی گۆڕانەکە، ئەوا بەرگری زیاتر دەبێت، کاتێک هێزە کوێرانەکە بەرانبەر ڕێکخستنی سیستەمی هێماکان دەبنەوە.

**٥. زمانەوانان بەگوێرەی میتۆد و بنەماکان بەرانبەر یەکدی دەبنەوە**

بەڕوونـــی دژایـــەتی لەنێـــوان زمانـــەوانیی وەسفی(ئێســـتایی) و مێژوویـدا لە هەمـوو توێژینەوەکانـدا دەرکەوتـووە. بـۆ نمـوونە - بـۆ ڕوونکـردنەوەی زیـاتری ڕاستەقینەکە - ئەوا گرنگییەکەیـان وەک یەک نیـیە، لێـرەدا ڕوانـگە وەسـفییەکان هەژموونیـان هەیە، چـونکە هەر ئەوان ڕاسـتن و بە تـاکە ڕاسـتەقینەیەک لەلای قسـەکەران هەژمـار دەکرێت، هەمان شتیش لەسەر زمانەوان پیادە دەبێت:

ئەگەر ڕوانـگە مێـژووییەکەش بەکـارهێنرا، ئەوا زمـانەکە هەمیشـە تێبینـی ناکرێـت، بەڵـکو تێبینـی ئەو ڕووداوانە دەکرێـت، کە پێکـی دەهێـنن، خەڵکـی جەخـت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە، کە هـیچ شـتێک تێگەیشتنی بنجی حاڵەتە تایبەتەکە نییە، ئەمەش تاڕاددەیەک ڕاست و دروسـتە، ئەو هێـزانەی حـاڵەتەکە پێکدەهێنن، سروشـتی ڕاسـتەقینەی ڕووندەکەنەوە، زانینیشیان لە هەندێک وێنەی فریـودەر دەمانپارێزن، بەڵام تـەنیا ئەمە بەڕوونـی بۆمـان دەسـەلمێنێت، کە زمانـەوانیی مێژوویی لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، ئەوەی لەسەر ڕۆژنامەنووسـی وتراوە لەسەر مێژوویش پیادە دەبێت، چونکە مـرۆڤ لە کـاتی لادانـدا بەرەو هەمـوو شـوێنێک پەلکـێش دەکـات، هەروەهـا میتۆدەکـانی زمانـەوانیی مێژوویی و وەسفی(ئێستایی) بە دوو شێوە جیاوازییـان هەیە:

أ ـــ زمانـــــەوانیی وەسفی (ئێســـــتایی) یەک وێنـــــای هەیە، کە قســـەکەرەکانن، میتـــۆدە گشـــتییەکەش لە کـــۆکردنەوەی بەڵـــگەی قسەکەران پێکدێت، با بزانین ئەو شتەی چوارچێوەی شتەکان فراوان دەکـات، ڕاســتەقینەکەیە، ئەمەش پێویســت و بەســە بـۆ ئەوەی ئەو مەودایە دیـاریبکەین، کە هـزری قسـەکەرانی تێدا مابێت. زمـانەوانیی مێژوویـی بەرانبـەر بەمە پێویسـتە دوو ڕوانـگە لە یەک جیـا بکـاتەوە، یەکەمیـان پێشـبینیانەیە، کە بـۆ قۆنـاغە کاتئـامێزەکە بەدواداچـوون دەکات. دووەمیشیان: گەڕانەوەییە (واتە گێڕانەوەی ڕابوردوو)، کە لە ڕووی کـاتەوە بـۆ ڕابـردوو دەگەڕێـتەوە، ئـەنجامیش ئەو دوانـەییە میتۆدییە، کە لە دەروازەی پێنجەمدا باسی لێوە دەکەین.

ب ـ جیـاوازییەکەی دووەمـیش لە ئـەنجامی دەستنیشـانکردنی ئەو بـــوارانەوە بەرهەمـــدێت، کە هەریەکە و لەو دوو لـــقە زانســـتەکەی لەدووتـویێی دەگـرن و تـوێژینەوەی وەسـفی بە بـابەتێکی سـەرەکی خـۆی هەژمـار دەکـات، نەک هەمـوو ئەو شـتانەی لەگەڵیـدا هاوکـاتن، بەڵکـو هەمـــوو ئەو ڕاســـتەقینانەی تـــەنیا وەکـــو هەمـــوو زمـــانێکن، جیاکردنەوە و دابڕینیش بەگوێرەی زارەکـان و زارە یارمەتیدەرەکان پێویســـــتییان زیــــاد دەکــــات. زاراوەی وەســــفی (ئێســـــتایی) (Synchronic)ی زۆر ورد نیــــیە و پێویســــــتە بە یەکێکـــــی دی بیگـۆڕینەوە ــ کە درێژتربێـت بە مەبەسـتی جەختکـردنەوە لەسـەر (idiosynchronic) (وەسـفی جیاکـار) بەرانبـەر بەمە، زمانـەوانیی مێژوویی نەک هەر تەنیا پێویسـتی پێ نییە، بەڵکو زۆر بەتونـدی ئەم

تایبەتمەندێتییە ڕەتدەکاتەوە، هیچ پێویست نییە زاراوەکان کە لێی بکۆڵدرێتەوە، سەر بە هەمان زمان بن.

(بەراورد بکە: esti لە زمانی هیندۆ ئەورووپی بنەڕەتی، esti لە زمانی یۆنانی ، ist لە زمانی ئەڵمانی و est لە زمانی فەڕەنسی).

بەدوایەکهاتنی ڕووداوە مێژووییەکان و فرەجۆریان لە شوێندا، ئەوەیە جیاوازی زمانەکان دادەهێنێت، بەسە بۆ دەرخستنی ڕێکسازی دوو شێواز ئاماژە بکەین، بۆ ئەوەی هەردووکیان بە پەیوەندییەکی مێژووییەوە پەیوەستن، کە لەوانەیە ناڕاستەوخۆ بێت، دژاودژییەکانی پێشوو لە هەموو زیاتر توندتر نین و لە هەمووش زیاتر قووڵ و سەخت و دژوار نین.

یەکێک لە ئەنجامە ڕیشەییەکانی نێوان ڕاستەقینەی وەسفی و پێشڤەچوویی ئەوەیە، هەموو ئەو چەمکانەی بە یەکێکەوە بەستراون، لە سادەنەکردنەوەیدا بە هەمان ئاست بەشداری دەکات، هەر چەمکێک بۆی هەیە ئەم ڕاستەقینەیە دەربخات.

دیاردەی وەسفی و مێژوویی - بۆ نموونە - هیچ خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا نییە، یەکێکیان ئەو پەیوەندیانەن، کە لەنێوان توخمە هاوکاتەکاندا هەن، ئەوی دیکەشیان جێگرتنەوەی توخمێکە لە شوێن یەکێکی دیکە لە کاتی دیاریکراودا، بە هەمان شێوە دەبینین یەکە وەسفییە مێژووییەکان بەتوندی جیاوازن، ئامرازی نەرێ لە زمانی فەڕەنسیدا (pas) لەگەڵ ناوی (هەنگاو pas) دەگونجێت، کەچی هەردوو شێوازەکە لە زمانی فەڕەنسی تازەدا جیاوازن. ئەم تێبینیانە بەسن بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستیەتی ئاوێتەنەکردنی هەردوو

ڕوانگەکە، بەڵام ئەم پێویستییە بەو ڕوونییە نییە، کە لەو جیاوازییەدا بەدی دەکرێت، کە خوازیاری باسکردنن.

**٦. یاسای مێژوویی و وەسفی(ئێستایی)**

وەک مەسەلەیەکی باو باس لە یاساکانی زمانەوانی بکەین، بەڵام ئایا ڕاستەقینە زمانەوانییەکان بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی چەند یاسایەکدان؟ ئەگەر ڕاست بن، ئایا لە چی دەچن؟ لەبەر ئەوەی زمان دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە، دەتوانین پێشوەخت گریمانە بکەین، کە لەژێر هەژموونی وێناکردنێکی وایە، کە لەسەریان دەپێورێن، واتە لەسەر ئەو وێنایانەی هەژموونیان بەسەر کۆمەڵگەکانەوە هەیە، ئیتر لێرەدا هەموو یاسایەکی کۆمەڵایەتی دوو خاسیەتی سەرەکی هەیە:

پێویستە پابەند و گشتی بێت، بەهێز دەستوەربداتە شتەکان و هەموو حاڵەتەکان ڕووماڵ بکاتی - بێگومان لە ڕوانگەی سنوورەکانی شوێن و کاتەوە ـ ئایا یاساکانی زمان ئەم پێناسەیە دەگرنەوە؟ هەنگاوی یەکەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەمان ئەو شتەیە، کە پێشوەخت ئاماژەمان پێدا، ئەویش ئەوەیە دەبێ جارێکی دی بە دوور و درێژی باس لە بوارە وەسفییەکە بکەین و لە بوارە مێژووییەکەی دابیڕین، پێویستە هەردوو مەسەلەکە تێکەڵ بە یەکدی نەکەین، قسەکردن بەگشتی لەسەر یاسای زمانەوانی، لەوە دەچێ هەوڵی دەستگیرکردنی تارماییەک بدەین، ئەمانەش چەند نموونەیەکن، کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراون، کە هەردوو جۆرەکەیان بەئەنقەست تێدا تێکەڵ بووە:

١. دەنگی گڕەکان لە زمانی هیندۆئەورووپی بنەڕەتیدا، بوونەتە کپن (voiceleis) و (کێشەم هەیە phèrò → bheiò) و (خودی ژیان thumos → dhúmos).

٢. هێز لە کۆتایی بڕگەی سێیەمدا دروست نابێت (antepenult).

٣. هەموو ئەو وشانەی بە پیتی بزوێن یان بە پیتەکانی (s, n, r) کۆتاییان هاتووە، لە هەموو نەبزوێنەکانی دیکە دەردەکرێن (دوور لە هەموو نەبزوێنەکانی دی).

٤. پێشگری دەنگی یەکەم (s) بووە بە (h) (هێمای کپی):

septm (Latin septem) → hepiá.

٥. (m)ی کۆتایی دەبێتە (n):

jugom → Zugòn (Latin jugum)

٦. نەمانی تەقیوەکانی کۆتایی وشە:

gunaik → gúnai, epherst → èphere, èpheront → èpheron

یاساکەی یەکەم مێژووییە: (dh) بووە بە (th).. هتد.

یاسای دووەمیش پەیوەندی نێوان وشەکە و کۆتاییەکەی دەخاتەڕوو، یاساکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم مێژوویین: (s) بووە بە (h) و (n)یش شوێنی (m)ی گرتووەتەوە و (t)یش لە شوێن (k)دایە...هتد. بوونی نەم، بەبێ ئەوەی شوێنەوارێک بەجێهێڵێت.

بە هەمان شێوە لەسەرمان پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە یاسای سێیەم ئەنجامی هەردوو یاساکەی پێنجەم و شەشەمە، دوو ڕاستەقینەی مێژوویی داهێنانی ڕاستەقینەیەکی وەسفی ئەنجام

دەدەن، پاش ئەوەی جیاکردنەوەی هەردوو جۆری یاساکە ئەنجام دەدەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە هەردوو یاسای دووەم و سێیەم بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازییان لەگەڵ یاساکانی یەکەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەمی یاسا وەسفییە گشتییەکەدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پابەند نییە. بێگومان لەسەر تاکەکاندا بەهێزی بەکارهێنانی گەلەکۆمە سەپێنراوە، بەڵام لێرەدا وایدەبینم بیر و هزر هیچ چاکەیەکیان بەسەر بەشی تایبەتی قسەکەرانەوە نییە (گرووپی قسەکەران). مەبەستم ئەوەیە بڵێم هیچ هێزێک لەناو زماندا نییە، کە زامنی پاراستنی بنەماکانی ڕێکخستن بکات، یان بەدوایەکهاتن بپارێزێت، کاتێک لەسەر خاڵێک پایە دەگرێت، بەو حیسابەی گوزارشتکردنێکی سادەیە لەو ڕێسکەی یاسا وەسفییەکە هەیەتی و حاڵەتێک لە حاڵەتەکان وەسف دەکات، لەو یاسایە دەچێت، کە باس لەوە دەکات درەختەکانی باخێک بە شێوەی پێنچەوانە ڕێکخراون، ئەو دەوروبەرەی یاساش دەستنیشانی کردووە، بەتەواوەتی جێگیر نییە، چونکە پابەند نییە. هیچ شتێک زیاتر لە یاسای وەسفی پەیاپەیتر نییە، کە هەژمرونی بەسەر هێزداری لاتینییەوە (Latin accentuafion) هەبێ، (ئەو یاسایەی لە هەموو ڕوویەکەوە لە دووەمەکەی پێشوو دەچێت)، بەڵام یاسا هێزدارەکە ناتوانێت بەرگەی هێزەکانی گۆڕین بگرێت و دەرفەت بۆ یاسایەکی تازە بڕەخسێنێت، وەکو یاسای فەڕەنسی بەکورتی. ئینجا ئەگەر باسی یاساکەمان لە بوارە وەسفییەکەیدا کرد، مانای ئەوەیە باسی لە دەوروبەر و بنەمای بەدوایەکهاتنەکە دەکەین.

مێـژووییەکەش بەرانبـەر بەمە هێزێکـی جـووڵەدار پێکـدەهێنێت، لەکاتی ڕوودانی شوێنەوارەکە وەکو فەرمـانێکی جێبەجێکارانە، بەڵام ئەم پابەنـدبوونە بەس نیـیە بـۆ زامنکردنـی جێبەجێکردنـی بیرۆکـەی یاسا بەگوێرەی ڕاستەقینەکانی پێشقەچوون، کاتێک دەتوانین بـاس لە یاسـا بکـەین، کـە کۆمەڵـە ڕاسـتەقینەیەک بـۆ یـەک یاسـا دابنـوێنن، هەرچەنـــــدە هەنـــــدێک دیـــــاردە هەن دژاودژن، ئەوا ڕووداوە مێژووییەکـــان تـــایبەتن و هەمیشـــە بە ڕێـــکەوت ســـەرهەڵدەدەن، خاسیەتی ڕێکەوت و تایبەتمەندی ڕاستەقینە ئاماژەییەکان وا ڕوون دەبنەوە. ئەم وشـە فەڕەنسـییە (ئەسـپ poutre)، لە پاشـاندا مانـای (پـارچە دار)ی وەرگـرت، هۆکـارەکە تـایبەتە بـۆ کـاریگەری دیـکە دەگەڕێـــتەوە، کە لەوانەیە لە هەمـــان کاتـــدا ڕووبـــدات، ئەمە یەک ڕووداوە لەو ڕووداوانەی لە مێژووی زماندا تۆمارکراون.

ســەبارەت بە گـۆڕانی ڕستەسـازی و وشەسـازییەکانیش، ئەوا لە ســـەرەتاوە گەڕان بەدوایانـــدا ڕوون و ئاشـــکرا نـــین، لە کـــاتێکی دیاریکراویشدا هەموو شـێوازەکانی حاڵەتی (ڕەفع)ی کۆن لە زمـانی فەڕەنسـیدا نەمـان، ئەمـانە چەنـد ڕاسـتەقینەیەکن سـەر بە هەمـان یاسان، بەڵام ئەمە هەمان حاڵەتەکە نییە، چونکە هەموو ڕاستییەکان چەند دیاردەیەکی یەک ڕاستەقینە پێکدەهێنن و هەمان ڕاسـتی تـاک و تـــەنیا پێکـــدەهێنن. چەمکـــی تـــایبەتی بـــابەتەکە ئێســـتا زانـــراوە، سـڕینەوەکەش کە بەشـێوەیەکی سروشـتی ئەنجام درا و بـووە هـۆی نەمـانی هەمـوو شـێوازەکان، ئەوانـەش تـەنیا ئادگـارە دەرەکییەکـانی

زمان دەبینن، یەکێتی دیاردەکە لە دیاردە هەمەجۆرەکانیدا دەفەوتێت یاخود نوقوم دەبێت.

هەرچی چۆنێک بێت لێرەدا یەک دیاردەی سەرەکی هەیە، ئەم ڕووداوە مێژووییەش بە تەواوەتی لە سیستەمە تایبەتەکەیدا زانراوە، وەکو گۆڕانی واتایی کە لە وشەی (poutre) ڕوویداوە، کە تەنیا شێوەی یاسا وەردەگرێت، چونکە لەناو سیستەمدا بوونی هەبووە، ڕیسکە یەکلاییەکەی سیستەمەکە شڵەژاوییەک دروست دەکات، ڕاستەقینە مێژووییەکە بۆ هەمان یاسای ڕاستەقینە وەسفییەکە دادەنوێنێت.

لە کۆتاییدا، سەبارەت بە گۆڕانە دەنگییەکان هەمان شتی لەسەر جێبەجێ دەبێت.

ئێستاش مەسەلەکە نامۆ نییە و زانراوە، کە باسکردنی یاساکانی دەنگە. لە ڕاستیدا ئەوەی وتراوە هەموو وشەکانی لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا کە هەمان خاسیەتەکانی دەنگ لەخۆ دەگرن، لەژێر کاریگەری هەمان زماندان، بۆ نموونە یاسای یەکەم کاریگەری لە هەموو وشەکانی زمانی یۆنانیدا هەیە، کە دەنگێکی کپی گڕی لەخۆ گرتووە:

(nebhos → nèphos, medhu → mèthu, anghe → ankhe)

یاسای چوارەم (septm → hepta) لەسەر ئەمەی خوارەوە جێبەجێ دەبێت:

serpo → hèrpò، súe → hús

هەروەها لەسەر هەموو ئەو وشانەش پیادە دەبێت، کە بە پیتی (s) دەستپێدەکەن. ئەم حاڵەتە هەندێکجار جێی جیاوازی بووە، ئەمەش بە ڕوونییەکی تەواوەوە سەری هەڵداوە، هەڵاوێرە ڕوونەکان ئەم گۆڕانانە کەمناکەنەوە، چونکە دەتوانرێن بە یاساکانی دەنگ شرۆڤە بکرێن، کە زیاتر تایبەتمەندییان هەیە یان بە هێنانی ڕاستەقینەی جۆری دیکە (پێوەر.. هتد).

لەوە ناچێ پێناسەیەکی باشتر لە پێناسەکەی پێشوو لە ئارادا بێت سەبارەت بە یاسای وشەکە. سەرباری ئەمەش جگە لەو نموونانەی یاسای دەنگ هەیەتی، هەموو ڕاستەقینەکان تیایدان، تەنیا ڕاستەقینەی تاک و تەنیا دیاریکراون. گەڕانی ڕاستەقینە لە ڕوونکردنەوەی گۆڕانەکانی دەنگدا بەرجەستە دەبێت، کە ئایا کاریگەرییان بەسەر وشەکان، یان تەنیا بەسەر دەنگەکانەوە هەیە، بێگومان وەڵامەکەش زانراوە.

لەم وشانەدا: (ne pnos, metku: ankho) فۆنیمی دیاریکراو ـ گڕی کپی هیندۆ ئەوروپی بووە بە کپ، دەنگی (s) لە یۆنانی بنەڕەتی بەرایيدا بوو بە (h).. هتد.

هەموو ڕاستەقینەیەک گۆشەگیر بێت و لە ڕووداوەکانی دیکە لە هەمان جۆر دابڕاو بێت و سەربەخۆ بێت، بە هەمان شێوەش دادەبڕێت لەو وشانەی گۆڕان تیایاندا ڕوویانداوە. بێگومان جەوهەری دەنگەکە لە هەموو وشەکاندا گۆڕدراون، بەڵام پێویستە ئەمە هەڵمان نەخەڵەتێنێت لە ڕووی سروشتی ڕاستەقینەی دیاردەکەوە.

ئایــا چ شــتێک ئەو بۆچوونەشــمان بــۆ دەســەلمێنێت، کە دەڵــێ وشـەکان ڕاستەوخۆ هـاوبەش نین لە بـواری گۆڕانەکانی دەنگدا؟ بە سـادەترین تێبینـی ئەوەیە ئەم گـۆڕانە نـامۆن، یـان لەگـەڵ وشـەکاندا جیاوازییـان هەیە و نـاکرێ بە کرۆکەکەیـانەوە پەیوەنـدییان هەبێـت. یەکێتی وشـە تـەنیا لەو کۆمەڵە فۆنیمانـە پێکنـایەت، بەڵکو لە سیفەتی دیکەش زیاتر لە سیفەتە ماددییەکەیـان پێکدێن. بـا وا گریمـانە بکەیـن هێڵێکـی (پیـانۆ) لە سیسـتەمی ئـاوازەکە دەردەچێـت، لەم حـاڵەتەدا ئــــاوازەکەی دی لە هەمــــوو کاتێکــــدا دەبیــــنە بیســــەری، ئەگەر ئاوازلێدەرەکە لەسـەر هەمـان دوگمەی پیـانۆکە دووبـارەی بکـاتەوە، بەڵام ئایــا جیــاوازییەکە لەکوێــوە ســەرچاوە دەگرێــت، ئایــا لە ئـاوازەکەدایە، نەخێـر، نە ئـاوازەکە لەژێـر کاریگەرییەکەیـدا نابێـت، هەمان هاوکێشە لەسەر دەنگسازیش پیادە دەبێت، سیستەمەکەمان لە فۆنیمەکاندا ئەو ئامرازەیە کە یاری پێدەکەین، تـاکو وشـەکان لەکاتی گــۆڕانی توخمەکــانی بدرکێنــدرێن، شــیمانەی ئەوە هەیە ئــەنجامی هەمەچەشـنە دروسـت بـبن، بەڵام خـودی گـۆڕانەکە پەیوەنـدی بەو وشــانەوە نیـیە، کە تــاڕاددەیەک لە ئاخــاوتن و لە ئاوازەکــان پێکــی دەهێــنن، ڕاســتەقینە مێژووییەکــان گرنــگ و ســەربەخۆن، گــۆڕانی سیســــتەمەکە بەهــــۆی ئەو ڕووداوانەوە ڕوودەدەن، کە تــــەنیا بە دەرەوەی سیستەمەکە لەقەڵەم نادرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دابـڕاوە و لە خودی خۆیدا بە سیستەم هەژمار ناکرێت.

**کەواتە:** ڕاستەقینە وەسفییەکان لە خودی خۆیاندا گرفت نین، کە پەیاپەیبوونە یەکلاکەرەوەکە دەریانبخەن، بەڵام لە هەمان کاتدا پابەند

نین بەرانبەر بەمە، ڕاستەقینە مێژووییەکان خۆیان دەسەپێننە سەر زمان، بەڵام بە هیچ شێوەیەک گشتی نین،

**بەکورتی:** ئەم خاڵەیە دەمەوێ ئەنجامی بدەم، هەردوو جۆرەکە لەژێر هەژموونی یاساکاندا نین، بەگوێرەی ئەو مانایانەی پێشوەخت دەستنیشانمان کردن، ئەگەر کەسێک هەبێت ئارەزووی باسکردنی یاساکانی زمان بکات، لەم حاڵەتەدا وشەکە چەند مانایەک لەخۆ دەگرێت، و پشت بەو ڕاستەقینانە دەبەستێت، کە ئاماژەیان بۆ دەکات، لەبارەی ئەوەی لە جۆری یەکەم یان جۆری دووەمن.

**٧. ئایا ڕوانگەیەکی (پانکرۆنیکی panchronic) لە ئارادا هەیە**

زاراوەی یاسایی بۆ مانا یاساییەکەی خۆی بەکارهێنراوە، بەڵام ئایا دەکرێ زاراوەکە لە زماندا بەکاربهێنرێت، وەکو چۆن لە فیزیا و زانستە سروشتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم تاڕاددەیەک ئایا دەکرێ لە هەموو شوێنێکدا تا هەتایە بچەسپێنرێن؟ بەکورتی، ئایا دەکرێ زمان لە ڕوانگەی (پانکرۆنیکی panchronic)یەوە لە زمان بکۆڵرێتەوە؟

بێگومان هەروەک چۆن گۆڕانی دەنگ هەمیشە ڕوودەدات و تا ئێستاش ڕوودەدەن، ئەم دیاردە گشتییە بە سیفەتێکی هەمیشەیی ئاخاوتن هەژمار دەکرێت، لەبەر ئەوەیە بە یەکێک لە یاساکانی زمان دادەنرێت، هەروەک لە شەترەنجدا دەردەکەوێت، چەندەها یاسا هەن، کە لە ڕووداوەکان زیاتر دەژین، بەڵام بنەمای سەرەکی گشتین و پەیوەندییان بە ڕاستەقینە ماددییەکانەوە نییە، کاتێک باس لە

تایبەتمەنـدی یـان لە تـاکێتی دەکەیـن و لە ڕاسـتەقینە ماددییەکـان دەکـۆڵینەوە، ئەوا ڕوانگەیەکـی (پـانکرۆنیکی) بەدی ناکرێـت، هەمـوو گۆڕانەکی دەنگ بەبێ بڵاوبوونەوە کردەییەکەی، بە کات و ساتێکەوە دەستنیشانکراوە و ناوچەکەش دیاریکراوە، لە هەموو کاتەکاندا و لە هەموو شوێنەکاندا نابێتە هۆکاری ڕوودانی گۆڕانەکان. گۆڕان تـەنیا لەڕووی گـۆڕانەوە تیایـدا ڕوودەدات، ئەم بنەمـا گشـتییانە بە تەواوی ئەو شـتانەن، کە وەکـو پێوەرێـک بـۆ دیـاریکردنی ئەو شـتانە بەکاردەبرێن، کە بە زمـان پەیوەستن، یـان پێیانەوە پەیوەست نین. ڕاسـتەقینە مـاددییەکە یـان واقـیعەکە گوزارشـت لە خـۆی دەکـات و لێـرەدا (پـانکرۆنیکی) پەیوەنـدی بە زمـانەکەوە نابێـت، بـۆ نمـوونە وشـەی فەڕەنسـی (شـت chose) لە ڕوانـگەی مێـژوویییەوە دژاودژە لەگەڵ ئەو وشە لاتینیەدا(causa) کە لێوەی وەرگیراوە، لە ڕوانگەی وەسفکردنەوە(ئێسـتاییەوە) دژە بەو وشـانەی دەکـرێ لەگەڵیـدا لە زمانی فەڕەنسی هاوچەرخدا کۆبکرێنەوە. دەنگەکانی وشەکە تـەنیا بە سـەربەخۆ (Šoz) هەژمـار دەکـرێن لە ڕووی پـانکرۆنیکییەوە (panchronic) تێبینـی دەکـرێن، بەڵام هـیچ بەهـایەکی زمانەوانیـان نییە، تەنـانەت لە ڕوانـگەی پانکرۆنیکییەوەش هـیچ بەهایەکیـان نییـە، (pachs) دەبێـتە (Šoz)، کە لە زنجیـرەی وەکـو: (سـەیر و سەمەرەیە ún šoz admirabla) دەکۆڵرێتەوە نەک بە تـەنیا، بەڵام بلـۆکێکی شـێواو، لە ڕاسـتیدا بـۆچی (Šoz) جـگە لە (oza) یـان (nšo)؟ ئەمە بەهـایەکە هـیچ مانـایەکی نیـیە. لە ڕوانـگەی

پانکرۆنیکییەوە ناتوانین بگەینە ئەو ڕاستەقینە تایبەتانەی بە زمانەوە بەستراونەتەوە.

**٨. ئەنجامی تێکەڵبوونی وەسفی(ئێستایی) و مێژوویی:**

دوو نموونە پێشکەشدەکەین:

أ- وا پێدەچێت ڕاستەقینە وەسفییەکە، کە ڕاستەقینە مێژووییەکە ڕەت بکاتەوە (ئەوەی تێڕوانینێکی قووڵی هەبێت)، یان دوور بیربکاتەوە، پێی وایە تاقیکردنەوەکە هەر دەبێ ببێت، لە ڕاستیدا ئەمە پێویست نییە، یەکێک لەو دوو ڕاستییە، ئەوی دی وەلا نانێت، ئەم وشە فەرەنسییە (کینە depit) لە بنەڕەتدا (بەکەمزانین) دەگەیەنێت و نابێتە هۆکاری ئەوەی لە هەمان کاتیشدا مانایەکی نەیاری ئەو مانایەی پێشووش بەدەستەوە بدات، بەها وەسفی و داتاشراوییەکە هەردووک جیاوازن بە لێکچوون، ڕێزمانی کۆن پێی وایە ناوی بکەر (present participle) لە گۆڕاندایە، بە هەمان ڕێژەش سازان تیایاندا دروست دەبن، وەکو: ئاوەڵناو لە حاڵەتە دیاریکراوەکاندا لە زمانی فەرەنسی هاوچەرخدا (بەراورد بکە: ئاوی ڕۆیشتوو un eau courante)، بەڵام لەوانی دیکەدا چەسپاوە.(بەراورد بکە: کەسێک لە شەقامەکەدا ڕادەکات ( une personne courant dansla rue)، بەڵام لە ڕێزمانی مێژوویدا ڕوونی دەکاتەوە، کە مەسەلەیەک نییە دەربارەی یەک شت، یان دەربارەی هەمان شێواز، یەکەمیان بەردەوامیبوونە لە گۆڕینی (ناوی بکەری لاتینی (currentum)، کەچی ئەوەی دووەم لە شێوازی بنەڕەتی چەسپاوی سەرچاوەکەدا دێت: (currendò). ئایا ڕاستەقینە

وەسفییەکە دژ بە ڕاستەقینە مێژووییەکەیە؟ ئایا پێویستە ڕێزمانی کۆن تۆمەتبار بکرێت، لەبەر ئەوەی ڕێزمانێکی مێژووییە؟ نەخێر، بێگومان ئەمە نیوەی ڕاستەقینەکان دەردەخات، پێویستە گومانی ئەوە نەبەین، کە تەنیا ڕاستەقینە مێژووییەکە بەسە بۆ بونیادنانی زمان. بێگومان ناوی بکەری (courant) لە ڕووی بنجەکەیەوە دوو توخمی تێدایە، بەڵام لە بیرکردنەوەی کۆی گروپی قسەکەراندا، لەگەڵ یەکدیدا کۆدەکرێنەوە و لە یەک توخمدا ئاوێتە دەکرێن. لێرەدا ڕاستەقینە وەسفییەکە ڕووت و ڕەهایە و وەکو ڕاستەقینە مێژووییەکە مشتومڕ لەخۆ ناگرێت.

ب ـ ڕاستەقینە وەسفییەکە لە ڕاستەقینە مێژووییەکە دەچێت، چونکە خەڵکی هەردووکیان تێکەڵ دەکەن، یان گومانی ئەوە دەبەن زۆر پێویست نییە لە یەک داببڕێنرێن، بۆ نموونە هەوڵیاندا مانای وشەی فەڕەنسی (باوک père) ڕوونبکەنەوە، ئەویش بەوەی وتیان مانای ئەم وشە لاتینییە (páter) لەخۆ دەگرێت، نموونەیەکی دی ئەمەیە: ئەم دەنگە کورتە (a) لە زمانی لاتینیدا بووە بە (i) لەو بڕگەی کراوانەی لە سەرەتاوە دەستپێناکەن، لەپاڵ وشەی (faciò) وشەی (conficiò) و لەپاڵ (amicus) وشەی(inimicus) دەبینین.. هتد. زۆرجاران یاساکە بەمشێوەیە دەبێت: دەنگی (a) لە وشەی (faciò) دەبێتە (i)ی لە وشەی (conficiò)، چونکە بڕگەی یەکەم زۆر درێژ نییە. ئەمە ڕاست نییە: چونکە (a) قەت نابێتە (i) لە وشەی (conficiò)، بۆ بونیادنانەوەی ڕاستەقینەکە پێویستە دوو قۆناغ و چوار زاراوە هەڵبژێرین. قسەکەرەکان یەکەمجار بەمشێوەیە

درکاندنیان کردووه (faciò – confaciò)، پاش ئەمەش ئەم وشەیە (confaciò) بــووە بە (conficiò)، کەچــی وشــەی (facio) بەبــێ گـــــۆڕان مـــــاوەتەوە و بەم شـــــێوەیە دەریـــــان بڕیـــــوە: (faciò → conficiò).

faciò←—— → confaciò period A

faciò←—— → conficiò period B

ئەگەر گۆڕانەک ڕوویدا، ئەوا لەنێوان ئەمانە ڕوودەدات confaciò and conficiò، بەڵام یاساکە بەشێوەیەکی خراپ داڕێژراوە، تەنانەت ئەمەی نەوتووە!(confaciò). لەپاڵ گۆڕانی مێژوویشدا، ڕاستەقینەیەکی چەسپاو هەیە، کە جیاوازی لەگەڵ ئەوەی یەکەمدا هەیە و لەسەر بنەمای ئەو دژایەتییە وەسفییە لە نێوان (faciò and conficiò) کار دەکەن.

ئەمە پەلکێشمان دەکات بۆ ئەوەی بڵێین ئەمە ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ئەنجامە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستەقینەیەکە لەناو جۆرە تایبەتەکەی خۆیدا، لە ڕاستیدا هەموو دیاردە وەسفییەکان لەمە دەچن.

بەهای ڕاستەقینەی دژاودژبوونی (faciò – conficiò) ناجیاکارە، چونکە هۆکارە ڕاستەقینەکە ئەوەیە، لێرەدا دژاودژبوون بەتەواوەتی ڕوون نییە، بەڵام بەرانبەربوونەکان یان دژاودژییەکانی وەکو: (Gäste:Gast and gebe:gibt)، ئەنجامی ڕێکەوتانەن بۆ پێشڤەچوونە دەنگییەکەیان، لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەیەکی ڕێزمانی

سەرەکییە لە جۆری وەسفی. هەردوو جۆرەکە بەتەواوەتی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و دابڕینیان لەیەکدی هیچ گرنگییەکی نییە. لەڕاستیدا زمانەوانی چەند سەدەیەک لەگەڵ یەکدیدا ئاویتەیانی کرد، بەبێ ئەوەی لە بێکەڵکبوونی ئەم میتۆدە بکۆڵێتەوە.

ئەو هەڵەیەی بەهۆی ئەو نموونانەوە ڕوونبوونەتەوە. بۆ شرۆڤەکردنی وشەی یۆنانی (phuktòs) بۆ نموونە، وا پێدەچێ بەس بێت، بۆ ئەوەی بڵێین دەنگی (g) یان (kh) بووە بە (k) لەپێش نەبزوێنە کپەکانەوە، با لەڕێگای شرۆڤەکردنی ئەم هاوکوفە وەسفیانە ڕوونکردنەوە بدەین:

(phugein: pauktòs, Lèuhos: Lèutron)، بەلاّم لە حاڵەتێکی وەکو: (trikhes: thrikisè) ئاڵۆزییەک لەئارادا هەیە، ئەویش گواستنەوەی پیتی (t)ە بۆ (th)، شێوازەکان لە ڕووی مێژووییەوە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەهۆی زنجیرەی کاتەوە(chronology) شرۆڤە دەکرێت، ئەم ڕەگە (thrikh) لە زمانی یۆنانی بنەڕەتیدا، کە بە (si) کۆتایی هاتووە، بووە بە (thriksi)، کە پێشڤەچوونێکی زۆر کۆنە و وەک ئەوە وایە وشەی (Lektron) لە ڕەگەوە بەرهەمهێناوە، کە ئەمەیە (lekh). پاش ئەمە هەموو کپێک لە هەمان وشەدا کپێکی دیکەی بەدوادا دێت و دەبێتە دەنگێکی گڕ، هەروەها وشەی (thrikhes) بووە بە (trikhes)، پاشان بەشێوەیەکی ئاسایی دەبێتە (thriksi) و لە یاساکە دەردەچێت.

**٩. ئەنجامەکان (کۆتایی)**

لێرەدا زمانەوانی گەیشتە لقەکەی دووەمی، دەبوایە لە سەرەتاوە یەکێکیانمان هەڵبژاردایە، یان زمان یان ئاخاوتن، دووبارە خۆمان دەبینین کەوتووینەتە دووڕییانێکەوە، کە یەکەمیان دەمانباتە لای مێژووییەکە و ئەوی دیکەش بۆ ئێستاییەکە پەلکێشمان دەکات، کاتێکیش دەگەینە بنەما دووەمەکەی ئەم پۆلینکردنە، دەتوانین بڵێین هەموو شتێکی مێژوویی لە زماندا تەنیا مێژووییە، کەواتە ئاخاوتن باشترە.

بنجی هەموو گۆڕانێک لە ئاخاوتنەوە پەیدا بووە، هەموو گۆڕانێک پێویستە ژمارەیەک خەڵکی دەریببڕن، پێش ئەوەی بۆ بەکارهێنانی گشتی پەسندکراو بێت. لە زمانی ئەڵمانی تازەدا ئەمانە بەکاردەهێنرێن: (ichwar, wir waren)، کەچی داتاشینی گۆڕانەکەی لە سەدەی شازدەوە بەمشێوەیە بووە: (ich was, wir waren). بە زمانی ئینگلیزی بەراورد بکە: (I was, we were)، ئایا چۆن (war) جێی (was)ی گرتەوە؟ هەندێک قسەکەر لەژێر کاریگەری (waren)دا بوون و ئەمەیان داهێنا (war)، ئەویش لەڕێگەی پێوانەوە، ئەمەش ڕاستەقینەیەکی ئاخاوتن بوو، ئەم شێوازە تازەیە چەند جارێک دووبارەبووە و کۆمەڵی قسەکەران پەسندیان کرد و بووە ڕاستەقینەیەکی زمانەوانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو گوزارشتەکانی قسەکەران هەمان سەرکەوتن بەدەستناهێنێت، بەو ڕێژەیەی تاکی دەبێت بە هەمان ڕێژە ڕەت دەکرێتەوە، یان نەزانراو دەبێت، لەبەر ئەوە لە زمان

دەکۆڵینەوە، چونکە پەیوەندی بە تێبینییەکەمانەوە نییە، تاکو گروپی قسەکەران لەسەری دەڕۆن و دەیسەلمێنن، هەموو ڕاستەقینەیەکی پێشڤەچوویی هەمیشە ڕاستەقینەیەکی لەپێشەوەیە، تەنانەت لە دوایشدا چەند ڕاستەقینەیەکی لە بواری ئاخاوتندا پێوە دەلکێت، ئەمەش جیاوازییەکە لاواز ناکات، کە پێشووتر باسمانکرد، بەڵکو بەهێزی دەکات، چونکە لە مێژووی هەموو داهێنانێکدا هەمیشە دوو کاتی جیاواز هەن:

١- کاتێک لە بەکارهێنانی تاکیدا بۆمان دەردەکەوێت.

٢- کاتێک دەبێتە ڕاستەقینەیەکی زمانەوانی، کە لە ڕووی ماددی و ڕواڵەتی وەکیەک بن، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک پەسندیان کردبێت.

ئەم نەخشەیە شێوەی لۆجیکی ڕووندەکاتەوە، کە پێویستە توێژینەوە زمانەوانییەکان لەسەری بڕۆن:

| | | |
|---|---|---|
| وەسفی Synchrony | زمان Language | ئاخاوتن Human Speech |
| مێژوویی Diachrony | قسەکردن Speaking | |

پێویستە ئەوە بزانرێت، کە نموونەگەرایی شێوەی تیۆری زانست، هەمیشە ئەو شتانە نین، کە لایەنی پیادەی زمان دەیانسەپێنن، ئەم پێداویستیانە لە هەموو شتێک گرنگترن، ئەمانە تارادەیەک شرۆڤەیەکن بۆ ئەوە شڵەژاوییەی لە توێژینەوەی زمانەوانیدا هەن،

ئەگەر ئەو جیاوازییانەی لێرەدا نیشان دران، یەکجار هەتا سەر پەسند بکرێن، ئەوا ئاراستەبوونی ورد لەژێر چەتری نموونەگەراییدا ناتوانێت خۆی بەسەر ئەم توێژینەوانەدا بسەپێنێت.

لە توێژینەوەی وەسفیی فەڕەنسی دێریندا بۆ نموونە مامەڵەکردنی زمانەوان لەگەڵ ڕاستەقینەکان و لەگەڵ ئەو بنەمایانەی هاوبەش نییە، لەگەڵ ئەو شتانەی لەڕێگای بەدواداچوونی مێژووی هەمان زمانەوە لە سەدەی سێزدەوە تاکو سەدەی بیستەم دەربکرێت، بە پێچەوانەشەوە لەگەڵ ڕاستەقینەکان و بنەماکانی مامەڵە دەکات وەک خۆی بۆ ئەوانەی دیارن لە وەسفکردنی زمانی (بانتو)، کە تا هەنووکە ماوە، کە زمانێکی لاتینی یۆنانییە لەساڵی (٤٠)ی پێش زایینی یان زمانی فەڕەنسی هاوچەرخ.

پێویستە وەسفە هەمەجۆرەکان لەسەر بونیادی پەیوەندییە لێکچووەکان بونیاد بنرێت، ئەگەر هەموو زمانێک (idiom) ببێتە سیستەمێکی سەربەخۆ، ئەوا هەموو زمانەکان بنەما چەسپاوەکان لەخۆ دەگرن، کە لەکاتی قسەکردن بە زارێکی دی ڕووبەڕووی زمانەوان دەبن، چونکە بە هەمان جۆرەوە دەقی گرتووە.

بە هەمان شێوە لە توێژینەوەی مێژووییدا، زمانەوان ماوەیەکی دیاریکراو لە مێژووی زمانی فەڕەنسیدا دەپشکنێت (بۆ نموونە لە سەدەی سێزدەهەمەوە تاکو سەدەی نۆزدەهەم )، زمانی یابانی یان هەر زمانێکی دیکە هەرچی چۆنێک بێت پێویستی بەوە هەیە مامەڵە لەگەڵ ڕاستەقینە لێکچووەکان بکات، کە بۆ بەراوردکردن پێویستی پێیان نییە، تاکو ڕاستەقینە گشتییەکانی جۆری مێژوویی دامەزرێنێت،

پێویسته هەموو توێژەرێک کۆششەکانی خۆی بۆ یەک بواری توێژینەوە تەرخان بکات و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆرتری ڕاستەقینەکان لەم بوارە مامەڵە بکات، بەڵام زۆر سەختە لە ڕووی زانستییەوە ئەم هەموو زمانە کۆنترۆڵ بکەین، بە پێچەوانەشەوە هەموو زمانێک لەژێر کاریگەری بارودۆخەکە ناچارین بە نۆرە لە ڕوانگەی مێژوویی و وەسفییەوە باسیان بکەین، پێش هەموو شتێکیش پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە ئەم یەکە زمانییە لە ڕووی تیۆرییەوە ڕواڵەتییە، کەچی جیاوازییە لە بواری زارەکە یەکێتییەکی قووڵتری هەیە، بەهەر حاڵ شێوازەکە هەرچۆن بێت زمان لێی دەکۆڵێتەوە، پێویستە لەسەرمان هەموو ڕاستەقینەیەک بخەینە جۆرە تایبەتەکەی خۆیەوە و هەردوو میتۆدەکە تێکەڵ نەکەین.

هەردوو بەشەکەی زمانەوانی بابەتی توێژینەوەکەمانە، زمانەوانیی وەسفی(ئێستایی) گرنگی بە پەیوەندییە دەروونییەکان و پەیوەندییە لۆجیکییەکان دەدات، کە زاراوە یاوەرەکان بەیەکەوە دەستێتەوە و دەبنە سیستەمێک لە هزری کۆی قسەکەران.

زمانەوانیی مێژوویی لەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە زاراوە بەدوایەکاتووەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و بە عەقڵی کۆ درکیان پێناکرێت، کەچی پێگەکانی خۆیان جێگۆڕکێ پێدەکەن و شوێنی یەکدی دەگرنەوە، بەبێ ئەوەی ببنە سیستەم.

# بەندی دووەم

# زمانەوانیی وەسفی(ئێستایی)

# Synchronic Linguistics

# بەشی یەکەم
# گشتییەکان

ئامانجی زمانەوانیی وەسفیی گشتی دانانی بنەما سەرەکییەکانە، لەبەر ئەوەی سیستەمێکی وەسفی جیاکارە، و ئەو یاسایانە دادەڕێژێت، کە لە هەر حاڵەتێکی زمانەوانیدا (زمانەوانیی وەسفی) بەدی دەکرێت. زۆر لەو بابەتانەی پێشوەخت لە بەشی یەکەمدا شرۆڤە کران تاڕادەیەک پەیوەندییان بە زمانەوانیی وەسفییەوە هەیە، بۆ نموونە خەسڵەتە گشتییەکانی هێما، بە بەشێکی تەواوکاری وەسفی هەژماردەکرێت، هەروەها بۆ جەختکردنەوە لەسەر پێویستی جیاکردنەوەی هەردوو زانستە زمانەوانییەکە بەکاردەهێنرێت، دەربارەی هەموو شتێک، کە بە ڕێزمانی گشتی (General Grammer) ناوزەد دەکرێت، کە تایبەتە بە زمانەوانیی وەسفی، چونکە تەنیا لەڕێگەی حاڵەتە زمانەوانییەکانەوە (وەسفیی زمانەوانی) دەستەبەر دەبێت، ئەمەش ئەو پەیوەندییە هەمەچەشنانەیە، کە بەو بوارە زمانەوانییە هەژماردەکرێت، کە پایەکانی ڕێزمانی لەسەر دەوەستێت. ئینجا لە بەشەکانی دواییدا تەنیا باس لە بنەما سەرەکی و پێویستەکان دەکەین، بۆ نزیککردنەوەی ئەو بابەتانەی لە زمانەوانیی ئیستاتیکی (چەسپاو) تایبەتمەندێتیان زیاترە، یان بەدرێژی حاڵەتی زمان ڕوون دەکەنەوە (زمان لە حاڵەتی چەسپاودا).

تــویژینەوە لــە زمانــەوانیی وەســفی بەگشــتی لە تــویژینەوەی زمانــەوانیی مێژوویــی زەحمەتتــرە، ڕاســتەقینەکانی پێشــڤەچوون زۆر پــتەو  و یەکــلاکەرەوەن، دەکــرێ پەیوەنــدییەکانیان تێبینــی بکــرێن و زاراوە بەدوایــەکهاتووەکان کۆدەکــاتەوە، کە لە توانایــدایە بە ئاســانی لەگــەڵ هەندێکــدا درکیــان پــێ بکرێــت، زۆر ئاســانە زۆرجــاران دڵخۆشکەر بێت و بە دوای زنجیرەیەک لە گۆڕانەکان بکەوێت، بەڵام زمانــەوانی ئەو بەهــا و پەیوەنــدییانەی پێــوە لکــاوە و ڕووبــەڕووی سەختی و دژواری زۆر دەبێتەوە. حاڵەتی زمــانەوانی لە پیادەکردندا بە خاڵێک هەژمــار ناکرێت، بەڵام تــاڕادەیەک قۆنــاغێکی کاتیــانەیە، کە لەوانەیە لەو مــــاوەیەدا دووچـــاری کۆمەڵێــک هەمـــوارکردنەوە لـــە نزمتــرین ئاســت ببێتــەوە، لەوانەشـــە قۆنـــاغەکە (١٠) ســـاڵ، یـــان سەدەیەک، یان زیاتر بخایەنێت.

لەوانەیە تەنیا گۆڕانێکی کەم لە ماوەیەکی زۆردا ڕوودەدات، پاشـان قەڵبەزەی بنەڕەتی لە ماوەی چەند ساڵێکدا ڕوودەدات، لەوانەشــە دوو زمـــان لە یەک کـــاتی دیـــاریکراودا بوونیـــان هەبێــت و یەکێکیـــان پێشــبکەوێت، کەچــی ئەوی دیکەیــان هــیچ گــۆڕان و پێشــڤەچوونێک بەخۆیەوە نەبینێت، کەواتە لە نموونەی یەکەمدا پێویستە تویژینەوەکە مێژوویی بێت و لەوەی دووەمیشدا وەسفی بێت. ئینجا حاڵەتی ڕەها لەم بوارەدا بەوە دەستنیشان دەکرێت، کە گۆڕان ڕوونەدات، تەنانەت تــاڕادەیەک گــۆڕانە زمانەوانییەکــانیش ســـەرباری هەمــوو شــتەکان دەستنیشــان دەکــرێن. تــویژینەوەی حــاڵەتی زمــانەوانی (چەســپاوی زمـــانەوانی) لە ڕووی کـــردەییەوە پەراوێــز خســـتنی ئەو گـــۆڕانە

دەگەیەنێت، کە گرنگی ئەوتۆیان نییە، هەروەکو چۆن زانایانی ماتماتیک ئەنجامی دەدەن، کە ڕێژە زۆر بچووکەکان لە کاری ژمێریاری خۆیاندا پەراوێز دەخەن، وەک لە لۆگاریتمەکان ئەنجامی دەدەن.

مێژووی سیاسی نێوان (سەردەم)(era) و خاڵی ماوەیەک و (Period) جیا دەکاتەوە، کە قۆناغێکی دیاریکراو دەگرێتەوە. تا ئێستا مێژوونووسان باس لە سەردەمی ئەنتۆنیۆ، قۆناغی خاچپەرستان دەکەن...هتد. ئینجا کاتێک باس لە چەند گۆڕانێک دەکەین، کە وەک خۆیان لەو قۆناغانەدا ماونەتەوە، پێویستە بە هەمان شێوە بڵێین زمانەوانیی وەسفی (ئیستاتیکی) گرنگی بە قۆناغەکان (eras) (قۆناغە کورتەکان) دەدات، بەڵام حاڵەتەکە (state) لەوانی دی پەسەندترە. ئینجا دەستپێک یان کۆتایی قۆناغەکە (era) هەمیشە مۆرکی شۆڕشی توند هەڵدەگرێت، کە بەرەو هەموارکردنی ئەو حاڵەتەی لە شتەکان بوونیان هەیە ئاراستە دەبێت. وشەی (state) حاڵەتێکە خۆی لەوە بە دوور دەگرێت، کە ئەو پێدراوە بە دەستەوە بدات، هەموو شتێکی هاوشێوە لەپاڵ ئەمەدا لە زماندا ڕوودەدات، چونکە زاراوەی (era) سەردەمێکی خوازراوە لە مێژوو و وامان لێدەکات لە هەمان زمانەکە بیرنەکەینەوە، بەو ڕاددەیەی بیر لەو بارودۆخە بکەینەوە، کە زمانەکە کۆنترۆڵ دەکەن. بەکورتی تاڕاددەیەک گوزارشت لەو بیرۆکە دەکەن، کە بە (زمانەوانیی دەرەکی external Linguistics) ناوزەدمان کرد(بڕوانە پێشەکی بەشی پێنجەم).

لەپاڵ ئەمەشدا، دەستنیشانکردنی کات، یان خۆبەستنەوە بە کات، تاکە سەختی و دژوارییەکە لە پێناسەکردنی حاڵەتە زمانەوانییەکەدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، چونکە شوێن هەمان گرفت دروست دەکات، بەکورتی چەمکی حاڵەتە زمانەوانییەکە تەنیا نزیککردنەوە یان ڕێژەییە. لە زمانەوانیی چەسپاودا وەک هەموو زانستێک، هیچ بوارێک نییە بۆ شیکردنەوەیەک، کە لە ڕووی بەخشینی زانیارییەکانەوە سادەیی لەخۆ نەگرێت.

# بەشی دووەم

# کەرەسە سەرەکییەکانی زمان

## ١- پێناسە: بابەت و یەکە:

ئەو هێمایانەی زمان پێکدەهێنن، ڕووت و ڕەها نین، کەچی شتێکی هەستەوەری ڕاستەقینەن، زمانەوانی باس لە هێما و وابەستەگییەکانی نێوانیان دەکات.

با لێرەدا ئەو دوو بنەمایە بەدەرخەین، کە ئەم توێژینەوەیەمان بۆ کۆنترۆڵ دەکەن:

أ / ماددەی زمانەوانی تەنیا لە پەیوەندی هێما و هێمابۆکراو پەیدا دەبێت، ئینجا ئەگەر یەک توخم بوونی نەبوو، ئەوا سەرتاپای بابەتەکەش بوونی نابێت، لەم حاڵەتەدا لەباتی شتە هەستەوەرەکە ڕووبەڕووی شتێکی ڕووت و ڕەها دەبین.

ئێمە هەڵە دەکەین لەوەی بەبەردەوامی دەست بە بەشێکی بابەتەکەوە(ماددەکەوە) بگرین، واش گومان دەبەین، کە باسمان لە هەموو بابەتەکە کردووە، ئەمەش کارێکە پێویستە ڕووبدات، بۆ نموونە ئەگەر زنجیرەی ئاخاوتنەکانمان دابەشکردە سەر چەند بڕگەیەک، ئەوا ئەم حاڵەتە ڕوودەدات، چونکە بڕگەکان هیچ بەهایەکی نییە، تەنیا لە فۆنۆلۆجی (phonology)دا نەبێت. بەدوایەکهاتنی دەنگەکان هەرگیز زمانەوانی نابێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا کە بیرۆکێک لە خۆبگرێت، بەو ئیعتیبارەی سەربەخۆیە، ئەمەش

کرۆکـــی بـــابەتی تـــوێژینەوە فســـیۆلۆجییەکانە (زانســـتی ئەرکـــی ئەنـدامەکانی جەسـتە – لەشناسـی)، جگە لەمەش هیچـی دیـکە نیـیە، هەمـان ئەو شـتەش لەسـەر هێمـابۆکراوەکە پیـادە دەبێـت، ئەویـش لە حاڵەتێکـدا ئـەگەر هێمـابۆکراو ئەوەی لـێ دابڕێـت، کە هێمـای بـۆ دەکـات. ئینجـا ئەگـەر بیروبۆچوونەکـان بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ وەربگـرین، وەکـو: مـاڵ، سـپی، دەبینێـت... هتـد، ئەوا پەیوەنـدی بە دەروونناسییەوە هەیە.

ئەو بابەتانە نابنە بابەتی زمانەوانی، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ، کە پەیوەنـدی بە وێنەیەکـی دەنگـی زمـانەوە هەبێـت، بیرۆکـە جـۆرە یـان بەتەواوەتـی تایبەتمەنـدییەکی مـاددە دەنگییەکەیە، وەکـو ئەو تـوێژەی دەنـگ، کە بە جۆرێـک یـان بە تایبەتمەنـدییەکی بیـرۆکەکە هەژمـار دەکرێت.

هەردوو لایەنـی یەکەی زمـانەوانی زۆرجـاران بەراورد دەکرێـت، یـان دەشـوبهێنرێن بەو مـرۆڤەی لە جەسـتە و ڕووح پێکهـاتووە، ئەم لێکچـــوون و بەراوردنەش ناپەســـەندە، بـــژاردەی چـــاکتر بـــۆ ئەم حـــاڵەتەش پێکهـــاتەی کیمیـــاوییە، وەکـــو ئـــاو، کە لە هایـــدرۆجین و ئۆکسـجین پێکدێت، ئینجا ئەگەر هەر یەک لەم دوو تـوخمە بە جیـا و بەبێ ئەوی دی وەرگیرن، ئەوا هیچ کامێکیان تایبەتمەندێتییەکانی ئـاو لەخۆ ناگرن.

ب/ بـابەتی زمـانەوانی (مـاددەی زمـانەوانی) بەوردی نازانرێـت، تەنیـا لە حـاڵەتی دەستنیشـانکردنیدا نەبێـت، واتە دەبـێ لە هەمـوو شـتێکی دەوروپشـتی لەو زنجیـرە دەنگیانـە جیـا بکـرێتەوە، ئەوکـاتە

دەناسرێت و دەزانرێت. ئەم ماددە یان یەکە زمانەوانییە دیاریکراوانە لە پرۆسەی زمان و ئالیەتەکانیدا دژ بە یەکدین. هەر یەکەیان لە سەرەتاوە پاڵنەرێکی هەبوو بۆ ئەوەی هێماکان بە هێما بینراوەکان بچێت، کە دەتوانین لە هەمان ئەو شوێنەدا بمێننەوە، ئەویش بەبێ هیچ تێکەڵبوون و شڵەژاویەک، ئینجا ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، کە جیاکردنەوەی ئەو توخمانەی هێمان، دەکرێ بە هەمان شێواز چارەسەر بکرێن، ئەویش بەبێ ئەوەی پەنا بەرینە بەر کاراکردنی عەقڵ، وشەی شێواز (form)، کە زۆرجاران وەک هێمایەک بۆی بەکاردەهێنرێت (گوزارشتەکە بەراورد بکە لە نێوان شێوازی کاری و شێوازی ناویدا)، دەبێتە هاریکارێک بۆ هەڵە، بەڵام ئێمە دەزانین خەسڵەتی سەرەکی زنجیرەی دەنگەکان ئەوەیە، کە خاوەن مەودایەکی درێژە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەتەنیا وەریگرین، ئەوا هەڵەیەکە، وەک تۆمارێک درێژییەکەی بەردەوامە، کە گوێیەکان هەست بە خودێتی و پەرتبوونی بڕدراو بەئاشکرایی ناکەن، بۆ دابەشکردنی زنجیرەکەش پێویستە بچینە ناو ماناکانەوە، لە کاتی بیستنی زمانێکی نامۆ حایر دەمێنین و نازانین چۆن دەنگەکانی شیبکەینەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا شیکردنەوە زەحمەت دەبێت، ئەگەر لایەنە دەنگییەکە لە دیاردە زمانەوانییەکەدا بەهەند وەربگرین، بەڵام کاتێک ماناکە شارەزا دەبین و ئاگامان لەو ئەرکە دەبێت، کە لە بەشەکانی زنجیرەکەدا جێبەجێی دەکات، دەبینین بەشەکان خۆیان بەرەڵلا دەکەن و خۆیان هەڵدەوەشێننەوە، تۆمارە شێواوەکەشی بۆ چەند بەشێک دابەش دەبێت.


ئێستاش هیچ شتێکی ماددی لە شیکردنەوەکەدا بەراوردناکرێت.

**بەکورتی:** زمان وەک کۆمەڵە هێمایەکی دیاریکراوی ئەوتۆی پێشوەخت خۆی پێشکەش ناکات، کە تەنیا بۆ توێژینەوە پێویست بن، ئەویش بە گوێرەی مانا و ڕێکخستنیان، ئەو بونیادێکی شڵەژاوە و تەنیا بە ئاگابوون و ئاشنایەتی، توخمە تایبەتییەکانی دەدۆزێتەوە، یەکەی خەسڵەتێکی دەنگی تایبەتی هەیە، دەتوانین تاکە پێناسەیەک پێی ببەخشین ئەمەیە: توێژێکی دەنگییە لە کاتی دوورخستنەوەی هەموو شتێک دروست بووە، کە لە زنجیرەی ئاخاوتندا لەپێشی یان لەپاشیدا هاتبێت، لە حاڵەتێکدا زنجیرەی ئاخاوتنەکە هێما بۆ بیرۆکەیەکی دیاریکراو بکات.

**٢ـ میتۆدی دەستنیشانکردنی**

ئەو کەسەی زمان دەزانێت، یەکەی ئەو زمانە بە پەیڕەوکردنی میتۆدێکی زۆر سادە ـ لە ڕووی تیۆرییەوە ـ دەتوانێت جیابکاتەوە. تا چ ڕاددەیەک میتۆدەکەی لە بەکارهێنانی ئاخاوتن پێکدێت، ئەویش وەکو سەرچاوەیەکی ماددی زمان و وێناکردنی بە شێوەی دوو زنجیرەی هاوتەریب، یەکێکیان بۆ بیر و هزرەکان (A) و ئەوەی دیکەش بۆ وێنەکای دەنگ (B).

لە دەستنیشانکردنی ورددا، بەدابەشکردن لە ڕێگای زنجیرەیەک وێنەی دەنگ (a, b, c) دابەشکردنەکە لە ڕێگای زنجیرەی بیروهزرەکان یەکاویەک دەکاتەوە (a1, b1,c1):




ئەم وشـە فەڕەنسییە (sižlaprá)، ئایا دەتـوانین زنجیـرەکە پـاش پیتـی (L) ببـڕین و (sižl) بکەیـن بە یەکەیەک؟ نەخێـر، ئـێمە تەنیـا پێویستمان بەوە هەیە بیروهزرەکان بەهەند وەرگرین، تـاکو ئەوەمـان بـۆ دەربکەوێـت، کە دابەشـکردنەکە هەڵەیە. هەروەهـا دابەشـکردنی بڕگەیی: (siž, la, prá) ناتوانین وا وەریگرین کە خـاوەن بەهـایەکی زمانەوانییە، ئەو دابەشکردنانەی کە لە توانایدا هەن، تەنیا ئەمانەن:

١ـ ئەگەر (si je lappreis) si - ž - la – prá وەربگرین.

٢ـ ئەگەر (si je lappreods) si ž - l – adrá وەربگرین.

ئەمەش بەو مانایـــانە دەستنیشـــانکراون، کە بە وشـــەکانەوە بەسـتراونەتەوە، بـا ڕاسـت و دروسـتی ئەنجام ئەم ڕێکـارە (میتـۆدە) بسـەلمێنین و بەتـەواوەتـی بـزانین، کە ئـێمە لەگـەڵ یەکەیـە مـامەڵە دەکەیـن، پێویسـتە لە ڕێگـەی بەراوردکرنـی کۆمەڵە ڕسـتەیەکەوە، کە هەمـان یەکەیـان تیـادایە، بتـوانین خـودی یەکەیەکە لە بـوارەکە جیـا بکەینەوە و لە هەر یەکە و لەم نموونانە ئەوەمان بۆ دەربکەوێت، کە مانـا پرۆسـەی دەستنیشـانکردن دروسـت دەکـات، یـاخود پاسـاوی دەداتێ، بۆ نموونە ئەم دوو پاڕستەیەی لە زمانی فەڕەنسیدا هەن:

(هێزی با ـ Laforsdüvá (La force du vent) و (مانا پیتئامێزەکەشی ئەمەیە: کۆتایی هێزی کەسەکە گەیشتە کۆتایی: ـ abudfors about de force)، لە هەموو گوزارشتێکدا هەمان بیرۆکە لەگەڵ هەمان تویژە دەنگییەکە (fors)ڕێکدەبێت و دەگونجێت. بێگومان یەکەی زمانەوانی بەمشێوەیە دەبێت، بەلام لەم گوزارشتەدا: قسەی پێمکرد ilma forsa parle(ilme force a parler)، ئەوا (fors) بەتەواوەتی مانایەکی جودای هەیە، لەبەر ئەوە بە یەکەیەکی دیکە دادەنرێت.

### ٣ـ ئاستەنگەکانی کردەی دەستنیشانکردن:

ئەو میتۆدەی پێشووتر ڕوونمان کردەوە، لە ڕووی تیۆرییەوە سادە و ساکار بوو، بەلام ئایا پیادەکردنیشی هەر ئاسانە؟ ئێمە ناچار ئەم باوەڕە پەسەند دەکەین، ئەویش لەبەر ئەوەی لە چەمک (بیرۆکە)کەوە دەستمان پێکردووە، کە پێی وایە یەکە دابڕاوەکان بە وشە هەژماردەکرێن. ئایا ڕستە چییە جگە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵە وشەیەک؟ ئایا دەتوانین چ شتێک بە ئاسانی بگرین و باشتر لە وشەکان دەستیان بەسەردا بگرین، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نموونەکەی پێشوو، دەتوانین بلێین شیکردنەوەی زنجیرە ئاخاوتن (sižlaprá) لە هەر چوار یەکە دەستنیشانکراوەکە پیادە بووە، ئەو یەکانەش وشەن: (si- je- l- apprends) ، ئێمەش ئێستا تێبینی ئەوە دەکەین، جۆرە ناسازییەک دەربارەی سروشتی وشەکە هەیە، بە تێفکرینێکی کەم دەردەکەوێت، کە مانای ئاسایی زاراوەکە لەگەڵ چەمکی یەکە بنەڕەتییەکە دژاودژ دەکەوێتەوە.

تــاکو قەنــاعەت بەم ئەنجــامە بێنــین، پێویســـتە بیــر لەم وشــە فەرەنســـییە بکەیـــنەوە: (ئەســـپ cheval) ، هەروەهـــا شـــێوازی کۆیەکەشـی (chevaux) لێکبدەینەوە. خەڵکانیش بە ئاسانی دەڵێن هەردوو شـــێوازەکە ســـەر بە یەک وشـــەن، بەڵام کاتێـــک تێیـــان ڕادەمێنین بەگشتی بۆمان دەردەکەوێت، کە هەردووکیان دوو شتی جودان، هەر چەندە مانا و دەنگەکانیان بەهەند وەرگرین. (مانگی سێپتەمبەر (mois de septembre)..In mwòz) پاش مانگێک: (in un mois, après)، هەروەها دوو شێواز لە هەمان وشـە لە ئارادا هەیە، بەڵام مەسەلەی یەکەی بنەڕەتی لە ئارادا نییە، ماناکە هەر یەکە، کەچـــی تـــوێژە دەنگیـــیەکە جـــودایە. زۆرجـــاران لە هەوڵدابووین، کە یەکە بنەڕەتییەکان بە وشەکان لێکبچوێنین، لێرەدا ڕووبـەڕووی کێشـــەیەک دەبیـــنەوە، ئینجـا لێـرەدا یـان دەبـێ ئەو پەیوەنـدییە هـیچ شـتێک دەرناخـات و پەراوێـزی بخەیـن، کە ئەمە دەبەســـتێتەوە: (cheval) و (chevaux)، هەروەهـــا هەردوو ئەم دەنگەش (mwa) و (mwaz) بە یەکەوە دەبەستێتەوە.... هتد. لێـرەدا دەڵێـین ئەمـانە وشـەی هەمەچەشـنەن، یـان لەجیـاتی یەکە بنەڕەتییەکـان تەنیـا (ڕەهـابوون) وەربگـرین، کە شـێوازە جوداکـانی خودی وشەکە ببەستێتەوە. دەبێ یەکەی بنەڕەتی دەربکەوێت، نەک تەنیا لە وشەکەدا، بەڵکو لە هەموو شتێکی دیکەدا، لەپاڵ ئەمەش زۆر لە وشـەکان بە یەکەی پێکهاتەیی لەقەڵەم دەدرێت و زۆر بەسـانایش دەتوانرێت یەکە هاریکارەکان (پاشگرەکان و پێشگرەکان و ڕەگەکان) جـــــودا بکـــــــرێنەوە. وشـــــــە داتاشـــــــــــراوەکانی وەک

(Paint – ful and delight -ful) دەتوانین دابەشی بکەینە سەر چەند بەشێک و هەر یەکەیان مانا و ئەرکە ڕوونەکەیان پۆلین بکەین. بە پێچەوانەشەوە هەندێک یەکە هەن لە وشە گەورەترن: لێکدراوەکان: دەستکی قەڵەمی حبر (Porte – Plume) لە زمانی فەرەنسی، گوزارشت و دەربڕینی ئاخاوتن: (بەڕوخسەت: sil vous plait)، فۆرمی پێناسەیی (فۆرمی ڕانەبوردووی تەواو (ilaete (he has beon. بەڵام ئەم یەکانە بەر لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی دەگرن، بە هەمان ئەو هێزەی وشەکان بەتەواوەتی بەرگری لەخۆ دەکەن بەرانبەر ئەم پرۆسەیە و وایان لێدەکات نەتوانن ئاوێتەبوونی ئەو یەکانەی هەن کۆتایی پێبێنن، ئەویش لەناو خودی زنجیرە دەنگییەکە و دیاریکردنی ئەو توخمە بنەڕەتیانەی، کە زمان بە گوێرەیان کاردەکەن (یان زمان لەسەر بنەما و پایەکانیان ڕادەوەستێت).

بێگومان قسەکەران درک بەو سەختییە کردەییانە ناکەن، کە لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی یەکەکان پەیدادەبن. هەموو شتێک هەرچەندە گرنگییەکەی کەم بێت، وا دەردەکەوێت بۆیان توخمێکی بنەڕەتییە، هەروەها ئەو ئاخێوەرانە نوشست ناهێنن لەوەی لە کاتی ئاخاوتندا جودایان بکەنەوە و بیانناسن، بەڵام یەک شت ئارەزووی خێرایی دەکات، ئاوێتەبوون و ئارامی نێوان یەکەکان بەهەند وەردەگرێت لە کاتی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو میتۆدە تیۆرییانەی کە تارادەیەکی ئەوتۆ زۆر بەربڵاون، تا ڕستەکان بکاتە یەکە بنەڕەتییەکانی زمان.

ئێمە قسـەكانمان دابەشـكردووەتە سـەر چەنـد ڕسـتەیەک، پاشـان وشـەكان لەیەكدی جودا دەكەینەوە، بەڵام تـا چ ڕاددەیەک ڕستەكان پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە ؟ ئەگەر ڕستە پەیوەندی بە ئاخاوتنەوە هەبێت، لەم حاڵەتەدا ڕستەكە ناتوانێت باز لەسەر یەكە زمانەوانییەكە بدات، بەڵام با وا گریمانە بكەین، كە ئەم دژوارییە بوونی نییە.

ئەگەر وێنای ئەوە بكەیـن ڕسـتەكان بەگشتی بـدركێنرێن، ئەوا لەم حاڵەتەدا خەسـڵەتێكی سـەرنجمان ڕادەكێشـێت، ئەویش ئەوەیە كە بە هیچ شێوەیەک لەیەكدی ناچن. ئێمە ناچارین ئەو فرەجۆرییە مەزنەی لە ڕسـتەكاندا هەیە، بەو فرەجۆرییە هـاوكوفە بیشـوبهێنن، كە جۆری ئـاژەڵ پێكـدەهێنن، بەڵام ئەمە تـەنیا وەهـمە، چـونكە خەسـڵەتە هاوبەشـەكانی نێـوان ئەو ئـاژەڵانەی یەک جـۆری لەو جیاوازییـانە گرنگتـرن، كە نێوانیـان جـودا دەكەنەوە، بەڵام لە ڕسـتەكاندا بە پـێچەوانەوەیە و جیاوازییەكـان زاڵتـرن، كـاتێكیش تەماشـای ئەو وابەستەگیە دەكەیـن، كە فرەجۆری و جیاوازییەكانی لەخۆ ناگرێت، جـارێكی دی ـــ بەبـێ گەڕان ـــ وشـەكە بە هەمـوو جیـاوازییە ڕێزمانییەكانی خۆی دەبینین، بەمشێوەیە ئیدی هەمدیسان دووچاری ئاستەنگەكانی پێشوو دەبینەوە.

**٤ـ ئەنجام:**

مەسـەلەی یەكەكـان لە زۆربەی زانسـتەكان دەرناكەوێـت، لە ئاژەڵناسیدا ئاژەڵ تەنیا نوێنەرایەتی خۆی دەكات، فەلەكناسی لەگەڵ چەنـد یەكەیەكـی جیـا لە ئاسـمان و بوارەكـانی ئەستێرەناسـی دەكـۆڵێتەوە، كیمیـازان دەتوانێـت لە سروشـت و پێكهـاتەی دووەم

کرۆماتی پۆتاسیۆم بکۆڵێتەوە، ئەویش بەبێ ئەوەی بۆ نموونە گومان لە وردی دیاریکردنی بابەتەکە بکات. کاتێک زانستێک یەکەی بنەڕەتی تیادا نەبێت، کە بەسانایی درکیان پێ بکرێت، ئەوا لەبەر هۆکاری پێویست نەبوونییەتی بەو یەکانە. بۆ نموونە لە مێژوودا ئایا یەکە تاکی کۆمەڵگەیە، یان نەتەوەیە، یان قۆناغە مێژووییەکەیە، نازانین ئەمە مانای چییە؟ دەتوانین لە مێژوو بکۆڵینەوە، بەبێ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بزانین. بەتەواوەتی وەکو یاری شەترەنج، کە پەیوەندییەک لەنێوان داشەکانی ئەم یارییەدا هەیە، زمانیش بەوە وەسف دەکرێت، کە سیستەمێکی وایە لەسەر پایەکانی دژاودژبوون دەوەستێت، ئەویش لە چوارچێوەی یەکە بنەڕەتییەکانی خۆیدا، ئێمە ناتوانین تێیان نەڕوانین، و ناشتوانین بەبێ گەڕانەوە بۆیان هیچ هەنگاوێک بنێین. تا ئێستاکەش دەستنیشانکردنیان بە مەسەلەیەکی ورد هەژماردەکرێت و وامان لێدەکات لە سەرەتادا سەرمان سوڕبمێنێت لەوەی بوونێکی ڕاستەقینەی هەبێت. خەسڵەتی نامۆ و سەرسوڕهێنەر لە زماندا ئەوەیە، کە لە سەرەتاوە خاوەنی مادده و بابەتی هەستەوەری نابێت، بەمجۆرە ئیدی دەرفەتی ئەوەمان ناداتێ گومان لە بوونێکی ئەوتۆ هەبێت، هەروەها ئەو دەرفەتەشمان بۆ نارەخسێنێ، کە بگەینە ئەوەی کارکردن زمان پێکیدەهێنێت و دروستی دەکات. بێگومان خەسڵەتێک هەیە، کە زمان لە هەموو یاسا سیمۆلۆجییەکان (هێماکان)ی دی جیا دەکاتەوە.

## بەشی سێیەم

## لێکچوون و ڕاستەقینە واقعییەکان و بەهاکانی زمانەوانی

ئەو گوزارشتەی پێش چەند چرکەیەک وتمان، دەمانخاتە بەرانبەر گەورەترین گرفت، چونکە هەر چەمکێکی بنەڕەتی لە زمانەوانی ئیستاتیکی ڕاستەوخۆ لەلامان پشت بە چەمکی یەکە دەبەستێت، جگە لەوەش لەگەڵیدا ئاویتە دەبێت، ئارەزووش دەکەم ئەم حاڵەتە یەک لەدوای یەک وەسف بکەم و چەمکەکانی (لێکچوونی وەسفی) و ڕاستەقینەی وەسفی و بەهای وەسفی بەهەند وەربگرم.

أـ ئایا لێکچوونی وەسفی چییە؟ لێرەدا پرسیار دەربارەی ئەو لێکچوونە ناکەین، کە ئامرازی نەرێ لە زمانی فەڕەنسیدا لەگەڵ بەرانبەرە لاتینییەکەی (passum – هەنگاو) پێکەوە دەلکێنێت و بەرانبەری مێژوویی، کە پەیوەندی بە هەموو شتێکەوە هەیە(بڕوانە بەندی سێیەم، بەشی هەشتەم)، بەڵام وا پێدەچێت لێکچوونێک لە ڕووی گرنگییەوە یەکسان بێت دەربارەی ئەوەی دەوترێت، دوو ڕستەی وەک (نازانم)(jene sais pas) و(ئەم قسەیە مەکە – ne dites pas cela)، هەمان توخم لەخۆ دەگرن. ئەم پرسیارە بێهودەیەی پێویستە ئاراستەی بکەین ئەوەیە، کە جۆرێک لە هاوشێوەیی ـ لێکچوون لەئارادا هەیە، چونکە هەمان توێژی دەنگەکە هەمان مانا لە هەردوو ڕستەکەدا لەخۆ دەگرێت. بەڵام ئەم شرۆڤەیە قەناعەتمان پێناکات، چونکە ئەگەر توێژەکانی دەنگ بیروبۆچوونەکان لە حاڵەتێکدا وەکیەک بن، ئەوا پێچەوانەی ئەمە هەڵە دەردەچێت.

لێکچوونێک بۆی هەیە دروست بێت بەبێ ئەم بەرانبەربوونە، ئەگەر ئەم واژەیە (Gent leman) چەند جارێک لە وانەیەکدا دووبارە بکەیتەوە، ئەوا لای گوێگران هەستێک دروست دەبێت، کە هەمان گوزارشتەکە دووبارە دەکرێتەوە، سەرباری ئەمەش جیاوازییەکان یان فرەجۆرییەکانی درکاندنی پرۆسەکانی ڕێکخستن وا لە جیاوازییەکانی دەنگ دەکات لە بوارە هەمەجۆرەکاندا درکیان پێ بکرێت ـ ئەو جیاوازییانە لە ڕووی هەستەوە بەتەواوەتی درکیان پێ دەکرێت، وەک ئەو جیاوازییەی لەنێوان وشە هەمەجۆرەکاندا هەیە (ئەم وشانە فەرەنسییانە بەراورد بکە:

(سێو/Pomme) (ناودەست/ paume)( خاڵ/goutte) (چێژ وەردەگرم /je goute )(هەڵدێت/ fuir) (کەلوپەل / fouir).

لەپاڵ ئەمەشدا، هەستکردن بە لێکچوون هەر بەردەوام دەبێت، هەرچەندە لێکچوونێکی ڕەها لە نێوان (Gentelmen)ی یەکەم و دووەمدا نییە، تەنانەت لە ڕووی واتاشەوە لە هەمان بواردا. دەکرێ وشەکە بەتەواوەتی گوزارشت لە چەند مانایەک بکات، بەبێ ئەوەی لێکچوونەکەی لەکەدار بێت.(ئەمانە لەگەڵ یەکدیدا بەراورد بکە: منداڵێک لەخۆ دەگرێت adopter un eufaut، پرسێک پەیڕەو دەکات ـ واتە مۆدیلێک پەیڕەو دەکات – french adopter une mode ، گوڵی نۆبل la fleur du la nololesse، گوڵی درەختی سێو la fleur du pommier.

ئینجا ئالیەتی زمان بۆ لێکچوون و جیاوازییەکان گونجێندراوە، یەکەمیان تەنیا بە بەشکردنێکی دووەمەکەیان هەژماردەکرێت.

گرفتـــی لێکچووەکـــان لە هەمـــوو شـــوێنێکدا ڕوونبـــووەتەوە، سـەرباری ئەمەش پەیوەنـدییەکی بچووکیـان بە مەسـەلەی بـابەت و یەکەکـانەوە هەیە، کە هـیچ نییە، تەنیـا پێکهـاتەیەکە ـ کە لە هەنـدێک لایەنیدا ڕوونە ـ بۆ گرفتە گەورەکە.

ئەم جیاوازییە کاتێک دەردەکەوێت، ئەگەر هەندێک بەراورد لەگەڵ هەنـــدێک ڕاســـتەقینە ئەنجـــام بـــدەین، کە لە دەرەوەی ئاخاوتنـــدا وەردەگیرێـت. بـۆ نمـوونە بـاس لە لێکچـوونی دوو شـەمەندەفەر دەکەیـن، کە لە شـاری جنێڤـەوە بـۆ شـاری پـاریس، کـاتژمێر (٢٥: ٨) هەر (٢٤) کــاتژمێر جارێــک دڕۆن، لەم حــاڵەتەدا هەســت دەکەیــن هەمـوو ڕۆژێـک هەر ئەو شـەمەندەفەرەیە گەشـتەکە ئەنجـام دەدات، بگـرە تەنـانەت وا هەسـت دەکەیـن هەمـوو شـتەکان لە یەک دەچـن، شوێنی دانیشتن لەناو شـەمەندەفەرەکە (کورسییەکان)، کارمەندەکان، لەوانەیە جیا بن، خۆ ئەگەر شـەقامێک ڕووخێنرابوو، جارێکی دیکە بونیادنرابووەوە، لەم حاڵەتەشدا هەر دەڵێین هەمان ئەو شەقامەیە کە جـاری پێشـوو بەسـەریدا ڕۆیشـتووین، هەرچەنـدە جـۆری شـەقامەکە گۆڕانکاریشـی بەسـەردا هاتبێـت. ئایـا بـۆچی شـەقامەکە وەکخـۆی دەمێنێتەوە، کەچی جارێکی دیکە بونیاد نراوەتەوە؟ چونکە بونیادێکی مـاددی تـەواو نییە و پەیوەنـدی بە بـارودۆخێکی دیـاریکراوەوە هەیە، کە جیـــاوازی لەگـــەڵ ئەو مـــاددانە هەیە، کە لەگـــەڵ خـــودی بارودۆخەکەدا گونجاون، بۆ نموونە شـوێنی شـەقامەکە سـەبارەت بە شەقامەکانی دی.

له ڕووی لێکچـــوونەوە چ شـــتێک ئەم جـــۆرە هاوشـــێوەیەی دروسـتکردووە؟ ئایـا کـاتی گـەشـتەکە، ڕێگـاکە ئەم هاوشـێوە و لێکچوونەیـان دروسـتکردووە؟ ئایـا بەشـێوەیەکی گشـتی هەمـوو لایەنـێکە کە لە شـەمەندەفەرەکانی دیـکەوە دوورن، ئەویـش کاتێـک هەمـان ئەو حاڵەتـانە دروسـت دەبـن، کە هەمـان ئەو مـاددانە پەیدادەکەن.

بەمشێوەیە دەبینین ماددەکان ڕوون و ڕەها نین، چونکە ناتوانین وێنـای شـەقامێک یـاخود شـەمەندەفەرێک بەدەر لە ڕاسـتەقینە مـاددیەکەی بکەیـن. لێـرەدا بـا نموونەکـانی پێشـوو لەگـەڵ حـاڵەتێکی دیکەدا بەرانبـەر بکەینەوە، بـۆ نمـوونە پۆشـاکێکم لـێ دزرا، پاشـان لە کـۆگەیەکی جلـوبەرگی لەنـگە چـاوم پـێکەوت، بـۆ فرۆشـتن دانرابـوو، لێـرەدا کیـانێکی مـاددی دەبینـین لە مـاددەیەکی متبـوو پێکـدێت، کە پارچەی قوماش و دیزاین و هۆنینەوەکەیەتی.. هتد. لێرەدا پۆشاکێکی دی ئـەگەر هەبێـت، ناکـاتە ئەو پۆشـاکەی خـۆم، بـا لەویـش بچێـت، لێکچـوونی زمـانەوانی لە لێکچـوونی پۆشـاکەکە ناچێـت، کەچـی لە لێکچوونی شەمەندەفەر و شەقامەکە دەچێت، هەمـوو جارێـک وشـەی (Gentlemen!) بـدرکێنم، ئەوا مـاددەکەی دەڵـێمەوە، هەمـوو درکانـدنێک بە ڕووداوێکـی دەنگـی تـازە، هەروەهـا بە ڕووداوێکـی دەروونی تازە هەژمـار دەکرێت. جـومگەی پەیوەنـدی نێـوان هەردوو شـێوازی بەکارهێنـانەکە بـۆ هەمـان وشـەکە، نە پشـت بە لێکچـوونی مـاددی و نە پشـت بە یەکسـانبوونی مانـا نابەسـتێت، بەڵکـو پشـت بە

توخمگەلێـک دەبەسـتێت، پاشـان دەردەکەون و لە هەمـان کاتیشـدا سروشتی ڕاستەقینەی یەکە زمانەوانییەکان دەردەخەن.

ب ـ ئایا ڕاسـتەقینەی وەسـفی چییـە؟ ئایا چ تـوخمێکی ڕەهـا و هەسـتی زمـان نـاوی لەسـەر پیـادە دەبێـت؟ لێرەدا جیـاوازی نێـوان بەشـەکانی ئاخـاوتن وەک نمـوونەیەک وەرگـرە، ئایـا چ شـتێک پۆلێنکردنی وشەکان بۆ نـاو و ئاوەڵنـاو....هتد پاڵپشـت دەکات ؟ ئایا ئەم پـۆلێنکردنە بەگـوێرەی لـۆجیکێکی تەواو داڕێـژراوە، ئەو بنەمـا نازمانەوانییەی لەسەر ڕێزمان پیادە دەبن لە هێڵەکانی درێژی و پانی سـەر ڕووی زەوی نـاچن؟ یـان لە شـتێک دەچێـت شـوێنێکی لە سیستەمی زمانەوانیدا هەیە و لەژێر کاریگەری خودی ئەو شتەدایە؟ بەکـورتی دەڵێـین ئایـا ئەمە ڕاسـتەقینەیەکی وەسـفییە؟ گریمـانەکەی دووەم ئەگەری دروسـتبوونی زیـاترە، بەڵام گریمـانەکەی یەکەمـیش جێبەجـێ بکرێـت، یـان بەرگـری لێبکرێـت. لە زمـانی فەڕەنسـیدا ئەم ڕسـتەیە بەکاردەهێنرێـت: ئەم دەسـتەوانانە هەرزانـن (ces gants sont bon marche)، ئایا لێرەدا (bon marche) ئاوەڵنـاوە؟ بەڵـێ بەڕوونـی و ڕاشـکاوییەوە دەڵێـین ئەمە لە ڕووی لۆجیکەوە ئاوەڵناوە، بەڵام لە ڕووی ڕێزمانەوە ئاوەڵنـاو نییە، چونکە (bon marche) ناشێت ببێتە ئاوەڵناو. (ئەم دەربڕینە چەسپاوە و پێش ناوەکەی ناکەوێت)، سەرباری ئەمەش لە دوو وشـە پێکهاتووە، ئێسـتاش جیـاوازی نێـوان بەشـەکانی ئاخـاوتن دەبێـتە هاریکـار بـۆ پرۆسەکانی پۆلێنکردنی وشەکانی زمان.

ئایا چۆن دەتوانین چەند وشەیەک بگەڕێنینەوە بۆ بەشێک لە بەشەکانی ئاخاوتن؟ بەڵام با بڵێین (bon – باش) ئاوەڵناوە و (بازاڕ marche)یش ناوێکە و هیچ شتێک ڕوون ناکاتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ پۆلێنکردنێکی ناتەواو و نوقساندا دەکەین، پۆلێنکردنی وشەکان بۆ چەند ناو و کار و ئاوەڵناوێک...هتد، بە ڕاستەقینەیەکی زمانەوانی ئەوتۆ هەژمار ناکرێت، کە بە هیچ شێوەیەک هەڵنەوەشێندرێتەوە.

بەگوێرەی ئەمە زمانەوانەکان بەبەردەوامی لەگەڵ ئەو بیروڕایانەدا مامەڵە دەکەن، کە ڕێزمانزانەکان دایانڕشتوون، بەبێ ئەوەی بزانن ئایا لە ڕووی کردەییەوە لەگەڵ پێکهاتەکانی سیستەمی زمانەوانی یەکدەگرتەوە یاخود نەء.

ئینجا بۆ ڕزگاربوون لە گومڕاکردن و وەهم و چەواشەکارییەکان، پێویستە لەسەرمان ئەوە بزانین، کە ناتوانین ڕاستەوخۆ بگەینە کیانە ماددیە سەرەکییەکانی زمان، خۆ ئەگەر بشمانەوێ بیانگەیێنێ، ئەوا پێویستە پەیوەندی لەگەڵ ڕاستەقینە ڕاست و دروستەکان ببەستین. ئینجا لێرەوە دەستپێبکەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەتوانین پۆلێنکارییەکان یان ئەو وەسفانە ڕوون بکەینەوە، کە زمانەوانی بۆ ڕێکخستن و گونجاندنی ڕاستەقینەکان بە گوێرەی بوارەکانی پێویستی پێیان هەیە، لەلایەکی دیکەوە، بۆ نمونە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی پۆلێنکاری لەسەر هەر شتێک ــ جگە لە کیانە ماددییەکان، هەموو بەشەکانی ئاخاوتن بەوپەڕی سادەییەوە دەڵێین، کە لە پێکهاتەکانی زمان پێکدێن، ئەویش لەبەر ئەوەی لەگەڵ

جۆره لۆجیکیەکان یەکدەگرنەوە، پێویستە ئەوەمان لەیاد نەچێت، کە ڕاستەقینەی زمانەوانی ئەوتۆ لە ئارادا نییە، کە لە ماددەی دەنگ جیا بن و بۆ چەند توخمێکی مانادار پارچە کرابێتن.

ج ـ لە کۆتاییدا دەڵێین، هەموو ئەو بیرۆکانەی لەم بەشەدا باسیان لێوە کردوون، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەو شتەدا جودایی هەیە، کە لەهەر شوێنێکدا بە بەها ناوزەندمان کردووە. بەراوردییەکانی تازە لەگەڵ کۆمەڵە بەردێکی شەترەنج ئەم خاڵەمان بۆ ڕووندەکاتەوە(بڕوانە بەندی یەکەم، بەشی سێیەم، بڕگەی چوارەم)، بۆ نموونە گەر باسی (ئەسپ) بکەین، ئایا ئەسپ توخمێک لە خودی خۆیدا لەناو یارییەکەدا پێکدەهێنێت؟ بێگومان نەخێر، سەبارەت بەو ماددەیەی لێی دروستبووە ــ لە دەرەوەی بازنەکەی خۆی و بارودۆخەکانی دی ــ ئەم شتانە بۆ یاریکەرەکە هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، ئەمە بووەتە ڕاستەقینەیەک و توخمێکی بنەڕەتی، تەنیا کاتێک بە بەهایەک ببەسترێتەوە و ببێتە خاوەنی، وا گریمانە بکە پارچەیەک لە دامەکانی شەترەنج لە کاتی یارییەکەدا بزربوو؟ ئایا لەم حاڵەتەدا دەتوانین بیگۆڕین، یان بە هاوشێوەیەکی وەکخۆی قەرەبووی بکەینەوە؟ بێگومان بەڵێ، نەک تەنیا بە ئەسپێکی شەترەنجی دیکە قەرەبوو دەکرێتەوە، بەڵکو بە هەر شێوەیەکی دیکە، کە لە ئەسپ بچێت و لەگەڵیدا یەک بگرێتەوە و هەمان ئەو بەهایەی ئەو هەیبوو ببەخشێت، پاشان دەبینین لە سیستەمی سیمیۆلۆجییەکاندا(هێماسازی) وەکو زمان، کە توخمەکانی بە

شێوەیەکی هاوسەنگ پشت بە یەکدی دەبەستن، چەمکی لێکچوون پەیوەندی بە چەمکی بەهاوە هەیە و ئیدی بەمشێوەیە.

بەکورتی، لەبەر ئەوە چەمکی بەها چەمکەکانی یەکایەتی و کیانی ماددی و ڕاستەقینە لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئەگەر لێرەدا جیاوازییەکی سەرەکی نێوان ئەم چەمکە هەمەچەشنانە لە ئارادا نەبوو، ئەوا کێشە لەدوای یەک و بەشێوەی هەمەجۆر دەردەکەون. ئەگەر هەوڵبدەین دەستنیشانی یان پێناسەی (یەکە، ڕاستەقینە، کیانە ماددیەکە، بەهاکە) بکەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەگەڕێینەوە بۆ پرسیاری سەرەکییەکە، کە هەژموونی بەسەر زمانەوانی ستاتیکی (چەسپاو)ەوە هەیە، زۆر بەسوود دەبێت ئەگەر لە ڕووی کردەییەوە لەگەڵ یەکەکان دەستپێبکەین، تاکو ماهیەتەکەی دیاری بکەین و هۆکارەکانی هەمەجۆرییەکەی بەگوێرەی پۆلێنکردنەکەی ڕوون بکەینەوە. زۆر پێویستە بە دوای هۆکارەکانی دابەشکردنی زمان بۆ وشەکاندا بگەڕێین ـ چونکە هەرچەندە دەستنیشانکردنیان سەخت و دژوارە، ئەوا وشە ئەو وشەیەیە، کە عەقڵ تووشی حیرەت دەکات، کە شتێکی چەقە لە ئالیەتی زماندا ـ بەڵام ئەمە بابەتێکە زۆری دەوێ و پێویستی بە پەرتووکێک هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر تیشک بخرێتە سەری. دوای ئەمە پێویستە یەکە هاریکارەکان پۆلین بکەین، پاشان ئەو یەکانەی گەورەترن .. هتد، ئەویش بە دەستنیشانکردنی ئەو توخمانەی بەمشێوەیە چارەسەر دەکرێن، زمانەوانیی وەسفی بەتەواوەتی لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، چونکە هەموو دیاردە وەسفییەکان بە بناغە سەرەکییەکەی دەبەستێتەوە، ناتوانین بڵێین ئەم

گــرفته ســـەرەکییە هەمیشـــە بە ئاشـــکرا دەمێنـــێ، یـــان ڕواڵەت و سەختییەکەی خام کراوە و ڕوونە، ئەویش لە مەسەلەی ماددەکەدا، چــونکە زۆربەی خەڵکــی هەمیشــە ئەو یەکانەیــان لا پەســەندە، کە بەتەواوەتــی دەستنیشـــان نەکــراون. هەرچەنــدە تــا ئێســـتاکەش گرنگییەکەیان مەزنە، وا باشترە لە مەسەلەی یەکەکان نزیک ببینەوە، ئەویـش لە بـواری ئەنجامـدانی تـوێژینەوەیەکی بەهـادار و بەنـرخ، لە ڕوانگەی منەوە بەها گرنگی سەرەکی و یەکەمی هەیە.

# بەشی چوارەم
# بەهای زمانەوانی

## ١. زمان وەک سیستمێکی دوانەیی لە بیرۆکە و دەنگ پێکدێت

بۆ ئەوەی بسەلمێنین زمان تەنیا سیستەمێکە لە بەهایەکی ڕووت پێکهاتووە، ئەوا تەنیا بەسە هەردوو توخمی بیر و دەنگەکان بەهەند وەرگرین، کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی زمانەکە (Functioning) بەکارهێنراون. بیروبۆچوونەکانمان لە ڕووی دەروونییەوە ـ جیا لە پرۆسەکانی دەربڕین بە وشەکان ــ تەنیا بونیادێکی فرەجۆر و تەمومژاوین. فەیلەسوف و زمانەوانەکان هەمیشە لەسەر ئەوە کۆکن، دان بنێن بەوەی بەبێ بەکارهێنانی هێماکان ناتوانرێ دوو بیرۆکە لەیەکدی جودا بکرێنەوە و لەمپەر بخرێتە نێوانیان.

بەبێ زمان بیرۆکە تەمومژاوی دادەنرێت و بە گەواڵە هەورێکی نەزانراو و نەناسراو لە قەڵەم دەدرێت، پێش بیرۆکەکان هیچ شتێک بوونیان نییە، پێش دەرکەوتنی زمان شتەکان ڕوون نین. بەرانبەر بەم جیهانەی پڕە لە بیر و هزر، ئایا بیروبۆچوونەکان دەتوانن کیانەکان یان ئەو ماددانە پێشکەش بکەن، کە پێشوەخت دەستنیشانکراون، تەنیا بیروبۆچوونەکان لە ئارادا هەن. ماددەی دەنگ لە بیرۆکەکە بەهێزتر و چەسپاوتر نییە و قاڵبێک نییە پێویست بکات هەمیشە بە بیر و هزرەکانەوە بلکێت، بەڵکو کەرەستەیەکە و

دابەش دەبێتە سەر چەند بەشێکی ڕوونی جیاکار، بۆ ئەوەی (هێما Signifiera)ەکان بە بیرۆکەی پێویست پاڵپشت بکات، لەبەر ئەوەی دەکرێ وێنا ڕاستەقینە زمانەوانییەکە بکەین بەگشتی، واتە زمان بەشێوەی کۆمەڵە بەشێکی بچووک، کە لە هەردوو تەنیشتی ئەو پلانەی دەستنیشان نەکراوە و بە هزر و بیری تێکەڵ و پێکەڵ دیارینەکراوە و ئەو پلانە ناڕوونەی یەکسانە و لە دەنگەکان پێکهاتووە.

ڕۆڵی جیاکاری زمان لەگەڵ ڕەچاوکردنی بیر و هزر لەوەدا نییە، کۆمەڵە مانایەکی دەنگی ماددی بۆ بەدیهێنانی بیروبۆچوونەکان دروستبکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە پەیوەندییەک لە نێوان بیرۆکە و دەنگ دروست بکات، ئەویش لەژێر بارودۆخێکی ئەوتۆ، کە بێ یەک و دوو دەبێتە هۆکار بۆ پرۆسەکانی دەستنیشانکردنی ئاڵوگۆڕکراو بۆ یەکەکان.

هزر لە بنەڕەتەوە شێواوە و پێویستە لە پێشڤەچوونی شیکردنەوەیدا ڕێکبخرێت (in the process of its decomposition)، هزر و بیرەکان شێوەی ماددی ناخەنەڕوو و دەنگەکانیش نابنە کیان یان ماددەی عەقڵی، ڕاستەقینە شاراوە و ناڕوونەکە تاڕادەیەک لە هەموویان ڕاستترە، ئەویش ئەوەیە بیرۆکە ـ دەنگ دابەشکردن دەخوازێت، زمانیش لە دەرەوەی یەکەکانی خۆیدا کاردەکات، کەچی لەنێوان دوو بونیادی شێواودا شێوەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت.

پەیوەندی هەوا لەگەڵ ڕووی ئاو وێنا بکە، ئەگەر فشاری کەش گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوا ڕووی ئاوەکە بۆ چەند پارچەیەک

(شەپۆلەکان) پەرت دەبێت و دەتەقێتەوە، شەپۆلەکان لەگەڵ ماددەی دەنگەکە لە یەکەیەک یان لە دوانەییەکی بیرۆکەکە دەچن. بۆی هەیە زمان بە گۆڕەپانی واژەکان بە بەکارهێنانی وشە دابنرێت، وەک پێشووتر دەستنیشانکرا. هەروەها هەموو زاراوەیەکی زمانەوانی دەکرێ بە ئەندام دابنرێت، بۆ ئەو واژەیەی بیرۆکەکە لە دەنگدا چڕببۆوە و ئەو دەنگەی بۆ بیرۆکەکە بووە هێمایەک.

دەکرێ زمان بە لاپەڕەیەکی کاغەز بەراورد بکەین، کە بیرۆکەکە لە ڕوویەک و دەنگەکەش لە ڕوویەکی دیکەدا بێت، لەم حاڵەتەدا ناتوانین ڕوویەکی کاغەزەکە ببڕین، بەبێ ئەوەی ڕووەکەی پشتیشی نەبڕدرێت. زمانیش بە هەمان شێوەیە، مرۆڤ ناتوانێت دەنگ لە بیرۆکەکە جودا بکاتەوە، یان بیرۆکەکە لە دەنگەکە جودا بکاتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانین بە شێوەیەکی ڕەها دابەشیان بکات، ئەنجامەکەش یا ئەنجامێکی دەروونی تەواوە، یان ئەنجامێکی دەنگی تەواوە.

زمانەوانی لەنێوان ئەم دوو ناوچەیەدا کاری خۆی دەکات، واتە لە ناوچەی سنوورەکان و لەلای کۆبوونەوە و چڕبوونەوەی دەنگ و بیرۆکەکە دەجووڵێت و کار دەکات، و کۆبوونەوە و بەیەکگەیشتنیان شێوازێک پێکدەهێنێت نەک ماددە. ئەم وێنانە پێدراوی لەوەی پێشوو باشتر پێشکەش دەکەن(بەندی یەکەم، بەشی یەکەم)، دەربارەی هەڕەمەکیبوونی هێماکان، نەک لەبەر ئەوەی ئەم دوو حاڵەتەی بە ڕاستەقینە زمانەوانییەکەوە بەستراوەتەوە، هەردووکیان شێواو و تێکەڵن، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی توێژێکی دیاریکراوی دەنگ،

تـاكو گوزارشـت له بيرۆكەيـەكـی دیـاریكراو بكـات، له خـودی خۆيـدا بەتەواوەتی هەڕەمەكييە.

خـۆ ئەگەر ئەمه ڕاسـت نەبێـت، ئەوا لەم حـاڵەتەدا چەمكـی بەهـا هاوشێوە دەبێت، چونكه ئەم حـاڵەته وا دەخـوازێ تـوخمێكی دەرەكی گريمـانه بكەيـن، كەچـی بەهـا ڕاسـتەقينەكان له ڕووی گێـڕانەوە بـۆ سەرچاوەكەی هەڕەمەكييە (يـان بەتەواوەتـی پەيوەنـدی هەيه)، لەبەر ئەوە جـومگەی وابەسـتەگی نێـوان بيـرۆكەكه و دەنـگەكه له ڕووی ڕەگەوە هەڕەمەكييە.

سروشـتی هەڕەمەكيبـوونی هێمـا، پاشـان به تـەنيا له داهێنـانی سيستەمێكی زمانەوانيدا شـرۆڤەی توانـای ڕاسـتەقينه كۆمەڵايەتييەكه دەكـات. كـۆمەڵ زۆر گـرنگه ئەگەر ئەو بەهايـانەی بـۆ بوونمـان دەگەڕێنەوە، لەبەر بەكارهێنان و پەسەندكردنی گشتی پێويستييان به ڕێكخستن هەبێت.

تاك تەنيا خۆی توانای چەسپاندن يـان جێبەجێكردنـی يەك بەهـای نييه، سـەرباری ئەمەش بيرۆكـەی بەهـا هەروەكـو دەستنيشـان كـرا، ئەوە دەردەخات ئەگەر زاراوەكه به يەكەيەكی سادە لەنێوان دەنگێكی ديـاريكراو و بيـرۆكەكەی هەژمـار بكەيـن، ئەوا لەم كارەمـان به هەڵەيەكـی گەورە هەژمـار دەكرێت، ئينجـا بـۆ دەستنيشـانكردنی بەم شـێوازەی وتمـان، ئەوا زارراوەكه له سيسـتەمەكەی دەردەهێنرێـت، ئەمه مانـای ئەوەيه دەشـێ گريمـانەی ئەوە بكەيـن له زاراوەكـانەوە دەسـتپێبكەين و سيسـتەمەكه به كـۆكردنەوە يـان خسـتنەپاڵ يەكـدی بونياد بنێين، لێرەدا كاتێك ـ له بەرانبەردا ـ بەگشتی هەمـوو پشـت به

یەک دەبەستن و بەشێوەیەک لە سەرەتادا بێت و توخمەکانی خۆی لە ڕوانگەی شیکارییەوە بەدەستبێنێت.

ئینجا بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم تویژینەوەیە، دەستدەکەین بە لێکۆڵینەوەی یەک لەدوای یەکی بەهاکان، ئەویش لە ڕوانگەی هێمابۆکراو یان بیرۆکەوە (بەشی دووەم) و لە ڕوانگەی هێماشەوە (بەشی سێیەم) و لە ڕوانگەی هێمای تەواو (بەشی چوارەم)، چونکە ئێمە توانای سنووردارکردنی بارستایی (ڕوونکردنەوەی بارستایی) کیانەکان، یان ماددە سەرەکییەکان، یان یەکە زمانەوانییە ڕاستەوخۆکان نین، ئێمە مامەڵە لەگەڵ وشەکاندا دەکەین، کەچی وشە بەتەواوەتی لەگەڵ پێناسەی یەکەی زمانەوانی یەکناکاتەوە(بڕوانە بەندی دووەم، بەشی دووەم)، بە لای کەمییەوە تارادەیەک لە یەکەکە دەچێت و لە ڕووی هەستەوە بەباشتری دەزانێت، لەسەر ئەم بنەمایە وشەکان بەکاردەهێنین، ئەویش وەکو چەند پارچەیەکی یەکسان لەگەڵ زاراوە ڕاستەقینەکاندا لە سیستەمی وەسفیدا، ئەو بنەمایانەی بەیارمەتی وشەکان هەڵیاندەهێنجین، بەگشتی بە کەڵکی ماددەکان و کیانەکان دێن.


**٢. بەهای زمانەوانی لە ڕوانگەی هزرەوە(چەمکەوە):**

کاتێک باس لە بەهای وشە دەکەین، ئەوا لەم حاڵەتەدا و لەپێش هەموو شتێک بیر لە تایبەتمەندی نوێنەرایەتی ئەو وشەیە بۆ بیرۆکەیەک دەکەین، ئەمەش لەڕاستیدا یەکێکە لە لایەنەکانی بەهای زمانەوانی. بەڵام ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئایا لەم حاڵەتەدا جیاوازی

نێوان بەها و واتا چییە؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە هەردوو وشەکە هاوواتای یەکدی بن؟ بڕوا ناکەم وا بێت، جگە لەوەش تێکەڵکردنیان ئاسانە، چونکە تێکەڵبوون تەنیا لە لێکچوونیانەوە دروست نابێت بەو ڕاددەیەی لەو جیاوازیەی ئاماژەی بۆ دەکەن، دروست دەبێت.

بێگومان لە ڕووی هزرییەوە بەهاکان یەک توخمن لە توخمەکانی واتا، و زۆریش سەختە بزانین چۆن واتا پشت بە بەها دەبەستێت و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵیدا تێکەڵ نابێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پرسەکە یان مەترسی بچووککردنەوەی زمان بەو ڕاددەیەی ببێتە کردەیەکی ناوی سادە ڕوونبکەینەوە(بڕوانە بەندی یەکەم، بەشی یەکەم).

با یەکەمجار واتاکە وەکخۆی و بە گوێرەی واتاکەی خۆی وەرگرین، هەروەکو لە وێنەکەدا ناوەکە دەردەکەوێت، کە هاوبەشی وێنە دەنگییەکەیە. هەموو شتێک ڕوودەدات، کەچی تەنیا وێنەی دەنگەکە لەخۆ دەگرێت، لە کاتێکیشدا بیرۆکەکە لەخۆ دەگرێت، کە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ و خودکەفا بڕوانینە وشەکە.



لێرەدا دژوارییەکی ڕواڵەتی لە ئارادا هەیە، لەلایەکەوە وا پێدەچێت بیرۆکەکە هاوبەشی دەنگەکە بێت، لەلایەکی دیکەشەوە، هەمان هێما دەبێتە هاوبەشی هێما زمانەوانییەکانی دیکە.

زمان سیستەمێکە لە زاراوە هاوکارەکان پێکدێت(پشت بەیەکدی دەبەستن)، کە بەهای هەموو زاراوەیەک تیایدا بەبێ ئامادەگی ئەوتۆ، کە هاوکات بن لەگەڵ زاراوەکانی دی دروست دەبێت، وەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت:




پاش ئەمەی وتمان ئیدی چۆن بەها و واتایەک تێکەڵ دەبن، کە هاوبەشی وێنە دەنگییەکە بێت؟ وا پێدەچێت لێرەدا ئەستەم بێت ئەو هێمایەی بەهۆی پشکە ئاسۆییەکانەوە دروستبووە لەو هێمایە بچێت، کە پێشووتر بەهۆی پشکە ستوونییەکانەوە دروستبووە. ئەگەر جارێکی دی وەسفی بدەینێ (لێرەدا نموونەی پەڕە کاغەزەکە دەهێنینەوە، کە کرایە دوو پارچە)، ئەوا بەڕوونی دەردەکەوێت ئەو پەیوەندییە تێبینیکراوەی نێوان پارچە هەمەچەشنەکان (A, B, C,D) جیاوازی لەگەڵ ئەو پەیوەندییەدا هەیە، کە لەنێوان ڕووی هەر پارچەیەک و ڕووەکەی پشتیدایە، وەک لێرەدا دەردەکەوێت: (A/ $A'$ ,B / $B'$).

بۆ یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکە، با لە سەرەتاوە تێبینی ئەوە بکەین، کە هەموو ئەو بەهایانەی لە دەرەوەی زماندا بەڕوونی لەژێر هەژموونداندان، ئەویش هەمان ئەو دژاودژییە ڕواڵەتییەی هەیە، و هەمیشە پێکدێت لە :

١ـ لە شتێکی جودا بۆی هەیە ببێتە ئەو شتەی بەها دەستنیشانی دەکات.

٢ـ لە چەند شتێکی لێکچوو دەکرێ لەگەڵ ئەو شتەی بەهاکە دیاریدەکات بەراورد بکرێت.

هەردوو فاکتەرەکە پێویستن بۆ بوونی بەهاکان، بۆ ئەوەی بەهای پارچە دراوێک بە نرخی پێنج فرەنک دیاریبکەین، پێویستە ئەم شتانە بزانین:

١ـ دەتوانن جێگۆڕکێی پێبکەین، یان بیکەینە ڕێژەیەکی یەکسان لە شتێکی دیکە، بۆ نموونە نان.

٢ـ دەکرێ بە بەهای هاوشێوە لە خودی سیستەمەکەدا بەراورد بکرێت، بۆ نموونە بە پارچەیەکی هەمان فرەنکەکە، یان بە دۆلار بەراورد بکرێت، بە هەمان شێوەش دەتوانین هەمان وشە بکەینە شتێکی دی جودا، بۆ نموونە بیکەینە بیرۆکەیەک، لەپاڵ ئەمەشدا دەکرێ بە شتێکی دیکەی بەراورد بکەین، کە هەمان سروشتی هەبێت، بۆ نموونە بە وشەیەکی دی، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارە بەهاکەی چەسپاو نابێت(دەستنیشانکراو نابێت)، چونکە هەردەم بەسادەییەوە دەڵێین دەکرێ بە بیرۆکەیەکی دەستنیشانکراو ئاڵوگۆڕی بکەین، واتە ئەم مانایە یاخود مانایەکی دی هەیە و

پێویستە بە بەهای لێکچوو لەگەڵ وشەی دیدا بەراوردی بکەین، کە لەگەڵیدا دژاودژبن. ناوەرۆکیان تەنیا بە یارمەتیدان و هاریکاری هەموو ئەو شتانەی لە دەەروەیدان دەچەسپێت، ئەویش لەبەر ئەوەی بەشێکە لە سیستەمەکە، چونکە تەنیا خاوەنداری واتا نییە، بەڵکو بەهەمان شێوە و بەتایبەت بەهایەکی هەیە، ئەمەش بەتەواوەتی شتێکی جودایە.

بە هەندێک نموونە ڕوونی دەکەینەوە، کە ئەمەی وتمان ڕاستە. ئەم وشە فەڕەنسییە تازەیە: (mouton)، دەتوانین گوزارشت لەو وشە ئینگلیزییە (sheep) بکات، بەڵام هەڵگری هەمان بەها نییە، ئەمەش بەتایبەتی لەبەر چەند هۆکارێک، چونکە لەکاتی قسەکردن لەسەر پارچە گۆشتێک، کە ئامادەکرابێت، بۆ ئەوەی لەسەر سفرە پێشکەش بکرێت، ئەوا ئینگلیزەکان واژەی (mouton) بەکاردێنن و وشەی (sheep) بەکارناهێنن.

جیاوازی بەهاکانی نێوان (sheep and mouton)، لەڕاستیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وشەی (sheep) لەگەڵ بەکارهێنانیدا زاراوەیەک هەیە، کەچی لە زمانی فەڕەنسیدا تەنیا ئەم وشەیە هەیە.

لە چوارچێوەی یەک زماندا هەموو وشەکان بەکاردەهێنین، تاکو گوزارشت لە بیر و هزری پەیوەندیدار بکەن و هەر یەکەیان ئەویدی بە ئاڵوگۆڕکردن دەستنیشاندەکات، وشە هاوواتاکانی وەک ئەم وشە فەڕەنسییانە (ترسێنەر redouter) و (دەترسێت craindre) و (هەست بە ترس دەکاتavoirpeur) هیچ بەهایەکیان نییە، نە لە ڕووی دژاودژییان و نە لە ڕووی بەرهەڵستبوونیانەوە.

ئەگەر وشـــەی (redouter) بـــوونی نەبـــوایە، ئەوا هەمـــوو ناوەرۆکەکەی بۆ وشـە ڕکابەرەکەی دەگوازرایەوە، بەرانبـەر بەمەش بەهای هەندێک وشە لە ڕێگای وابەستەگی بە وشەکانی دیکەوە زیاد دەکات، بۆ نموونە ئەو توخمە تازەیەی لەم وشەیە بەرهەمهاتووە:

dècrèdit (un vieilla d decriepit, seep 83)

کە لە ئەنجـــــامی یـــــاوەربوونی لەگــــــەڵ وشــــــەی (un mur dècrèpi)ەوە دروســـتبووە. بەهـــای هەر زاراوەیەک بەگـوێرەی بـارودۆخی دەوروبەری خـۆیەوە دەستنیشـان دەکرێـت، مەحاڵە بەتەواوەتـی بەهـای ئەم وشـەیە بزانرێت، کە ئامـاژە بە (ڕۆژ sun) دەکـــات، پـــێش ئەوەی شـــتەکانی دەوروبەرەکەی بەهەنـــد وەرگـرین، لە هەنـدێک زمانـدا نـاتوانین بڵێـین (لەژێـر خـۆردا دابنیشـە sit in the sun).


هەمـوو ئەو شـتانەی دەربـارەی وشـەکان وتـران، لەسـەر هەمـوو زاراوەیەکــی زمــانەوانی پیــادە دەبێــت، بــۆ نمــوونە ســەبارەت بە بابەتەکـانی ڕێزمـان. بەهـای کـۆ لە زمـانی فەڕەنسـیدا لەگـەڵ کـۆی زمانی فـەڕەنسـیدا ڕێکناکەوێت، کەچـی ماناکانیشـیان وەکو یەکن، لە زمـانی سانسکریتیدا سێ ژمـارە هەن (تـاک، دوانە، کۆ) لەبـاتی دوو ژمـــارە (دوو چـــاوم، دوو گـــوێم، دوو قـــۆڵم، دوو قـــاچم) (my eyes, my ers, my arms, my legs...)بەکاردێت.

لێــرەدا هەڵەیە ئــەگەر هەمــان بەهــای کــۆ ببەخشــینە زمــانی سانسـکریتی، لە زمـانی فەڕەنسـیدا بەهـاکەی بەئاشـکرایی پشـت بەو شتانە دەبەستێت، کە لە دەرەوە و لە دەوروپشتیدان، ئەگەر وشـەکان

ئاماژە بۆ بیر و هزری ئەوتۆ بکەن، کە پێشوەخت بوونیان هەبووە، ئەوا پێویستە بەتەواوەتی مانای یەکسان لەخۆ بگرێت، ئینجا لە هەر زمانێکدا بێت، بەڵام ئەمە ڕاست و دروست نییە، لە زمانی فەڕەنسیدا ئەم وشانە بەشێوەیەکی بێلایەن بەکاردەهێنرێن (بەکرێدەدات) (ahowse) let (une maison) Lauer، (پاڵنێ pav for) و (پارەکە وەربگرە receive payment fer)، کەچی لە زمانی ئەڵمانیدا ئەم وشەیە بەکاردەهێنرێت: (mietsm and vamiwstem)، لێرەدا هاوشێوەیەکی تەواوی بەهاکان لەئارادا نییە. هەر ئەم کارانە لە زمانی ئەڵمانیدا (schä zen and urteilen) کۆمەڵە مانایەک لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکەن، کەچی هاوشێوە لە زۆر لایەنەدا دروست نابێت. وشەسازی هەندێک نموونەی دەستنیشانکراوی تایبەت دەخاتە ڕوو. جیاوازییەکانی کات، کە ئاسایی و ماڵی دێنە پێش چاومان، لە هەندێک زماندا زانراو نین. لە زمانی عیبریدا تەنانەت جیاوازییە بنەڕەتییەکانیش لەنێوان (ڕابردوو و ڕانەبردوو و ئایندەدا) نازانرێت، زمانی ئەڵمانی دێرینیش شێوازی تایبەتی تیادا نییە، ئاماژە بە داهاتوو(ئاینده) بکات، ئەگەر بشوترێت (ئێستا)، گوزارشت لە (ئاینده) دەکات، ئەوا ئەم وتەیە بەهەڵە هەژمار دەکرێت، چونکە بەهای (ڕانەبردوو) لە زمانی ئەڵمانیدا وەکو بەهاکەی نییە لەو زمانانەی ئایندەیان لەپاڵ ڕانەبردوودا تیادایە. زمانە سلاڤییەکان دوو ڕواڵەتی کار دیاری دەکەن: (کاری تەواو)، کە گوزارشت لە ڕووداوەکە وەکو لایەنێکی تەواو دەکات، کاری ناتەواویش وەکو

ئەلتەرناتیڤێک گوزراشتی لێدەکات و بەدرێژایی ماوەکە ئەم گوزارشتەی لێدەکات. کەسێکی فەڕەنسیی بەزەحمەت لە جۆرەکان تێدەگات، چونکە لە زمانی فەڕەنسیدا ناسراو نین، ئەگەر پێشوەختیش خەملێندراوبوو، ئەوا بە هەڵە دادەنرێت و ئاماژە بۆ بوونی پێشوەختەی بیرەکان دەکات، لە هەموو نموونەکاندا بەدوای بەهایەکدا لە سیستەمەکەدا دەگەڕێین، کە وتراون بۆ هاوشێوبوونی بیرەکان، وا لێیان تێگەیشتووین، کە بیرەکان بەتەواوەتی جودان، نەک بەهۆی ناوەڕۆکەکەیان دەستنیشانکراون، کە ناوەڕۆکی پۆزەتیڤانەیە، بەڵکو بەهۆی ئەو وابەستەگیانەی بە زاراوەکانی دیکەی سیستەمەکەوە هەیەتی.

گرنگترین سیفەی جیاکاریان ئەوەیە، کە وەکو ئەوانی دی نییە، ئێستاش شرۆڤە ڕاستەقینەکەی شێوەی هێماکە ڕوون و ئاشکرا بووەوە.



بەمشێوەیە دەبینین بیرۆکەی (فەرمانڕەوایی دەکات to jadge) لە زمـانی فەڕەنسـیدا پەیوەنـدی بە وێـنەی دەنگـی (Juger) هەیە. بە کورتی دەڵێین ئاماژە بە واتا دەکات، بەڵام بەتەواوەتی مەسـەلەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، کە بیرۆکەکە لە بەراییەوە هیچ نییە، چونکە تـەنیا بەهـایەکی دیـاریکراوە بەو پەیوەنـدییانەی هەیەتـی لەگـەڵ بەهـا لێکچوونەکانی دی، بەبێ ئەم بەهـا و پەیوەندییانە واتاکـان دروسـت نـابن. ئـەگەر بەسـادەیی بڵێیت وشـەکە واتـایەک دەگەیەنێت، ئەویش کاتێـک لە مێشـکمدا وێـنەی دەنـگ و بیـرۆکەکە کـۆدەبنەوە، مـن دەربڕینێـــک دادەڕێـــژم، ئەوا لە توانایـــدا هەیە ئەوەی ڕوودەدات ڕوونبکرێتەوە، بەڵام من بە هـیچ شـێوەیەک ڕاسـتەقینە زمـانەوانییەکە بەتەواوەتی بەگوێرەی کرۆکەکەی خۆی ڕوون ناکەمەوە.

**٣. بەهای زمانەوانی لە ڕوانگە مادديیەوە**

لایەنـی هـزری بەهاکـان لە پەیوەنـدی و جیاوازییەکـان پێکـدێت، لەگـەڵ بەهەنـد وەرگرتنـی زاراوەکـانی دی زمـان، هەمـان شـتیش دەربارەی لایەنە ماددییەکەی دەوترێت.

گرنگتـرین شـت لە وشـەدا تـەنیا دەنـگەکە نییە، بەڵکو ئەو جـۆرە جیاوازیـانەی دەنــگە، کە وشــەکە لە هەمــوو دەنگەکـانی دی جیـا دەکـاتەوە، چـونکە جیاوازییەکـان واتـایەک هەڵـدەگرن، لەوانەیە ئەمە شــتێکی نــامۆ بێــت، بەڵام چــۆن پــێچەوانەی ئەمە ئەگەری بــوونی دەبێت؟

ئەگەر وێنەیەکــی دەنــگ لەوانــی دی شــیاوتر نەبــوو، لەبەر ئەو دەســـتەڵاتەی لە گوزارشـــتدا هەیەتـــی، ئەوا مەســـەلەیەکی ڕوونە، تەنـانەت لە ڕووی پێشەنگیشــەوە، چـونکە دابەشـکردنی زمـان یـان بەشبەشـکردنی، لە ئـەنجامی شـیکردنەوەی کۆتاییـدا تـەنیا پشـت بە ناســـازبوون و ڕێکــنەکەوتن لەگــەڵ ئەوانـــی دیــکەدا دەبەســتێت. هەڕەمەکیبوون یـان جیاوازی دوو خەسڵەتی جووتن، گۆڕانی هێمـا زمانەوانییەکان بەڕوونی تیشک دەخەنە سەر ئەم مەسەلەیە.

زۆر وردە، چـونکە هەردوو زاراوەی (a),(b) لە خـودی خۆیانـدا لەڕووی ڕەگەوە ناتوانن بگەنە ئاستی هۆشیاری و درککردن، چـونکە هەمیشــە نـاتوانین بگەیـنە شـتێک، تـەنیا ئەو جیـاوازییە نەبێـت، کە لەنێوان (a/b)دا هەیە، لەبەر ئـەوەی هەمـوو زاراوەیەک لە گۆڕینیـان ئـــازادە، ئەویـــش بەپێـــی ئەو یاســـایانەی پەیوەنـــدییان بە ئەرکە واتاییەکەیەوە نییە.

هێمـــایەکی ئەرێنـــی نیـــیە، کە (کـــۆی مـــەجرور) لە وشـــەی (czech žen) جیـــا بکـــاتەوە، هەروەهـــا ئەم دوو شـــێوازە (zena: zen)، بەتەواوەتی هەمان ئەرک ئەنجام دەدەن، کە هەردوو شێوازە کۆنەکە(zena zend) جێبەجێیان دەکرد، واژەی (žen)ش بەهایەکی هەیە، چونکە تەنیا جودایە.

ئەمە نمـــوونەیەکی دیـــکەیە بە شـــێوەیەکی ڕوونتـــر ڕۆڵـــی سیســـتەمییانەی (systematic role) ئەم وشـانە بـۆ جیـاوازییە گەورەکراوەکـانی دەنـگ ڕوونـدەکاتەوە، لـە زمـانی یۆنـانی وشـەی (ephen) بە نوقسـان هەژمـار دەکرێت / کـاری نـاتەواو)، هەروەهـا

سەربارى ئەوەى ئەم دوو وشەیە بە یەک (an a rist esten) شێواز دارێژراون، یەکەمیان بە گوێرەى ڕانەبردووە دارێژراوەکە ئاماژە بە (دەڵێم – phèm) دەکات، کەچى ڕانەبردووى وشەى (stèmi) لە ئارادا نییە، لێرەدا هێماکە بەتەواوەتى بەمشێوەیە دەبێت (phemi: èphen) پەیوەندى نێوان ڕانەبردوو و ناتەواوەکە وەکیەک دەبێت (بەراورد بکە – deik: úini edèiknun) ئەرکى هێماکان پاش ئەمە لەڕێى بەهاى کارەکەیەوە نابێت، بەڵکو لە پێگەى ڕێژەیى خۆیەوە دەستەبەردەبێت. جگە لەمەش، مەحاڵە تەنیا بۆ دەنگەکە، توخمە ماددییەکە، تایبەتمەندییە زمانەوانییەکە، چونکە تەنیا شتێکى لاوەکییە و ماددەیەکى وایە بۆ بەکارهێنان ئامادەکراوە. هەموو بەها دێرینەکانمان ئەو خەسڵەتەیان هەیە لەگەڵ ئەو توخمە هەستییە تێکەڵ نابن، کە پاڵپشتى دەکەن، بۆ نموونە: ئەو کانزایەى لە پارچە دراوێکدا هەیە، بەهاکەى دیارى ناکات. ئەو دراوەى بەهاکەى پێنج فرەنکە، لەوانەیە کەمتر لە نیوەى بەهاى زیو لەخۆ بگرێت، چونکە بەهاکەى بەگوێرەى ئەو پارەیەیە، کە لەسەرى چاپکراوە و بەپێى ئەو بەکارهێنانەیە، کە لە سنوورى سیاسى وڵاتاندا مامەڵەى پێدەکرێت، ئەمەش بەتەواوەتى لەسەر هێماى زمانەوانى پیادە دەبێت، کە بە دەنگى هەژمارناکرێت، کەچى لە ڕووى مەعنەوەییەوە لە کرۆکە ماددییەکەى پێکنایەت، بەڵکو لەو جیاوازییانە پێکدێت، کە وێنەى دەنگ نمایان دەکەن و لە وێنە دەنگییەکانى دى جیاى دەکەنەوە.

ئەم بنەمــایەی پێشــوو بە بنەمــایەکی بنەڕەتــی هەژماردەکرێــت، چونکە لەسەر هەموو توخمە ماددییەکانی زمان سەرباری فۆنیمەکان پیادە دەبێت. هەموو زمانێک وشەکانی خۆی لەسەر بنەمای یاسا پێکدەهێنێت، کە لە سیستەم و چەند توخمێک پێکهاتبن، کە دەنگی بن، هــــەموو تــــوخمێکیش تیایانــــدا یەکەیەکــــی ڕوون و ئاشــــکرا و دەستنیشانکراو بن و یەکەکانیش ژمارەیان چەسپاوبێ. فۆنیمەکان جیاکار نابن، وەک ئەوەی ئەگەری بۆچوونیان هەیە، بەو حیسابەی هەڵگری خەسڵەتی ئەرێن، بەڵکو بەهۆی ئەو ڕاستەقینەیەوە، کە فۆنیمەکان ڕوونیــان دەکەنەوە. فۆنیمــەکانیش جــگە لە هەمــوو دژاودژییەکانی دی، ڕێژەییە یان بابەت و کیانی نەرێن.

بەڵگەشــمان لەســەر ئەم قســەیە ئەو مەودایەیە، کە قســەکەران لەنێوان خاڵەکانی نزیکبوونەوە لە درکاندنی دەنگە جیاکارەکان هەیانە. بۆ نموونە لە زمانی فەڕەنسیدا بەکارهێنانی تەواوی ئەم دەنگە (r) لەرەیی قســەکەرانی لەوە دوورنەکردۆتەوە، کە لەرەی کۆتــایی زمــان بەکــاربێنن. زمــانیش دووچــاری هــیچ ڕاڕایــی و شێواوییەک ناکات، زمان وا دەخوازێت دەنگەکە جیا بێت، نەک وەک هەندێک کەس وا گومان دەبەن خەسڵەتی چەسپانیان هەیە. دەتوانم دەنگی (r)ی فەڕەنسی وەکو دەنگی (ch)ی ئەڵمانی لەم دوو وشەیە (Bach,doch) بدرکێنین، کەچی لە زمانی ئەڵمانیدا ناتوانین (r) لەجیاتی(ch) بەکاربێنین، چونکە زمانی ئەڵمانی ئەم دوو توخمە لەیەک جیــا دەکــاتەوە و دەشــبێ ئەم جیابوونەوەیــان پارێزگــاری لێبکات.

لێکچــووی ئەمەش لە زمــانی ڕووســیدا مەودای ئەم دەنــگە (t) بەرانبەر بە (t) (دەنگی t مەڵاشووی)یە، چونکە ئەنجامی تێکەڵبوونی هەردوو دەنگەکــــەی لێــــدەکەوێتەوە، کە زمـــــان لەیەک جیایــــان دەکاتەوە(ئەمانە لەگەڵ یەکدیدا بەراورد بکە (قسە دەکات goverit) و (قسەیی کرد/ govorit)، بەڵام ئازادییەک دروست دەبێت ئەگەر بڕوانینە (th)ی کپ، لەبەر ئەوەی ئەم دەنگە هیچ شێوەیەکی نییە، یان لە سیستەمی فۆنیمەکانی زمانی ڕووسیدا وێنا نەکراوە.

تەنانەت حاڵەتێکی لێکچووی ئەم بابەتانە لە نووسیندا بینراون، سیستەمێکی دیکەی هێماکان لە پرۆسەی نووسین بەکاردێنین، لێرەدا تاکو هەندێک بەراورد بخەینەڕوو، کە سەرتاپای مەسەلەکە یان هەموو بابەتەکە ڕوون بکاتەوە و تیشک بخاتە سەری.

**لە ڕاستیدا:**

١ـ ئەو هێمایانەی لە نووسینی هەڕەمەکیدا بەکارهێنراون، هیچ وابەستەگیەک نییە، بۆ نموونە لە نێوان پیتی (t) و ئەو دەنگەی لە خۆیدا دەگرێت(گوزارشتی لێدەکات).

٢ـ بەهای پیتەکان بەتەواوەتی نەرێن و جیان، هەمان ئەو کەسە دەتوانێت بۆ نموونە پیتی (t) بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر بنووسێت.

مەرجی سەرەکی ئەوەیە، هێمای (c) لە نووسیندا لەگەڵ ئەو هێمایانەدا تێکەڵ نەکرێت، کە لە نووسینی (l, d, ete) بەکاردەهێنرێت.

٣ـ بەهاکان لە نووسیندا ئەرکە سەرەکییەکەیان جێبەجێ ناکەن، مەگەر لە ڕێگای ئەو دژوارییە ئاڵوگۆڕکروانە بێت، کە لەناو سیستەمێکی دیاریکراودا هەیە و ژمارەیەک پیت لەخۆ دەگرێت، ئەم خەسڵەتەی سێیەم لەگەڵ خەسڵەتی دووەم ناگونجێت و یەکناکاتەوە، چونکە هەر یەکەیان پشت بە یەکەم دەبەستن. ئینجا لەبەر ئەوەی هێماکە هەڕەمەکییە، ئەوا شێوەکەی زۆر کاریگەری نییە، یان تەنیا لەناو ئەو سنوورانەدا کاریگەری دەبێت، کە سیستەمەکە دەیانسەپێنێت.

٤. ئەو ئامرازەی بەهۆیەوە هێمای بەرهەمهێناوە، هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە کار لە سیستەمەکە ناکات (ئەمە سەر بە خەسڵەتەکەی یەکەمە). ئینجا ئەگەر پیتەکان بە ڕەش یان سپی، گەورە یان هەڵکەنرابێ، بە مەرەکەب یان قامیش نووسرابێت، هەموو ئەمانە هیچ گرنگیەکیان لە ڕووی ماناکانیانەوە نییە.

**٤ـ تێڕوانینێکی گشتی بۆ کۆی هێماکان**

هەموو ئەو شتانەی دەربارەی ئەم خاڵە وتراون، لەم وتەیەدا بەرجەستە دەبن: لە زماندا تەنیا جیاوازییەکان بوونیان هەیە، لە هەمووشی گرنگتر ئەم وتەیەیە: جیاوازییەکان بەشێوەیەکی گشتی وا دەخوازن زاراوەی ئەرێنی لەخۆ بگرن لەنێوان ئەو شتانەی جیاوازییەکان دەستنیشانیان دەکەن و بڕیاریان لەسەر دەدەن، بەڵام لە زماندا تەنیا جیاوازییەکان بەبێ زاراوەی ئەرێنی بوونیان هەیە.

ئینجا ئەگەر هێمابۆکراو یان هێماکەمان وەرگرت، ئەوا لە هەردوو حاڵەتدا زمان هیچ هزر و بیرێکی پێشوەختانە لە دووتوێی سیستەمە زمانەوانییەکەدا لەخۆ ناگرێت، بەڵکو چەند جیاوازییەکی دەنگی و هزری لە سیستەمەکەوە بەرهەمهاتوون بوونیان هەیە، بیرۆکەکە یان ماددەی دەنگەکە، کە هێماکە لەخۆ دەگرێت، گرنگییەکەی لە هێماکانی دی کەمترە، کە لە دەوروبەری خودی هێماکەدان، بەڵگەشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە، کە بەهای زاراوەکان بۆیان هەیە بگۆڕدرێن بەبێ ئەوەی ماناکانیان، یان دەنگەکانیان لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانەدا بن، ئەویش تەنیا لەبەر گۆڕانی زاراوەکەی تەنیشتی(بڕوانە بڕگەی دووەمی ئەم بەشە).

بەڵام ئەو وتەیەی دەڵێ هەموو شتێک لە زماندا نەرێنییە، تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەمە وتەیەکی ڕاست و دروستە، ئەگەر هێمابۆکراو و هێماکە بەشێوەیەکی جودا وەربگرین، کاتێکیش دەڕوانینە هێماکە لە کۆمەڵەکەی و بەگشتی، ئەوا لە ڕووی جۆرەوە شتێکی ئەرێنیمان بەرچاو دەکەوێت. سیستەمی زمانەوانی لە کۆمەڵە جیاوازییەکی دەنگی لێکدراو پێکدێت، کە لەگەڵ کۆمەڵە بیر و هزرێکی جۆراوجۆر یەکانگیربووە، بەڵام جووتبوونی ژمارەیەکی دیاریکراوی هێماکانی بیستن لەگەڵ ژمارەیەک ناوبڕ، کە لە پەڵەیەکی هزری پێکهاتبن، ئەوا سیستەمێک لە بەهاکان بەرهەمدێنن، لێرەدا سیستەم وەکو وابەستەیەکی کاریگەر(کارا) لەنێوان توخمەکانی دەنگ و دەروون لەناو هێماکاندا کاردەکەن، هێمابۆکراو و هێماش بەهەمان شێوە

بەتەواوەتی جیان، یان نەرێن، ئەویش لە کاتێکدا بە جیا تەماشایان بکەیت.

کـــۆکردنەوەیـــان ڕاســـتەقینەیەکی ئەرێنیـــیە، و تـــاکە جـــۆرێکی ڕاستەقینەکانە، کە زمان هەیەتی، چونکە دروستکردنی هاوسەنگییەک لەنێوان هەردوو جۆری جیاوازییەکان، ئەو ئەرکە جیاکارەی دەزگا زمـــانەوانییەکەیە. ڕاســـتەقینە مێژووییەکـــانی دی بەم مانـــایە بە نموونەیی هەژمار دەکرێن، زۆر نموونە هەن ئاماژە بەوە دەکەن، کە گۆڕانی هێما لەگەڵ گۆڕانی هزریدا گونجاوە. کاتێک ڕێژەی بیر و هزرە جیاکارەکان لە بنەڕەتدا لەگەڵ ڕێژەی پەیوەندییە جیاکارەکان هاوشێوە دەبن، کاتێک دوو وشە بەهۆی گۆڕانێکی دەنگییەوە تێکەڵ دەبن (بۆ نموونە هەروەک وشەی فەڕەنسی (decrepit)، کە لە وشـــەی (decretpitus) داتاشـــراوە و وشـــەی (decrepi) لـــە وشـــەی(crispus) داتاشـــراوە. ئەوا لەم حـــاڵەتەدا ئەو هـــزرانەی گوزارشتیان لێدەکەن بەرەو تێکەڵکردن هەنگاو دەنێن، ئەویش ئەگەر خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبێت یان ئەگەر وشەکە دوو شێوازی هەبێت (ئەمانە بەراورد بکە (کورسی) and chaire (کورسی) chaise، واتە پێچەوانەی ئەو شتە تازەیەی دەچەسپێت، بۆ ئەوەی ببێـته هێمـا، بەڵام بەبـێ ئەوەی ئەم ئاراســتەیە بەردەوام بێـت و لە ئەزموونەکەی یەکەمەوە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەرانبەر بەمەش هەر کێشەیەکی هزری بە گواستنەوەی درکی پێبکرێت، هەوڵدەدات بۆ ئەوەی لەڕێگای هێمایەکی جیاکارەوە گوزارشت لە خۆی بکات.

ئەو دوو بیرۆکەیەی بەوردی لە عـەقڵی مرۆڤدا جیاکار نـابن، هەنگاو دەنێن بەرەو ئاوێتەبوون، ئەویش لەژێر سایەی هەمان هێمادا.
کاتێـک هێماکـان لەگـەڵ یەکدیـدا بەراورد دەکەیـن ـــ زاراوە ئەرێنییەکـان ـــ، ئەوا لەم حـاڵەتەدا نـاتوانین لە ئاخـاوتن دەربـارەی جیاوازییەکـان بەردەوام بـین، لێـرەدا گوزارشـتکردن گونجـاو نیـیە، چونکە لەم حـاڵەتەدا تـەنیا لەسـەر بەراوردکردنـی دوو وێنەی دەنگی پیادە دەبێت، بۆ نمـوونە (father and mother)، یان دوو بیرۆکە بۆ نمـوونە بیـرۆکەی (father) و بیـرۆکەی (mother)، دوو هێمـان، هەر یەکەیـان هێمـابۆکراو و هێمایـەکیـان هەیە، کە جـودا نـین و زمانەکەشیان جیاکـارە و تـەنیا دژاودژی لەنێوانیانـدا بەدی دەکرێت، ئـالیەتی (mechanism) هەمەکـی زمـان لە داهـاتوودا گرنگـی پێدەدەین و پشت بەمجۆرە دژاودژانە دەبەستێت، هەروەها پشت بەو جیاوازییە دەنگی و هزریانە لەناویاندان دەبەستێت.
ئەو شـــتانەی دەربـــارەی بەهـــا وتمـــان، بونیـــادی یەکەش دەگـرێتەوە(بڕوانـە بەنـدی دووەم، بەشـی سـێیەم)، یەکـە بەشـێکە لە زنجیرەی ئاخاوتن، کە لەگەڵ بیرۆکەیەکی دیاریکراودا هاوشـێوەیە ـ هەردووکیان ـ هەم ئاسایین و هەمیش بەتەواوەتی هەمەجۆرن.
بە جێبەجێکردنی لەسەر یەکەکان، بنەمـای جیاکردنەوە بـۆی هەیە بەم شـــێوەیە بوترێـــت: جیاکارییەکـــانی یەکە بە خـــودی یەکەکەوە بەسـتراوەتەوە. لە زمانـدا بەو شـێوەیەی لە هەر سیسـتەمێکی دیکەدا هەیە، پشـــت بە هێماکـــان دەبەســـتێت، ئەو شـــتەی هێمـــایەکە

ڕووندەکاتەوە. جیاوازییەکان دەبنە دروستکردنی خەسڵەتەکان، هەروەک چۆن بەها و یەکەکانیش دروستدەکات.

لێرەدا ئەنجامێکی دژاودژی ڕواڵەتی هەیە، کە لە هەمان ئەو بنەمایە زیاترە، ئەویش ئەمەیە:

لە شیکردنەوەی کۆتاییدا ئەو شتەی هاوبەشە، وەک ڕاستەقینەیەکی ڕێزمانی لێدێت، کە لەگەڵ پێناسەکردنی یەکەکەدا دەگونجێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە دژاودژی لە زاراوەکاندا دروستدەکات و جیاوازیشی هەیە، چونکە دژاودژی بە شێوەیەکی تایبەت هێمایە، بۆ نموونە شێوازی کۆ لە زمانی ئەڵمانیدا لە جۆری (Nacht : Nachte)، هەموو زاراوەیەک لە ڕاستەقینە زمانەوانییەکەدا دەردەکەوێت (تاک بەبێ گۆڕان لەسەر (umlaut) یان (e)ی کۆتایی بەرانبەر (کۆ)، لەگەڵ بوونی گۆڕان لەسەر (ümlant) و (e) کۆتایی، لە ئاوێتەبوونی ژمارەیەک دژاودژی ناو سیستەمەکە پێکدێت، ئەویش لە کاتی جیاکردنەوەیان، چونکە (Nacht) و (Nachta) لەم حاڵەتەدا هیچ شتێک پێکناهێنن، بەمشێوەیە دەبینین شتەکان هەموو دژاودژن و بەشێوەیەکی دی دادەنرێن، دەتوانین گوزارشت لەو پەیوەندییەی نێوان (Nacht) و (Nächte) بکەین، بە بەکارهێنانی چەند هێمایەکی زانستی جەبر a / b ، کە تیایدا ئەم دوو هێمایە : (a) و (b) بە دوو زاراوەی سادە هەژمار دەکرێن، بەڵکو بە ئەنجامێک بۆ کۆمەڵە پەیوەندییەک هەژمار دەکرێن. زمان تاڕادەیەک لە پرۆسەکانی ئاخاوتندا جۆرێکە لە (جەبر) (زانستی جەبر)، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە زاراوەی

لێکـدراو دروسـتدەبن، کە هەنـدێک لە دژاودژییەکـانی لەوانـی دی واتـادارترن، بەڵام یەکەکـان و ڕاسـتەقینە ڕێزمانییەکـان تـەنیا نـاوی جۆراوجـۆرن بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئاراسـتە هەمەجۆرەکـانی یەک ڕاسـتەقینەی گشـتی: **ڕۆڵـی ئەرکی دژاودژییە زمانەوانییەکـان**، ئەم گوزارشتە یان ئەم وتەیە ڕاستە، چونکە ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی بەرچاو کێشـەی یەکەکان ڕوون بکەینەوە، ئەویش بەوە لە ڕاستییە ڕێزمانییەکـانەوە دەسـتپێبکەین. لەم دژاودژیـیە ((Nacht) و (Nächte) بڕوانە، بۆمان هەیە پرسیارێک بکەین، ئایا ئەو یەکانەی لەناویـدان چـین یـان لەناویـدا بەکـارهێنراون، ئایـا تـەنیا هەردوو وشـەکەن، هەموو زنجیرەی وشـە لێکچووەکانی (a and ä)، یان هەمـوو شـێوازەکانی تـاک و کـۆن، .. هتـد، لەم حـاڵەتەدا یەکەکـان و ڕاسـتەقینە ڕێزمانییەکـان تێکـەڵ و شـڵەژاو نـابن سـەرباری جیاوازییەکان، ئەگەر هێماکانی زمان لە شتێک پێکبێن.

بەڵام بۆ ئەوەی ماهیەتی زمان دروست ببێت، ئەوا شتێکی سادەی تیـادا نـابینین، بە چاوپۆشـین لەو شـێوازەی گرتمـانە بەر، هەمیشـە هەمـان پێکهـاتەی هاوسـەنگ لە زاراوەکـان دروسـت دەبێـت، کە کاریگەرییەکان لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ پێدەکەن و بە شێوەیەکی دی بـۆی دەڕوانـین، زمـان شـێوازە و جەوهەرێکـی مـاددی نیـیە(بڕوانـە بەندی دووەم، بەشی چوارەم).

ئەم ڕاسـتەقینەیە ناتوانێـت تونـد(بەهێز) بێـت، چـونکە هەمـوو هەڵەکـانی زاراوەکانمـان و هەمـوو شـێوازە هەڵەکانمـان لە ناولێنـانی ئەو شـتانەی بە زمـانەوە تـایبەتن، لەو گریمـانە پابەنـدنەوە سـەر

هەڵدەدەن، کە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، پێویستە دیاردەی زمانەوانی جەوهەرێکی ماددی هەبێت.

# بەشی پێنجەم
# پەیوەندییە یاوەر و دەوروبەرەکان

## ١. پێناسە

لە حاڵەتی زمانەوانیدا (نەگۆڕی زمانەوانی) هەموو شتێک پشت بە پەیوەندییەکان دەبەستێت، ئایا چۆن ئەم پەیوەندییانە ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن؟ پەیوەندی و جیاوازییەکانی نێوان زاراوە زمانەوانییەکان لە دوو کۆمەڵەی جیاکاردا ڕوودەدەن، و لە هەر یەکەیانەوە جۆرێکی دیاریکراوی بەها بەرهەمدێت. ئەو دژاودژیەی لەنێوان هەردوو جۆرەکەشدا هەیە، تێگەیشتنێکی باشمان دەربارەی سروشتی هەر جۆرێک پێدەبەخشن و هەردووکیشیان لەگەڵ هەردوو شێوەی چالاکییە عەقڵییەکاندا هاوشێوە دەبن، کە بۆ ژیانی زمان هەردووکیان پێویستن.

لە پرۆسەی گفتوگۆکردندا ـ لە لای یەکەمەوە ـ وشەکان پەیوەندی ئەوتۆ بەدەست دێنن، کە پشت بە سروشتی درێژی (linear) زمان دەبەستن، چونکە بە زنجیرەیەک لەگەڵ یەکدیدا بەستراون، ئەمەش ئەگەری درکاندنی هەردوو توخمەکە پێکەوە دووردەخاتەوە(بڕوانە بەندی یەکەم، بەشی یەکەم).

توخمەکان بە بەدوایەکهاتن بەستراونەتەوە، ئەویش لەسەر بونیادی زنجیرەی ئاخاوتن، پێکهاتەکان یان ئەو کۆکردنەوانەی لە ڕووی درێژییەوە پاڵپشتکراون بریتین لە دەوروبەرەکان

(Syntagms)، دەوروبەر هەمیشە لە دوو یەکە یان زیاتر پێکدێت، کە لە ڕووی لۆجیکییەوە (contre tous) (خوێندنەوەکە دووبارە دەکاتەوە) (French re - lire)،(ژیانی مرۆڤایەتی) (la vie humaiue)،(ئەگەر هەوا خۆشبوو،دەچمەدەرێ):

(sil fait beau temps, nous sortirans)، لەناو دەوروبەردا زاراوە بەهاکەی خۆی بەدەستدێنێت، چونکە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لەپاش و لەپێشیدا دێن، دژاودژە. لە دەرەوەی گفتوگۆکردندا - لەلایەکی دیکەوە - وشەکان هێمای لە جۆری دیکەوە وەردەگرن. ئەو وشانەی شتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، هەمیشە لە یادگەدا یاوەرن و بوونی هەیە و لە گروپی ئەوتۆ دروست دەبێت، کە بە پەیوەندی هەمەجۆرەوە جیاکارە، بۆ نموونە ئەم وشە فەرەنسییە (فێربوون) (enseignement)، بەبێ هۆشیاری تازە لە وشەکانی دیکەدا ئامادەگی دەبێت، و (هێزەکانی جەنگ) (or arm ment) و (دەزانێت) (renseigner) و (ڕاهێنان لەسەر پیشەیەک) (apprentissage, or èducation) , (هەمواركردن و باشكردن) (changement).

هەموو ئەم وشانە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە. تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەو گونجاندنانەی لە دەرەوەی گفتوگۆکەدا دروستدەبن، بەتوندی لەگەڵ ئەو گفتوگۆیانەی دیکەدا جیاوازن، کە لەناو خودی گفتوگۆکەدا دروستبوونە. ئەو گونجاندنانە لە دەرەوەی گفتوگۆکەدا پێکهاتوون، کە لە ڕووی درێژییەوە پاڵپشتکراون.

١ــ هــیچ پێویســت نیــیه ئامــاژه بەوه بکەیــن، لێکــۆڵینەوه له دەوروبــەرەکان نــابێ تێکــەڵ به ڕستەســازی بکرێــت، چــونکه ڕستەسازی تەنیا بەشێکه له لێکۆڵینەوەی دەوروبەرەکان.

ئەمه شـتێکه له مێشـکدایه و بەشـێکه لەو زەخیـرەی نـاوخۆییەی زمانی قسەکەران پێکدەهێنێت، که بێگومان هێما یاوەرەکانه.

پەیوەندییەکانی دەوروبەر له کاتی ئیستادا بوونیان دەبێت و پشت به دوو زاراوه، یـان زیـاتر دەبەسـتێت، که له کـۆمەڵەیەکی کـارادا به دەردەکەون، بەرانبــەر بەمه پەیوەنــدییه یاوەرەکــان زاراوەکــان یەکدەخەن (له ڕابـووردوودا یـان له حـاڵەتی نەبوونیـدا)، ئەویـش له کۆمەڵەیەکدا به توندی پەیوەندییان به یادگەوه هەیه.

له ڕوانگەی یاوەربوون و دەوروبەرەوه، یەکەی زمانەوانی له سەرەتاوه له بەشه بنەڕەتییەکه دەچێت، بۆ نموونه ستوونەکه لەلای یەکەمەوه، ستوون پەیوەندییەکی دیاریکراوی به کۆڵەکەکه یان ئەو ڕەهۆڵەی ڕایگرتووه هەیه، ڕێکخستنی هەردوو یەکەکه له بۆشاییەوه پەیوەندییه دەوروبەرەکه دروستدەکات، یان ئاماژەیەکی دەداتێ، لەلایەکی دیکەوه ئەگەر ستوونەکه گریکی بوو (Dorie)، ئەوا ئاماژه به عەقڵیەتێکی دیاریکراو لەنێوان ئەم شێوازه و شێوازەکانی دیکەدا دەکات (شێوازی ئەیۆنی Ionie، شێوازی کۆرنتی)[١]، به هەمان شێوەش هیچ لەم توخمانه له بۆشاییەوه پەیدا نابن، بەڵکو پەیوەندییەکه یاوەریانەیه.

---

[١]- شێوازێکی بیناکردنی یۆنانییه.

هەردوو ئاستەکە یان هەردوو جۆری گونجاندنەکە، وا دەخوازێ یان پێویست بە هەندێک تێبینی و توانجی تایبەت دەکات.

**٢. پەیوەندییە دەوروبەرەکان:**

ئەو نموونانەی پێشتر پێشکەشکران بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن، کە چەمکی دەوروبەر تەنیا لەسەر وشەکان پیادە نابێت، بەڵکو لەسەر کۆمەڵە وشەکان پیادە دەبێت، هەروەها لەسەر یەکە لێکدراوەکان بە هەموو جۆر و درێژییەکانییەوە پیادە دەبێت (لێکدراوەکان، دارڕژاوەکان، ڕستە تەواوەکان).

هەروەها ئەو پەیوەندییە بەس نییە، کە بەشە هەمەجۆرەکانی دەوروبەرەکان لەگەڵ یەکدیدا بەهەند وەرگرین. بۆ نموونە لە زمانی فەڕەنسیدا (دژ/contre) (هەموو/contre tous)، (سەرۆک/maitre ) ، (بەرپرسی چاودێرەکان / contre maitre). هەروەها پێویستە ئەو پەیوەندییە لە یادماندا بگرین، کە کۆی شتەکە بە بەشەکانییەوە گرێدەدات (بۆ نموونە: (ccontre tous) بەرانبەر بە (contre) ، لە لایەک و بەرانبەر (tous)ش لەلایەکی دیکەوە، یان (contre maitre) بەرانبەر بە (contre) و بەرانبەر بە (maitre).

لێرەدا لەوانەیە ڕەخنەیەک دەربارەی ئەم خاڵە دەرکەوێت. ڕستە بە خۆی نموونەیەکی نموونەیی دەوروبەرە، کەچی تایبەتە بە ئاخاوتن، نەک زمان، ئایا بەم بۆچوونەی وتمان ئەوە ناگەیەنێ، کە دەوروبەر بە ئاخاوتنەوە تایبەتە؟ من لەو باوەڕەدا نیم وا بێت. ئاخاوتن لە پیکهاتەکەیدا ئازادی هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە پرسیار لە خۆمان بکەین، ئایا هەموو دەوروبەرەکان لەم ئازادییەدا یەکسانن

یان نە؟ هەر لە سەرەتاوە ڕوون و ئاشکرایە، کە زۆر لەو گوزارشتانە بە زمانەوە تایبەتن، ئەم گوزارشتە گونجاوانە بە بەکارهێنانی گۆڕانیان بەسەر نایەت، تەنانەت ئەگەر تاکەکانی توخمە ئاماژەدارەکانیشمان بەکارهێنابێت. ئەمانە بەراورد بکە: چ سوودێکی هەیە؟ a quoi bon?، (پووچ)(وەرێنە!) allonsdonc). هەمان شتیش هەر ڕاستە ـ بەڵام کەمتر ـ سەبارەت بە گوزارشتێکی وەک: prendre la ،ناچارکردنی کەسێک = forcer la main a quiqu = romper une lance ،خێرایی تووڕەبوون = mouche کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ ، هەستکردن = avoir mal بە = que vousen ،بەتوندی = a force de (soins) سەرئێشە، =pasnest besoin de ،ڕات بەرانبەری چۆنە؟ semple? پێویستی پێ نییە. ئەمانە مانا و پێکهاتەیەکی نامۆیان هەیە. ئەم گۆڕان و قەڵبەزەیەی لە زاراوەکاندا هەیە، ناتوانین سەرپێی بیانڵێین، چونکە چەند نەریتێک لەخۆ دەگرن، هەروەها چەند وشەیەکی دی هەن ئەگەر بخرێنە ژێر شیکردنەوەیەکی تەواوەوە، ئەوا چەند خەسڵەتێکی نامۆ لە ڕووی وشەسازییەوە لەخۆ دەگرن، کە تەنیا بەهۆی هەژموونی بەکارهێنانەوە ماونەتەوە (ئەمانە بەراورد بکە =mourrai دەمرم ، ئاسان = facilitè ،سەخت =difficultè ، دەنوم = dormirai.

چەند بەڵگەیەکی دیش هەن. جۆرەکانی دەوروبەر پشت بە شێوازە بەدوایەکهاتووەکانی دەبەستێت، کە زیاتر تایبەتە بە زمان، وەک لە ئاخاوتن. لە ڕاستیدا ئەگەر شتێکی مەعنەوی لە زماندا

نەبێت، ئەوا جۆرەکان دەمێننەوە، یان بوونیان دەبێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەگەر زمان ژمارەیەکی پێویست لە نموونەکان تۆمار بکات. کاتێک وشەیەکی وەک (indecorable) لە پرۆسەکانی ئاخاوتندا دەردەکەوێت، ئەوا بە دەرکەوتنیان جۆرێکی سنووردار گریمانە دەکرێت، ئەم جۆرەش ئەنجام لە کاتی یادکردنەوەی ژمارەیەکی پێویست لە وشە لێکچووەکان تایبەت بە زمان بۆی هەیە دروست ببێت: (infatigable= ماندوونەناس)، (intolèrabl= تەحەمولی ناکات)، (imepardonable= لێبوردە نییە). هەمان شتیش بەتەواوەتی لەسەر ڕستەکان و ئەو کۆمەڵە وشانە پیادە دەبێت، کە پشت بە نموونەی وا دەبەستن، کە بەدوای یەکدادێن. پێکهاتە فەڕەنسییەکانی وەک:(چیت پێ دەڵێت؟) (que vous dit - il?)، (زەوی دەخولێتەوە) La terre tourne)، لەگەڵ جۆرە گشتییەکان هاوشێوە دەبێت، کە ئەنجام لە زماندا بەهۆی یادەوەرییە هەستەییەکانەوە پاڵپشتکراون.

کەچی دەبێت بزانین لە دەوروبەردا سنووری جیاکەرەوەی ڕوون نییە، لەنێوان ئەو ڕاستەقینە زمانەوانییەی بە هێما هەژمار دەکرێت و لەبەر بەکارهێنانی کۆمەڵیانە و ئەو ڕاستەقینەیەی بە ئاخاوتنەوە تایبەتە و پشت بە ئازادی تاک دەبەستێت. لە داڕشتنی زۆر نموونەدا پۆلینی پێکهێنانی یەکەکان سەخت و دژوارە، چونکە لە بەرهەمهێنانیدا هەردوو هێزەکە بەشداریان لە چەند بەشێک کردووە و چەند ڕێژەیەکی بێسنووردا کۆبۆتەوە و یەکانگیر بووە.

### ٣. پەیوەندییە یاوەرەکان

یاوەربوونی عەقڵی کۆمەڵەی دیکە لەپاڵ ئەو لیستەدا دروستدەکات و بە گوێرەی هاوسەنگی ئەو زاراوانەی لەنێوان خۆیاندا هەڵگری شتێکی هاوبەشن، ئەویش لە کاتی هەژموونی بەسەر سروشتی ئەو پەیوەندییانەی زاراوەکان بە یەکەوە دەبەستنەوە، چونکە هزر ژمارەیەک لەو کۆمەڵە یاوەریانە بە ڕێژەی فرەجۆری پەیوەندییەکان دروستدەکات یان دایاندەمەزرێنێت. بۆ نموونە (دەزانێت enseigner) و (فێربوون enseignement) و (دەزانین enseignons)، لە هەموو وشەکان یەک توخمە لە بنەڕەتدا، لەوانەیە هەمان وشە لە چەند کۆمەڵەیەکی هەمەجۆردا دەربارەی یەک توخمێکی هاوبەشی دیکە دروست دەبن، پاشگر لەمانە بەراورد بکە: (chongement,enseignement, armement, changement)، یان ئەو یاوەربوونەی بۆی هەیە دەربارەی بیر و هزرە ئاماژەکارەکان دروست ببێت.

(enseignement, instruction, apprentissage, education, etc.)

یان توخمی دووەم، بە سادەیی دەڵێین لە لێکچوونی وێنەکانی دەنگەوە دروست بوو بێت، بۆ نموونە: (enseignement , justement). بەمشێوەیە دەبینین هەندێکجار لێکچوونێکی دوانەیی لە واتا و لە داڕشتندا بوونی دەبێت، جاری واش هەیە لێکچوون تەنیا لە داڕشتنەکە، یان لە واتاکەدا دەبێت.

وشه دەتوانێت هەموو ئەو شتانە بانگەشـە بکات، یـان بیانوروژێنێت، کە  بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبنە یاوەری.

کـەچی دەوروبەرەکـە ڕاسـتەوخۆ سیسـتەمێک لە بەدوایـەکهاتن و ژمـارەیەکی چەسـپاوی توخمەکـان پێشـکەش بکـات، زاراوەکـان لـە گروپێکـی زمانـەوانیی یاوەریانـەدا بەبـێ ژمـارەیەکی چەسـپاو و بـێ سیستەمێکی دیاریکراو. ئەگەر ئەم وشانە کۆبکەینەوە:

(painfil, delightful,  frighrful). ئەوا لەم حاڵەتەدا نـاتوانین پێشبینی ژمارەی ئەو وشانە بکەین، کە لە یادگە و مێشکمان یان ئەو سیسـتەمەی پێـی دەردەکەوێـت پێشکەشـیان کـردوون. ئەو وشــە تــایبەتەی لە ناوەنــدی کــۆمەڵە ئەســتێرەیەک دەچێــت، خــاڵێکی پێشــکەوتنی ژمــارەیەکی بێســنووری زاراوە گونجاوەکــانە، بەڵام خەسـڵەتێک یـان یەک تایبەتمەنـدی بـۆی هەیە لە خەسـڵەتی گـروپە یاوەرەکانەوە ڕوون ببێتەوە و هەمیشـە سـەرهەڵبدات ـ سیسـتەمێکی نـاجێگیر و ژمـارەیەکی بێسـنوور  ـ ئەوا لەم حـاڵەتەدا ئەوەی دووەم لەوانەیە لە تـاقیکردنەوەکەدا سـەرنەکەوێت، ئەم شـتە لە نەخشـەکانی وشەســـازی و داتاشـــینەکاندا ڕوودەدات، کە لە بـــواری گـــروپە یاوەرەکاندا بە شتێکی نموونەیی هەژمار دەکرێت.

ئەم وشە لاتینیانە: (dominus, domini,domino) بە گروپێکی زمـــانەوانی یاوەریـــانەی ڕوون هەژمـــار دەکرێـــت، کە لە دەوری تــوخمێکی هــاوبەش پێکهێنــراون، کە ڕەگــی نــاوەکە لــە بنەڕەتــدا (domin)ە.هەروەک لەم حـــــــــاڵەتەدا دەردەکەوێـــــــــت: (enseignement, changement) ژمـــارەی حاڵەتەکـــانیش

سـنووردارن، بەرانبـەر ئەمە هـیچ سیسـتەمێکی چەسـپاو نیـیە لە پرۆسـەی بەدوایەکهاتنـدا و بە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی ڕەهـا کـار دەکات، ئەمەش وا لە ڕێزمانزانـان کردووە، کە بە یەک شێواز زیاتر لەوانـی دی کـۆی بکەنەوە، حـاڵەتی (ڕەفـع) لە مێشکی قسـەکەردایە، مانـای پێشـەنگی لە وشەسـازیدا هەڵناگرێـت و ئەو سیسـتەمەی زاراوەکـان خـراونەتە نـاوی و پشـت بە بـارودۆخی دەوروبەر دەبەستێت.

# بەشی شەشەم
# ئامێری زمان

## ١. بەیەکبەستنەوەی دەوروبەر

ئەو کۆمەڵە جیاوازییەی دەنگ و چەمکەکان، زمان پێکدەهێنن، لە دوو جۆری بەراوردکارییەکان دروست دەبن و بەرهەمدەهێنرێن، کە تیایاندا پەیوەندییەکان جاری وا هەیە یاوەریانە و جاری واش هەیە دەوروبەرن، کۆبوونەوەکانی هەردوو جۆر پەیوەندییان بەو بەشانەوە هەیە، کە لە هەموو زیاتر لە زماندا چەسپاوترن، ئەم کۆمەڵە پەیوەندییە هاوبەشانە زمان پێکدەهێنن و هەژموونیان بەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی زمانەوە هەیە. گرنگترین شت لە ڕێکخستنی زمانەوانیدا پێکهاتە دەوروبەرەکانن، هەموو یەکەکانی زمان هەمیشە پشت بەو شتانە دەبەستن، کە لە دەوروبەری زنجیرەی ئاخاوتنەکەدان یان لە بەدوایەکهاتنی بەشەکانیدان. ئەمەش بەهۆی شێوازی وشەکەوە ڕوون دەبێتەوە. یەکەیەکی وەک (painful) دەبێتە دوو یەکەی هاریکار (pain – ful)، بەڵام هەردوو یەکە هاریکارەکە دوو بەشی سەربەخۆ نین، کە وا بە ئاسانی کۆبوونەتەوە و هاتوونەتە پاڵ یەک(paintful).

یەکایەتی ئەنجامی کۆبوونەوەی دوو توخمی هاریکارن، کە بەهاکەی خۆیان لەڕێی پرۆسەی ئالۆگۆڕکردنەوە دەستەبەر بووە، کە لە یەکەیەکی باڵادا بەڕێوەدەچێت (pain X ful). هەمیشە پاشگر

بوونی نابێت، ئەگەر بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆی بڕوانین، بەڵکو شوێنگەیەکی لە زماندا دەداتێ، کە کۆمەڵە زاراوەیەکی هاوبەشن، وەک: (delight - ful; fright – ful, etc)، بە هەمان شێوەش ڕەگەکە سەربەخۆ دەمێنێتەوە و تەنیا لەڕێی کۆبوونەوەی لەگەڵ پاشگرەکەدا بوونی دەبێت، یان دەمێنێت و بەردەوام دەبێت.

بەهای هەمەکی لەڕێی بەشەکانییەوە دەردەکەوێت، بەشەکانیش بەهاکانیان لە ڕوانگەی شوێنەکانیان لەناو کۆیەکە و هەمەکییەکەدا دەستدەکەوێت. لەبەر ئەم هۆکارە، پەیوەندی دەوروبەری بەشەکە سەبارەت بە گشت، هەمان گرنگی پەیوەندی بەشەکان بەیەکدییەوە هەڵدەگرێت. ئەم بنەما گشتییە ڕاستەقینەی هەموو جۆرێکی دەوروبەری پێشوەخت ناویان براوە لە دووتوێ دەگرێت (بڕوانە بەشی پێشوو)، چونکە یەکە مەزنەکان لە چەند یەکەیەکی دیاریکراو پێکدێت و پەیوەندی بە تەواوبوون یان بە تۆکمەیی ئاڵوگۆڕکراوەکەیانەوە هەیە.

بۆ جەختکردنەوە دەڵێین زمان چەند یەکەیەکی سەربەخۆی هەیە، کە پەیوەندی دەوروبەریان هەیە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەشەکانی دیکە یان یەکەی دیکە هەبێت.

وەک یاسایەکیش باس لەوە دەکەین، کە لە ڕوانگەی هێمای گۆشەگیرەوە وابەستەگی ناکەین، بەڵکو ئەو وابەستەگییە لەڕێی کۆمەڵە هێمایەکەوە دروست دەبێت. ئەویش لەڕێگای چەند بونیادێکی ڕێکەوە، کە لە خودی خۆیاندا هەر بە هێما هەژمار دەکرێن. هەموو شتێک لە زماندا بۆ جیاوازییەکان هەنگاو دەنێت، یان کورت

دەکـرێتەوە، کۆبوونەوەکـانیش هەمـان شـێوەیە. ئـامێری زمـان لە ئاوێتەبوونی زاراوە بەدوایەکهاتووەکانەوە دروست دەبێت، لە کاری ئەو ئـامێرە دەچێت، کە بەشـەکانی ئـاڵوگۆڕی ئەرکەکانیـان لەنێـوان خۆیانــدا دەکەن، تەنـــانەت ئەو بەشـــانەی لە یەک ڕەهەنــدەوە کاروبارەکانی خۆیان ڕێکدەخەن، هەر بەو شێوەیە دەبن.

### ٢. هەردوو کۆمەڵەکە لە یەک کاتدا کاردەکەن

لەنێوان کۆبوونەوە دەوروبەرەکاندا - هەروەک پێشوتر دیاریکرا - پەیوەندی هاریکاری هەیە، کە هەژموون و کاریگەرییەکان لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ پێدەکەن، لەڕاستیدا دەوربەرە تایبەتەکان هاریکار دەبن بۆ دروستکردن و داهێنانی دەوروبەری یاوەرەکانی، پاشان بۆ شیکردنەوەی بەشەکانی دەوروبەرەکە بە پێویست هەژمار دەکرێن.

بڕوانە ئەم وشە لێکدراوە فەڕەنسییە: (dè – faire)، دەتوانین ئەم پێکهاتەیە وەک تۆمارێکی ئاسۆیی وێنا بکەین، کە لەگەڵ زنجیرەی ئاخاوتنەکەدا یەکبکاتەوە:

dè – faire ⟶

بەڵام لە ڕووی ئێستاییەوە و لەسەر بنەمای فاکتەرێکی دی لە پێگەکانی خوارتری هۆشدا بوونی دەبێت، چونکە کۆمەڵەیەک یان زیاتری یاوەرەکان چەند یەکەیەک پێکدەهێنن، کە توخمێکی هاوبەشیان لەنێوان خۆیاندا لەگەڵ دەوروبەرەکەدا گرتۆتەخۆ.

| dè – faire | |
|---|---|
| dèceler | faire |
| ↓ | ↓ |
| daplacer | refaire |
| ↓ | ↓ |
| decoudre | contrefaire |
| ↓ | ↓ |
| etc | etc |

هەمان شت لەسەر ئەم وشە لاتینییە (quabree – plex) جێبەجێ دەبێت، چونکە بە هەمان شێوە بە کۆمەڵە یاوەرێکی دوانەیی بەیەک بەستراونەتەوە:

quabree – plex →

| | |
|---|---|
| quadruplex | simplex |
| ↓ | ↓ |
| quadrifros | triplex |
| ↓ | ↓ |
| quadraginte | centuplex |
| ↓ | ↓ |
| etc | etc |

تا ئەو ڕاددەیەی شێوازەکانی دی لەسەر بونیاد دەنرێن (defaire quadruplex)، ئەوا ئەم دوو وشەیە دەکرێ بۆ چەند یەکەیەکی هاریکار شیبکرێنەوە. لێرەدا شێوازێکی دی هەیە بە تەواوەتی وامان لێدەکات بڵێین پێکهاتەی دەوروبەرن، بۆ نموونە وشەی (dèfaire) شیناکرێتەوە، ئەگەر شێوازەکانی دی (dè) یان (faire)یان گرتەخۆ، یان لە زماندا گومبوون، لەم حاڵەتەدا دەبنە یەکەیەکی سادە و هەردوو بەشەکەشی: (could not be placed inopposition)، ئێستا ڕۆڵ یان توانستی ئەرکیانەی سیستەمی دوانەیی لە گفتوگۆکردن ڕوونبووەوە.

یادگاکانمان هەموو ئەو جۆرانەی کەم و زۆر ئاڵۆزن چ پێکهاتە بن و چ دەوروبەر بن، بۆ کۆمەڵە یاوەرییەکان دەگەڕێینەوە، تا لە

کاتی بەکارهێنانیان بژاردەکانی خۆمان دەستنیشان بکەین. کاتێک هاوڵاتییەکی فەڕەنسی دەڵێت (با بڕۆین !marchons)، ئەوا بەبێ ئاگابوون لەو کۆمەڵە هەمەجۆرانەی یاوەرەکان بیر دەکاتەوە، کە لە یەکدییەوە نزیکن، یان لەگەڵ پێکهاتەی دەوروبەری وشەی (marchons) دەگونجێت، هەروەها دەشگونجێت لەگەڵ شێوە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵەی (marche, !marchez) و لەگەڵ هاودژی نێوان (marchons) و شێوەکانی دی لە دەستنیشانکردن و بژاردەکردنیدا دەسازێت، سەرباری ئەمەش وشەی (marchons) کۆمەڵەی (با سەرکەوین montons) و (با بخۆین mangons) هتد. دەخوازێت لە کۆمەڵەکەش هەمان شێواز هەڵدەبژێرین. قسەکەر دەزانێت لە هەر کۆمەڵەیەکدا چی بگۆڕێت، تا فرەجۆرییەکان بەرهەمدێنێت، یان ئەو فرەجۆریانە دروستدەکات، کە لەگەڵ یەکە خوازراوەکەدا دەگونجێت، ئەگەر ئەو بیرۆکەیەی گوزارشتی لێدەکات گۆڕی، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێویستی بە دژاودژی دیکە هەیە، تاکو بەهایەکی دیکە دەربخات، یان دروستی بکات بۆ نموونە لەوانەیە بڵێیت (marchez) یان لەوانەیە بڵێیت (montons).

بەس نییە بڵێین ـ لە ڕوانگەی مەسەلە ئەرێنییەکەوە ـ قسەکەر ئەم وشەیە(marchons) هەڵدەبژێرێت، چونکە ئاماژە بەو شتە دەکات، کە قسەکەرەکە خوازیاری گوزارشتکردنە لێی. لە ڕاستیشدا بیرۆکەکە نابێتە هۆکاری پەیدابوونی شێوازەکە، کەچی سیستەمە گشتییە تەواوەکە دەرفەتی پێویستبوونی دژاودژەکان بۆ دروستبوونی هێما دەڕەخسێنێت.

هێماکان لە خودی خۆیاندا واتادار نین، ئەویش ئەگەر ئەمجۆرە شـــێوازانە: (marchez!) (marche!)بەرانبـــەر بە شــــێوازی (marchons) لە ئـــارادا نەبـــن، ئەوا لەم حـــاڵەتەدا دژاودژیـــیە دیاریکراروەکـــان گـــوم دەبـــن و نـــامێنن، و بەهـــای وشـــەی : (marchoes) دەگۆڕدرێـت (ipao fecto). ئەم بنەمـایە لەسـەر ئـالۆزترین جـۆری پێکهـاتە دەوروبـەرەکان و ڕسـتەکاندا جێبەجـێ دەبێت.

بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە دابڕێژین: (چی پێت وت؟ que vous dit – il?)، قسەکەرەکە یەک توخم لە نموونەی پێکهاتەی ناو کرۆکەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە: (چی پێ وتن؟ que te dit -il?) (چی پێمان وت؟ que nons dit -il)، تاکو جێناوە دیاریکراوەکە دەدۆزێتەوە vous بەمشێوەیە. پەراوێزخستنی هەموو شتێکی عەقڵی نابێتە یارمەتیدەر بۆ دەرخستنی جیاوازییە خوازراوەکان لەلایەنە دیاریکراوەکە، کۆبوونەوە یاوەرییەکان و نموونە پێکهاتەییەکان (دەوروبەرەکان) هەردووکیان ڕۆڵ دەگێڕن.

بەرانبـەر بەمەش، پرۆسـەی دەستنیشـانکردن یـان گونجانـدن و هەڵبـژاردن، یەکە بچووکەکـان کـۆنترۆڵ دەکەن، تەنـانەت توخمەکـانی دەنـــگ هەر کاتێـــک بەهـــایەک لەخـــۆ بگـــرن، هەر ئەم حـــاڵەتە دەیـــانگرێتەوە، مـــن تـــەنیا بیـــر لە حـــاڵەتی ئەم وشـــە فەڕەنســـییە ناکەمەوە:(بچووک potit) (شێوازە کاتییەکەی بەمجۆرە دەنووسرێت petit)، بەرانبـەر بە (pati) (شـێوازی نێـر بەمشـێوەیە دەنووسـرێت petit)، یـان ئەم وشـە لاتینیـیە (domini) بەرانبـەر بە (dominv)،

ئەویش لە حاڵەتێکدا جیاوازییەکە لەسەر فۆنیمێکی سادە دەبێت، کەچی ڕاستەقینە جیاکار و وردەکە ئەوەیە، فۆنیم لە سیستەمی حاڵەتە زمانەوانییەکە بە تەنیا ڕۆڵ دەگێڕێت، بۆ نموونە: ئەگەر پیتەکان (m, p, t, etc) لە کۆتایی وشە یۆنانییەکەدا دەردەکەوێت، ئەمە مانای وایە بوون و نەبوونی لە شوێنێکی دیاریکراودا بە بونیادی وشەکە و ڕستەکە هەژمار دەکرێت.

لە هەموو حاڵەتێکی هاوشێوەدا دەنگی تاک - وەک هەر یەکەیەکی دی - پاش دژاودژییەکی عەقڵی دوانەیی دەستنیشان دەکرێت. لە وێناکردنمان بۆ کۆکردنەوەیەکی وەک (anma)، بۆ نموونە دەنگی (m) بە دژاودژێکی پێکهاتەیی دادەنرێت سەبارەت بە دەنگەکانی دەوروپشتی و بە دژاودژێکی یاوەریانە دادەنرێت بۆ هەموو ئەو دەنگانەی بە هزردا تێپەڕ دەبن:

anma

v

d

**٢. هەڕەمەکیبوونی ڕێژە و ڕەها**

ئامێری زمان لە توانایدا هەیە لە گۆشەیەکی گرنگی دیکەوە دەربکەوێت. بنەمای سەرەکی هەڕەمەکیبوونی هێما ئەوەمان لێ قەدەغە ناکات، کە ڕەگی هەڕەمەکی لە هەموو زمانێکدا جیا بکەینەوە، یان گەڵاڵەی بکەین، مەبەستم تەنیا چەسپاوەکە و ئەو شتانەیە، کە لە ڕووی هەڕەمەکیبوونەوە ڕێژەیین.

هەندێک هێما هەرەمەکییەکی ڕەهایان هەیە، هەروەها لەوانی دی تێبینی دەکەین، کە شاراوە نین و چەند پلەیەک لە هەرەمەکیبوونیان تیادایە، ئەویش هێماکە تارادەیەک پاڵنەرە.

بۆ نموونە: ئەم دوو وشەیە (بیست vingt) و (نۆزدە dix - neuf) لە زمانی فەرەنسیدا پاڵنەر نین، بەڵام لە هەمان پلەدا پاڵنەر نابن، چونکە (نۆزدە dixneuf) هەردوو زاراوە تایبەتەکەی خۆی و زاراوە یاوەرەکانی دی لەگەڵ خۆیدا پێشکەش دەکات، یان پێشنیازیان دەکات (بۆ نموونە، هەژدە dix huit بیست و نۆ vingt – neuf ، نۆ neuf، دە dix، حەفتا soixente - dix).

بە جیا لەم دوو وشەیە بڕوانە (neuf) (dix)، هەردووکیان لە یەک ئاستدان، وەکو (vingt) بەڵام وشەی (neuf – pix) نموونەیەکە لەسەر پاڵنەرە ڕێژەییەکە، هەمان شت لەسەر وشەی (درەختی قوڕادە poirier) پیادە دەبێت، کە خوازیاری وشە سادەکەیە (قوڕادە pear)، ئەویش لەڕێگای پاشگرەکەی (درەختی چەرەز cerisier) و درەختی سێو pommier .. هتد. بەڵام سەبارەت بە (درەختی دردار frene) و (درەختی بەڕوو oak).. هتد.

هیچ لێکچوونێک یان شتێک نییە قابیلی بەراوردکردن بێت. جارێکی دی ئەم وشەیە بەراورد بکە (گاوان / شوان) (berger)، کە بە پاڵنەری ڕەها هەژمار ناکرێت، هەروەها وشەی (گاوان vacher) بە پاڵنەری ڕێژەیی هەژمار دەکرێت، ئەم دوانەییانە: (زیندان geole) و (زیندانی تەنیا cachot) و (داس hache) و

(چەپەچـــاخ coueret) و (دەرگـــاوان concierge) و (دەرگـــاوان portier) و (لەدێرزەمـــــانەوە Jabis) و (پێشـــــوو sutrefois) و (زۆرجـاران souvent) و (زۆرجـاران frequemment) و (کـوێر aveugle) و (شـــــەلە boiteux) و(کەڕ sourd) و (قەمبـــــوور boesu) و دووەمە second و (دووەم deuxieme).

ئەم وشـــە ئەڵمـــانییە (laub) و ئەم وشـــە فەڕەنســـییە (زەرق و بەرقـــی گەڵاکـــانی ڕووەک feuillage) و ئەم وشـــە فەڕەنســـییە (ئەفسانە metier) و وشـەی ئەڵمانی (Handwerk)، شێوازی کۆی ئینگلیزی (ships)، کە لە داڕشتنیدا هەموو کۆمەڵەیە ئاماژە پێدەکات (fiags,birds,books)، کەچی ئەم دوو وشـەیە (men andsheep) ئاماژە بە هیچ شتێک ناکەن. لەم وشە یۆنانییەدا (دەبەخشـم boso) گوزارشـت لە چەمکی پێشـوازی دەکات، ئەویش بە هێمـایەک، کە وا دەخوازێ وشە یاوەرەکان ئامادە بکات، یان وشـەکان کۆبکاتەوە، و وشەی (دەڕۆم eimi) لە لایەکی دیکەوە هەر بەتەواوەتی سـەربەخۆ و دابڕاوە.

ئێرە شـوێنی ئەوە نییە باس لەو هێزانە بکەین، کە پاڵنـەرەکە یان دنەدەرەکە لە هەمـــوو نموونەیەکـــدا دەستنیشـــان دەکـــات، بەڵکـــو پاڵنەرەکە فرەجۆر یان ڕێژەیی دەبێت، بۆ شـیکردنەوەی دەوروبـەر لەپێنـاو ڕوونکـردنەوەی مانـای ئەو یەکـانەی هاریکـارن و بوونیـان هەیە. لە ڕاستیدا هەندێک توخمی داڕشتنی شێواز هـەن، وەک:

(ceris – ire, pomm) بەرانبـەر بە (ier in poir – ier) بەڕوونی هەژمار دەکرێت، ئەوا ئەوانی دی تەمومژاوین یان بێمانـان.

بۆ نموونە: ئایا ئەم پاشگرە (ot -)ە لەگەڵ تـوخمی هێماکـە لەم وشـە فەڕەنســـییە (زینـــدانی تـــەنیا cachot) یەکـــدەکاتەوە؟ لە کـــاتی بەراوردکردنی وشەگەلێکی وەک: (وردە platras) (کەڵەکە fatras) (شمشێرێکی کورت coutelas) (وردبینی canavas)، لێرەدا ئێمە هیچمان بۆ نامێنێتەوە تەنیا هەستکردنێکی تەمومژاوی نەبێت بەوەی (as -) تـوخمێکی پێکهـاتووە و تـاڕاددەیەک تەنـانەت لە باشـترین حاڵەتەکاندا ناوەکان جیا دەکاتەوە، لەم حـاڵەتەدا پاڵنـەرەکە هەرگیـز ڕەهـا نابێت، نەک تـەنیا لەبەر ئەوەی هێمـا پاڵنـەرەکان خۆیـان پاڵنـەر نـین، ئەمـانە بـەراورد بـکە: (دە dix) و (نـۆ neuf)، بەڵام بەهـای زاراوە هەمەکییەکە هەرگیـز یەکسـان نییە بە کۆی بەهـای بەشـەکان، بۆ نموونە وشـەی (Teach + er) یەکسان نییە بە (teach x er).

پاڵنـەرەکە بەهـۆی ئەو بنەمـایەی لە پاڵنـەرەکەی دووەمـدا شـرۆڤە کرا. چەمکی پاڵنەری ڕێژەیی ئەمە دەخوازێت:

١ـــ شـــیکردنەوەی زاراوەی (زانـــراو) لێـــرەوە پەیوەنـــدییە دەوروبەرەکە دەستنیشانکراوە.

٢ـ ئامـادەکردنی زاراوەیەک یـاخود زیـاتر، لێـرەوە پەیوەنـدییە یاوەرییەکەیە. ئەمە ئەو ئالیەتەیە، کە لەڕێگـەیەوە زاراوەکـان خۆیـان بـۆ گوزارشـتکردن لە بیرۆکەکە بێ زیـادەڕەوی دەگـۆڕن. سـەبارەت بەم خـاڵە یەکەکـان وا پێدەچن بەهـا بـن، واتە مەبەسـتم ئەوەیە بڵـێم تـوخمێکی سیســـتەمەکەن، ئـێمەش پێگەیەکـی تایبەتمـان لەبەر ئەو دژاودژیـــانە داینـــێ، کە گرتوویـــانەتە خۆیـــان، ئێســـتاش درک بەو وابەســـتەگیانە دەکەیـــن، کە پـــێکەوە دەبەســـتێتەوە، یـــان توانـــای

جیاکردنەوەیانمان هەیە، یاوەربوون و دەوروبەر بە هەمان شێوە خۆیان هەڕەمەکیبوونەکە دەستنیشان دەکەن.

(dix – neuf) لە ڕووی یاوەربوونەوە پاڵپشتکراوە بەهۆی (dix – hxit, soixante – dix)، هەروەها لە ڕووی دەوروبەرەوە بەهۆی ئەم توخمانەی خۆی (pix and neuf) پاڵپشتکراوە، ئەم پەیوەندییە دوانەییە(جووتە) بەشێکی لە بەهاکەی خۆی پێشکەشکردووە. هەموو شتێک وەک سیستەم پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، بە قەناعەتی من پێویستە لەم ڕوانگەیەوە نزیک بێتەوە، کە کەمتر سەرنجی زمانەوانانی ڕاکێشاوە، کە ئەمەیە: دەستنیشانکردنی هەڕەمەکیبوون، ئەمانە باشترین ئەو بنەمایانەن کە ڕێیان تێدەچێت بۆ نزیکبوونەوە لە توێژینەوەی زمان وەکو سیستەمێک.

لەڕاستیدا هەموو سیستەمە زمانەوانییەکە لەسەر بنەمایەکی نالۆجیکی هەڕەمەکی هێماکان دەوەستێت، کە بۆ خراپترین جۆری بەندکردن پەلمان دەکێشێت، ئەویش ئەگەر بەبێ بەندکردن یان گەمارۆدان جێبەجێ بکرێت، بەڵام هزر یان عەقڵ خەڵکان دەیانکەنە بنەمایەکی ڕێک لە ڕوانگەی بەشە دیاریکراوەکانی بونیادی هێماکان، ئەمەش ڕۆڵی پاڵنەرە ڕێژەییەکە پێکدەهێنێت. ئەگەر ئامێری زمان هەمووی لۆجیکی بوو، ئەوا دەتوانین سەربەخۆ لێیان بکۆڵینەوە، لەبەر ئەوەی ئامێری زمان تەنیا چارەسەرییەکی بەشەکییانەی ئەو سیستەمەیە، کە بە شێوەیەکی ئاسایی شێواوە، بەهەر حاڵ ئەوا ئێمە ئەو ڕوانگەیە وەردەگرین، کە بەهۆی (سروشتی تایبەتی زمان)

سـەپێنراوە و لێکـۆڵینەوەیـان وەک هەڕەمەکیبـوونێکی دیـاریکراو لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکەین.

هیچ زمانێک نییە خاوەن پاڵنەر نەبێت، ئەم پێناسەیەشمان وامان لێـدەکات زەحمـەت بیـت وێنـای زمـان بکەیـن، یـان بیـر لە زمـان بکەینەوە، کە هەموو شتێک تیایدا پاڵنەرە.

لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا ـ لایەنـی ئەوپەڕی ڕێکخسـتن و لایەنـی ئەوپەڕی هەڕەمەکیبـوون ــ هەمـوو جیاوازییەکـان یـان فرەیـی و فرەجـۆری زمانەکـان هەمیشـە توخمەکـانی هەردوو جۆرەکـە لـەخۆ دەگرن ـ هەڕەمەکی ڕەگییانـە و پاڵنـەری ڕێژەیی ـ بەڵام لە ڕێژەکان یـان لەو بەشـانەی جیـاوازی زۆریـان تیـادایە، ئەم حـاڵەتە دروسـت دەبێـت، ئەمەش بێگومـان خەسـڵەتێکی گـرنگە و بـۆی هەیە ببێـتە پاڵپشتێک بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پۆلێنکردنەکەی.

بە مانـایەکی دی دەڵێـین ـ پێویسـتە کەس دوور نەڕوات، کەچـی شـێوازێکی تـایبەت(لایەنی بەرانبـەر) بـۆی هەیە بەرهەمبهێنرێت یـان دەربکەوێـت، کە لەنـاو دژاودژەکەدا خـۆی حەشـاردابێت، دەتـوانین بڵێـین ئەو زمانـانەی پاڵنــەرەکەیان لاوازە، یــان لانــی کەم زیــاتر فەرهەنگییە، تیایـدا پاڵنـەرەکە بەهێز دەبێت یان دەگاتە ئەوپەڕی، کە زیـــــاتر ڕێزمـــــــانیترە. نەک لەبەر ئەوەی فەرهەنگیبـــــــوون و هەڕەمەکیبـوون هەردووکیـان لەلایەک و پاڵنـەری ڕێـژەیش لەلایەکـی دیـکەوە وەکـو یەکـن، نەخێـر، بەڵکـو لەبــەر ئــەوەی بنەمایــەکی هاوبەشیان هەیە.

هەردوو لایەکە لە دوو جەمسەر دەچن، کە سیستەمە هەمەکییەکە لەنێوانیاندا دەجووڵێت، هەروەها لە دوو شەپۆلی پێچەوانە دەچن، کە جووڵە زمانەوانییەکە لەنێوان خۆیاندا بەشدەکەن: ئاراستەیەک بۆ بەکارهێنانی ئامرازی فەرهەنگی (هێمایەکی ناپاڵنەر یان پاڵنەر).

ئەو باشتر زانینە زانراوە یان بەخشراوە بە ئامرازە ڕێزمانییەکە (ڕێزمانی پێکهێنان) بۆ نموونە دەبینین پاڵنەرەکە ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینێت لە زمانی ئەڵمانی وەک لە زمانی ئینگلیزیدا. زمانی چینیش لە فەرهەنگدا ڕۆچووە، کەچی زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتی و سانسکریتی بە نموونەگەلی جۆری زیادەڕەوەکە لە ڕێزماندا هەژمار دەکرێت، کەچی لەناو زمانێکی دیاریکراودا ئاراستەی پێشڤەچوونەکە هەموو بۆی هەیە خەسڵەتی بەردەوام وەرگرێت لە گواستنەوە لە وروژاندنەوە بۆ هەڕەمەکی و لە هەڕەمەکییەوەش بۆ وروژاندن.

ئەم گۆڕانە کەم و زۆرە (see – saw) زۆرجاران لە گۆڕانێکی ئاڵوگۆڕانەی بەشە جۆریەکانی هێمادا دروست دەبێت، بەمشێوەیە لە ڕوانگەی لاتینشییەوە دەبینین زمانی فەڕەنسی لەڕێگەی شتی دیکەوە جیاکارە، ئەویش بەو زۆربوونە گەورەیەی لە هەڕەمەکیدا هەیە. وشەی یۆنانی (inimicus) ئەمە دەخوازرێت، (in amicus) جگە لەوەش بەهۆیەوە وروژێنراوە. بەرانبەر بەمە وشەی فەڕەنسی (دوژمن ennemi) پاڵنەری نییە ـ بۆ هەڕەمەکیبوونێکی ڕەها دەگەڕێتەوە، کە بە ڕاستەقینەیەکی جیاکار و سەرەکی هێمای زمانەوانییەکە هەژمار دەکرێت.

ئەم گۆڕانەش لە سەدەها نموونە تێبینی دەکەین (ئەمانە بەراورد بکە: دەسپێرێت :(couter stare)constare، شوێنی ئاسنگەری (faber) forge:fabrica ، سەرۆک ـ بەڕێز :(magis) magister، maitre شوان berbicarius (berbia) :berger. ئەو خەسڵەتە ڕوونەی لە زمانی فەڕەنسیدا هەیە، بۆ ئەم ڕاستەقینەیە دەگەڕێتەوە.

# بەشی حەوتەم
# ڕێزمان و بەشەکانی

### ١. پێناسەکان: بەشە کلاسیکییەکان

زمانەوانیی وەسفی یان وەسفکردنی حاڵەتی زمان (واقیعەکەی) بە وێنایەکی ورد خودی ڕێزمانە و زۆریش نزیکە لێمانەوە، واتە وشە لەناو گوزارشتەکاندا لەو کۆگە ڕێزمانییە ڕێزمانێک لەخۆ دەگرێت.. هتد. کاتێک مەسەلەی بابەتی ڕێکخراو و پێکهاتەیی کار لەو بەهایانە دەکات، کە بوونیان هەیە، ڕێزمان وەکو سیستەمێکی گوزارشتکاری کارا لە زمان دەکۆڵێتەوە. ڕێزمان مانای وەسفییەت و مانا دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی سیستەمێک لە ئارادا نییە وێنەی هەبێت وەک ڕێزمانی مێژوویی بۆ چەند قۆناغێک جێگیربێت، بۆیە ئەم تـوێژینەوەیەی ئێمە وا ئەنجامی دەدەین زمانەوانی مێژووییە. پێناسەکەشم لەگەڵ ئەو چەمکە تەسک و ناسراوەدا ناگونجێت کە لە ئارادا هەیە، وشەسازی (morphology) و ڕستەسازی (syntax) پێکەوە بە ڕێزمان (Grammar) دادەنرێت، کەچی فەرهەنگسازی یان (زاراوەسازی) لەمە بەدەرن.

لە سەرەتادا دەڵێین ئایا ئەم بەشانە لەگەڵ ڕاستەقینەکاندا دەگونجێن؟ ئایا لەگەڵ ئەم بنەمایانەی گریمانەمان کردن دەسازێن؟

وشەسازی زانستێکە باس لە جۆرەکانی وشە دەکات (کار، ناو، ئاوەڵناو، جێناو...هتد) شێوازەکانی دارِشتنیش باس لەمانە دەکەن (دارِشتنی کار و دارِشتنی ناو...هتد). (بۆ جیاکردنەوەی ئەم تویژینەوەیە لە تویژینەوەی ڕستەسازی، پێی وایە بابەتی ڕستەسازی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەرکەکانی پەیوەست بە یەکە زمانەوانییەکانەوە دەکات، کەچی وشەسازی تەنیا شێوازەکانی ئەم یەکەیە دەگرێتەوە، بۆ نموونە وشەسازی شێوازی ئەم وشە یۆنانییە ڕوون دەکاتەوە (پاسەوان phulax) لە حاڵەتی دانەپاڵدا بەمشێوەیەی لێدێت (phulakos)، ڕستەسازیش بەکارهێنانی هەردوو شێوازەکە ڕوون دەکاتەوە، بەڵام جیاوازییەکە هەڵخەڵەتێنەر و وەهمە. ئەو کۆمەڵەیەی دارِشتنی ناوی (phulax) نابێتە خشتەیەکی وشەسازییانە، مەگەر لەڕێی بەراوردکردنی ئەو ئەرکانەی پەیوەندییان بە شێوازە هەمەجۆرەکانەوە هەیە، ئەویش لەڕووی ئاڵوگۆڕکردنەوە، ئەرکی وشەسازی نین، مەگەر تەنیا لە حاڵەتێکدا هەر ئەرکێک لەگەڵ هێمایەکی دەنگی دەستنیشانکراو هاوشێوە بن. دارِشتنی ناوەکان لیستێکی ئەو شێوازانە نین و کۆمەڵە پێدراوێکی لۆجیکی پێکناهێنن، بەڵکو هەردووکیان کۆدەکاتەوە. شێواز و ئەرکەکان تێکەڵکێشن، لەوە دەچێ جیاکردنەوەیان زەحمەت بێت یان هەر لە بنەڕەتەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە زەحمەت بێت، وشەسازی هیچ ڕاستەقینەیەک یان بابەتێکی سەربەخۆی نییە، هەروەها بوارێکی جیاکاری بۆ پێکهێنان نییە، و ئەم زانستە ناتوانێت زانستێکی جیاکار لە ڕووی پێکهێنانەوە دروست بکات.

**دووەم:** لەڕووی لۆجیکەوە ڕاست نییە فەرهەنگسازی لە ڕێزمان دووربکەینەوە. وشەکان وەک ئەوەی لە فەرهەنگەکاندا تۆمارکراون، لە سەرەتاوە پێناچێت شیاوی توێژینەوەی ڕێزمانی ئەوتۆ بێت، کە بە پەیوەندی نێوان یەکەکانەوە بەسترابێتەوە، بەڵام ئێمە ڕاستەوخۆ تێبینی ئەوە دەکەین، کە چەند پەیوەندییەک بۆیان هەیە بە شێوەیەکی کارا بەهۆی وشەکانەوە دروست ببن، هەروەها بۆیان هەیە ئەو پەیوەندییانە بەهۆی ڕێزمانیشەوە دروست ببن بۆ نموونە هەردوو وشەی یۆنانی (fio and facio) دژ بە یەکدین، بە هەمان شێوە وەک (dicor and dico) هەردووکیشیان دوو شێوازی جیای هەمان وشەکەن. جیاوازیی نێوان (کاری تەواو) و (کاری ناتەواو) لە ڕووی ڕێزمانەوە لەم دوو وشە ڕووسییەدا دروست دەبێت:(پرسیار دەکات sprasivat :sprosit ، لە ڕووی فەرهەنگیشەوە هەردوو وشەکە (دەڵێت) skazát :govtit.

ئامرازی پەیوەندی زۆرجار بە ڕێزمان دادەنرێن، بەڵام گوزارشتی مەجڕوری (en consideration de) گەر بەهەندی وەرگرین،لە بنەڕەتدا فەرهەنگییە، چونکە وشەی (consideration) مانا تایبەتەکەی خۆی لە (پارستە)ی فەرەنسیدا وەردەگرێت. ئینجا ئەگەر ئەم دوو وشە یۆنانییە (peitho : peithomai) لەگەڵ ئەم دوو وشە فەرەنسییە: (گوێڕایەل دەبم jeobeis) و (قایل دەبم jepersuade) بەراورد بکەین، دەبینین دژاودژەکە لە نموونەی یەکەمدا ڕێزمانییە، کەچی لە نموونەکەی دووەمدا فەرهەنگییە. ژمارەیەکی زۆری ئەو پەیوەندییانەی دروستبوون یان لە هەندێک

زمان بە حاڵەتەکان یان ئامرازەکانی پەیوەندی گوزارشتیان لێکراوە، لە زمانەکانی دیکەدا بەهۆی لێکدراوەکان چارەسەرکراون، و بە ڕاددەیەکی زۆر لە وشە تایبەتەکان دەچن، وەک ئەو وشە فەڕەنسییە (شانشینی ئاسمان royaume de cieux) و لە ئەڵمانیش (Himmelreich) یان لە وشە فەڕەنسییە داتاشراوەکان دەچن، وەک (ئاشی هەوا moulin á vent) و وشەی پۆڵەندی(wiatr – ak) یان لە کۆتاییدا لەم وشە سادانە دەچن: (وەک وشەی فەڕەنسی تەختەی سوتاندن (bois de chauffage) و وشەی ڕووسی (drová) و وشەی فەڕەنسی: (دار) (bois de construction) و وشەی ڕووسی (lès). ئەو گۆڕانە ناوخۆییەی وشە سادەکان و پاڕستەکان لەناو یەک زماندا زۆرجاران ڕوودەدەن (ئەمانە بەراورد بکە: بەهەند وەردەگرێت (prendre en considèration)، تۆڵە(se venger)، تۆڵە دەسێنێتەوە (tirer vengeance).

لە ڕووی ئەرکەوە لەبەر ئەم هۆکـــارە لە توانایـــدایە شـــێوازی فەرهەنگی و ڕستەسازی بەیەکەوە ببەستریتەوە، هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان هەر وشەیەک سادە نەبێت ـ یەکەی ڕەگ و پاڕستە ـ کە بە ڕاستەقینەیەکی ڕستەسازی هەژمار دەکرێت. ڕێکخستنی ئەو یەکانەی هاریکاری وشەن، هەمان ئەو بنەما سەرەکییانەی وەک ڕێکخستنی کۆمەڵی وشەکان و پاڕستەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت.

**بەکـــورتی،** دابەشـــکردنە کلاســـیکەکانی ڕێزمـــان دەکـــرێ لە پیادەکردنـــدا ســـوودیان لێـــوەربگیرێن، ئەو دابەشـــکردنانە لەگـــەڵ جیاوازییە سروشتییەکان ڕێکناکەون و لەگەڵیاندا یەکناکەنەوە، بۆ

بونیادنـــانی ڕێزمـــان پێویســـته به دوای بنەمـــایەکی دیـــکه و بـــاڵادا بگەڕێین.

**٢. دابەشکردنه لۆجیکییەکان**

وشەســـازی، ڕستەســـازی و فەرهەنگســـازی لەگـــەڵ یەکدیـــدا تێکەڵکێش دەبن، چونکه ڕاستەقینه وەسفییەکان هاوشێوەن، لێرەدا هـیچ هێڵێکـی جیـاکەرەوه نیـیه پێشـوەخت بیکێشـین، تـەنیا تـەنیا ئەو جیاوازییـــه له گـــۆڕێ هەیه، که پێشـــوەخت له نێـــوان پەیوەنـــدییه یاوەرییەکـــان و دەوروبەرەکانـــدا دانـــراوه، که دەتوانێـــت ئەو پۆلێنکـــارییەی پێشـــکەش بکـــات، کـــه له دەرەوه ســـەپێنراوه، هـــیچ بنەمـــایەکی دیـــکه نیـــیه شـــوێنی سیســـتەمه ڕێزمـــانییەکه بگـــرێتەوه، یەکەمجـار پێویسـته هەمـوو حـاڵەته زمـانەوانییەکه کۆبکەینـەوه و لـه تیـــۆری ڕستەســـازی و تیـــۆری یاوەرەکـــان دایـــانڕێژین، یەکســـەر بەشـەکانی ڕێزمـانی کلاسـیک دەبینـین، که به شـێوەیەکی ئاسـایی بـۆ ئەم جـۆره یـان بـۆ جـۆرێکی دی یـاوەری یەکدی دەبـن. وشەسـازی بەشـێوەیەکی ڕوون ئەو جـۆره نمـوونەییه پێکـدەهێنێت، که له عەقڵـی قســـەکەراندا یـــاوەری شـــێوازەکانه، ڕستەســـازیش(واته: مەبەســـتم تیـــۆری کۆبوونەوەکـــانی وشـــەیه به گـــوێرەی ئەو پێناســـانەی زۆر بێلایەنن) بۆ تیۆری ڕستەکان دەگەڕێنەوه، چـونکه کوبوونەوەکان به لای کەمیـیەوه دوو یەکه دەخـوازن، که له بۆشـاییدا دابەشـدەکرێن. هەموو ڕاستەقینەیەک وا پۆلێن ناکرێت ڕاستەقینەیەکی ڕستەسـازی (syntactical) و سەر به جۆری ڕستەیی (syntagmatie).

بـــۆ چەســـپاندنی پێویســـتبوونی پرۆســـەی دوانەیـــیەکە، ئەوا هەر خاڵێکی ڕێزمـانی کاردەکات، چەمکی وشـە ـ بۆ نموونە ـ بە شێوەی دوو گرفتی دەستنیشـانکراو وەردەگرن بە پشتبەستن لەسەر ئەوەی وشەکە لە ڕوانگەی یاوەریانە یان ڕستەسازی لێیان کۆڵراوەتەوە. لە زمـــــانی فەڕەنســــیدا ئاوەڵنـــــاوی (گەورە grand) لە ڕوانـــــگەی ڕستەســــــازییەوە شـــــێوازێکی دوانـــــەیی دەبەخشـــــێت، ئـــــەوانیش (grágarcon)، کە دەنووسرێت(کوڕێکی گەورە) (grand grcon) و (grat ata)، کە دەنووسرێت (منداڵێکی گەورە)(grand entant)، هـــەروەها دوانـــەیەکی دی لە ڕوانـــگەی یـــاوەرییەوە (نێـــر grá و دەنووسرێت grand ، مێ grád و دەنووسرێت grande).

پێویستە هەموو ڕاستەقینەیەک بەمشێوەیە لە جۆری ڕستەسازی یـان یـاوەری دابنرێت، هـەروەها پێویسـتە هەمـوو مـاددە ڕێزمـانییە بنەڕەتیـیەکە بەگـوێرەی تیـۆرە سروشـتییەکانیان ڕێکبخـرێن، هـیچ دابەشکارییەکی دیکە لە ئارادا نییە، کە ئەو شتانە ڕوون بکاتەوە، کە پێویسـتە لە سیستەمە ئاساییەکەی زمانـەوانیی وەسفیدا بگۆڕدرێت. لێرەدا ئەم بابەتەم بۆ باس ناکرێت، چونکە ئامـانجم لەم پـرۆژەیەدا دیارە، کە داڕشتن و چەسپاندنی بنەما گشتییەکانە.

# بەشی هەشتەم
## ڕۆڵی کیانە ڕووت و ڕەهاکان لە ڕێزماندا

بابەتێکی گرنگمان خستەڕوو، کە تیایدا باسمان لەو پێویستە کرد، کە بۆ لێکدانەوە و تاقیکردنەوەی پرسەکانی ڕێزمان لە ڕوانگەی ئەو دوو بۆچوونەی لە بەشی حەوتەمدا ڕوونکرانەوە: کیانە ڕەهاکانی ڕێزمان.

با یەکەمجار ئەم بابەتە لە ڕوانگەی یاوەربوونەوە باس بکەین. بۆ یاوەربوون دوو شێواز بەس نییە، تەنیا هەست بکەین هەردووکیان هاوبەشن، بەڵام با بە هەمان شێوە سروشتی ئەو پەیوەندییانەی پرۆسەکانی یاوەربوون کۆنترۆڵ دەکەن، با دەربخەین، بۆ نموونە قسەکەران دەزانن پەیوەندی نێوان: (jugement) و (juger) یان (enseignement)و(enseigner) وەک پەیوەندی نێوان ئەمانە نییە : ( (enseignement)و(jugement) .

بەمشێوەیە سیستەمی یاوەرییەکان بە سیستەمی ڕێزمان دەبەستریتەوە، دەتوانین بڵێین ڕێژەی درککردن یان هۆشیاری و پۆلێنکارییە میتۆدییەکان، کە ئەو ڕێزمانزانانە ئەنجامیان داوە، کە حاڵەتی زمانەوانی باسی لێوە دەکەن، پێویستە بەبێ بەکارهێنانی مێژوو لەگەڵ یاوەرییەکان ـ بە ئاگاداری یان بەبێ ئاگاداری هۆشەوە ـ لە پرۆسەکانی قسەکردندا دەردەکەوێت. ئەم یاوەریانە چارەسەری گروپەکانی وشە و خشتەکانی وشەسازی و توخمە شێوەییەکان

(ڕەگ، پاشگر،نیشانەکانی وشەسازی.....) لە عەقڵماندا چارەسەر دەکات.

بەڵام ئایا یاوەربوون تەنیا توخمە مادییەکان دەردەخات یان گەلاڵەیان دەکات؟ بێگومان نەخێر، پێشوەخت بینیمان ئەو وشانە لەخۆ دەگرێت و کۆیان دەکاتەوە، کە لە ڕێگەی ماناوە بە یەکدییەوە دەبەسترێنەوە (ئەمانە بەراورد بکە:

.(enseignement, apprentissage, education, etc)

هەمان شت پێویستە لە ڕێزماندا پیادە بکرێت، تەماشای ئەم سێ شێوازە لاتینییە بکە:(domin - i, règ – is, ros – árum) ، دەنگەکانی کۆتایی هەر سێکیان، هیچ بنەمایەک چ بۆ یاوەربوون یان کۆکردنەوە نابەخشێت و پێشکەش ناکات، کەچی کۆتاییان بەهۆی هەستەوە پەیوەندی دەکەن بەوەی بەهایەکی هاوبەش خاوەندارێتی دەکەن، کە ئەرکێکی هاوشێوە دەسەپێنن، ئەمە بەسە بۆ دامەزراندنی یاوەری یان کۆبوونەوەیەک لە حاڵەتی نەبوونی کۆڵەکەیەک یان بنەمایەکی ماددی. لێرەدا چەمکی سەربارکردن شوێنی خۆی یان بارودۆخی خۆی بەمشێوەیە لە زماندا وەردەگرێت. لە کاتی ئەنجامدانی ڕێکارێکی هاوشێوە ئەم کۆتاییە وشەسازییانە: (-us, – i, -o)، (هەروەک لەم وشانەدا : ,dominus, domini dominb) لە عەقڵدا بەیەکدی بەستراونەتەوە و بە بنەمایەک دادەنرێت بۆ زۆربەی چەمکە گشتییەکانی حاڵەتەکە و کۆتاییەکانی حاڵەتەکە. ئەو یاوەریانەی یەک جۆریان هەیە، تا هەنوکە فراوانترن و هەموو ناو و ئاوەڵناوەکان لەخۆ دەگرن....هتد. چەمکی بەشەکانی

ئاخـــاوتن دووپـــات دەکەنەوە، هەمـــوو ئەم شـــتانە مـــاونەتەوە یـــان بوونیـــان لە زمانـــدا هەیە، بەڵام وەکـــو کیـــانێکی ڕەهـــا، ئینجـــا توێژینەوەیشـــی ســـەختە، چـــونکە ئـــێمە نـــاتوانین بە تەواوەتـــی ئەوە بزانین ئایا درککردن یان هۆشیاری قسەکەران دوور لە شیکردنەوەدا دەڕوات، وەک ئەوەی ڕێزمانزانان دەیکەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کیانە ڕووت و ڕەهاکان هەمیشە لە شیکردنەوەی کۆتاییدا پشت بە کیانی مـــاددی یـــان هەســـتەوەری دەبەســـتن، نـــاکرێ هـــیچ ڕەهـــابوونێکی ڕێزمـــانی لە ئـــارادا هەبێـــت، بەبـــێ تـــوخمێکی مـــاددی وەک یاســـا بەکـاربهێنرێن، لە کۆتاییـدا پێویستیشـە بگەڕێینەوە بـۆ ئەم توخمـانە. ئێســـتا دەگەڕێـــنەوە بـــۆ ڕوانـــگەی دەوروبـــەر (syntagmatic سـینتاگماتیک). بەهـای کـۆمەڵە بەگشـتی زۆرجـاران بە سیسـتەمی توخمەکانی خۆیەوە بەستراوەتەوە، لە شیکردنەوەی دەوروبەر یان ڕستەســازی، ئەوا قســـەکەرەکە خـــۆی ناچـــار ناکـــات بەشـــەکانی دەربخـــات و تێبینـــی سیســـتەمێکی دیـــاریکراوی بەدوایـــەکهاتووەکان دەکـات، بەهـۆیەوە مانـای ئەم وشـە ئینگلیزییە (pain ful) یان ئەم وشـــە لاتینیـــیە (signi–fer) پشـــت بەو حـــاڵەتە تایبەتـــانەی یەکە هاریکارەکـــانی دەبەســـتێت: لێـــرەدا ئـــێمە نـــاتوانین بەمشـــێوەیە ful–pain یـــان بە (fer) بیـــانخوێنینەوە. دەکـــرێ بەهـــایەک هـــیچ پەیوەنـــــــدی بە تـــــــوخمە ماددییەکـــــــانەوە نەبێـــــــت، وەک (fer – or – signum ful)، هەمووش لە ڕێکخستنی زاراوەکانەوە بەرهەم دێت، بۆ نموونە جیاوازی لەنێوان مانـای هەردوو کۆمەڵەکە لە زمانی فەڕەنسیدا (ئایا پێویستە لەسەر ئەمانە؟) dois – je و

(پێویستیشــه لەســەر) je dois تــەنیا بــۆ سیســتەمی وشــەکە دەگەڕێــتەوە، جــاری وا هەیە زمانێــک وێنــای بیرۆکەیــەک دەکــات، ئەویش لەڕێگای سیستەمی وشـەیەکەوە، کە دەکرێ زمـانێکی دی لە ڕێگـای زاراوەیەک یـان چەنـد زاراوەیەکـی مـاددییەوە لە نمـوونەی دەوروبـەرەکەدا دەیگوازێتەوە (gold watch, gooseberry wins)، زمانی ئینگلیزی لەڕێگای تەنیا سیستەمی ئەو زاراوانەوە وێنا دەکات، کە زمـانی فەڕەنسـی تـازە بەهـۆی ئـامرازی پەیوەندییـەوە وێنایـان دەکـات (ئەمـانە بـەراورد بکە: (کـاتژمێری زێڕ/ montre en or) /vin de groseilles شـەربەتی کشمیشـی دەشـتەکی)، زمـانی فەڕەنسـی لـە ئەنجامـدا بەگشـتی بـەرکاری ڕاسـتەوخۆ لەڕێـی دانـانی ناوەکە پاش کاری تێپەڕ دەردەخات، (ئەمانە بەراوردبکە : (گوڵەکەم لێکردەوە je cueille une fleur)، کەچـی زمـانی لاتینـی و هەنـدێک لە زمانەکـانی دی حـاڵەتی نەسـب بەکـاردەهێنن، کە بەوە جیاکـارن و کۆتاییەکی تایبەتیان هەیە.. هتد.

بـاری وشــە و سیسـتەمەکەی کیـانێکی ڕەهـا و نـالۆجیکییە، بەڵام بەگشتی بوونی بۆ یەکە ماددییەکان یاخود ئەو یەکە هەستەوەریانە دەگەڕێــتەوە، کە لەناویــدان لە یەک ڕەهەنــد دادەمەزرێــت یــان بەڕێوەدەچێت. ئـەگەر لەو بـاوەڕەدا بـین پێکهـاتەیەکی مەعـنەوی لە دەرەوەی یەکە ماددییەکـانەوە بـوونی هەبێـت و لە بۆشـاییدا دابەش بووبێت، بە هەڵەدا دەچین، لە زمانی ئینگلیزیـدا (the man I have seen) بەشــێوەیەکی ڕوون هێمــایەکی ســفری بەکاردەهێنرێــت، تــاکو ڕووبــەڕووی ئەو ڕاســتەقینە ڕستەســازییانە ببێــتەوە، کە زمــانی

فەڕەنسی بەهۆی ئەمانەوە: que that (L home que jai un) (
وێنای دەکات.

بەڵام بەراوردکردنی ڕاستەقینەی پێکهاتە ئینگلیزییەکە لەگەڵ فەڕەنسییەکەدا بەشێوەیەکی ورد ئەوەیە، کە شڵەژاوی و فریودان دروست دەکات بەوەی دەتوانێت شتەکان وێنا بکات یان دەریان بخات. یەکە ماددییەکان بە تەنیا بەشێوەیەکی کردەیی بەهاکان دروست دەکەن، ئەویش بە ڕێکخستن یان ڕیزکردنیان بەشێوەیەکی دیاریکراو.

ئێمە ناتوانین لە دەرەوەی کۆمەڵێک زاراوی هەستەوەرییەکان لە بەهای پێکهاتەیی بکۆڵینەوە، ئەو ڕاستەقینەیەی تێی دەگەین ئەوەیە، کە پێکهاتەی زمانەوانی (مەبەست ئەو وشەی ئینگلیزیانەی پێشوەخت ئاماژەمان پێدان) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بارودۆخی وشەکە تەنیا خۆی نوێنەرایەتی بیرۆکەکە دەکات، یان وێنای دەکات.

یەکە ماددییەکان تەنیا لەڕێگای مانا و ئەرکەکانیانەوە بوونیان دەبێت، ئەم بنەمایە گرنگەش بەشێوەیەکی تایبەت بۆ تێگەیشتنی یەکە بچووکەکانە، چونکە ناچارین باوەڕ بەوە بکەین بەهۆی سیفەتە ماددییە ڕەهاکەیەوە بوونی دەبێت . بۆ نموونە وشەی (Love) بوونەکەی بە گشتی بۆ دەنگەکانی دەگەڕێتەوە . بەرانبەر ئەمە . وەک بینیمان . مانا و ئەرکەکە هەردووکیان بەهۆی پاڵپشتکردنی هەندێک شێوازی ماددییەوە بوونیان دەبێت، ئەم بنەمایەش بەهۆی دەوروبەر و پێکهاتە گەورەکان یان نموونەی پێکهاتەییەکان دروست بوونە،

بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی ئارەزوو دەکەین بەشێوەی ڕەهـای نامـاددی بیانبینین، کە لە دەوروپشتی زاراوەکانی ڕستەکاندا هاموشـۆ دەکەن. بە تەواوکردنـــی یەکـــدی هەردوو بنەمایەکـــە، وا لە گوزارشـــت و وتەکانم دەکەن، کە لە دەستنیشانکردنی یەکەکانەوە نزیک بن(بڕوانـە بەندی دووەم، بەشی دووەم).

# بەندی سێیەم
# زمانەوانیی مێژوویی

# بەشی یەکەم
# بنەما گشتییەکان

زمانەوانیی مێژوویی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان توخمەکانی زمانێک ناکات، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زاراوە بەدوایەکهاتووەکان دەکات، کە بە تێپەڕبوونی کات توخمەکان جێی یەکدی دەگرنەوە. لە ڕاستیدا هیچ شتێکی وا لە ئارادا نییە، کە خاوەن چەسپاوێکی ڕەها بێت، هەموو بەشێکی زمان قابیلی گۆڕانە، هەندێک پێشڤەچوون لە ئارادا هەیە، کە دەکرێ لە هەموو قۆناغێکدا پێیان بگەین. پێشکەوتن لە ڕووی خێرایی و چڕییەوە دەکرێ جودا بێت، بەڵام ئەم ڕەوشە بنەماکە لاواز ناکات.

خشتەی زمان بەبێ بەربەست دەردەپەڕێت، چ بە نەرمی و چ بە گەرم و گوڕی و ڕامالین، گرنگی ئەمە لەوە دایە زۆربەی نوشوستییەکانمان لە تێبینیکردنی یان بینینی پێشڤەچوونێکی بێبەربەست، بۆ گرنگیدانمان بە زمانی ئەدەبی دەگەڕێتەوە . کە پاشان دەردەکەوێت ــ چۆن خۆی بەسەر زمانی زارەکیدا سەپاندووە(مەبەستم لێرەدا زمانی سروشتییە) (بڕوانە بەندی چوارەم، بەشی سێیەم)، کە لەژێر هەژموونی هێزی دیکەدا بووە، زمانی ئەدەبی کاتێک دروستبووە، تا ڕادەیەک بەگشتی بە چەسپاوی دەمێنێتەوە و شوناس و هاوکوفبوونی خۆی دەپارێزێت، پشتبەستنی زمانی ئەدەبی بە نووسین چەند متمانە و دڵنیاییەکی بۆی

دەستەبەرکردووە، کە ڕێوڕەسمەکانی پاراستووە، لەبەر ئەوە ناتوانێت ڕادە و ڕێژە و بارستایی زمانە سروشتییەکان لە کاتی ڕەهابوونی لە هەژموونی زمانە ئەدەبییەکە بپارێزێت.

دەنگسازی بە هەموو بەشەکانییەوە بابەتی یەکەم و بنەڕەتی زمانەوانی مێژوویین، لە ڕاستیدا پێشکەوتنی دەنگەکان دژ بە چەمکی چەسپاندنی زمانەوانییە. بەراوردکردنی نێوان فۆنیمەکان یان کۆمەڵەکانی دەنگ لەگەڵ ئەو شتانەی پێشوەخت ئاماژەیان بۆ دەکەن، لەپێناو دامەزراندنی مێژوویی بوون، دەکرێ قۆناغێک بەو شتانە بە تەواوەتی ببەستریتەوە، کە لە دوایدا دێن، بەڵام کاتێک پێکەوە ئاویتە دەکرێن، فۆنۆلۆجی ڕۆڵێک دەدۆزنەوە، شتێک نامێنێتەوە، بەڵام تەنیا وەسفکردنی دەنگەکانی زمانێکی چەسپاو لە ئارادا دەبێت، ئەمەش فۆنۆلۆجییە. وەسفکردنی مێژوویی دەنگسازی بەشێوەیەکی باش لەگەڵ بنەماکەدا دەگونجێت، ئەویش ئەوەیە هەر شتێکی دەنگی ئاماژەدار و ڕێزمانی نابێت بە مانای فراوانی وشەی دەنگی.

لە توێژینەوەی مێژووی دەنگەکانی وشە، دەکرێ ماناکە پشتگوێ بخرێت، لە حاڵەتێکدا ئەگەر تەنیا کرۆکە مادییەکە بە هەند وەرگرین، توێژەکانی دەنگ لادەبرێن، بەبێ ئەوەی پرسیار لەوە بکەین ئایا واتا لەخۆ دەگرێت یاخود نا؟ بۆ نموونە دەتوانین بەدواداچوون بۆ ئەم کۆمەڵەیە ـ ewo ـ لە زمانی یۆنانی ئەتیکیدا بکەین، کە مانایان لەخۆ نەگرتووە. ئەگەر پێشڤەچوونی زمانەوانی هیچ شتێک نەگەیەنێت جگە لە پێشڤەچوونی دەنگەکانی، ئەوا دژاودژی نێوان ئەو بابەتانەی

پەیوەنــدییان بە هەر لقێــک لە لقەکــانی زمــانەوانییەوە هەیە، ئێســتا بەڕوونی دەردەکەون.

هەروەهــا ئەوە ڕوون دەبێــتەوە، کە مێژووییبــوون یەکســانە بە نارێزمــانی و وەسفیش(ئێســتایی) یەکســان دەبێــت بە ڕێزمــانیبوون، بەڵام دەنگەکــان بە تــەنیا نــین، شــتەکانیش لەگــەڵ کاتــدا گۆڕانیــان بەســەردا دێت، وشــەکان ماناکانیــان گــۆڕدراوە، جۆرەکــانی ڕێزمــان بەرەو پــــێش دەچـــن، هەنـــدێکیان لەگـــەڵ ئەو شـــێوازانەی بـــۆ گوزارشــتکردن لێیــان بەکــاردەهێنران (مەبەســتم دوانــەییە لە زمــانی لاتینیــدا) بــزر دەبــن. ئینجــا ئــەگەر هەمــوو ڕاســتەقینە یاوەرییەکــان و دەوروبەرەکان یان ڕستەسازی لە حاڵەتی وەسفیدا خــاوەن مێژووی خۆیانن، ئایا چۆن جیاکاری ڕەها دروست دەبێت، یان جەخت لەســەر پرۆسەکانی نێوان مێژوویی و وەسفی دەکرێت؟ ئەمە دەبێــتە کــارێکی زۆر سەخت و دژوار، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر واز لە مەیدانی یان بواری دەنگەکان بێنین.

ئەوەی شــایانی تێبینیکــردنە، بەشــێوەیەک لە شــێوەکان زۆر گــۆڕان هەن، کە زۆرجــاران بە ڕێزمــانی هەژمــار دەکــرێن، کە لە ڕاســتیدا دەنگین، هەندێک لە داهێنانە ڕێزمانییەکان هەروەک لە ئەڵمانیدا بەدی دەکەین (Hande:Hand)، کە بــووە بە جێگرەوەی (hant:hanti)، بەگشــتی شــرۆڤە دەنگییەکە لەژێــر کــۆنترۆڵی ڕاســتەقینەیەکی دەنگــی دیکەدایە، کە لەسەر بنەمای یاسای پێکهاتەیی لەمجۆرە دادەڕێژرێت: (Springbrunnen, Reitschule). لە زمانی پەتی ئەڵمانی دێریندا تــوخمی یەکەم کــار نەبــووە، بەڵکــو نــاو بــووە، وشــەی لێکــدراوی

(Bete hús)، که واتای (ماڵی نوێژکردن) دەگەیەنێت، کەچی پاش گـۆڕانە دەنگیـیەکە بەهـۆی کەوتنـی پیتـی بزوێنـی کۆتـاییەوە (beta , bet) ڕوویداوە، لێرەدا پەیوەندی واتایی لەگەڵ ئەم کارەدا (heten) دروسـتبووە و بەمشـێوەیەی لێهـاتووە (Eethaus)، کە (ماڵی نوێژکردن) دەدات بە دەستەوە.

شـتێکی لەمجـۆرە لەگـەڵ پێکهـاتەی وشـەی (Lich) (ڕواڵەتـی دەرەکی) لە زمانی ئەڵمانی پەتی کۆندا داڕێژراوە(ئەمانە بەراورد بکە (دەرخەری هۆکارەکە لەخۆ دەگرێت) (reddlich) (ڕواڵەتی پیاوی هەیە) (mannolich) لە ئێسـتادا و لە چەنـد ئاوەڵناوێکـدا (ئەمـانە بەراورد بکە: vorzhlich, glaublich)، ئەوا لەم حاڵەتەدا (Lich) لەگەڵ ئەم پاشگرەدا لەم شێوازەدا believ – able, pardon - able ..هتد یەکسان دەبێت. لە هەمان کاتیشدا شرۆڤەکردنی توخمی یەکەم لەڕێگای بزربوون و لـەدەستدانی پیتـی بزوێنـی کۆتـایی، بۆ نموونە (redo – red) لە ڕەگی ئەم کارە دەچێت: (red) لە (redden).

وشـەی (glaublich) لـە ڕەگـی (glaub) دەچێـت بـە کـاری (glauben) دەبەسـترێتەوە زیـاتر لەوەی بە نـاوی (glaube)ەوە بەسـتراوەتەوە، ئینجـا هەرچەنـدە جیاوازی لە ڕەگەکەیـدا هەیە، ئەوا وشـەی (sichtlich) لەگـەڵ کـاری (sehen) یـاوەر دەبێـت نەک لەگەڵ ناوی (sicht).

لە هەمـــوو وشـــەکانی پێشـــوودا و لە زۆر لەو نموونـــانەی هاوشـێوەن، ئەوا جیـاوازی نێـوان هەردوو جـۆرەکە بە شـێوەیەکی ڕوون دەردەکـەون، لەبەر ئەوە پێویسـتە زمـانەوان پارێزگـاری بکـات

لەو جیاوازییەی لە بیر و هزری خۆیدا یان بیر و هزری خۆی دووچاری ئەو مەترسییە بکات، کە لە ڕێزمانی مێژوویی بکۆڵێتەوە، کاتێک لە ڕووی کارەوە جمە بکات و یەک بەدوای یەک لە مێژووەوە دەستپێبکات، لە کاتێکدا لە گۆڕانە دەنگییەکان دەکۆڵێتەوە و بەرەو وەسفی هەنگاو دەنێت، لە کاتێکدا ئەو ئەنجامانە دەپشکنێت، کە لەم گۆڕانکاریانەوە پەیدابوون.

بەڵام ئەم کۆت و بەندە یان دەستنیشانکردنی هەموو بەربەستەکان ڕامالْ ناکات، پێشکەوتنی هەر ڕاستییەکی ڕێزمانی بەبێ لێکدانەوەی خەسڵەتی دەوروبەری پێکهاتەکە یان ڕستە سازییەکانی لە پێشکەوتنە دەنگییەکەی ناچێت، ئەمەش شتێکی سادە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ژمارەیەکی زۆری ئەو ڕاستەقینە تایبەتانەش دەبێتەوە، کە ڕاستەقینە دەنگییەکە پێکناهێنن، مەگەر تەنیا بەشێکی لێ نەبێت لە جۆری نموونەکانی ڕستەسازین، وەک (حاڵەتی ئایندە لە زمانی فەڕەنسیدا (prendre ai) (تا وەرگرم) کە بووە بە (preudrai) (وەردەگرم)، لێرەدا لانی کەم دوو ڕاستەقینەی جیا هەن، کە یەکێکیان دەروونییە (پێکهێنانی هەردوو توخمی بیرۆکەکە) و ئەوی دیکەشیان دەنگییە، ئەمەش پشت بەوەی یەکەم دەبەستێت (کورتکردنەوەی هەردوو هێزی پێکهێنانەکە بۆ یەک دانە):(prendre ai ⟵ prendreai)

دارشتنی کاری تواناداری ئەڵمانی وەک ئەم کارە ئەڵمانییە تازانە (geben, gab, gegeben, etc). ئەم کارە یۆنانیانە بەراورد بکە:

(leipo, elipon, liloipa, etc)، بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاڵوگۆڕکردنی نەبزوێنە ڕەگییەکان دەبەستێت. ئەم نۆرانە یان گۆڕانانەی وەک سیستەمێکی سادە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەستیان پێکردووە، بێگومان لە ئەنجامی ڕاستەقینەیەکی دەنگی ڕەهاوە پەیدابووە، بەڵام بۆ ئەوەی دژاودژییەکان ئەمجۆرە گرنگییە ئەرکییە وەرگرن، ئەوا سیستەمی وشەسازی بنەڕەتی پێویستە لەڕێگەی کۆمەڵە ڕێگا و پرۆسەیەکی هەمەجۆر و هەمەچەشنەوە سادە بکرێنەوە: ونبوونی فرەجۆرییە فرەکانی ڕانەبووردوو، کە بە سێبەری واتا بەستراوەتەوە و پێی دروستبووە. ونبوونی کاری ناتەواو و ئایندە و ڕابووردووی دیارینەکراو، سڕینەوە و لابردنی دووبارەکردنەوە...هتد. ئەم گۆڕانە نادەنگیانە گۆڕینی داتاشینی کاری بۆ کۆمەڵەیەکی دیاریکراو یان سنووردار کورتکردووەتەوە لەو دارشتن و شێوازانەی نۆرە یان گۆڕانی ڕەگیانە لەناویاندا گرنگییەکی زۆریان هەیە لە جیاکردنەوەی واتادا. بەمشێوەیە (e:a) دژاودژی مانایەکی زیاتری لە (geben: gab) وا دەبێت لەو دژاودژیەی لە (e:o)دا هەیە لەم دوو وشە یۆنانییەدا (leipo:Lèloipa)، چونکە کاری تەواوی ئەڵمانی دووبارەکردنی تیادا نییە، کەچی ئەم حاڵەتە لە کاری یۆنانیدا هەیە.

گۆڕانی دەنگی بەشێوەیەکی گشتی کار لە پێشکەوتن دەکات، تاڕادەیەک شرۆڤە ناکرێت، کاتێک هێزی دەنگی لا دەچێت، ئەوەی دەمێنێتەوە دووریان دەخەینەوە، کە بیرۆکەی مێژووی ڕێزمان دەردەکەوێت و سەختی ڕاستەقینە لەمەدا دروست دەبێت، ئەمەیە

ئەو جیاوازییە ڕاستەقینە و بنەڕەتییەی لەنێوان زمانەوانیی مێژوویی و زمانەوانیی وەسفی هەیە، کە پێویستی زیاتری بە ڕوونکردنەوەی جیا هەیە، کە بەدەر لەم توێژینەوەیە هەژمار دەکرێت.

لە بەشەکانی داهاتوودا یەک لە دوای یەک باس لە گۆڕانەکانی دەنگ دەکەین، نۆرە یان یەک لەدوای یەک و ڕاستەقینە پێوەرییەکان، ئینجا لە کۆتاییدا هەندێک تێبینی دەربارەی داتاشین دەخەینەڕوو (بەڕەسەنکردنی وشەکان)ی گشتی پاشگرەکان توێژینەوەکە کۆتایی پێدێنین.

# بەشی دووەم
# گۆڕانە دەنگییەکان

## ١. سروشتی پێوەری ڕەها

پێشووتر بینیمان(بەندی یەکەم، بەشی سێیەم، برگەی شەشەم) گۆڕانی دەنگ تەنیا کار لە وشەکان ناکات، بەڵکو کار لە دەنگەکانیش دەکات، ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت فۆنیمە. ئەم ڕووداوە ـــ هەرچەندە جیابێت و گۆشەگیربێت وەک هەر ڕووداوێکی مێژوویی دیکە، لەو نۆرەییە هاوشێوە دروست دەبێت، کە لە هەموو ئەو وشانەدا هەیە، کە هەمان فۆنیم لەخۆ دەگرێت، ئەمەش بەم مانایە ئاماژە بەوە دەکات گۆڕانە دەنگییەکان بەشێوەیەکی ڕووت و ڕەها ڕێکخراون.

هەموو پیتێکی (i)ی لە زمانی ئەڵمانیدا دەبێ بە پیتی (ei)، پاشان دەبێتە (ai): ئەم وشانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە: (wein,treiben, leihen ,zeit) بوونە بە (triden, lihen,zitwin)، هەروەها هەموو (ú)یەکیش بووە بە (au)، ئەم وشانە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە:(hús, zún, rúch) بوونە بە (haus, zaun, raus)، بە هەمان شێوە (ú) بووە بە (eu)، وشەی (húser) گۆڕاوە بۆ (hauser)....هتد. بەرانبەر بەمە ئەم بزوێنە دوانەییە (ie) بووە بە (i)، کە تا هەنووکە بەمشێوەیە (ie) دەنووسرێت، ئەمانە بەراورد بکە: (biegen, tier, lieb). سەربارەی ئەمە هەموو (uo) بووە بە

(ú)، ئەمانە لەگەڵ یەکدیدا بەراوردبکە (muot) بووە (mút)....هتد، هەروەها (z) بووە بە (s) (و بە (ss) دەنووسریێت، بڕوانە پێشەکی، بەشی حەوتەم)، هەروەک: (fliessen ⟵ fliezen) ، (wasser ⟵ wazer).. هتد، هەروەها دەنگی (h)ی نێوان دوو بزوێن ون دەبێت، وەک: (sehen, lihen)، بەڵام بەم شێوەیە دەنووسرێن: Leien, seen)، هەروەها هەموو (w)ێک گۆڕاوە بۆ دەنگی (v) وەک: wazer ⟵ waser ( و بە wasser دەنووسریێت).

هەموو (l)ێک لە زمانی فەڕەنسیدا بووە بە (y): (دەکوڵێت: (bouillir) و (مۆنۆمێنتی یادکردنەوە) (piller)، بەمشێوەیە دەدرکێندرێت (piye, buyir).

لە زمانی لاتینیدا (s) لە نێوان دوو دەنگ وەکو (r)ی لێهاتووە: (asèna ⟵ arèna )، (genesis ⟵ generis)

هەموو گۆڕانێکی دەنگی هەرچی چۆنێک بێت، لە کاتی دەرکەوتنی بە شێوە ڕاستەقینەکەی جەخت لەسەر بەدوایەکهاتنی تەواوی ئەم گۆڕانانە دەکات.

**٢. گۆڕانە دەنگییە مەرجدارەکان:**

نموونەکانی پێشوو بەڕوونی دەردەکەون، کە دیاردەی دەنگ دوورە لەوەی هەمیشە ڕەها بێت و زۆرجاران پەیوەستە بە بارودۆخێک یان مەرجێکی دیاریکراوەوە، ئینجا ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە بۆی بڕوانین، دەبینین نەک جۆری دەنگەکە (فۆنۆلۆجی)، بەڵکو

فۆنیمەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەوەی لەژێر کاریگەری بارودۆخ و مەرجێکی دیاریکراودا و بەگوێرەی کاریگەرییەکانی دەوروبەر ڕوودەدەن، بۆ نموونە لە زمانی لاتینیدا دەنگی (s) بووە بە (r)، کاتێک لە نێوان دوو بزوێندا دێت. هەروەها لە حاڵەتە دیاریکراوەکانی دیکەشدا بە هەمان شێوەیە، لەم حاڵەتانەی دیکەش وەک خۆیان دەمێننەوە (ئەمانە بەراورد بکە (equos,senex).

گۆڕانە ڕەهاکان کەم وێنەن، ئەو گۆڕانانەی وا پێدەچن ڕەها بن، دیسانەوە تەمومژاوی دەبن، یان دەگەڕێنەوە بۆ سنووری ئەوپەڕی سروشتی گشتی حاڵەتەکان، بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانیدا دەبینین (i) بووە بە (ei, ai) تەنیا لەو بڕگەیەی هێزکراوە، و دەنگی (k) لە زمانی هیندۆئەورووپی بنەڕەتیدا بووە بە (h) لە زمانی ئەڵمانیدا (ئەمانە بەراورد بکە: ئەم وشە هیندۆ ئەورووپییە بنەڕەتییە: (kolsom) و ئەم وشە لاتینییە (collum) و ئەم وشە ئەڵمانییە (hats)، کەچی گۆڕانەکە تەنیا پاش دەنگی ( s ) ڕوونادات، (ئەم وشە یۆنانییە skotos و وشەی قوتی (skadus) (سێبەر) لەگەڵ یەکدیدا بەراورد بکە).

لەپاڵ ئەمەدا، پۆلێنکردنی گۆڕانەکان بۆ ڕەها و بەند لەسەر بنەمای دەرەکی شتەکان دەوەستێت و لەوانی دی زیاتر لۆجیکییە بە ئاراستەی هێڵی گەشەکردن، بۆیە دەڵێین دیاردەی دەنگی تەواوکاری و دینامیکییە یان ئاسایی دەبێت.

گۆڕانەکان ئاسایی بەڕێوەدەچن، ئەویش لە حاڵەتێکدا هۆکارەکە یان ناوخۆیی و کۆکراوەیی بێت لەکاتی کرانەوەدا، یان لە ئەنجامی

یەکەیەکەوە یان چەند یەکەیەکی دەنگی دیکە بەدەستدێت. گواستنەوەی دەنگی (o) لە زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتیدا بۆ دەنگی (a) لە زمانی ئەڵمانیدا (بەراوردی ئەمانە بکە: وشەی (skadus) لە زمانی قوتی و وشەی (hals) لە زمانی ئەڵمانیدا، ئەمە بە ڕاستەقینەیەکی دینامیکی هەژمار دەکرێت.

گۆڕانی نەبزوێنەکان لە زمانی ئەڵمانیدا یان بە (Lautverschiebungen) ناودەبرێت، گوزارشت لە گۆڕانی دینامیکی دەکات، بۆ نموونە دەنگی (k) لە زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتیدا بووە بە (h) لە زمانی ئەڵمانی بنەڕەتی، ئەم وشانە لەگەڵ یەکدیدا بەراورد بکە: وشەی یۆنانی (collum) لەگەڵ وشە قوتی (hals) بەراورد بکە، هەروەها دەنگی (t) لە زمانی ئەڵمانی بنەڕەتیدا، کە زمانی ئینگلیزی پارێزگاری لێکردووە، بووە بە (z) و بە (ta) لە زمانی ئەڵمانی پەتیدا دەدرکێندرێت، (وشەی قوتی (taihun) لەگەڵ وشەی ئینگلیزی (ten) و وشەی ئەڵمانی (zehen) بەراورد بکە). بەرانبەر بەمە، گواستنەوەی دەنگە لاتینییەکان لە ئارادا هەیە: (ct, pt) تاکو دەگاتە لە زمانی ئیتالیدا دەبێتە (tt) (ئەمانە بەراورد بکە: (factum ⟶ fatto)، (captivum ⟶ cattivo)، کە بە ڕاستەقینەیەکی کۆکراوەیی دادەنرێت، چونکە توخمی یەکەم لە توخمی دووەم دەچێت، یان بەرجەستەی دەکات. گۆڕانە زانستی لە زمانی ئەڵمانیدا بۆ هۆکاری دەرەکی دەگەڕێتەوە، بوونی دەنگی (i) لەم بڕگەیەی دواییدا، وشەی

(gast) گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، کەچی وشەی (gasti) بووە بە ( gasti) پاشان بووە بە (Gaste).

ئەنجامەکەی لە حاڵەتی دیکەدا دەرناکەوێت، چ لە حاڵەتی ڕوودان یان ڕوونەدانی گۆڕان، کە هیچ گرنگییەکی نییە، بۆ نموونە لە کاتی گۆڕینی وشەی قوتی (fisks) لەگەڵ وشەی لاتینی (piscis) و وشەی قوتی (skadus) لەگەڵ وشەی یۆنانی (skotos)، تێبینی دەکەین لە جووتی یەکەمدا دەنگی (i) ماوەتەوە یان بەردەوامە، لە جووتی دووەمیشدا دەنگەکە لە (o)ەوە بازیداوە بۆ (a)، لێرەدا فۆنیم گۆڕدراوە، کەچی فۆنیمەکەی دووەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە بڵێین هەریەکەیان سەربەخۆ کاردەکەن.

ڕاستەقینە کۆکراوەییەکە هەمیشە بەندکراوە، کەچی ڕاستەقینە دینامیکییەکە مەرج نییە ڕەها بێت، چونکە لەوانەیە بە شێوەیەکی نەرێنی بەهۆی نەبوونی چەند هێزێکی گۆڕانەوە بەند ببن، بەمشێوەیە ئیدی دەنگی ($k_2$) لە زمانی هیندۆ ئەورووپی بنەڕەتیدا شێوەیەکی دینامیکی بەخۆوە دەگرێت و لە زمانی لاتینیدا بۆتە (qu) (ئەمە بەراورد بکە: quattuor, inquilina, etc)، لە کاتێکدا ئەم دەنگە گۆڕانی بەسەردا نایێت، کاتێ لە دوای ئەم دوو دەنگە(o)،(u) دێن، (ئەمانە بەراورد بکە: secundus, cottidie, colo). بە هەمان شێوە مانەوەی دەنگی (i) لە زمانی هیندۆ ئەورووپی بنەڕەتی لە وشەی قوتیدا (fisks) بە مەرجێکەوە بەستراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەنگی (i) ناکرێ دەنگی (h) یان (r)ی بەدوادا بێت، چونکە لەم

حاڵەتەدا وەک (o)ی لێدێت، کە بە شێوەی (ai) دەنووسرێت (ئەمانە بەراورد بکە:

wair → (latin) vir and maihstus→(german) Mist.

### ٣. مەسەلەی میتۆد و شێواز

لە کاتی دامەزراندنی ئەو شێوازانەی گوزارشت لە گۆڕانەکانی دەنگ دەکەن، پێویستە گوزارشت لە جیاکارییەکانی پێشوو بکەین، یان خۆمان بخەینە بەر مەترسی، ئەویش بە دەرخستنی ڕاستەقینەکان بەشێوەیەکی ناتەندروست، ئەمانەش چەند نموونەیەکن لەسەر ناڕاستی و ناوردی:

شێوازی کۆنی یاسای (ڤیرنر verner) دەڵێت: هەموو (b)ێک لە زمانی ئەڵمانی ئەگەر لە سەرەتای وشە نەهاتبێت، ئەوا لە دوایدا هێز هاتبێت، ئەوا دەبێت بە (ŏ) بەراوردبکە:

faper → faσer (German vater)

Lipumè → Liŏumè (german litten)

لە لایەکی دیکەوە لەم نموونانە دەنگی (p) ماوەتەوە:

pris(لە زمانی ئەڵمانی drei) و bropr(لە زمانی ئەڵمانی bruder) و Lipo (Leido).

ئەم شێوازە ڕۆڵێکی کارا بە نەبڕەکە دەبەخشێت و گوزارشتێکی دیاریکراو یان بەندکراوی دەنگی (b)ی سەرەتایی کە بەشێوەیەکی ئاسایی دروست دەبێت بە تەواوەتی جیایە.

دەنگــی (b) لەنــاو وشـــەی ئەڵمانیــدا بەشــێوەیەکی دینــامیکی ئــارەزووی گڕبــوون دەکــات، هەروەک لە زمــانی لاتینیــدا بەدی دەکرێـت، کەچـی شـوێنی هێزەکـە بەگـوێرەی بـزوێنەکەی پێشـوو لەوانەیە ببێتە بەربەست بەرانبەری یان قەدەغەی بکات، لەبەر ئەوە هەموو شتێک پێچەوانە دەبێتەوە، ڕاستەقینە دینامیکییە و کۆکراوەیی نییە، هێـز بەربەسـتە، سـەرباری هۆکـاری کتـوپڕ. پێویسـتە بڵێـین: هەمـوو (b)ێکی نـاوخۆیی بـووە بە (o) تـەنیا گەر گواسـتنەوەکە بەر هێزێک بکەوێت لەسەر بزوێنەکەی پێشوو.

تاکو بتوانین ئەو شتانە لەیەک جودا بکەینەوە، کە دینامیکی یان کۆکراوەیین، پێویستە لەسەرمان قۆناغەکانی گواستنەوە شیبکەینەوە و گومانی ئەوە نەبەین، کە ئەنجامە ڕاستەوخۆکە ئەنجامێکی ناڕاستەوخۆیە. هەڵەیە ئەگەر (گەورەکردنەوە thotacization) شرۆڤە بکەین، بۆ نموونە ئەمانە بەراورد بکە لە زمانی لاتینی: (genesis ← generis)، بەو وتایەی (s) بووە بە (r) لەنێوان دوو بزوێندا، چونکە (s) هیچ دەنگێکی قورگی نییە و نابێتە (r) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

لە ڕاستیدا دوو ڕووداو هەن: یەکەمیان: ئەوەیە (o) بووە بە (z)، ئەویش لەڕێگای گۆڕانێکی کۆکراوەییەوە. دووەم: ئەم دەنگە گۆڕدراوە بە دەنگی (r)، کە تا ڕاددەیەک داخراوە، چونکە دەنگی (z) لە سیستەمی دەنگی لاتینیدا نەماوە.

گوزارشتی دووەم دینامیکییە، لەبەر ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە هەردوو ڕاستەقینە جوداکە بکەینە یەک دیاردە، لە لای یەکەمدا

هەڵەکە لەوەدایە، کە ئەنجامی ناوەڕاستەکە فەرامۆش بکەین (قۆناغی گۆڕینی ناوەڕاست) و بینینی گۆڕانی کۆتایی یان ناڕاستەوخۆ (r →s) لەجیاتی (r → z)، لەلایەکی دیکەشەوە وا دابنێین دیاردە گشتییەکە ـ هەمەکییەکە کۆکراوەییە، کەچی ئەم حاڵەتە لەسەر بەشەکەی یەکەمی پیادە دەبێت. ئەمەش لەو وتەیە دەچێت لە زمانی فەڕەنسیدا، کە دەڵێین: دەنگی (e) بووە بە (a) پێش دەنگە لووتییەکە. لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک گۆڕانێکی کۆکراوەیی لە ئارادا هەیە، لووتبوونی ئەم دەنگە: (e) بەهۆی دەنگی (n)ەوەیە (ئەمانە بەراورد بکە:

(latin vent, latin femina → French ventum, femə, femə)

هەروەها گۆڕانێکی دینامیکی دەنگی (e) بۆ (a) وەکو لەم بەراوردکاریانەدا دەردەکەوێت: (vánt, fámd) ئێستاکە بوونەتە (famə, vá) ، وروژاندنی نارەزایی بەوەی گۆڕان لەوانەیە تەنیا پێش نەبزوێنە لووتییەکان ڕوودات، کە بە شتێکی پووچ هەژمار دەکرێت. مەسەلەکە ئەوە نییە بڵێین ئایا بۆچی دەنگی (e) گۆڕدراوە بۆ دەنگی لووت، کەچی ئەگەر دەنگی (e) بۆ (a) گوازرایەوە، ئایا دینامیکییە یان کۆکراوەییە؟

لەم کاتەدا لەو میتۆدەدا هەڵە دەکەین، کە وەک ئەنجام لەم خاڵەدا پێشکەش بکەین ـ کە پەیوەندی بەو بنەمایانە نەبێت، کە پێشوەخت داڕێژراون ـ کە لە داڕشتنی یاسای دەنگی ڕانەبوردوو بەرجەستە دەبێت، هەروەک بڵێی ئەو ڕاستەقینانەی لەناویدان یەکجار بوونیان هەبووە و تا سەر دەمێنن، لەجیاتی ئەوەی دروست بێت و لە

ماوەیەکی دیاریکراودا کۆتایی پێ بێت، لێرەدا ئەنجامەکە شێواوە، چونکە هەر بەدوایەکهاتنێکی کاتیانە بەمشێوەیە ڕواڵەتەکەی خۆی لەدەستدەدات یان ناتوانرێ تێبینی بکرێت. ئەم خاڵە بە تەواوەتی ڕوون بووەوە (بڕوانە بەندی یەکەم، بەشی سێیەم، بڕگەی هەشتەم)، چونکە لە شیکردنەوەی بەدوایەکهاتنی دیاردە دوانەییەکە شرۆڤە دەکات بۆ (trikhos: thriksi)، هەروەها ئەوانەی دەڵێن (s) لە زمانی لاتینیدا بووە بە (r)، ئەمەش ئەو مۆرکە دەبەخشێت، کە (گەورەکردنەوە thotacizstion) لە سروشتی زماندا وەک بۆماوەیی دروستبووە، و لێرەدا سەختییەک لە کۆمەڵە هەڵاوێرکارییەک دەبینین، وەک: (risus, causa). ئەو شێوازی دەڵێت دەنگی ناوخۆیی (s) لە زمانی لاتینیدا بووە بە (r)، ئەمەش پاساوی ئەو قەناعەتەمان بۆ دروستدەکات، کە لە (causa, risus) لەو چرکەیە (s) لەناویدا نەبێ، کە تیایدا (s)گۆڕاوە بۆ (r)، کاتێکیش پرۆسەی گۆڕانەکە گەرم دەبێت، ئەمە ڕوودەدات. لە ڕاستیدا قسەکەران تا ئێستاکە دەڵێن: (rissus,causse)، لەبەر هۆکارێکی هاوشێوە پێویستە بڵێین (a) بووە بە (è) لە شێوەزاری ئایۆنیدا (ئەمانە بەراورد بکە mater : meter) و لەبەر هۆکارێک ئێمە نازانین چی لەم شێوازانەی وەک (paser, phasir) بکەین، کە تا هەنووکە لە ماوەی گۆڕانەکەیدا هەر بەمشێوەیە ماوەتەوە: (pansa, phansa).

### ٤. هۆکارەکانی گۆڕانە دەنگییەکان:

گەڕان بە دوای هۆکارەکانی گۆڕانە دەنگییەکان، بە سەختترین بابەتەکانی زمانەوانی هەژمار دەکرێت، زۆر شرۆڤە گریمانە کراون و تاکو ئێستا هیچیان بابەتەکەیان ڕووننەکردووەتەوە.

١. یەکێک لە گریمانەکان ئەوەیە، کە ئامادەکارییەکان یان توانا ڕەگەزییەکان پێشوەخت ئاراستەی گۆڕانە دەنگییەکان دەستنیشان دەکات، لێرەوە ئیدی مەسەلەکانی پەیوەست بە ئەنسرۆپۆلۆجیای بەراوردکارییەوە دەوروژێت: ئایا ئامێری دەنگ لە ڕەگەزێکەوە بۆ ڕەگەزێکی دی دەگۆڕێت؟ نەخێر، جیاوازییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی کەمترن، لەدایکبوویێکی (negro) لە فەڕەنسا هەروەک فەڕەنسییەکان قسە دەکەن، لەوەش زیاتر گوزارشتەکانی وەکو (ئامێری دەنگی ئیتالی) یان دەمی قسەکەری ئەڵمانی دەرفەت بۆ ئەمە نارەخسێنێت، ئەوە دەخاتەڕوو کە ڕاستەقینە مێژووییە ڕەهاکە خەسڵەتیکە یان سیفەتێکی بەردەوامە، ئەمەش لەو هەڵەیە دەچێت، کە لە دانانی یاسایەکی دەنگیدا لە حاڵەتی ڕانەبووردوی سادەدا هەیە. بۆ ئەوەی بڵێین ئامێری ئایۆنی دەنگی (a) درێژ بە زەحمەت دەزانێت و بۆ (e) دەگۆڕێت، بە تەواوەتی بە ناتەندروست هەژمار دەکرێت، وەکو ئەوەی بڵێین دەنگی (a) دەبێتە (e) لە ئایۆنیدا.

ئامێری دەنگی ئایۆنییەکان دەنگی (a) لەلای ناساز نییە، چونکە ئەم دەنگە لە چەند نموونەیەکدا بەکارهێنراوە، ئەمەش نموونەیەکی ڕوونە نەک لەبەر بێدەسەڵاتی ڕەگەزی، بەڵکو لەبەر ئەو گۆڕانانەی لە داب و نەریتەکانی درکاندندا هەیە، بە هەمان شێوەش زمانی

لاتینی پارێزگاری لەم نەبزوێنە ناوخۆییە (S) کردووە (geneбis ← genevis)، جارێکی دیکە و پاش ماوەیەکی کورت بەکاریهێنایەوە (ئەمانە بەراورد بکە: rissus ← risus)، ئەم گۆڕانانە ئاماژە بۆ ئەو بازدانە بەردەوامانە ناکەن، کە لە دەنگی لاتینیدا بەدی دەکرێن.

بێگومان ئاراستەیەکی گشتی لە ئارادا هەیە بۆ بەدواداچوونی دیاردە دەنگییەکە لە ماوەیەکی دیاریکراو لە ژیانی نەتەوەیەکی دیاریکراودا، دەنگی بەرزی تاک و سادە لە بزوێنە لێکدراوەکان لە زمانی فەڕەنسی هاوچەرخدا هەردووکیان دوو ڕواڵەتن بۆ یەک فەرمان و بۆ هەمان ئاراستە، بەڵام ئێمە لێرەدا چەند تەوژمێکی گشتی لێکچوو لە مێژووی سیاسیدا دەبینین، هەروەها مەسەلەیەکی مێژوویی ڕووت لە ئارادا نییە، بەبێ هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی ڕەگەز.

٢ـ گۆڕانە دەنگییەکان بارودۆخ و کەشی پەروەردەیی بەهەند وەردەگرێت. نەبزوێنەکان لە زمانەکانی باکووردا زۆرن، کەچی بە زۆری بزوێنەکاندا لە هەندێک زمانەکانی باشووردا دەردەکەون و دەنگی ئاوازانە و گونجاندنانەی پێدەبەخشن. کەش و بارودۆخەکانی ژیان و گوزەران بۆیان هەیە بە ڕادەیەکی زۆر کار لە زمان بکەن، بەڵام گرفتەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت، ئەگەر ڕۆبچینە ناو وردەکارییەکانەوە، لەپاڵ زارەکان یان زمانە ئەسکەندەنافییەکانەوە، کە تیایاندا نەبزوێنەکان زۆرن، زمانی لاتینی و فنلەندیش زیاتر لە زمانی ئیتالی جووڵەی هەیە، بە هەمان شێوەش تێبینی دەکەین

کەڵەکەبوونی نەبزوێنەکان لە زۆر نموونەی زمانی ئەڵمانی هاوچەرخدا، ڕاستەقینەیەکی تازە پێکدەهێنێت.

هەندێک زاری باشووری فەڕەنسا بەرگریان کەمترە دژ بە کۆمەڵە نەبزوێنەکان وەک لە باکووری فەڕەنسادا هەیە، ئەمەش بۆ ڕووخانی بزوێنە ئاوازییەکان دێت، زمانی سڕبیش زۆر لە کۆمەڵەی نەبزوێنەکان وەک (ڕوسیای مەزن) لەخۆ دەگرێت....هتد.

٣- هۆی گۆڕانە دەنگییەکان بۆ یاسای کەمترین هەوڵ و ئابووری گەڕاندەوە، کە دوو درکاوی تیادا بە یەک درکاو دەگۆڕدرێتەوە، یان درکاندنێکی ئاسان بە یەکێکی دیکەی ئاسان بگۆڕدرێتەوە، ئەم بیرۆکە هەرچەندە زۆر شت دەربارەی وتراوە، شایانی تێڕوانین و توێژینەوەیە، کە بۆی هەیە گۆڕانە دەنگییەکان ڕوون بکاتەوە، یان بە لای کەمییەوە ئەو ئاراستەیە ڕوون بکاتەوە، کە پێویستە ئەم توێژینەوەیە لە کاتی ئەنجامدانیدا پەیڕەوی بکات.

یاسای (کەمترین هەوڵ) بۆی هەیە ژمارەیەکی کەمی حاڵەتەکان ڕوونبکاتەوە، گواستنەوە لە (تەقیوی)وە بۆ (خشۆک) (latin habere ⟶ french avoir)، داڕمانی کۆمەڵە گەورەکان و نەمانیان لە بڕگەکانی کۆتاییدا، لە زۆربەی زۆری زمانەکان دیاردەیەکە پەیوەندی دەبەستێت یان بۆ هاوشێوەیی دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە: (ly) ← (ll) وەک لە (alyos) ← (állos) لە زمانی یۆنانی، هەروەها (in) ← (nn) وەک لە (atnos) ← (annus) لە زمانی لاتینی، هەروەها دەنگی بەرزی تاک و سادەی بزوێنە لێکدراو و دوانەییەکان، کە جۆرێکە لە هاوشێوەبوون، بۆ نموونە:

(ai) ← (e) له فەڕەنسی (maizan) ← (mezō) ، كه دەنووسرێت: (maison) (ماڵ).

بەڵام لەسەرمان پێویستە بەتەواوەتی لە زۆربەی پرسیارەکانماندا بە وردی باسی شوێنی ڕوودانی دژاودژییەکان بکەین، بەرانبەر بە دەنگی بەرزی تاك و سادە، دەتوانین تیشك بخەینە سەر گۆڕانی ئەم دەنگە ئەڵمانیانە: (i,u,ú) بۆ (ei,eu, au)، ئینجا گەر ئابووریکردن لەم دەنگە سلاڤیانە (a,e) بۆ (ă, ĕ) بۆ کەمترین هەوڵ بگەڕێتەوە، ئەوا زمانی ئەڵمانی ئەم دیاردە پێچەوانەیەی پێشکەشکردووە: (gèben → geben , váter ⟶ fater)، کە پێویستە بۆ (گەورەترین هەوڵ) بگەڕێندرێتەوە، ئەگەر دەنگی گڕ لە دەنگی کپ ئاسانتر بێت (ئەمانە بەراورد بکە: opera ⟶ obra لە زمانی پرۆفینسال)، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێچەوانەکەی پێویستی بە گەورەترین هەوڵ هەیە، لە زمانی ئیسپانیش دەنگی (z) گۆڕاوە بۆ دەنگی (x) (ئەمانە بەراورد بکە: (hixo)، کە بە (hijo) دەنووسرێت ، زمانی ئەڵمانیش ئەم دەنگانەی گۆڕیوە (b, d, g) بۆ ئەم دەنگانە: (p, t, k).

ئەگەر بەهەدەردانی دەروون یان چرپە (بەراوردی ئەمانە بکە : (prete – indo – Eurepean bhere → Germanic beran بە کەمکردنەوەی کۆششەکان هەژمار بکرێت، دەربارەی زمانی ئەڵمانی چی دەوترێت کە چرپەکراوێك زیاد دەکات لەوکاتەی بوونی نابێت (pute, Tann)، کە بە (phute, Thanne)دەردەبڕێت.

تێبینییەکانی پێشوو لافی ئەوە لێ نادەن، کە هەندێک چارەسەری پێشنیازکراویان خستۆتەڕوو، لەڕاستیدا ئێمە بە دەگمەن دەتوانین ئەو شتانە دەستنیشان بکەین، کە گۆکردنیان لە هەموو زمانێکدا زەحمەتە. بەکورتی بە چەمکی ماوەی کات مانای (کۆششی کەمتر) دەبەخشێت، بەڵام ڕاستەقینە یەکسانەکە ئەوەیە دەنگە درێژەکان بوار بە چاودێرینەکردنی لۆجیکی دەدات، کەچی دەنگە کورتەکان چاودێرییەکی گەورەتر و ئامادەیی هەمەجۆر و ناسراویان پێویستە، لەبەر ئەوە دەتوانین لێرەدا دوو ڕاستەقینەی دژاودژ دەربارەی هەمان بۆچوون پێشکەش بکەین:

کاتێک دەنگی (k) دەبێتە (ts) (بەراوردی ئەمانە بکە: (latin cèdere – Italian cedere)، ئەگەر تەنیا کۆتایی زاراوەکان بەبێ گۆڕان بەهەند وەرگرین، ئەوا دەبینین زیادەیەک لە کۆششەکاندا هەیە، بەڵام دەکرێ پێدراوەکان و بۆچوونەکانمان جودا بین، ئەگەر جارێکی دی زنجیرەکە بونیاد بنێینەوە: (k) بووە بە ($k^1$)ی مەڵاشوویی لەڕێگەی لێکچوونی بەم بزوێنە، پاشان ($k^1$) بووە بە (ky)، درکاندنەکەی دژوارتر نەبووە، دوو توخمی لێکچووی یەکدی لە ($k^1$) بەڕوونی جودان، پاشان قسەکەران لە (ky)ەوە بەدوای یەک هەنگاویان ناوە بەرەو (ty, tx, tš)، لەگەڵ کۆششێکی کەم لەهەر کوێیەکدا بێت.

یاسای کەمترین کۆشش پێویستی بە توێژینەوەیەکی فراوان هەیە، زۆر گرنگە بۆچوونی فسیۆلۆجی (مەسەلەی گۆکردن) و بۆچوونی دەروونی (مەسەلەی ئاگاداربوون) پێکەوە بەهەند وەرگرین.

٤. ئەو شرۆڤەیەی بۆ ماوەی چەند ساڵێک بە باشتر دەزانرا، گۆڕانەکانی گۆکردنیان دەگەڕاندەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیرییە دەنگییەی لە قۆناغی منداڵیدا بەدەستمان هێناوە، ئەویش دوای ئەو کۆشش و ئەزموون و ڕاستکردنەوە زۆرانەی منداڵ ئەنجامیان دەدات، ئینجا منداڵەکە سەرکەوتن بەدەست دێنێت لەوەی هەموو ئەو شتانە بدرکێنێت، کە گوێی لێدەبن، ئەم خاڵەش دەستپێکی ڕوودانی گۆڕانەکانە. هەندێک هەڵە هەن، کە ڕاست ناکرێنەوە و هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا بەردەوام دەبن و لە لای هەرزەکار دەچەسپێن. منداڵان دەنگی (t) لەجیاتی (k) دەدرکێنن، زمانەکانیشمان هیچ گۆڕانێکی دەنگی هاوشێوە لە مێژووی خۆی پێشکەش ناکەن، بەڵام ئەمە لەگەڵ شێواوییەکانی دیکە یەکناکاتەوە، بۆ نموونە لە شاری (پاریس) زۆر منداڵ هەن ئەم واژانەی خوارەوە بەم شێوازە دەدرکێنن: flèuer (fleuer گوڵ)، blánc (blanc سپی) ، ئەمیش بە دەنگی (L)ی مەڵاشوویی، ئەم کردەیەش بە هەمان شێوە وشەی (florem) بە شێوە (flòre) پاشان (flore) لە زمانی ئیتاڵیدا دەدرکێندرێت.

تێبینییەکانی پێشوو شایانی ئەوەن بە وردی سەرنجمان ڕابکێشن، بەڵام پرسەکە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە. لە ڕاستیدا نەوەکان پاڵدەنرێن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە هەندێک هەڵەی دیاریکراو بکەن، جگە لەو هەڵە سروشتیانەی ڕوون و ئاشکرا نین. هەڵبژاردنی هەڵە گۆکردن لە هەموو ڕواڵەتەکان بە هەڕەمەکیبوونێکی هەمەکی هەژمار دەکرێت و هیچ هۆکارێکی ڕوون و ئاشکراش نییە،

لەپاڵ ئەمەشدا دەڵێین ئایا بۆچی ئەم دیاردەیە لە هەندێک کاتدا زیاتر لە کاتەکانی دیکەدا دەردەکەوێت؟.

هەمان پرسیار لەسەر هۆکارەکانی پێشوو لەمەڕ گۆڕانەکانی دەنگ پیادە دەبێت، ئەگەر بیانژمێرین ڕاستە. کاریگەری کەشوهەوا، ئامادەگی ڕەگەزی، ئاراستە بەرەو کەمترین کۆشش هەموویان هۆکارێکی نەگۆڕن بۆ بەردەوامبوون و درێژەدان، ئایا بۆچی هەندێکجار ئەمانە بە شێوەیەکی پەرت دەبنە فاکتەر و لەسەر یەک خاڵی دەنگ کاردەکەن و هەندێک جاری دیکەش لەسەر ئەوانی دیکە کاریگەرییان دەبێت؟ پێویستە ڕووداوی مێژوویی لە هەموو حاڵەتێکدا هۆکارێکی دیاریکراوی هەبێت، ئێمە مەبەست و مەرامی خۆمان دەربارەی هەموو نموونەکان نەخستەڕوو، بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە دروست بێت، کە هۆکارە گشتییەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ ماوەتەوە، ئەمەش گرنگترین ئەو خاڵانەیە، کە پێویستییان بە شرۆڤەکردن هەیە.

٥. گۆڕانە دەنگییەکان هەندێکجار پەیوەندییان بە بارودۆخی گشتی نەتەوە لە چرکەساتێکی دیاریکراودا هەیە. زمانەکان زیاتر لە شتەکانی دی بە چەند قۆناغێکی شێواودا تێپەڕدەبن، چەندەها کۆشش هەن بۆ بەستنەوەی گۆڕانەکانی دەنگ بە قۆناغە شڵەژاوەکانی مێژووی نەتەوەکاندا، ئیدی بەم شێوەیە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان جێگیربوونی سیاسی و ناجێگیربوونی زمانەوانی درک پێ بکەین و بیدۆزینەوە، هەندێک گومان دەبەن ئەم کارە توانایان پێدەبەخشێت ئەنجامی وا پیادە بکەن، کە بەگشتی زمان

لەخۆ بگرێت زیاتر لە گۆڕانەکانی دەنگ. ئەوان بۆ نموونە تێبینیان کرد توندوتیژترین شۆڕش لە لاتینیدا لە پێشڤەچوونیدا لەناو زمانە ڕۆمانییەکاندا لەگەڵ قۆناغی شڵەژاوییەکانی شاڵاوهێنان و جەنگی توندددا دەسازێت، لێرەدا دوو جیاوازی وابەستە هەن، کە وەک فاکتەری ڕێنمایکارن:

أـ جێگیربوونی سیاسی بە هەمان شێوە هەروەک ناجێگیربوونی سیاسی کاریگەری بەسەر زماندا نابێت، لێرەدا هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕییەک لە ئارادا نییە. کاتێک هاوسەنگی سیاسی پێشڤەچوونی زمانەوانی کاڵ دەکاتەوە، ئەم حاڵەتە ئاماژە بە بوونی هۆیەکی دەرەکی ئەرێنی دەکات، بەڵام ئەو ناجێگیرییەی شوێنەوارێکی دژ لەخۆ دەگرێت، تەنیا بە شێوەیەکی نەرێنی کاردەکات، نەگۆڕ ـ نەگۆڕ و چەسپاوی ڕێژەیی زمان بۆی هەیە هۆیەکی دەرەکی هەبێت(کاریگەری قوتابخانە یان کۆڕی زانستی ئەدەبی یان نووسین.. هتد)، ئەم هۆکارە کاریگەرییەکی ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا دەستدەکەوێت و هاوسەنگی سیاسی کۆمەڵایەتی دەبینێت، بەڵام ئەگەر هێرشێکی دەرەکی ڕوویدا، کە کاریگەری لەسەر هاوسەنگی و تەرازووی نەتەوەی کرد، ئەوا بواری پێشڤەچوونی زمانەوانی خێرا دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی زمان بە سادەیی بۆ حاڵەتە ئازادەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و ڕەوشە ڕێکوپێکەکەی بەردەوام دەبێت. چەسپاوی و نەگۆڕی لاتینی قۆناغی کلاسیکی بۆ هۆکاری دەرەکی دەگەڕێتەوە، ئەو گۆڕانانەی بەم دواییە ڕوویاندا، هەرچی چۆنێک

بێت حاڵەتی بەرهەمهێنانی خودی بەبێ بارودۆخە دەرەکییە سنووردارەکە دروست دەکات.

ب ـ لێرەدا ئێمە تەنیا مامەڵە لەگەڵ دیاردە دەنگییەکە دەکەین، نەک لەگەڵ هەر جۆرێک لە جۆرەکانی هەمووارکردنی زمانەوانی، گۆڕانە ڕێزمانییەکان بەشێوەیەکی ڕوون لەگەڵ یەکدیدا هاوشێوەن، چونکە هەمیشە بە تەواوەتی بە هزرەوە بەستراونەتەوە، ڕاستەقینە ڕێزمانییەکان بە سادەییەوە دەڵێین زیاتر لەژێر کاریگەری بەرکەوتنی دەرەکیدان، کە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر هزر و بیردا هەیە، کەچی یاسای چەسپاوی ئەوتۆ لە ئارادا نییە، کەوامان لێ بکات قەناعەت بێنین بەوەی پێشڤەچوونە کتوپڕەکانی دەنگی زمان لەگەڵ قۆناغەکانی شلەژان لە مێژووی نەتەوەدا یەک دەکاتەوە.

هێشتا هەر ئەستەمە بەڵگە لەسەر یەک قۆناغ بێنینەوە، تەنانەت لەو قۆناغانەی تێیاندا زمان وا نمایان دەبێت، کە لە حاڵەتی چەسپانێکی هەڵخەڵەتێنەر دایە، تا بیانکەینە بەڵگە لەسەر نەگۆڕانی دەنگەکان.

٦ـ مادده یان کیانی زمانەوانی هۆکاری گۆڕانە دەنگییەکانیان پێ سپێردراوە، سەرقاڵبوونی زگماکەکان بە قسەکەرە تازەکانی زمان، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەندێک گۆڕان، جیاوازی نێوان زمانی فەڕەنسی و پرۆفنسالی(زمانی oc و زمانی oil) وەک یەکیان لێدێت بە گوێرەی ئەمەی ئاماژەمان پێدا، ئەویش بە ڕێژەی جۆراوجۆر توخمە هەمەکییە بنەڕەتییەکەی کەڵتی لەگەڵ هەردوو بەشە

زۆرەکەی وڵاتی گال دەگونجێت. لە ڕاستیدا ئەم تیۆرە بە هەمان شێوە لە بەدواداچوونی جیاوازی زارەکانی ئیتالین و شوێنەواری شێوەزارە لیگۆرییەکان و ئۆترۆسکییەکاندا بەکارهێنراوە، ئەویش بە پشتبەستن بە هەرێمەکانیان، بەڵام یەکەم خاڵ ئەم گریمانانە نەریتی بوون دەکاتە پرنسیپ، دووەم لە وەرگرتنی ئەم گریمانانە پێویستە وردتر بین: ئایا دانیشتوانە ئەسڵییەکان هەندێک نەریتی گۆکردنی خۆیان خستۆتە ناو ئەم زمانە تازەیەی، کە پەیڕەویان کردووە، ئەمەش بە تەواوەتی مەسەلەیەکی سروشتی و پەسندکراوە، بەڵام ئەگەر هێزەکانی لاسەنگی ڕەچەڵەک جارێکی دی گەڕانەوە، ئەوا ئەو کێشەیەی وەسفمان دەکرد، دیسانەوە سەرهەڵدەداتەوە.

٧ـ شرۆڤەی کۆتایی ـ کە شایانی ناولێنان نییە ـ بەراورد لەنێوان گۆڕانی دەنگ لە مۆدەکاندا دەکات، کەسێکیش ئەم گۆڕانانەی شرۆڤە نەکرد، ئێمە دەزانین پشت بە یاساکانی داب و نەریت دەبەستێت، کە پەیوەندی بە بواری دەروونناسییەوە هەیە، ئەم شرۆڤەیە بەم شێوەیەیە، کە گرفتەکەمان بۆ چارەسەر ناکات ـ کە سوودی هەبێت لەوەی بکرێتە ناو مەسەلەیەکی گەورەترەوە، بەڵام ئایا لێرەدا خاڵی دەستپێکی نەریت لەکوێدایە؟ ئەمە بە تەواوەتی نهێنی گۆڕانە دەنگییەکانە، هەروەکو لە گۆڕانەکانی مۆدەدا هەیە.

### ٥. شوێنەوارە دیارینەکراوەکانی گۆڕانە دەنگییەکان

ئەگەر خوازیاری ئەوە بین ڕەوشی گۆڕانە دەنگییەکان دیاری بکەین، دەبێ ڕاستەوخۆ تێبینی ئەوە بکەین، کە دەستنیشانکراو نییە و ناتوانین ئاماژەیان پێ بکەین، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئێمە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین لەکوێدا ڕادەوەستین.

بۆچوونێکی منداڵانەیە ئەگەر لەو گومانەدا بین، کە وشە بۆی هەیە تا ڕاددەیەکی دیاریکراو گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەک بڵێی شتێک هەیە دەتوانێت پارێزگاری لێ بکات یان بەردەوامی بداتێ. هەموارکردنە دەنگییەکان جیاوازییەکانی خۆی لەو هەڕەمەکیبوونەی هێمای زمانەوانییەوە وەردەگرێت، کە لەگەڵ هێمابۆکراوەکەدا جیاوازی هەیە.

دەتوانین بە ئاسانی دەنگەکانی وشە تێبینی بکەین، کە لە چرکەیەکی دیاریکراودا لەژێر کاریگەریدا بووە، لێرەدا تێکەڵبوونێک دەبینین، کەچی پێشوەخت ناتوانین بڵێین چۆن وشە نەناسراو دەبێت و جیاکاری خۆی لەدەستدەدات.

وشەی هیندۆ ئەورووپی بنەڕەتی (aiwom) (سەیری وشەی aevom لە لاتینی بکە) و هەموو ئەو وشانەی هەمان کۆتاییان هەیە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە زمانی جێرمانی سەرەتایی بەمشێوەیەی لێهاتووە (aiwan, aiwa, aiw)، پاشان ئەم وشەیە (aiw) بووە بە (ew) لە زمانی ئەڵمانی بنەڕەتی دێریندا، بە هەمان شێوە هەموو وشەیەک کە ئەم کۆمەڵە لەخۆ بگرێت، هەر ئەم کارەی بەسەردا هات (aiw)، پاشان (w)ی کۆتایی وشە گۆڕانی بەسەردا

هات و بوو به (o)، که پاشان بوو به (eo,io)، بەگوێرەی ئەو ڕێسا گشتیانەی له ئارادان، تاکو هاوشێوەی ئەوانی دی بێت. له کۆتاییدا (io) بـــووه به (ie) و (je) و لـــەوەوه له زمـــانی ئەڵمـــانی هاوچەرخیشدا (je)ی لێ پەیدابووه (ئەمانه بەراورد بکه:

das schonste, was ich je gesehen haben.

(جوانترین شته له ژیانمدا بینیبێتم).

وشـــەی نـویێ هـیچ توخمێـک له تـوخمه سـەرەکییەکانی خۆیـان لەخۆنـاگرن، ئەویـش ئـەگەر له ڕوانـگەی خـاڵی دەسـتپێکەوه بۆیـان بـڕوانین، ئـەنجامی کۆتـایش ئەوەیه هەمـوو هەنگاوێـک ئـەگەر جـودا بـۆی بـڕوانین، دەبینین له ڕووی دەرچوونەوه سنووردارە و به دوا یەکه و له ڕووی ئەو شـوێنەوارانەوه بەجێیان دەهێڵێت سنووردارە، که بەگشتی و هەمەکی تەماشای بکەین تارادەیەک وشەکه پێدراوێکی ژمارەییانه – پێدراوێک دەربارەی ژمارەیەکی بێسنووری گۆڕانکاری یـان هەموارکردنەکـان پێشـکەش دەکـات. پێویسـته هەمـان تێبینـی دەربارەی ئەم وشه لاتینییه: (calidum) ئاراسته بکەین، ئەویش به دوورکەوتـــنەوه یەکەم جـــار له شـــێوازەکانی گواســـتنەوه و ئەم شێوازەش لەگەڵ ئەم شێوازه فەرەنسییه هاوچەرخه بەراورد بکەین: (گەرم chaud)، پاشـــان جـــارێکی دی ئـــەم هەنگاوەکـــان پەیـــڕەو دەکەین:

(caidum, calidu, caldu, cald, calt, tsalt, tsaut, Šot, Šo)

به هەمان شێوە وشەی (waidanju) لە زمانی لاتینی ڕەمەکی بەراورد بکە، کە بۆتە(ge) (بە gain دەنووسرێت و واتای با دەدات)، هەروەها (mwe → minus)( کە بە minus دەنووسرێت و واتای کەمتر دەدات)، هەروەها wi → hoc illi (کە بە oui دەنووسرێت و واتای بەڵێ دەدات).

هەروەها گۆڕانی دەنگ نە سنووردارە و نە کاریگەرییەکەی قۆرخ کراوە لەسەر هەموو جۆری هێماکان، هەروەها ڕەگ (بنج) و پاشگرەکان....هتد لەیەکدی جوداناکاتەوە. پێویستە ئەمە لە سەرەتادا ڕاست بێت، چونکە گەر ڕێزمان دەست لە بابەتەکە وەربدات، ئەوا دیاردەی دەنگەکە لەگەڵ ڕاستەقینە وەسفییەکەدا تێکەڵ دەبێت، کە ئەمەش لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی زەحمەتە، لێرەدا ئەوەمان بەهەند وەرگرت، کە دەتوانین باس لە سروشتی هەرەمەکی پێشڤەچوونەکانی دەنگ بکەین.

بۆ نموونە دەنگی (s) لە زمانی یۆنانیدا لە دوای دەنگی (a) تەنیا لەم وشانەدا لاناچێت: (mensis) (مانگەکان)، (khanses) (مراوی)، لەوەوە ئەم وشانە هاتوون (menes, Khènes) ، کاتێک هیچ بەهایەکی ڕێزمانی لەخۆ نەگرێت، بەڵام لە شێوازەکانی (کار)یشدا وەک: ephansa,etensa (لەوەوە ئەم شێوازانە هاتن (èphèna,èteina)، کە کاتی ڕابردوو دەستنیشان دەکات. لە زمانی ئەڵمانی پەتی ناوەڕاستدا پیتە بزوێنەکانی (i, e, a,o) کە لە دوای بڕگەی هێزدار دێت، بۆتە شێوەیەکی ڕێکخراو (gibil → giebel)، (meistar→meister)، تەنانەت سەرباری ئەوەی نیشانەی

شـیکردنەوەی کۆتـایی وشـەکە جیـاوازی هەیـە لـە هێـزی دەنگەکـە، بەمشێوەیە ئاوێتەبوونی شێوازی تاک و (منصوب) (boton) و تـاک لە هەردوو حاڵەتی دانەپاڵی و بەرکاری (boten)دا ڕوون دەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەری.

گۆڕانەکـانی دەنـگ دەبـنە هـۆی ڕوودانـی شـڵەژاوییەکی قـووڵ لە پڕۆسەی ڕێکخستنی ڕێزمان، ئەویش لە حاڵەتێکدا گەر بەربەرستێک بەری نەگرێـت، ئەمەش دەبێـتە بـابەتی سـەرەکیمان کە لە بەشـی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

## بەشی سێیەم
## پێشڤەچوونی دەنگ و کاریگەریی لە ڕێزماندا

### ١ـ شکاندنی بەربەستی ڕێزمان

یەکەمین ئەنجامی دیاردە دەنگییەکان، شکاندنی ئەو بەربەستە ڕێزمانییەیە، کە دوو زاراوە یان زیاتر بە یەکەوە دەبەستێت، ئەنجامەکە ئەوەیە وشەیەک ئاگاداری پێشوەختە ناخاتە ڕوو، کە لە وشەیەکی دیکەوە داتاشراوە.

masiò ـــ mansiònáticns

(mènage/ بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ) (maision / ماڵ)

هزری کۆیی کۆمەڵی قسەکەران پێشوەخت ئاماژە دەکات بەوەی náticus ـــــ mansiò لە (mansiò)ەوە داتاشراوە، پاشان پەرتکراوە، یان گۆڕانەکانی دەنگ جودایی خستۆتە نێوانیانەوە، بەم هاوشێوانە: (vervècárius ـــــ vervèx) (berbicárius ـــــ berbix)، (شوان) berger // ویستی brebis.

جیاکردنەوە پرۆسەیەکە شوێنەوارێکی دژ بە بەها دروست دەکات، وشەی borger لە هەندێک شێوازی ناوخۆییدا واتای (گاوان) دەگەیەنێت.ئەمانەش هەندێ نموونەی ترن:

Gratianopolis-Grátiánopolitanus//decem - undecim.

یازده onze //(ده) dix // Grèsivaudan // Grenoble و (ڕۆیشت bitr) و (گاز bitum) و (گاز دەگرێت biuatb) و (قوتی Gothic)، وشەی (bitings) بە نموونەیەکی هاوشێوە دادەنێت، ئەویش بە بەدواداچوون بۆ گۆڕانی دەنگی (t) بۆ (ts) (z) لەلایەکەوە، هەروەها پارێزگاریکردن لە(tr) لەلایەکی دیکەوە. زمانی ئەڵمانی ڕۆژاوا ئەمانەی تێدایە: (Bizan,bizum//bitr)، سەربای ئەمەش پێشڤەچوونی دەنگ بۆی هەیە ئەو پەیوەندییە سروشتییەی کە لەنێوان هەردوو شێوازە گەردانکراوەکەی هەمان وشەدا هەیە بیگۆڕێت، بۆ نموونە لە زمانی فەڕەنسی کۆندا ئەمانە بەدی دەکرێن:

comes – comitem became cuens // comte، haro – barònem – ber // baronem, presbiter – presbit rum – prestre // provoire.

یان کۆتاییەکە بۆ دوو دانە دابەش دەکرێت، هەموو ئەو تاکانەی کە (منصوب)ن، هەمان ئەم کۆتاییەیان هەیە (-m) لە زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتیدا:

(ek, wom, owim, podm, materm, etc..)

لە زمانی لاتینیدا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەم مانایە لە ئارادا نییە، بەڵام بۆ چارەسەری ئەو جوداکاریانەی کە زۆرن لە زمانی یۆنانیدا لە بزوێن و نەبزوێنە لووتییەکان دوو کۆمەڵە شێوازی جوداکار دامەزرێنراون: (hippon, (w) in against pòde,matera)، کۆی (نصب)کراو (الجمع المنصوب) ڕاستەقینەیەکی هاوشێوە دەخاتەڕوو (ئەمانە بەراورد بکە (hippous and pòdas).

**٢. سڕینەوەی بونیادی وشەکان:**

کاریگەریی ڕێزمانی دیکە لە گۆڕانەکانی دەنگ، لەو بەشە جیاکار و وردانەدا هەیە، کە دەبنە هاریکار بۆ چەسپاندنی بەهای وشەکە، ئیدی قابیلی شیکردنەوە نابن و بەمشێوەیە وشەکە یەکانگیر دەبێت و بەشبەش نابێت، ئەمەش چەند نموونەیەک:

لە زمانی فەڕەنسی(دوژمن ennemi)، لە لاتینی( amicus – in-imicus)، هەروەها لە لاتینی perdere(تێبینی شێوازی کۆن بکە: per-dare)، amicio (لەجیاتی jacio ambjacio)، هەروەها لە ئەڵمانیدا Drittel( لەجیاتی Teil-drit-teil)

سڕینەوەی بونیادی وشەکان بەڕوونی بە چەند خاڵێکەوە بە شکاندنی یان هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان بەستراوەتەوە (بڕوانە بەشی یەکەم) بۆ نموونە: ئەگەر بڵێین وشەی (ennemi) شی ناکرێتەوە و شێوازێکی دیکەی وتەکە پێکدەهێنێت بەوەی ناتوانرێت تاڕادەیەکی زۆر بەشەکانی دیکەی بەراوردبکرێت وەک لەمەدا تێبینی دەکەین: in– imicus وەرگیراوە لە (amicus).

amicus — inimicus

ami // ennemi

بە شێوەیەکی زۆر لەمە دەچێت:

mansiò — mansiònaticus

maison // mènage

هەروەها ئەمانەش بەراورد بکە:

onze // dix , undecim - decew

ئەم شێوازە لاتینییە کلاسیکییە سادانە:

hunc, hanc, hác, etc.

بۆ ئەم شێوازانە دەگەڕێتەوە:

hon-ce, han-ce، ha – ce, etc.

ئەمانەش بەهۆی چەند شێوازێکی نەخشکراوەوە بەبەڵگە کراون، کە وەک ئەنجامێکە بۆ لکاندنی (جێناو) بەم ماددەوە (ce)، کە پێشووتر وا بووە (hon – ce ... هتد)، کە دەکرێ بەراوردبکرێت یان بە (ec .... ce) .. هتد بشوبهێنرێت، بەڵام بەراوردکاری لە تواناندا نییە پاش کەوتنی (e-)، ئەمەش ڕێگایەکی دیکەیە لەو وتەیەی کە دەڵێ توخمەکانی ئەم وشانە (hunc, hac, etc)، کە تاڕاددەیەک وەک پێشووتر جیاکار نین. پێشڤەچوونی دەنگ شیکردنەوەکە تەمومژاوی دەکات، پاشانیش بەتەواوەتی ئەستەمی دەکات، داتاشینی (ناو) لە زمانی هیندۆ ئەورووپی بنەڕەتی بە حاڵەتێک دادەنرێت، کە لە کرۆک و بونیادی بابەتەکەدایە.

گەردانکردنی ناو لە هیندۆ ئەورووپی بنەڕەتیدا جاران بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

تاکی مەرفووع (pod-s)؛ نەسب (ped-m)، ئاوەڵکاری شوێنی (pod-i)، کۆی مەرفووع (pod – es)، (نەسب pod-ns) ... هتد لە سەرەتادا گەردانکردنی (ek,wos) لەگەڵ ئەمانە یەکاویەک بووە:

ek,wo-ns, ek,wo-es, ek,wo –iek, wo – ai, ek,wo- m,ek, wo-s etc.

لەو ماوەیەدا (ek,wo) سادە پەیدابوو وەکو (pod)، بەڵام ئەم حاڵەتە گۆڕانکاری بەسەردا هات، کاتێ جووڵەی کەمتر بووەوە، لەم دواییەدا شێوازی مەرفووعیان (ek,woi)بەخشی، هەروەها شێوازی

ئاوەڵکـــاری (ekwoi) و شـــێوازی کـــۆی مـــەڕفووع(ek,wòs)، لەوکـاتەوە ڕوونبـوونی ڕەگـی (ek,wo) لەوانەیە یەکسـان بێـت و شیکردنەوەشـی حایرمـانی کـردووە. تـا ئەم دوایـیە گۆڕانکـارییە تازەکـانی وەک جـوداکردنەوەی نێـوان حاڵەتەکـانی (نەسـب)، واتە (المنصـوبات)، کە ئەم کـاریگەریەی دوایـی حـاڵەتە بنەڕەتیـیەکە لابەرەن، ئەو هاوچەرخـانەی کە لە بێگـانە دەترسـێن (xenodhon) ڕەگەکە (-hipp) بووبێت و کۆتـای گەردانکراوەکەشـی دەنگی بـوون (hipp – os, etc) لەگـەڵ ئەو ئـەنجامەی کە کۆتاییەکـان هەیـانە وەک: ek, wo – s and pod – s لە گۆڕانی گەردانکردندا وەک لە هەر شـتێکی دیـکەدا هەیە، هەر شـتێک کە لەگـەڵ شـیکردنەوەدا تێکەڵ بێت و یارمەتی بدات بۆ بزرکردنی وابەستەگییە ڕێزمانییەکان.

**٣. هیچ دوانەییەکی دەنگی هاوشێوە لە ئارادا نییە:**

لە هەردوو ئەم حـاڵەتەی کە باسـمان کـردن (لە بەشـی یەکەم و دووەمدا) پرۆسـەی پێشـڤەچوون بەشـێوەیەکی ڕەگیانە دوو زاراوەی لە یەک جیـاکردەوە، کە پێشـووتر لە ڕووی ڕێزمـانەوە لە بنجـدا یەکبوون و یەکانگیربوون:

ئەم دیـاردەیە بـۆی هەیە ئەو هەڵە گەورەیەی کە لە شـرۆڤەدا هەبوو، ڕوون بکاتەوە یان نمایان بکات، ئەویش لەکاتی تێبینیکردنی هاوشێوەبوونی ڕێژەیی نێوان هەردوو وشـەکە (barò : barònem) لە زمـانی لاتینـی ڕەمەکیـدا، و جیـاکردنەوەی هەردوو ئەم وشـەیە (ber : baron) لە زمانی فەڕەنسی کۆندا، ئەمە نـابێتە پاساوێک بۆ

ئەوەی بلێـین یەک شـێواز یـان هەمـان شـێوازە (bar)، کە لە چەنـد ئاراستەیەکی جودادا پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە و دوو شێوازی بەرهەم هێنـاوە؟ نەخێـر، سـەبارەت بە هەمـان شـێواز نـاکرێ دوو گۆڕانکاری جودا بەگوێرەی هەمـان کات و هەمـان شـوێن بێت، ئەمە دژاودژ دەکەوێتەوە لەگـەڵ ئەو پێناسـە وردەی گـۆڕانە دەنگییەکـان، پێشڤەچوونی دەنگ خودی خۆی ناتوانێت دوو شـێواز دابهێنێت، یـان دابمەزرێنێت، تاکو شوێنی یەک شێواز بگرێتەوە.

لێــرەدا ئەو بەرهەڵســتکاریانەی دەکــرێ دژ بەم تــوێژینەوەیەم دەربکەون، بە نموونە هێنانەوە و پێشکەش دەکرێن:

لەوانەیە هەنـدێک کەس بڵـێن: وشـەی (collocáre) هەردوو ئەم وشەیەی پێشکەشکرد، ئەوانیش وشەکانی (شـوێن – colloquer) و (خەو coucher)، نەخێـر تـەنیا ئەم وشـەیەی پێشـکەش کـردووە (concher)، بەڵام ئەم وشـەیە (colloquer) لە زمـانی لاتینیـیەوە وەرگیـراوە (ئەمـانە بەراورد بـکە: قوربانیدان (rèdemption)، فدیە (rarcon).

ڕەخنەیەکـی دیـکەش هەیە، کە دەکـرێ ئاراسـتە بکرێـت، ئەویـش ئەوەیە وشـــەی (cathedra) دوو وشـــەی فەڕەنســـی بنەڕەتـــی پێشـکەش کـرد، کە ئەم دوو وشـەیەن: سـەکۆ و مینبـەر(chaire)، کورسـی(chaise)، لە ڕاسـتیدا (chaise) شـێوازێکی شـێوەزارانەیە و کۆتـایی هـاتووە و فەرامۆشـکراوە، شـێوەزاری پـاریس ئەم بـزوێنە ناوخۆییـــەی، کە (r)ە، بـــۆ (z) گـــۆڕی، بـــۆ نمـــوونە قســـەکەران دەڵـێن:(pèse)(mèse)، لـەجیاتی (دایـک mère) و (بـاوک père)،

زمانی فەڕەنسی ئەدەبیی تەنیا پارێزگاری لەم دوو نموونەیەی زاری ناوخۆیی کردووە (chaise)، (besicles)، وشەی کۆتایی دوانەییە: (دەبینێت bèricles) لە وشەی بەردی بەنرخ (bèryi) داتاشراوە. هەمان شتیش لەسەر ئەم وشەیە (rescape) پیادە دەبێت، کە بە واتای(ئەو کەسەی لە مردن یان لە ئازار ڕزگاری دەبێت) دێت، ئێستا لە زمانی فەڕەنسیدا بڵاوبووتەوە، ئێستاش بەرانبەر بە وشەی (rechappè) دەوەستێت (ئەو کەسەی لە بەندینخانە هەڵدێت). لە زمانی فەڕەنسی: سوار دەبێت (cavalier)، سوارچاک (chevalier)، سوارە (cavalcade)، مەودای بەربەستەکە (chevuchee)، هەموویان بە سادەیی لەپاڵ یەکدیدان، چونکە هەردوو وشەی: (cavalier)،(cavicade) هەردووکیان لە زمانی ئیتالییەوە خوازران. پێشڤەچوونی وشەی (calidum)، کە بووە بە (chaud گەرم) لە زمانی فەڕەنسیدا و (caldo) لە زمانی ئیتالیدا، هەردووکیان لە بنەڕەتدا یەک وشەن، هەموو نموونەکانی پێشوو نموونەگەلێکن لەو واژانەی قەرزکراون و دزەیان کردووەتە ناو زمانەوە.

وەڵامی ئێمە بۆ ئەو ڕەخنانەی کە دەڵێن ئەم جێناوە(mè) لە زمانی لاتینیدا لەم دوو شێوازەی زمانی فەڕەنسیدا دروستبووە (moi) (me)، (بەراورد بکە: منم ئەو کەسەی دەمبینێت: (il me voit) ئەو دەمبینێت، cesk moi quil voit)، ئەمەیە: جێناوی (mè) لە لاتینیدا هێزدار نەکراوە و بووە بە (me)، کەچی (mè) هێزدار کراوە و بووە بە (moi)، بوونی هێز یان نەبوونی

پشــت بەو یاســایانەی دەنــگ نابەســتێت، کە (mè)یـان کـردووە بە (me) و (moi)، بەڵکـو لەسـەر پشـت بـە ئەرکـی وشـە لە ڕسـتەدا دەبەستێت، کە دوانـەیی ڕێزمـانییە. بە هەمـان شـێوە (ur) لـە زمـانی ئەڵمـانی هەر بە (ur) مـایەوە، کاتێک هێـزی دەکەوێتـە سـەر دەبێتـە (er)، لە هێـزی یەکەمـدا (کە لە سـەرەتاوە بـۆ پەیـدابوو) (بەراوردی ئەمـانە بـکە úrlaub and eriaúben)، بەڵام ئەدای ئەرکـی هێـز خـۆی پەیوەنـدی بە نموونەکـانی ئەو بونیـادانەوە هەیە، کە (ur)یـان لەخـۆ گرتـووە، ئیـدی بەم شـێوەیە سـەبارەت بە حـاڵەتی ڕێزمـانی و وەســفی. لە کۆتایشــدا بــا بگەڕێیــنەوە بــۆ نمــوونەکەی یەکەم، جیاوازییەکــانی شــێواز و هێــز لەم دوانــەییە (báròːbarònem) مێژووییەک تۆمار دەکات، یان پێش گۆڕانەکانی دەنگ دەکەوێت.

### ٤. نۆرە یان ئاڵوگۆڕکردن:

دوو وشـەی وەک (maisonːmènage) بەدەگمەن ڕێکدەکەوێت کە ببـنە پاڵنەرێـک بۆمـان بـۆ دۆزیـنەوەی ئەو شـتەی بەرپرسـە لە جیاوازییەکانیـان، لەبـەر ئـەوەی هـۆی جیـاوازبوونی توخمەکـانی: (-zò, -en)، ئەمەش زۆر بەکەڵکــی بەراوردکــاری نــایەت، بەهــۆی نەبوونی دوانـەیەک کە دژاودژێکی هاوسـەنگ پێشکەش بکات، بەڵام ئەو شتەی هەمیشە ڕوودەدات ئەوەیە، کە دوو وشـەی نزیک لە یەک تــوخم، یــان دوو تــوخمی جــودان، کە دەتوانرێــت بە ئاســانی دەربهێنرێن، هەمان ئەو جیاوازییە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەو کۆمەڵە دوانــــەییانە دووبــــارە دەبــــنەوە، کە هاوشــــێوەن، ئەمەش ئەو

نۆرەبــوونەوە و ئاڵوگۆڕکردنەیـــە، کە باســـی لێـــوە دەکەیـــن، کە فراوانتــرین و بەربڵاوتــرین ئەو ڕاســتەقینە ڕێزمانیــانەن، کە تێیانــدا گۆڕانەکانی دەنگ و ڕۆڵیان تێدا دەگێڕن.

لە زمـانی فەڕەنسـیدا هەمـوو پیتێکـی (o) لە بڕگەیەکـی کـراوەدا بووە بە (eu)، کاتێک هێـزدار بـوو و (ou) پێش هێزەکـە بـوو (یان توخمی هێزی یەکەم)، ئەمەش دوانەییەکی وەک ئەمـانەی دروسـتکرد (کرێکار ouvier): (کار oeuvre)، (دەتوانن peuvent) (دەتـوانین pouvons)، (تـازە neut)....هتـد، لێـرەدا زۆر ئاسـانە جیـاوازیی و تــوخمە گــۆڕدراوەکە بە ڕێکــوپێکی دەربکەیــن. لە زمــانی لاتینیــدا (گەورەکــردن rohotaci zation) وا دەکــات (gerò) جێگــرەوەی لەگەڵ (gestus) بکـات، هەروەهـا (oneris)یش جێگرەوەی لەگـەڵ (onus) بکـات و بە هەمـان شـێوە (maeor) لەگـەڵ (maestus)دا جێگرەوەی بکات....هتد، کەچی (s) بەشێوەیەکی جودا و بە گـوێرەی شــوێنگەی هێــزەکە لە زمـانی ئەڵمانیـدا مـامەڵەی لەگەڵـدا کـراوە، لە زمانی ئەڵمانی ناوەڕاستدا ئەم جێگرەوەیانە هەن:

ferliesen:ferloren,kissen:gekoren,etc.)

ونبــوونی دەنگـــی (e) لە زمـــانی هینـــدۆ ئەورووپـــی بنەڕەتیـــدا، ڕەنگــدانەوەی بەســـەر زمـــانی ئەڵمـــانی هاوچەرخـــدا هەبـــووە لەم بەرانبەربوونەوانەدا:

(beissen: biss, leiden: litt, reiten: ritt)

تـوخمی ڕەگ لە هەمـوو ئەو نموونـانەی پێشـوو ئاماژەمـان پێدان، ئەو بەشــەیە کــە لەژێر کاریگەریدایە، بەڵام هەمـوو بەشـەکانی وشـە

بۆیان هەیە بەرانبەری هاوشێوەیان هەبێت. هیچ شتێک لە ئارادا نییە کە لەوانی دی بەربڵاوتربێت، بۆ نموونە زیاتر لەم پێشگرە (prefix) کە چەند شێوەیەک وەردەگرێت. بەگوێرەی پێکهێنانی بەشی یەکەمی ڕەگەکە، ئەمانە بەراورد بکە: لە زمانی فەڕەنسی(هیچ inutile)، (نەناسراوinconnu)، و لە لاتینی(ap-erchomai apo – didomai).

ئاڵوگۆڕکردنی هەردوو ئەم دەنگە (e:o) لە زمانی هیندۆ ئەورووپی بنەڕەتیدا، کە پێویستە لە ئەنجامی شیکردنەوەکەدا، دەبێتە خاوەن ڕێسای دەنگ لە ژمارەیەکی زۆری ئەم توخمانەی پاشگریان هەیە:
(hippos: hippoe),(pher-e-te:phèro- men),(gèn-es-os:gèn-e-os).

زمانی فەڕەنسی دێرین، دەنگی (a)ی لاتینی هێزداری دوای دەنگە مەڵاشوورییەکانی چارەسەرکرد، ئەم شتەش لە ئاڵوگۆڕکردن و نۆرەگیری (e:ie) لە ژمارەیەک لە کۆتایی نیشانە وشەسازییەکان دروستبووە:

(jug - iez,chant - ez,jug - ie:chant -e, jug – ier :chant -er)

پاش ئەمە پێناسەکردنی نۆرەگیری و ئاڵوگۆڕکردن بەمشێوەیە دەبێت: هاوشێوەبوون لەنێوان دوو دەنگی دیاریکراودا هەیە، یان لەنێوان کۆمەڵەکانی دەنگدا هەیە و ئاڵوگۆڕەکە ڕێکخراوەییە (یەک لەدوای یەکە)، کە لەنێوان دوو کۆمەڵە شێوازدا هەیە، کە پێکەوە بوونیان هەیە.

گۆڕانەکانی دەنگ بە تەنیا ناتوانن شرۆڤەی دوانەییەکە بکەن، هەروەها بەڕوونی تاکە هۆکار نییە و هۆکاری سەرەکی ئاڵوگۆڕکردن نییە، ئەوانەی کە دەڵێن: ئەم وشە لاتینییە (nov)، لە

زمانی فەڕەنسی بووە بە (new)،(now)،(neuve)،(nouveau) ، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی دەنگەوە تەنیا سازدانێکی سەرپێی یەکەیەکی واهمیـــیە و نوشوســـتهێنانە لە تێڕوانینـــی دوانـــەیی وەســـفیی، کە پێشوەخت بوونیان هەیە. جیاوازی پێگەکە یان ئەرکی ئەم وشـەیە: (nov – in nov – us and nov – ellus)، لە هەردووکیاندا بۆ گـۆڕانی دەنـگەکە دەگەڕێـتەوە، بەشـێوەیەکی تـایبەتیش بـۆ ڕێزمـان دەگەڕێتەوە (ئەمانە بەراورد بکە: baro: baronem).

دوانـەیی وەسـفی دەبێتـە ئـەوەی جێگـرەوەی(ئـاڵوگۆڕکردن) بە ڕەسەن دەکات و ئەگەری دروستبوونی واڵا دەکات، دیاردەی دەنگ ڕاستەوخۆ بوونی یەکەکان ناشکێنێت و هەڵیان ناوەستێنێتەوە، بـەڵکو کار لەو دژایەتییەی نێوان زاراوەکان دەکات، کە پێکەوەن و بەهـۆی لابردنی چەند دەنگێک زیاتر ڕوونن.

هەڵەیەکی هاوبەشی هەیە، کە زۆربەی زمانەوانان تێی کەوتوون، ئەویـش ئەوەیە گریمـانە بکەیـن نۆرەبـوون یـان ئـاڵوگۆڕکردن ببێـتە دەنگی، چونکە دەنگەکان ماددەکانی خۆیـان پێکدەهێنن و ڕۆڵێک لە بنجەکانیـــدا دەبینـــین، ئەویـــش لە ڕێگـــای نۆرەبـــوون یـــان ئاڵوگۆڕکردنەکانیانەوە.

لە ڕاستیدا جێگرەوەی(ئـاڵوگۆڕکردن) ئـەگەر لە سـەرەتایەکەیەوە لێـی بـڕوانین، یـان بـڕوانینە ئـەنجامی کۆتـاییەکەی، ئەوە هەمیشـە ڕێزمانی و وەسفییە.

**٥. یاساکانی جێگرەوە (ئاڵوگۆڕکردن):**

ئایا دەتوانین جێگرەوە بەپێی یاسا بەڕێوە بەرین؟ ئەگەر وا بێت، ئایا لەم حاڵەتەدا سروشتی یاساکە چییە؟ بۆ نموونە ئەو جێگرەوەیە وەرگرە، کە زۆرجاران لە زمانی ئەڵمانی هاوچەرخدا ڕوودەدات، ئەگەر هەموو نموونەکان لەگەڵ یەکدیدا کۆبکەینەوە و بەبێ جیاوازی ڕوانیمان بۆیان:

(geben: gibt, feld: Gefilde, wetter : wittem, helfen: Hilfe,Schen:sicht,etc.)

ئێمە ناتوانین بنەمایەکی گشتی دابڕێژین، بەڵام ئەگەر لەم بونیادە ئەم دوانەیە دەربکەین: (geben:gibt)، بەرانبەر بە دوانەییەکان دامان نا:

(Schelton:schilt, helfen:hilf, nehmen:nimmt, etc.)

دەبینین جێگرەوەی هاوشێوە دەکاتەوە، یان لەگەڵ خاسیەتەکانی شێوازی کاتەکە و شێوازە ڕواڵەتییەکە دەگونجێ.....هتد.

لەم دوانەییانەدا:

(Lang:Lánge,stark:stárke,hart:hárte,etc)

دژیەکی هاوشێوە دەبینین، کە پەیوەندییان بە شێوازەکانی ناوی ئاوەڵناوەکانەوە هەیە، بۆ نموونە لەم دوانەییانەدا:

(Hand: Hande, Gast: Gaste, etc.)

شێوازی (کۆ) بەدی دەکەیت، ئیدی بەم شێوەیە سەبارەت بە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە قوتابییانی ئەڵمانی لەژێر سایەی ئاڵوگۆڕەکاندا پۆلێنیان دەکەن (بە هەمان شێوە بڕوانە ئەمانە:

(Finden:Fand or Finden: Fund, binden: band or binden: Bund, Schiessen: Schoss - Schuss, fliessen, Flose: fluss, etc.)

ئاڵوگۆڕ یان جیاوازییەکانی دەنگ لە ڕووی ڕەگەوە لەگەڵ دژیەکی ڕێزمانییەکانـدا گونجـاون، بە نمـوونەیەکی بنەڕەتـی جێگـرەوە (ئاڵوگۆڕی) هەژماردەکرێت، کەچی لە دیاردە گشتییەکەدا جیاکاری ئەویش بەهـۆی خەسـڵەتێکی دیـارینەکراوەوە (یـان بە سـیفەتێکی ناتـاییبەت)، بەشـێوەیەکی ئاسـایی دوای ئەمەی وتمـان، جێگرەوەی(ئاڵوگۆڕکردن) بەشێوەیەکی ڕێکخراوانە لە ڕێگەی چەند زاراوەیەکەوە دابەش دەبێت و لەگەڵ گرنگترین دژیەکەکانی ئەرکەکە یان جۆرەکە یان پرۆسەی دەستنیشانکردنەکە دەسازێت. دەکرێ ئێمە لە بواری جێگرەوەیدا باس لە یاساکانی ڕێزمان بکەین، بەڵام ئەم یاسایانە تەنیا ئەنجامێکی دینامیکی ڕاستەقینە سەرەکییەکانی دەنگە (کە بە کرۆکی تێیان دەگەین)، کاتێک ڕاستەقینە دەنگییەکان دژیەکی ڕێکوپێک لەنێوان دوو کۆمەڵە زاراوەی ئەوتۆ دروست دەکەن، کە لە بەهادا دژ بن، ئەوا لەم حاڵەتەدا هزر و بیرەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە جیاوازی ماددی مانایەکان دەدەنێ و وایان لێ دەکەن هەڵگری جیاوازییەکی هزری بن. یاساکانی جێگرەوەی وەک هەموو یاسا وەسفییەکان بە چەند بنەمایەکی بونیادانەی سادە هەژماردەکرێن، ئەم یاسایانە پابەندئامێز نین، هەڵەیە ئەگەر بڵێین – وەک خەڵک – دەنگی (a) لە وشەی (Nacht) بۆ (a) گۆڕاوە لە شێوازی کۆی (machte)، چونکە ئەمە خەیاڵێک دروست دەکات،

کە گـۆڕان لەســەر بنەمــایەکی پابەنـدئامێز دەوەســتێت، کە لەنێـوان زاراوەیەک و زاراوەیەکی دیکەدا پەیدا دەبێت، کە ئێمە گرنگی پێ دەدەین، ئەویش ئەو دژیەکە سادەیەیە، کە لەو شێوازانەدا هەیە و دەربارەی پێشڤەچوونی دەنگ دروستبوون.

بـۆ ئەوەی بگەینە ئەنجام، ئەوا پێـوەری (analogy) (لە بەشـی شەشـەمدا دەیبینین)، بـۆی هەیە دوانـەیی نـوێ دروسـت بکـات، کە هەمان جیاوازییە دەنگییەکە ڕوون بکاتەوە. ئەمانە بەراورد بکە:

(kranz : kranze, Gast: Gaste. etc.)

یاساکە وا پێ دەچێت وا بێت تا وەک ئەو یاسایە پیادە بکرێت، کە بەکارهێنانەکەی کۆنترۆڵ دەکات، تا هەموار بکرێت یان بگۆڕدرێت، بەڵام ئێمە پێمان وایە ئەم گۆڕانانەی زمان لەژێر ڕەحمەتی ململانێی کارتێکەرە پێوەرییەکان بەڕێوە دەچێت، بەم شێوەیە ئەمەی وتمان بەسـە بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئەوەی ئەم یاسـایانە هەمیشـە جێگیـرن و بەتەواوەتـی لەگـەڵ یاسـای وەسـفیدا دەگـونجێن. هۆکـاری دەنگـی جێگرەوە(ئاڵوگۆڕی) هەندێک جار هەر بەڕوونی و ئاشکرایی ماوە.

لە زمـانی ئەڵمـانی پەتـی بنەڕەتیـدا بـۆ نمـوونە ئەو دوانـەییانەی باسمان کردن، ئەم شێوازانەیان هەبوو:

(geban: gibit, feld: gefild,etc.)

لەو مـاوەیەدا هەمـان ڕەگ دەرکەوتـووە، لە دەنگـی (i)دا لەجیـاتی دەنگــی (e)، کاتێــک (i) بــۆ دەنگــی (e) دەوتــرێتەوە لە هەمــوو نموونەیەکی دیکەدا.

جێگرەوەی لەم وشە لاتینیانەدا:

(facio: can ficio, amicus: inimicus, facilis: difficilis, etc.)

وا پێدەچێت بە حاڵەتێکی دەنگییەوە بەسترابێتەوە، کە قسەکەران ئارەزووی ئەوە دەکەن بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکەن: دەنگی (a) لەم وشانەی (facio and amicus) لەگەڵ دەنگی (i) ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە بڕگە ناوەڕاستەکانی هەمان گروپی وشەکاندا.

بەڵام دژیەکە دەنگییەکانی پێشوو، بەتەواوەتی هەمان ئەو تێبینیانە دەخەنەڕوو، هەر وەک هەموو یاسا ڕێزمانییەکان: کە وەسفین .to for

لە بیرکردنی ئەمە مەترسی ئەنجامدانی هەڵە لە شڕۆڤەکردنی ڕوون و واژیدا دروست دەکات(پێشتر ئەمەمان ڕوونکردەوە). لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوانەیەکی وەک: (facio:conficio)، پێویستە ئاگادار بین بەرانبەر بە تێکەڵکردنی پەیوەندی نێوان ئەم زاراوانەی، کە پێکەوە بوونیان هەیە و ئەو پەیوەندییانەش لەگەڵ هەندێک زاراوەی مێژوویی کۆدەکرێنەوە (confacio→ conficio). لەوانەیە پاڵنەرێک هەبێت، بۆ ئەوەی هەردووکیان تێکەڵ بکەین، چونکە هۆکاری جیاوازییە دەنگییەکە لە دوانەیەکەدا تا هەنووکە هەر ڕوونە، بەڵام ڕاستەقینە دەنگییەکە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە قسەکەرانیش تەنیا یەک دژیەکی وەسفی لە ئارادا هەیە.

هەموو ئەمانەی وتمان ئەو قسانە دەسەلمێنن، کە دەربارەی سروشتی ڕێزمانی تەواوی جێگرەوەی ئاماژەمان پێدان.

وشەی (ئاڵوگۆڕ)، کە لە هەندێک ڕووەوە گونجاوە بۆ مانای جێگرەوەی بەکارهێنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر هۆکارێکی

دروست پەسەندکراو پێویستە بۆ ئەم مانایە بەکاری نەهێنین، چونکە وشەکە بەگشتی بۆ گۆڕانەکانی دەنگ بەکاردەهێنرێت و چەمکێکی پووچ بۆ جووڵەکردن پێشکەش دەکات، ئەویش لە کاتێکدا هیچ حاڵەتێکی چەسپان لەئاراد نەبێت.

**٦. جێگرەوە و پەیوەندی ڕێزمانی:**

ئەوەمان بینی، چۆن پێشڤەچوونی دەنگ دەبێتە هۆی شکاندنی یان هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، کە بە گۆڕینی شێوازی وشەکان یەکدەخەن، بەڵام ئەمە تەنیا لەسەر دوانەییە (گۆشەگیر) تاکەکانی وەک ئەمانە پیادە دەبێت:

(maison: mènage, Teil; Drittiel, etc.)

نەک لەسەر جێگرەوەیەکە. لە سەرەتاوە ڕوونە هەر دژیەکەکی دەنگی ڕێکخراو لە دوو توخمدا بەرەو ئەوە دەچێت، کە وابەستەیەک لەنێوانیاندا دروست بکات.

وشەی (wetter) بە شێوەیەکی غەریزی بە وشەی (wittem)ەوە بەستراوەتەوە، چونکە قسەکەران لەسەر ئەوە ڕاهاتوون، کە جێگرەوەی نێوان (e) و (i) ببینن، کاتێک قسەکەران هەست دەکەن یاسایەک لەئارادا هەیە و کۆنترۆڵی دژیەکە دەنگییەکە دەکات، ئەوا هاوشێوەبوونە ئاساییەکە لە یەک هۆ زیاتری هەیە، بۆ ئەوەی خۆی بسەپێنێتە سەر ئاگا و هۆشی قسەکەران، ئینجا دەبێتە هاریکار بۆ وابەستەییە ڕێزمانییەکە زیاتر لە هەڵوەشاندنەوەی یان بەهەدەردانی. بەم شێوەیە دەبینین ئاڵوگۆڕکردن لە زمانی ئەڵمانیدا جیاکاری و درککردنی یەکەی ڕەگ لەڕێگەی جیاوازییە

دەنگییەکانەوە پاڵپشت و بەهێزی دەکات، هەمان شت پیادە دەبێتە سەر ئەو جێگرەوەیانەی ئاماژەدار نین، کە تەنیا بە حاڵەتی دەنگی وابەستە دەبێت، وەک لە زمانی فەرەنسیدا پێشگری (re) (دەستی لێ دەداتەوە retoucher) قازانج دەکات – reganger، دەگەڕێنێتەوە – reprendre) کورتکراوەتەوە بۆ (r-)ی پێش دەنگی بزوێن، (ئەوەی فرۆشتووتی دەیگەڕێنێتەوە racheter) (دووبارە دەیکاتەوە rouvrir )، بە لێکچوویی لەژێر هەمان بارودۆخدا، ئەوا پێشگری (in) تا هەنووکەش بەکارهێنراوە، تەنانەت لەو بنەچەی کە لێوەی فێربووینە، کە دوو شێوازی جیاکارییان هەیە، هیچ بەهایەکی نییە(indigne)، نەناسراوە(inconnu) .

به هەمان شێوە: (inutile بێسوودە)، (ناهونەرییە inesthetique)( ناپەسەند inavouable).

ئەم جیاوازییە، یەکێتی بیرۆکەکەی بەهیچ شێوەیەک هەڵنەوەشاندەوە، چونکە مانا و ئەرکەکە وا نمایان دەبن، کە هەردووکیان هاوشێوەن، زمانەکەش ئەوەی دەستنیشان کرد، کە ئەم شێوازە و شێوازی تر لە چ شوێنێکدا بەکاردەهێنرێت.

# بەشی چوارەم
# پێوەر

### ١. پێناسە و نموونەکان:

ئەوە ڕوون بووەوە کە پێشڤەچوونی دەنگ بە هێزێکی شلەژێنەر هەژماردەکرێت، ئەگەر جێگرەوەییەکان دروست نەبن، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئەمە دەبێتە هاریکار بۆ بەهەدەرچوونی وابەستەییە ڕێزمانییەکانی نێوان وشەکان، ژمارەی کۆتایی شێوازەکان بە شێوەیەکی بێسوود ڕوو لە زیادی دەکەن و ئالیەتە زمانەوانییەکەش دادەخرێت و ئاڵۆز دەبێت، تا ئەو ڕاددەیەی ئەو ناوازانەی گۆڕانی دەنگی بەرهەمدێنن و بەسەر ئەو شێوازانەدا سەردەکەون، کە لەژێر سایەی نموونەی گشتیدا کۆکراونەتەوە، و بە شێوەیەکی دیکەش تا دەگاتە ئەو ڕاددەیەی پرۆسەی هەرەمەکیبوونی ڕەها تێدا سەربکەوێت بەسەر هەرەمەکی ڕێژەیی.

لە خۆشبەختی ئێمەدایە، کە پێوەر لەگەڵ گۆڕانەکانی دەنگدا هاوتەریبە، هەموو هەمووارکردنە نادەنگییە سروشتییەکانی لایەنی دەرەکی وشەکان بۆ پێوەر دەگەڕێتەوە، پێوانەکردن نموونەیەکە و لاساییکردنەوەی بەردەوام گریمانە دەکات، یان پێشکەش دەکات، یان شێوازی پێوەرەکە شێواز و دارشتنێکی وایە، کە بەگوێرەی شێوازێک، یان بەگوێرەی شێوازێکی وا کە زیاتر پاشگر بێت و پەیڕەوی لە یاسایەکی دیاریکراو دەکات.

شێوازی ڕەفع (hener) لە زمانی لاتینیدا، بۆ نموونە شێوازێکی پێوانەیە، قسەکەران لە سەرەتادا ئەمەیان گۆ دەکرد (honòs: honòsem)، پاشان لەڕێگەی (rhotareizaion) (s) (honòrem: honos)، پاشان ئیدی ڕەگەکە دوو شێوازی بۆ پەیدابوو.

ئەم دوانەییە فەرامۆشکرا یان بەهۆی شێوە تازەکەوە (honor) لابرا و لەسەر بنەمای ئەم نموونەیە (orater: oraterem) داهێنرا، کە پاشان وەک هاوکێشەیەکی ڕێژەیی دەردەکەوێت:

òrátòrem:òrátor = honorem: X

X = honor

پێوەر بەم شێوەیەیە، بۆ ئەوەی ڕووداوە فرەجۆرەکان لەگەڵ گۆڕانە دەنگییەکەدا هاوتەریب و هاوسەنگ بن (honòrem:horom) یەکخستنی شێوازەکان دووبارە دەکاتەوە و پەیایەیبوونەکە دەگێڕێتەوە (henor horòrem).

قسەکەرانی فەڕەنسی بۆ ماوەیەکی درێژ دەیانوت:

il preuve, nous prouvons, ils preuvent.

بەڵام ئێستاکە دەڵێن:

(ئەوان جەخت دەکەنەوە – ils prouvent)، (ئەو جەخت دەکاتەوە – il prouve)، کە چەند شێوازێکیان تێدا بەکاردەهێنن، شیکردنەوەی دەنگی لەخۆناگرن.

هەروەها دەستەواژەی (ئەو حەز دەکات il aime) لە زمانی لاتینییەوە لە (amat) وەرگیراوە، کەچی (ئێمە حەزدەکەین – nous

aimons) لەسـەر شـێوازی پێـوەری وشـەی (amons)ە، پێویسـتە قسـەکەران بە هەمـان شـێوە بڵـێن: (amable) لەجیـاتی (ناسـک – ڕوح سووک) (aimable). هـەروەها لـە لاتینـی دەنگی (s)ی نێوان دوو بـزوێن دیـار نەمـا – eso – بـوو بە – eo – (ئەمـانە بەراورد بکە : gèneos for gènoesos).

هەروەهـا تـا ئێسـتا (s) لە کـاری داهـاتوو و کـاری ڕابـردوودا بـــەکاردەهێنرێت، ســـەرباری هـــاتنی لـــەنێوان دوو بزوێنـــدا، وەک(èlúsa,lúso). هەروەها (s) لە زمانی ئەڵمانیدا :

(Gást: Gast, Bálge:Balg.) بە شـێوازی دەنگـی هەژمـار دەکرێـــــــت، بەڵام شـــــــێوازی kranze:kraz (پێشـــــــووتر kránza:kranz)، Halse:Háls(پێشـووترhalsa ) دەگەڕێنەوە بـۆ لاساییکردنەوە و پێوەرەکەش بەدرێژی و وردی دەخـاتەڕوو، ئینجـا بەرەو سیســـتەمی بونیـــادی و وشەســـازی هەنگـــاو دەنێـــت، بەڵام سـەروانخوونە لەپـاڵ (Knanz:Kranz)، ئەم دوانـەییانە دەبینـین: (Tag:Tage) کە پێوەرەکەی لەبەر هەر هۆکارێک بێت ڕەتکردەوە.

بەمشـێوەیە ئـێمە نـاتوانین پێشـوەخت بڵێـین کە تـا چ ڕاددەیەک لاســاییکردنەوەی نمـــوونەکە یـــان هەر جۆرێـــک کە ڕایدەکێشـــێت بەردەوام دەبێت، زۆربەی شـێوازە تازەکـان پێویسـتیان بە پێـوەرێکی سەربەخۆ نییە.

کـاری تەواو لە زمـانی یۆنانیـدا خـاوەنی شـێوازی بکـەردیارە: (Pepheugamèn, Pèpheugas, Pèpheuga)، بەڵام هەموو شێوازە ناوەڕاستەکان بەبێ (a) لە ڕووی وشەسـازییەوە گۆڕانیـان

بەســـەردا هـــاتووە: (Pephugmetha, Pephugmai)، زمـــانی (هــۆمیرۆس)یش ئەوە ڕوون دەکــاتەوە، کە دەنگــی (a) لە حــاڵەتی (کۆ)دا لە دێرین زەماندا لابراوە، بە هەمان شێوەش لە حاڵەتی کۆی بکەردیاریشدا (eikion, idmen). پێوەرەکە بەگشتی لە قسەکەری تـاکی بکـەردیاردا دەسـتی پێکـردووە، و هەژمـوونی بەسـەر هەمـوو گـــۆڕانە واتـــاییە تەواوەکـــانەوە هەیە، ئەم پێشـــڤەچوونە شـــایانی تێبینیکـردنە، چـونکە لێـرەدا پێـوەرەکە پەیوەنـدی بەم دەنـگەوە (a) هەیە، کە لە بنجـدا تـوخمێکی وشەسـازیانەیە سـەبارەت بە ڕەگەکە (Pepheuga–man) پێکدەهێنێت – بە پێچەوانەوە – بەستنەوەی توخمی ڕەگی بە پاشگرەوە لە هەموویان باوترە.

دوو وشـــە یـــان زیـــاتر زۆرجـــاران بەســـن بـــۆ دروســـتکردنی شـێوازێکی گشـتی وەک نیشـانەی کۆتـایی لە زمـانی ئەڵمـانی پەتـی کۆندا، کارە بێهێزەکان (week verbs) وەک (haben,lobon) کە ئەم پاشـگرەی تێـدابووە (m)، لە (قســەکەری تــاکی ڕانــەبوردوو): .(habem,lobem)

(m) داتاشـراوە یان وەرگیـراوە لە چەنـد شـێوەیەکی هاوشـێوەی: (miverbz) لە زمـانی یۆنانیدا (bim, stam, gum. tuom) کە خـۆی تـەنیا کۆتـاییەکەی فەرزکـردنە سـەر هەمـوو ئەو گۆڕانـانەی بەســەر کـارە بێهێزەکانـدا دێـت. لێـرەدا تێبینـی بـکە، کـە پێوەرەکـە جیاوازی دەنگی پەراوێز ناکات، بەڵام میتۆدی شێوازەکە ناهێڵێت.

**٢. دیاردەی پێوەر گۆڕانی نییە:**

زمانەوانەکانی پێشوو لە سروشتی دیاردەی پێوەر تێنەگەیشتوون کە ناویانا (پێوەری درۆیینە)، ئەوان لەو گومانەدا بوون زمانی لاتینی بەهەڵەداچووبـــوو، کە ئەم وشـــەیەی (honor)ی داهێنـــابوو، کە پەیوەندی بەم نموونە بنەڕەتییەوە (honos) هەیە، سەبارەت بەوان هەموو شتێک لە حاڵەتە بنەڕەتییەکەی لابدات و بە (نامۆ ـ شاز) دادەنرێـت و وەک شـێواندنێک وایە بـۆ شـێوازە نمـوونەییەکەی. ڕاستییەکە ئەوەیە ـ لەڕێگەی سیفەتە حەیرەتبارەکانی کاتی ئەوان ـ لە حاڵەتە بنەڕەتییەکانی زمان شتێکی گەورە و تەواویان دەبینی، وەک بڵێی لە ئەنجامی ئەمە لە خۆیانیان نەپرسیوە، ئایا ئەم حاڵەتە حاڵەتی دی هاوشێوەی لەپێشدا هەبووە. هەموو ئازادییەک لەسەر ئەم بونیـــادە لێکـــۆڵرابێتەوە و بە (نـــامۆ و لادان) هەژمـــارکراوە، قوتابخانەی زمانەوانە تازەکان، یەکەم دەزگا بوو کە پێوەری لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی دانا، کە وتیان ـ لەپاڵ گۆڕانەکانی دەنگدا ـ کە پێوەر هێزی یەکەمە لە پێشڤەبردنی زمانەکاندا، پێوەر ئەو ڕێکارە یـــاخود میتـــۆدەیە، کە زمانەکـــان لە ڕێگـــایەوە لە حـــاڵەتێکی ڕێکخراوەیەوە بۆ حاڵەتێکی ڕێکخراوی دی بازدەدەن.

بەڵام ئایا ڕاستەقینەی دیاردەی پێوەرەکە چییە؟ خەڵک وا دەزانن کە گۆڕانـــەکانە، بەڵام ئایـــا ئەمە ڕاســـتە؟ هەمـــوو ڕاســـتەقینەیەکی پێوەریـــانە بە ڕۆڵ هەژمـــار بکرێـــت، ســـێ ڕەهەنـــدی هەیە (یـــان نوێنەرایەتی تێیدا سێ ڕۆڵ دەگێڕێت):

١. لاساییکەر: میراتگری شەرعی (بۆ نموونە – honòs).

٢. پێشبڕکێکەر.

٣ــ خەســڵەتی کــۆی پێکهێنــراو لەو دارِشـــتن و شــێوازانەی پێشبڕکێکەر دروست دەکەن.

(honorèm òrátor, òrátorem, etc)

پێویستە دەستوبرد نارەزایی دەربڕین لە شێوازی (honor)، کە شـــــێوازێکی هەمـــــوارکراوە (داتاشـــــراوە) (metaplasm) لە (honos)ەوە و بڵێین ئەم شێوازە زۆربەی زۆری ماددەکەی خۆی لە (honòs)ەوە وەرگرتووە، بەڵام ئەم تاکە شێوازەی هیچ ڕۆڵێکی لە بەرهەمهێنـــانی شـــێوازی (honor)دا نیـــیە ئەم شـــێوازەیە: (honos).

دەتوانین دیاردەی پێوەر بەم خشتەیە وێنا بکەین:

| شێوازە دێرینەکان<br>Tradiit onal forms | شێوازە تازەکان<br>new form |
|---|---|
| Honòs<br>(هیچ ڕۆڵێکی نییە) | Honerem houor òri tor, aratorem, etc.<br>(کۆمەڵەیەکی بەرهەمهێنەر) |

بەشـــێوەیەکی ڕوون (پێکهێنەرێکـــی لایـــی) (Parapla)لە لامـــان هەیە، بوونی یان دیاریکردنی پێشبڕکێکەر لەپاڵ شێوازە دێرینەکە، بەکورتی داهێنـان (دروسـتکردن). مـادام گـۆڕانە دەنگیـیەکە شـتێکی تـــازە بەبـــێ لابـــردن پێشـــکەش ناکـــات، لە پێشـــدا ( honorem replaces honosem) دێت، ئەوا شێوازە پێوەرییەکە پێویستی بە

وردەکـــاری و درێژکـــردنەوە، یـــان ڕوونکـــردنەوەی دوانـــەییە شاراوەکەی نییە.

بۆ ماوەیەک ئەم دوو شێوازە (Honor and honòs) بوونیان هەبوو و بە شێوازی ئاڵوگۆڕکردن بەکاردەهێنران، مادام لەلای زمان قەدەغەکراوە، کە دوو ئاماژە بۆ یەک بیرۆکە بپارێزێت، ئەوا شێوازە بنەڕەتییەکەی بە پرۆسـەیەکی بەردەوام و بەدوایـەکهاتوو هەژمـار دەکرێت و بە شـێوەیەکی تەواو دەچێـتە بـواری کەم بەکارهێنـان و نەمـان، ئەنجامەکەشـی لەو پێـدراوەدا دەسـتدەکەوێت، کە گـۆڕانەکە دەیبەخشـێت، کاتێـک پێـوەرەکە کـاری خـۆی تەواو دەکـات، ئەوا دژیـەکی نێوان حاڵەتە دێرینەکە (honor – honòrem) و حاڵەتە تازەکە بە شێوەیەکی فراوان لەو دژیەکە دەچێت، کە لە پێشڤەچوونی دەنگەکـــانەوە بەرهەمهـــاتووە، لەو چـــرکەیەی وشـــەی (honor) دروسـتبووە یـان تیایـدا دامەزراوە، بەهەرحـاڵ هـیچ شـتێک گـۆڕانی بەسـەردا نەهـاتووە، چـونکە (honor) شـوێنی هـیچ شـتێکی دیکەی نەگرتـووەتەوە و نەمـانی (honor) بە گـۆڕان هەژمـار ناکرێـت، ئەم دیـاردەیە بە سـەربەخۆ دادەنرێت و پەیوەنـدی بە یەکەمەوە نـییە، لە هەر شـــوێنێک بتـــوانین بە دواداچـــوون بـــۆ ڕەوشـــی ڕووداوە زمانەوانییەکـان بکەیـن، ئەوا بەرهەممهـاتنی پێـوەرانە دەبینـین، نەمـانی شێوازە کۆنەکەش دوو شـتی جودان، یـاخود جیاکـارن، لەم پێگەیەدا دەگەیـنە پایەکـانی گـۆڕان. شـوێنەواری پێـوەر لە گـۆڕینی شـێوازێکی دیـدا لاوازە، چـونکە زۆرجـار چەنـد شـێوازێک پێشـکەش دەکەن، کە شوێنی شتێکی دیکە ناگرنەوە.

زمانی ئەڵمانی دەتوانێت شێوازی بچووککردنەوە(biminutive) لە (chen) دروست بکات لە هەر ناوێکدا بێت لەگەڵ مانا بنەڕەتییەکەی یان لەگەڵ ئاماژە هەستییەکە، وشەی (Elephantchen) لە زماندا بوونی هەبوو، شوێنی شتێک ناگرێتەوە، کە ئێستا بوونی هەیە. بەرانبەر ئەمە و بە شێوەیەکی هاوشێوە لە زمانی فەڕەنسیدا لەسەر ئەم نموونەیە (peusion) توانیویانە وشەی (کۆنەپەرست) (reactionary)، کۆنەپەرستی reaction و (خانەنشین Pensiennaire) دروست بکەن.

دەکرێ لە کۆتایی شێوازەکان دابهێنرێت: (interventionnaire، repressionnaire) ماناکەی (ئەو کەسەی ئارەزووی دەستوەردان دەکات) و دووەمیش ماناکەی (ئەو کەسەی ئارەزووی چەوساندنەوە دەکات) ...هتد، شێوازەکەش هەمان شێوازە بە شێوەیەکی ڕوون وەک (بەرهەمهێنانی (houor)، هەردووکیان هەمان شێوازیان پێویستە.

(rèaction : rèactionnaire = repression: =rèpressionnaire)

بە هەرحاڵ لێرەدا کەمترین پاساو بۆ قسەکردن لەسەر گۆڕانی وشەی (rèpressionnaire) شوێنی هیچ شتێکی نەگرتووەتەوە، نموونەیەکی دیکە ئەوەیە هەندێک قسەکەری فەڕەنسی ئەم شێوازە پێوانەیە بەکاردەهێنن (Finaux instend of finals)، کە لە هەموو باوتر هەژمار دەکرێت. هەر کەسێک دەتوانێت ئەم سیفەیە دابهێنێت firmamental و ئەم شێوازەی کۆی پێ ببەخشێت Firmamentaux. ئایا پێویستە لەسەرمان بڵێین گۆڕانەکە لە

وشـــەی (finaux) لەئــاراداییە و داهێنــانیش لەم وشـــەیەدا هەیە (firmamentaux)؟، لە هەردوو حاڵەتـــدا داهێنـــان لەئــارادایە، قسـەکەرەکان لەسـەر بنەمـای ئەم نمـوونەیە (سـەراونخوون دەکـات enmurer): (دیـوار mur) ئەم شـێوازانەیان دارشـتووە: (کـراوە ajourer)، (ڕوونـــاکی jour) و (گەمـــارۆدراوە بە eutourer) (بەرێوەدەبات tour) (کارێکە پێویستی بە ڕووناکی هەیە in un travail ajoure)، مەبەستم کێشانی هێڵە ڕەنگاورەنگەکان هەیە: (laco werk)، بەڵام گەر وتم هەردوو وشەی:

(entorner and ajorner)، بەمشێوەیە دارێژراون torn and jorn ، کە هەردووکیــان لە مــاوەیەکی زوودا بەکــارهێنراون، ئایــا لێرەدا دەشێ ڕای خۆم بگۆڕم و بڵێم هەردوو وشەی (entourer (ajourer)) هەموارکردنەوەیەکە بۆ هەردوو وشە کۆنەکە؟ فریودانی گۆڕانی پێوەریانە لە دامەزراندنی پەیوەندی نێوان شێوازە تـازەکە و ئەو شـێوازەوە دێـت، کە شـوێنی گرتـووەتەوە، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چـــونکە شـــەو شـــێوازانەی کە وا پـــۆلێنکراون کە گۆڕانکـــارین (like honor) لە بنەڕەتەوە وەک ئەوە وایە بە داهێنـان نـاوزەدم کردن (like rèpressionnaire).

### ٣. پێوەری هێزی دروستکردن لە زماندا:

پـــاش ئەوەی ئەو شـــتانەمان ناســـی، کە پێـــوەر نـــین، ئەوا دەستدەکەین بە لێکۆڵینەوە دەربارەیـان بـۆ ناسـینی مـاهیەتەکەی، بە سـادەیی دەبینـین، کـە لەگـەڵ بنەمـای دروسـتکردنی زمـانەوانی بە هۆکارێکەوە پەیوەندی هەیە، ئایا ئەو بنەمایە چییە؟

لێـــرەدا پێـــوەرەکە دەرروونیـــیە، بەڵام ئەمە بەس نیـــیە بـــۆ جیـاکردنەوەی نێـوان ئەو و دیـاردە دەنگیـیەکە، چـونکە لەوانەیە بە هەمان شێوە بە دەرروونی هەژماربکرێت، پێویستە دوورتر بڕۆین و بڵێین پێوەر پرۆسەیەکی ڕێزمانییە.

وا گریمـانە دەکرێـت ئەو پەیوەنـدیەی لەنێـوان شـێوازەکاندا هەیە درکیـان پـێ بکرێـت و لێیـان تـێ بگەیـن، بەڵام پێویسـتە دەسـت لە پێوەرەکە وەربدات، تـا ئەو ڕێژەیەی بوترێت هـیچ بەراوردکارییەک لەگەڵ شێوازەکانی دی لە ئارادا نییە و ماناکەشی هیچ ڕۆڵێکی کارای لە گواستنەوە لە (s)ی نەبزوێنی ناوخۆییەوە بۆ دەنگی (r) لە زمـانی لاتینیـدا نیـیە. فـۆرمی ئەم شـێوازە honòsen بـۆ honòrem گـوازراوەتەوە. شـێوازێکی دیـکە پێویسـتە پـێش بخرێـت تـاکو ئامادەسازی بکات بۆ دەرکەوتنی شێوازی (honor) لەپاڵ شێوازی honòs . ئەمەش لەم هاوکێشە ڕێژەییەدا دەردەکەوێت:

árátòrem: árátor = houòrem: x

X = honon

کـۆکردنەوەی تـازە هـیچ بنەمـایەکی نابێـت ئـەگەر بیـر شـێوازی دارشـــتنەکانی لە ڕێگـــای ماناکـــانییەوە کۆنەکـــاتەوە، ڕێزمـــانیەتی بەردەوامـن، بەڵام بـا کـار لەسـەر ئەوە بکەیـن ئـەنجامە کۆتـاییەکە ــ دروسـت کـردن ــ زیـاد بکەیـن، کە یەکەمجـار تـایبەتە تـەنیا بـە قسـەکەران، کە ئەمـەش ئـەنجامی شـێوازی دارشـتنی یەک قسـەکەرە، لێرەدا پەراوێزی زمـان ئەو شـوێنە دەبێ، کە پێویسـتە ئەم دیـاردەیە

تیایدا بگەڕێت، کە تا ئێستا دوو مەسەلە هەن، دەبێ دوورەپەرێز ڕابگرین.

أ/ درککردن بەو پەیوەندیەی شێوازە بەرهەمهێنەرەکان بەیەکدی دەبەستێتەوە.

ب/ ئەو ئەنجامەی لە بەراوردکردنی شێوازە سەرپێیەکەی قسەکەرەکەوە بەدەستهاتووە، بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونی هەمان ئەو قسەکەرە، سەرئەنجام پەیوەندی تەنیا بە قسەکەرەکەوە هەیە.

هەروەها پێوەر مەزنترین نموونەیە بۆ جوداکردنەوەی زمان و ئاخاوتن، پێوەر پرۆسەیەکە ئەوەمان پێ نیشان دەدات، کە دووەم پشت بە یەکەم دەبەستێت، هەروەها ئاماژە بە کرۆک و جەوهەری ئالیەتی زمانەوانی دەکات. هەروەک پێشتر باسمان کرد، هەر داهێنان و دروستکردنێک پێویستە بەراوردکارییەکی ناهۆشیارانە بۆ ئەو بابەتانەی لەپێشدا بێت، کە لە کۆگە زمانەوانییەکەیدا قەرارەگیربووە، کە شێوازی بەرهەمهێنانی تێیدا ڕێکخراوە، ئەویش بەگوێرەی ئەو پەیوەندییەی بەستراوەتەوە بە سیاق و پێکهاتە و یاوەریەکانی.

بەشی گەورەی دیاردە پێوەرییەکان تەواو بووە، پێش ئەوەی شێوازە تازەکە سەرهەڵبدات.

ئاخاوتن هەمیشە سەرقاڵی دروستکردنی یەکەکانی خۆیەتی، ئەم چالاکییە تەنیا هەموو ئەگەرەکانی قسەکردنی کاریگەرانە ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو توانا و ئەگەرانە دەگرێتەوە، کە بۆ دارشتنی شێوازی پێوەریانە بەکاردەهێنرێن، هەڵەیە گەر گریمانە بکەین، کە

پرۆسەی بەرهەمهێنان لە حاڵەتێکدا کاردەکات، ئەگەر شێوازی تازە سەرهەڵبدات، بەشێوەیەکی کردەیی توخمەکان هەمیشە لەوێدان. ئەو وشەیەی تازە پێکهێنراوە وەک (in – decerable ) هەمیشە بەزۆر بوونێکی هەیە لە زماندا و هەموو توخمەکانی لەم پێکهاتانەدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە:

گوێڕایەڵ mani able، پۆزش pardonn – able، زینەت decor – ation، دەڕازێنێتەوە décor – er، نەناسراو in connu شێت in – sonsè.

هەنگاوی کۆتایش لە پیادەکردندا لە بواری ئاخاوتن بە مەسەلەیەکی سادە هەژماردەکرێت، ئەگەر بەراوردبکرێت لەگەڵ شێوەی ئەو هێزانەی وای لێ دەکەن ئەگەری بوونیان هەبێت. بەکورتی پێوەر لە خودی خۆیدا بە یەک لایەنی دیاردەی شرۆڤەکردن هەژماردەکرێت، کە یەکێکە لە دیاردەکانی چالاکی گشتی، کە بەهۆیەوە یەکەکانی بەکارهێنانی دوایی گەلاڵە دەکات. ئەمەش ئەو هۆکارەیە لە پێناویدا وتوومە پێوەر بەتەواوەتی بە ڕێزمانی وەسفی هەژماردەکرێت.

خەسڵەتی ڕێزمانی وەسفیی پێوەر دوو تێبینی پێشکەش دەکەن، کە بۆچوونەکانم دەربارەی هەرەمەکیبوونی ڕەها و ڕێژەیی دەسەلمێنن.

١ــ دەکرێ وشەگەلێک ئامادە بکرێن، بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی وشەگەلێکی دی، تا ئەو ڕاددەیەی بتوانن خۆیان هەڵبوەشێننەوە. وشە سادەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو بەرهەمهێن

نین (ئەمانە بەراورد بکە: ڕەگ racine (درەخت abre) (کۆگە mahesin) وشەی پاسەوانی کۆگە (magasinier) بەهۆی (magasin)ەوە بەرهەم نەهاتوو، بەڵکو لەسەر شێوازی ئەم نموونەیە داڕێژراوە (زیندان driscn) (زیندانی prisonier) ...هتد.

بە هەمان شێوە وشەی با نیگەران بێت emmagisiner، شارەکە بە بوونی بۆ پێوەر بەم وشانەوە (تەربوش لەبەر دەکات) encaquchonner و (شێوە – encadrer) و (بۆینباغ enmailloter...هتد.

ئەم وشانە لەخۆ دەگرێت: (تەربوش – کڵاو) capuchon و (شێوە) (maillot,cadre) مەلۆتکەی منداڵ.

هەموو زمانێک وشەگەلی بەرهەمهێن لەخۆ دەگرێت، کە بە ڕێژەیی هەمەجۆر دامەزراون، ئەمە بۆ ئەو جوداکاریەمان دەگەڕێنێتەوە کە لەنێوان زمانە فەرهەنگی و ڕێزمانییەکاندا هەیە. زۆربەی زۆری وشەکانی زمانی چینی هەڵنەوەشاوەن، لە زمانی فەرمیدا تاڕادەیەک زۆرجاران وشەکان بەمشێوەیە دەبن، زمانی ئیسپرانتۆ (Esperabtist) ئازادیەکی بێسنووریان هەیە لە بونیادنانی وشەگەلی تازە بەگوێرەی ڕەگێکی دیاریکراو.

٢- ئێمە بینیمان هەر داهێنانێک پێوەرێکە و دەکرێ وا وێنابکرێن، کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی هاوشێوە زۆرجار ئەم شێوازە پەیڕەو دەکات بۆ شرۆڤەکردنی دیاردەی داهێنانی پێوەریانە، بەڵام ئێمە وامان بینی، کە شرۆڤەکەی لە شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوە و دووبارە بونیادنانەوەی ئەو توخمانەیە، کە زمان پێشکەشیان دەکات.

ململانێـیەک لە نێـوان هەردوو چەمکـدا هەیە، ئەگەر ڕێژەیـی یـان بەشبەشبوون بە شـرۆڤەیەکی پەسـەند هەژمـار بکرێت، ئیدی بۆچی هەڵوەشـاندنەوەی توخمەکـان شـرۆڤە دەکرێـت؟ بـۆ داڕشـتنی (indecorable) هیچ گرفتێک لەئارادا نییە بۆ دەرکردنی توخمەکانی (in – acor – able). ئەوەی پێویستمانە بیکەین ئەوەیە هەموویان وەرگرین و بیکەینە ناو ئەم هاوکێشەیەوە:

Pardoner:impardonnable, etc = dècorer: x

X = indècorable.

لێرەدا هیچ پرۆسەیەکی ئاڵۆز لەئارادا نییە وەک: شیکردنەوەی بە ئەنقەست لەلایەن ڕێزماننناسـەکانەوە خراوەتە ئەستۆی قسـەکەر، لەم دوانـەییانەدا: (krantz: kránze modeled on Gaste:Gáste) و ئیـدی بەمشـێوەیە دەبینـین هەڵوەشـاندنەوە وا پێـدەچێت ئەگەری سەرهەڵدانی کەمتر بێ ـ لە بەرەیژەبوون، مادام ڕەگی نموونەکە بۆی هەیە بەمشێوەیە بێت :( Gast – or Gást). خەسڵەتی دەنگ لە وشـەی (Gaste) لەوانەیە بە سـادەییەوە بـۆ وشـەی (kranze) گوازرابێتەوە.

ئەم دوو تیـۆرە کامیـان لەگـەڵ ڕاسـتەقینەکاندا گونجـاون؟ (لەگـەڵ ئەو بـاوەڕەی کە وشـەی kranz پرۆسـەی شـیکردنەوەکە پەراوێـز ناخات، پرۆسەی جێگرەوەیمـان لە ڕەگ و پێشـگرەکان تێبینـی کرد و هەستمان بەوە کرد جێگرەوەیی بۆی هەیە لەپاڵیدا شیکردنەوەیەکی ئەرێنی دروست بکات.

ئەو دوو چەمکەی بەرانبەر یەکدین لە دوو لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی جودادا ڕەنگدەدەنەوە، ڕێزماننناسەکانی ئەوروپا مامەڵە لەگەڵ بەش دەکەن، ئەوان شێوازی کاری ڕابردوو لە زمانی ئەڵمانیدا شرۆڤە دەکەن، ئەویش بە دەستپێکردن لە وشە هەمەکیەکەوە. لە سەرەتاوە داوا لە قوتابی دەکرێت، کە کاری ڕابردوو لە (Lachen) دابڕێژێت لەسەر ئەم نموونەیە:

(setzen:setzte)، بەرانبەر بەمە ڕێزمانی هیندی باس لەم ڕەگانە دەکات: (setz –, lach–, etc.) لە بەشەکان و کۆتاییەکانی کاری ڕابردوودا (-te, etc.) لە بەشێکی دیکەدا. ئەنجامی شیکردنەوە ئەوەیە، کە پێویستە لەم توخمانەوە دەستنیشان بکرێن و پێویستیشە هەموو وشەکان بوونیاد بنرێنەوە.

کار لە هەموو فەرهەنگێکی سانسکریتیدا ڕێکوپێکن بەگوێرەی ئەو سیستەمەی، کە بۆ ڕەگەکانی دەستنیشانکراون، داڕێژەرانی تیۆری ڕێزمان کەمەندکێشی میتۆدە باوەکەن، کە لە گروپە زمانەوانییەکەی خۆیاندا هەیە.

زمانی لاتینی کۆن میتۆدی شیکاری پێ باشترە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە: ژمارەکان لەم دوو وشەیەدا لەیەکتر ناچن : fáciò and agò هەرچەندە fáctus and áctus هەیە، کەچی پێویستە بڵێین کە áctus بۆ ágtos دەگەڕێتەوە و درێژکردنەوەی بزوێنەکە بۆ ئەم نەبزوێنە دەنگبەرزە دەگەڕێتەوە، ئەم گریمانەیەش بەتەواوەتی لە زمانە ئەوروپیەکاندا چەسپاوە و کاری پێ دەکرێت.

دژیـەکبوونی ئەم دووانەییـانە spèctus:spèciò بەرانبـەر tèctus:tègò بەسـەر زمـانی فەڕەنسـیدا ڕەنگـی داوەتەوە: (=bespectus)هەرچەندە depit (=tectubs)، هەرچەندە بنمـیچ toit لەئارادا هەیە.

بەڵام ئەم وشانە: (regtes, agtes, tegte) لە هیندۆ ئەوروپیدا بۆمـاوەیی نەبـووە، کە بێگومـان ئەمانەیـان تیـادا هەبـووە( aktos, tektos, etc). زمانی لاتینی پێش مێژوو ئەمەی ناسیوە، هەرچەندە درکانـدنی نەبزوێنـی گڕ پێش دەنگی کپ سـەختە، ئەم حـاڵەتە بـۆی هەبوو بکرێت تـەنیا بەهـۆی زانـین و شـارەزابوونی وردی ئەم یەکە ڕەگیانە (. - reg –, eg –, teg). هەستکردنی گشتی بە بەشـەکانی وشـــەکان (ڕەگەکـــان، پاشـــگرەکان، .... هتـــد) و سیســـتەمەکەیان هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی لە زمانی لاتینی دێریندا بەهێزبن.

هەستکردن لە زمانە هاوچەرخەکاندا پرۆسـەیەکی ورد نییە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لە زمـانی ئەڵمانیـدا زیـاتر بەهێزتـرە لە زمـانی فەڕەنسی.

# بەشی پێنجەم
# پێوانە و پێشڤەچوون

## ١. ئایا چۆن نوێکردنەوەی پێوەر دەچێتە ناو زمانەوە:

هـیچ شـتێک نـاخزێتە نـاو زمـانەوە، ئـەگەر بە ئاخـاوتن تـاقی نەکرێتەوە، هەمـوو دیـاردەیەکی پێشـکەوتووش ڕەگ و ڕیشـەی لای تـاک هەیە ــ ئەمە ئەو بنەمـایەیە کە پێشـووتر ئاماژەمـان پێـدا ــ بەشێوەیەکی تایبەت لەسەر نوێبوونەوەی پێوەریانە پیادە دەبێت.

پێش ئەوەی وشـەی (honor) ببێتە ڕکابەرێکی بەهێز، کە توانـای ئەوەی هەبێ جێی وشـەی (honos) بگرێتەوە، دەبوایە یەکێک وشـە تـازەکە دابهێنێـت و دروسـتی بکـات، پاشـان ئەوانـی دیـکە لاسـایی بکەنەوە، تاکو لە چوارچێوەی بەکارهێنانێکی ڕاست و دروستدا خۆی بسـەپێنێت، بەڵام هەمـوو نـوێکردنەوەیەکی پێوانـەییانە ئەم دەرفەتەی بــۆ نارەخســێت. ئەو کۆبــوونەوانەی لە ڕووی گەشەســەندنەوە نوقسـانن، کە زمـان ناتوانێـت پەسـەندیان بکـات، هەمیشـە بوونیـان هەیە، منــداڵان لەبەر ئەوەی ئامــادەیی بەکارهێنــانێکی دروســتی زمانەوانیـان تیـادا نییە، هەروەهـا نـاتوانن ورد و درشـتەکانی زمـان بەباشــی بــزانن، قســەکانیان بەم شــتانە کەڵەکە دەکەن: لە زمــانی فەڕەنســیدا منداڵــەکان دەڵــێن:(viendre )لــەجیاتی(venir)(دێــت) بــەکاردێنن و (mouru)لـەجیـاتی (mort)(مـردوو) بـەکاردێنن، بەڵام گەورەکـانیش بەهەمـان شـێوە بەکاریدەهێنن، بـۆ نمـوونە خەڵکـانێکی زۆر دەڵێن: (traisait) (کە بە شێوەیەکی دینامیکی لە پەڕتووکەکەی

ڕۆسـوّدا بەدی دەکرێـت) لەجیـاتی (شـیر دەخەواتەوە) (trayait).
هەمـوو ئەم داهێنـان و نـوێکردنەوانە بەتەواوەتـی بەدوای یەکدا دێن، بە هەمـان ئەو شـێوەیەی زمـان پێـی پەسـەند کـرا شـرۆڤە دراوە، بـۆ نموونە وشەی (viendre) لەم هاوکێشەیە دادەمەزرێت:

eteindrai : èteindre = viendrai = (viendre)

هەروەهـا وشـەی (traisait) لەسـەر ئەم نمـوونەیە دارێـژراوە: (ئێزن وەردەگرێت – piaisait) (بەڕوخسەت plaire) .. هتد.

زمان تەنیا ڕێژەیەکی کەمی داهێنانەکانی قسەکەران پارێزگاری لێ دەکـات، بەڵام ئەو داهێنانـانەی دەمێنـنەوە زۆرن، تـا ئەو ڕاددەیەی بەشـی گـۆڕانی هەمەکـی دەکـات بـۆ ڕواڵەتـی وشـەکانی زمـان و ڕێزمانەکەی، ئەویش لە چەند ماوەیەکی جودادا، وەک ئـەنجامێک بـۆ ئەو شتانەی لە بەشـی پێشـوودا وتمـان، لە لامـان ڕوون بـووەوە، کە پێوەر بە تەنیا ناتوانێت ببێتە هێزێک بۆ پێشخستنی ئەم گۆڕانە یەک لە دوای یەکەی شێوازە کۆنەکان و ئاڵوگۆڕکردنیان بە شێوازی تـازە بە بەهێزتـرین ئادگارەکـانی ئـاڵوگۆڕ و گـۆڕان لە زمانەکانـدا هەژمـار دەکرێت.

لە هەر ماوەیەکـدا شـێوازێکی دیـاریکراو و تـازە دەردەکەوێـت و ڕکـابەرەکەی خـۆی لادەبـات، بە شـێوەیەکی سروشـتی شـتێکی تـازە دروست دەبێت و شتێکی دیکە واز لـێ دەهێنێت، ئـەنجامەکە ئەوەیە کە پێوانـەی بوارێـک و چوارچێـوەیەکی گرنـگ و بـاڵا دەگـرێتەوە لە تیـۆری پێشـکەوتندا، ئەمەش ئەو خـاڵەیە خوازیـاری جەختکـردنەوەم لەسەری.

**٢. داهێنانە پێوانەییەکان هێمان بۆ گۆڕانی شرۆڤەکردن:**

زمـان بە هـیچ شـێوەیەک ڕاناوەسـتێت لەوەی یەکەکـانی خـۆی هەڵبوەشێنێتەوە و تیشک بخاتە سەریان، بەڵام بۆچی شرۆڤەکردنی بەردەوام لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە جیاوازی هەیە؟ پێویستە لەنـاو ڕێژەیەکـی زۆری هێزەکانـدا بەدوای هۆکـارەکەدا بگەڕێـین، کە بەردەوامی شیکردنەوەی بونیادنراوەکان دەخەنە ژێر باری هەڕەشـە و مەترسـییەوە، ئەویـش لە حـاڵەتە زمـانەوانییە تایبەتیەکانـدا ناوەڕۆکەکانیتان بیر دەخەمەوە.

یەکەمـین و گرنگتـرین هێـز پێشـڤەچوونی دەنـگە (بـڕوانە بەشـی دووەم)، ئەنجامـدانی چەنـد ڕێکـارێکی تەمـومژاوی و شـیکردنەوەی یاساغ و بێ ئەنجام، وا لە گۆڕانەکـانی دەنگ دەکات، کە کـار لەسـەر بارودۆخ و ئـەنجامەکانی شـیکردنەوە بکەن، بەمشێوەیە سنوورەکان و سروشتی یەکەکـان گۆڕانیـان بەسـەردا دێت، سـەرباری ئەم ,وشـە لێکدراوانەی وەک:

(beta – hús , redo – lèch)

هـەروەها دارِشـتنی ناوەکـان لە زمـانی هینـدۆئەوروپی بنەڕەتیـدا، هەروەهـا جـگە لەوانەی ئاماژەمـان پێـدان، پرۆسـەی (لکانـدن)یش لەئارادا هەیە(دواتر باسـی لێوە دەکەیـن)، کە کـۆمەڵە توخمێک لەخـۆ دەگرێـــت، کە یەک بونیـــاد و یەک یەکە پێکـــدەهێنن، هەمـــوو بارودۆخێکیش وێنا بکرێت ـ هەرچەندە دەرەکیش بێت) بـۆی هەیە شـیکردنەوەی کێشـەکان هەمـوار بکـاتەوە، چـونکە ڕوونبـووەتەوە کە شـــیکردنەوە لەبەر ئەوەی ئـــەنجامی کـــۆمەڵە بەراوردکـــارییەکە،

بەبەردەوامـــی پشـــت بەو بـــارودۆخە دەبەســـتێت، کە یـــاوەری زاراوەکەیە. شێوازەی (پلەی باڵا) لە زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتیدا هەیە: (swád – is – to–s) دوو پاشگری سەربەخۆیان گرتووەتە خۆیان ( - is - ) (پلـەی باڵا) لەخۆ دەگرێت: (ئەمانە بەراورد بکە: (mag– is – latin) – to ئەو شـوێنە دەستنیشـان دەکـات، کە بەرکـارەکە لە کـۆمەڵەکەدا تـازە دەکـاتەوە (بەراورد بـکە: سـێیەم Greek ( (Greck tri – to – s)، هەردوو پاشگرەکە نووساون (hèd – isto – s, or rarher hèd – ist – os

بەڵام لکانـــدن بەشـــێوەیەکی گەورە لە ئەنجامـــدا پاڵپشـــتکرا بە ڕاسـتییەکی پەیوەسـتدار بە چەمکێـک یـان بە بیرۆکەیـەکـی شـێوازی (پلـەی بـاڵا): شـێوازەکانی (پلـەی بـاڵا) لە کـاتی بەکارهێنـانی (is-) لابـران و شـێوازی ئەوتۆیـان لەجیـاتی دانـران، کە ئەم پاشـگرانەیان پێـوەیە (jos-) ، تەنـانەت (si-) تـا مـاوەیەکی زۆر نەدەزانـرا کە توخمێکی سەربەخۆیە، بەڵام زۆر بەجودایی لە (isto -) نەمایەوە.

ئـێمە لە ئاراســتەبوونمان بەرەو ڕەوشـــە گشــتییەکە کـــار بـــۆ کـۆکردنەوەی ڕەگەکە دەکەیـن، بە یـارمەتی ئەو تـوخمەی شـێوەکەی دروستکردووە، بەتایبەت کاتێک پێشگرەکە بە بزوێنێک کۆتـایی دێت، ئیدی بەمشێوەیە، پاشگری(tát) لە لاتینی زاڵ دەبێت:

(vèro – tát- em)، و لـە لـەجیاتی(veri – tát – em ) لاتینی(deinò-tet-a)، دەنگی (i) لە ڕەگی وشەکە ئەم شیکردنەوەیە پێشکەش دەکات: (ver – itat – em) و بە هەمان شێوە:

(ròmá – nus, albá – nus)

هەروەها سەیری (aenus) لەجیاتی(aesno - s)، کە بووە بە:
(Ròm – ánus, etc)

چۆنێتی سەرەتای گۆڕانەکان لە پرۆسەی شرۆڤەکردن هیچ گرنگ نییە و هەمیشە بەبەردەوامی لەڕێگای بوونی شێوازەکانی پێوەرەوە لە ڕاستەقینەکاندا دەردەکەون، ئەگەر قسەکەران لەکاتی پێویستدا درکیان بە یەکە زیندووەکان کرد، ئەوا خودی خۆیان دەتوانن شێوازە پێوانەییەکان دروست بکەن، هەموو دابەشبوونێکی دووبارەی دیاریکراوی یەکەکان بە هەمان شێوە پێویستیان بە ماوەیەکی وا هەیە، تاکو بەکاربهێنرێن، لەبەر ئەوە پێوانە بە بەڵگەیەکی ئەرێنی هەژمار دەکرێت لەسەر ئەوەی توخمی شێوەکاری لە ماوەیەکی دیاریکراودا بوونی دەبێت، بەو حیسابەی یەکەیەکی ئاماژەکارە.

بەکارهێنانی(meridiònális)(لاکتانیۆس) لەجیاتی(meridialis)
ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە دابەشکردن بەمشێوەیە بووە:
(regi- orális,septemtrt – ònális) بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە پاشگری (tat) بەهۆی ئەو توخمەوە زیادی کردووە، کە لە ڕەگەکەوە قەرزکراوە، بە بەڵگە دەیهێنینەوە:

celer – itátem, pág – anus.

کە لەسەر شێوازی (pag – us) بونیادنراوە، تاکو بەس بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چۆنێتیەی کە قسەکەران ئەم وشە لاتینیە Ròm – ánus و وشەی (redlich)یان شیکردووەتەوە.

بەهـۆی بـوونی شـێوازی (sterblich) کە لەگـەڵ ڕەگێکـی کـاردا داڕێژراوە ڕوون بووەتەوە، کە نموونەیەکی ڕوونی نائاسایی چۆنێتی کارکردنی پێوانە دوور لە یەکە تازەکان لە ماوەی جودادا کاردەکەن ڕوون دەکاتەوە. لە زمانی فەڕەنسی تازەدا ئەم شێوازانە هەن:

(خەواڵـوو somnolent) لـە فەرەنسـی هاوچەرخـدا شـرۆڤەی (somnol-ent) بۆ کراوە و هەروەک بڵێی ڕابردوویەکی بەردەوام بـووە و بەڵـگەش لەســەر ئەوە بـوون و هێشــتنەوەی کــارەکەیە (خەواڵوو بووە) somnoier، بەڵام دابەشکردنەکە لە زمـانی لاتینیدا بەمشێوەیە بووە:

somno – lentus, succu – lentus, etc.

پێش ئەمەش بەمجۆرە بووە:

(بۆنی خەو دایگرتووە somn–olentus)، (بۆنی مەی دایگرتووە (vin- olentus

ئـەو ئەنجامـەی کـە لە هەمـووی ڕوونتـر و گرنگتـرە بـۆ پێـوەر، شـێوازگەلێکە لە تـوخمە زینـدووەکان دروسـت بووبێـت و لەگــەڵ شێوازە نامۆ و دێرینەکان کە خەریکە نەمێنن، گۆڕانیان پێ بکرێت و ئاڵوگۆڕیـان پێبکرێـت، بێگومـان شـتەکان هەمیشـە ئاوهـا بەئاسـانی بەڕێوەناچن، ئەداکردنی زمان زۆرجاران دووچاری شڵەژاوی دەکات و تووشـــی گـــۆڕان و شـــیکردنەوەی بەشـــبەش و خەملانـــدنی نزیککردنەوە دەبێت. لە هیچ کاتێکدا گۆڕانی سیستەمێکی چەسپاوی یەکەکـان نەبـووە، ئەوەی وتـراوە دەربـارەی وشـەی (ekwos) بەرانبـەر بە (pods) مەسـەلەیەکی ڕوونە، کە شـیکردنەوەیەکی کەم

و کـورت هەنـدێک جـار پەل بـۆ شـێواندنی داهێنـانە پێوانـەییەکـان دەکێشێت.

شێوازی هیندۆ ئەوروپییە بنەڕەتییەکان وەک:

geus – etai, gus – tos, gus – tis

دەرەفەتی دەرچوونی ئەم ڕەگانەمان بۆ دەرەخسێنێت:

(geus, gus)، بەڵام دەنگـی (s)ی نەبزوێنـی نـاوخۆیی لە زمـانی یۆنانینـــدا لادەکەوێـــت، بە شـــیکردنەوەی هەردوو ئەم شـــێوازە: (geustòs, geúomais) لەسەر ئەو بنەمایەی وتمان تەمومژاوییە، لێـرەدا سـەراونخوونەکە دروسـت بـوو، ئەوا ڕەگەکە دەریشـهێنرا، هەندێک جار ئەمە دەبووە (-geus) و هەندێک جاری دیکەش ئەمە دەبووە (-geu).

کەواتە پێوانـە دەبێـتە بەڵـگەیەک بـۆ ئەم سـەراونخوونە، چـونکە تەنانـەت ئـەو ڕەگانـەی لە حـاڵەتی (-eu)، ئـەوا کۆتاییـان (s) وەردەگرێت، بـۆ نمـوونە: (pneúma, pneu)، ئاوەڵناوەکـەش لـە (pneus-tòs) وەرگیـراوە، بەڵام پێوانـە کـار لە زمـان دەکـات، تەنانەت ئەگەر (دەڕۆم بە ڕێگاکەدا groping) تەتەڵەکردنی زمانیش لەئـارادا هەبـووە، چـونکە پێوانـە لە خـودی خۆیـدا بە ڕاستەقینەیەکی پێشـــڤەچوویی هەژمارناکرێـــت و بەشـــێوەیەکی ئاســـایی دەبێـــتە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانانەی کار لە پیادەکردنـی زمانەوانی دەکەن و دەرفەتیان دەدەنێ، ئەویش لە بواری پرۆسـە تازەکـانی کۆکردنەوەدا، ئەو بەشـێوەیەکی تـەواو بەشـدار دەبـن لە هەمـوو ئەو هێـزانەی بە بەردەوامـــی شـــێوازی بونیـــادی دەربـــڕینەکە هەمـــوار دەکەن،

بەمشێوەیەش بە هێزێکی کارای پێشکەوتن ـ پێشڤەچوون هەژمار دەکرێت.

**٣. پێوانە هێزێکی نوێکەرەوە و پارێزەرە:**

جاری وا هەیە مرۆڤ ناچار دەبێ پرسیاری ئەوە بکات داخۆ پێوانە بەشێوەیەکی کردەیی خاوەنی ئەو گرنگیەیە، کە لێرەدا پێی دەدرێت، ئەگەر کاریگەریەکەی یان کاراییەکەی دەگاتە ئاستی گۆڕانەکانی دەنگ، ئینجا بەو حسیابەی ڕاستەقینەیەکە، ئەوا مێژووی هەموو زمانێک گوزارشت لەو کەڵەکەبوونە دژیەکەی ڕاستەقینەکانی پێوانە بە شێوەیەکی هەمەکی دەکات، ئەوا ئەم هەموارکردنە بەردەوامانە ڕۆڵێکی گرنگ لە پێشڤەچوونی زمانەوانی دەگەیەنێت، زیاتر لەوەی گۆڕانەکانی دەنگ دەیانکات، بەڵام شتێک بەتایبەتی بە لای زمانەوانەوە گرنگە لەو بونیادە زۆر و چڕەی دیاردە پێوەرییە داڕێژراوەی، کە لە ماوەی چەندەها سەدە پێشڤەچوونی بەخۆوە بینیوە، زۆربەی زۆری توخمەکان ماون، بەڵام تەنیا بەشێوەیەکی فرەجۆر و هەمەچەشن دابەشبوون، نوێکردنەوەی پێوەر لە بنجەکەدا ڕوونترن، زمان وەک پۆشاکێکە بە پارچە قوماشەکانی خۆی داپۆشراوە.

چوار لەسەر پێنجی زمانی فەڕەنسی لە زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتییەوە وەرگیراوە، ئەویش گەر بڕوانینە ئەو ماددەیەی ڕستەکان پێکدەهێنێت، بەڵام ئەو وشانەی بەگشتی بەبێ ئەوەی گۆڕانێکی پێوانەییانەیان بەسەردا بێت لەلایەن زمانی زگماکەوە بۆ

سەر زمانی فەرەنسی هاوچەرخ، بارستاییەکەی لە لاپەڕەیەک زیاتر تێناپەڕێت، بۆ نموونە:

(لووت – nez) (هەڵدەگرێت numbers, words like ours, esti...)، (سەگ chien)، (باوک pere).

زۆربەی زۆری وشەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرجەستەکردنی تازەی توخمەکانی دەنگن، کە لە شێوازی کۆنەوە وەرگیراون، پێوانە بەم مانایە - لەبەر ئەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە هەمیشە ماددە کۆنەکە بۆ پرۆسەکانی نوێکردنەوە بەکاردەهێنرێت ــ بەشێوەیەکی بەرچاو بە فاکتەرێکی پارێزگار هەژمار دەکرێت، بەڵام پێوانە ڕۆڵێکی هاوسەنگانەی گشتی هەیە بەو حیسابەی هێزێکی پارێزگار و پاک و سادەی هەیە، ئەو تەنیا لە کاتی دووبارەبوونەوەی دابەشکردنی بابەتە دێرینەکان لە یەکە تازەکاندا دەستوەرنادات، بەڵکو بەهەمان شێوە دەستوەر دەدات کاتێک شێوازەکان بەبێ گۆڕان دەمێننەوە.

با جەخت لەسەر ئەمە بکەینەوە، کە وتمان و ڕوونی بکەینەوە، ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بڵێین داهێنانی پێوانەییانە و ئالیەتی ئاخاوتن یاسای هاوبەشیان هەیە.

شێوازی وشەی (agunt) لە زمانی لاتینیدا هەمیشە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لە ماوەی پێش مێژوودا دەگوازرانەوە (ئەویش کاتێ خەڵکی agonti گۆیان دەکرد) تاکو قۆناغی ڕۆمانی، لەدوای ئەوە لەو ماوەیەدا ئەم شێوازەیان بەبەردەوامی بەکاردەهێنا، بەبێ ئەوەی شێوازێکی ڕکابەر هەبێت

جێی بگرێتەوە. لێرەدا پێوانە ڕۆڵی لە پارێزگاریکردنی ئەم شێوازەدا بینیوە، چەسپاندن و بەردەوامبوونی شێوازی (agunt) لەو کارانەیە کە بەتەواوەتی پێوانە ئەنجامیان دەدات، وەک ئەوانەی لە هەموو پرۆسەیەکی نوێکردنەوەدا ئەنجام دەدرێت، شێوازی تەواو لە سیستەمدا بەمجۆرە شێوازانە پاڵپشت دەکرێت و بەهێز دەکرێت، وەک: (dicunt, legunt)، هەروەک بەتەواوەتی بەم دوو شێوازە (agimnus, agitis) و هاوشێوەکانی پاڵپشتکراوە. لە دەرەوەی ئەم شێوەیەدا شێوازێکی وەک (agunt) بۆی هەیە شێوازێک جێی بگرێتەوە، کە پێکهاتووە لە توخمگەلی تازە، ئەوەی گوازرایەوە شێوازی (agunt) نەبووە، بەڵکو (ag – unt)بووە، شێوازەکە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، چونکە ئەم پێشگرە (-ag) و ئەم پاشگرە (-unt) بە شێوەیەکی بەردەوام لە کۆمەڵەی دیکەدا دەردەکەوێت، ئەوەی هاریکارە و پاڵپشتی ئەم شێوازانە دەکات لە سەرەتاوە تا کۆتایی پارێزگاری لەم شێوازانە دەکات: (بە هەمان شێوە ئەمانە بەراورد بکە: (sex – tus) کە پاڵپشتکراوە بە دوو کۆمەڵەی ئاوێتە یان دوو کۆمەڵەکە هاریکاری یەکدین (sex–aginta, sex) ئەمە لەلایەک و (quar – tus,quin- tus) لەلایەکی دیکەوە.

شێوازەکان بەرگە دەگرن و پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان دەکەن، چونکە هەمیشە بەبەردەوامی و بەهۆی پرۆسەی پێوەر نوێ دەبنەوە، هەموو وشەکە بەگشتی وەک یەک یەکە و یەک سیستەم وەردەگیرێت و تا ئەو ڕاددەیەی توخمەکانی گۆڕانیان بەسەردا نایەت و وەک خۆیان دەمێننەوە.

بەرانبەر بەمە بوونی شێوازەکە دووچاری نەمان و هەڕەشە نابێت، تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەگەر توخمەکانی بەکارنەهێنرێن، بڕوانە ئەم شێوازە فەڕەنسییە چی لێهاتووە: (تۆ دەڵێیت dites) و (تۆ کاردەکەیت faites) کە ڕاستەوخۆ لە لاتینییەوە چووەتە ناو زمانەکەوە: (dict – itis,fac – itis)، چونکە ئەم شێوازانە هیچ بنەمایەکی وشەسازی لەم ڕۆژگارەدا تێیدا نییە، زمانیش هەوڵدەدات ئاڵوگۆڕی تیادا ئەنجام بدات، ئەم دوو شێوازە (disez, faisez) (کە لەسەر ئەم نموونانە داڕێژراون (lisez, plaisez)، لەگەڵ کۆتاییە باوەکاندا بەتەواوەتی لە زۆربەی ئەم پێکهاتانەدا (contredisez) بەکاردەهێنرێت.

ئەو شێوازانە تاک و تەنیایانەی، کە پرۆسەکانی پێوەر نەیگرتوونەتەوە، ئەو شێوازانەن کە بەباشتر دادەنرێت، وەک: ناوی کەسایەتی و شوێنەکان (پاریس، جنێف،...)، کە دەرفەت بۆ شیکردنەوە نارەخسێنێت، ئەنجامیش توخمەکانی گۆڕانیان بەسەردا نایەت، هیچ داهێنانێک لەپاڵیدا دەرنەکەوتووە، کە ببێتە ڕکابەری.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، شێوازی وشەکە بۆی هەیە بەرگە بگرێت و خۆی بپارێزێت، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری دژ بە یەک بەتەواوەتی یان جودابوونەوەی تەواوەتی یان وابەستەگی تەواو لە سیستەمێکدا، کە بەشە سەرەکیەکانی وشە بپارێزێت و بە سەلامەتی بیانهێڵێتەوە، کە بۆ ئازادییەکەی دەگەڕێتەوە، هەروەها لەناو کۆمەڵە شێوازێکدایە، کە بە شێوەیەکی تەواو پاڵپشتنەکراوە بەو شتانەی لە دەوروبەریدان، بەشێوەیەک پێوەرە نوێخوازییەکەی بۆی هەیە

کاریگەرییەکـانی بـدۆزێتەوە، لە هەمـوو حاڵەتێکـدا ئـەگەر لەگـەڵ فـاکتەری پارێزگـاری لەسـەر ئەو شـێوازە کـار بکەیـن، کە لە چەنـد توخمێـک پێکهـاتووە یـان مـامەڵە بکەیـن لەگـەڵ دووبـارە دابەشـکردنەوەی بـابەتە زمـانەوانییەکە لە بونیـادێکی تـازەدا، لە هەردوو حاڵەتدا پێوەرەکە بوونی هەیە و ڕۆڵێکی گرنگ و بەردەوام دەبینێت.

# بەشی شەشەم
## ئیتمۆلۆژیای گشتی

هەندێکجار ئێمە وشەیەک، کە شێواز و مانای نامۆ لەخۆ بگرن، دەشێوێنین، هەروەها لەکاتی بەرکارهێناندا ئەم شێواندنە دەبێتە شتێکی ئاسایی، بەم شێوەیە ئەم وشە فەرەنسییە کۆنە گۆڕانی بەسەردا هاتووە: (coute – pointo) کە لە (coute) واتە (couette) وەرگیراوە و(pointe) ناوی بەرکاری کاری(پۆشاک لێفە poindre)، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (لێفە)(courte - pointe)، هەروەک بڵێی لە ئاوەڵناوی(court)(کورت) و ناوی (خاڵ pointe) داڕێژراون. ئەم تازەکردنەوانە گرنگ نییە چەندە کورت و نامۆن و بۆ شێوازەکە ناگەڕێنەوە، هەوڵ و کۆشش بێزەوەرن بۆ شرۆڤەکردنی وشە زەحمەت و دژوارەکان، ئەویش لە ڕێگای بەستنی بە شتێکی ناسراوەوە، یەکەمجار ناتوانین ئەم دیاردەیە لە پێوانە جودا بکەینەوە (ـ کە بە داتاشینی گشتی هەژمار دەکرێت)، کاتێک قسەکەر ئەوەی لەبیر دەچێت ئەم وشە فەرەنسییە (نابیستی surdite) ئەم شێوازە پێوەریەی بەدیهێناوە: (sourdite)، ئەوا دەرەنجامەکەی هەریەکە، هەروەک بڵێی هەڵەی کردووە لە تێگەیشتنی شێوازی (surdite) و لەڕێگای یادهێنانەوەی شێوازی ئاوەڵناوی (نابیستی sourd)، تاکە جیاوازییەک کە دیار و ئاشکرا بێت، ئەوەیە پێکهاتە پێوانەییەکان ڕەگین، کەچی ئیتمۆلۆژیای گشتی

بەجۆرێک لە جۆرەکان بەڕێککەوت کار دەکەن و لەو شتانەدا بەدی دێن، کە لەگەڵ ئەم کارەدا (absurdities) دژیەکن، بەڵام ئەم جیاوازییە ـ دەرەنجامەکان لەخۆ دەگرێت ـ سەرەکی نییە، مەترسییە سەرەکییەکەی زۆر قووڵترە، تاکو بتوانین ماهیەتەکەی شارەزا بین، با دەستبکەین بە نمایشکردنی هەندێک نموونە دەربارەی جۆرە سەرەکییەکانی ئیمۆلۆژیای گشتی.

یەکەم ئەو وشانەی شرۆڤە تازەکان وەردەگرێت لەگەڵ نەسازان لەسەر گۆڕینی شێوازەکە، ئەم شێوازە: (بەتوندی لێی دەدا durchblauen) لە زمانی ئەڵمانیدا لە ڕووی داتاشینەوە بۆ شێوازی (لێدەدات bliuwen) دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ شێوازی (شین blau) یاوەری دەکات، چونکە (شین بوون blues) لە لێدانەوە (floggings) پەیدابووە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زمانی ئەڵمانی شێوازی (سەرکێش adventure) بەکاردەهێنا، کە لە زمانی فەرەنسییەوە وەریگرتووە، ئەم دوو شێوازەش یەک لەدوای یەک بەرێکی دارشتووە (abenteuer,abenture) وشەکە بەبێ شێواندن یاوەربووە لەگەڵ شێوازی (abend)(چیرۆکێکە لە ئێوارانەدا دەگێڕدرێتەوە)، ئەنجامەکە ئەوەیە وشەکە لە سەدەی (١٨)دا بەم شێوەیە (Abendteuer) نووسراوە.

ئەم شێوازە فەرەنسییە: (مەحروم soufraite) ( suffracta from subfrangere) ئەم ئاوەڵناوەیەی لێ بەرهەمهاتووە (نەخۆش souffreteux)، کە ئێستا لەگەڵ ئەم وشەیەدا یاوەرە (هەڵدەگرێت souffrir)، کە بەشداری لە هیچدا ناکات، ئەم وشە فەرەنسییە (lais)

ناوێکه له وشـەی (وازدەهێنێت laisser)ەوه داتاشـراوه، بـەڵام ئێسـتا یاوەره لەگەڵ ئەم شێوازەدا (بۆی دەمێنێتەوه leguer) و بەمشـیوەیه (legs) دەنووسرێت، تەنانەت هەندێک کەس بەمشێوەیه گۆی دەکەن (Le – g– s). لەوانەیه ئەمه پەل بکێشێ بۆ ئەوەی گۆڕانی شێوازەکه لـه شـرۆڤه تازەکـەوه وەرگیرابێـت، بـەڵام گۆڕانەکـه بەشـیوەیەکی کردەیـی بـۆ کاریگـەری شـێوازه نووسـراوەکه دەگەڕێتـەوه، ئـەویش لەڕێگەی کۆششـی خەڵکییـەوه بۆ دەرخسـتنی ئـەوەی، کـه شـارەزایی بنجی وشـەکەن، بەبێ گۆڕینی گۆکردنەکەی، بەرانبەر ئەمـه ئـەم وشـه فەڕەنسـییه: کوللـەی دەریـا (homard) لـه زمـانی نـەرویجی کۆنـەوه وەرگیـراوه (بـەراوردی ئـەم وشـه دانیمارکییـه بکـه: hummar)، لـه حاڵەتێکـدا دەنگـی (d) لــه کۆتـایی وشــەکەدایه، ئـەویش لەڕێگــەی پێوانەی بەو وشـه فەڕەنسییانەوه، کـه بـەم پاشـگره (-ard) کۆتاییـان پێ دێت.

تاکه هەڵەیەک له شرۆڤەکردندا لەم پێگەیەدا لەڕێگای شـوێنەواری نووسـینەکەوه سـەری هەڵـداوه، لـەو کۆتاییەدایـه و لەگـەڵ پاشـگره هاوبەشەکەدا تێکەڵ بووه (بەراوردی ئەمانه بکه: زۆربلێ havard).

بەڵام خەڵکی زۆرجاران ئەو وشانه دەشێوێنن، کـه بۆ توخمـەکانی خۆیانیـان دەگەڕێننـەوه، کـه لـەو گومانـەدان گۆشـەگیرن یـان پێیانـەوه جیاوازن: ئەم وشه ئەڵمانییه (sauekraut) له زمـانی فەرەنسـیدا وای لێهـاتووه: (توێکـڵ croute ، کەلــەرم chou)، لــه زمــانی ئەڵمانیــدا وشــەی (dromedarius) بــووه بــه (ئــاژەڵی دڕنــده) (trampeltier)

لەو پێکهاتە تازەیەی ئەم وشانە لەخۆ دەگرێت، کە بوونیان هەیە و ماونەتەوە (tramplen and tire).

زمانی ئەڵمانی پەتی دێرین ئەم وشە لاتینییەی (margarita) گۆڕیوە بۆ (بەردی دەریا mari - greos)، ئەویش بە کۆکردنەوەی دوو وشەی ناسراو.

نموونەی کۆتایی بە شێوەیەکی تایبەت بۆ ڕوونکردنەوەیە: ئەم وشە ئەڵمانییە (پارچە ڕەژوویەکی بچووک carbunculus) لە زمانی ئەڵمانیدا kartunkel)، ئەویش لەڕێگای یاوەربوونی لەگەڵ وشەی (دەدرەوشێتەوە funklen)، لە فەڕەنسیشدا دەڵێن: (پشکۆ escorboucle)، کە یاوەری ئەم وشەیەیە (ئەنگوستیلە boucle).

ئەم دوو شێوازە calfeter, calfetrer هەردووکیان بوون بە (دەنگدانەوە ـ لەرەین calfeutrer)، لە زمانی فەڕەنسیدا لەژێر کاریگەری شێوازی (هەست feutre)، لە سەرەتاوە ئەوەیان ئاراستە دەکرێت، کە هەریەکە لەو نموونانە لەپاڵ توخمە زانراوەکەی لە بوارەکانی دیکەدا دەردەکەوێت، بەشێک لەخۆ دەگرێت، کە نوێنەرایەتی شتێک ناکات، پێشوەخت بوونی هەبێت:

(kar -, escar -, cal)

بەڵام هەڵەیە ئەگەر گومان بەرین، کە توخمەکان بوونێکی جودایان هەیە، بەو حیسابەی شتێکی تازەیە و لە ئەنجامی دیاردەیەکەوە پەیدابووە، پێچەوانەکەی ئەمەش ڕاستە: واتە شرۆڤەکردن ناتوانێت ئەم بەشانە بگرێتەوە: (cal-, kur -, escar).

دەتوانین بڵێین ئەمانە بەشێکن لە ئیتمۆلۆژیای گشتی، لە خاڵێکدا لە ناوەڕاستی ڕێگادا هەڵوەستەی کردووە و وەستاوە.

وشـــەی (karfunkel) هـــەمان تـــویژ و هـــەمان جـــۆرە، وەک: (abenteuer) (ئەگەر ئەوە بەهەند وەرگرین، کە ئەم پاشگرە teuer شرۆڤە نەکرێت)، بە هەمان شێوە وێکچوونی (homard)ە کە ئەم پێشگرە hom نییە ، کە لە خودی خۆیدا بە تەنها هیچ مانایەک بەدەستەوە نادات.

بەم شێوەیە ئیدی پلەکان و ئاستەکانی شێواندن یان بەلاڕێدا بردن جوداکارییەکی ڕەگیانە لەنێوان ئەو وشانەدا دروست ناکات، کە بەهۆی ئیتمۆلۆژیای گشتییەوە دووچاری شێواندن بوون، هەموو ئەم بەشانە بە شرۆڤەیەکی بێگەرد و سادەی ئەو شێوازانە هەژمار دەکرێت، کە بەهەڵە لێیان گەیشتووین لە زاراوەگەلێک بۆ چەند شێوازێکی ناسراو دانراون.

ئێستاش وێکچوونێک دەبینین لەنێوان ئیتمۆلۆژیا و پێوانەدا، بە هەمان شێوەش جیاوازییەکانی نێوانیان دەبینین.

هەردوو دیاردەکە لەیەک خەسڵەتدا هاوبەشن: خەڵکی توخمی ئاماژەدار (خاوەن مانا) بەکاردەهێنن، کە زمان لە هەردووکیاندا پێشکەشیان دەکات، بەڵام هەردووکیان لە هەر شتێکی دیکەدا دژیەکن، پێوانە وا دەخوازێ هەمیشە شێوازە کۆنەکان لەبیر بکەین، ئەم شیوازە کۆنەش ناکەینەوە (il tray ait) لەسەر بنەمای ئەم شێوازە پێوانەییە (il traisait)، پێویستە شێوازە کۆنەکە لەیاد بکەین و لەبیری بەرینەوە، پێش ئەوەی ڕکابەرەکە دەرکەوێت، پێوانە

پرۆسەیەکە شتێک لە جەوهەری ئەو هێمایانە وەرناگرێت، کە ئاڵوگۆڕیان دەکات، بەرانبەر بەمە ئیتمۆلۆژیای گشتی بە هەموو سادەییەکەوە شرۆڤەکردنێکە بۆ شێوازە کۆنەکە و یادکردنەوەیەکی شێوازە کۆنەکە.

بەمشیوەیە ئیدی شێواندن خاڵێکی سەرەتاییە بۆ ئەو لادانەی تووشی دەبێت، ڕێساکانی شیکردنەوە بە فاکتەرێکی بیرهێنانەوە لە یەکێکیاندا دادەنرێت، بەڵام فاکتەری لەبیرچوونەوەیە لەوی دیکەیاندا، ئەم لاسەنگییەش زۆر گرنگە.

ئیتمۆلۆژیای گشتی تەنها لەژێر کاریگەری بارودۆخێکی دیاریکراودا کاردەکات و ئیدی بەمجۆرە کار لە وشە دەگمەن و هونەرییەکان یان کار لەو وشانە دەکات، کە دزەیان کردووەتە ناو زمانەوە، قسەکەران بەباشی لێیان تێناگەن، بەڵام پێوانە ڕاستەقینەیەکی گشتییە، کە تایبەتە بە ئەداکردنی ئاسایی زمان، ئەم دوو دیاردەیە تاڕاددەیەک لەیەکتر دەچن، بەشێوەیەکی بنەڕەتی جودان و پێویستە هەردووکیان لەیەکدی داببڕێنرێن.

# بەشی حەوتەم
# لکان

## ١. پێناسە

گرنگی پێوانەمان لە هەردوو بەشەکەی پێشوودا ڕوونکردەوە، لەپاڵ پێوانەشدا هێزێکی دیکە هەیە، کە کار لەسەر بەرهەمهێنانی یەکە تازەکان دەکات: ئەویش پرۆسەی لکانە.

لە دەرەوەی ئەم دوو هێزەدا ئامێرێکی شێوەکاری پڕ بەها نییە، لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشت (onomatopoeia) وشەیەکن بەهۆی تاکەوە دارێژراون، بەبێ پەنابردنە بەر پێوانە، بەهۆی تاکەوە (بۆ نموونە gea)، لەبەر ئەوەی ئیتمۆلۆژیای گشتی شوێنەوارێکی کەمی هەیە یان هیچی نییە. لکان پێوەنووسانی دوو زاراوەی جودایە یان زیاتر لەگەڵ یەکدیدا، کە هەردووکیان بەشێوەیەکی ئاسایی لەناو یەک ڕستەدا وەک یەک یەکەی پێکهاتوو نمایان دەبێت، کە شیکردنەوەیان زەحمەتە یاخود ئەستەمە.

ئەمە پرۆسەیەکی کردەییە و تەنها ڕێکارێک نییە سەبارەت بە بەشەکەی دوایی، وشەکە ویستێک یان ئەنقەستبوونێک دەخوازێت، نەبوونی ویست ئەو شتەیە، کە پرۆسەی لکاندن لەوانی دی جیادەکاتەوە و وەک خەسڵەتێکی لێ دێت.

ئەمانەش چەند نموونەیەکن، قسەکەرە فەرەنسییەکان لە سەرەتادا ئەم وشەیەیان (ce ci) گۆ دەکرد، بەو حیسابەی کە دوو وشەن،

پاشان وتیان (ئەمە (ceci) یەک وشـەیە، ئەنجامەکـەش وای لـێ هـات بووە یەک وشە، تەنانەت ناوەڕۆکەکەش گۆڕانی بەسـەردا نـەهاتووە ـ بـەراوردی ئەمانـە بکـە: هەمیشـە toujours و (هـەموو ڕۆژێـک tous jours) و (تەواو deja و (لە ئێستاوە dèsjá)، (ئەمڕۆ aujourdhui) (بەرسیلە verjus) و (شەربەتی تازە vert jus).

هەروەها پرۆسـەکانی لکاندن بۆیـان هەیە لـە نێوان ئـەو یەکانـەدا دروست ببن، کە هاریکاری وشەکە دەکـەن، هـەروەک لـە لاپـەڕەکـانی پێشوودا شێوازەکانی پلـەی بالأمـان بینـی: لـە زمـانی هینـدۆ ئـەوروپی بنەڕەتیدا (awád - is - to - s)، هـەروەها لـە شـێوازی پلـەی بـالأی یۆنانیشــدا هــەمان پرۆســەی لکانــدن پراکتیــزە دەکرێــت، وەک ئــەم شێوازانە: hèd - isto.

لەڕێگەی تاقیکردنەوەیەکی سنووردارەوە توانیمـان سـێ حاڵـەت لـە دیاردەی لکاندن دەستنیشان بکەین:

١ـ کۆبوونەوەی چەند زاراوەیەک لە یـەک پێکهاتـەدا و ئـەم پێکهاتـە تازەیەش لە هەموو پێکهاتەکانی دی دەچێت.

٢ــ لکانــدنی تــەواو، یــان پێکهێنــانی توخمــەکانی پێکهاتەکــە و دروســـتکردنی یەکەیـــەکی تـــازە لێیـــان، پێکهێنـــان پرۆســـەیەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ شوێنی خۆی وەردەگرێت، لـەڕێگای پرسـێکی ئالییـەوە، کـاتێکیش چـەمکی پێکهێنـان بـەهۆی یەکـە ئامـاژەدار و هاوبەشەکانەوە دروست دەبێت، ئەوا هزر شیکارێک دەبەخشێت، کە برگەیـەکی جێبـەجێ دەکـات و بـڵاوی دەکاتـەوە لەسـەر هـەموو ئـەو کۆمەڵە هێمایانەی، کە دواتر دەبنە یەکەی سادە.

٣. هەموو گۆڕانێکی دی پێویستە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵە هێمایەکی دێرین، کە زیاتر لە وشەی سادە بچن: یەکخستنی هێز (vert - jús – verjús) گۆڕانە تایبەتییەکانی دەنگ هتد....

زۆرجاران گۆڕانی هێز و دەنگییەکان (٣) پێش گۆڕانی (٢) هزر و چەمکییەکان دەکەون، هەروەها پێکهێنانی ئاماژەیی لەڕێگای پێکهێنانی ماددی و پرۆسەکانی لکاندنەوە شرۆڤە دەکرێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لەوە دەچێت عارەبانەکە پێش ئەسپەکە بکەوێت و بەتەواوەتی لەم دوو پێکهاتەیە دەچێت:

vert jus, tous joure. etc.

کە هەردووکیان بوونەتە دوو وشەی سادە، چونکە هەردوو گوزارشت لە یەک بیرۆک دەکەن.

**٢. لکاندن و پێوانە:**

بەرانبەرکردنی لکاندن و پێوانە پێویستە:

أ. پێوانە دوو یەکە یان زیاتر لە یەک یەکەدا ئاوێتە دەکات، ئەویش لەڕێگای پێکهێنانەوە (بۆ نموونە from hanc horam) و (تا هەنووکە)ش French encoer یان دوو یەکەی هاریکار دەبنە یەک یەکە. (ئەمانە بەراورد بکە:(hèd - isto - s from swad - is - to - s) ، بەرانبەر بەمە پێوانە لە یەکە بچووکەکانەوە دەستپێدەکات و دەیانکاتە یەکەی گەورە، بۆ دامەزراندنی ئەم شێوازە (pag – ánus) پێوانە هەڵدەستێت بە یەکخستنی ئەم ڕەگە : peg لەگەڵ ئەم پاشگرە ánus.

ب ـ لکاندن تەنها لە بواری پیکهاتەکاندا کاردەکات و کاریگەری لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراودا هەیە، بەرانبەر بەمە پێوانە لەگەڵ کۆمەڵە یاوەرەکان بەتەواوی مامەڵە دەکات، هەروەک چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکان دەکات.

ج ـ پێش هەموو ئەمانەش لکاندن نە بە ئامانج دەگیرێت و نە کاراش دەبێت، ئەوەشم ڕوونکردەوە، کە ئەمە پرۆسەیەکی میکانیکییە و ئاوێتەبوون تیایدا بەشێوەیەکی دینامیکی کاردەکات، بەڵام پێوانە بەرانبەر بەمە ڕێکارێکە پێویستی بە شیکار و پێکهێنان هەیە، کە فاکتەریکی کارایە و بەمەبەست ئەنجام دەدرێت.

پێکهاتە (construction) و بونیاد (structure) زۆرجاران لە توێژینەوە لە شێواز و دارشتنەکانی وشەدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام ماناکەی جودا دەبێت بەگوێرەی هاوشێوەبوونی لەگەڵ پرۆسەی لکاندنەکە یان پێوانەکە، ئینجا ئەگەر ماناکە لەگەڵ لکاندن هاوشێوەبوو، ئەوا بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێت، توخمەکان لەو پێکهاتەیەی بەشێنەیی پێکهێنراون و لەگەڵ یەکدیدا وابەستەگیان هەیە.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم پێکهێنراون تا ئەو ڕاددەیەی تیایداندا پێکهاتە بنەڕەتییەکان بەتەواوەتی لابراون، بەڵام کاتێک لەگەڵ پێوانەکە هاوشێوە دەبێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا پرۆسەی پێکهێنان مانای ئەو ڕێکخستنە دەگەیەنێت، کە لە یەک هەناسەدا دروستبووە ـ ڕوویداوە ـ واتە ڕووداوی ئاخاوتنەکە، ئەویش بەهۆی یەکخستنی ژمارەیەکی دیاریکراوی ئەو توخمانەی لە کۆمەڵەیەکی یاوەریانەی هەمەجۆرەوە

خـــوازراون، جیاکردنـــەوەی نێـــوان هـــەردوو میتـــۆدی دارِشـــتن ڕوونبووەوە، بۆ نموونە لـە زمـانی لاتینیدا شێوازی (possum) تاکـە شێوازێکە، کـە ئـەم دوو وشـەیەی کۆکردووەتـەوە، (مـن پیـاو مـاقوڵم potis anp sum)، کـە وشـەی (سـاقییە) لـەکاتی بـەرانبەرکردنـەوەدا، ئەوا هەردوو ئەم شێوازە (signifier, agrieola, etc)، شێوازگەلێکی پێوانەیین (واتە بەرهەمی پرۆسەی پێوانەن)، پێکهاتـەکان بـە گوێرەی ئـــەو نموونانـــەی دارِێـــژراون، کـــە زمـــان پێشکەشـــیان دەکـــەن. داهێنانـەکانی پیوانـە تـەنها خۆیـان بـە پێکهاتـە یـان داتاشـراو نـاوزەد دەکـرێن، سـەختە بڵێـێن زۆرجـاران ئـەگـەر شـێوازی شـیکاری لـە ئەنجامی لکاندن یان پێکهاتەی پێوانـەوە بەرهـەمهاتبێت. زمانەوانـەکان بەشـێوەیەکی پەیوەندیـدار مەسـەلەی شـێوازەکانی هینـدۆ ئـەورووپی بنـەڕەتیان تـاوتویَ کـردووە (es- mi, es- ti, ed- mi, etc). ئایـا توخمـەکان (es, ed, etc) لـە ماوەیـەکی زۆر کۆنـدا وشـەی ڕاسـتەقینەن؟ ئایـا لەگـەڵ وشـەی دیکـەدا (mi, ti, etc) بەیەکـەوە لکێنـراون؟ یـان شـێوازەکانی (es- mi, es- ti, etc) ئـەنجامی کۆبوونەوەی توخمێکن، کە لـە چەند یەکەیـەکی ئـەوتۆوە پێکهێنـراون، کە لەگەڵ یەکدیدا گونجاون؟

لـە حاڵـەتی کۆتاییـدا، پێویسـتە پـێش لکانـدن چەنـد کۆتاییـەکی وشەسازییانە لـە زمانـە هینـدۆ ئەورووپییەکانـدا هـەبێت، لـەژێر سـایەی نەبوونی بەڵگەی مێژوویی، لەوانەیە پرسیارەکان بێ وەڵام بمێننەوە.

مێژوو تاکە شتێکە، کە دەتوانێت ڕێمان بۆ ڕۆشـن بکاتـەوە، کاتێک دەتوانین بڵێین توخمی سادە لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا لە دوو تـوخم


یان زیاتر لە ڕستەدا پێکهاتووە، ئەوا لەلای ئێمە بە لکاندن هەژمار دەکرێت.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم وشەی لاتینی (hunc)، کە بۆ ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە (بە نەخش بەڵگەکراوە hon ce، بەڵام کاتێک زانیارییە مێژووییەکان کەم و کورت دەبن، ئەوا زۆر زەحمەتە ئەو شتانە دیاریبکرێن، کە ئایا بۆ پرۆسەکانی لکاندن دەگەڕێنەوە یان لە پرۆسەکانی پێوانەوە بەرهەمهاتوون.


# بەشی هەشتەم

## یەکە مێژووییەکان، هاوشێوەکان، ڕاستەقینەکان

زمانـەوانی چەسپاو(وەسـفی) Static Linguistics لەگـەڵ چەنـد یەکەیەکـدا کاردەکـات، کـە لـە بـوونی خۆیـدا بـۆ سیسـتەمەکەی یـان ڕێکخستنە وەسفییەکەی دەگەڕێتەوە، هەموو ئەو شتانەی تاکو ئێستا وتمانن ئەوە دەسەلمێنن، کە توخمـەکان تـا هەنووکـە دیارینـەکراون و تا هەتایە لە بەدوایەکهاتنی مێژووییەکاندا بەردەوام دەبێت، هـەروەک لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت:




ڕاسـتتر ئەوەیـە توخمـەکان دابەشـکردنیان لـە ماوەیەکـەوە بـۆ ماوەیـەکی دی هەمـەجۆر دەبـن، ئـەویش بـەهـۆی ئـەو ڕووداوە کاریگەرانەی لە شانۆی زماندا ڕوودەدەن، ئەو ڕاستەقینەیەش دەبێ وەرگـرین، کـە بەشـێوەیەکی گونجـاو هاوشـێوە دەبێـت زیـاتر بـەم نەخشەیە:



ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە بەهۆی هەموو ئەو شتانەی دەربارەی ئەنجامەکانی پێشڤەچوونی دەنگی و پێوانەیی و لکاندن... هتد وتران.

هەموو نموونەیەک لەسەر ئەم خاڵە وەک بەڵگە هێنامانەوە، پەیوەندییان بە داڕشتنی وشەکەوە هەیە، ئەمەش یەکێکە لە پێکهێنانەکە.

زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتی ئامرازی پەیوەندی تێدا نییە، هیندۆ ئەوروپییەکان لە زمانەکەیاندا لەڕێگای چەند حاڵەتێکەوە، کە هێز و خەسڵەتی مەزنیان هەیە، گوزارشتیان لەو پەیوەندییانە کردووە، کە ئامرازەکانی پەیوەندی ئاماژەیان بۆ دەکەن. لە زمانی هیندو ئەوروپی بنەڕەتیشدا پێشگری کردەیی هەن لە پێکهێنانی کارەکاندا، تەنها ئامراز بەکارهێنراون. وشەی بچووک بەکارهێنراون، تا بە ڕستەوە دەلکێندرێت، و ڕووداوێک یان کارایی کارێک دیاریبکات و وەسفی بداتێ، بۆ نموونە هیچ شتێک لە ئارادا نییە، کە لەگەڵ ئەم شێوازە لاتینییەدا یەکاو یەک بکاتەوە: (با بەرەنگاری مردن ببێتەوە- ire ob mortem) یان دەستەواژەی (obira mortem)، لە کاتێکدا ئەم زمانە ئەو شێوازەی(ire mortem ob) بەکاردەهێنا.

ئەمە حاڵی زمانی یۆنانی بنەڕەتی بووە:

١ـ لە (oreos bahò kata) واتای دەستەواژەی (oreos bainò) ئەم مانایە دەگەیەنێت: (لە چیاکەوە هاتم)، لێرەدا حاڵەتی دیارخەر بەهای ناوی بەرکار بۆ ئامرازەکە (ablative) لەخۆ دەگرێت، شێوازی (kata) ئەم خەسڵەتەی بۆ زیاد دەکات، ئەویش بە نزمبوونەوەی لە ماوەیەکی دیکەدا.٢. کە دەبێتە (katá òreos bainò)

، ئـەم شـێوازە kata ئـامرازی پەیوەنـدی کـاری تیـادا دەکـات. ٣ـ تەنانـەت kata baino oreos ئـەویش لـە ڕێگـای لکانـدنی کـارەوە لەگەڵ ئەو ئامرازەی بووەتە پێشگرێکی کار.

لێـرەدا دوو دیـاردە یـان زیـاتر دەبینـین، کـە بـە پشتبەسـتن بـە شرۆڤەکردنی یەکەکانەوە خەسڵەتبار و جیاکارن:

أـ جـۆرێکی تـازەی وشـەکان و ئـامرازی پەیوەنـدی بـە سـادەیی دەڵێین، کە لەڕێگای گۆڕانی ئەو یەکانەوە دروست بوون و بوونیان هەیە. ڕێکخستنێکی تایبەت، کە لـە بنەڕەتـەوە هـیچ مانایـەکی نـەبووە، بۆ ڕێکەوت دەگەڕێتەوە، کۆبوونەوەیەکی تازەی والا کرد: kata . لـە سـەرەتاوە سـەربەخۆ بـووە .کـە لەگـەڵ مـاددەی شـێوازی (òreos) یـەکیانگرتووە و هەمووشـیان بـە شـێوازی (bainò) بەسـتراونەتەوە، تا وەک تەواوکارێک بۆیان کاربکات و ڕۆڵ ببینێت.

ب - جـۆری کـاری تـازەی(katabainò) دەرکـەوت، ئەمـەش کۆبوونەوەیـەکی دەروونـی دیکەیـە، کـە بـەهۆی پرۆسـەی لکاندنـەوە، خەسڵەتی دابەشکردنی تایبەت بۆ یەکەکان دەگرێتەخۆ.

ج - وەک ئـەنجامێکی سروشـتی مانـای کۆتـایی لـەم حاڵـەتی دیارخەردا (òre-os) دووقات بووە، پاشان پێویستە شێوازی (kata) گوزارشـت لـەو بیرۆکـە بنەڕەتییـە بکـات، کـە پێشـووتر بـەهۆی سەربارکردنەوە تەنها گوزارشتی لێ دەکات و ئیدی گرنگی کۆتـایی بەشـێوەیەکی ڕێژەیـی ڕووی لـە کـەمی کـرد. خـاڵی سـەرەتایی شاردنەوەی (-os) لە کـاری پێشـوازیکردن لـە کۆتـایی دیاردەکەدایـە، لە هەر سێ نموونەکەدا دابەشبوونێکی تازەی یەکـەکان لـە ئارادایـە،

جەوهەر یاخود مادده کۆنەکە چەند ئەرکێکی تازەی پێ بەخشراوە، گرنگترین شت ئەوەیە گۆڕانەکەی دەنگ گۆڕان دروست نەکات، پێویستە ئەو گومانە نەبەین، کە تەنها مانا بەرپرس بووە لە نەگۆڕانی جەوهەرە مادییەکە. هیچ دیاردەیەکی پێکهاتەیی بەبێ ئەوەی زنجیرەیەکی دیاریکراوی هزر و بیرەکان لەگەڵ زنجیرەیەکی دیاریکراو لە یەکە دەنگییەکان یەکانگیر ببن و یەکبگرن، ئەمەش بەهێزترین پەیوەندییە، کە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، لێرەدا دەنگەکان ماونەتەوە، کەچی یەکە ئاماژەکارەکان ماوەیەکی زۆر لەسەر حاڵەتەکەی پێشوو خۆیان بەردەوام نەبوون.

پێشوەخت ئەوەمان زانی ئەوەی پەیوەندییەکە دەگۆڕیت، ئەو گۆڕانەیە، کە لە پەیوەندییەکانی (هێما) و (هێمابۆکراو) ڕوودەدەن. ئەم پیناسەیە پراکتیزە نابێتە سەر گۆڕانی زاراوەی سەر بە سیستەمەکە، بەڵکو کار لە پێشڤەچوونی هەمان سیستەمەکە دەکات.

دیاردەی مێژوویی بەشێوەیەکی گشتی و هەمەکی هەر ئەمەیە و زیاتر نییە، بەڵام تەنها تۆمارکردنی گۆڕانی دیاریکراوی یەکەکانی وەسفکردن تۆمارکردنێکی تەواوی ڕووداوەکانی زمان پێکناهێنێت.

لێرەدا بە هەمان شێوە مەسەلەی یەکەی مێژوویی لە ڕووی خودییەوە بەس بێت و ڕەچاوی هەموو ڕووداوەکانی تیادا بکرێت، پێویستە پرسیار دەربارەی ئەو توخمە بکەین، کە ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی گۆڕانەکە بەرپرسیارە. ئێمە بەرانبەر مەسەلەیەکی هاوشێوەین لە بواری باسکرنی گۆڕانە دەنگییەکاندا، تەنها کاریگەری لەسەر یەکە دەنگییە تاکەکاندا هەیە بەبێ دەستکاریکردن، ئینجا لەبەر

ئەوەی ڕووداوە مێژووییەکان لە هەموو جۆرێکن، ئەوا زۆر مەسەلە هەن پێویستیان بە وەڵامدانەوە نییە، ئەو یەکانەی لە زمانەوانیی مێژووییدا دیاریکراون، پێویست نییە لەگەڵ ئەو یەکانەی دی، کە لە زمانەوانیی وەسفیدا دەستنیشانکراون، بە گوێرەی ئەو بنەمایەی لە بەشی یەکەمدا داڕێژرا، چەمکی یەکایەتی تەنها ناکرێ لە هەردوو حاڵەتەکەدا وێکچووبێت، ئێمە ناتوانین یەکەکان لە هەر ڕووداوێکدا و بەبێ ئەوەی لە هەردوو ڕوانگەکەوە لێکیان بدەینەوە، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پێناسە بکەین، واتە لە هەردوو ڕوانگەی چەسپاو و پێشڤەچووندا.

هەتا مەسەلەی یەکە مێژووییەکە چارەسەر بکەن، ئەوا ناتوانین درک بە دیاردەی دەرەکی پێشڤەچوونەکە بکەین و پەی بە جەوهەرەکەی بەرین. تێگەیشتن لە یەکەکان گرنگە، لێرەدا هەروەک چۆن لە زمانەوانیی وەسفیدا گرنگە، ئەویش هەروا گرنگە، ئەویش ئەگەر خوازیاری ئەوەبووین، خەیاڵ و ڕاستەقینە لە یەکتر جودا بکەینەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وێکچوونی مێژوویی ڕووبەڕووی مەسەلەیەکی سەخت دەبێتەوە، پێش ئەوەی بتوانم بڵێم یەکەکە بە وێکچوویی و هاوشێوە ماوەتەوە، یان شێوازەکەی خۆی یان ماناکەی گۆڕیوە، ئەویش لەکاتی بەردەوامبوونی لە بووندا، بەو حیسابەی یەکەیەکی جیاکارە ـ چونکە هەردوو گریمانەکە بوونیان هەیە ـ بەو مەرجەی بنەماکانی ئەوە بزانین، کە بڵێین ئەو توخمەی لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەردەگیرێت (بۆ نموونە گەرم chaud) هەر

هەمان خودی ئەو توخمەیە، کە لەو توخمە دەچێت لە ماوەیەکی دیکەدا وەردەگیرێت (بۆ نموونە latiu caldium).

بێگومان وەڵامەکەش ئەوەیە وشەی (caldium) پێویستە بەم شێوەیەی لێ بێت (chaud)، ئەویش لە ڕێگای چەند گۆڕانێکی دەنگی یەک لەدوای یەکەوە ـ لەبەر ئەوەی (chaud – caldium) وێکچوونێکی دەنگین، هەمان شت لەسەر ئەم دوو وشەیە پیادە دەبێت:

Severer and sedarere لە شیری دەبڕێت.

وشەی (گوڵ)(fleurir) هەرچی چۆنێک بێت هەمان ئەم وشەیە (flerere) نییە(کە پێویستە ببێتە flouroir...هتد).

وا پێدەچێت وێکچوونی مێژوویی شرۆڤەیەکی بەس بێت، بەهۆی پراکتیزەکردنی دەنگەوە، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە ئەستەمە کە تەنها دەنگەکە لە هاوشێوەبوون بەرپرسیار بێت، بێگومان لەم حاڵەتەدا ڕاستە بڵێین ئەم وشە لاتینییە (mare) پێویستە لە زمانی فەرەنسیدا بەم شێوازە(mer) دەربکەوێت، چونکە هەموو (a)یەک دەبێتە (e)، ئەویش لەژێر کاریگەری بارودۆخێکی دیاریکراودا، دەنگی (e)ی کۆتایی هێزدار لادەچێت... هتد، بەڵام ئەگەر بڵێین ئەم هاوشێوەبوونە (a → e, e → zero, etc) بەرپرسن لەو هاوشێوەبوونانەی ڕوودەدەن، بە ڕەنگدانەوەیەک هەژمار دەکرێن بۆ ڕاستەقینەکە، چونکە یەکاویەککردنی نێوان ئەم دوو وشەیە بەکاردەهێنم (mare and mer)، تاکو بڕیار بدەم دەنگی (a) بووە بە (e)، هەروەها دەنگی (e)ی کۆتایی لاچووە... هتد.

دەکرێ یەکێک لە فەڕەنسییەکان ئەم شێوازە بدرکێنن (تووڕەبوو sefacher)، کەچی هاولاتییەکی دی فەڕەنسی لە شوێنێکی دیکەی فەڕەنسادا بەمشێوەیە: (sefòcher) گوێی دەکات، بەلام ئەم جیاوازییە گرنگ نییە، ئەگەر لەگەڵ ڕاستەقینەکانی ڕێزماندا بەراوردیان بکەین، کە دەرفەتی جیاکردنەوەی یەکەکە یان هەمان یەکە زمانەوانییەکەمان لەم دوو شێوازە جیاوازەدا بۆ دەڕەخسێت، بۆ ئەوەی بڵێین دوو وشە وەک ئەم جیاوازییە جیاوازییان تیادا هەیە:(calidum and chaud)، کە هاوشێوەیەکی مێژوویی پێکدەهێنێت، بە ئاسانی مانای ئەوەیە قسەکەران لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دی خۆیان گواستۆتەوە، ئەویش لەڕێگای کۆمەڵە هاوشێوەیەکی وەسفییەوە لە کاتی ئاخاوتندا، بەبێ ئەوەی هەڵوەشاندنەوەیەک یان وابەستەگییە هاوبەشەکەی نێوانیان دابشکێندرێت، هەرچەندە گۆڕانەکانی دەنگ بەدوا یەکداهاتن.

ئەمە وام لێ دەکات بڵێم زانینی چۆنێتی پارێزگاریکردنی وشەی (Gentiemen) لەو هاوشێوەبوونەی هەیەتی، لە کاتێکدا چەند جارێک لە وانەیەکدا بوترێتەوە و دووبارە بکرێتەوە، بە گرنگ هەژمار دەکرێت، وەکو زانینی ئەمە: ئایا بۆچی شێوازی ئامرازی ئەرێ (pas) لەگەڵ ناوی (pas) لە زمانی فەڕەنسیدا هاوشێوەیە، جارێکی دی ئایا بۆچی (chaud) لەگەڵ (calidum) هاوشێوە دەبێت، مەسەلەکەی دووەم ڕاستەقینەیە، بەلام درێژەپێدەرە بۆ ئەوەی یەکەم.

## پاشکۆی بەشەکانی
## سێیەم و چوارەم

**١. شیکردنەوەی خودیی و شیکردنەوەی بابەتیانە:**

ئەو شیکردنەوەیەی قسەکەران بە بەردەوامی بۆ یەکەکانی زمان ئەنجامی دەدەن، بە شیکردنەوەیەکی بابەتیانە هەژمار دەکرێت. پێویستە ئاگامان لەوە بێت شیکردنەوەی بابەتی و ئەو شیکردنەوە خودیەی بە مێژووە بەندە، لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵ نەکەین، لە شێوازێکی وەک ئەم شێوازە یۆنانییەدا (hippos) ڕێزماننناسان سێ توخم دادەڕێژن، کە ئەمانەن: ڕەگ، پاشگر، کۆتایی (hipp - o - s)، بەڵام قسەکەرانی یۆنان ئەم دوو توخمە (hipp – os) نابینن.

شیکردنەوەی بابەتیانە چوار یەکە لە شێوازی (am, á, bá, s) (amábás) لەخۆ دەگرێت، قسەکەرانی لاتینی تەنها سێ دانە (amá – bá – s) جیادەکەنەوە، لەوانەیە لەو گومانەدابن، کە (bás) شێوازێکی وشەسازییانەی تەواوە بەرانبەر ڕەگەکە. لە وشەی فەرەنسی entier(هەموو)(in-teger)(تەواو) لە لاتینی، و enfant(منداڵ)(in-fant)(ئەوەی کە قسە ناکات) لە لاتینی.

ڕێزماننناسەکان بۆیان هەیە پێشگرێکی هاوبەش دەربهێنن، کە ئەمەیە: (- en)، کە گوزارشت دەکات یان بەرانبەرە لەگەڵ پێشگرە لاتینییەکە (-in). شیکردنەوەی خودیانەی قسەکەران هەموو

پێشگرەکە بەشێوەیەکی گشتی پەراوێز دەخات. ڕێزماننناسەکان بۆ ئەو باوەڕە کەمەندکێشن، کە شیکردنەوەی دینامیکی زمان بە هەڵە هەژمار دەکرێت، ڕاستەقینەکە ئەوەیە شیکردنەوەی خودیانە لە پێوانە درۆینەکە پووچتر نییە.

زمان هەرگیز هەڵە ناکات، بەڵکو بەسادەییەوە دەڵێین چەندەها ئاراستەی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت، پێوەرێکی پتەو بۆ هەردووکیان نییە، شیکردنەوەی قسەکەران و مێژوونووسان هەمان میتۆد بەکاردەهێنن، بەراوردکردنی هەمان ئەو کۆمەڵانەی کە توخمێکی هاوبەش لەخۆ دەگرن، هەردوو شیکردنەوەکە قایلمان دەکەن، هەردووکیشیان پارێزگاری لە بەهاکەی خۆیان دەکەن. لەم کۆششەی دواییدا تاڕاددەیەک شیکردنەوەی قسەکەران پێکدەهێنێت، لەبەر ئەوەی پشت بە ڕاستەقینە زمانەوانییەکان دەبەستێت.

شیکردنەوەی زمانەوانی تەنها شێوازێکی هەموارکراوی شیکردنەوە خودیەکەیە، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە وێنای ئەو پێکهاتانەوە دروست دەبێت، کە لە ماوەی جیا جیادا پێکدێن و لە یەک ماوەدا چڕ دەبنەوە، لە شیکردنەوەی دینامیکی دەچێت، کە هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی هاوشێوە بوون لەنێوان یەکە هاریکارەکانی وشەکان، بەڵام لە پێکهێنانی بۆ هەموو بەشە دروستکراوەکان لە قۆناغێکدا لەگەڵ وێناکردنی گەیشتن بە کۆنترین شێوازی. وشە لەو ماڵە دەچێت، کە ئەرک و شێوەی ژوورەکانی بۆ چەند جارێک تیادا دەگۆڕدرێت، شیکردنەوەی خودیانە نەخشە و پلان بۆ ڕێکخستنی دوا بەدوای یەکدا ئەنجام دەدات و زیادیان

دەکات، بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی لەناو ماڵەکەدا دەژین، تەنها یەک جۆری ڕێکخستن لە ئارادایە. شیکردنەوەی شێوازی (o – s) hipp پوچ نییە . پێشووتر باسمان کرد_ چونکە لە مێشکی قسەکەراندا باسمان کردوون و تەنها مێژووییە (anachronistic) و بۆ قۆناغێکی پێشووی ئەو وشانە دەگەڕێتەوە، کە وشەکەیان لێ وەرگیراوە. شێوازی (hipp–o -s) کۆن لەگەڵ شێوازی ( themes hipp – os) لە زمانی کلاسیکی یۆنانیدا لە کەمی نادات، بەڵام ناتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا بکەین، کە بەهەمان شێوە بڕیار لەسەر هەردوو شیکردنەوەکە بکەین، ئەمەش جارێکی دی دەمانگەڕێنیتەوە بۆ ئەو جیاوازییە ڕەگیەی، کە لەنێوان زمانەوانیی مێژوویی و زمانەوانیی وەسفیدا هەیە، ئەمەش بوارمان دەداتێ بە پرسێکی میتۆدیانە چارەسەریان بکەین، کە تا ئێستا لە زمانەوانیدا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

قوتابخانەی دێرین وشەکانی بۆ سێ بەش پۆلێن کردووە: ڕەگەکان، بیرەکان، پاشگرەکان... هتد. هەروەها قوتابخانەی دێرین بەهایەکی ڕەهای بەم جیاوازییانە(خەسڵەتەکان) بەخشیوە.

ئەو کەسەی شتەکانی (بۆپ)(Bopp) و قوتابییەکانی دەخوێنێتەوە، وا گومان دەبات یۆنانییەکان لەگەڵ خۆیاندا لە دێرزەمانەوە کۆمەڵە ڕەگ و پاشگرێکیان هەڵگرتووە، کە لە داهێنانی وشەکاندا بەکاریان هێناون، ئەمەش لە کاتی ئاخاوتندا شڵەژاوییەکی لە دروستکردن و پێکهێنانی وشەکانیاندا دروستکردووە، بۆ نموونە شێوازی (pater) لەلای ئەوان لە ڕەگی (pa + پاشگری ter )

پێکـدێت، هـەروەها شـێوازی (doso) لـەم کۆمەڵەیـە: (do+so) پێکدێت.

دەبوایـە کاردانەوەیـەک دژ بـە شـڵەژاوی قوتابخانـە دێرینەکـە هەبووایـە، ئەمـەش دروشـمێکی گونجـاو بـوو، تێبینـی ئـەوە بکـە لـە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا لە ئێستادا چی بۆ زمانەکان ڕوودەدات، بۆ قۆناغـە دێرینـەکان هـەرگیز نایگەڕێنێتـەوە، دیاردەیـەک بـوونی نـەبێت، ئـەمڕۆ ئیدی بوونی نییە. لەبەر ئـەوە زمـانی زینـدوو بەگشـتی خـۆی تەسـلیم ناکات، یان چەمانـەوە پەسند ناکات بـۆ شـیکارێکی هاوشـێوە بـۆ ئـەو شتەی (بۆپ Bopp) کردوویەتی.

ڕێزماننـاســـە تازەکـــان دڵســـۆزبوون بـــۆ ئـــەو بنەمایانـــەی دایانڕشـــتبوون، و لـــە هـــەمان کاتیشـــدا دەیـــانوت ڕەگ، هـــزر و پاشگرەکان... هتد تەنها ڕەهاگەلێکن پێویستە تـەنها بـۆ ڕوونکردنـەوە بـەکاربهێنرێن، بـەڵام هەرچەنـدە لێرەدا زیـاتر لـە پاسـاوێک لـە ئـارادا هەیە، بۆ هێشتنەوەی ئەم جۆرانە، ئیدی ئەم ڕاڕاییە چییە؟

ئەگەر لەسەر ئەم شێوەیەش مایەوە، ئیدی ئایا بـە چ دەسـەڵاتێک دەتوانێت وەک ئەم نموونانە (hipp - o - s) پۆلێن بکات، بۆ نموونە پێویستە لە نموونەکەی دی باشتر بێت (hipp os)؟

دوای ئـەوەی قوتابخانـەی تـازە ئـەو کەمتەرخـەمی و کەلێنانـەی دەرخست - کە ئاسان بوو- بۆیە یارانی قایل بوون بـە ڕەتکردنـەوەی تیۆرەکــە، بــەڵام لــە ڕووی پیــادەکردنی بــە ئــامێرە زانســتییەکەی دەستەوەستان مانەوە، کە گەیشتبووە پلەیەکی ئـەوتۆ لـە بێدەسـەڵاتی و دەسـتەوەسـتان، کـە وای لـێ بکـات تـەرک بکـات و واز لـێ بێنێـت،

کاتێک ڕەهاکان بە وردییەکی زیاتر تاقی بکەینەوە، ئەوا ئێمە هەر بەشێکی ڕاستەقینەکە دەبینین بە شێوەیەکی کردەیی بەرجەستە بووە، و تەنها یەک پێوەری سادەی ڕاست بەسە، بۆ ئەوەی مانایەکی پڕ بە پێست و ورد بەرانبەر ئامراز و پاساوی ڕێزماننناسەکان پێشکەش بکات، ئەمە کارێک بوو هەوڵمدا بیکەم پێش ئەو ڕوونکردنەوەیەی دەربارەی شیکردنەوەی بابەتیانە خستمەڕوو، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە شیکردنەوەی خودی بۆ زمانی زیندوو بەستراوەتەوە، کە شوێنێکی دەستنیشانکراو و ڕاست و دروستی لە میتۆدیی زمانەوانیدا هەیە.

**٢. شیکردنەوەی خودی و پێناسکردنی یەکە هاریکارەکان یان دیاریکردنیان**

دوای ئەمە شیکردنەوە، ناتوانین میتۆدێک بونیاد بنێین، یان کۆمەڵە پێناسەیەک دابڕێژین، مەگەر دوای ئەوەی ڕوانگەیەکی وەسفی(زمانەوانیی وەسفی) بگرینەبەر. پەیڕەو بکەین.

خوازیاری ئەمە بووم ڕوونکردنەوەیەک لە ڕێگای هەندێک تێبینی دەربارەی بەشەکانی زمان پێشکەش بکەم:

پێشگرەکان، ڕەگەکان (roots)، بنجەکان (radicals)، پاشگرەکان و کۆتاییەکانی وشەسازی.

١. کۆتایی وشەسازی ـ واتە ـ توخمی کارا لە کۆتایی ئەو وشەیەی کە شێوازە هەمەجۆرەکان بە ڕاست دەزانێت، ئینجا چ شێوازی ناوی یان کاری بن.

لەم شێوازانەدا: (ئەسپەکە ئامادە دەکەم)

zeúgnú-mi,zeúgnú-s, zeúgnú-si,zeúgnú-men, etc.

دەبینین کۆتاییەکانی وشەسازی (-mi,-s,-si,etc) بەشێوەیەکی سادە سەری هەڵدا، چونکە لەگەڵ یەکدیدا دژیەکن، لەگەڵ بەشی پێشووی ئەم وشەیە (zeúgnú) بە یادمان دێتەوە لە شێوازی (Czech). نەبوونی کۆتایی وشەسازی ڕۆڵێکی هاوشێوە دەبینێت لە کۆتاییە بەردەوام و یەک لەدوای یەکەکە (بۆ نموونە: کۆی دیارخەری (zen) بەرانبەر بە تاکی مەرفوعی (zena).
وەک وێکچوونێک (تۆ ئامادەدەکەیت) against -te(تۆ ئامادەی دەکەیت Greak Zeugnu (دەنووسرێت morche)
or rhetor againstrhetor – os, etc. and French mars! against marso! (با بڕۆین)

هەموو ئەمانە بە شێوازێکی گۆڕاوی وشەسازیانە لەگەڵ کۆتاییەکی سفریدا هەژمار دەکرێت.
بەهۆی پیتی کۆتایی وشەسازییەوە بیرۆکەی وشەسازییەکە یان بنجەکەمان دەستدەکەوێت. بە گشتی ئەمە ئەو توخمە هاوبەشەیە بەشێوەیەکی دینامیکی لە کاتێکدا دروست دەبێت، کە کۆمەڵە وشەیەکی نزیک بەراورد دەکرێن، ئینجا چ گۆڕانی وشەسازیانەی بەسەردا هاتبێت یان نەء، کە بیرۆکەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەم وشانەدا هەڵدەگرێت:
پێچ roulement، کاسێت roulage ، هۆڵی هەویرەکە rauleau ، کاسێت roulia ، دەردەکەوێت roual، بەڵام قسەکەرەکان لە

شیکردەوەکانیاندا چەند جۆرێک یان زیاتر لە بنج و پلەی گروپی وشەکان هەڵدەگرن.

شێوازی (zeúgnú)، کە پێشووتر لە zeúgnú-s,zeúgnú-im جودابووە وە بە پلەی بنەڕەتی یەکەم هەژمار دەکرێت، کە ئەویش لە ڕووی کورتکردنەوە نەگۆڕ و یاساغ نییە، سەبارەت بە دابەشکردنی شێوازی (zug - nu)، ئەوا شێوازێکە دەتوانین لەگەڵ شێوازێکی دیکەدا بەراورد بکەین:

(Zeugnúmi, zeuktes, zeukter, zugòn, etc)

(zeugnúmi, deiknumi, òmúmi)لەلایەک و لەگەڵ کۆمەڵەی لەلایەکی دیکەوە.

شێوازی (zeug) لەگەڵ شێوازە هەموارکراوەکانی خۆیدا: (zug - zeuk-zeug)، لەبەر ئەم هۆکارە پلە بنەڕەتییەکە دووەمە، بەڵام شێوازی (zeng) بە چەسپاو هەژمار دەکرێت و ناکرێ لە ڕێگای بەراوردکردنی لەگەڵ شێوازە نزیکەکانیدا زیاتر شیبکرێنەوە.

ڕەگ توخمە ڕەهاکەیە، کە (کورت ناکرێتەوە) و لەگەڵ هەموو وشەکانی هەمان خێزان هاوبەشە، بەڵام هەر شیکردنەوەیەکی خودی یان وەسفی تەنها توخمە ماددییەکان بەهۆی ڕەچاوکردنی پرۆسەی دابەشکردنی ئەو مانایەوە جودا دەکاتەوە، کە هەموو توخمێک کۆنترۆڵ دەکات، بەو واتایەی ئیدی ڕەگەکە دەبێتە ئەو توخمەی، کە واتاکەی لە هەموو وشە نزیکەکاندا تیادا هاوبەش دەبێت، کە دەگاتە بەرزترین پلەکانی ڕووتکردن و گشتاندن. بەشێوەیەکی سروشتی پلەکانی تەومژاویبوون و ناڕوونی لە ڕەگێکەوە بۆ ڕەگێکی دی

دەگۆڕێت، هەروەها تاڕاددەیەک پشت بە پلەکانی کورتکردنەوە دەبەستێت، یان پشت بە کورتکردنەوەی بنجەکە دەبەستێت، هەرچەندە بنجەکە کورتتر بێت، ئەوا ئەگەری ڕوونبوونی ماناکەی زیاتر دەبێت، بەم شێوەیە ئیدی شێوازی (zeugmátion) تیمێکی بچووک دروست دەکات، شێوازی zeúgna تیمێک هەر چۆنێک بێت و شێوازی (zueg) چەمکێکی دەستنیشاننەکراو، بۆ ڕاکێشان و توندکردنی هێز بۆ ڕووناکییەکە یان ئامادەکردنی ئەسپەکە.

بەدوای ئەمەدا ئەوە دێت، کە ڕەگەکە ناتوانێت وشەیەک دروست بکات، کە کۆتاییەکی وشەسازیانەی هەبێت و ڕاستەوخۆ پێوەی بەسترابێت.

لە ڕاستیدا وشە هەمیشە بیرۆکەیەک هەڵدەگرێت، یان نوێنەرایەتی بیرۆکەیەک دەکات، لایەنی کەم لە ڕوانگەی ڕێزمانەوە بەباشی دیاریکراوە، ئەمەش دژیەک دەکەوێتەوە لەگەڵ سروشتی ڕەگی ڕووت و گشتی، بەڵام چ بڵێین دەربارەی ئەو ڕەگ و شێوازە وشەسازیانەی، کە بە ڕواڵەت ئاوێتە دەبن؟ ئەم شێوازە یۆنانییە(phlòks) وەرگرە:

genitive phloges againat the root phsg: phlog

کە لە هەموو وشەیەک لە وشەکانی گروپەکە یەکبوون (بەراورد بکە (phleg-o ... هتد).

ئایا ئەمە لەگەڵ ئەو خەسڵەتەی ئێستا ڕوونمان کردەوە دژیەک نییە؟ نەک لەبەر ئەوەی پێویست دەکات هەردوو وشەی (phelg - :phlog-)، بە مانا گشتییەکەی لە شێوازی (- phlog)

جودا بکەینەوە، بە مانا تایبەتەکەی یان سەرکێشییەک بکەین، ئەویش بـــە ڕەچـــاوکردنی شـــێوازە ماددییەکـــە تـــەنها لەســـەر حیســـابی دوورخستنەوەی ماناکە. لێرەدا هەمان توخمە ماددیەکە دوو بەهای جودایان هەیە، لەبەر ئەم هۆکارەیە دوو توخمی زمانەوانی جیاواز لەخۆ دەگرێت.

پێشتر ئەوە ڕوونبووەوە، کە شێوازی (zeugnu) بە وشەیەک دادەنرێت، کە کۆتاییەکی وشەسازیانەی سفری هەیە، بە هەمان شێوە شێوازی (-phlog) بە ڕەگێک هەژمار دەکرێت، کە پاشگرێکی سفری هەیە. بواری تێکەڵ بوون لە ئارادا نییە، بنجەکە لە ڕەگەکە جودایە، با لە ڕووی دەنگیشەوە وەک یەک بن.

ڕەگ لە هزری قسەکەراندا بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە، با لە لامان ڕوون بێتەوە، قسەکەران ناتوانن هەمیشە بە یەک ئاست دایبڕێژن، جیاوازییەکی زۆر دەربارەی ئەم خاڵە لە ئارادا هەیە، ئەگەر لە یەک زماندا یان لە نێوان زمانێک و زمانێکی دیکەدا. لە هەندێک دەربڕیندا سیفەتی دیاریکراو هەبن، سەرنجی قسەکەران بۆ ڕەگەکە ڕاکێشن، لە زمانی ئەڵمانیدا بۆ نموونە: ڕەگەکە زۆرجاران یەکگرتوو دەبێت و زۆرجاریش یەک بڕگەیی دەبێت (بەراورد بکە:

(streit -, bind-, haft-,etc)

چەند یاسایەکی پێکهاتەیی دیاریکراو پەیڕەو دەکات، یەکە دەنگییەکان بە هەرەمەکی و ڕێککەوت دەرناکەون، هەندێک پێکهاتەی کۆتایی وشەکە لە نەبزوێنەکان وەک (تەقێنەر occlosive) (نەرم liquid) ئاڵۆزبوونەکەیان کۆتایی پێ هات، لێرەدا دەتوانین بڵێین

(werk-)، بـــەڵام نـــاتوانین بڵێـــین(wekr-)، هـــەروەها ئەمانـــەش دەبینین:(helf-,werd -)، بەڵام ئەمانە نابینین: (rhefl-,wed -).

دووبـارە دەڵێـین گۆڕانـە بەدوایـەکهاتووەکانی نێـوان بزوێنـەکان، بەتایبـەت بەشـێوەیەکی گشـتی بـەرەو ئـەو ئاراسـتە دەبـن، کـە هەسـتەکانمان بـە ڕەگـەکان و یەکـە هاریکارەکـان زیـاتر لـە دیارخەرەکان بەهێز بکەن.

زمـانی ئـەڵمانی بەشـێوەیەکی فـراوان لەگـەڵ زمـانی فەڕەنسـیدا لـە ڕووی تێکەڵبوونی فرەئـاڵوگۆڕ جیاوازییـان هەیـە. ڕەگـەکان لـە زمانـە سـامییەکاندا هـەمان سـیفەت هەڵـدەگرن، بـەڵام بـە ڕێژەیـەکی زیـاتر، لێرەدا ئاڵوگۆڕ و گۆڕانـەکان بەتـەواوەتی یـەک لـەدوای یەکدا دێن و ژمارەیـەکی زۆر لـە دژیـەکـە پێکهێنراوەکـان ڕوومـاڵ دەکـەن، یـان کۆنترۆڵیـان دەکـەن (بـەراورد بکـە: شـێوازەکانی زمـانی عیبـری qátal, qtaltem, qtòl, qitlo, etc هەموو ئەو شێوازانەی سەر بە هـەمان کـارن مانـای کوشـتن دەگەیـەنن). جگـە لەمـەش، ڕەگـەکان لـە زمانە سامییەکاندا خاوەن خەسڵەتێکی هاوشێوەین لـە بڕگـەی تاکیانـە لە زمانی ئەڵمانیدا، بەڵام بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوەتر سێ نـەبزوێن لەخۆ دەگرێت. زمانی فەڕەنسی بەتـەواوەتی جودایـە و ئاڵوگۆڕەکانی تیادا کەمن و بە ژمارەیەکی کەم ئەنجام دەدرێن، لێرەشـدا لـەپاڵ ئـەو ڕەگانـەی کـە تـاک بڕگـەیین (march-,mang-,roul-)، کۆمەڵـە ڕەگێکـی زۆر هـەن، کـە لـە دوو بڕگـە یـان سـێ بڕگـە پێکهـاتوون (commec -, hèsit –, epouvant-).

لەپاڵ ئەمەدا ئەم ڕەگانە ـ وەک ئەنجامی کۆتایی بەشێوەیەکی سەرەکی چەند کۆبوونەوەیەکی هەمەچەشن دەگرێتەخۆ، کە ناتوانرێت بکرێتە یاسا (بەراوردی ئەمانە بکە: ڕێنمایی دەکات guid-er ،(فەرمانڕەوایەتی دەکات regn-er)، (دەکوژێت tu- er)، (سەر دەبڕێت hurl–er)، (دەچێتە ژوور entr-er)، (دوادەکەوێت tard- er) ، (فوو دەکات souffl-er)، (خووتە خووت دەکات grond – er).

لاوازی هەستکردن بە ڕەگەکان لە زمانی فەڕەنسیدا پێویستە بە سەیر و سەمەرە نەیەتە پێش چاو، هاوبەشێکی هاوشێوە هەیە، کە دەستنیشانکردنی پێشگر و پاشگرەکانن. پێشگر پێش بەشی ئەو وشەیە دێت، کە بە بنجەکەی دەناسرێتەوە:

(بۆ نموونە hupo in Greek hupo – zeugnumi).

پاشگر ئەو توخمەیە، کە بە بنجەکەوە دەلکێندرێت، تا بنجەکە دروست بکات (بۆ نموونە: zeug-mat)، یان دەخرێتە سەر پلە بنەڕەتییەکەی یەکەم، تا پلە بنەڕەتییەکەی دووەم دروست بکەن (بۆ نموونە - zeugmat-io)، پێشتر ئەوەمان بینی پاشگرەکە لە کۆتاییە وشەسازییەکە دەچێت ـ کە بۆی هەیە سفر بێت.

دارشتنی پاشگرەکە لە لایەکی دیکەی شیکردنەوەی بنجەکە، کە هەندێکجار مانایەکی بنەڕەتی دروست دەکات و بەهایەکی ئاماژەیی پێکدەهێنێت لە (zeuk – ter)، پاشگری (ter) بریکار یان کارگەی ڕووداو دەگەیەنێت، هەندێک جاری دیکەش تەنها ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە، هەروەک لە (zeúg -nu(-mi دەردەکەوێت، کە پاشگری

(nu-) ئاماژە بە بیرۆکەی ڕانەبووردوو دەکات، هەروەک پێشگرەکە هەردوو ڕۆڵەکە دەبینێت، بەڵام کەمجار ڕێکدەکەوێت کە زمانەکەمان ئەرکێکی ڕێزمانیانەی پێ ببەخشن، بۆ نموونە( - ge) لە شێوازی ڕابووردوی بەردەوام لە زمانی ئەڵمانیدا (ge – setzt,etc)، پێشگرە تەواوەکانی زمانی سلاڤی (شێوازە ڕووسیەکە (na – pisat, etc)، هەروەها پێشگرەکە جیاوازی لەگەڵ پاشگرەکەدا هەیە لەڕێگای - خەسڵەتێکی گشتییەوە - بە تەواوەتی ڕەها نییە، پێشگرەکە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دیاریکراوە، لەبەر ئەوە زۆر سانایە بەگشتی لە وشەکە جودابکرێتەوە، ئەمەش بۆ سروشتی پێشگرەکە دەگەڕێتەوە، لێرەدا وشەکە دوای لابردنی پێشگرەکە بە تەواوی دەمێنێتەوە (ئەم شێوازە فەڕەنسیانە بەراورد بکە بێدەسەڵات indigne و دەستپێدەکات commencer : لە سەرەتاوە دەژمێرێت recommencer ، کێش weight ، دەکێشێت contrepoids و ڕاهێنەر adroit، ڕانەهێنەر maladroit، خاوەن دەسەڵات digne.

زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و ئەڵمانی نموونەگەلێکی یەکلاکەرەوەتر پێشکەش دەکەن، لە سەرووی ئەمەشەوە، زۆر لە پێشگرەکان کاری وشە سەربەخۆکان ئەنجام دەدەن (بەراورد بکە لە فەڕەنسی(نەخۆش mat ) و (دژ contre) و (پێش avant) و (لەسەر sur)، لە زمانی ئەڵمانیش (unter)و(vor)، لە زمانی یۆنانیش(katá)و(prò).

بەڵام پاشگر بەگشتی جودایە، توخمی بنەڕەتی دەمێنێتەوە دوای لابردنی پاشگرەکە نابێتە وشەیەکی تەواو، بۆ نموونە: لە زمانی

فەڕەنسی: (organisation)(ڕێکخستن)(-organis)، لە زمانی ئەڵمانیدا:(Trennung) (-trenn)، لە زمانی یۆنانیش:(zeugma) (zeug )، سەرباری ئەمەش پاشگر هیچ بوونێکی سەربەخۆی نییە. ئەنجامەکەش ئەوەیە کە بەشی یەکەم لە بنجەکەدا پێشتر دەستنیشان دەکرێت. قسەکەر پێش ئەوەی هەر پرۆسەیەکی بەراوردکاری لەگەڵ شێوازەکانی دیکەدا ئەنجام بدات، دەزانێت لەکوێدا هێڵ لە نێوان پێشگر و شتەکانی دوایی دابنێت، ئەمەش لەسەر بەشی کۆتایی وشەکە پیادە نابێت.

ئەمەش کەسێک نییە بتوانێت سنوور دابنێت پێش بەراوردکردنی ئەو شێوازانەی هەمان بنج و هەمان پاشگریان هەیە.... ئەو سنوورڕێژکردنانەی پێشتر فرەجۆر دەبن بەگوێرەی سروشتی زاراوە بەراوردکارییەکان.

بە شێوەیەکی تایبەت، پاشگر و بنجەکان بەهاکانی خۆیان لە دژیەکی پێکهاتە و یاوەربوونەوە وەردەگرن. ئێمە هەمیشە توخمێکی بنەڕەتی یان شێوەیی لە هەردوو بەشی دژبەیەکی وشەکەدا دەبینین، بەمەرجێک چەند دژبەیەکێکی ئەوتۆ هەبن، کە ئەگەری بوونیان لە ئارادا هەبێت، بۆ نموونە لەم وشە لاتینییەدا (dictatorem)، پێویستە بنجەکە تێبینی بکەین(dictator -(em، ئەگەر لەگەڵ ئەم وشانەدا بەراوردی بکەین:( consul-en, ped-cm, etc ) و ئەم بنجەش (dicta – torem) ، ئەگەر لەگەڵ ئەم شێوازەدا بەراوردی بکەین:( lic - tòrem, scrip- torem, etc)، ئەم بنجەش (tatorem) ـ dic، ئەگەر بڕوانینە( tatorom, cand- tatorem)

بەشێوەیەکی گشتی و لەژێر سایەی بارودۆخێکی گونجاودا، ئەوا قسەکەرەکە بۆی هەیە هەر جۆرە دابەشکردنێکی وێناکراو ئەنجام بدات، بۆ نموونە:

(dicttat – orem, from am – òrem, ard-òrem, ete.)

(dict – atorem, from or – atorem, ar- átòrem, etc.)

دەزانین ئەنجامی ئەم شیکردنەوە دینامیکیانە لە شێوازە پێوەرییەکانی ماوە و قۆناغەکاندا دەردەکەوێت، دەتوانین پێشگرەکان، پاشگرە،کان کۆتاییەکان)، کە زمان دەیانناسن و ئەو بەهایانەی پێوەی بەستراون.

### ٣. ئیتمۆلۆژی (زانستی بەرەسەنکردنی تاکەکان)

ئیتمۆلۆژی بە لقێکی زانست دانانرێت، هەروەها بە بەشێک لە زمانەوانیی پێشڤەچوویی هەژمار ناکرێت، ئیتمۆلۆژی پیادەکردن و بەکارهێنانی ئەو بنەمایانەیە، کە بە ڕاستەقینە مێژوویی و وەسفییەکانەوە پەیوەستن، ئیتمۆلۆژی زانستێکە بۆ مێژووی وشەکان دەگەڕێتەوە، تا شتێک بدۆزێتەوە شرۆڤەی بکات.

قسەکردن لەسەر بنجی وشە، کە لە وشەیەکی دیکەوە هاتبێت، بۆی هەیە چەند شتێکی هەمەجۆری پێویست بێت، بەم شێوەیە ئیدی ئەم وشە فەڕەنسییە (sel)، لەم وشە لاتینییەوە (sal) هاتووە، ئەویش لە ڕێگای گۆڕانێکی دەنگی سادەوە، وشەی (دەکێڵێت labourer) لەم وشە فەڕەنسییە کۆنەوە (کار labourer) هاتووە، ئەویش تەنها لەڕێگای گۆڕانی واتاوە، وشەی (لە باوەش دەکات

لــەم وشــە لاتینییــەوە (couver) (لەســەر چــەرپایەکــە دەخــەوێت (cubare) هـاتووە، ئـەویش بـەهۆی گۆڕان لـە واتـا و دەنگەکـەوە. لـە کۆتاییدا ئەم گوزارشتە فەرەنسییە، (درەختی سێو) (pommier) لـە وشەی(pomme) وەرگیراوە، کە لـە ڕێگای پەیوەندی ئیتمۆلۆژیای ڕێزمانییەکەوە ئەنجام دەدرێت.

هـەر سێ نموونەکـەی یەکـەم سێ هاوشـێوەی مێژوویـی لـەخۆ دەگرێـت، بـەڵام نموونــەی چـوارەم پشــت بــە پەیوەنـدی وەسـفی دەبەستێت، کە لە چەند زاراوەیەکی هەمەچەشندا بوونی دەبێت، هـەر شــتێکیش دەربــارەی پێوانــە وتــرا، بەڵگەیــە لەســەر ئــەوەی ئــەم پەیوەندییە گرنگترین بەشەکانی توێژینەوەی بواری ئیتمۆلۆژیایە.

ناتوانین بـە تـەواوەتی بزانین ئیتمۆلـۆژی وشـەی (bonus) چییـە، تـەنها بـە گەڕانـەوە بـۆ وشـەی (dvenos)، بـەڵام ئـەگـەر شـێوازی (bis) بگەڕێتەوە بۆ شێوازی (dvis)، بە بەکارهێنانی پەیوەندییەکەی لەگــەڵ (duo)، دوای ئەمــە ئیــدی ڕێکارەکــە یــان پرۆگرامەکــە ئیتمۆلۆژیایە، هـەمان شت لەسـەر پرۆسـەی بـەراوردکردنمان بـۆ ئـەم وشــە فەرەنســییە (ســەدەکان oiseau) و ئــەم وشــە لاتینییــە (avicellus) پیادە دەبێت، چونکـە بەراوردکردنەکـە پـەردە لـەسـەر وابەســتەیەی نێــوان (ciseau) و (avis) هەڵدەداتــەوە. ئیتمۆلــۆژی بەشـێوەیەکی سـەرەکی شـرۆڤەکردنی وشـەکان، ئـەویش لـە ڕێگـای توێژینەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وشەکانی دیکەدا.

شـرۆڤەکـردن واتـای ئەوەیـە بـەهۆی چـەنـد زاراوەیەکـەوە شـتەکان بەیەکـدی ببەســتینەوە، لــە زمانەوانیشــدا شــرۆڤەی وشــە مانــای

بەستنەوەیە بە وشەی دیکەوە، چونکە هیچ پێویست نییە پەیوەندی لەنێوان دەنگ و واتادا هەبێت.

ئیتمۆلۆژی زانستێکە کارەکەی ئەوە نییە وشە تاکەکان شرۆڤە بکات و لەوێدا هەڵوەستەی پێ بکات، بەڵکو مێژووی گروپەکانی وشەکە و مێژووی گروپەکانی توخمە شێوەییەکان، پێشگرەکان، پاشگرەکان،... هتد کۆدەکاتەوە.

ئیتمۆلۆژی وەک زمانەوانی پێشڤەچوو و چەسپاوە، کە ڕاستەقینەکان وەسف دەکات، بەڵام ئەم وەسفە میتۆدیانە نییە، چونکە پەیڕەوی لە سیستەمێکی دیاریکراو ناکات. ئیتمۆلۆژی بە گشتی و بە شێوەیەکی هەمەکی لە ڕووی مێژووی وشەکەوە پێدراو و زانیارییەکانی خۆی بە شێوازی نۆرەگرتن لە دەنگسازی و وشەسازی و واتاسازی.....هتد وەردەگرێت.

ئینجا تا ئیتمۆلۆژیا بگات بە ئامانجەکانی خۆی، هەموو ئەو پێدراوانە بەکاردێنێت، کە لە زمانەوانیدا لەژێر دەستیدان، بەڵام گرنگی بە سروشتی ئەو پرۆسانە نادات، کە پێویستە ئەدا بکرێن و ئەنجام بدرێن.

# بەندی چوارەم
# زمانەوانیی جوگرافی

## بەشی یەکەم
## جۆراوجۆری زمانەکان

هەرچەند لە مەسەلەی پەیوەندییە تایبەتەکانی دیاردەی زمانەوانی بکۆڵینەوە، ئەوا زمانەوانیی ناوخۆیی واز لێ دێنین و دەچینە ناو زمانەوانیی دەرەکییەوە، چەمکی زمانەوانیی دەرەکیمان لە پێشەکی بەشی پێنجەمدا باسکرد.

ئەوەی زیاتر دەربارەی توێژینەوەی زمانەکان سەرنجمان ڕادەکێشێت، ئەو فرەجۆری و جیاوازییەکانە، کە لە زمانەکاندا هەن، واتە جیاوازییە زمانەوانییەکان کاتێک مرۆڤ لە وڵاتێکەوە دەچێتە وڵاتێکی دی، یان لە هەرێمێکەوە دەچێتە هەرێمێکی دی، جیاوازی کات و قۆناغەکان زۆرجاران لەلایەن تێبینیکارەوە نازانرێت، بەڵام جیاوازی شوێنەکان خۆیان دەست و برد دەسەپێننە سەر توێژینەوە زمانییەکان، تەنانەت نەزانەکان و دواکەوتووەکانیش پێی دەزانن و سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەن، کە وابەستەییەکیان لەگەڵ ئەو هۆز و عەشیرەتانە بۆ پەیدا دەکەن، کە زمانێکی دی غەیری زمانەکەی خۆیان قسە دەکەن.

لە ڕاستیدا ئەم بەراوردکاریانە وا لە نەتەوەیەک دەکەن، کە بە زمانەکەی خۆی ئاشنا بێت و لێی تێبگات.

بەم بۆنەیەوە دەڵێین ئەم هەستە گەلە بەراییەکانی مێژووی وا لێکردووە، کە بەو ئیعتیبارە بڕوانێتە زمان، نەریتێکە یان لاسایکردنەوەیە وەک جلوبەرگ و چەک زاراوەی زمان بە

ڕاســتگۆیی ئــەوە دەردەخــات، کــە خــودی زمــان ڕەنگدانــەوەی جیاوازییـەکـی تایبەتـە بـە کۆمـەڵگاوە (زاراوەی ipioma لـە زمـانی یۆنانیدا هەمیشە مانای (نەریتێکی تایبەتی) وەرگرتووە.

ئـەم چەمکـە هەرچەنـدە گونجـاوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێتـە چـــەمکێکی تـــەمومژاوی، ئـــەویش کاتێـــک لـــە تێڕوانینـــی زمـــان دووردەکەوینـەوە، بـەو حیسـابەی خەسـڵەتێکە نـەک بـۆ نەتەوەیـەک، بەڵکو ئەو خەسڵەت و جیاوازی ڕەگەزێکە بە هـەمان شـێواز، وەک جیاوازی ڕەنگی پێست یان شێوەی سەری مرۆڤ.

لێرەدا زۆر بەسوودە ئاماژە بکەین بەوەی کە هـەموو نەتەوەیـەک لەو باوەڕەدایە زمانەکەی خۆی باڵاترین زمانە و ئەو کەسەش کە بە زمانێکی دی دەدوێت، وای هەژمار دەکەن توانـای ئاخـاوتنی نییـە، بۆ نموونـە ئـەم وشـە یۆنانییـە bárbfares بـەڕوونی ئامـاژە بـەو کەسـە دەکات، کە پرتە دەکات، ئەم وشەیە پەیوەنـدی بـەم وشـە یۆنانییـەوە (balbus) هەیـە، لـە زمـانی ڕووسـی و ئەڵمانیدا بـە (لاڵ nèmtsy) دەوترێت. جیاوازی جوگرافی یەکـەم تێبینـی بـوو، کـە زمانـەوانی پێـی هەستا، ئـەم پرۆسـەیە شـێوازی یەکـەمی توێژینـەوەی زانسـتی زمـانی لەلای یۆنانییەکان دەستنیشـانکرد، بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی وتمـان یۆنانییـــەکان جـــاران تـــەنها گرنگیـــان بـــە فرەجـــۆری شـــێوازە هەمەچەشنەکان داوە، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە گرنگیـدانیان تەنها لە چوارچێوەی سنوورەکانی یۆناندا بووە.

لـە کـاتی تێبینیکردنـی دوو زمـانی جـودا، مـرۆڤ تەماشـای ئـەو وێکچوونـە دەکـات، کـە لەنێوانیانـدا هەیـە، ئەمـەش لـەلای قسـەکەران

بۆچـــوونێکی سروشـــتییە. بێـــزەنتینـــەکان دەیانویســـت شـــێوەزارە ناوخۆییەکەی خۆیان لەگەڵ شێوەزارەکانی گوندەکانی دەوروبەریان بەراورد بکەن، ئەو گەلانەی بە چەند زمانێک قسە دەکەن، تێبینی ئەو خەسـڵەتانە دەکـەن، کـە لـەنێوان ئـەو زمانـەدا هاوبەشـن، بـەڵام مەسەلەیەکی نامۆیە، کە زانست ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانیدابوو، تا سوودی لـە ئەنجامـەکانی ئـەم تێبینیانـە بینـی، بۆ نموونـە یۆنانییـەکان وێکچوونێکی گەورەیان تێبینی کرد لەنێوان وشەکانی زمانی لاتینی و وشەکانی زمانەکەیان، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێکی زمانەوانی.

تێبینیکردنـــی زانســـتی بـــۆ وێکچوونـــە زمانەوانییـــەکان، ئـــەوە دەســـەلمێنن کـــە دوو زمـــان یـــان زیـــاتر، لەوانەیـــە نزیکایەتییـــەک لەنێوانیاندا هەبێت، واتە سەر بە یەک بنج بن، ئەو کۆمەڵە زمانـەی لـە یەکەوە نزیکن، خێزانێک پێکدەهێنن. زمانەوانـە هاوچەرخـەکان چەنـد خێزانێکی زمانەوانیان بەم ڕێکخستنە دیاریکردووە: هیندۆ ئەوروپی، ســامی، زمــانی بــانتو... هتــد، ئەوانــە زمانــەکانیان لەگــەڵ یەکــدی بەراوردکردووە، کە بەڕوونی بووە هۆی دۆزینەوەی بنجەکان.

چەندەها هـەوڵ خرانـە گـەڕ بۆ گـەڕان بـەدوای ئـەو وێکچوونـەی لــەنێوان زمــانی (فینــۆ ــ ئــۆگری finno- ugrie) و زمــانی هینــدۆ ئەوروپیدا هەیە، هەروەها لایەنەکانی وێکچوون لەنێوان زمـانی هینـدۆ ئــەوروپی و زمــانی ســامیدا لێکدرانــەوە... هتــد، بــەڵام ئــەم جــۆرە بەراوردکاریانە هەمیشە لەمپەر و ئاستەنگی سەخت دەهاتنە پێشـیان، پێویســـتە ئــەو شـــتانەی دەکـــرێ بچەســـپێنرێن و ئەوانـــەی ئەگـــەری بوونیان هەیە لەگەڵ یەکدی تێکەڵیان نەکەین.

بـوونی نزیکایـەتی لـەنێوان زمانـەکانی جیهانـدا، مەسـەلەیەکە چـاوەڕوانکراو نییـە - تەنانـەت ئـەگـەر ڕاسـتیش بێت ـ هـەروەک زمانـەوانیی لاتینـی (ترۆمبیتـی Trombetti) بـاوەڕی بەمـە هـەبوو - ناتوانرێـت ئەمـە بسـەلمێنرێت، ئـەویش بـەهۆی بـوونی ژمارەیـەکی زۆری ئەو گۆڕانانەی بەسەریاندا هاتووە.

لـەپاڵ ئـەم جیاوازییـەی لـەناو کۆمەڵـە نزیکەکـەدا هەیـە، پاشـان جیاوازییـەکی ڕەهـا بـوونی هەیـە لـەنێوان ئـەو زمانانـەی هـیچ ڕەچەڵەکێکی ناسراویان نییە، یان بکرێ بسەلمێنرێن ئەو میتۆدە چییە کە پێویستە زمانەوان لە هەموو ئەم پلانەدا بەکاریان بهێنێت؟، با لـە دووەمـەوە دەستپێبکەین، کـە لـە هـەموویان بـاوترە، هـەروەک ئێسـتا وتمـان ژمارەیـەکی زۆری زمانـەکان و گروپـە زمانەوانییـەکان خزمایەتی لە نێوانیاندا نییە.

باشترین نموونە زمانی چینییە و دەبێ زمانی هیندۆ ئەوروپیش بەهەند وەربگرین، ڕاستەقینەی جیاوازییەکەیان مانای ئەوە نییە، کە نـاکرێ بـەراورد بکـرێن، چونکـە بـەراوردکاری هەمیشـە بـۆی هەیـە بکرێ و بـەسوودیشـە، بەراوردکاری پرۆسـەیەکە لەسـەر گروپـەکانی ڕێزمـان و شـێوازە گشـتییەکان پیـادە دەکرێـت، بـۆ گوزارشـتکردنی تەواو لـە بیرۆکەکـە، وەک سیسـتەمەکانی دەنـگ، هـەروەها ڕاسـتەقینە مێژووییەکان و پێشڤەچوونی دەنگ لـە دوو زمانـدا لـەخۆ دەگرێـت... هتد.

تواناکانی بەراوردکاری بەمشێوەیە لە ژمـار نایـەن و بـە پێدراوی دەروونـی و دەنگیانـە چەسـپاون، کـە شـێوازی هـەر زمانێـک

دیاریدەکەن بە شێوازی ئاڵوگۆڕ ـ جێگۆڕکێ، دۆزینەوەی پێدراوە جێگیرەکان هەمیشە ئامانجی سەرەکی هەر بەراوردکارییەک بووە لە نێوان زمانە نزیکەکاندا.

جۆری دووەمی جیاوازییەکان ئەوانەن لە نێوان گروپە زمانەوانییەکاندا هەن، کە بوارێکی بێسنوور بۆ بەراوردکردن دەڕەخسێنن، ئەگەری ئەوە هەیە دوو زمان جیاواز بن، یان دەشێ تا ئەو ڕاددەیەی وێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا لەخۆ بگرن، وەک زمانی (زەند zend) و سانسکریتی، یان بە تەواوەتی جیاواز دەبن، وەک زمانی سانسکریتی و گیلیکی (Gaelic)، هەموو پلە ناوەڕاستەکان ئەگەری بوونیان هەیە، زمانی یۆنانی و لاتینی لە یەکدیەوە نزیکترن وەک لە سانسکریتی... هتد.

ئەو زمانانەی جیاوازییەکی سادە لەنێوانیاندا هەیە، بە شێوەزار ناوزەد دەکرێن، بەڵام پێویستە ئەم وشەیە بەشێوەیەکی ڕەها بەکاربهێنرێت، پاشان دەبینین جیاوازی شێوەزارەکان و زمانەکان جیاوازی لە چەندێتیدا نەک لەڕووی جەوهەر و کرۆکەوە.

## بەشی دووەم
## ئالۆزییەکانی جیاوازی جوگرافی

### ١. بوونی چەند زمانێک لە یەک شوێندا

جیاوازی جوگرافی لە شێوازێکی نموونەیدا لەم خاڵەدا بەرجەستە بووە:

بەگوێرەی فرەیی و ژمارەی هەرێمەکان، زمانەکانیش فرە دەبن، ئەمە میتۆدێکی قایلکاربوو، چونکە بهشە جوگرافییەکە تا هەنووکە بە گەورەترین هێزی گشتی لە جیاوازی یان فرەیی زمانەوانی هەژمار دەکرێت، بەڵام لێرەدا چەند ڕاستەقینەیەکی مامناوەندی هەیە، کە هێما نموونەییەکە دەشڵەژێنن، وا دەکەن چەند زمانێک لە هەمان هەرێمدا پێکەوە بژین، ئێمە بازمان لەسەر دوو مەسەلەدا، یەکەمیان ڕاستەقینە و بنەڕەتییەکەیە، ئاوێتەبوونی ئەندامیانە، یان تێکەڵکێشبوونی دوو زمان، کە لە ئەنجامی گۆڕانی سیستەمەکەوە پەیدا دەبێت (بەراورد بکە: زمانی ئینگلیزی دوای شاڵاوی نۆرماندییەکان). دووەم ئەو پێکدادانە سیاسییەیە، کە لە چەند زمانێکی جوداوە بەڕوونی لە ڕووی شوێنەوە دەردەکەوێت، بەڵام دەچێتە چوارچێوەی هەمان دەوڵەتەوە، وەک ئەوەی لە سویسرادا هەیە.

تاکە ڕاستەقینەیەک بە لامانەوە گرنگە ئەوەیە، کە دەکرێ دوو زمان پێکەوە بژین و لەگەڵ یەکدیدا هەڵ بکەن، ئەویش ئەگەر لەپاڵ یەکدیدا و لە هەمان شوێندا پێکەوە بژین، بەبێ ئەوەی ئاوێتەی

یەکدی ببن و لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ ببن، ئەمەش حاڵەتێکە زۆرجار ڕوودەدات، بەڵام لە دوو جۆری جودایە.

یەکەمیان ئەوەیە داگیرکەران زمانەکەی خۆیان بە گوێرەی زمانی خەڵکی شوێنەکە ـ وڵاتەکە بگونجێنن ـ پێک بێنن، بۆ نموونە لە مێژوودا دوو داگیرکەری یەک بەدوای یەک باشووری ئەفریقایان داگیرکردبوو، کە ئەڵمانی و ئینگلیزی بوون، زمانی هەردوو داگیرکارەکە لەپاڵ زارەکانی زمانی ئەفریقا (Negro)بەکاردەهێنران، پاشانیش وەک زمان بەکارهێنرا و مانەوە، بە هەمان شێوەش زمانی ئیسپانی لە مەکسیک مایەوە و لەلای هاوڵاتیان چەسپا. لەم چەرخەدا ئەم جۆرە بازدانانەمان بەرچاو ناکەوێت. نەتەوەکان بە درێژایی مێژوو ئاوێتەی یەکدی بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیان زمانەکانی خۆیان بپارێزن. تاکو ئەم ڕاستەقینەیە بسەلمێنین، تەنها ئەوەمان لەسەرە بە نیگایەک بڕوانینە نەخشەی ئەوروپا:

ئێرلەندا لەگەڵ کەلتی و ئینگلیزییە، زۆر لە ئێرلەندییەکان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن، لە (بریتانی Brittany) هەردوو زمانی فەڕەنسی و بریتونیە بەکاردێنن، لە هەرێمی باسک هەردوو زمانی فەڕەنسی و ئیسپانی بەتەواوەتی وەک چۆن باسکی زمانە بنەڕەتییەکەی خۆیانە قسەی پێدەکەن. لە وڵاتی (فنلندا) بۆ ماوەیەکی زۆر هەردوو زمانی (سویدی) و (فنلەندی) بۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە هەڵیان کرد، لەم چەرخەشدا زمانی ڕووسی چووە پاڵیان. لە وڵاتی (کۆرلاند Courland) و (لیڤۆنیا Livonia) خەڵکی بە زمانی (لیتیشیە Lettish) و هەردوو زمانی ئەڵمانی و ڕووسی قسە

دەکــەن، زمــانی ئــەڵمانی لــە ســەدەکانی ناوەڕاســتدا لــەڕێگای داگیرکارییــەوە لــەژێر ســایەی حــوکمڕانی (هــانزی Hanseativ League) بڵاوبووەوە ـ سەبارەت بە بەشێکی تایبەتی دانیشتووان، پاشــان زمــانی ڕووســیش لــەڕێگای داگیرکردنــەوە هاتــە نــاو ئــەم وڵاتەوە. زمانی پۆڵەندیش هاتە ناو لیتوانیاوە، چونکە لەگەڵ پۆڵەندا لەناو یەکێتیەکدابوون و زمانی ڕووسیش لەبەر ئەوەی بەشێک بوو لە ڕووسیا. هەروەها زمانی سلاڤی و ئەڵمانی لە سەدەی (١٨)دا لە بەشــی ئەڵمانییەکــەی ڕۆژهــەڵاتی چیاکــانی (ئــەلــب) بــەکاردەهێنرا. زمانــەکان لــە شــوێنەکانی دیکــەدا ئــاڵۆزترن: لــە وڵاتــی (مــەکــدۆنیا) هــەموو ئــەو زمانانــە هــەن، کــە بــە بیرمانــدا دێــن ـ زمــانی تــورکی و بولگاری و سیبیری و یۆنانی و ئەلبی و ڕووسی... هتد. زمانەکانیش بــە گشــتی بــە شــێوازی هەمەچەشــن لــە هەرێمــە جۆراوجۆرەکانــدا ئاوێتەی یەکدی دەبن.

پێکــەوە ژیــانی زمانــەکان هەمیشــە بەشــێوەیەکی ڕەهــا ئــاڵۆز نییــە، بەشێوەیەکی ڕێژەیی ئەگــەری بــوونی هەندێک دابەشــبوونی هــەرێمی هەیە، سەبارەت بە هەردوو زمانەکە دەکرێ هەر یەکێکیان لە وڵاتدا لەپاڵ زمانە بنەڕەتییەکە بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەمجۆرە دابەشبوونە هەمیشە سنوورەکانی ڕوون و ئاشکرا نین. لە چەرخەکانی کۆندا ئەم چیرۆکە بوونی هەبووە. نەخشەی زمانــەوانیی ئیمپراتۆریــەتی ڕۆمــانی ئەم ڕاستەقینانە دەخەنەڕوو، وەک ئەوانەی ئێستا خستمانەڕوو.

لە کۆتایی سەردەمی کۆماریدا بۆ نموونە (کامپانیا Campania) ســێ چــوار زمــان بــەکاردەهێنران: ئۆســکانی (Oscan)، کــە

دەستنووسەکانی (پۆمپای) ئاماژە بە بوونی دەکەن، زمانی یۆنانی، کە زمانی ئەو داگیرکەرانە بوو (ناپۆلی)یان دۆزییەوە... هتد، زمانی لاتینی، هەروەها لەوانەیە (ئەتروسکان) (Etrnscan)ش هەبوو، کە پێش ڕۆمانەکان بە زمانێکی هەژمووندار هەژمار دەکرا، لە (قرتاجە) زمانی (پونی) punie بەردەوامی بە خۆیەوە بینی، یان هەردوو زمانی فینیقی لەپاڵ زمانی لاتینیدا تا داگیردنیان لەلایەن عەرەبەکانەوە بوونی هەبوو، هەروەها بێگومان زمانی (نومیدی Numidian) لە هەرێمی (قرتاجە) بوونی هەبووە، پێویستە گریمانەی ئەوە بکەین لە حەوزی ناوەڕاستدا وڵاتی وا هەبوون، کە لە چاخە دێرینەکاندا بە یەک زمان قسەیان کردووە، ئەمەش وەک حاڵەتێکی دەگمەن بوونی هەبووە.

شاڵاوی سەربازی و داگیرکردن هۆیەکی ئاسایی و هەمیشەیی بووە، بۆ ئەو کەڵەکە بوونە زمانەوانییەی لە ئارادا هەبووە، لەوانەشە ئەم حاڵەتە لەڕێگای دزەکردنێکی ئاشتیانە و هێنانەوە دەستەبەر ببێت، ئەویش لەڕێگای دەستگرتن بەسەر هۆزە ڕەوەند و شوانکارەییەکانەوە زارەکە بۆی هەیە بڵاوببێتەوە: ئەمەش ئەو کارە بوو، کە دۆمەکان (Gypsis) توانیان بیکەن، بەتایبەتی ئەو دۆمانەی کە لە (هەنگاریا) نیشتەجێ بوون و چەند گوندێکیان پێکهێنا، ئینجا لە توێژینەوەی زمانەکەیان بۆمان دەردەکەوێت، کە لە هیندستانەوە هاتوون و لە چەند قۆناغێکی جیاجیادا زانراو نین هاتوونەتە ئەم وڵاتانە. لە (دۆبروجا Dobruags)، کە دەکەوێتە سەر سەرچاوەی (ڕووباری دانوپ)، چەند گوندێکی پەرتی (تەتەر)یمان بەرچاو

دەکـــەوێت، کـــە وەک چەنــد پەڵەیـــەکی بچـــووک لەســـەر نەخشـــەی زمانەوانیی هەرێمەکەدا دەردەکەون.

**٢. زمانی ئەدەبی و زمانی بەکارهێنراو** (**زاری خۆجێی**):

ئـەگـەر لـە وێنـاکردنی مەسـەلەکەدا دوور بـڕۆین، دەبینـین یەکـەی زمانەوانی بۆی هەیە دابڕمێت و هەرەس بێنێت، ئەویش کاتێک زمانـە سروشـتییەکە لـەژێر کاریگـەری زمـانی ئەدەبیـدا دەبێـت. ئەمـەش مەسـەلەیەکە دوورنییـە کاتێـک نەتـەوە بگاتـە ئاسـتێکی دیـاریکراو لـە پێشکەوتنی ژیاریدا، مەبەستم لـە زمـانی ئـەدەبی تـەنها زمـانی ئـەدەب نییـە، بـەڵام بـە هـەمان شـێوە و بـە مانایـەکی فراوانتـر و هەمـەکی جۆرەکانی زمانی ڕۆشنبیری فەرمییە، کە خزمەت بە هەموو کۆمەڵگـە لە هەرێمیکدا پێشکەش بکات، زمـان تـەنیا لـە زارەکـان پێکدێت، هـیچ زارێک نییە لەوانی دی باشتر بێت، لەبەر ئـەوە بەشـێوەیەکی ئاسـایی دووچاری داپچڕان دەبن.

بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی ژیاریدا پەیوەندییـەکانیش باشـتر دەبـن، زارێک بەهۆی ئەو چاکسازییەی لە ناوەرۆکیدایە هەڵدەبژێردرێت، تـا ئەو ڕاددەیەی ببێتە دەفرێک بۆ هەموو ئەو شتانەی هەست و نەسـتی نەتەوە بوروژێنێت، یان بەشـێوەیەکی هەمـەکی لەنێوانیانـدا پەیوەنـدی دروســـت بکـــات. هۆکـــاری جیـــاوازی بەشـــێوەیەکی زۆر فـــراوان هەمەچەشـــنەیە، زۆرجـــاران زاری هەرێمەکـــە هـــەژموونی دەبێـــت، لـەڕووی ژیارییـەوە پێشـڤەچوونی هـەبێت، یـان زۆرجـاران ئـەو زارە زیـاتر بـەکاردەهێنرێت، کـە لـە ناوچەیەکـدا هێـزی سیاسـی هەیـە و

هـەژموونی بەسـەر هێـزە ناوەندییەکـەدا هـەبێت. جـاری واش هەیـە زاری چینـی فـەرمانڕەوا خـۆی بەسـەر زمـانی نەتـەوەدا دەسـەپێنێت، زاری باڵادەست پاش ئـەوەی دەگاتـە پلـەی زمـانی فـەرمی و زمـانی جیاکـار و بـاڵا، بەدەگمـەن ڕێـک دەکـەوێت وەک پێشـوو بمێنێتـەوە، بەڵکو چەند توخمێک لـە زاری هەرێمـەکان دی وەردەگرێت و دەبێتـە زمـانێکی وا، کـە بـەزۆری زمـانێکی پێکهاتەیـە، بـەبێ ئـەوەی سـیفەتە بنەڕەتییەکەی خۆی بە تەواوەتی ون بکات.

بەمشێوەیە ئیدی زاری (llède France) بـەڕوونی جیاوازییـەکی پێـوە دیـارە لـە زمـانی ئـەدەبی فـەڕەنسـی و لـە زمـانی ئـەدەبی توسکانە(Tuscan)دا، کە لە زمانی پەتی ئیتالیدا هەیە، بـەڵام زمـانی ئـەدەبی بـە شـەو و ڕۆژێـک هـەژمـوونی خـۆی ناسـەپێنێت، زۆر لـە خەڵکیش دەکەونە بارودۆخێک، کـە بـە دوو زمـان قسـە دەکـەن (واتـە دوو زمانن bilingual)، زمانی پەتی (باڵا و زاری خۆجێی)، ئەمـەش لــە زۆربــەی ناوچــەکانی فەڕەنســادا دەردەکــەوێت، وەک ســاڤۆی Savoy ، کــە زمــانی فەڕەنســی بــە زمــانێکی میــوان دەزانێـت و نــەیتوانیوە تــا هەنووکــە زاری هەرێمــە خۆجێیــەکان لاببــات، بەشـێوەیەکی گشـتی لـە ئـەڵمانیا و ئیتالیـا لـەپاڵ زمانـە فەرمییەکانـدا چەند زارێک هەن بەکاردەهێنرێن.

ئەم حاڵەتەش لای هەموو نەتەوەیەک ڕوودەدات، کە پلەیەکیان لە ژیـن و ژیاریانـدا بڕیبێـت. یۆنانییـەکان یـەک زار یـان یـەک زمانیـان هەبوو (koine)، کە لـە (ئاتیکیـە وئـەیۆنیـە)وە وەرگیرابوو، و لـەپاڵ زارە خۆجێیەکان بەکاردەهێنران، کە پێشتر بوونیان لە وڵاتدا هـەبوو،

ئـــەوەی دەتـــوانین گریمانـــەی بکـــەین و وەک ئـــەنجامێک وەریگـــرین ئەوەیە، کە زمانی بابلی کۆن لـە زمـانی فـەرمی و زارە هەرێمییـەکان پێکدەهات.

ئایا زمانی پەتی بەکارهێنانی شێوازی نووسین لەخۆ دەگرێت یان پێویستی پێی هەیە؟، هەڵبەستەکانی (هۆمیرۆس) بۆیان هەیە ئەوە بسـەلمێنن، کـە ئـەم خاڵـە لـەخۆ نـاگرن، تەنانـەت ئەوانـەی زمانـەکانی خۆیانیـان لـە کاتێکـدا پێکهێنـا، کـە بـەکارهێنانی شـێوازی نووسـین دەگمەن بوو، یان بـەهیچ جۆرێک بوونی نـەبوو، زمانەکـەیان یاسـای کـارپێکراوی هـەبووە بـە خەسـڵەتەکانی زمـانی ئەدەبیشـەوە. ئـەو ڕاسـتەقینانەی لـەم بەشـەدا توێژراونەتـەوە، بـە هاوبـەش هـەژمار دەکرێن، تا ئەو ڕاددەیەی پێویستە وا وەربگیـرێن، کـە هێـزی ئاسـایی لە مێژووی زمانەکاندا ئاشنان.

بەڵام بۆ ئـەوەی پارێزگاری لـە ئامانجەکـەمان بکـەین، پێویسـتە لـە هـەموو ئـەو شـتانە خۆمـان بـەدوور بگـرین، کـە دیـاردەی سـەرەکی جیاوازییـە جوگرافییـە سروشـتییەکە دەشـارێتەوە و دابـڕاوی یـان بەدوور لە زمانێکی دیکەی بێگانەدا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و لـە هـەر پێکهاتـەیـەکی زمانـەوانیی ئـەدەبی بـەجیای بـزانین، وا پێـدەچێت ئـەم نەخشـەیە ـ ئـەم پلانـە سـادەیە دژ بـە واقیعەکـە ڕەودەکـات، بـەڵام پێویسـتەڕاسـتەقینە سروشـتییەکە لـە سـەرەتادا وەک گونجانـدنێک لەگەڵ ئەم بنەمایەدا لە خودی خۆیدا لێی بکۆڵرێتـەوە، لێرەدا دەڵێین زمـانی بڕۆکسـل (پایتـەختی بـەلجیکا) ئەڵمانییـە، تەنانـەت لـە بەشـی (فلیمینک)ەکـەی بـەلجیکاش بێـت، هـەروەها هاوڵاتیـان لـەوێ زمـانی

فەڕەنسیش قسە دەکەن لەنێوان سنوورەکانی نێوان فلیمینک و بەشەکانی (والۆن wallon و (لیجییە liège)، کە ڕۆمانییە لەبەر هەمان هۆ:

لە ناوچەی والۆنی فەڕەنسی بە زمانێکی بێگانە هەژمار دەکرێت، کە وایکردووە خۆی بسەپێنێتە سەر زمانە بنەڕەتییەکە، بەرانبەر بەمە زمانی بریست (Brest) کە لە ڕووی زمانەوانییەوە سەر بە زمانی بریتۆنە (Breton)، لەوێدا زمانی فەڕەنسی بەکاردەهێنرێت، هیچ شتێک نییە لەنێوانی و نێوان زمانی بریتانی (Brittang)، کە هاوبەش بێت. لە (بەرلین) بەتایبەت زمانی ئەڵمانی پەتی بەکاردەهێنر، کە بە ئەڵمانییەکی بێ سەروبن هەژمار دەکرێت... هتد.

## بەشی سێیەم
## هۆکارەکانی جۆراوجۆری جوگرافی

### ١. کات هۆکاری سەرەکییە

جیاوازی ڕەها مەسەلەیەکی هزریی تەواو دەخاتەڕوو، جیاوازی نێوان زمانە نزیکەکان لە توانایدا هەیە تێبینی بکرێن و جارێکی دیکە یەکبخرێنەوە. ئاراستەی زمانی ڕەمەکی لاتینی ئاراستەی هەمەچەشنەن لە باکور و باشووری ولاتی (غال)دا، کە بنجە هاوبەشەکەی هەردوو زمانی فەڕەنسی و برۆفنسالی شرۆڤە دەکات.

لە کاتی سادەکردنەوەی بارودۆخی تیۆری، بەپێی توانا دەتوانین بگەینە هۆکاری سەرەکی ئەو جیاوازییانەی لە شوێندا هەن، ئایا چی ڕوودەدات ئەگەر زمانێکی بەکارهێنراو لە ناوچەیەکی بچووکدا ـ بۆ نموونە ـ لە دورگەیەکی بچووکدا ـ بەهۆی داگیرکەران گوازرایەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی بچووک و سنووردار، بۆ نموونە وەک بۆ دوورگەیەکی دیکەی بچووک؟ دوای ماوەیەکی درێژ کۆمەڵە جیاوازییەکی هەمەجۆر و فرە لە وشەکان، ڕێزمان، گۆکردن دروست دەبێت، ئیدی بەمشێوەیە دابڕانێک لەنێوان زمانە بنەڕەتییەکە (S) دورگەی یەکەم و زمانی داگیرکراوەکە (دورگەی دووەم) (S) دروست دەبێت.

هەڵەیە ئەگەر گومان بەرین گۆڕانێک تووشی زمانی وەرگیراو بێت، کەچی تەنها زمانە بنەڕەتییەکە بە چەسپاوی دەمێنێتەوە، یان

پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات. دەکرێ پرۆسەی نوێخوازی لە لایەکەوە دەستپێبکات، یان لە هەردوو لاوە دەستپێبکات لە یەک کاتدا، فۆرمە زمانەوانییەکە (a) وەرگرە، کە دەکرێ لەگەڵ ئەم شێوانەدا ( b, c, d, etc) گۆڕانیان پێ بکرێت، دەکرێ جیاوازی بە سێ ڕێگای جیاواز ڕوودات.

{ b / a

a (seurce) s بنج ـ سەرچاوە(شوێنی بنەڕەتی)

{ a / c


a (settemente) s شوێنە داگیرکراوەکە(ئەو شوێنانەی زمانەکەیان بۆ گوازراوەتەوە)

{ b / c

ڕێگای یەکلایەنە کارناکات، چونکە نوێکردنەوەکانی دی زمان هەمان گرنگییان هەیە. ئایا چ شتێک جیاوازییەکانی دروستکردووە؟ دەکەوینە وەهمەوە ئەگەر لەو باوەڕەدابین، کە شوێن تاکە بەرپرسە لەم جیاوازییانە، تەنها زمان ناتوانێ کاریگەری بەسەر زماندا هەبێت، ئەو داگیرکەرانەی لە دورگەی (S)ەوە هاتوون، هەمان ئەو زمانە قسە دەکەن، کە پێشووتر لە دورگەکەی خۆیان قسەیان پێدەکرد، زۆر ئاسانە فاکتەری کات لەبیر بکەین، چونکە کاریگەری لە شوێن کەمترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری سەرەکی و کردەیی

جیاوازییە زمانەوانییەکەیە، پێویستە جیاوازی جوگرافی بە جیاوازی کات یان فرەجۆری کات ناوزەد بکرێت، لێرەدا دوو شێوەی جودا (b , c) وەربگرە، دەبینین قسەکەران لە یەکەمەوە باز نادەنە دووەم، یان لە دووەمەوە باز بدەنە یەکەم، لەسەرمان پێویستە ئەوە بدۆزینەوە چۆن یەکایەتی بەرەو فرەجۆری دەچێت، پێویستە لەسەرمان بۆ لای (s)ی بنەڕەتی بگەڕێینەوە، کە دەنگی تر (b,c) شوێنی دەگرێتەوە، (a) بوارەکەی بۆ هەردوو شێوەکە (b, c) ڕەخساند.

ئیدی بەمشێوەیە ئەم نەخشەیەی جۆراوجۆری جوگرافی هەڵدەستێت بە بڕیاردان یان ڕوومالکردنی هەموو حاڵەتە وێکچووەکان:




جیابوونەوەی دوو زمان یان پەرتبوونیان، شێوازی ڕاستەقینە و بەرجەستەی دیاردەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شرۆڤەی دیاردەکە ناکات، بێگومان جیاوازی شوێن - حاڵەتێکی پێویستە - لێرەدا بارستایی و چەندێتییەکە گرنگ نین، بەڵام شوێن یان خودی مەوداکە جیاوازییەکان دروست ناکات. ستوونێک بەهۆی

یەک ڕووبەرەوە ناپێورێت، بەڵام بە زیادکردنی ڕەهەندێکی دیکە کە قووڵاییە دەپێورێت، بەرانبەر ئەم وێکچوونە جیاوازی جوگرافی وێنەیەکی تەواو وەردەگرێت، کاتێک لەڕێگای کات و زەمەنەوە وێنا دەکرێت، لێرەدا لەوانەیە ڕەخنەیەکی دیکەشمان هەبێت، ئەویش جیاوازی لە ژینگە و کەش و جوگرافیا و نەریتە ناوخۆییەکانە (وەک نەریتی دانیشتوانی چیاکان بەرانبەر نەریتی دانیشتوانی دەریاکان)، کە کارگەرییان بەسەر زماندا هەیە، لەم حاڵەتەدا فرەجۆرییەکەش بە هۆکار و پاساوی جوگرافیاوەیە، وەک ئەم کاریگەرییانە بۆ گفتوگۆکردن کراوەن، تاڕاددەیەک توانرا بچەسپێنرێن، ئەوا لێرەدا جیاوازی گەورەمان بۆ دەستەبەر دەبێت. ئاراستەی بزوێنەرەکان لەژێر کۆنترۆڵی هەموو نموونەیەکدان، کە کێش وەرناگرن، بە وردی ناتوانرێ بچەسپێنرێن و وەسف بکرێن، هۆکارەکەیان بۆ ژینگە دەگەڕێنرێتەوە.

ئەگەر (u) ئاراستە بکەین دەبێتە (ú) لە کاتێکی دیاریکراو و لە ژینگەیەکی دیاریکراودا، ئایا بۆچی بووەتە (ú) و نەبووەتە (o)؟ ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بەڵام خودی گۆڕانەکە (ئەو ئاراستە تایبەتەی دیاردە تایبەتەکان پەیڕەوی لێ دەکەن بە دوور دەگرن) بەکورتی جێگیر نەبوونی بارودۆخی زمانەوانی - تەنها لە کاتەوە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە فرەجۆری جوگرافی بە لایەنێکی مامناوەندی دیاردە گشتییەکە هەژمار دەکرێت، یەکێتیی زمانە نزیکەکان تەنها لە کاتدا بەدی دەکرێت، ئەویش تەنیا بەبێ زانایانی


زمانـەوانیی بـەراوردکاری، کـە ئـەم بنەمایـە تێگەیشـتووە، بـەڵام وا پێدەچێت خۆی هەڵبخەڵەتێنێت.

**٢. کاریگەری کات لەسەر هەرێمێکی جێگیر(بەردەوام)**

با ئێستا باس لە وڵاتێکی یەک زمان بکەین، مەبەستم وڵاتێکە یەک نەتـەوە و یـەک گـەلی جێگیـری تیـادا بژییێت، وەکو وڵاتـی (غـال) لـە ساڵی (٤٥٠)ی پێش زایینی، کاتێک زمـانی لاتینـی لـە هـەموو جێیەکدا جێگیربوو، چی ڕوودەدات؟

أـ لەبـەر ئـەوەی لـە پرۆسـەی ئاخاوتندا هـیچ شـتێکی وا نییـە، کـە بـەرەهایی چەسـپاو بێـت، یـان بـەرەهایی متبـوو بێـت، زمـان دوای تێپەربوونی کاتێکی زۆر هەروەک خۆی دەمێنێتەوە.

ب ـ پێشـڤەچوون بـۆی هەیـە لـەنـاو یـەک هەرێمـدا یـەک شـێوە وەربگرێت، بـەڵام لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیـەکی دی دەگۆڕدرێت، هیچ تۆمارێک لـە ئارادا نییـە ئامـاژە بـە زمانێک بکات، کـە بـە هـەمان شێواز لە هەموو هەرێمەکەدا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، لەبەر ئەوەیە وەک ئەم خشتەیە نییە:



ئایا چۆن جیاوازییە دەستەبەربووەکانی ناو زۆربەی زۆری شێوازی زارە جۆراوجۆرەکان دروست دەبێت و دادەمەزرێت؟ ئایا ئەو نموونەیە چییە لە پێشکەوتنەکەیدا پەیڕەوی لێدەکات؟ جیاوازی بەدرێژایی کات بە سادە هەژمار ناکرێت، وەک ئەوەی لە سەرەتادا دەردەکەوێت، دوو خەسڵەت لەخۆ دەگرێت:

١ــ پێشکەوتن شێوەی نوێخوازییەکان یان داهێنانە ورد و بەدوایەکهاتەکان وەردەگرێت، کە چەند ڕاستەقینەیەکی بەشبەشی زۆر لەخۆ دەگرێت، بەو ڕاددەیەی لە ژمار بێن و وەسف بکرێن و پۆلێن بکرێن بەگوێرەی سروشتەکەی (دەنگی، فەرهەنگی، وشەسازی و ڕستەسازی... هتد).


٢ــ هەموو تازەکردنەوەیەک ڕووبەرێکی ناسراو و دیاریکراو بگرێتەوە، دوو ئەگەر هەڵدەگرێت:

ـ یان نوێکردنەوەکە هەموو هەرێمەکە دەگرێتەوە و جیاوازی زاری دانامەزرێنرێت(بە گشتی کەمترین ئەگەرە بکرێت).

ـ یان گۆڕانەکە کاریگەری لەسەر بەشێکی هەرێمەکە دەکات، هەموو ڕاستەقینەیەکی زاری ناوچەی خۆی هەیە (ڕووداوی لە هەموو باوتر)، دەکرێ بە گۆڕانەکانی دەنگ گوزارشتی لێ بکرێت، بەڵام تازەبوونەوەکانی دی هاوشێوە دەبن، بۆ نموونە لەوانەیە بەشێک لە هەرێمەکە تیایدا دەنگی (a) بۆ (e) بگۆڕدرێت:



هەروەها بۆی هەیە لە هەمان هەرێمدا، بەڵام لەناو سنوورێکی دیکەدا گۆڕانێکی دی ڕووبدات، وەک: گۆڕانی دەنگی (s) بۆ (z):




بوونی یان پێکەوەژیانی نێوان ئەم دوو ناوچە جیاوازە، شرۆڤەی ئەو جیاوازییە دەکات، کە لە شێوازەکانی ئاخاوتنی هەرێمیدا هەیە، لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی زمانەوانیدا پێشڤەچوونێکی سروشتی دروستکردووە، هیچ شێوازێک لە ئارادا نییە بۆ پێشبینی کردنی ئەم ناوچانە، هیچ شتێکیش لە ئارادا نییە بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو ڕێگایەی زمانەکە لە ناوچەکاندا بڵاودەبێتەوە، تەنها ئەوەمان پێدەکرێت تۆماری بکەین.

بارودۆخی نەخشەکە دەربارەی سنوورە تێکەڵکێشەکان و ئەو سنوورانەی کە لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵکێشی نین، نموونەگەلێکی زۆر ئاڵۆز پێکدەهێنن، شێوە و شێوازەکەی بە ڕواڵەت و لە هەندێک جاردا دژیەک دەبێت، ئیدی بەمشێوەیە گۆڕینی دەنگی (e) and (a) پێش

گـۆڕانی ئەمانەیـە (dš,tš)، دوای ئـەوە بـۆ (z,s) (بـەراوردی ئەمانـە بکە:(سزا)(virge ⟶ verga) و (گۆرانی)(chant ⟶ cantum).

لــە هــەموو ناوچــەکانی بــاکووری فەڕەنســا، جگــە لــە ناوچــەی (بیکـاردی) لێـدەرچێت، هـەروەها لـە بەشـێکی (نورمانـدی) هـەردوو دەنگــی (g) and (c) بــە ســاغی مانــەوە و گۆڕانیــان بەســەردا نــەهاتووە،(ئەمانــە بەراوردبکــە : بــەکارهێنانی (cat)(پشــیلە) لـەجیاتی (chat)بـەکارهات، هـەروەها وشـەی (rescapè) لـەجیاتی وشــەی(rèchappè) بــەکارهات، هــەروەها لــەم مــاوە نزیکــەش وشەیەکی فەڕەنسی بەدەرکەوت(vergue)، کە لە وشـەی (virga) وەرگیراوە، پێشووتر ئاماژەی پێکرا.

ئایا ئـەنجامی ئـەو جیاوازی و گۆڕانانـە چـین، کـە بـە تێپـەڕبوونی کات دروست دەبن؟ لە یەک چرکەساتی مێژوویدا بۆی هـەیە زمانێک خۆی بسەپێنێتە سـەر هـەموو ناوچـەکانی هـەرێمێک و پاش (٥) یان (١٠) ســەدە، نــەوەی ناوچــە دوورەکــانی نــاو هەرێمەکـە لەوانەیـە قسەکانیان و زمانەکەیان ئەمەندە لە یەکەوە دووربێت، کە لـە یەکدی تێنەگـەن، ئیـدی قسـەکـەران قسـەکانی ناوچـەکانی دەوروبـەریان لـە خـاڵێکی دیـاریکراودا تێدەگـەن. گەشـتیارێک یـان ڕێبوارێـک لـە وڵاتـدا گەشـت دەکـات، تێبینـی جیـاوازی نێـوان زارەکـانی زمـانی ئـەو وڵاتـە دەکـات، بـەڵام چـۆنێتی جیاوازییـەکانی زمـان زیـاد دەکـات، تـا وای لێدێت دەگاتە شوێنێک، کە بە زارێک قسە دەکـەن، شـوێنی یەکـەم کە گەشـتیارەکە لێـی دەرچـووە تێـی ناگـەن، یـان ئـەگـەر لـە خـاڵێکی هەرێمێکــەوە دەســتپێبکات و گەشـــت بکـــات و هـــەرجارەو بـــە

ئاراسـتەیەکی جـودادا بـڕوات، لـەم حاڵەتـەدا تێبینـی ئـەوە دەکـات جیاوازییـەکان بـە هـەموو ئاراسـتەکاندا زیـاتر دەبـن، بـەڵام لەگـەڵ بارستایی و ڕێژەی ئەو جیاوازییەی لەنێوان هەر یەکەیاندا هەیە. ئەو تایبەتمەندییانـەی لـە زاری گونـدێک لـە گونـدەکان بوونیـان هەیـە، جـارێکی دی لــە شــوێنەکانی دەوروبــەردا پەیــدا دەبنــەوە، بــەڵام ناتوانرێـت ئـەو تایبەتمەندیانـە مەوداکـەیان بزانرێـت: بـۆ نموونـە لـە (دۆڤین Douvaine) شوێنک لە ناوچەی ساڤۆی سەروو، ئەوا ناوی (Geneva) بـە (Denva) گـۆ دەکرێت، ئـەم گۆکردنـەش لەوپـەڕی ڕۆژهـەڵات و ئەوپـەڕی باشـووردا وەک یـەک گۆدەکرێـت، بـەڵام لـە ڕۆخەکـەی دیکـەی دەریاچـەی (جنێـڤ) قسـەکـەران بەمشـێوەیە گـۆ دەکـەن (dzenva)، لەگـەڵ ئەمەشـدا دەبینین ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە دوو زاری ئــەوتۆن، کــە بــەتــەواوەتی جیاوازییــان هەیــە، چونکــە سنووری هەندێک لە دیاردەکانی دیکە جودا دەبێت.

لـە (دۆڤـین) قسـەکەران دەڵـێن (دوو)(daue) لـەجیاتی(deux)، بەڵام ئەم گۆکردنە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەردەکـەوێت زیـاتر لـە ناوچـــەی خـــاڵی (denva) و لەســـەر لاپـــاڵی چیـــای (ســـالیڤ saleve)یش، کە چەند کیلۆمەترێک لەوێوە دوورە قسەکەران دەڵێن: .(due)


**٣. زارەکان هیچ سنوورێکی سروشتیان نییە:**

پیادەکردنی باو- کە لەگـەڵ جێبەجێکردنەکەیدا جیاوازی هەیـە - بـە شێوەیەک زارەکان وێنا دەکات، کە بە تەواوەتی بە جۆری زمانـەوانی ناسـراون، و بـەرەو ئاراسـتەکان دیـاریکراون، لەهـەمان کاتیشـدا ئـەو

ناوچانـه ڕوومـاڵ دەکـەن، کـە لەسـەر نەخشـەدا لـەپاڵ یەکـەوەن و دراوسێی یەکدین: (a,b,c,d,etc)، بەڵام گۆڕانی زارەکان ئەنجامی جودا بە شێوەیەکی هەمەکی و گشتی پێشکەش دەکەن.

هـەر کاتێک لـە هـەر دیاردەیـەک بەشـێوەیەکی جیا بکۆڵینـەوە و مـەودای بڵاوبوونەوەکـەیمان دەستنیشـانکرد، ئـەوا چەمکـە کۆنەکـە دەرفەت بۆ دانەیەکی دیکە دەڕەخسێنێت.

تـەنها شـێوەی زاری سروشـتی لـە ئـارادا هـەن، نـەک زارە سروشـتییەکان، واتـە ژمـارەی زارەکـان یەکسـانە بـە ژمـارەی شوێنەکان.




چـەمکی زارە سروشـتییەکان لەبـەر ئـەم هۆیـەی ئاماژەمـان پێدا، لەگەڵ چەمکی ئەو ناوچانەی دیاریکردنیان ڕوون و ئاشکرایە دژیەک دەکەوێتەوە، ئەمەش دەمانخاتە بەرانبەر دوو بژاردە:

١ـ دەتـوانین زارێـک بـە هـەموو تایبەتمەندییـەکانی گـۆکردنی دیارییبکەین، کە هـەڵبژاردنی خاڵێکی دیـاریکراو لـە نەخشـەکەدا لـەخۆ

دەگرێت و لە دەوری شێوازەکانی ئاخاوتنی هەرێمی یەک شوێن کۆنابنەوە، چونکە ئەو تایبەتمەندییانە دوور لەم خاڵە لە شوێنێکی دیکەدا بڵاونابنەوە.

٢. دەتوانین زارێک بە باشترین خەسڵەتەکانی خۆی دیاریبکەین و بە ئاسانی مەودای بڵاوبوونەوەی ئەم خەسڵەتەی یان تایبەتمەندییەکەی دیاریبکەین، ئاشکرایە ئەمە ڕێکارێکی هونەریی و دەستکردە، چونکە ئەو سنوورانەی کێشامانن لەگەڵ ڕاستەقینەکە یان لەگەڵ واقیعی زارەکە یەک ناکاتەوە.

گەڕان و توێژینەوە دەربارەی تایبەتمەندییەکانی زار خاڵێکی گواستنەوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە نیگاری نەخشە زمانەوانییەکان یان لە پرۆسەی دابەشکردنی زمانەوانی. باشترین نموونەش بۆ ئەتڵەسی زمانەوانی، ئەتڵەسی جیلیرۆنە، کە بە ئەتڵەسی زمانەوانیی فەڕەنسی بەناوبانگە: (Gillièronls Atlas Linguistique de la France).

هەروەها پێویستە ئاماژە بە نەخشەکەی (وینکەر Wènker)بکەین، کە بۆ وڵاتی ئەڵمانیای کێشابوو، شێوەی ئەم نەخشەیە پێشتر شتەکان دەستنیشان دەکات، چونکە ئێمە هەرێم بە هەرێمی وڵاتێک لێکۆڵینەوە دەکەین، نەخشەکە تەنها ژمارەیەکی کەمی تایبەتمەندی زاری هەر هەرێمێک لەخۆ دەگرێت. پێویستە ڕاستەقینەکانی هەر هەرێمێک چەند جارێک تاوتوێ بکرێن، لەپێناو ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی دەنگی و فەرهەنگی و وشەسازی... هتد، کە بەسەریەکدا کەڵەکە بوون، ئەمجۆرە کردارە پێویستی بە کۆمەڵە شارەزایەک هەیە، هەروەها پێویستیشمان بە

ڕوونامەگەلێک هەیە، کە بەڕوونی داڕێژرا بن، جگە لەوەش ئەم کارە پێویستی بە دەزگای خۆجێی هەیە... هتد، یەکێک لە پرۆژە پڕ بەها و گرنگەکان تویژینەوەی زارە فەرەنسییەکانە، کە لە سویسرادا قسەیان پێدەکرێت ـ نەخشە و ئەتلەسە زمانەوانییەکان بەسوودن، چونکە ماددەیەکی ئەوتۆ پێشکەش دەکەن، کە بە کەڵکی تویژینەوەی زارەکان دێن.

زۆر لە تویژینەوە تازەکان لەسەر بنەمای ئەتلەسەکەی (جیلیرۆن Gillieron) ئەنجام دراون، سنوورەکانی تایبەتمەندی زارەکان بە ناوبرە زمانییەکان یان هێڵە زمانییەکان ناوزەد دەکرێت، ئەم ناوە بەگوێرەی ئەم نموونەیە داڕێژراوە، کە تەمومژاوی و نەگونجاوە و وورد نییە، چونکە مانای ئەوەیە هەمان زمان بزانیت، کەچی وشەی (glosseme) واتای : (تایبەتمەندی زمانەوانی و یەکسانیی زمانەوان) دەگەیەنێت. گوزارشتی (isogiossematic line)، کە لە ڕووی کردەییەوە بەکاردەبرێت، پێویستە وردتر و گونجاوتر بێت، بەڵام من بەکارهێنانی ئەم گوزارشتە بە باشتر دەزانم: (شەپۆلی تازەگەری) (innovating waves)، ئەمەش گوزارشتێکی وەسفئامێزە، کە وا پێدەچێت زانای ئەڵمانی (ج سمیت J. Schmidt) بەکاری هێنابێت، لە بەشی سێیەمدا زیاتر هۆکاری ئەم گوزارشتە ڕوون دەبێتەوە.

ئەگەر بڕوانینە ئەتلەسی زمان بۆمان دەردەکەوێت، کە دوو شەپۆل یان سێ شەپۆل لە یەک ناوچەدا یان تێکهەڵکێشراون یان یاوەرن و لە یەکدییەوە نزیکن.

زار وەک ئاخـــاوتنێکی ڕێکنـــەخراو پێناســـە دەکرێـــت بـــەهۆی کەڵەکـەبوونێکی تـەواو بـۆ ئـەم جـۆرە ڕێکبوونانـە، کـە سـەرچاوەی مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی... هتد، کە ئێستا مەبەستمان نییـە باسـیان بکـەین، بـەڵام - بـەبێ ئـەوەی پـەراوێزیان بخـەین - ڕاسـتەقینە سروشـتی و سـەرەکی جیاوازییـەکان لـە ناوچەیەکـەوە بۆ ناوچەیەکی دی دەگۆڕن.

### ٤. زمانەکان سنووری سروشتیان نییە:

زەحمەتە بەوردی چۆنێتی جیاوازییـەکانی زمـان و جیاوازییـەکانی لەگەڵ زار بزانین، زۆرجاران زار بە زمان لە قەڵەم دەدرێت، چونکە ئەدەبیات بەرهەم دێنێت، ئەم یاسایەش لە هەردوو زمانی پورتوگالی و ئەڵمانیدا جێبەجێ بووە.

هەروەها بابەت ڕۆڵێک دەگێڕێت، پێویستە هـەمووومان دان بـەوەدا بنێـین، ئـەو گەلـەی هەنـدێکیان لـەوانی دی تێناگـەن، مانـای ئەوەیـە جیاوازییـــەکی زمانـــەوانی لەنێوانیانـــدا هەیـــە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئـــەو زمانانـــەی لـــە هـــەرێمێکی جێگیـــردا دادەمـــەزرێن و دانیشـــتوانی لـــە بازنەکەیـــەکی فراوانـــدا نیشـــتەجێن، هـــەمان ئـــەو ڕاســـتەقینانە وەک زارەکان دەردەکەون، لێرەدا شەپۆلە نوێخوازییەکان بە هـەمان شـێوە دەردەکەون، بەڵام لەگەڵ ئەم جیاوازییەشـدا هێڵێکی هاوبەشـی چەنـد زمانێک لەخۆ دەگرن.

تەنانەت لەم نموونە گریمانەییانەشدا ئەستەمە سنوورێک لـەنێوان زارەکاندا دابنێین. هەمان شت لەسـەر زمانـە نزیکـەکان پیادە دەبێت،

بارستایی هەرێم جیاوازییەکان دروست ناکات، ئێمە ناتوانین دەستپێکی زمانی پەتی ئەڵمانی (High German) و کۆتایی زمانی ئەڵمانی بەکارهێنراو و نارێک (Lew German) بزانین، دەبینین ئەستەمە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان (German and Dutch) یان لەنێوان زمانی فەرەنسی و ئیتالیدا دابنێین، لێرەدا چەند خاڵێکی یەکلاکەرەوە هەن، کە دەکرێ جەختیان لەسەر بکەینەوە (لێرەدا زمانی فەرەنسی باوە و لەوێشدا زمانی ئیتالی باوە)، بەڵام جیاوازییەکە لە هەرێمەکانی سەر سنووردا ون دەبێت، دەکرێ رێکسازییەک یان رێککەوتنێک بۆ ناوچەیەک وێنا بکەین، یان هێڵێک لەنێوان دوو زمان وێنا بکەین، بۆ نموونە زمانی (بروفنسالیە) دەکەوێتە نێوان هەردوو زمانی فەرەنسی و ئیتالی، بەڵام بەئاسانی دەڵێین ئەمجۆرە هێڵە بوونی نامێنێت.

ئایا چۆن دەتوانین سنوورە زمانەوانییە وردەکانی هەرێمێک بزانین، کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی زاری هەمەجۆر بەشێوەیەکی پلەبەندی تیایدا بڵاوبووەتەوە؟ هێڵی جیاکەرەوەی نێوان زمانەکان وەک ئەوەی لەنێوان زمانەکاندا هەیە، لە شوێنە گوازراوەییەکاندا بزر دەبن، هەروەها زارەکان تەنها بە دابەشبوونێکی بەشبەشی هەرەمەکین بۆ پێکهاتەی یان رواڵەتی گشتی زمان، سنووری گریمانەکراو بۆ ئەوەی دوو زمان لەیەک جودابکاتەوە، لە رووی عورفییەوە(لە رووی زاراوەییەوە) تەنها ناوبرێکە.

لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوەی کتوپڕ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی بە مەسەلەیەکی باو هەژمار دەکرێت، کە بۆ ئەو بارودۆخە

دەگەڕێتـەوە، گواسـتنەوە شـێنەییەکان دەشـکێنێت، گـەورەترین هێـزە دراوەکان گواستنەوەی دانیشتوانە.

هەمیشە نەتەوەکان بۆ دواوە یان پێشەوە دەگوازنەوە، کۆچکردنی چەنـدەجارەی ئـەو نەتەوانـە لـە هـەموو چەرخەکانـدا تێکـەڵاوییان لـە هـەموو شـوێنەکاندا دروسـتکردووە، کـە ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی هـەموو شـوێنەوارەکانی گواسـتنەوەی زمانـەوانی لـە چەنـدەها ناوچـە بزربکـات. زمـانی هینـدۆ ئـەورووپی بـە زمـانێکی نموونـەیی هـەژمار دەکرێت، لـە سـەرەتادا زمانـەکانی سـەر بـەم ڕەچەڵەکـە زمانەوانییـە پێویســـتە بەتـــەواوەتی لەیەکدییـــەوە نزیـــک بـــن و لـــەگـــەڵ هەڵنەوەشـاندنەوەی زنجیـرەی ناوچـە زمانییـەکان. ئێمـە دەتـوانین دووبارە زۆربەی هێڵـە پان و بەرینـەکانی زۆربـەی ناوچـەکان بونیاد بنێینەوە. زمـانی سـلاڤی تایبەتمەندییە هاوبەشـەکانی لەگـەڵ هـەردوو زمـانی ئێرانـی و ئەڵمانیدا بەشدەکات و لەگەڵیانـدا بەشـدارە، ئەمـەش لەگەڵ دابەشبوونی جوگرافی هەر سێ زمانەکە دەسازێت، بەرانبـەر بەمـە وەک وێکچوونێک جومگەیـەکی وابەسـتەگی لـەنێوان سـلاڤی و کـەڵتی پێکدەهێنێت، کـە نزیکایەتییـەکی تـەواوی لەگـەڵ زمـانی ئیتاڵیدا هەیە، زمانی ئیتـاڵیش بـە بازنـەی بەیەکگەیانـدن دادەنرێت (لـە نیوەی ڕێگـا) لـەنێوان (کـەڵتی) و زمـانی (یۆنانیـدا). ئیـدی بـەم شـێوەیە زمانەوان دەتوانێت ـ بەبێ زانینی شـوێنە جوگرافیەکـەی ـ بـەڕاددەی ئەوەی دەتـوانین سنوورەکانی نێوان دوو کۆمەڵـە زمـان دەستنیشـان بکـەین (بـۆ نموونـە سـنوورەکانی زمـانی ئـەڵمانی سـلاڤی)، کـە وابەسـتەگییەکی کتـوپڕ لـەئارادا هەیـە، بـەبێ ئـەوەی قۆنـاغێکی

گوازراوەیی لـە ئـارادا هـەبێت، هـەردوو کۆمەڵەکـە لـەجیـاتی ئـەوەی لەگەڵ یەکدیدا بسازێن، دژبەیەک دەبن.

ئــەویش لەبــەر ئــەوەی زمانــەکانی ناوەڕاســت ونبــوون، نــە سلاڤییەکان و نە ئەڵمانەکان جێگیرببوون، بەڵکو کۆچیان کردبوو و هەرێمەکانی یەکدیان لەسەر حیسابی یەکدی داگیرکرد، کۆمەڵـەکانی خـەڵک لـە دەوروبـەری سـلاڤییەکان و ئەڵمانییەکانـدا بـوون، ئـەمڕۆ هەمان ئەو دەوروبەرانە نین، ئەگەر ئیتاڵییەکان ئەوانەی لە (کالابریا) (Calabria) دەژیـن لەسـەر سـنوورەکانی (فەڕەنسـا) جێگیرببـوون، لێرەدا جوڵانـەوە و گواسـتنەوەی شـێنەیی نێوان ئیتاڵیـا و فەڕەنسـا دەشـــکێنێت، ژمارەیـــەک ڕاســـتەقینەی وێکچـــوو دەگەڕێتـــەوە بـــۆ بڵاوبوونەوەی زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتی.

هــەروەها هێــزی دیکــە دەبنــە هاریکــار بــۆ نەهێشــتنی قۆناغــە گواسـتنەوەییـەکان، بـۆ نموونـە بڵاوبوونـەوەی زمانـە باڵاکـان لەسـەر حیسـابی زارە خۆجێیـەکان، زمـانی فەڕەنسـی ئـەدەبیی ئێسـتا بـۆ سنوورەکان (زمانی ئیل دوفرانسی پێشوو) درێژە دەکێشێت، کە بەر زمـانی ئیتـاڵی فـەرمی دەکـەوێت (شـێوەی گشـتی زاری توسـکانی Tuscan)، تـەنها لـە ڕێگـای ڕێکەوتـەوەیـە، کـە زارە کۆنـەکان تـا هەنووکـە لـە ڕۆژئـاوای چیـای (ئـەلـب)دا مـاون، بـەدرێژایی سـنوورە زمانەوانییـەکانی دی هــەموو شــوێنەوارێکی شـێوازەکانی ئاخـاوتنی ناوەڕاست لەناوچوونە.

## بەشی چوارەم
## بڵاوبوونەوەی شەپۆلی زمان

### ١. پەیوەندی و هەرێمایەتی:

ئەو یاسایانەی هەژموونیان بەسەر دیاردەی زمانەوانییەوە هەیە، هەمان ئەو یاسایانەن، کە کۆنترۆڵی هەر نەریتێک دەکەن، ئینجا هەر جۆرە نەریتێک بێت، بۆ نموونە، جلوبەرگ و مۆدە. لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا دوو هێز پێکەوە کاردەکەن، بەڵام بە دوو ئاراستەی پێچەوانەدا دەڕۆن: هێزی یەکەم (تاکایەتی یان هەرێمایەتی)، هێزی دووەم پەیوەندی لەنێوان خەڵکیدا.

هەرێمایەتی وا لە کۆمەڵی زمانەوانی سنووردار دەکات، کە بۆ نەریتەکانی خۆی دڵسۆز بێت، ئەو نموونانەی تاکێک لە منداڵیدا وەریان دەگرێت، بەهێز و بەردەوام و هەمیشە دەبن، ئەگەر ئەم نموونانە هەروا بمێننەوە، بە گۆشەگیری و دابڕاوییەوە کاردەکەن و ژمارەیەکی زۆری تایبەتمەندی و شتی نامۆ لە ئاخاوتندا دادەهێنن، بەڵام پەیوەندی کاریگەرییەکانیان سنووردار دەکەن، کە هێزێکی پێچەوانەیە، کاتێک هەرێمایەتی کاردەکات بۆ بەستنەوەی خەڵکی لە شوێنەکانی خۆیان، کەچی دەبینین پەیوەندی ناچاریان دەکات بۆ جوڵانەوەی خێرا، پەیوەندی وا دەکات ڕێبوارانی ڕێگا کەمەندکێش دەکات بۆ گوندەکە، بەشێک لە خەڵک لە شوێنەکانی خۆیانەوە دەگوازێتەوە، کاتێک شاییەک دەبێت یان بازاڕێک بوونی دەبێت، لە

سوپادا پیاوانی وا دەبینی، کە لـە چەند هەرێمێکـەوە هـاتوون... هتد، بەکورتی، ئـەو هێزەیـە کـە یـەکیان دەخـات و یەکسـانە بـە پـەرتکردنی بێبەهایی یان ناوبڕایەتی.

پەیوەندی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی زمـان بڵاودەکاتـەوە و یـەکێتی پـێ دەبەخشـێت، پەیوەنـدی بــە دوو ئاراسـتە کاردەکـات: لــە ڕووی نەریێنییـەوە دابەشـبوونی زار قەدەغـە دەکـات، بـەوەی نوێکردنـەوە ناهێڵێت، ئینجـا لـە هـەر شـوێنێک و لـە هـەر کاتێکدا بـوونی هـەبێت، لەڕووی ئەرێنیشەوە یەکێتی هـان دەدات، ئـەویش بـە بڵاوکردنـەوەی نوێبوونــەوە و کــارپێکردنی، دەکـرێ شـێوەی دووەمــی پەیوەنــدی وەربگرێـت، کــە دەبێتــە پاسـاو بـۆ بـەکارهێنانی وشـەکە (شـەپۆل wave) بـۆ دیـاریکردنی سـنووری جـوگرافی ڕاسـتەقینەی زارەکـە، چونکە ناوبڕە زمانەوانییەکە لەلایەنی کۆتایی شەپۆلی لافاو دەچێت.

هەنـدێکجار جێـی سەرسـوڕمانە بەشـێوەیەکی گـەورە دوو زاری جودا لەناو هەمان زمان دەبینین، کە ئادگار و خەسڵەتی زمانـەوانی هاوبەشـیان هەیـە، چونکـە ئـەو گۆڕانـەی لـە شـوێنێکی هەرێمەکانـدا سـەری هەڵـدا، هـیچ بەرهەڵسـتێکی بـەرەنگار نـەبووەوە، لــەکاتی بڵاوبوونەوەیدا بە شـێنەیی بڵاوبووەتـەوە، دوور لـەو خاڵـەی لێوەی دەستی پێکردووە، هیچ شتێک نابێتـە ئاستەنگ لـە بەردەم پەیوەندی لــە مـاددە زمانەوانییەکـەدا، کــە تــەنها گواسـتنەوەیەکی شـێنەیی و پلەبەندیانەیە.

گشـتاندنی ڕاسـتەقینە تایبەتەکـە ـ بـەبێ لێکدانـەوەی بارسـتایی ناوچەکـەی - پێویسـتی بـە کـات هەیـە، هەنـدێک جـاریش کاتەکـە

سنووردارە(وەک پێوانە)، ئیدی بەم شێوەیە وێنەی : (b) بۆ (d) دەگۆڕدرێت، کە پەیوەندی گەیاندوویەتییە هەموو کیشوەری ئەڵمانیا، یەکەمجار لە ناوچەکانی باشووردا لە نێوان سالآنی (٨٠٠ ـ ٨٥٠ ز) بڵاوبووەتەوە، جگە لە فرانکونیا (Franconia)، کە دەنگی (b) وەک دەنگی (b)ی سووک مایەوە و دەرفەت نەدرا بە دەرکەوتنی دەنگی (d)، تاکو کاتێکی درەنگی دوای ئەم مێژووەی سەرەوە، کە دەنگی (t) بوو بە (z)، کە بە (ts) گۆ دەکرێت، لە زۆربەی ئەو سنورانەی گەمارۆدراوەکان ڕوویاندا، لە پێشدا لە یەکەمین بەڵگە نووسراوەکاندا دەستی پێکرد، بێگومان لە ناوچەی (ئەلب) نزیک ساڵی (٦٠٠ ز) دەستی پێکردووە و بەرەو باکوور و باشوور بڵاوبووەتەوە، تا گەیشتۆتە لۆمباردی (Lombardy)، کە دەنگی (t) لە سەدەی (٨)دا لە دەستووری (تورنجیان thuringian) بوونی هەبووە و لە ماوەیەکی درەنگدا لە دواییدا بووە بە دەنگی (I and u) بوونەتە دوو بزوێنی پێکهاتوو (بزوێنی دوانەیی diphthongized) بەراورد بکە:

(mein ⟶ min, braun ⟶ brún)

گەیشتنی ئەم دیاردەیە بۆ (ڕاین Rhine) سێ سەد ساڵی خایاند و هەموو ناوچەکەی ئێستاشی گرتەوە.

ڕاستەقینە زمانەوانییەکانی پێشوو لەڕێگای کاریگەری زارەکانەوە بڵاوبوونەتەوە، هەمان شت بۆی هەیە لەسەر شەپۆلەکان پیادە بێت، لە یەک خاڵ دەستی پێکردووە، پاشان لق و پۆپی لێ بووەوە،

ئەمەش پەلکێشمان دەکات بۆ ئەم تێبینییە گرنگەی دووەم، گواستنەوەی نەبزوێنەکانی لە زمانی ئەڵمانیدا جارێکی دی بۆی ڕوون دەکاتەوە.

کاتێک یەکەی دەنگی (t) بوو بە (ts) لە خاڵێکی دیاریکراوی هەرێمی ئەڵمانیدا، دەنگە تازەکە لە سەرچاوەکەی خۆیەوە دەستی بە بڵاوبوونەوە کردووە و لق و پۆپی لێ دروست بووە، دەنگی (ts)یش بووەتە ڕکابەری دەنگی (t)ی بنەڕەتی یان دەنگەکانی دیکە، کە بۆیان هەیە زیاتر لە دەنگەکانی دیکە پێشبکەون، ئەویش لە چەند خاڵێکدا. ئەم جۆرە نوێکردنەوەیە لە ڕووی دەنگی زۆری تەواوەوە لە شوێنی دامەزران و پێکهاتەکەی دروست دەبێت، واتە لە شوێنی سەرهەڵدانەکەی بە تەواوەتی دەنگییە، بەڵام لە شوێنێکی دیکەدا تەنها لە ڕووی جوگرافییەوە دروست دەبێت، ئەویش لەڕێگای تێکەڵکێشی زارەکان، پاشان ئەم خشتەیە:

t

↓

ts

ڕاست و دروست دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو سادەییەی هەیەتی سەبارەت بە شوێنی دروستبوونەکەی نەک زیاتر. ئەگەر هەوڵیش بدەین لەسەر بڵاوبوونەوەکەی پیادەی بکەین، ئەوا ئەو وێنەیەی

بەرهــەم دێـت، شـێواو و لادەر دەبێـت، لەبــەر ئــەوە کــاری زانــای دەنگسازی ئەوەیە بەوردی شوێنەکانی سـەرهەڵدان و ئـەو ناوچانـەی کـە کاریگـەرییان بەسـەرەوە هـەبووە، لێک جـودا بکاتـەوە. فۆنیم لـە کــاتی دروســتبوون و ســەرهەڵدانی لەســەر بنــەمای تــەنها (کــات) پێشــدەکەوێت، بــەڵام ڕاســتەقینە دەنگییــە ڕووتــەکان ئــەو ناوچانــە ناخاتــەڕوو، کــە کاریگــەرییان بەســەریەوە هەیــە، چونکــە فۆنیمــەکان بەرهەمی ئاوێتـەبوونی کـات و شـوێنەکانی هـەردووکیانن، بـۆ نموونـە (ts)، کە لە سەرچاوەیەکی دەرەکییـەوە دروسـتبووە و شـوێنی (t)ی گرتووەتەوە، ئەمە نموونەیەکە گونجانـدن و هەموارکردنـەوەی جـۆرە بنەڕەتییە لاساییکارەکە نییە، بەڵام لاساییکردنەوەی زاری دراوسێ و دەوروبــەرە بــەبێ جــۆرە بنەڕەتییەکــە. وشــەی (دڵ Herza) لــە ناوچەکانی (ئەلب)ەوە هاتووە و شوێنی شێوازە کۆنەکـەی (herta) لە (تورنجیا Thuringia) گرتووەتەوە.

لێرەدا پێویستە باس لـە گـۆڕانی دەنـگ نەکـەین، بـەڵکو دەبێ بـاس لەو فۆنیمە بکەین، کە وەرگیراوە یان دزەی کردووە.

**٢. کورتکردنەوەی دوو هێزەکە بۆ یەک هێز:**

ئەگەر جەخت لەسەر یەک خاڵی جوگرافی بکەینەوە ـ مەبەست لە خاڵەکەش، ناوچەیەکی بچووکە لـە خـاڵی وەک گونـد ـ ئاسـانە هـەموو ئەو شتانە گەڵاڵە بکەین، کە بۆ هەریـەک لـەم دوو هێـزە دەگەڕێنـەوە، جودا(هەرێمایـەتی) و پەیوەنـدی. هـەر ڕاسـتەقینەیەکی تایبـەت تـەنها پشــت بــە یــەک هێــز دەبەســتێت و ناشــکرێ پشــت بــە هــەموویان ببەستێت، هـەر خەسـڵەتێکی هاوبـەش لەگـەڵ هـەر زارێکـی دیکـەدا بـۆ

پرۆسەی پەیوەندی دەگەڕێتەوە، هەموو خەسڵەتێکیش تایبەت دەبێت بە زاری ئەو ناوچەچەی لێی دەکۆڵرێتەوە و بۆ پرۆسەی جودا (هەرێمایەتی provincialism) دەگەڕێتەوە، بەڵام کاتێک دەچێتە ناوچەیەکی دی ـ بۆ نموونە ویلایەتێک ـ ئەوا زەحمەتییەکی دیکەمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، ئاسان نییە ئەو هێزە بناسین، کە لە دیاردە سنووردارەکە بەرپرسە، هەردوو هێزە دژبەیەکەکە لە ئادگار و خەسڵەتەکانی زماندا سەخت دەبن. ئەوەی ویلایەتی (A) جیادەکاتەوە گشتییە یان هاوبەشە لە هەموو بەشەکانیدا.

هێزی تاکیانە یان گۆشەگیرانە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ویلایەتی (A) لەوە قەدەغە بکات لاسایی هەر شتێک بکاتەوە، کە لە ویلایەتی (B)دا بوونی هەبێت، بەڵام هێزە یەکێتییەکە(پەیوەندی) بە هەمان شێوە کار دەکات، لەبەر ئەوەی یەکە جیاوازەکانی ویلایەتی (A) دەردەخات: (A1, A2, A0, etc)، هەردوو هێزەکە پێکەوە لە ناوچە گەورەکاندا کاردەکەن، بەڵام بە ڕێژەی هەمەجۆر، بەو ڕاددەیەی پەیوەندییەکە پاڵپشتی پرۆسەی نوێکردنەوە بکات، بەو ڕێژەیەی بگاتە ئەوپەڕی دووری ناوچەکەی، بەڵام (گۆشەگیری ـ هەرێمایەتی) بەرەو ئەوە ئاراستە دەبێت، کە ڕاستەقینە زمانەوانییەکە لە هەموو ناوچەکەی خۆیدا بپارێزێت، بەهۆی پاراستنی دژ بە ڕکارە دەرەکییەکان. ناتوانین ئەنجامە کۆتاییەکانی کاریگەری یاساکان پێشبینی بکەین، لە هەرێمی ئەڵمانی لە زنجیرە چیاکانی (ئەلب) لەسەر ڕۆخی دەریای باکوور درێژە دەکێشێت، دەبینین گۆڕانی دەنگی (b) بۆ (d) بە شێوەیەکی گشتی ڕوویداوە، کەچی دەنگی (t)

لەسەر (st) تـەنها كاريگـەری لەسـەر ناوچـەكانی باشـووردا هـەبووە، گۆشـــەگيريی هەرێمايـــەتی، دژبـــەيـــەكی نێـــوان بـــاكوور و باشـــوور دروسـتكردووە، بـەڵام پەيوەنـدی بەرپرسـە لـە چەسـپانی زمانـەوانی لەناو هەرێمدا.

ئيـدی بـەم شـێوەيە جياوازييـەكی سـەرەكی لـە نێـوان ديـاردەی دووەم و يەكەمدا نييە، هەمان ئەو هێزانە بوونيان هەيە، بـەڵام هێزی هەريەک لەوانـە جياوازييان هەيـە، تـەنها لـە ڕووی كردەييـەوە واتـای ئەوەيـە ئێمـە لـەكاتی توێژينـەوەمان بـۆ پێشـڤەچوونە زمانەوانييـەكان دەتـــوانين هێـــزی گۆشـــەگيريی پـــەراوێز بخـــەين (ســـەربەخۆيی - هەرێمايـــەتی). ئەمەيـــە كـــە دەتـــوانين بـــە لايـــەنـــی نـــەرێنی هێـــزە يەكگرتووەكـە ـ يەكايەتييەكـەی هـەژمار بكـەين، ئەمـەی دوايـی بـۆی هەيە بەو ڕاددەيە بەهێز بێت، كە هـەموو ناوچەكە پەكبخات، ئـەگـەر هاتوو بەو هێزەش نەبوو، ئەوا دياردەكە ڕادەوەستێت، دوای ئـەوەی لـە بەشـێكی هەرێمەكـەدا بڵاودەبێتـەوە، ئـەو بەشـەی دياردەكـە تيايدا بڵاودەبێتەوە و هەژموونی  لـە نـاوخۆدا دەبێت، تاڕاددەيـەک كۆيـەكی هەمـەكی پتـەو پێكدەهێنێت، ئەمـە وامـان لێدەكات هـەموو شـتێک لـەم هێـزە يـەكگرتووە قـۆرخ بكـەين و كـورتی بكـەينـەوە، بـەبێ ئـەوەی پێويسـتيمان بـە گۆشـەگيريی هەرێمايـەتی سـەربەخۆيانە هـەبێت، كـە تەنها هێزێكی پەيوەندی گشتييە لە هەموو هەرێمێكدا.

**٣. جیاوازی زمانەوانی لە چەند هەرێمێکی جودادا:**

پێویستە سێ شت بێتە دی، پێش ئەوەی توێژینەوەیەکی بەسوود ئەنجام بدەین، بۆ ئەو زمانەی لە یەک کات و لە دوو هەرێمی جودادا پێشدەکەوێت:

١. پتەوبوون لە کۆمەڵ و گروپێکی یەکلایەنەی زمان، سەبارەت بە هەموو دیاردەیەک خودی خۆی نییە.

٢. هەموو نوێبوونەوەکان بڵاو نابنەوە.

٣. جێگیربوونی جوگرافی جیاوازییە هەمیشەییەکان قەدەغە ناکات.

ئەم جۆرە پێشڤەچوونی هاوکاتە گشتی دەبێت، کاتێک زمانی ئەڵمانی لە کیشوەری ئەڵمانییەوە بەرەو دوورگەکانی بەریتانیا گواسترایەوە بۆ نموونە، پێشڤەچوونێکی دوانەیی دەستی پێکرد و زارە ئەڵمانییەکان لەلایەکەوە بوونیان هەبوو لەلایەکی دیکەوە ئەنگلۆسەکسەنی هەبوو، کە پێشڤەچوونی بەخۆوە بینی و زمانی ئینگلیزی لێکەوتەوە.

نموونەیەکی دیکە، دوای ئەوەی زمانی فەڕەنسی چووە ناو وڵاتی کەنەداوە، ئەوا هەمیشە دابڕان بەهۆی ئیستیعمار و داگیرکردنەوە دروست نابێت، بەڵکو لەوانەیە لە گۆشەگیریشەوە دروست بێت. زمانی ڕۆمانی پەیوەندی لەگەڵ گروپی زمانەوانیی لاتینی نەما، ئەویش لەڕێگای دەستوەردانی دانیشتوانە سلاڤییەکانەوە، هۆکارەکە هیچ گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە ئایا ئەم دابڕانە ڕۆڵێک لە مێژووی زمانەکاندا دەبینێت و ئایا کاریگەرییەکانی جیاوازی لەگەڵ ئەو

کاریگەریانـــەی دەردەکـــەوێت هەیـــە، کاتێـــک بـــەردەوامبوون لـــە پرۆسەکەدا دەبێت.

پێشتر وا گومانمان دەبرد، تا شوێنەواری سەرکەوتنی کاتمان بۆ ڕوون بووەوە. لە ڕووی زمانەوە دوو دورگەی بچووک بۆیان هەیە لـە دوو خـاڵی جـودا و دیـاریکراودا پێشـبکەون - لـەو نموونەیـەی پێشکەشمان کرد- دەکرێ بڵاوبوونـەوەی شـێنەیی پشـتگوێ بخـەین. ئێسـتا هـەر چۆنێـک بێـت دوو هـەرێم وەردەگـرین، کـە ناوچەیـەکی فـراوان بگرنـەوە، دەبینـین جـارێکی دیکـە بڵاوبوونـەوەی شـێنەیی جیـاوازی زارەکـان دروسـتدەکات، پەیوەنـدی بەسـتن یـان نـەبوونی پەیوەنـدی دوو هـەرێم، هـەرگیز کێشـەکە ئاسـانتر ناکـات، پێویسـتە بەئاگـا بین لـەوەی شـتەکان بۆ دابـڕان (جوداکردنـەوە) بگەڕێنینـەوە، دەکرێ بەبێ ئەوە شرۆڤەی بکەین.

ئەمە ئەو هەڵەیەیە، کە توێژەرەکانی پێشـوو سـەبارەت بـە زمـانی هیندۆئـەوروپی تێـی کـەوتن. ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو توێژەرانـە بـۆ ژمارەیـەکی زۆری زمانـەکان بـە شـێوەیەک وایانی لێکردووە، لـەوەدا نوشوسـت بێـنن، کـە جیاوازییـەکان بۆیـان هەیـە لـە ئـەنجامی هـەر شتێکەوە بەرهـەم هاتبێت لـەپاڵ دابەشبوون یان جودایی جوگرافی، لـەلایان زۆر ئاسـان بـوو و بـۆ هـەموو کەسـێکیش ئاسـان بـوو، کـە وێنای چەند زمانێکی جودا لە چەند ناوچەیەکی جیاوازەوە بکـەین، لـە ڕواڵەتی دەرەکی بـە شـێوەیەکی بـەرچاو هـیچ پێویسـتییەک لـە ئارادا نـەبوو بۆ شـرۆڤەکردنـی جیاوازییـەکان، بـەڵام ئـەوان دوور ڕۆیشـتن. ئێتر بـەم شـێوەیە ڕەوشـی نەتـەوەیی زمانیـان بـە یەکـەوە بەسـتەوە،

ئـەوەی یەکـەمیان بـۆ شـرۆڤەکردنـی دووەم بـەکارهێنا، بـەم شـێوەیە وێنای زمانەکانی سلاڤی و ئەڵمانی و کەڵتییان کرد... هتد. هـەروەک بڵێی چەند پۆلێکن و شوێنی یەک شانە دەگرنـەوە و وایـان وێناکرد ئەم گروپانە(هۆزەکان) پەرتبوونە و لـە شـوێنی دانیشتنی بنـەڕەتییان دوورکەوتوونەتـــەوە، ئـــەویش بـــەهۆی کـــۆچکردن و زمـــانی هیندۆئـەوروپی بنـەڕەتیـان لەگـەڵ خۆیـان بـۆ زۆر لـە هەرێمـەکان هەڵگرتووە.

ئەم هەڵەیەش لـە کـاتێکی درەنگدا ڕاست کرایەوە، ئـەم پرۆسـەیە پێش (١٨١٧ ز)دا ڕوویدا، کاتێک (جوهـانز شـمیدت Johannes Schmidt) چاوی زمانـەوانانی کـردەوە، کـە تیـۆری بەردەوامییـەت یان شەپۆلەکانی(Wellentheorie) لە پەرتووکەکەیدا گریمانـە کـرد، کە ناوی نا:

(Die Verwand ts Chaf tsverbá ltnisse der Indogermanen)

پاشـــان بینیـــان دابەشـــبوونی زمانـــە خۆجێیـــەکان بەســـە بـــۆ شـــرۆڤەکردنی پەیوەندییـــە ئاڵوگۆڕەکـــانی نێـــوان زمانـــە هینـــدۆ ئەوروپییـەکان، هـەروەها پێویسـت نییـە گریمانـەی ئـەوە بکـەین، کـە نەتـەوەکان چوونەتـە شـوێنی تـازە. جیـاوازی زارەکـان دەکـرێ و پێویستە دەربکەوێت، پێش بڵاوبوونەوەی ئـەم نەتەوانـە و ڕۆیشتنیان بە ئاراستەی جودا.

تیۆری نموونەیی (Wave theory) لەبەر ئەم هۆیە تـەنها وێنـەی ڕاستەقینەی زمانی هیندۆئـەوروپی بنـەڕەتی پێشکەش نـەکرد، بـەڵکو تیشـکی خسـتە هۆکارەکـانی جیـاوازبوون و حاڵەتـەکان یـان ئـەو بارودۆخانەی نزیکایەتی زمانەکان دەسەلمێنن. تیۆری نموونـەیی دژە

لەگەڵ تیۆری کۆچەری Migratory theory ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە بەتەواوەتی تیۆرەکەی پێشووتر ڕەتناکاتەوە و لایناباتـ و دووری ناخاتەوە، زۆر نموونەی نەتەوەکان لە مێژووی زمانەکانی هیندۆئەوروپیدا هەن، کە لەڕێگای کۆچەرییەوە پەیوەندییان بە گروپی سەرەکی زمانەکەوە نەماوە، بێگومان ئەمەش دەبێ کاریگەری گشتی بەجێبهێڵێت، بەڵام ئەم کاریگەریانە لەگەڵ ئەو کاریگەریانەی ئاوێتە دەبن، کە لە کاتی بوونی پەیوەندی لە جیاوازییەکانەوە سەریان هەڵداوە، هەروەها سەختبوون و دژواربوونی پرۆسەی هاوشێوەبوون و یەکاویەککردنەکەی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی پێشڤەچوونی زمانەوانی لە هەرێمە جیاوازەکان یان هەرێمە بڵاوەکان.

جیابوونەوەی زمانی کۆنی ئینگلیزی لە زمانی بنەڕەتی ئەڵمانی، بەهۆی کۆچکردنەوە بوو، وا پێدەچێت ئەم زمانە لە شێوەکەی ئێستای جیاواز دەبوو، ئەگەر (ساکسۆن)ەکان لە کیشوەری ئەڵمانیا لە ماوەی سەدەی پێنجەمدا نیشتەجێبوونایە، بەڵام ئایا ئەو کاریگەرییانە چین، کە فرەخەسڵەتن یان خەسڵەتی جیابوونەوەیان هەیە؟ لێرەدا زۆر پێویستە یەکەمجار پرسیار بکەین ئایا ئەم گۆڕانە یان گۆڕانەکانی دی لە حاڵەتی جیابوونەوەی جوگرافی بەتەواوەتی دەرناکەون، ئەگەر ئینگلیزەکان لەجیاتی دوورگەکانی بەریتانیا لە (جوتلاند Jutland) نیشتەجێبوونایە، ئەوا لەم حاڵەتەدا ڕێی تێدەچوو هەندێک لەو ڕاستەقینانەی سەر بە جیابوونەوەن، هۆکارێک بووبن بۆ ئەو ئەنجامەی زمانی ئینگلیزی توانیویەتی پارێزگاری لە

دەنگی (b) بکات، لە کاتێکدا دەنگەکە لە هەموو ناوچەکانی کیشوەری ئەڵمانی بووە بە (d)، بۆ نموونە سەیری (thing) لە ئینگلیزی و (Ding) لە ئەڵمانی بکە، هەروەها جێگیربوونی جوگرافی مەرج نییە بەرپرس بێت لە بڵاوبوونەوەی گۆڕانەکە لە کیشوەری ئەڵمانیا، دەکرێ هەژموونی هەبووبێت، هەرچەندە پرۆسەکانی پەیوەندی و بەردەوامبوون هەبوون. هەڵەکە لەوەدایە بەرامبەرکردنێکی ئاسایی لەنێوان زارە دابڕاوەکان و ئەو زارانە ڕوویدابێت، کە وا پەیوەندییان هەیە. لەڕووی کردەییەوە هیچ شتێک ئەوە ناچەسپێنێت، کە تێکەڵکێشی زار بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی دەنگی (d) لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزیدا لە (جوتلاند Jutland) ـ بە بۆچوونی من ـ ، ئێمە لە هەرێمی زمانەوانیی فەڕەنسیدا بۆ نموونە دەبینین (ts) k لە گۆشەکەدا (بەشەکە) ماوەتەوە، کە هەردوو ناوچەی (پیکاردی) و (نۆرماندی Normandy, picardy) پێکدەهێنێت، بەڵام بووە بە (s(chی (وەستاو) یان شاردراوە لە هەموو شوێنێکی دیکەدا، لەبەر ئەوە جودابوون و دابڕان بە شرۆڤەیەکی ڕواڵەتی ناقایلکار هەژمار دەکرێت. جۆر و جیاوازی بۆیان هەیە هەمیشە بەبێ ئەو شرۆڤە بکرێن، بەڵکو دەکرێ دابڕانەکە خێرای بکات و دەتوانێت کارەکەی بەردەوام بکات و بە تەواوەتی جێگیربوونی جوگرافی پێ ببەخشێت. ئەگەر لێرەدا جیاوازی لەنێوان هەردوو جۆری دیاردەکەدا هەبوو، ئەوا ئێمە بەدی ناکەین.

بەڵام وێنەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، کاتێک دوو زمانی نزیک لەیەک وەردەگرین، نەک لە ڕوانگەی نەرێنی ئەو جیاوازییانەی

لەنێوانیاندا هەیە، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەرێنییەوە لە ڕووی جێگیربوون و چەسپاندیان. دوای ئەمە دەبینین دابڕان دەست و برد دەروازەکان دەکاتەوە، بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بڕینی هەر پەیوەندییەک کە لەنێوانیاندا هەیە، کەچی جێگیربوونی جوگرافی پرۆسەی چەسپاندن بەهێز دەکات، تەنانەت لەڕێگای شێوازەکانی ئاخاوتنی هەرێمایەتییەوە، کە لە ڕووی دابڕانەوە چڕە، جگە لەمەش پەیوەندی لەگەڵ زارە مامناوەندییەکانیشدا هەیە. هەروەها بۆ ئەوەی پلەکانی نزیکایەتی لە نێوان زمانەکاندا دەستنیشان بکەین، لەبەر ئەم هۆکارە لەسەرمان پێویستە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و ورد دەستکەین بە جیاکردنەوەی نێوان پرۆسەی بەردەوامبوون (پەیوەندی) و دابڕان.

هەردوو زمان کلتوورێکی هاوبەشیان هەیە، پارێزگاری لە چەند خەسڵەتێک دەکەن، کە نزیکایەتییەکەیان دەسەلمێنێت، بەلام لەو کاتەوەی هەر یەکەیان پێشدەکەون بە سەربەخۆیی و جودا لەوی دی، ئەوا خەسڵەتە تازەکانیان لە یەکێکیاندا دەردەکەوێ، لەوی دیکەدا دەرناکەوێ، (جگە لە چەند خەسڵەتەیک نەبێت، کە پاش دابڕان دروست دەبن و لەگەڵ خەسڵەتەکانی دیکەدا یەکدەگرنەوە، یان بە ڕێکەوت وێکچوو دەبن). ئەوەی دەتوانین لە هەر نموونەیەکدا دەریبکەین، ئەوا بڵاوبوونەوەی ئەم جیاوازییانەیە لەڕێگای کاریگەری ئاوێتەبوونی زارەکان. ئەو زمانەی پێشدەکەوێت، بەبێ ئەوەی لەژێر کاریگەری زمانە نزیکەکاندا بێت، بە گشتی کۆمەڵە خەسڵەتێکیان دەبێت، کە لەوانی دی جیایان دەکەنەوە، کاتێکیش زمانەکە جیا دەبێتەوە، ئەوا زارەکە نزیکایەتییەکی سۆزدارانە لەڕێگای خەسڵەتە

هاوبەشەکانییەوە دەردەخات و وای لێدەکات جودابێت و جیاوازبێت و جیاوازی لەگەڵ زارەکانی دیکەی هەرێمەکەدا هەبێت، ئەمانە بە گشتی لقێکی جودا لە بنەڕەتەکە پێکدەهێنن. پەیوەندی زمانەکان لە هەرێمێکی جێگیردا (پەیوەنددار) بەشێوەیەکی زۆر جودایە، خەسڵەتە هاوبەشەکانی مەرج نییە لە خەسڵەتە جیاوازەکانی نێوانیان کۆنتر بێت. لە ڕاستیدا نوێکردنەوە لە خاڵێکی دیاریکراودا دەستپێبکات، بۆی هەیە لە هەر چرکەساتێکدا بڵاوبێتەوە و هەموو هەرێمەکەش بگرێتەوە، لەپاڵ ئەمە هێڵەکانی نوێکردنەوە لە درێژەی بڵاوبوونەوەکەیدا فرەجۆر دەبێت، لێرەدا لەوانەیە دوو زمانی دراوسێ هەبن، کە یەک خەسڵەتیان هەبێت، بەبێ ئەوەی کۆمەڵەیەکی جودا پێکبهێنن، دەشکرێ لە خەسڵەتی دیکەدا هەریەکەیان پەیوەندییان بە زمانە دراوسێکانەوە هەبێت، هەروەک لە زمانەکانی هیندۆئەوروپیدا دەردەکەوێت.

# بەندی پێنجەم

# زمانەوانیی تایبەتمەند
# بە خستنەڕووی ڕابوردوو

# بەشی یەکەم

## هەردوو ڕوانگەی زمانەوانیی مێژوویی

زمانەوانیی وەسفی تەنها ڕوانگەیەکی هەیە، ئەویش ڕوانگەی ئەو کەسانەی قسەی پێ دەکەن، ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە یەک میتۆدی هەیە، بەڵام زمانەوانیی مێژوویی تاڕاددەیەک پێویستی بەم دوو ڕوانگەیە هەیە: ( Prospective / داهاتوو) ئەوەی ڕوودەدات پێشبینیکراون و ئەوەی ڕوویداوە (گێڕانەوەی ڕابووردوو retrospective).

میتۆدی پێشبینیکراو یەکاویەک دەبێت و پەیوەندی دەبێت بە توێژینەوەی پێشبینیکراو بۆ ڕووداوەکان، ئەو میتۆدە پێویستە لەپێشبردنی هەر خاڵێکدا بەکاری بهێنین، کە باس لە مێژووی زمان ـ بکات.

پێشبینیکردن لە تاقیکردنەوەی بەڵگەکانی بەردەست پێکدێت، بەڵام بەهۆی میتۆدی پێشبینیکردنەوە ناکرێ ڕووبەڕووی گرفتە زۆرەکانی زمانەوانیی مێژوویی بین، بەڕاستی تا دەتوانین مێژوویەکی درێژ و وردی زمانەکە پێشکەش دەکەین، لە ڕێگای بەدواداچوون بۆ توێژینەوە لە ماوە جیاجیاکاندا، ئەوا ئێمە پێویستیمان بە ژمارەیەکی زۆری وێنەکان هەیە، کە لە ژمارەیەک کۆپلەی هەمەچەشنەوە وەرگیرابێت. توێژەرانی ڕۆمانی ـ بۆ نموونە ـ ڕووبەڕووی ئەم خواستە نەبوونەتەوە، هەرچەندە سوودیان لە زانینی زمانی لاتینی وەک دەستپێکێک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە وەرگرتبوو و لە

حاڵەتێکدا ئەو ڕێکخستنە نایابەیان دەزانی، کە لە بەڵگەنامەکاندا هەیە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک چەند ناوچەیەکی لەخۆگرتبوو. ئەوان دەیانزانی بەبەردەوامی لە توێژینەوەکانیاندا چەندە گەڕەلاوژەیەک هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو توێژەرانە میتۆدی پێشبینیکراو ڕەت بکەنەوە ـ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ ـ و بە پێچەوانەوە کار بکەن و دەست بدەنە پەیڕەوکردنی میتۆدی مێژوویی (گێڕانەوەیی)، بۆ ئەوەی ڕابووردوو (کات) بگێڕنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە قۆناغێکی دیاریکراو هەڵبژێرن و هەوڵبدەن نەک بۆ دەستنیشانکردنی چۆنێتی پێشڤەبردنی شێوازەکە، بەڵکو بۆ دەستنیشانکردنی شێوازە کۆنەکە، کە توانیویەتی بەدی بهێنێت.

میتۆدی پێشبینیکراو گێڕدراوە سادەکە دووبارە دەکاتەوە و بەشێوەیەکی هەمەکی ڕەخنە لە دەقەکە دەگرێت، بەڵام ڕوانگە گێڕاوەییەکە ڕێکخستنەوەی میتۆدەکە دەخوازێت، ئەویش بە پشتبەستن بە پرۆسەیەکی بەراوردکاری، لە حاڵەتی تاک و هێمای تاکدا ئەستەمە شێوازە بنەڕەتییەکە بونیاد بنێین، بەڵام بەراوردکردنی دوو هێمای جودا، کە هەمان بنجیان هەیە، بۆ نموونە هەروەک: (pater) لە لاتینی، و (pitar)ی سانسکریتی، یان بنجی وشە لاتینییەکە (ges – tus,ger -o).

دەستوبرد یەکە مێژووییەکە ڕوون دەکەنەوە، کە هەردوو هێماکە لەگەڵ جۆرە بنەڕەتییەکە بە یەکەوە گرێدەدات، کە دەکرێ بە شێوەیەکی (دروستکراوانە، ڕەسنخوازانە inductively ) بونیاد بنرێت، هەرچەندە بەراوردکارییەکان ژمارەیان زۆرتر بێت، ئەوا

ژمارەی (دروستکراوەکان، بە ڕەسەنکردنەکانیش)ی ڕاستتر و وردتر دەبن و ئەنجامەکانیش بونیادی تازە و ڕاست دەبن، ئەویش لە حاڵەتێکدا پێدراوگەلی تەواو لە ئارادا هەبن، هەمان شت لەسەر زمانەکان بە کۆی هەموویانەوە پیادە دەبێت. ناتوانین هیچ شتێک هەڵهێنجان یان خەملاندنێک دەربارەی ناوچەی (باسک Basque) بکەین، چونکە دابڕاو و گۆشەگیرە، هیچ شتێکمان لەبەردەستدا نییە بۆ بەراوردکردن، بەڵام بە بەراوردکردنی لەگەڵ کۆمەڵە زمانێکی نزیک وەکو زمانی یۆنانی و لاتینی و سلاقی کۆن... هتد، دەتوانین ئەم بەراوردە بکەین، دەبینین توێژەرەکان توانیویانە توخمە بنەڕەتی و هاوبەشەکان دابڕێژن و دەریان بخەن و دووبارە بنەماکانی زمانە هیندۆئەوروپییە بنەڕەتییەکان بونیاد بنێنەوە، هەروەکو پێشتر لێ بکەنەوە، پێش ئەوەی جیاوازییەکانی شوێن تیایاندا ڕووبدەن.

هەموو ئەو شتانەی بۆ هەمان گروپ لە بازنەیەکی فراواندا ڕوویاندا، هەمیشە لە بازنەیەکی بچووکتردا بە هەمان ڕێکار و لە هەموو بەشێک لە بەشەکانیدا دووبارەبوونەتەوە، ئەمەش هەر کاتێک ئەم ڕێکارە پێویست بێت و ئەگەری ڕوودانی لە ئارادا هەبێت. ئێمە زۆر شت دەربارەی زمانەکانی ئەڵمانی دەزانین، ئەویش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێگای بەڵگەنامەکانەوە، بەڵام زمانی ئەڵمانی بنەڕەتی نازانین، کە بنجی سەرەکی ئەم زمانە هەمەچەشنانەن، مەگەر بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ نەبێت، ئەویش لەڕێگەی میتۆدە گێڕاوەییەکەوە. زمانەوانان یەکە بنەڕەتییەکەی گروپەکانی دیکەیان

تێبینی کردووە، ئەویش بە بەکارهێنانی هەمان میتۆد لەگەڵ جیاوازی و سەرکەوتن و  فرەجۆری کارەکە و یەکەی بنەڕەتی زمانەکانی تر.

لەبەر ئەمەی وتمان میتۆدی گێڕاوەیی دوورمان دەخاتەوە و بەرەو لای کۆنترین بەڵگەنامەکان لە بەدواداچوون بۆ مێژووی زمان پەلکێشمان دەکات، بەم شێوەیە بوونە خاوەنی ئەوەی هێڵە گشتییەکان لاتینی، کە ئەگەر بوونیان هەیە بکێشن، مێژووەکەی بە شێوەیەکی بەهێز پێش سەدەی سێیەم یان چوارەمی پێش زایین دەستپێدەکات، چەندەها ئاماژە و پەلاری سووک نمایان بوون، پاش دووبارە بونیادنانەوەی زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتی، دەربارەی ئەوەی پێویستە لەنێوان قۆناغی یەکەی بنەڕەتی و قۆناغی ناسینی یەکەمین بەڵگەنامە لاتینییەکان ڕوویدابێت، لەپاڵ بەهەند وەرگرتنی دووبارە بونیادنانەوەی، ئەوا زمانەوانیی پێشڤەچوون لە (جیۆلۆجی) دەچێت، کە زانستێکی مێژوویی دیکەیە، جیۆلۆجیا پێویستە هەندێک جار حاڵەتە چەسپاوەکان شرۆڤە بکات (بۆ نموونە حاڵەتی ئێستای دەریاچەی (جنێڤ یاسین Geneva Basin) بەبێ ڕەچاوکردنی شتێک، کە ئەگەری ڕوودانی  لە کاتێکی پێشوودا هەبووبێ، بەڵام گرنگیدانە سەرەکییەکەی ئەو زنجیرە ڕووداو و قەڵبەزە و گۆڕانەنەیە، کە شتە مێژووییەکان پێکدەهێنێت، دەتوانین زانستی جیۆلۆجیای پێشبینیکراو وێنا بکەین، بەڵام لەڕاستیدا ڕوانگەکە بە گشتی هەر گێڕاوەیی دەبێت، دوای دووبارە ژماردنەوەی ئەوەی لە خاڵێکی دیاریکراودا لەسەر زەوی ڕوویدا، پێویستە جیۆلۆجییەکان

زنجیرەی ڕووداوەکان دووبارە بونیاد بنێنەوە و هەوڵبدەن بەرپرسی حاڵەتەکەی ئێستا سەبارەت بەو بەشەی گۆی زەوی دیاریبکەن.

هەردوو ڕوانگەکە تەنها بە توندی دژیەک نین، جگە لەمەش بەکارهێنانیان لە فێرکردندا پێکەوە بۆ هەمان مەبەست و ڕوونکردنەوەی بێسوود هەژمار دەکرێت. توێژینەوەی گۆڕانەکانی دەنگ - بۆ نموونە - بە شێوەیەکی بەرچاو دوو وێنەی جودا پێشکەش دەکەن، ئەویش بە پشتبەستن بەو بۆچوونەی ئاماژەمان پێدا.

لە کاتی بەکارهێنانی بۆچوونی پێشبینیکراو هەموو (ĕ) لە زمانی کلاسیکی لاتینیدا بووە بە فەڕەنسی، دەبینین دەنگی تاک لە پێشڤەچوونیدا لەگەڵ کاتدا فرەجۆر دەبێت و دەرفەت بۆ دەرکەوتنی چەند فۆنیمێک دەرەخسێنێت، بەراورد بکە:

pedem ⟶ pye(pied = پێ), ventum ⟶ va(vent = با), lĕctum ⟶ li(lit = چوارپایە), necare ⟶ nwaye(noyer = نقوومبوون).

بەرانبەر بەمە، ئەگەر بۆچوونی گێڕاوەیی بەکاربهێنێن، بۆ زانینی ئەو دەنگە لاتینییەی بەرانبەر بە وێنەی (e)ی فەڕەنسی کراوەدا هەیە، دەبینین ئەم دەنگە تاکە بریتییە لە خاڵێکی زاراوەیی چەند فۆنیمێک، کە لە بنجدا جیاکارن، ئەمانە بەراورد بکە:

ter(terre زەوی) = tèrram, Verz(verge سزا) = virgam, fe(fait ڕاستی) = factum,etc.

دەکرێ کەمتەرخەمی ـ کەم و کورتی توخمە شێوەییەکان بە دوو ڕێگا ڕوون بکەینەوە و هەردوو دەنگەکەش بە تەواوەتی جیاواز دەبن، هەموو شتێک دەربارەی پێکهاتە پێوەرییەکان وتران بە بەڵگەیەکی سەرەکی هەژمار دەکرێن. ئیدی بەمشێوەیە گێڕاوەیی گەڕان بە دوای بنجێک بۆ پاشگری ئامرازەکانی فەڕەنسی (è-) بۆ ئەم پاشگرە لاتینییە (átum-) دەمانگەڕێنێتەوە، پاشگری لاتینی لە ڕووی داتاشینەوە پەیوەستە بە کارەکانی لاتینییەوە، کە سەربەخۆن و کۆتاییان بە (áre-) هاتووە، کە لە بنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوانەی مێینەن و بە (a-) کۆتاییان هاتووە (ئەمانە بەراورد بکە:

Planta: plántare, tima : timáo, etc.

لەمەش زیاتر پاشگری (átum-) بوونی نەدەبوو، ئەگەر پاشگری (to) لە زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتیدا لەڕێگا ڕاستەکەی خۆی دانەمەزرایە و نەشونمای نەکردبایە، ئەمانە بەراورد بکە:

بڕوانە وشەی یۆنانی(klu-tò-s) و وشەی لاتینی (in–clu-tu-s) و وشەی سانسکریتی(cru-ta-s)

لە کۆتاییدا پاشگری (átum-) ئەم توخمە شێوەی (m-) لە دووتوێی (تاکی مەنسووب) لەخۆ دەگرێت، بەرانبەر بەمە گەڕانی پێشبینیکراوانە بەدوای ئەو پێکهاتە فەڕەنسیانەی، کە پاشگری بنجی (to)یان تیادایە، ڕوونی دەکاتەوە کە تەنها پاشگرە هەمەجۆرەکان بوونیان نییە، ئینجا بەرهەمهێن بن یاخود نەء ـ لە ڕابووردووی وەسفی بۆ ناوی بکەر لە حاڵەتی ڕابووردوودا:

aimè خۆشەویست = amátum, fin: تەواو =finitum, clos داخراو = clausum for claudtum, etc.

هەروەها پاشگری دیکەی زۆرتریش لە ئارادا هەن، وەک:
(-u)(-útum)، هەروەک لە (cornutum = cornú)، هەروەها پاشگری تایبەت بە شێوازی ڕەفع لە لاتینی:
(negative,sensitive,fugitivum = fugitive = tivum)

هەروەها هەندێک وشەش هەن، کە خاوەن شیکردنەوەی کورتن، وەک:
point خاڵ, dè دەمرێت = datum, chetif = captivum, etc.

## بەشی دووەم

## کۆنترین زمان و زمانی دایک

تـــوێژەرە زمانەوانییـــەکان لـــە قۆناغـــەکانی زووتـــری زمانـــە هیندۆئەوروپییەکانـدا مـەرامی ڕاسـتەقینەی بـەراوردکاری و گرنگـی میتۆدەکــە حــاڵی نــەببوون و بــە هــەمان شــێوەش لــە دووبــارە بونیادنانــەوە و تازەکردنــەوەش تێنەگەیشــتبوون. ئەمــەش دەبێتــە شــرۆڤەیەک بـۆ یـەکێک لـە هەڵـە مەزنـەکانیان، ئـەویش ئـەو ڕۆڵـە زیادەڕەوە و هەمەکیە بوو، کە بە زمانی سانسکریتی بەخشیبوویان، ئـەوان پلـەی زمـانی سانسـکریتیان هەنـدە بـەرزکردەوە، گەیاندیانـە ئاستی نموونە بنەڕەتییەکە و زمانی دایک، چونکە ئەم زمانە کۆنترین بەڵگـەبوو لەسـەر زمـانی هیندۆئـەوروپی بنـەڕەتی. لـەو بـاوەڕەداین زمـانی هیندۆئـەوروپی بنـەڕەتی زمانـەکانی سانسـکریتی و یۆنـانی و سلاڤی و کەڵتی و ئیتـاڵی دروسـتکردووە...هتد. جێگرتنـەوەی یـەکێک لەم زمانانە لە شوێنی زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتی، شـتێکی دیکەیـە و بـە گشـتی جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ ئـەوەی پێشـوودا. ئـەو هەڵـە گەورەیــەی تــوێژەرانی یەکــەم تێیکــەوتوون، دەرەنجــامی دوور و فرەجۆری یان هەمەچەشنەی لەخۆگرتبوو، گریمانەکەی ئەوان پۆلێن نـەکرا وەک پێشـووتر ئامـاژەم پێدا، کـەچی لـە پیـادەکردنیدا بـەهۆی ناوەرۆکەکەی زانرا.

بـۆپ(Bopp) نووسـیبووی، کـە ئـەو لـەو بـاوەڕەدا نییـە زمـانی سانسکریتی سـەرچاوەیەکی هاوبـەش بێت، و ئەگـەرێک لـە ئارادابوو

بۆ پێکهێنانی گریمانەیەک وەک ئەم گریمانەیە ـ تەنانەت لەگەڵ کەوتنە گومانیشـــەوە ـ ، ئەمـــەش پەلکێشـــمان دەکـــات بـــۆ پرســـیارکردن دەربارەی مانای ئەم وتەیە:(زمانێک هەمیشـە لـە ئارادا هەیـە، کە لـە زمانێک دێرینتر و کۆنتر بێت).

لێـرەدا سـێ شـیکردنەوەی تیـۆری لـە ئـارادا هـەن، کـە ڕێیـان تێدەچێت:

١ـ کـۆن(دێرین)ی بـۆی هەیـە بـۆ سـەرەتا بگەڕێنرێتـەوە، خـاڵی سەرەتا و بەرایی زمـان، بـەڵام ئـەگـەر تۆزقاڵێک بیربکەینـەوە، بۆمـان دەردهکـەوێت، کـە ئێمـە نـاتوانین تەمـەنی هـیچ زمانێـک دەستنیشـان بکەین، چونکە لە هەموو زمانێک تـەنها درێژەدانێکە بۆ زمـانێکی تـر، کە پێشتر بەکاردەهێنرا. ئەوەی لەسەر ڕەگەزی مرۆڤ پیادە دەبێت، لەسەر ئاخاوتن پیادە نابێت، بەردەوامیەتی ڕەها بۆ پێشکەوتنی زمان وامان لێدەکات خۆمان قەدەغە بکەین لـەوەی نـەوەکان (واتـە زمـان) بناسـینەوە. (جاسـتۆن بـاری) لەسـەر حـەق بـوو، کاتێـک ڕەخنـەی ئاراسـتەی چـەمکی (برایـەتی زمانـەکان) و (زمـانی دایـک) کـرد، و ڕەخنەی ئاراستەی ئـەم گریمانانـە کـرد. کۆنی بـەم مانایـە ئامـاژە بـۆ هیچ شتێک ناکات.

٢ـ وشـەی کـۆن بـۆی هەیـە ئامـاژە بـەوە بکـات، کـە یـەکێک لـەو حاڵەتانـەی باسـیان دەکـەین، پێش حاڵەتەکـەی دی لـە هـەمان زمـان کـەوتبێت. بـەم شـێوەیە فارسـیبوونی دەستنووسـە عەجەمییـەکان لـە فارسیبوونی (فیردەوسی) کۆنترن، لـە حاڵـەتێکی تایبـەتی وەک ئەمـە، کاتێـک زمانێـک بەشـێوەیەکی ئـەوتۆ لـەوی دی جیـا نەکرێتـەوە و

هەردووکیان لە ناوبانگ و ناسراویدا یەکسانن، بێگومان پێویستە لەم حاڵەتەدا لەو باوەڕەدا بین، یان لەگەڵ زمانەکەی پێشوودا مامەڵە بکەین، بەڵام لەکاتی ڕووبەڕبوونەوەی هەردوو حاڵەتەکەدا پێشڕەوی بکات، هیچ گرنگییەکی نییە.

زمانی لیتوانیش هەر بەمشێوەیەیە، کە تەنها لە ساڵی (١٥٤٠ ز)ەوە لە ڕووی گرنگییەوە هیچی کەمتر نییە لە زمانی سلاڤی دێرین، کە لە سەدەی دەیەمدا تۆمارکراوە و هیچیشی کەمتر نییە لە زمانی سانسکریتی ڤیدا (Rig veda) هەر لەبەر ئەم هۆکارە.

٣ـ لە کۆتاییدا وشەی دێرین و کۆن بۆی هەیە دێرینترین حاڵەتی زمانەوانی دەستنیشان بکات، واتە یەکێکیان خاوەن شێوازێکی ئەوتۆ بێت، کە توندتر و چڕتر بەسترابێتەوە بە شێوازی نموونە بنەڕەتییەکەوە، هەروەها بەتەواوەتی جودا بێت لەهەر مەسەلەیەکی مێژوویی، ئیدی بەم مانایە لیتوانیبوونی سەدەی (١٦) لە زمانی لاتینی سەدەی (٣)ی پێش زایینی کۆنترە.

بە هەردوو مانای دووەم و سێیەم تەنها زمانی سانسکریتی لە زمانەکانی دی کۆنترە، لەگەڵ هەردوو ئەم سەرزەنشتکردنەدا دەگونجێت، ئەوەی زانراوە ئەوەیە سروودەکانی (ڤیدا) دەکەونە پێش دەقە یۆنانییەکانەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە زمانی سانسکریتی ژمارەیەک ئادگاری گرنگی کۆن و دێرینی هەیە، لە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دەقانەی زمانەکانی دی پاراستوویانە، ئەمەش گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

بەڵام زمانەوانەکانی یەکەم ـ چەمکی سەدە لەلایان تێکچووە ـ زمانی سانسکریتیان بەسەردەستەی گرووپە زمانەوانییەکە هەژمار کردووە، ئەنجامەکەش ئەوەبوو زمانەوانەکانی دوایی ـ چەمکێکیان لەم چەمکە دارشت و وتیان زمانی سانسکریتی زمانی دایکە ـ ئەوا بەردەوامبوون لەوەی گرنگییەکی مەزن ببەخشن بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەم زمانە دەشێت ببێتە زمانێکی تەواوکار یان لکێندراو، (ئە. پیکتیل A.Pictel لە کتێبەکەی خۆیدا:

(Les Origines indo- europèennes)

بەڕوونی بڕیار دەدات لەسەر بوونی نەتەوەی بەرایی لەپاڵ زمانە تایبەتەکەی خۆیدا، ئەو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێ ئێمە یەکەمجار بۆ زمانی سانسکریتی بگەڕێینەوە و ئەو بەڵگەیەی ئەم زمانە پێشکەشی دەکات، لەو شتانە بە بەهاترە کە زۆر لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی دی لەخۆی دەگرن، هەمان ئەم وەهمەیە چەند ساڵێک ئەنجام و پرسگەلێکی تەمومژاوی پارێزگاری لێکرد، کە گرنگییەکی بەرایی هەیە، وەک فۆنۆلۆجی زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتی.

ئەم بۆچوونە هەڵەیە بەوردی و درێژی خزایە نێو بازنەیەکی بچووکترەوە، ئەوانەی توێژینەوەیان دەربارەی چەند لقیکی دیاریکراوی هیندۆئەوروپی سازدا، لەو باوەڕەدابوون کۆنترین زمانی ناسراو زمانێکی تەواو بووە، ئەم زمانە بەشێوەیەکی ڕاست و ڕاستگۆیانە نوێنەرایەتی هەموو گروپە زمانەوانییەکەی دەکرد، ئەوان هەوڵیان نەدا مامەڵە لەگەڵ حاڵەتە بنەڕەتییەکە بکەن، یان بەباشی

شارەزایی بن و بیناسن، بۆ نموونە: لەجیاتی ئەوەی باس لە زمانی ئەڵمانی بکەن، هەمیشە ڕاڕا نەبوون لەوەی زمانی (قوتی) بە بەڵگە بهێننەوە و لەم سنوورەدا هەڵوەستە بکەن، چونکە زمانی قوتی لە پێش سەرهەڵدانی زارەکانی زمانی ئەڵمانی بە چەند سەدەیەک بوونی هەبووە و ڕۆڵی نموونەی بنەڕەتی بینیوە و بووە بە سەرچاوە بۆ زارەکانی دیکە. کاتێک دەستیانکرد بە گرنگیدان بە زمانی سلاڤی، توێژینەوەکانیان لەسەر زمانی سلاڤۆنی (Slavonic) یان سلاڤی دێرین بونیاد نا، کە لە سەدەی دەهەمدا نووسرایەوە و تۆمارکرا، چونکە زارەکانی سلاڤی دیکە لە کاتێکی دێریندا تۆمارکرا، لە چەند بۆنەیەکی زۆر دەگمەندا دوو بەشی زمان دەبینێت، کە لەڕێگای نووسینەوە لەماوەی سەردەمی یەک لەدوای یەکدا جێگیربوو بێت، کە بە هەمان شێوە هەمان زمان لە دوو کاتی جودادا لە ڕەوشە مێژووەکەیدا وەک یەک وابن و لەیەک بچن، زۆرجاران دەبینین زارێک دەبێتە واریسی زمانەوانی زارەکەی دیکە، دەگمەن - هەڵاوێرەکان یاساکە دەسەلمێنن و جەختی لەسەر دەکەنەوە.

ناسراوترین و بەناوبانگترین هەڵاوێرکردن زمانە ڕۆمانییەکانە ئەگەر لەگەڵ زمانی لاتینیدا بپێورێت: لە کاتی گێڕانەوەی زمانی فەرەنسی بۆ زمانی لاتینی، پێویستە ڕێگا ستوونییەکە بگرینەبەر، بەڕێکەوت ئەمە ڕوویدا، کە هەرێمی زمانە ڕۆمانییەکان دراوسێی ئەو هەرێمە بن، کە خەڵکەکەی زمانی لاتینی قسە دەکەن. زمانی فارسیش هەڵاوێرکردن و دەرچوونێکی دیکەیە لە یاساکە، فارسیبوونی دەستنووسەکانی (داریوش) هەمان ئەو زارە فارسییەیە،

کــه لــه چاخــەکانی ناوەڕاســتدا بــەکــاردەهێنرا، بــەڵام دژیەکەکــه بەشێوەیەکی نائاسایی بەدەرکەوت، بەجۆرێک بەڵگە نووسراوەکان له قۆنــاغێکی جــودادا بەگشــتی بــه لای زاره جوداکــانی هــەمان گــروپ دەیشکێنێتەوە.

زمانی ئەڵمانی بۆ نموونه، یەک لەدوای یەک زمانەکانی (قوتی یان لفیلاس) دەردەکەون، (که واریســەکەی نەناسـراوە)، پاشـان لـه دەقه ئەڵمانییــه دێرینەکانــدا دەردەکــەوێت و لــه کۆتایشــدا لــه زمــانی (ئەنگلۆساکسۆنی) و دەقه نەرویجییه دێرینەکاندا دەردەکەوێت...هتد. یەکێک لەم زارانه یان کۆی هـەموو زارەکان به بـەردەوامبوونێک و درێژەدانێـک هـەژمار ناکرێت، بـۆ ئـەو زمـان و زارانـەی یەکـەمجار تۆمـارکراون، ئـەم نەخشـەیه، کـه پیت و زار و هێڵـه خاڵڕێژکراوەکان تیایدا گوزارشت له بەدوایەکهاتنی کلتوور دەکەن و ئەم نموونـه باوه پێشنیاز دەکەن و پێشکەشی دەکەن:

.............................................. A.... period 1
........................................ B............ period 2
............... C................. D........... ... Period 3
...............................E...................Period 4

ئــەم نموونەیــه بــه ســەرچاوەیەکی پــڕ بــەهای زمانــەوانی دەژمێردرێت، ئەگەر بەدوایەکهاتنی ستوونی بوو، ئـەوا یەکـەمین زار زارناســینی(A) پێویســته هــەموو شــتێک لــەخۆ بگرێـت، و بــەهۆی شیکردنەوەی حاڵەته یەک لەدوای یەکەکان ئاماژەی بۆ بکرێت، بەڵام

بە گەڕان بەدوای خاڵی بەیەکگەیشتنی هەموو زارەکان ( A, B, C, D, E, etc) لە نموونەکەدا، ئەوا دەکرێ شێوازێکی کۆنتر لە (A) بدۆزینەوە (مەبەستم نموونەی بنەڕەتی X)، تێکەڵبوونەکەش بەم شێوەیەیە ("A" and "X").

# بەشی سێیەم
# بونیادی نوێ

**١. سروشت و ئامانجەکانی:**

تاکە ڕێگایەک بۆ بونیادنانەوە یان بونیادنانی نوێ، تەنها بە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی بەراوردکاری دەبێت، تاکە ئامانجی بەراوردکاریش بونیادنانەوەیە (واتە بونیادی نوێ).

ئەم ڕێکارەمان (procedure) بێ ئەنجام دەبێت، تا پەیوەندی شێوازە جۆراوجۆرەکان لە ڕوانگەی پێشڤەچوونی کاتەوە وێنا دەکەین و لە دووبارە دارشتنەوەی شێوازە تاکەکە سەرکەوتن بەدەست دێنین، دووبارە جەختم لەسەر ئەم خاڵە کردووەتەوە، بەم جۆرە دەتوانین شێوازی لاتینی(medius) بەرامبەر بە شێوازی یۆنانی (mèsos) شرۆڤە بکەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتی، ئەویش بەوەی شێوازە کۆنەکە (methyos) بکەینە سەرچاوەیەک بۆ هەردوو شێوازی medius mèsos یان لە توانایدا هەبێت دوو شێوازەکە لە هەمان زمان بەراورد بکەین، باشترە لە بەراوردکردنی دوو وشە لە چەند زمانێکی جۆراوجۆردا.

هەردوو شێوازی لاتینی: (gerò, gestus) بۆ بنجی (-ges) دەگەڕێنەوە، کە تا ماوەیەک لەنێوان هەردوو شێوازەکەدا هاوبەشبوون. پێشووتر باسی ئەوەمان کرد، کە پرۆسەکانی

بەراوردکاری مامەڵە لەگەڵ گۆڕانە دەنگییەکان دەکەن، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە توێژینەوەکانی وشەسازی ببەستین. لە کاتی هەڵبژاردنی شێوازی لاتینی: (patior, passus)، هەمان شت دەبینم بەرانبەر بەم دوو شێوازە:

(factus, dictus, etc)، چونکە شێوازی (passus) هەمان جۆرە شێوازە. لە کاتی پیادەکردنی بەرهەمخوازی لەسەر پەیوەندییە دەنگییەکانی نێوان: (facio and facuts, dico and dictus)، دەتوانم هەمان پەیوەندی لە قۆناغی زوو لەنێوان ئەمانەدا: (patior and pat – tus) دابنێم، ئەویش بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕانە، پێویستە تیشک بخەمە سەر بەراوردە دەنگییەکە، دەتوانم ئەم شێوازە لاتینیە (meliorem) لەگەڵ ئەم شێوازە یۆنانییە (hedio) بەراورد بکەم، چونکە وشەی یەکەم لە ڕووی دەنگەوە بۆ ئەم دوو شێوازە دەگەڕێتەوە: (meliosm, meliosem) و شێوازەکەی دووەمیش بۆ ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە:

(hádiosm, hádioa, hádiosa)

بەراوردکاری زمانەوانی تەنیا پرۆسەیەکی میکانیکی سادە نییە، بەڵکو ئەم پرۆسەیە پێویستی بە کۆکردنەوەی هەموو زانیاری و پێدراوە نزیکەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەمیشە لەو پێشبینیکردنەوانەوە بەدەستبهێنرێت، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان گوزارشتی لێ بکەین و دووبارە پێکهێنانەوەی شتێک، کە پێشووتر هەبووبێت بە ئامانجی بگرێت. بەراوردکاری زمانەوانی لە دووبارە بونیادنانەوەی شێوازەکان (نوێکردنەوەی شێوازەکان) دروست

دەبێت، بەلام ئایا مەبەست و ئامانج لە وێناکردنی ڕابووردوو تازەکردنەوەی بونیادی هەموو شێوازە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی حاڵەتی پێشووە؟ یان ئایا پرۆسەی بونیادنانەوە تەنها تایبەتە بە تاک، سەلماندنی جودا لە بەشەکانی وشە (بۆ نموونە سەبارەت بە تێبینیکردنی دەنگی (f)ی لاتینی لەم شێوازەدا (fumus) بەرانبەرە بە دەنگی (p) لە زمانی ئیتالی بنەڕەتیدا، یان یەکەم توخمی زمانی یۆنانی (állo) و زمانی لاتینی (aliud) بەتەواوەتی وەک دەنگی (a) لە زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتیدا مایەوە؟

نوێکردنەوەی بونیادنانی بونیادەکان بۆی هەیە لە جۆری دووەمی توێژینەوەکەدا قۆرخ بکرێن، میتۆدە شیکارییەکەی هیچ ئامانجێکی دیکەی نییە، جگە لەم تێبینیە بەشبەشیانە تا هەنووکە توانای ئەوەمان هەیە، کە بەرهەمخوازی گشتی لەو کۆمەڵە ڕاستەقینە گۆشەگیرانە یان تاکانە هەڵهێنجین. کۆمەڵە ڕاستەقینەکان وێکچووی ئەوانەن، کە لە شێوازی (fumus)دا بوونیان هەیە، بواری ئەوەمان دەدەنێ بڵێین دەنگی (b) شوێنی لە سیستەمی دەنگی ئیتالی بنەڕەتیدا هەبووە، وەک وێکچوونێک بەرانبەر ئەمە دەتوانین بڵێین دارشتنی جێناو لە زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتیدا کۆتاییەکی تاکانەی بێلایەنی (d—) لەخۆ گرتووە، کە جودایە لە (m)ی کۆتایی ئاوەڵناوەکان، ئەم ڕاستەقینە وشەسازییە گشتییە لەم کۆمەڵە تێبینییە تاکانە هەڵدهێنجین (سەرنج بدە ئەم دوو وشە لاتینییە(aliud) و(istud)بەرانبەر بەم وشەیە(bonum)، هەروەها

له یۆنانیش () بەرانبەر بەم وشەیە(allod = állo, tod = tò) ، و له زمانی ئینگلیزیش(that)....هتد.).

دەتوانین لەمە دوورتر بڕۆین و بڵێین لە توانایدا هەیە دوای ئەوەی دووبارە ڕاستەقینە هەمەجۆرەکانمان بونیاد نایەوە، هەڵسین بە پێکهێنانی یان نووسینی ئەو شتانەی پەیوەندیان بە هەموو شێوازەکەوە هەیە و جارێکی دی بونیادی هەموو خشتەکانی گۆڕینی دارشتنی وشەکان بونیاد بنێینەوە... هتد.، (بۆ نموونە شێوازی له هیندۆئەوروپی بنەڕەتی)، پێکهێنان لە کۆکردنەوەی گوزارشتە تاکەکان و هەموو بەیەکەوە پێکدێت، بۆ نموونە کاتێک بەشە هەمەجۆرەکانی ئەو شێوازەی(alyod) بونیادنراوەتەوە، وەک لەم حاڵەتەدا ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان (d-) کە وەک خاڵێکی ڕێزمانی نمایان دەبێت لەگەڵ (- a)دا، کە هیچ ئاماژەیەکی ڕێزمانیانەی نییە. ئەو شێوازەی دووبارە بونیادنراوەتەوە هەموو هەر متبوو نین، بەڵکو دەکرێ هەمووی هەمیشە لە ڕووی دەنگەوە شیبکرێنەوە، دەکرێ هەر بەشێک لە بەشەکانی لاببرێن و بە شتی دوورتر تاقیبکرێنەوە، لەبەر ئەم هۆیە ئەو شێوازانەی وەرگیراونەتەوە لەژێر کاریگەری ئەو ئەنجامانە دەبن، کە لەگەڵیدا گونجاون، وشەی (ئەسپ) لە زمانی هیندۆئەوروپیدا یەک بەدوای یەک ئەم شتانە گریمانە دەکات:

(ek, wos) له کۆتاییدا (ek,vos, ak, was, akvas)

لێرەدا ڕۆڵی خۆی نەماوە و بۆ دەنگی (a) گۆڕدراوە، هەروەها بۆ ژمارەی فۆنیمەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئامـانج لـە تازەکردنـەوەی بونیادەکـە، لـە پێناویـدا دارشـتنەوەی شێوازەکە نییە ـ ئەمە وتەیەکی پووچە و بێمانایە ـ بەڵام بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەک لەو ئەنجامانەی لە ڕووی لۆجیکەوە وا پێدەچێت لە هەر چرکەساتێکدا ئـەنجامی بەدەسـتهاتووی بـەدودا بێـت، بـەکورتی ئامانجەکەی تۆمارکردنی پێشڤەچوونێکە بۆ زانستەکەمان، هیچ شتێک لـە ئـارادا نییـە زمانـەوانان بەرانبـەر بـە ڕێنماییـەکانی دژ بـە عـەقڵ بپارێزێـت، بـۆ بەدەسـتهێنانـی گێڕانـەوەی زمـانی هینـدۆ ئـەوروپی بنەڕەتی بەتەواوەتی، بەو شێوازەی ئارەزوویان لێ بوو بەکاریبهێنن. ئەوان بابەتیانە لە ڕووی مێژووییەوە تۆمارکراون (توێژەر لە زمـانی لاتینـی لـە ڕووی زمانەوانییـەوە ناکۆڵێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بـەجوانی قسەی پێ بکات): کـەمترین قەناعـەت سـەبارەت بـەم زمانـە لـە ئارادا نەبوو لە حاڵەتی وشە تاکەکان لە زمانەکانی پێش مێژوو.

دووبـارە بونیادنانـەوە یـان تازەکردنـەوە، هەمیشـە دەبـێ لـەژێر پرۆسـەیەکی پێداچوونـەوەدا بێـت، کـە زۆر پێویسـتە بـۆ وێنـاکردنی گشـتی زمـانی تـوێژراو و جـۆرە زمانەوانییەکـە. ئەمـە ئـامرازێکی بنەڕەتییە بۆ وەسفکردن و وێناکردن، لەگەڵ سادەکردنی ڕێژەیی بۆ ژمارەیەکی زۆری ڕاستەقینە گشتییەکانی هەردوو میتۆدی وەسفی و مێژوویی.

هـەموو ئـەو کۆمەڵـە بونیـادە تازەیـە ڕاسـتەوخۆ هێڵـەکانی زمـانی هیندوئـەوروپی دادەڕێـژن، بـۆ نموونـە دەزانـین پێشـگرەکان بەگشـتی لـەم توخمانـە (t, s, r, etc) پێکدێن، بۆ دوورخستنەوەی ئـەوانی دیکـە، هـەروەها جیاوازییـە ئـاڵۆزە فۆنۆلۆجییـەکانی کـار لـە زمـانی

ئەڵمانیدا (werden, wirst, ward, warde, worden)، وا لەو یاسـایانە دەکـات، کـە کـۆنترۆڵی یـەکێک لـە گۆڕانـە بنەڕەتییـە هاوشێوەکان دەکەن، تەمومژاوی بن:(e – o – zero)

zەنجامەکەش ئەوەیە دووبارە بونیادنانەوە بەشێوەیەکی گەورە یارمەتیدەرە بۆ توێژینەوەی مێژووی قۆناغەکانی دوایی، چونکە بەبێ دووبارە بونیادنانەوە، شرۆڤەکردنی ئەو گۆڕانانەی لە قۆناغی پێش مێژوودا دەرکەوتن، زۆر دژوار دەبێت.

**٢. وردبینی ڕێژەیی بۆ دووبارە بونیادنانەوە و نوێکردنەوە**

ئێمـە بەشـێوەیەکی ڕەهـا لـە هەنـدێک شـێوازی دووبـارە بونیادنراوەوە (تازە) دەزانین، بەڵام شێوازەکانی دی هەندێکیان جێی مشتومڕن و بێگومان ئەوانی دیکەش کێشەن.

ئێستا بینیمـان ڕاسـت و دروسـتی هـەموو شـێوازەکان پشـت بـە شێوازی ڕێژەیی دەبەستێت، کە دەکرێ بۆ گێڕانەوە بەشبەشییەکان (دابـڕاون) و جوداکـان بیانگەڕێنینـەوە و دەچنـە نێـو پرۆسـەی پێکهێنانەوە. لەسەر ئەم بنەمایە هەرگیز هەردوو وشەکە ناکرێ وەک یەک بن، لێرەدا وەک ئاشکرایە جیاوازییەک لەنێوان شێوازەکانی زمـانی هیندۆئـەوروپی بنـەڕەتی هەیـە، بـۆ نموونـە(esti) واتـە بوونـەوەر، و (didòti) واتـە دەبەخشـێت، چونکـە پیتـی بـزوێن لـە شێوازی دووەمدا دووبارەکراوەتەوە و بوار بۆ گومان دەڕەخسێنێت: (ئەمانـە بـەراورد بکـە: وشـەی(dadati) سانسـکریتی، و وشـەی (didòsi) یۆنانی.

ئاراستەیەکی گشتی لە ئارادا هەیە، بۆ ئەوەی بونیادە تازەکان بەوە دابنێین، کە ڕاست و دروستیان کەمترە وەک لەوەی لە واقیعەکەدا هەیە.

لێرەدا سێ ڕاستەقینە هەن، کە باوەڕ و بۆچوونەکانمان بەهێز دەکەن:

**ڕاستەقینەی یەکەم:**

ئەم ڕاستەقینەیە گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە(پێشووتر ئاماژەمان پێدا)، دەتوانین بەشێوەیەکی ڕوون ژمارە و سنووری دەنگەکانی وشەیەکی دیاریکراو لە یەک جودا بکەینەوە، هەروەک پێشتر بینیمان چۆن دەتوانین مامەڵە بکەین یان ڕەچاوی ئەو ڕەخنانە بکەین، کە هەندێک زمانەوان لەڕێگای مایکرۆسکۆپی دەنگییەوە بۆیان هەیە دەربکەون، چەند دەنگێکی گوازراوەیی یان دزەکردوو لە بەدوایەکهاتنی وەک . sn . بەڵام هەڵسەنگاندنەکەی بە مەسەلەیەکی نازمانەوانی دادەنرێت، بە گوێی ئاسایی خۆمان ناتوانین جودایان بکەینەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە قسەکەران هەمیشە کۆکن لەسەر ژمارەی توخمەکانی ئەم جۆرە بەدوایەکداهاتنانە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین شێوازی هیندۆئەورووپی بنەڕەتی (ek,wos) پێنج خەسڵەتی هەیە، توخمە هەمەجۆرەکان سەرنجی قسەکەران ڕادەکێشێت.

**ڕاستەقینەی دووەم:**

ئەم ڕاستەقینەیە مامەڵە لەگەڵ توخمە دەنگییەکانی هەموو زمانێک دەکات، هەر زمانێک مامەڵە لەگەڵ زنجیرەیەکی تەواو و دیاریکراوی فۆنیمەکان دەکات. نەناسراوترین توخمەکان لە سیستەمی هیندۆئەوروپی بنەڕەتیدا هەمووی لەڕێگەی بونیادی تازەوە(واتە بونیادنانەوە) تۆمارکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەموویان درک پێ دەکەین و دەیانزانین.

لە کۆتاییدا کار لەسەر ئەوە ناکەین، نیگارێکی ورد بۆ وەسفە ئەرێنییەکانی فۆنیمەکان بکێشین، ئەویش لەپێناو زانین و ناسینی، پێویستە وای هەژمار بکەین، کە کیانی هەمەجۆرن و خەسڵەتی جودایان هەیە.

ئەمە بە بەشێکی سەرەکی هەژمار دەکرێت، بەشێوەیەکی وا بتوانین ئەو توخمە دەنگیانەی زمان پێکبهێنینەوە، کە خوازیاری بونیادنیانین، ئەویش بەهۆی پشتبەستن یان بەهۆی هێماکان، ئینجا هەر هێمایەک بێت، لێرەدا هیچ پێویستییەک نییە بۆ سەلماندنی سیفەتی ڕەها بە دەنگی (è) لە شێوازی (èk, wos)، یان لە بژاردەدایین، کە ئایا دەنگی (è) بە کراوەیی یان داخراوی بێت، تەنها چۆنێتی ئاراستەی درکاندنیەتی بە ئاوازەکەی پێشوو. هەموو ئەمانەی وتمان هیچ گرنگ نین، تا جۆرە فۆنیمی (è) یەکاویەک و هاوشێوە دەبن.

گرنگترین شت ئەوەیە ئێمە لەگەڵ توخمێکی دیکەدا (á, ò, ĕ,) تێکەڵمان نەکرد، کە زادەی زمان بێت، ئەمەش ڕێگایەکی دیکەیە بۆ

ئەوەی بڵێین فۆنیمی یەکەمی شێوازی (ek, won) هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ فۆنیمی دووەم لەم شێوازە (mèdhyòs) نییە و تەنانەت لەگەڵ فۆنیمی سێیەمیش(ágè) جیاوازی نییە...هتد.

شێوازی بونیادی تازەی (ek, wos) لەبەر ئەم هۆکارە وا دەگەیەنێت شێوازی زمانی هیندۆئەوروپی بنەڕەتی یەکسانە بە شێوازی لاتینی (equòs) و شێوازی سانسکریتی (acva-s)... هتد، کە لە پێنج فۆنیمی دیاریکراو پێکهاتووە و لە زنجیرەی دەنگی تەواوی زمانە بنەڕەتییەکەوە وەرگیراوە.

لە ڕێگای دەستنیشانکردنەکان یان ئەو بەندانەی بەتەواوەتی ڕوونکراونەتەوە، بونیادە تازەکان بەتەواوەتی کار لەسەر پاراستنی هەموو بەهاکانیان دەکەن.

# بەشی چوارەم
# بەشداری زمان  لە زانستی ئەنترووپۆلۆجیا
# و زانستەکانی پێش مێژوو

## ١. زمان و ڕەگەز

میتــۆدی گێڕاوەیــی خــاوەنی چاکــە و سوپاســگوزارییە، چونکــە زمانــەوان بــەهۆی گەڕانــەوە بــۆ ســەدەکانی پێشــوو، دەتوانێــت ئــەو زمانانە بونیاد بنێتەوە، کە نەتەوەکان بۆ ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی مێژووی نووسینەکەیان دەستپێبکات، قسەیان پێدەکەن، بەڵام ئایا دەتوانین بونیادە تازەکان (دووبارەکردنەوەی بونیادەکان) زانیاری تــازەی دەربــارەی خــودی نەتــەوەکان پێشــکەش بکــات، زانیــاری دەربارەی ڕەگەز و ڕەچەڵەک و پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکانیان و داب و نەریت و یاساکانیان... هتد؟.

بــەکــورتی، ئایــا زمــان دەتوانێــت هەنــدێک وەڵام دەربــارەی ئــەو پرسیارانە پێشکەش بکات، کە لە توێژینــەوەی زانســتی ئــەنترووپۆلۆجیا و ئــەنتۆگرافیا و زانســتی پــێش مێــژوو دەردەکــەون؟ خــەڵکانێکی زۆر هەن ئەم باوەڕەیان هەیە، بەڵام من لەو باوەڕەدام ئەمە وەهمێکی گەورەیە. با لێرەدا تاقیکردنەوەیەکی ڕوون بۆ چەند بەشێکی گرفتە گشتییەکە ئەنجام بدەین.

یەکەم ڕەگەز، هەڵەیەکی گریمانەییە لەو باوەڕەدا بین، کە زمانی هاوبەش وا دەخوازێت نزیکایەتییەک بوونی هەبێت، واتە گروپی زمانەوانی لە گروپە ئەنترۆپۆلۆجییەکە دەچێت. ڕاستەقینەکان بەم سادەییە نین، بۆ نموونە ڕەگەزی ئەڵمانی چەند سیفەتێکی ئەنترۆپۆلۆجی دیاریکراوی هەیە: پرچی زەرد، کەللەی لاکێشە، درێژی قامەت... هتد، کەسێکی ئەسکەندەنافی بە نموونەیەکی تەواو بۆی دادەنرێت. ئەوە ماوە بڵێین هەموو ئەو خەڵکانەی بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکەن، ئەم وەسفەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت، ئیدی بەم شێوەیە ئەو ئەڵمانیانەی لە قەدپاڵی چیای (ئەلب) نیشتەجێبوون لەگەڵ ئەسکەندەنافیەکاندا جیاوازییان هەیە، ئایا بە لای کەمەوە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین، بە جۆرێک لە جۆرەکان هەموو زمانێک تایبەتە بە ڕەگەزێکەوە، و ئەگەر نەتەوەی دی لە ڕەگەزی دیکە ئەم زمانە بەکاربهێنن، ئایا ئەمە وا دەگەیەنێت ئەو زمانە لەڕێگای داگیرکردنەوە سەپێنراوەتە سەریان؟ بێگومان نەتەوەکان زۆرجاران زمانی داگیرکەران دەسەپێنرێتە سەریان (بۆ نموونە غالەکان پاش سەرکەوتنی ڕۆمەکان دووچاری ئەم حاڵەتە بوون)، بەڵام ئەمەی وتمان شرۆڤەی هەموو ئەو شتانە ناکات، کە ئاماژەمان پێکردن، بۆ نموونە تەنانەت ئەگەر بشتوانن چەند گەلێک چۆک پێدا بدەن، ئەوا هۆزەکان یان گروپە ئەڵمانییەکان ناتوانن هەموو ئەو گەلانە دەستەمۆ بکەن، پێویستە ماوەیەکی زۆر دابنێین، کە پرۆسەی داگیرکارییەکەی لەپێش دەستپێکی مێژوو و ڕوودانی بارودۆخی وەهمی دیکە تیادا بەردەوام بووبێت، هیچ پەیوەندییەکی پێویست

لەنێوان نزیکایەتی و گروپی زمانەوانیدا نییە و ناتوانین ئەنجامێک لە یەکێکیانەوە وەربگرین و لەسەر ئەوی دیکەی جێبەجێ بکەین، دوای ئەمەش کاتێک بەڵگەکانی زمانەوانان و ئەنترۆپۆلۆجییەکان لە ژمارەیەکی زۆری نموونەکاندا ناگەنەوە یەک، ئەوا هیچ پێویست نییە هەردوو جۆری بەڵگەکان دژیەک بن، یان یەکێکیان لەوی دی بە باشتر بزانین و لەم کاتەدا هەر جۆریک بەها تایبەتەکەی خۆی دەپارێزێت.

## ٢. یەکەی کۆمەڵایەتی (ڕەچەڵەک)

ئایا چ شتێک دەتوانین فێر ببین لەو بەڵگەیەی زمان پێشکەشی دەکات؟ یەکەی کۆمەڵایەتی ـ هێزێکی مامناوەندییە ـ بەهیچ شێوەیەک بۆ گروپی زمانەوانی پێویست نییە، بەڵام جۆرێکی دیکەی یەکبوون لە ئارادا هەیە، تاکە جۆرێک کە یەکلاکەرەوە و بنەڕەتی بێت، گرنگییەکی گەورە و بێسنووری هەیە، کە بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و پێکدێت، یەکەی ڕەچەڵەک مەبەستم لێی ئەو یەکایەتییەیە، کە لەسەر بنەمای پەیوەندی فرەکانەوە دروستبووە، ئینجا چ ئایین و ژیار و بەرگری هاوبەش و... هتد بێت، کە لەنێو نەتەوە فرەڕەگەزەکان و لە نەبوونی پەیوەندی سیاسیدا دروست دەبێت.

لەنێوان یەکەی ڕەچەڵەک و زمان پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕانە دروستبووە، کە پێشووتر ئاماژەمان پێدا، پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت، کە گروپێکی زمانەوانی پێکبێت و

لەوانەشـــە چەنـد خەسـڵەتێکی دیـاریکراو بســەپێتە ســەر زمانــە هاوبەشەکە، بەرانبەر بەمە گروپە زمانەوانییەکە تاڕاددەیەک لە یەکە ڕەچەڵەکییەکە بەرپرسە، بە شێوەیەکی گشتی بەسە بۆ شرۆڤەکردنی گروپە زمانەوانییەکە، بۆ نموونە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکەی ڕەچەڵەکی ڕۆمانی ـ لە نەبوونی پەیوەندی سیاسی ـ چەند هەرێمێکی بە یەکدی بەستەوە، ئەویش بە شێوەیەکی پێچەوانە یان ئاڵوگۆڕانە، لەسەرمان پێویستە لە مەسەلەی یەکە ڕەچەڵەکیانەدا ڕاوێژ بە زمان بکەین، ئەمەش یەک نموونەیە (ئەترۆسکانییەکان) دراوسێی (لاتینییەکان) بوون لە ئیتالیای کۆندا، ئەگەر هەوڵ بدەین مەسەلە هاوبەشەکانی نێوان دوو نەتەوە دیاریبکەین، بە مەبەستی گێڕانەوەیان بۆ هەمان بنجەکە، دەکرێ هەموو شتێک بوروژێنین، کە لە کۆنەوە گواستبێتیانەوە (شوێنەوارەکان، دروشمەکانی ئایین، داب و نەریتە سیاسییەکان... هتد)، لە هەمان کاتیشدا پێویستی هەر دەمێنێت، بۆ ئەو جەختکردنەوەیەی زمانەکە ڕاستەوخۆ پێشکەشی دەکەن. چوار دێڕی (ئەترۆسکانی) بەسن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی قسەکەرانی ئەم زمانە سەر بە نەتەوەیەکی جیاواز لەو کۆمەڵە ڕەچەڵەکییەی بە زمانی لاتینی قسە دەکەن.

ئیدی بەم شێوەیە زمان لەڕێگای دیاریکردنە ڕوونەکانەوە بەڵگەنامەیەکی مێژووییە، لەبەر ئەوەی زمانە هیندۆئەوروپییەکان گروپێکی زمانەوانی پێکدەهێنن، بۆ نموونە بەڵگەیە لەسەر یەکەی ڕەچەڵەکی بەرایی، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ

گواســتراوەتەوە، ئــەویش لــەڕێگای پەیوەنــدی کۆمەڵایــەتی هــەر نەتەوەیەک، کە یەکێک لەم زمانانەی ئێستا بەکاردەهێنێت.

### ٣. پالیۆتۆلۆجی(زانستی شوێنەواری زمانەوانی)[١]

لەوانەیـە یەکـەی زمانـەوانی بوارمـان بـدات، گرووپـی کۆمەڵایـەتی بسەلمێنین، بەڵام ئایا زمان سروشتی ئەم یەکە ڕەچەڵەکییە هاوبەشە دەدۆزێتەوە؟

زمانـەکان بـۆ ماوەیـەکی زۆر ئـەو کانیـاوە ئـاودارە بـوون، کـە تێـر بوون لەو بەڵگەنامانـەی پەیوەسـتن بـە نەتـەوەکان و ئەوانـەی قسـەی پێدەکـەن و قۆناغـەکانی مێژوویـی و پـێش مێژووییـان گرتووەتـەخۆ. (ئەدۆلف پیکتیت Adorphe pictet) پێشـەنگی (کـەڵتی Celtism) بوو، بەهۆی پەرتووکەکەی: بنەچەی زمـانی هینـدۆ ئـەوروپی(١٨٥٩ ــ ١٨٦٣)، لـەم پەرتووکـەدا نموونەیـەک بـۆ چەنـد پـەرتووکێکی دیکـە بـە ژمارەیـەکی زۆر هـەبوو، جگـە لـەوەش ئـەم پەرتووکـە لـە هـەموو پەرتووکەکانی دیکەی گرنگترە.

(پیکتیـت Pictet) ڕوانییـە زمانـە هینـدۆ ئەوروپییـەکان دەربـارەی پێــدراو و زانیــاری ئــەوتۆ، کــە تیشــک دەخاتــە ســەر خەســڵەتە ســەرەکییەکانی ژیـاری ئـاری، لـەو بـاوەڕەدام دەتوانێـت بـەم شـێوەیە وردەکارییە هەمەجۆرەکانی شتەکان و ماددەکان (ئامرازەکان، چەک،

---

[١]- ئەم زانستە باس لە شێوەکانی ژیان دەکات، لە سـەدەکانی یەکـەمی جیۆلـۆجی سـەردەمی سـەرهەڵدانی مرۆڤـی بـەرایی لـە ڕوانگـەی خوێندنـەوەی زانسـتییانەی بەردینی.

ئـاژەڵی مـاڵی) بسـەلمێنێت و بیانچەسـپێنێت. ژیـانی کۆمەڵایـەتی (ئایـا ئەوان نەتەوەیەکی شوانکارەین یان نەتەوەیەکی کشتوکاڵین)، خێزان، حکومـەت... هتـد. ئـەو هـەوڵی دەدا لانکـەی یەکـەمی ئارییـەکان و شـوێنی دروسـتبوونیان لـە (باکتریانـا Bactriane) دەستنیشـانیان بکات، هەروەها توێژینەوەی دەربارەی ئاژەڵ و ڕووەک و کشتوکاڵی ئەو ناوچانەی تیایدا ژیاون ئەنجامدا، ئەم پرۆژەیە زۆر گرنگ بوو. ئـەو زانسـتەی ئـەم زانایـە دۆزییـەوە یـان بـەدی هێنـا، بـە زانسـتی پالیۆتۆلۆجی (زانسـتی شـوێنەواری زمانـەوانی) هـەژمار دەکرێـت، هـەروەها کۆششـی دیکـە لـە ئـارادا هـەبوو و بـە هـەمان ئاراستەشـدا دەڕۆیشـت. یـەکێک لـە تـازەترین توێژینـەوەکانی ئـەم بـوارە ئـەم پەرتووکە بوو: (Die Indogermanen)، کە نووسـەرەکە (هێرمـان هێـــرت Hermann Hirt) (١٩٠٥ـــ ١٩٠٧). ئـــەم نووســـەرە توێژینەوەکـەی خـۆی لەسـەر تیـۆری (ج. شـمیدت J. Schmidt) بونیادنـا، (هێـرت) هەوڵیـدەدا شـوێنی نیشـتەجێبوونی زمـانی هینـدۆ ئەوروپی دەستنیشان بکات، لە هەمان کاتیشدا زانستی پالیۆتۆلۆجیی زمانەوانی پـەراوێز نەخست. ڕاستەقینە فـەرهەنگییەکان ئەوەیان بۆ ڕوونکردەوە، کە هیندۆ ئەوروپییەکان لە سـەرەتادا جووتیار بوون و ڕەتیشـی کردەوە باشـووری ڕووسـیا بـە شـوێنی نیشـتەجێ بوونیـان دابنێـت، کـە لەگـەڵ ژیـانی شـوانکارەییان دەگونجێـت، لەبـەر ئـەوەی نـاوی گـوڵ و درەخـت بـە زۆری لـە زمانەکەیانـدا هـاتووە، بەتایبـەت چەنـد جـۆرێکی وەک (تـوب، بتـول، زان مـوران، بـەڕوو)، وای لێکـرد لەو باوەڕەدا بێت، کە وڵاتی هیندۆ ئەوروپییەکان دارستان و جەنگـەڵ

بووە، ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان چیاکانی (هارز Harz) و (ڤیستولا Vistula)، بەتایبەت لە هەرێمی (براندنبرج Brandenburg) و (بەرلین berlin). هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە تەنانەت یەکێکی وەک (پیکتیت Pictet)، (ئەدلبرت کون A.kuhn) و کەسانی دیکەش هەستان بە بەکارهێنانی زمانەوانی بۆ بونیادنانەوەی ئەفسانە و ئایینی هیندۆ ئەوروپییەکان، بەڵام ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین زمان ئەم جۆرە زانیاریانە پێشکەش بکات، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم شت گومانکردنە لە پرۆسەکانی ئیتمۆلۆژیا، لەم دواییەدا توێژەران بۆیان ڕوون بووەوە، کە ئەو وشانەی بنجی ڕاستیان هەیە دەگمەنن، بۆیە لەم بوارەدا زیاتر بەئاگابوون، ئەمەش جۆرێکە لە سەرکێشی، کە ماوەیەک بڵاوبووبووەوە. ئەم دوو وشەیە (Servus,servare) ناسراون، توێژەران ئەم دوو وشەیەیان بە یەکسان هەژمارکرد - بێگومان هەڵە بوون - بگرە لەوەشدا هەڵە بوون، کە مانای (پاسەوان)یان بە وشەکەی یەکەم بەخشی، لە حاڵەتێکدا دەیانتوانی وشەی (کۆیلە Slave) هەڵهێنجن، کە لە بنەڕەتدا بۆ مانای (پاسەوانی دەکات to guard) بەکاردەهێنرا، ئەمانەی وتمانن هەموو شتێک نین. ماناکانی هەردوو وشەکە پێشڤەچوونیان بە خۆیانەوە بینیوە، مانای وشە گۆڕانی بەسەردا دێت، کە ئەو کۆمەڵە گروپەی قسەی پێ دەکەن و بەکاری دەهێنن، شوێنی نیشتەجێ بوونیان بگۆڕن، توێژەران لەو گریمانەیەدا بە هەڵەدا چوون، کە نەبوونی وشەیەک مانای ئەوە بێت ئەو کۆمەڵگە بەراییە هیچ نازانێت دەربارەی ناوی وشەکە یان ئەو شتەی ئاماژەی

بـۆ دەکـات، ئیـدی بـەم شـێوەیە وشــەی (دەکێڵێـت) لـە زمانــەکانی کیشوەری ئاسیادا بوونیان نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییـە (کێڵان) لــە ســەرەتاوە بـوونی نـەبووە. لەوانەشــە ئـەم وشــەیە کـەنارەگیر کرابێت، یـان بـەهۆی چەنـد ڕێکارێکی ناسراوەوە گۆڕا بێت و لـەژێر چــەتری دیکــەی جۆراوجــۆردا ناســراون، دەرفــەتی گریمانــەکردنی وشەکان بە هۆکاری سێیەم دادەنرێت بۆ دروستبوونی گومـان. ئەو بابەتـەی بـۆی هـەیـە بخوازرێـت، بـۆی هـەیـە ناوەکـەی خـۆی لەگـەڵ خۆیـدا بێنێـت، بـۆ نموونـە گیـای تلیـاک - قنبـەی هنـدی (hemp) لـە قۆناغێکی زۆر زوودا گەیشتە ناوچـەکانی دەریـای ناوەڕاسـت، پاشـان گەیشـتە ناوچـەکانی بـاکوور، هەمیشـە نـاوی گیـای تلیـاکی(hemp) بەگشـتی لـەم ناوچانـەدا لـە کـاتی دەرچـوونی ڕووەک بـەکاردەهێنرا. نەبوونی زانیاریی زمانەوانی باڵا یان تایبەت لـە زۆربـەی نموونەکانـدا بــواری ئــەوەمان نــادات بــزانین بــوونی وشــەیەک لــە زمانــە جۆراوجۆرەکانـدا بـۆ ئـەو گریمانەیـە دەگەڕێتـەوە، یـان بەڵگەیەکـە لەسـەر بنـەما بنەڕەتییـە هاوبەشـەکان. دەستنیشـانکردنەکانی پێشـوو نابنـە لەمپـەر بەرانبـەر بـە جیاکارییەکانمان یان زانینەکانمان - بـەبێ ڕاڕایـی - بـۆ هەنـدێ خەسـلەت و ئادگـارە گشـتییەکان و تەنانـەت بـۆ نموونــە زانیارییــە وردەکــانیش. زاراوە هاوبەشــەکان ئامــاژە بــە پەیوەنـدی نزیکایـەتی دەکــەن بــە زۆر و چــڕ هــەژمار دەکـرێن و بەشـێوەیـەکی ڕوون و زۆر ئاشـکرا بوارمـان دەدەنـێ بڵێین لەڕێگـەی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی گروپە زمانەوانییەکانەوە دامەزرا و ئاڵۆز و جێگربـوو، چونکـە زمانەکـەیان بــە شــێوازێکی نــەرم و ناســک

دەردەبڕدرێت، کە ئەمڕۆ زمانەکەمان ناتوانێت پەیڕەوی لێ بکات، وشەی (ainàteres) لای هۆمیرۆس (خوشکی مێرد یان خوشکی هاوسەر) دەگەیەنێت، هەروەها ئاماژە بۆ ژنی هەموو براکان دەکات، وشەی (golòòi) پەیوەندی نزیکایەتی نێوان هاوسەر و خوشکی مێرد ڕوون دەکاتەوە، ئەم وشە لاتینییەش (janitrices) وەک وشەی (einàteres)ی یۆنانی وایە چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی ماناوە، (برای هاوسەر)یش بە هەمان شێوەیە، (مێردی خوشک)، هەمان وشەی پێ ناوزەد ناکرێت وەک برای هاوسەر) لەگەڵ تێبینیکردنی پەیوەندی نزیکایەتی لەنێوان مێردی خوشەکەکانی.

لێرەدا دەتوانین وردەکارییەکی سادە بخەینەڕوو، بەڵام پێویستە ڕازی بین بە زانیارییە گشتییەکان، هەمان یاساش پیادە دەبێتە سەر ئاژەڵان سەبارەت بە جۆرە گشتییەکانی، وەک (گا : Bovine)، دەتوانین پشت بەو وشانە ببەستین، کە لەگەڵ هاوشێوەیان لە زمانی یۆنانی (boús)، ئەڵمانی (Kuh) و سانسکریتی (gau-s)... هتد دەگونجێن، دووبارە وشەی هیندۆ ئەورووپی (gou-s) بونیاد دەنێنەوە، لەپاڵ ئەمەش دارشتنی وشەکە هەمان خەسڵەت و ئادگاری لە هەموو زمانێکدا هەیە، ئەمەش شتێکی ئەستەم دەبێت ئەگەر وشەکە خوازرابێت و لە قۆناغێکی دووردا وەرگیرابێت.

دەتوانین ڕاستەقینەیەکی وشەسازیانەی دی بەهەند وەرگرین (ڕەچاو بکەین)، کە جیاکارییەک یان خەسڵەتێکی دووانەیی لە

ناوچەیەکی دیاریکراو هەبێت، کە کاریگەری لەسەر خاڵێک لەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە دەبێت.

سەرباری هەموو ئەو شتانەی دەربارەی پەیوەندی ئەم دوو وشەیە (dominus,domus) بە خەیاڵدا تێپەڕ دەبن، وا پێدەچێت زمانەوانان بەتەواوەتی بەمە ڕازی نەبن، چونکە بەکارهێنانی ئەم پاشگرە ـ no ـ لە دارِشتنی مامناوەندییەکان مەسەلەیەکی نائاساییە، لێرەدا شێوازی وەک ئەمانە بوونیان نییە:(oiko-no -s) یان (oike–no-s)، کە لە (oikos)ی یۆنانی وەرگیراوە، یان لە (ocva)(ocva -na)ی سانسکریتی وەرگیراوە. بەڵام دەگمەنی پاشگری (dominus) بەها و ناسراوی پێدەبەخشێت.

زۆربەی وشە ئەڵمانییەکان ـ لەو باوەڕەدام ـ بەتەواوەتی ڕوونن:

١ـ (- peuds - na- z)(سەری پاشا- peudò) لە گووتی، و (thiodan) لە ساکسۆنی کۆن،(peudò لە گووتی piuda = لە ئۆسکان touto خەڵک).

٢. drux–ti–na–z– ( گۆڕانێکی بەشەکی ڕوویدا و بوو بە: drux- ti – na- z) سوپاسالار drux- ti- z،( لێرەدا واژەی مەسیحییەت بۆ مەسیح بەکارهێنرا)، سەرنجی ئەم واژە نەرویجییە کۆنە(Dryhten) بکە، هەردوو وشەکە بە (-ina-z) کۆتاییان هاتووە.

٣ـ (kindi-na-z-) سەر (kindi-z) لە لاتینییدا (gens)، لە کاتێکداوشەی ( gens سەر) واتای یاریدەدەری دادوەر دەگەیەنێت، دەربارەی سەری (beudo)، هەروەها وشەی ئەڵمانی

(kindins)(بەتـەواوەتی لـە دەقـی تـر ونبـووە)، گـەلی (ئـولفیلاس ulfilas) وەک ناوێـک بـۆ فـەرمانڕەوایی ڕۆمـانی بەکاریـدەهێنن ـــ ئەویش لەسەر شێوازی ئەڵمانی لە بیرکردنـەوەدا ـ، چونکە نوێنـەری ئیمپراتـۆر سـەرۆکی گروپەکەیـە ئـەگـەر بەرانبـەر بـە وشـەی (piudans) لێـی بڕوانرێت، بـە هـەر حـاڵ گرنگی کۆکردنـەوە بـۆی هەیە لـە ڕوانگەیـەکی مێژووییـەوە بێت، بێگومـان وشـەی (kindins) کـە لـە زمـانی ڕۆمانیـدا نییـە، دابەشـبوونی دانیشـتوانی ئـەڵمان بـۆ (kindi-z) لـەخۆ دەگرێـت. مانـای پاشـگری مامناوەندییەکـەش بـەم شـێوەیە (- na -) دەبێت، کاتێـک دەخرێتـە هـەر ڕەگێـک لـە زمـانی ئەڵمانی بنەڕەتیدا – واتای سەرۆکی گروپێکـی دیـاریکراو دەگەیـەنێت. ئەوەی دەمێنێ تێبینیکردنـی ئەوەیـە ئـەم وشـە لاتینییـە (tribúns) بـە شـێوەیەکی پیتئـامێز بـە هـەمان شـێواز مانـای (سـەرۆکی عەشـیرەت) دەگەیـەنێت، چونکـە وشـەی (piudans) مانـای (سـەرۆکی گـەل) دەدات، لـە کۆتایشـدا وشـەی (dominus) مانـای سـەر (domus) دەگەیـەنێت. دابەشـبوونی کۆتـایش بـۆ (touta = piuda)، وشـەی (dominus) لەگـەڵ پاشـگری تـاک دەردەکـەوێت، وەک بڵێـی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە نەک تەنها بۆ گروپە زمانەوانییەکە، بـەڵکو بۆ ئەو کۆمەڵە داب و نەریت و دەستوورانەش پێشکەش دەکات، کـە لەناو کۆمەڵە ڕەچەڵەکانی زمانی ئیتاڵی و ئەڵمانیدا هەن. جارێکی دی ئـەو زمانانـەی ئـەم جـۆرە بەڵگـە و هێمـا جیاکارانـە دروسـت ناکـات، بەراوردکاری نێوانیان هیچ بەهایەکیان نییە.

**٤. جۆری زمانەوانی بیرکردنەوەی گروپە زمانەوانییەکە:**

ئایا زمان ـ تەنانەت ئەگەر نوشوستیش بێنێت لە پێشکەشکردنی زانیارییە ڕاستەقینە و وردەکان دەربارەی دەزگاکانی ئاخاوتن ـ بۆ وەسفکردنی بیرکردنەوەی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە کار دەکات ـ بە لای کەمییەوە. کە قسەی پێدەکەن؟.

چـەمکی گشـتی زمـان ئەوەیـە ڕەنگدانـەوەی دەروون و سـایکۆلۆژیەتی نەتەوەیـە، بـەڵام لێرەدا ڕەخنەیـەکی بـەهێز دژ بـەم بۆچوونـە هەیـە، هۆکـارە دەروونییـەکان مـەرج نییـە بـۆ ڕێکـارە دەروونییـەکان دابنـەوێنن. زمانـە سـامییەکان پەیوەنـدی دیـاریکردنی (ناو) بە (ناو)ەوە لەڕێگای دراوسێتی سادەوە وێنا دەکەن (وشـەی (خوا) لە زمانی فەڕەنسی بەراورد بکە (La parole de Dieu)، بۆ سـەلماندنی ئـەمـەش دەڵێین نـاوی دیاریکراو(سـەلمێنراو) شـێوازێکی تایبـەتی هەیـە و بـە (حاڵـەتی بونیادنـان) نـاوەزد دەکرێـت و پـێش شێوازە دیاریکراوەکە دەکەوێت، بۆ نموونە ئەم وشـە عیبرییـە (وشـە dabar) و ( خـودا elòhim)، دەبینـین (dabar elòhim) وشـەی خـودا بە دەسـتەوە دەدات، ئایـا ئەمـە دەسـەڵاتی ئـەوەمان دەداتـێ، بڵێین ئەم جۆرە نموونە لێکدراوە بەشێک لە بیرکردنەوەی پێشـوومان ڕوون دەکاتـەوە؟ ئـەم جـۆرە بڕیـارە ناسـراو دەبێـت، چونکـە زمـانی فەڕەنسـی دێـرین بـەڕێکی بونیـادی هاوشـێوەی تیـادا بـەکاردەهێنرا: بـەراورد بکـە: (لوتکـەی ڕۆلانـد Le cor Roland)، (هـەر چـوار کوڕەکـەی ئەیمـەن Les quatre fils Aymon)، ئـەم ڕێکـارە لـە زمـانی ڕۆمانیـدا دەرکـەوت، ئـەویش بەڕێکـەوت لـە ڕووی گـۆڕانی

وشەسازییانەوە، بە هەمان شێوەش دەنگییە : کورتکردنەوەی چڕی حاڵەتەکانی بونیادنان یان شێوە تازەکە ئەوەی سەپاندە سەر زمان، کە ئەگەری ئەوە هەیە ڕێککەوتی هاوشێوە زمانی سامیی بنەڕەتی بە هەمان ئاقاردا بردووە، ئیدی بەم شێوەیە ڕاستەقینەی پێکهێنانەکە بە یەکێک لە خەسڵەتە چەسپاو و ڕوونەکانی زمانی سامی دادەنرێت، کلیلێکی ورد بۆ چارەسەرکردنی تەلیسمی بیرکردنەوەی سامی پێشکەش ناکات.

نموونەیەکی دیکەش، لە زمانی هیندۆ ئەوروپی بنەڕەتیدا وشە لێکدراوەکان بە کار دەستپێناکات. بەڵام لە زمانی ئەڵمانیدا ئەم نموونانە هەیە: (بەراورد بکە : Bothaus, springbrunnen etc)، بەڵام ئەمە ئاماژە بەوە ناکەن، کە ئەڵمانەکان لە چرکەساتێکی دیاریکراودا شێوازی بیرکردنەوەی خۆیان بۆیان ماوەتەوە و هەمواریان کردووە، تێبینی ئەوەمان کردووە تازەکردنەوە بۆ ڕێکەوت دەگەڕێتەوە، کە تەنها بە ماددی هەژمار ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەرێنییە، لابردنی دەنگی (a) لەم وشەیەدا (betahus)، هەموو شتێک لە دەرەوەی عەقڵ لە بواری گۆڕانە دەنگییەکاندا ڕوودەدات، کە پەیوەندییەکی هەمەکی بەسەر هزردا دەسەپێنێت و هەژموونی بەسەرەوە هەیە، بەو شێوازە تایبەتەی حاڵەتە ماددییەکەی پەیوەندییەکان بۆی واڵا دەکات، تێبینییە فرە و هاوشێوەکان ئەم ئەنجامە دەسەلمێنن.

خەسڵەتی دەروونی گروپ بەسوود نین، ئەگەر لەگەڵ لادانی پیتی بزوێن و گۆڕانی هێز بەراوردی بکەین، یان هەر شتێکی دیکەی

هاوشێوەی، کە لە هەر چرکەساتێکدا بۆی هەبێت، گۆڕانێکی بنەڕەتی لەو پەیوەندییەی لەنێوان هێما و بیرۆکەکەدا لە هەر زمانێکدا هەیە دروست بکات.

هەمیشە زۆر بەسوودە خەسڵەتی ڕێزمانی زمانەکان دەستنیشان بکەین (ئینجا ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە بە بەڵگە کرابێت یان دووبارە بونیادنرابێتەوە)، زمانەکانیش بەگوێرەی ئەو ڕێکارانەی بەکاریان دەهێنن لە وێناکردنی بیرۆکەکە پۆلێن دەکرێن، بەڵام دوای ئەوەی بونیادی زمانەکانمان بە پۆلێنکردنەکانیشەوە زانی، ئەوا ئێمە ناتوانین ئەنجامە وردەکان لە دەرەوەی بازنەی زمانەوانی تایبەت دابنێین.

## بەشی پێنجەم
## گروپە زمانییەکان و جۆرەکانی زمان

پـێش ئەمـە زانیمـان عـەقڵی قسـەکەران بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لـەژێر چاودێری و کاریگـەری زمانـدا نین. با لـە کۆتاییدا یـەکێک لـە ئەنجامەکانی ئەم بنەمایە بسەلمێنم: گروپە زمانییەکان بەگشتی سـەر بـە جـۆرێکی زمانـەوانی دیـاریکراو نـین. پرسـیارکردن لـەو جـۆرەی کۆمەڵە زمانێک سـەربەون، مانـای ئـەوە دەبێ ئـەوەمان لـەبیر بچێت، کـە زمانـەکان ڕوو لـە پێشـڤەچوونن، مانـای نـاوەرۆک لـە تـوخمێکی چەسـپاوی پێشـڤەچووندا بـەدی دەکرێـت. چـۆن دەکـرێ کۆمەڵـە دەستنیشـانکردنێک بسـەپێنینە سـەر چالاکییـەک، کـە خـاوەنی هـیچ نەبێت؟

بێگومـان زۆر لـە خـەڵکی هـەن خـاوەنی خەسـڵەتگەلێکی زمـانی بنـەڕەتین لـە مێشـکیاندا، ئـەویش لـە کاتێکـدا قسـە دەربـارەی خەسڵەتەکانی خێزان بکـەن، و گرفتـی ئـەوان چارەسـەر ناکرێت یان شرۆڤە ناکرێت، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت، کە باس لـە یـەک زمـان و یەک ماوە بکرێت.

بـەڵام ئێمـە کاتێـک گریمانـەی ئـەوە دەکـەین، کـە خەسـڵەتگەلێکی چەسپاو هـەن، لـە هـەموو حاڵەتێکدا کـات و شـوێن نایـانگۆڕن، ئـەوا ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ بنـەما سـەرەکییەکانی زمانـەوانی پێشـڤەچوویی بەریەکدەکـەوین. هـیچ سـیفەتێک مـافی بـوونی هەمیشـەیی بـە خـاوەن

ناکـات، کـەچی لـەڕێگای ڕێککـەوتێکی ڕەهـاوە هـەر دەمێنێتـەوە، بـۆ نموونـــە گروپـــی زمانـــە هیندۆئەوروپییـــەکان. ئێمـــە خەســـڵەتە جیاکارەکـانی زمـان لـەڕێگای ئـەو زمانـەوە دەزانـین، کـە لێـوەی داتاشـراون. سیسـتەمی دەنگـی زمـانی هینـدۆ ئـەوروپی بنـەڕەتی زۆر ســادهیە، کــە کۆمــەڵێکی ئــاڵۆزی لــە نەبزوێنــەکان و نەبزوێنــە دوانەییەکانی تیادا نەبێت و سیستەمە ڕۆتینییە هاوشێوەکانیش تیایدا بـەرانبەربوونـە بەدوایـەکهاتووەکان یـان ڕێزمانییـە قـووڵ و وردەکـان دەردەخـات. دەکـرێ هێـزی بـە ئـاوازکراو لەسـەر هـەر بڕگەیـەکی وشـەکە دابنرێت، لەبەر ئەم هۆکارەش لـە ئاوێتـەبوونی دژبەیەکـەکانی ڕێزمان ڕۆڵی خـۆی دەبێت، ڕیتمـی چەندێتی لەسـەر پایـەی دژیـەکی نێـوان بڕگـە کـورت و درێژەکـان دەوەسـتێت، بەهۆیـەوە لێکـدراو و داڕژاوەکان بەئاسانی دروست دەبن، کردە ناویی و کارییەکان فرەن، ئـەو وشـەیەی لـە ڕووی وشەسـازییەوە گـۆڕانی بەسـەر سـنوورە جیاکارەکـان هـاتووە، کـە لـەناو ڕسـتەدا ئازادییـەکی گـەورە بـە بونیادەکـە دەدات و بەشـێوەیەکی فـراوان ژمـارەی ئـەو وشـانەی ڕێزمـان دەستنیشـان دەکـات، کـە خـاوەن بەهایـەکی بەسـتراون یـان دەستنیشانکراون (پێشگرەکانی کار، ئامرازی پەیوەندی... هتد).

ئێسـتا ڕوون بـووەوە هـیچ شـتێک لـە خەسـڵەتە بنەڕەتییـەکانی پێشووی وەکخۆی لە زمانە هیندۆئەوروپییە هەمەجۆرەکانـدا نامێنێت، ژمارەیەکی زۆریش لـەو زمانانـە (بۆ نموونـە ڕۆڵـی ڕیتمـی چەنـدی و هێزی ئاوازدار) لە هیچ ئەندامێکی گروپی زمانە هیندۆ ئەوروپییەکاندا دەرنەکەوت. هەندێک زمان ئادگارەکانی هیندۆ ئەوروپییـان گـۆڕی، تـا

ئەو ڕاددەیەی جۆرێکی زمانەوانی جودا پێکبهێنێت (بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی و ئەرمەنی و ئێرلەندی... هتد).

وا باشترە باس لە هەندێک گۆڕان بکەین، کە کاریگەرییان لە زمانە هەمەچەشنەکانی سەر بە هەمان گروپ کردووە، بۆ نموونە بەدوایەکهاتنی لاوازی لە گۆڕانی وشەسازیانەدا، بە خەسڵەتێکی جیاوازی زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان دادەنرێت، هەروەها پەل بۆ چەند جیاوازییەک دەکێشێت. زمانی سلاڤی بەرگرییەکی بەهێزی ئامادەکرد، کەچی زمانی ئینگلیزی گۆڕینی وشەسازیانەی بۆ سفر کەمکردەوە، ئینجا بۆ وێناکردنی ئەم حاڵەتە، سیستەمی وشەی چەسپاو بەهەمان شێوە پێشڤەچوونی بەخۆوە بینیوە، هەروەها پرۆسەی شیکردنەوە دەربڕین بەرەو ئەوە ئاراستە بووە، بۆ ئەوەی جێی پرۆسەکانی پێکهێنان بگرێتەوە، ئامرازی پەیوەندی حاڵەتی بەهاکان جێبەجێ دەکەن، بەهەمان شێوەش کاری یاریدەدەر شوێنی شێوازەکانی کاری لێکدراویان گرتۆتەوە... هتد.

ئەوەمان زانی، کە دەکرێ یەکێک لە ئادگارەکانی جۆرە بنەڕەتییەکە لەو زمانانە دەرنەکەوێت، کە لێوەی داتاشراون، پێچەوانەی ئەمەش بەتەواوەتی ڕاستە، نەبوونی ئادگاری هاوبەشی زمانەکان، کە گوزارشت لە گروپی زمانەوانی لە زمانە بنەڕەتییەکەدا دەکەن، بە مەسەلەیەکی نامۆ یان نائاسایی هەژمار ناکرێت، ئەمەش لەسەر ڕیتمی دەنگی جێبەجێ دەبێت (بۆ نموونە جۆرێک لە جۆرەکانی وێکچوون لەنێوان زەنگی بزوێنی پاشگر و بزوێنی کۆتایی بۆ ڕەگەکە یان بنەڕەتەکە هەیە) ئەم ئادگارە زەقە لە زمانە (ئالتی -

ئۆرالی)یەکاندا بوونی هەیە (کۆمەڵە زمانێکی زۆرن لەو زمانانەی لە ئەوروپا و ئاسیا بەکاردەهێنرێن، کە لە فنلەنداوە درێژە دەکێشن، تاکو دەگاتە مەنشوریا)، ئەگەری ئەوەش هەیە بگاتە پێشڤەچوونەکانی ئەم قۆناغانەی دوایی.

لەبەر ئەوە ڕیتم بە ئادگارێکی هاوبەش دادەنرێت، بەڵام بنج نییە، وەک ئەنجامێک بۆ ئەوەی وتمان ئێمە ناتوانین پشت بەمە ببەستین، تاکو بنجە هاوبەشەکە بسەلمێنین (بە شێوەیەکی چڕ دووبەرەکی لەسەرە) سەبارەت بەم زمانانە، هەروەها دەزانین ئەم زمانانە بە بەردەوامی یەک برگەیی نەبوونە، یەکەم شت ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، کاتێک زمانە سامییەکان لەگەڵ جۆرە بنەڕەتییە گێڕاوەییەکانیان (جارێکی دی بونیانراوەتەوە) بەراورد دەکەین، کە ئەمەش مانەوەی چەند ئادگارێکە. زمانە سامییەکان ـ لە هەموو گروپەکان زیاتر ـ جۆرێکی چەسپاو و بەردەوام پێکدەهێنن، لە هەموو زمانێکدا خاوەن ئادگاری بۆماوەیین، ئادگارەکانی دوایی زۆربەیان لەگەڵ ئادگارەکانی هیندۆ ئەوروپییەکاندا دژایەکن، وا لە زمانی سامی بنەڕەتی دەکەن، کە زمانێکی ئەوتۆ بێت، لە ڕووی کردەییەوەخاوەن پێکهاتەی سەربەخۆ بوونی نەبێت. داتاشین تەنها ڕۆڵێکی سادەی هەیە، سیستەمی وشەسازییانە لە ڕووی پێشڤەچوونەوە لاوازە (ئەم سیستەمە لە زمانی سامی بنەڕەتیدا باشترە وەک لەو زمانانەی لێوەی بەرهەمهاتوون)، وەک ئەنجامێک بۆ ئەو یاسا توندانەی کۆنترۆڵی سیستەمی وشە دەکەن، پێویستەگرنگترین ئادگاری زەق لەگەڵ بونیادی ڕەگەکە کار بکەن.

وشــه بەشـێوەیەكی ڕێک و یـەک لـەدوای یـەک سـێ نـەبـزوێن لـەخۆ دەگرێت (بۆ نموونە: قتل ـ ق، ت، ل)، كە لە هـەموو شـێوازەكانی نـاو زمانـە دیاریكراوەكە بوونی هەیـە (بـەراوردی ئـەم شـێوازە عیبریانـە بكـە: (qatal, qatla, qtol, qitli, etc.)، كە لـەنێوان زمانێک و زمانێكی دیكـەدا جیاوازی نییـە (زمـانی عـەرەبی بـەراورد بكـە : قتـل: كوشتی، قتیل: كوژراو ... هتد)[١].

بەشێوەیەكی دی نەبزوێنـەكان هـەمان مانـا بنەڕەتییەكە یـان بـەها فەرهەنگییەكەی وشـەكان دروست دەكـەن، كـەچی بزوێنـەكان بـەهۆی پێشگرەكان یان پاشگری دیاریكراو ڕۆڵی هەمەكی لە ئامـاژەكردن بۆ بــەها ڕێزمانییەكــە قــۆرخ دەكــات، ئــەویش لــەڕێگای ئاوێتــەكردنی نۆرەییـەكانیان یـان یـەک بـەدوای یەكـەكانیان (بـۆ نموونـە : شـێوازە عیبرییـەكان لەگـەڵ پاشـگری (u) (كوشـتیان) qtal-u و (دەكوژێت) qtol و (دەكوژێـت) qetal)، لەگــەڵ پاشــگر و پێشــگر (دەكــوژن) ji-qtl-ú) و پێشـــگری (ji) (دەكوژێـــت ji-qtòl)، لـــە بەرانبـــەر ڕاســـتەقینەكانی پێشوو ــ ســـەرباری ئـــەو وتانـــەی دەریانخســـت - پێویسـتە لەسـەرمان پارێزگـاری لـەو بنەمایـە بكـەین، كـە دامانڕشـت، هــیچ سـیفەت یــان خەسـڵەتی چەسـپاو لــە ئــارادا نییــە. چەسـپاندن لەڕێگای ڕێككەوتەوە بەرهەمدێت، هـەموو سیفەتێک یـان خەسـڵەتێک

---

[١]ـ بەراوردی ئەم شێوازە عەرەبیانە بكە: قتل: كوشتی، یقتل: دەكوژیت، قاتل: بكوژ، مقتول: كوژراو، مقاتل: شەڕكەر، جەنگاوەر، قتال: شەڕ ـ جەنگ، قتال: پیاوكوژ، قتیل: كوژارو، استقتال: كوشتار، تقاتل: شەڕ دەكات(بۆ ڕەگەزی مێ)... هتد.

لەگـەڵ کاتـدا بمێنێـت، بـە هـەمان شـێوە بـۆی هەیـە  لەگـەڵ کاتـدا بشاردرێتەوە، بەڵام لێرەدا با بۆ زمـانی سـامی بگەڕێینـەوە، دەبینین یاسـای بنـەڕەتی سـێینە خەسـڵەتێکی ڕاسـتەقینەی گروپـە سـامییەکە نییـە، لـە سـەرەتای دەرکـەوتنی دیاردەی پێوانـە لـە گروپـەکانی دی، هەروەها یاسا یەکلاکەرەوەکانی زمانی هیندۆ ئەوروپی بڕیـار لەسـەر بونیـادی نـەبزوێنی ڕەگـەکان دەدەن، بـۆ نموونـە دوو دەنـگ لـە کـۆی ئەم دەنگانە (i, n, r, l, m, u) بە دوای دەنگی (e) ناکەوێت، بوونی ڕەگێکی وەک (seri)یش ئەستەمە. ڕۆڵی ئـەرکی بزوێنـەکان ڕوونتـرە، زمانی هیندۆ ئەوروپی خـاوەنی هـەمان هێـزی یەکلاکەرەوەیـە، بـەڵام کۆمەڵـەی بزوێنـەکان دەوڵەمەنـدیان کـەمترە، شـێوازە بەرانبـەرەکانی وەک ئـەم شـێوازە عیبریانـە : (وشـەکانیان) dibrè-hem (وشـەکان، dbar-im) (وشـە datar)، ئـەم شـێوازە ئەڵمانیانـە بـە بیردێننـەوە .(Gást:Geste,fliessen:flose).

بنجـی ڕێکـارە ڕێزمانییەکـە لـە هـەردوو نموونەکـەدا یەکـە، تـەنها هەموارکردنـــەوەی دەنگـــی       ـ دەگەڕێتـــەوە بـــۆ پێشـــڤەچوونە هەڕەمەکییەکە ـ لـە نۆرەگیرییەکانـدا دەردەکـەوێت. عـەقڵ هـەژموونی بەسـەر نۆرەگیرییەکاندا هەیە و بەهای ڕێزمانی پێدەبەخشن و بڵاوی دەکەنەوە، بە هەمان شێوەش نموونـە پێوەرییـەکان بـەکاردەهێنن، کـە پێشـــڤەچوونە دەنگییـــە هەڕەمەکییـــەکان پێشکەشـــیان کـــردووە. بـەردەوامبوون و چەسـپاندنی بنجـە سـێینەکە لـە زمانـە سـامییەکاندا تەنها بریتییە لە یاسایەکی گشتی تێروتەسەل.

پێشـــووەخت ئەمـــەمان لا ڕوون بـــووەوە، بـــەڵام وێناکردنەکـــەمان پەیوەندی بە ڕاستەقینەکانەوە هەیە، دەبینین ڕەگی وشـەی عیبری: (پیـــاوان anás-im) هـــەر ســـێ نەبزوێنـــە پێشـــبینیکراوەکە لـــەخۆ دەگرێت، بـەڵام تاکەکـەی(is)ە، تـەنها دوو نـەبزوێنی تیادایـە، چونکـە ئەم شێوازە لە شێوازە کۆنەکەوە کورتکراوەتـەوە، کـە سـێ نـەبزوێن لەخۆ دەگرێت، تەنانـەت ئـەگـەر کۆکیش بووین لەسـەر ئـەوەی ڕەگـە سـامییەکان تـا ڕاددەیـەک چەسپاویشـن، ئەمـە هـەر مانـای وا نییـە سیفەتی بۆماوەیی لەخۆ گرتووە، بەئاسانی دەڵێین مانـای وایـە زمانـە سامییەکان دووچاری کەمبوونەوەی گۆڕانەکانی دەنگ هاتووە، زیاتر لەوانی دی، هەروەها نەبزوێنەکان لەم کۆمەڵەیـەدا باشـتر پارێزگـاری لێکرا زیاتر لە کۆمەڵەکانی دی. ئێمە گرنگی بـە شـتێکی پێشـڤەچوویی و دەنگی دەدەین، نەک بە شتێکی ڕێزمـانی یـان چەسـپاو، ڕاگەیاندنی چەسپاوی ڕەگەکە ئەوەیە بڵێین، کـە سـەر دانانـەوێنێت بـۆ گـۆڕانێکی دەنگیانـــە، ئەمەیـــە نـــەک زیـــاتر، ناشـــتوانین جـــەخت لەســـەر ئـــەوە بکەینـەوە، کـە گۆڕانـەکان هـیچ ڕوونـادات، ئاخـاوتنێکی گشـتی هەیـە، هـەموو ئـەو شـتەی کـات دەیکـات، کـات خـۆی دەتوانێـت پووچـەڵی بکاتەوە یان بیگۆڕێت، ئێستا لـەلامان ڕوون بووەوە، کـە (شـلایخەر Schleicher) هەڵە بووە کاتێک بەو شێوەیە ڕوانییە زمانەکان، بەو حیسـابەی شـتێکی ئەندامیانەیـە و یاسـای پێشـڤەچوویی خـۆی هەیـە، بـەڵام ئێمـە بـەردەوام دەبـین ـ بـەبێ ئـەوەی گومانـاوی بکـەین ـ لـە هـەوڵی ئـەوەی زمـان بکەینـە شـتێکی ئەندامیانـە بەشـێوەیەکی دی بـە گریمانـەی ئـەوەی لێهـاتوویی ڕەگـەز یـان گرووپـی ڕەچەڵـەک قابیـل

بەوەیە زمان بە بەردەوامی بەرەو ئاراستەی دیاریکراو و چەسپاو بەرێت.

لەو جوڵانەوانەی لەناو سنووری زانستەکەماندا ئەنجاماندا، یەک وانە ماوە لە دەرەوەی سنوورەکەدا، ئەویش ئەوەیە بەگشتی نەرێنییە، بەڵام لە هەموویان زیاتر گرنگترە، چونکە لەگەڵ بیرۆکە سەرەکییەکەی توێژینەوەکەدا دەگونجێت. تاکە بابەتی ڕاست لە زمانەوانیدا، توێژینەوەی زمانە لە خودی خۆیدا (لە پێناو خۆیدا).

## ناوەڕۆک

پێشەکی وەرگێڕی کوردی..........................................٣
پێشەکی وەرگێڕی زمانی عەرەبی...................................٥
پێشەکی وەرگێڕ(لە زمانی فەڕەنسییەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی)......١٢
پێشەکی چاپی یەکەم.............................................١٦
**بەشی یەکەم/ کورتەیەک لە مێژووی زمانەوانی..................٢٤**
**بەشی دووەم/ بابەت و بوار و ئامانجی زمانەوانی و پەیوەندی بە زانستەکانی دیکەوە..........................................٣٦**
**بەشی سێیەم/ بابەتی زمانەوانی.................................٤٠**
١. پێناسەی زمان..................................................٤٠
٢. پێگەی زمان لە ڕاستەقینەکانی ئاخاوتن............................٤٧
٣. چۆن دەرکەوتنی کۆمەڵایەتی زمان ڕوودەدات ؟......................٥٠
٤. پێگەی زمان لە ڕاستەقینە مرۆییەکاندا: هێماسازی.................. ٥٦
**بەشی چوارەم/ زمانەوانیی زمان و زمانەوانیی ئاخاوتن............٦٠**
**بەشی پێنجەم/ توخمە دەرەکی و ناوەکییەکانی زمان...............٦٥**
**بەشی شەشەم/ وێنەی نووسینی زمان...............................٧٢**
١. پێویستی بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتەکە...............................٧٢
٢. کاریگەری نووسین: هۆکارەکانی هەژموونی نووسین لەسەر شێوەی ئاخاوتن..........................................................٧٣
٣. سیستەمەکانی نووسین............................................٧٧
٤. هۆکارەکانی نەگونجانی نێوان نووسین و درکاندن....................٧٩
٥. ئەنجامەکانی نەگونجانی نووسین و درکاندن.........................٨٣
**بەشی حەوتەم / فۆنۆلۆجی.........................................٩١**
١. پێناسەی فۆنۆلۆجی..............................................٩١

٢. نووسینی دەنگی........................................٩٣
٣. ڕەوایی ئەو بەڵگانەی نووسین پێشکەشیان دەکات...........٩٥
**پاشکۆی بنەماکانی فۆنۆلۆجی........................................١٠٢**
**بەشی یەکەم/ جۆری دەنگ........................................١٠٣**
١. پێناسەی فۆنیم (Phoneme)........................................١٠٣
٢. ئامێر و ڕۆڵی ئەرکی دەنگ........................................١٠٨
٣. پۆلێنکردنی دەنگەکان بەگوێرەی درکاندنی دەم.........١١٤
أ . دەرچەی سفری: تەقیوەکان یان دەنگە داخراوەکان..........١١٦
ب . سازگەی یەکەم: دەنگە خشۆکەکان................................١١٨
ج . سازگەی دووەم: دەنگە لووتییەکان................................١٢١
د . سازگەی سێیەم: دەنگە نەرمەکان یان شلەکان...........١٢١
هـ . سازگەی چوارەم: i, u, ü........................................١٢٣
و . سازگەی پێنجەم: e, o........................................١٢٤
ز . سازگەی شەشەم........................................١٢٦
**بەشی دووەم/ فۆنیم لەناو زنجیرەی ئاخاوتندا........................................١٢٧**
١. پێویستی توێژینەوەی دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا.............١٢٧
٢. تەقیوی ناوخۆیی و تەقیوی دەرەکی........................................١٣١
٣. کۆبوونەوە هەمەجۆرەکانی تەقیوە ناوەکی و دەرەکییەکانی زنجیرەکە........................................١٣٧
٤. سنووری بڕگە و لوتکەی جووڵە........................................١٤٢
٥. ڕەخنە لە تیۆرەکانی دابەشکردنی بڕگە...................................١٤٥
٦. درێژی مەودای تەقیوی ناوەکی و تەقیوی دەرەکی...........١٤٨
٧. فۆنیمەکانی سازگەی چوارەم، بزوێنە دوانەییەکان، چەند پرسیارێک دەربارەی نووسین........................................١٥٠

**بەندی یەکەم/ چەند بنەمایەکی گشتی..........................١٥٨**
**بەشی یەکەم/ سروشتی هێمای زمانەوانی...........................١٥٩**
١ـ ئاماژە: هێما و هێمابۆکراو............................................١٥٩
٢ـ بنەمای یەکەم: سروشتی هەڕەمەکی ئاماژە..........................١٦٤
**بەشی دووەم/ سیفەتی گۆڕان و چەسپاو لە هێمادا...............١٧١**
١ـ چەسپاو...................................................................١٧١
٢ـ گۆڕان.....................................................................١٧٨
**بەشی سێیەم/ زمانەوانیی وەسفی(چەسپاو) و زمانەوانیی پێشڤەچوو..........................................................................١٨٨**
١ـــ دوانە ناوخۆییەکـــانی هەمـــوو زانســـتەکانی پەیوەســـت بە بەهاکانەوە........................................................................١٨٨
٢ـ دوانەی ناوخۆیی و مێژووی زمانەوانی...........................١٩٣
٣ـ ڕوونکردنەوەی دوانەی ناوخۆیی بە نموونە.......................١٩٧
٤ـــ جیـــاوازی نێـــوان هەردوو جـــۆرەکە بە ڕوونکـــردنەوەی بەراوردییەکان..............................................................٢٠٦
٥ـ زمانەوانان بەگوێرەی میتۆد و بنەماکان بەرانبەر یەکدی دەبنەوە.....................................................................٢١١
٦ـ یاسای مێژوویی و وەسفی(ئێستایی).................................٢١٤
٧ـ ئایا ڕوانگەیەکی (پانکرۆنیکی panchronic) لە ئارادا هەیە........٢٢١
٨ـ ئەنجامی تێکەڵبوونی وەسفی(ئێستایی) و مێژوویی..................٢٢٣
٩ـ ئەنجامەکان(کۆتایی)........................................................٢٢٧
**بەندی دووەم/ زمانەوانیی وەسفی(ئێستایی)..........................٢٣١**
**بەشی یەکەم/ گشتییەکان....................................................٢٣٢**
**بەشی دووەم/ کەرەسە سەرەکییەکانی زمان..........................٢٣٦**

١ـ پێناسه: بابەت و یەکە........................................٢٣٦
٢ـ میتۆدی دەستنیشانکردنی........................................٢٣٩
٣ـ ئاستەنگەکانی کردەی دەستنیشانکردن................................٢٤١
٤ـ ئەنجام..............................................................٢٤٤
**بەشی سێیەم/ لێکچوون و ڕاستەقینە واقعییەکان و بەهاکانی زمانەوانی......................................................٢٤٦**
**بەشی چوارەم/ بەهای زمانەوانی....................................٢٥٥**
١ـ زمان وەک سیستمێکی دوانەیی لە بیرۆکە و دەنگ پێکدێت..............................................................٢٥٥
٢ـ بەهای زمانەوانی لە ڕوانگەی هزرەوە(چەمکەوە)........................٢٥٩
٣ـ بەهای زمانەوانی لە ڕوانگە ماددییەوە...............................٢٦٧
٤ـ تێڕوانینێکی گشتی بۆ کۆی هێماکان................................٢٧٢
**بەشی پێنجەم/ پەیوەندییە یاوەر و دەوروبەرەکان......................٢٧٩**
١ـ پێناسە.............................................................٢٧٩
٢ـ پەیوەندییە دەوروبەرەکان.........................................٢٨٢
٣ـ پەیوەندییە یاوەرەکان.............................................٢٨٥
**بەشی شەشەم/ ئامێری زمان......................................٢٨٨**
١ـ بەیەکبەستنەوەی دەوروبەر.........................................٢٨٨
٢ـ هەردوو کۆمەڵەکە لە یەک کاتدا کاردەکەن.............................٢٩٠
٢ـ هەرەمەکیبوونی ڕێژە و ڕەها.......................................٢٩٥
**بەشی حەوتەم/ ڕێزمان و بەشەکانی.................................٣٠٣**
١ـ پێناسەکان: بەشە کلاسیکییەکان...................................٣٠٣
٢ـ دابەشکردنە لۆجیکییەکان...........................................٣٠٧
**بەشی هەشتەم/ ڕۆڵی کیانە ڕووت و ڕەهاکان لە ڕێزماندا.............٣٠٩**

**بەندی سێیەم/ زمانەوانیی مێژوویی........................٣١٥**
**بەشی یەکەم/ بنەما گشتییەکان...............................٣١٦**
**بەشی دووەم/ گۆڕانە دەنگییەکان.............................٣٢٣**
١ـ سروشتی پێوەری ڕەها.............................................٣٢٣
٢ـ گۆڕانە دەنگییە مەرجدارەکان....................................٣٢٤
٣ـ مەسەلەی میتۆد و شێواز..........................................٣٢٨
٤ـ هۆکارەکانی گۆڕانە دەنگییەکان..................................٣٣٢
٥ـ شوێنەوارە دیارینەکراوەکانی گۆڕانە دەنگییەکان..............٣٤٢
**بەشی سێیەم/ پێشڤەچوونی دەنگ و کاریگەریی لە ڕێزماندا..........٣٤٦**
١ـ شکاندنی بەربەستی ڕێزمان........................................٣٤٦
٢ـ سڕینەوەی بونیادی وشەکان.......................................٣٤٨
٤ـ نۆرە یان ئاڵوگۆڕکردن.............................................٣٥٣
٥ـ یاساکانی جێگرەوە (ئاڵوگۆڕکردن)...............................٣٥٧
٦ـ جێگرەوە و پەیوەندی ڕێزمانی....................................٣٦١
**بەشی چوارەم/ پێوەر..............................................٣٦٣**
١ـ پێناسە و نموونەکان...............................................٣٦٣
٢ـ دیاردەی پێوەر گۆڕانی نییە.......................................٣٦٧
٣ـ پێوەری هێزی دروستکردن لە زماندا............................٣٧١
**بەشی پێنجەم/ پێوانە و پێشڤەچوون...............................٣٧٩**
١ـ ئایا چۆن نوێکردنەوەی پێوەر دەچێتە ناو زمانەوە..............٣٧٩
٢ـ داهێنانە پێوانەییەکان هێمان بۆ گۆڕانی شرۆڤەکردن..........٣٨١
٣ـ پێوانە هێزێکی نوێکەرەوە و پارێزەرە..............................٣٨٦
**بەشی شەشەم/ ئیتمۆلۆژیای گشتی..................................٣٩١**

**بەشی حەوتەم/ لکان.................................................٣٩٧**
١. پێناسە...........................................................٣٩٧
٢. لکاندن و پێوانە.............................................٣٩٩
**بەشی هەشتەم/ یەکە میژووییەکان، هاوشێوەکان، ڕاستەقینەکان..........................................٤٠٣**
**پاشکۆی بەشەکانی سێیەم و چوارەم..........................٤١٠**
١. شیکردنەوەی خودیی و شیکردنەوەی بابەتیانە..........٤١٠
٢ـ شیکردنەوەی خودی و پێناسکردنی یەکە هاریکارەکان یان دیاریکردنیان................................................................٤١٤
٣. ئیتمۆلۆژی (زانستی بەڕەسەنکردنی تاکەکان)...............٤٢٣
**بەندی چوارەم/ زمانەوانیی جوگرافی.........................٤٢٦**
**بەشی یەکەم/ جۆراوجۆری زمانەکان...........................٤٢٧**
**بەشی دووەم/ ئالۆزییەکانی جیاوازی جوگرافی............٤٣٢**
١. بوونی چەند زمانێک لە یەک شوێندا...........................٤٣٢
٢. زمانی ئەدەبی و زمانی بەکارهێنراو (زاری خۆجێی)........٤٣٦
**بەشی سێیەم/ هۆکارەکانی جۆراوجۆری جوگرافی.........٤٤٠**
١. کات هۆکاری سەرەکییە............................................٤٤٠
٢. کاریگەری کات لەسەر هەرێمێکی جێگیر(بەردەوام)...........٤٤٤
٣. زارەکان هیچ سنوورێکی سروشتیان نییە.....................٤٤٨
٤. زمانەکان سنووری سروشتیان نییە..............................٤٥٢
**بەشی چوارەم/ بڵاوبوونەوەی شەپۆلی زمان..............٤٥٦**
١. پەیوەندی و هەرێمایەتی.............................................٤٥٦
٢. کورتکردنەوەی دوو هێزەکە بۆ یەک هێز.......................٤٦٠
٣. جیاوازی زمانەوانی لە چەند هەرێمێکی جودادا..............٤٦٣

**بەندی پێنجەم/ زمانەوانیی تایبەتمەند بە خستنەڕووی ڕابوردوو........................................................٤٧٠**
**بەشی یەکەم/ هەردوو ڕوانگەی زمانەوانیی مێژوویی..................٤٧١**
**بەشی دووەم/ کۆنترین زمان و زمانی دایک..............................٤٧٨**
**بەشی سێیەم/ بونیادی نوێ.................................................٤٨٥**
١ـ سروشت و ئامانجەکانی...................................................٤٨٥
٢ـ وردبینی ڕێژەیی بۆ دووبارە بونیادنانەوە و نوێکردنەوە........................................................٤٩٠
**بەشی چوارەم/ بەشداری زمان لە زانستی ئەنتروپۆلۆجیا و زانستەکانی پێش مێژوو.......................................................٤٩٤**
١ـ زمان و ڕەگەز...........................................................٤٩٤
٢ـ یەکەی کۆمەڵایەتی (ڕەچەڵەک)..........................................٤٩٦
٣ـ پالیۆتۆلۆجی (زانستی شوێنەواری زمانەوانی)........................٤٩٨
٤ـ جۆری زمانەوانی بیرکردنەوەی گروپە زمانەوانییەکە...............٥٠٥
**بەشی پێنجەم/ گروپە زمانییەکان و جۆرەکانی زمان..................٥٠٨**